KURDISTAN



# بەشێک لە وتار و نووسراوەکانی

## هاوڕێ حەمەڕەسووڵ کەریمی

بەشی: ٢

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


## بابەتی ساڵی ........................................ ٢٠١٨ ............................... ٩

١- ڕێوڕەسمی جێژنی قوتابییانی کچ لە سەر گۆڕی خومەینی (گەیشتن بە تەمەنی بلوغی کچان)...

٢- ئازیتا لوقمان، کچە ڕۆژهەڵاتی‌یە لێو بەخەندەکە و خەڵاتی یەکەمی کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی...

٣- گیارەنگ و ١٦ ساڵ خزمەتی ڕۆژنامەگەری ئێلکترۆنی...

٤- سابوتاژ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی...

٥- مامە قالە شۆڕش مرۆڤێک لە جینسی پۆڵا...

٦- کۆچی دوایی تێکۆشەر سیاسی کورد حاجی حوسێن حەدداد...

٧- کەریم ڕەسووڵزادە (شێرکۆ سەردەشتیم) چۆن ناسی؟...

٨- کۆچی دوایی خاتوو مریەم قازی، ژنە ئەدیب و چیرۆکنووسی کورد...

## بابەتی ساڵی ........................................ ٢٠١٩ ............................... ٣٦

٩- حاجی دەروێش برایمی نێزەرەۆیەی سەردەشت باشتر بناسین...

١٠- بۆ کارو چالاکییەکانی هاوڕێ ڕەحمان نەقشی

١١- پیرۆزبایی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس...

١٢- گیارەنگ و ١٧ ساڵ خزمەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی...

١٣- پێناسەی ماڵپەری گیارەنگ...

١٤- کۆچی دواییت هەموومانی غەمبار کردووە.

١٥- مرۆڤێک لە چەشنی دارە بەرزەکانی کوردستان

١٦- بۆچی لە هەر شوێنێک ئیسلام دەوڵەتی هەبوو، ئەو شوێنە نائەمن و نائارامە؟!

١٧- پیاوە خوێن شیرینەکەمان کاک ئەحمەد قازی (ژیگول) کۆچی دوایی کرد...

١٨- بەهۆی وەرگەرانی ماشێن گەنجێکی خۆشناوی شاری سەردەشت گیانی لە دەستدا...

١٩- سەقز هاوخەمتین! ئاگرکەوتنەوە لە تالاری مانگەشەوی سەقز...

٢٠- ٢٦ی سەرماوەز لە پێشمەرگە بە تەمەن و بە ساڵاچووەکان و بە گشتی هەموو لایەک پیرۆز بێ...

٢١- نوێکردنەوەی سروودی من لاوی کوردم

## بابەتی ساڵی ........................................ ٢٠٢٠ ................................ ٦٩

٢٢- کۆچی گوماناوی بەڕێز دوکتوور جەلال حاجی زادە (ڕامان) لە شاری سەردەشت ٦٨ ٢

٢٣- چەند خاڵێک بۆ خۆ پاراستان لە ویروسی کۆڕۆنا ٦٩

٢٤- کۆچی دوایی خاتوو مریەم قازی کچی شەهید پێشەوا قازی محەممەد...

٢٥- جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی ٢٧٢٠ی کوردیتان لێ پیرۆز بێ...

٢٦- کۆچی دوایی خوشکی شەهید مەلا ئاوارە لە ناوچەی سەردەشت...

٢٧- کۆچی دوایی کاک سەید حوسێن نەبیپوور لە شاری ڕەبەت...

٢٧- سپۆنسەری ماڵپەری گیارەنگ لە لایەن بەڕێزان: کاک ئاوات، کاک نادر و کاک وەستا ڕەحمان...

٢٨- چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنگی دلێر و بەرحەقی پێشمەرگە...

٢٩- وەفایەک بۆ دایە فاتم، دایکی هەموو پێشمەرگەکان...

٣٠- زامدارانی شیمیابارانی سەردەشت و پەتای کۆرۆنا...

٣١- بەیانی‌یەکی پڕ لە حەسرەت بۆ (نەسیم عەزیزی)...

٣٢- بایدن و ترامپ بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن چەندیان خەرج کردوە؟...

٣٣- مام عەزیزی ئازیز، باوکی هەمووان ئۆغرت خێر بێ...

٣٤- کۆچی دوایی وەستا قادر حەسەنپوور ئەندامێکی وەفادار و دێرینی حدک و برای نەمر کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور..

٣٥- جۆرەکانی توندوتیژی لە سەر ژنان کامانەن؟

٣٦- بە سزا گەیاندنی گەورە تەخریبکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی هەینی ڕەش دا...

٣٧- ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی پڕ مەترسی و خوێناوی بۆ هەواڵنێرە بێ سنوورەکان...

**بابەتی ساڵی ....................................... ٢٠٢١ .............................. ١٠٥**

٣٨- کۆچی دوایی بەڕێز حاجی حەسەن حەدداد لە شاری سەردەشت...

٣٩- کۆچی دوایی دایە خونچێ، گوڵ و خونچەی نێودڵان...

٤٠- با ئەگەر هەر بالاپۆش دەبن وەک حەپسەخانی نەقیب بالاپۆش بن...

٤١- ئۆغر و کۆچت بەخێر ژنە دەم بە خەندەکەی بنەماڵە...

٤٢- ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان نیشانەی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی ژنانە...

٤٣- پێشەنگی پەسەندکرانی مافی دەنگدان بە ژنان...

٤٤- لە پەراوێزی نووسینەکەی کاک فەریدوون حەکیمزادە دا...

٤٥- خاتوو نازدار مەحموودزادە ژنە تێکۆشەری کورد خوات لەگەڵ...

٤٦- پیرۆزبایی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی تێپەڕینی ١٩ ساڵ لە کاری مێدیایی

٤٧- ڕێزگرتن لە شەهیدانی شاری قەڵادزێی دووجار شەهید.

٤٨- بۆ حەکیمی دەردان...

٤٩- سەرۆک کۆمارە کارتۆنییەکەش کار و دەسەڵاتی تەواو بوو

٥٠- یادێک لە دایکی کۆچ کردووم (زێڕین حیکمەت)...

٥١- پارلەمانی دەوڵەتی سوئێد بە زۆرینەی دەنگ متمانەی لە ستێفان لۆڤێن وەرگرتەوە.

٥٢- حەکیمی دەردان، باخەوانی ژیان....

٥٣- ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لیستی یونسکۆدا تۆمار کرا...

٥٤- حەمید نووری بە تاوانی بەشداریی لە ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ دادگایی دەکرێ...

٥٥- کۆبوونەوەی یەکەمی دادگایی کردنی حەمید نووری، تاوانباری ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە وڵاتی سوئێد...

٥٦- بۆ پیری نێوسەنگەر و پۆڵای نەچەماوە، خدر قەزا...

٥٧- بۆ یادی پۆلێک هەڵۆی چنگ بەگڕ و باڵ خوێناوی کوردستان و شەهید کەریم عەلی فەرامەرز...

٥٨- کۆچی دوایی کەسایەتی‌یەکی خۆشناوی سەردەشت مام ئەحمەد میرشێخ حەیدەری...

٥٩- ئامە گیان ڕووحت شاد و یادەکانت لە دڵمان دا هەردەم زیندووە...

**بابەتی ساڵی ....................................... ٢٠٢٢ ............................... ١٦٥**

٦٠- کۆچی دوایی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ناوداری گەلەکەمان مام خدری بایزی ئامانێ...

٦١- هاوڕێ ڕەحیمی خەڵکی سەردەشت و دانیشتووی وڵاتی هولەند بوو بە ئەندام پەرلەمانی وڵاتی هولەند...

٦٢- سروودی جاڕ دەکێشم، من دەڵێم کوردم بە دڵ کوردم دەوێ...

٦٣- کۆچی دوایی کەسایەتی شاری سەردەشت کاک عومەرئاغا سالاری...

٦٤- پیاوێک لە ڕەگەزی نەبەزی...

٦٥- کۆچی دوایی مام حەسەن فەلاحی ناسراو بە حەسەن دیواڵی پێشمەرگەی پێشووی دێموکرات...

٦٦- سیستمی هاوبەشی یەکیەتیی ئورووپا بۆ وەدەرنان و ناردنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی...

٦٧- نەخۆشخانەی شاریش تازیەبارە...

٦٨- کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین مام عەولا پەروانە...

٦٩- بەشێک لە شێعری زوڵمەتی زوڵفت بە دەنگی هونەرمەند سەعدوون عەسکەری...

٧٠- ڕۆژی ٨ مارس، هەوڵدانی بەردەوامە بۆ یەکسانی و بەرابەری...

٧١- قازی و ئەو ئامانجەی هەتا سەر پێی وەفادار مایەوە...

٧٢- حەیرانی وەیشوومە...

٧٣- کۆچیدوایی کاک حاجی قادر سووری کەسایەتییەکی دیار و خۆشناوی ناوچەی سەردەشت...

٧٤- کۆچی دوایی کەسایەتی فەرهەنگی و خۆشناوی شاری سەردەشت کاک مستەفا نەقیب...

٧٥- کۆچی دوایی هونەرمەندی دەنگخۆش و موزیکژەن کاک قادر سەیاحی...

٧٦- کۆچی گەورە شۆڕشگێڕێکی گەلەکەمان کاک عومەر قازی...

٧٧- ماڵپەری گیارەنگ ١٩ ساڵ کار و تێکۆشانی خۆی تێپەر کرد...

٧٨- مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهانی

٧٩- دەرمانی زام و خەمان، حەکیمی دەردان...

٨٠- دایکێک لە ڕەگەزی خۆرەتاو، دایە مریەم...

٨١- ٣٥ ساڵ ئازار و نەهامەتیی شارێک...

٨١- حەمید نووری بەرێوەبەری کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە...

٨٣- کۆستێکی گەورە و خەمێکی دیکە  بۆ کاک ئەحمەد سیمبان...

٨٥- خەم و حەسرەتێکی دیکە ناوچەی ڕەبەتی هەژاند...

٨٦- هاورێی شەهیدم کاک مووسا باباخانی لە دڵم دا هەردەم زیندووە...

٨٧- دایکێک لە چەشنی دار بەڕوەکانی نیشتمان دایە ئامان...

٨٨- نەورۆزی کوردەواریتان پیرۆز بێ.

٨٩- یەکریزی سەرکەوتنمان دەستەبەر دەکا.

٩٠- کاک حوسێن ئیبراهیمیان لە تەمەن دا لە جێگەی بابمان بوو.

٩١- سادق بە مانای وشە بۆ یادی سی ساڵەی شەهید دوکتور شەرفکەندی...

٩٢- کەم ئەندامانی سەنگەر (خاوەن پێداویستی) ، وەک هەمیشە هەر لە سەنگەری بەرگری دان...

٩٣- ناکرێ خەڵک بێ چەک و بێ دەرتان بن، عەمەلیاتی سابوتاژ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی...

٩٤- لاوان و گەنجانی نیشتمان، کچان و کوڕانی دڵ پڕ لە ئازادی نیشتمان!...

٩٥- مەرگ و نەمان بۆ کۆماری پەت و سیدارەی ئیسلامی ئێران...

٩٦- بە هاک کردنی گیارەنگ و هەڕەشە ناتوانن پێش بە کار و چالاکی و خەباتم بگرن...

٩٧- گیارەنگ ئاوێنەی بالانوێن بە ئێوە کپ ناکرێ...

٩٨- شۆڕشی ئەمجارە شۆڕشی ژینا درەنگ یا زوو سەردەکەوێ...

٩٩- با جاشەکان زیاتر ریسوا بکەین...

١٠٠- کۆچی مەزنە پیاوێکی شۆڕشگێر و دڵپاکی گەلەکەمان کاک قەسیم قادری

١٠١- هەشت شەهیدی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٥٧ی هەتاوی شاری سەردەشت

١٠٢- کەمئەندامان، شەهیدانی زیندووی حیزب و گەل.

١٠٣- کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئازا و خۆشەویست کاک ئەحمەد مەلا شێخی

١٠٤- دروستکردنی لاپەرە و ماڵپەرێک بۆ شەهیدانی شۆڕشی ژینا...

١٠٥- چلەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

١٠٦- ڕاپەرینی شاری جوانڕۆ و هەڵوێستی کوردانە و نەتەوەیی مامۆستا ئیبراهیم کەریمی...

**بابەتی ساڵی ..................................... ٢٠٢٣ .............................. ٢٧٦**

١٠٧- بڕین خەڵکی بە ئەمەگی شاری مەهاباد بۆ ڕەد کردنەوە و بایکوتی داواکاری ڕژێم...

١٠٨- جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی ٢٧٢٣ی کوردیتان لێ پیرۆز بێ...

١٠٩- خەرمانەی خەرمانتان هەروا سوور و پڕ بەرهەم بێ! شلێر حەسەنپوور، حەمەڕەسووڵ کەریمی...

١١٠- کۆچی دوایی دایە فاتمە محەممەدی هاوسەری شەهید مینەشەم...

١١١- دایە ئایشێ مرۆڤێک لە ڕەنگی خاک و لە بۆنی گەنم....

١١٢- دوکتور قاسملوو ڕچەشکێن و پێشەنگی هەموو ڕێگە هەڵەمووت و ئەستەمەکان...

١١٣- چت بۆ بنووسم کە شایانت بێ کاکە قاسم سوڵتانی برام...

١١٤- کوردکاناڵ سەکۆ و دەلاقەیەک بە ڕووی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی...

١١٥- کاروانی ڕچەشکێنان...

١١٦- کۆچی دوایی خوشکە ڕابی حەسەنپوور دایکی کاک ئەمیر ساڵحیان لە شاری سەردەشت...

١١٧- کۆچی دوایی دایە زوولفا دایکی کادری تێکۆشەری حیزب کاک عەلی درەختی...

١١٨- زوڕنا ژەنانی ڕژێمی تیرۆریستی ئێران...

١١٩- بۆ کاک د. کامەران مەنتک، کەوشە کۆنەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پیرۆزییەکانی دوژمنان پیرۆزترن...

١٢٠- کۆچی دوایی کەسایەتی خۆشناوی گەلەکەمان کاک محەممەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە حەمە مەلۆی نستان...

١٢١- کۆچی دوایی کاک خەلیل ڕەحمانی ناسراو بە خەلیلی قادری ساڵحە جووجکەی سەردەشت...

١٢٢- خەڵاتێکی بەبایەخ بۆ ژینا ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی...

١٢٣- پڕۆژەی بیری خانزاد " ئاو" لە گوندی باوزێ لە ناوچەی قەڵادزێ...

١٢٤- کۆچی دوایی دایە پەریزاد قوربانی دایکی شەهید حوسێن شەمامی...

١٢٥- کۆچی دوایی خاتوونێکی تێکۆشەر و ماندوویینەناس خاتوو گوڵێ موئمنی ئەسڵ (گوڵێ دیواڵی)...

١٢٦- کاک تاهیر خەلیلی گەورە هونەرمەندی شۆڕشگێر بە جەستە بەجێی هێشتین....

١٢٧- پەرلەمانی ئورووپا خەڵاتی ساڵانەی ساخارۆڤی پێشکەشی بە شەهید ژینا ئەمینی کرد.

١٢٨- بۆ مازیار ئیبراهیمی وتەبێژی حیزبە کارتۆنییەکەی هومایونی

١٢٩- بۆ سوێندخۆرەکەی کۆمەڵەی (ژ - کاف) بۆ مام حەسەن حەکیمزادە

١٣٠- پیرۆزبایی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی زائینی ٢٠٢٤

١٣١- کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید بەرزین حەمزەزادە نوێترین شەهیدی دەستی ڕژێمی ئێران

## بابەتی ساڵی .......... ٢٠١٨

---

### ڕێوڕەسمی جێژنی قوتابیانی کچ لە سەر گۆڕی خومەینی (گەیشتن بە تەمەنی بلوغی کچان)

جێژنی گەیشتن و پێگەیشتنی کچان لە ڕێوڕەسمی کۆنەپەرەستانەی بە ناو ئیسلامی دا یەکێک لە دزێوترین و ناحەزترین کارەکانی بەناو ئیسلامە کە جێژنی بۆ دەگرن، ئەم ڕێوڕەسمە یەکێک لە دواکەوتووترین جێژن و ڕێوڕەسمەکانە کە بۆ کچانی منداڵ، (کچانی ٩ ساڵ) تەمەن بەڕێوەی دەبەن. لە ڕوانگەی شەرعی و ئیسلامییەوە ئەو منداڵە شلک و ناسکانە کە دونیای منداڵیان ئێستا تەواو نەکردووە ، ئامادە دەکەن بۆ خۆشاردنەوە لە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان و دواتریش کشانەوەیان لە نێو کۆمەڵگا و ئامادەکردنیان بۆ خەوتن و جووت بوون، واتە دەستدرێژی سێکسی لە ژێر ناوی ڕێگەپێدراوی ئیسلام دا لەگەڵ نێرینەیەک کە زۆرجار نەک هاوتەمەن نیین، بەڵکوو بۆرە پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و پوڵدار دەبێ!

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیە کە ئەو جێژنە لە سەر گۆڕی خومەینی بەڕێوەدەبەن وەک ئەوەی کە مەرقەدێک بێ بۆ چاکە و ئاخوندەکان کردوویانەتە هاوشانی ئیمامان و پێغەمبەران. ئەوانەی ئەو کارە دەکەن لە ژێر ناوی ئیسلام و شەرع و حەدیس و ڕێنوێنییەکانی هەندێک بەناو گەورە پیاوانی ئیسلام شەرعیەتیان بەو کارە داوە و دەیکەن، بۆ نموونە لە نووسینەکانی خومەینی دا لە کتێبی "رساله توضیح المسائل" باس لەوە کراوە کە کچانی تەمەن ٩ ساڵ حەڵاڵی ئەو کەسانەن کە دەتوانن نەفەقە و ژیانیان لە بنەماڵەدا بۆ دابین بکەن و دواتریش لە برگەیەکی دیکەدا باس لەوە دەکا، کە ڕەگەزی مێینە تەنیا مافێک کە هەیەتی مافی منداڵبوون و پاکوخاوێنی نێوماڵ و منداڵەکانییەتی و ئەوە دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی لە سەر گۆڕی ئەو ئیمامە خوێن تاڵە، خوێنی منداڵانی کچیش بە بۆرەپیاوان بڕێژن و یا کچەکان ئامادە بکەن و پێیان بڵێن کە دەتوانن مێرد بکەن و لە ئێستاوە جەستەی ئێوە بۆ ئەوە دەبێ دەستی تێوەربدرێ.

تەمەنی مێردکردن بۆ کچان بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ١٣ ساڵە، بەڵام هاوکات کاربەدەست و مەلاکانی ئێران حیلە شەرعێکیان وەک زیادکراوەیەک هێناوەتەوە، واتە "بڕیاری یەکلاکەرەوەی بنەماڵە بە سەر منداڵ دا" کە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ بەشوودانی کچانی تەمەن ٩ ساڵ و دەڵێن مادام کەس و کار و باوکی ڕازییە، هیچ لە یاسای بنەڕەتی ئێران ناگۆڕێ و

دەتواندرێ بەشوو بدرێ.

لە مێژ ساڵە لە ژێر ناوی ئیسلامدا باس لە تەمەنێک دەکرێ کە ئەو تەمەنە لە دونیا دا بە گشتی نەک هەر تەمەنی باڵغ بوون و ژن بوون نییە، بەڵکوو لە زۆربەی دونیای غەیرە ئیسلامی دا ئەو تەمەنە، تەمەنی یاری و کایە و بەیەکەوە بوون و ناسینی دەستی چەپ و راستی منداڵانی تەمەن خوار دە ساڵە بە کوڕ و کچەوە.

لە دونیای دەرەوە کە بە قسە و گوتاری بەشێک لە دەوڵەتە ئیسلامی و ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان دونیای فەساد و دونیای بەڕەهەڵلاییە، مافی منداڵان بە کچ و کوڕەوە لە کۆمەڵگادا پارێزراوە و هیچ یاسایەک ناتوانێ رێگە بۆ ئەوە خۆش بکات کە منداڵان و بە تایبەت کچان ببەنە شوێنێک و پێیان بڵێن کە کاتی شووکردن و گەورەبوونتە و لەم ساتەوە دایک و باوکت قسە لە سەر چارەنووسی تۆ دەکەن بۆ ئەوەی مێرد بە بۆرە پیاوێک بکەی و لە ئێستاوە دەبێ خزمەتی ئەو بۆرە پیاوە بکەی.

خۆ ئەگەر ئەو شووکردنە بۆ بۆرە پیاوێکیش نەبێ ، دیسان دایک و باوکان مافی ئەوەیان نییە کە کچەکەیان لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی کە ٩ ساڵانیشە بە یەک بگەیێنن و ژیانی هاوبەشیان بۆ پێک بێنن، کەوایە بە دڵنیایی و بە بێ‌شک و گومان و دوو دڵی لێکردن، لە هەموو بوارێکدا دونیای دەرەوە زۆر بە یاساتر و مەعقولتر و سەردەمیانەترە لە دونیای بەشێک لە دەوڵاتانی ئیسلامی و ئیسلامی‌یە توندرەوەکان کە نان بە سیغە کردنی کاتی ژنان و کچان و بێوەژنان بێ دەرتان و هەروەها بە بەشوودانی منداڵانی کچی تەمەن ٩ ساڵەوە دەخۆن.

منداڵ بە گشتی تا تەمەنیان نەگاتە نزیک ١٨ ساڵ، مافی زۆرێک لە بریارە سەرەکی‌یەکانی یەکلاکەرەوەیان لە بنەماڵەدا هەر نییە و تا دەگەنە ئەو کاتەی کە منداڵەکان دەیانهەوێ باڵ بگرن و بۆ خۆیان بژین. تا گەیشتنی ئەو کاتە دایک و باوکەکان وەک باڵەندەیەک منداڵەکان لە ژێر باڵی خۆیان دەگرن و دەیانپارێزن، دیارە ئازادی ئەو وڵاتانە رێگای بەوەدا کە لە هەڵسوکەوت و لە یاری و کایە و خواردن و وەرزش و چوونەدەر و خوێندن و دۆستگرتن و چەندین بواری دیکەشدا منداڵان ئازاد بن، بەڵام ئەو ئازادی‌یە نا کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ شوو کردن و کاری سێکسی و جووتبوون.

بەداخەوە لە وڵاتانی وەک ئێران و چەندین وڵاتی دیکە منداڵان قوربانیانی سەرەکین بۆ بە زۆر فێرکردنی کاری زۆرەملی، ناردنە سەرشەقام و بردنە سەر گۆڕی خومەینی بۆ جێژنی باڵغ بوون و بەشوودان و زۆر شتی دیکە. ئەگەر دینی ئیسلام دینی بەیەکەوە بوون و ئاشتی و بەرابەری و یەکسانی‌یە، نابێ ئەم بەشە لەبیر بکەین کە غەدرێکی گەورە لە کچانی منداڵ

بە ناوی باڵغ بوونەوە دەکرێ، لەم بەشەدا ئایینی ئیسلام بە پشت بەستن بەوە کە کچ و ژن نامەحرەمن، هەندێک بەناو زانای ئیسلامی بۆ خۆیان بە زۆر بە ناوی ئیسلام کچانی منداڵ دەدەن بە بۆرەپیاوێکی بەناو مەحرەم، کە ئەم بۆرە پیاوە هەموو کات ئەو کچە نازدار و مەعسوومە وەک بووکەڵە شووشەیەک لە سەر کۆش و ئامێزان دەگێرێ و بە قەول ئی خۆیەتی و لەگەڵی مەحرەمە و خەڵات و براتی خۆیەتی لەبەر چاکەکانی کە لە سەر زەوی کردوونی، ئەوە بە دیاری خودایی بۆی هاتووە و لەو دونیاش چاوەروانی ٧٢ حۆری خوایی دەکا.

لە ئاست بە شوودانی کچانی تەمەن ٩ ساڵ دەتوانم بە دڵنیایەوە بڵێم کە یاسای ئەشکەوتیش بە نیسبەت ئەو یاسا خودساختەیە خاوێنتر و جوانتر و پاکترە.

لە کۆتاییش دا ئەو زاتەی بە عەبا و مێزەری ڕەشەوە وەک گورگی نێو مێگەل، لە پێش ئەو پەپولە باڵنەخشین و سپی پۆشانەوە راوەستاوە سەید حەسەن خومەینیە کە لە توخم و تۆوی خومەینی دیکتاتۆر و خوێنرێژە، ئەوەش یادگاری خومەینی دیکتاتۆر و جینایەتکارە بۆ نەوەی داهاتووی ئێران.

٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

## ئازیتا لوقمان، کچە ڕۆژهەڵاتی‌یە لێو بەخەندەکە و خەڵاتی یەکەمی کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی

لە ماوەی چەند مانگی رابردوو دا زۆربەی کاتەکان گوێمان لە هەواڵی ناخۆش و کارەساتی جۆراوجۆر دەبوو و کەم و زۆر پەشێوی و نارەحەتی هەست و بیر و هزری زۆرێکمانی داگیر کردبوو.

لەم وەرزە پڕ کارەساتەدا کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی Pelistank TV ریزە بەرنامەیەکی گۆرانی و کێبەرکێی بۆ منداڵان تەرخان کرد کە لە مێژووی تەلەفزیۆنە کوردی‌یەکان دا بێ‌وێنە بوو، یەکەم ئەوە کە منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستانی دابەشکراوی تێدا بەشدار بوون و دووهەم ئەوە کە هاندەر و دەستگری منداڵانی خوازیاری هونەری گۆرانی گوتن بوون.

بەر لە هەموو شتێک سوپاس بۆ بەرێوەبەرانی کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی کە زەحمەتی زۆریان بە منداڵەکانەوە کێشا و بە ژەنینی موسیقای جوان ، گۆرانی و مەقام و حەیران و لاوکی کۆن و نوێی تێدا بە دەنگی مێرمنداڵانی خاوەن بەهرە بە چەندین زاراوە و تەنانەت زمانی نەتەوەکانی دیکەشی بڵاو کردەوە.

ئەوەی بۆ من جێگای سرنج بوو، باوەر بەخۆبوونی منداڵەکان و بەشدارنی بەهرەمەند بوو، کە جار لەگەڵ جار بوێرانەتر دەهاتنە قۆناخەکانی سەرتر، گەلێک دەنگی جوان و شاز و بلاوێنی دلانمان گوێ لێبوو، هەستی جوان و ناسک و سیمای منداڵانە و خەندە و گریانەکانیان ئێمەیان بە گشتی لە دونیای شەڕ و کێشە و ڕووداو و کارەساتە سرووشتی‌یەکان دوور دەکردەوە و بۆ ساتێک لە نێو دونیای جوانی هونەری گۆرانی لەگەڵ ئەو خونچە تازە پشکوتووانە کاتمان بەسەر دەبرد و لەگەڵ خەندەکانیان دڵخۆش دەبووین و لە گەڵ گریان و هەنیسک و خەمەکانیان ئێمەش خەمبار دەبووین.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا شەوانی دووشەممە لە هەر شوێن و سوچێک بایەم ، بە پەلە خۆم دەگەیاندەوە نزیک تەلەفزیۆن و چاوەروان دەبووم تا بەرنامەکە دەست پێبکات و لەگەڵیان تا کۆتایی بمێنمەوە.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە باس لە کیژە نەشمیل و دڵناسکەکەی ڕۆژهەڵات، ئازیتای گوڵ و جوانە. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە تامەزرۆی گوێگرتن و دەنگی بلاوێنی هەموو منداڵەکان بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی

سرووشتی‌یە کە دەبێ لە کێ‌بەرکێ دا ، ئەویش لە هونەری گۆرانی و موزیک دا کەسێک هەڵبژێری کە بە دەنگەکەی ئاوپرژێنی دڵ و هەست و سۆزت بکات و ئەوەشم بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئازیتا دا بەدی دەکرد.
ئازیتا موئمنی یەکێک لەو دەنگە شاز و پڕ هەستانە بوو کە لەگەڵ یەکەم گۆرانی‌یەکانی دا ئاشقی دەنگ و سیما و هەست و جووڵەکانی بووم و تا کۆتایی بە دڵەوە لەگەڵی دەچوومە پێش، گۆرانی‌یەکانی یەک لە یەک جوانتر و پڕ ماناتر و خۆشتر بوون، جووڵەی دەست و بزە و خەندەی سەر لێوی و دواتریش گریانی بە دەم گۆرانی بێریشانەوە لووتکەی جوانی و پێشکەش کردن بوو کە دڵنیام هەموو ئەو کەسانەی ئەو بەرنامەیان چاو پێکەوتووە ئاشقی دەنگی بلاوێن و چریکەی ئەو کچە جوانە ڕۆژهەڵاتی‌یە بوون.

ئازیتا لە هیچ پەیمانگایەکی هونەری تایبەت دەرسی موزیک و چڕینی گۆرانی نەخوێندوە، خۆڕسک و خودایی دەنگێکی چیایی و بەرز و دڵگیر و کراوەی هەیە، لە کاتی چڕینی گۆرانی‌یەکانی دا باوەڕی زۆری بە خۆ بوو، چاک درەوشایەوە و یەکێک لەو منداڵانە بوو کە تا قۆناخی ١٦ بە سەرکەوتوویی هاتە قۆناخی کۆتایی، لە چەند بەرنامە، پێش کۆتایی ئازیتا دەنگی باشی نەهێنا بوو، کاتێک لە هێڵی سوور رایانگرت بوو، سیمایەکی مەعسووم و چاوێکی پڕ ئەسرینی هەر لە خاتوونی پێشکەشکار بوو، کاتێک گووتی بەداخەوە ئازیتا بە هۆی کەمی دەنگی بینەران نەیتوانیوە ئەم قۆناخە ببڕێ، ئازیتا دڵی داخورپا و نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و بە دەستە نەرم وخرپنەکانی چاوە پڕ ئەسرینەکانی داپۆشین و هەموومانی تووشی خەمناکی و گریان کرد، سوپاس بۆ لیژنە کە نەیانهێشت ئەو دەنگە چیایی و بەرز و ناسکە بکەوێ و شانسی مانەوەیان بۆ پێکهێنا بۆ ئەوەی زیاتر بدرەوشێتەوە، دوا بەدوای ئەو گریانە چەند جار لە ڕێگای کاک لوقمانی دلۆڤان، باوکی خانمە بچکۆلانە شەکرۆکەکەی ڕۆژهەڵاتم ئاگادار کردەوە کە بە سەر هەست و جوڵەی خۆیدا زاڵ بێ و ئەو ئەگەر نەشتتوانێ بە هۆی کەمی دەنگەوە بگاتە قۆناخی کۆتایی و یەکەم، ئەوە بێ‌شک تا ئێرەش نیشانی داوە کە یەکەمە و پێویست بەوە ناکا خۆی تووشی خەمۆکی و نائومێدی بکات و باشترین کار ئەوەیە کە ئەزموونی ئەم چەند گۆرانی و بەشداریکردنەی بکاتە وانەی کارەکانی داهاتووی و بە تایبەت لە هەڵە و کەم و کوری‌یەکان دەرس وەربگرێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وەک ئەستێرە لە ئاسمانی هونەری دا زیاتر بدرەوشێتەوە.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەردەوام لەگەڵ کاک لوقمان باوکی ئازیتا لە پەیوەندی دابووم، وێرای دەستخۆشی کردن لە ئازیتا و بنەماڵەکەیان، هاوکات تێبینی و پێشنیاری خۆمم بۆ دەنووسین و بۆم دەناردن، بەوە دڵخۆش بووم کە پەیامەکانم بە ئازیتای شەکرۆکە دەگەیشتن و جارجار لوقمانی هەموو کات پێشمەرگە چەند ڕستەیەکی دەنووسین و دەیگووت ئەوە قسەکانی ئازیتان ، لە سەریەک ئەوەی من دڵخۆس دەکا و ئەوەی پێی دڵخۆش بووم ئەوە بوو کە هەم بینەران و هەم لیژنە و هەمیش کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی ئەو دەرفەتە زێرینەیان بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان پێک هێنا کە خۆیان و کارە

هونەرییەکانیان ببیننەوە و ڕێچکەی هونەری خۆیان بۆ داهاتوو دیاری بکەن.

جیا لەو بەشە خاتوونە بچکۆلانە و خوێن شیرین و دەنگخۆشەکەی ڕۆژهەڵات لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە و لە بنەماڵەیەکی ئازادیخوازی نێو ریزەکانی حدک و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتە کە بە هۆی بوونی باوکی پێشمەرگەی هیچ جۆر ئیمکاناتێکی هونەری کە بتوانێ یارمەتیدەری ئەو ئەستێرە گەشاوەیە بێ لە بەر دەست دانەبووە و تەنیا بە هیممەت و ئیرادەی برا و باوک و دایک و ئەندامانی بنەماڵەکەی گەیشتۆتە ئەو قۆناخە و ئەوەش نیشان دەدا کە ئازیتای دەنگ ئەفسووناوی چەندە خولیا و ئاشقی گۆرانی گوتنە و تەنانەت بێ ئیمکاناتی و نەبوونی سپۆنسەر و پشتیوانی ماڵییش ناتوانێ پێش بە هەنگاوە هونەرییەکانی بگرێ و بە گشتی وا دەرکەوت کە نە بێ ئیمکانات و نە بێ سپۆنسەر و نە بێ پشتیوانی ماڵیش بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئیمان و ئیرادە و هیممەتی پێشمەرگانەی بنەماڵەی کاک لوقمان لە لایەک و هیممەتی هاوڕێ و دۆستان و لایەنگران و دڵخۆازانی دەنگی گوڵە ئەستێرەکەی ئاسمانی هونەری گۆرانی مندالان مافی خۆیان بە ئازیتای دلۆڤان و بێریڤان دا و ئەوەش ئەزموونێکی باشە بۆ ئازیتا و بۆ دەرەوشانەوەی زیاتری لە داهاتوو دا.

لە سەریەک سوپاسی هەموو منداڵە بەشداربووەکان دەکەم و هیوادارم کە لە داهاتووی هونەری کوردستان دا هەموویان ساحەب ڕێچکە و قوتابخانەی خۆیان بن و هیوای بەختەوەری و تەمەن درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

جێی خۆیەتی سوپاسێکی گەرمی پێشکەشکاران و لێژنە و بەرێوەبەران بکەم ، بە تایبەت بۆ ئەو هەموو حەوسەلە و پشوودرێژی و مشوورخۆری لیژنە لە ئاست ئەم پۆلە منداڵە چاوگەشە بەشداربووەی بەرنامەی کاناڵی پلیستانک تی ڤی، لیژنە زۆر خەمخۆرانە و بە دڵێکی کراوە و فراوان و بە بێ ئەوەی ماندوو ببن کارەکانیان بەرێوە بردن و لە قسە و گوتار و هەڵسەنگاندنەکانیان دا باری دەروونی و تەمەنی منداڵەکانیان لەبەر چاو بوو و کارێکی وایان نەکرد کە بە قسەکانیان منداڵەکان دڵئێشاو و نائومێد بکەن ، بەڵکوو بە پێچەوانە بە قسەکانیان و بە ڕێنوێنییەکانیان زیاتر منداڵەکانیان هان دەدا کە بەردەوام بن و باسی داهاتووی هونەری گەش و زێرینی ئەو منداڵانەیان دەکرد و هانایان دەدان کە درێژە بە کاری هونەری گۆرانی و موزیک بدەن.

هیوادارم کە لە داهاتوودا ئەم بەرنامەیە هەر درێژەی هەبێ و بێ کەم وکوڕیتر و جوانتر بەرێوە بچێ و ئەزموونی ئەم یەکەم جارە بکەن بە وانەی باشتر بەریوەبردن.

جوانترین پیرۆزبایی لە ئازیتا و بنەماڵەکەیان دەکەم و هیوادارم کە هەردەم ئاوا سەربەرز و سەرکەوتوو و شاد و دڵخۆش بن.

٩ی فێبریوێری ٢٠١٨

## گیارەنگ و ١٦ ساڵ خزمەتی ڕۆژنامەگەری ئێلکترۆنی

بە بۆنەی هەڵکردنی مۆمی ١٦ ساڵەی وەشانی کاری ماڵپەری گیارەنگ و کاری ڕۆژنامەگەری لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، جوانترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش هەموو ئەو بەرێزانە دەکەین کە بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەوڵەمەند کردنی لاپەرەکانی گیارەنگ چرکەیان لە لاپەرەی ئینترنێتی گیارەنگ کردووە.

جێی خۆیەتی لەم ڕۆژەدا ڕێز لە کارو ماندوویی‌نەناسی ئەو بەریزانە بگرین کە بۆ جوانتر کردن و پڕ نێوەرۆک کردنی گیارەنگ هاوکاریان کردووین و بە ناردنی بابەتگەلی جۆراوجۆر لە هەموو بوار و ڕەهەندەکاندا و هاواکات لە هەموو قۆناخەکان دا هاوکار و یارمەتیدەری ماڵپەری گیارەنگ بوون.

پێش دەست بەکار بوون و تاقیکاری یەکەم ڕۆژی وەشانی گیارەنگ لە ئینترنێتدا دا چاومان لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو، دونیای ئینترنێت و کاری ڕۆژنامەگەری ئێلکترۆنی کەم و زۆر لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا سرنجی کۆمەڵگای بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، هەر بۆیە ئێمەش وەک گیارەنگ بۆ ئەوەی لە دونیای نوێی ڕۆژنامەگەری ئێکترۆنی دوا نەکەوین هەوڵمان دا پەنجەرەیەک بۆ خزمەت کردن بە نەتەوەکەمان و بە خوازیارانی ڕۆژنامە بکەینەوە و لەو پەیوەندیەدا کەم و زۆر بە کرچ و کاڵی دەستمان بە درووست کردنی گیارەنگ کرد و دوای چەند ڕۆژ تاقیکاری ماڵپەرەکەمان لە ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ٢٠٠٣ دا و بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕۆژە ماڵپەری گیارەنگ وەشانی خۆی راستەوخۆ بە ئۆگرانی ڕۆژنامەگەری راگەیاند و لە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٣ دا هاوکات لەگەڵ بوردومانی قەلادزێ کە لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ی زائینی لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە ڕوویدا بوو، کارەکانی خۆی بە تەواوی بڵاو کردنەوە.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی لە بەرۆکی هەموو نووسەران و ئەدیبان و وەرگێر و شاعیران و چیرۆکنووسان و هەموو خوێنەرانی بەرێزی گیارەنگ دەدەین و هیوای بەردەوامیان لە کارەکانیان دا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

دیارە هەم ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی کە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیە و هەم ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی زائینی کە ڕۆژی بۆردوومانی شاری قەڵادزێی باشووری کوردستانە، هەر کامیان بە شێوەیەک مێژووی دیاری گەلەکەمانن و بۆیە گیارەنگ بە

وردبینی و تێرامانەوە ئەم رۆژەی بۆ وەشانی خۆی دیاری کردووە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی ڕۆژنامەگەری کوردی، وەک نوورێک لە تاریکستانی ئەو سەردەم دا درەوشایەوە، ئەوە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ی قەڵادزێش بۆتە مەشخەڵی هەڵگیرسانی خەبات و شۆرش بۆ ڕزگاری کوردستان لە باشوور و گەرمێنی کوردستان، هەر بۆیە بە چاوی ڕێزەوە دەروانینە ئەم دوو ڕۆژە پڕ لە مێژووەیەی گەلەکەمان. لەم ڕۆژەدا سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەین کە لە ڕێگای نووسین و تەلەفوون و ئیمێلەوە، بۆچوون و تێبینی و پێشنیار و ڕەخنەی خۆیان بۆ باشتر کردنی گیارەنگ بۆ ڕەوانە کردووین و لە سەر یەک هاوکارمان بوون بۆ بەردەوام بوونی زیاتری وەشانی ماڵپەرەکەمان.

سوپاسی گەرمی خۆمان ئاراستەی بەرێزان کاک مەریوان نستانی و کاک ئیبراهیم عەزیزی و کاک فاروق قوبادی دەکەین کە وەک هەمیشە بە دڵ ئاواڵەیەوە کەم و کوڕی و گیروگرفتە تیکنیکییەکانی ماڵپەری گیارەنگیان چارەسەر کردووە.

٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٨

## سابوتاژ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

سابوتاژ ( Sabotage ) لە زمانی ئینگلیزی دا بە مانای تێکدان، خەراپکردن و زەربەلێدان. سابوتاژ بۆ زەربەلێدان و بۆ بە چۆک داهێنانی دامەزراوەی نیزامی و سەربازی، بۆ خەراپکردنی دام و دەزگای دەسەڵاتداران و حکوومەت، بۆ خەراپکردنی کەرەسەی شەرکردن وەکوو تانگ و ماشێنی گەورە و هەندێک شتی لەو بابەتە و یا خەراپکردنی کەل و پەل بە شێوەیەک کە زەربەی ئابووری و یا نیزامی لە دەوڵەت و یا بەرامبەرەکەت بدات و بۆ ماوەیەک بەرامبەرەکەت دەستەوەستان بکات و یا تووشی شۆک و وەستانی بکات.

لە زمانی ئینگلیزی دا وشەی سابوتاژ واتە چالاکی تێکدەرانە و خەراپکردن هاتووە . زۆرجار بە مانای تێکدان، خەراپکردنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی حکوومەتی ، کارخانەیی و زەربەلێدان لە هەموو دامەزراوە حکوومەتی و دەوڵەتی و هێزی سەربازی و تەنانەت بازرگانی و شوێنی کەسابەت هاتووە و ئاماژە بە سەقەت کردنی حکوومەت لە ڕێگای خەراپ کردنی ئاگایانە واتە بە ئانقەست کراوە، چالاکی بە ئانقەست بە مەبەستی بە چۆک داهێنانی بەرامبەرەکەت عەمەلیاتی سابوتاژی پێدەگوترێ.

### ڕوانگەی یاسای ئێران سەبارەت بە سابوتاژ

لە سەریەک چاوخشاندنێک بە پێشینەی بە کارهێنانی وشەی سابوتاژ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا خاڵێکی دیاریکراوە کە لە چەند پەسەندکراوێک دا بە ڕاشکاوی لە وشە و مانای سابوتاژ لە نووسینەکەدا کەڵک وەرگیراوە.

بۆ نموونە یاسای بەگژداچوونەوە و سزادانی هەڵپەرەستان لە پاڵاوگەی نەوتی ئێران، پەسەندکراوی ١٦ی ڕەزبەری ١٣٦٦ی هەتاوی. لە ماددەی ٣ی ئەو یاسایەدا هاتووە کە: هەر کەس بە مەبەستی خەراپکردن و تێکدان (سابوتاژ) کارێک و یا کردەوەیەک لە خۆی نیشان بدات و بە تەقاندنەوە و یا وێران کردنی یەکێک لە بنکە و یا شوێنە گرینگەکانی ژێر ماددەی ١ و ٣ بکا، یا هاوکات ببێتە هۆی داخرانی هەموو ئەو پاڵەوگەیە و یا شوێنێک لە پاڵاوگەکە، کەسی گیراو بە دوو تا دە ساڵ زیندان سزا دەدرێ. هەڵبەت سزای سابوتاژ و یاسای نووسراوەی ئەم وشەیە لە چەند شوێن بە ناوی خەراپکار و یا وشەگەلی لە چەشنی زەربەلێدان هاتووە ، ئەگەرچی لە ڕستەی ئەو یاسایەدا لە وشەی خەراپکار زۆر کەڵک وەرگیراوە و بە

گشتی بە مانای وشەی سابوتاژیان هەر لە کەوانە دا بە خەراپکار نووسیوە.

لەو پەیوەندییەدا ئاماژەیان بە چەند کاری خەراپکارانە کردووە و نموونەیان لە سەر هیناوەتەوە کە دەتوانم ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکەم.

بە پێی پەسەندکراوی ٤ ی ڕەشەمەی ١٣٤٩ ی هەتاوی سزای ئەو کەسانە بدەن کە دەبنە هۆکاری ڕاوەستانی فرینی فڕۆکە و یا خەراپ کردنی کەرەسەکانی فڕۆکە.

ئاماژەکردن بە پەسەند کردنی چەند یاسایەک سەبارەت بە خەراپکردنی و شێواندنی دام و دەزگای حکوومەتی:

- یاسای پەسەندکراوی ٢ ی بانەمەڕی ١٣٥٣ی هەتاوی سەبارەت بەسەنعەت و دروستکراوەکان.

- یاسای سزادانی دامودەزگای ئاو، بەرق، گاز و بەشی پەیوەندی پۆست و تەلەفوون پەسەندکراوی ١٢ی بەفرانباری ١٣٥١ی هەتاوی.

- یاسای سزادانی ئەو کەسانەی کە ڕێگای ئاسنی شەمەنەفەر (قەتار) تێکدەدەن، پەسەند کراوی ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٢٠ی هەتاوی و ماددەکانی ٦٧٥ و ٦٨٧ی یاسای سزای ئیسلامی.

خاڵی هاوبەشی ئەو چەند پەسەندکراوەیە سەبارەت بە سابوتاژ دا ئەوەیە کە لە هەموو خاڵە پەسەندکراوەکان دا باس لە خەراپکردن و تێکدان و زەربەلێدان، نائارامی و ناسەقامگیری و تێکدانی ئەمنییەتی گشتی وڵات دەکا و خوڵقێنەرانی ئەو نائارامییە دەبێ سزا بدرێن و بە گشتی یاسا نووسراوەکانیان بە سەر دا بسەپێنن.

هەموو ئەو کەسانەی کە ئیرادەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیان هەیە، دەبێ دەست بدەنە دەستی یەک و بە یەکەوە ئەو شوێنانەی بۆ حکوومەت گرینگن و حکوومەت بایەخی زۆریان پێ دەدا سەقەت بکەن، واتە کۆسپ و تەگەرە بخەینە بەردەم شوێنە گرینگەکان. هێندێک دامودەزگای حکوومەتی بۆ ئەوە دەبن کە عەمەلیاتی سابوتاژیان لە سەر بکرێ، وەک ئاگردانی کەرەسەکانی ماشێنی نیزامی ڕژێم، بنکە و بارەگای نیزامی، تێکدانی خەتی تەلەفوونی گشتی نێوان بنکە و پادگانەکان، تەقاندنەوە و سووتاندنی عەمباری تەقەمەنی و خواردەمەنی و کەرەسەی جۆراوجۆری حکوومەتی.

عەمەلیاتی سابوتاژ دەتوانێ ترس بخاتە دڵی سیخور و جاش و خۆفرۆشان، بە سووتاندنی ماشێن و باخ و باخات و خانوو و کەرەسەی خۆفرۆشان بنەماڵەکانیان وەخەبەر بێنین کە ئەوەی دەسوتێندرێ بەرهەمی جاشایەتی و خۆفرۆشییە. ئەوانەی عەمەلیاتی سابوتاژ بەرێوە دەبەن، دەبێ چاویان کراوە بێ و بە چەشنێک ئەو کارە بکەن کە زەرەری گیانی بۆ کەسانی دەوروبەر نەبێ و هەروەها مەترسی گیران و کوژران لە سەر خۆیان نەبێ.

قسەی کۆتایی ئەوەیە، عەمەلیاتی سابوتاژ دەتوانێ زەربەی قورس لە دوژمن بدات بە بێ ئەوەی لە چەک و چۆڵ و یا لە عەمەلیاتی نیزامی دا بەشداریت کرد بێ، زۆرجار بە چەند لیتر بەنزین و یا نەوت و گاز دەتوانردێ زەربەی قورسی ئابووری لە پەیکەری لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی بدرێ، لە هەموو ئەو حاڵاتانەدا دەوڵەتێک بۆ خەڵک نەبێ پێویستە خەڵک عەمەلیاتی سابوتاژی لە سەر بەرێوە بەرن بۆ ئەوەی بە چۆکیدا بێنن.

هەڵبەت شوێنە گشتییەکانی وەک مۆزەخانە، سینەما، پارک، باخە گشتییەکان و سەیرانگا و هێندێک بنکە و بارەگای وەک نەخۆشخانە و قوتابخانە و زانکۆکان و هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتی گشتی دەکەن ملکی هەموومانن و دەبێ لە لایەن خەڵکەوە پارێزراو بن و نابێ بخرێنە ئەو چوارچێوەیەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

## مامە قالە شۆڕش مرۆڤێک لە جینسی پۆڵا.

لە مێژ ساڵ بوو ناو و ناوبانگی مامە قالە شۆڕشم بیست بوو، کاتێک پێشمەرگە چاونەترسەکانی هێزی ئاربابا لە گەڵ پێشمەرگە خۆنەویستەکانی هێزی مینەشەم تێکەڵ دەبوون، زۆرجار باس لە پۆلێک تێکۆشەری دێرینی وەک مامە قالە شۆڕش، مامە قالەی سوتوو، سەید قادر قایەبەردی، خاڵ مستەفا خالە کەریم و زۆرێک لەو کەسانە دەکرا کە وەک پێشەنگ و پێشرەوی دێموکرات لە ناوچەی بانە و سەقز و بەشێک لە ڕەبەت دەناسران، دوای سالانێک پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی لە ئۆردوگای کارێزە و لە نەخۆشخانەی ٢٥ ی گەلاوێژ چاوم بە مرۆڤێکی بەتەمەن و قسەخۆش کەوت کە سەردانی هەموو بریندار و نەخۆشەکانی دەکرد و هەمووان بە مامە بانگیان دەکرد، منیش هەر بە مامە بانگم کرد و دواتر پرسیارم کرد کە مامە کێیە؟ کورەکان ناو و ناوبانگیان بۆ باس کردم کە ئەو تێکۆشەرە مامە قالە شۆڕشە.

لەو کاتەوە دوور و نزیک لە خزمەتی دابووم، لەگەڵ کوڕەکانی کاک جەماڵ و کاک مستەفا (ئازاد بانەیی) کە پێشمەرگە بوون ئاشنا بووم و سالانێکی دوور و درێژ بە یەکەوە خەباتمان کرد، لە وڵاتی سوئێد زیاتر لەگەڵیان تێکەڵ بووم، دەیان جار بە سەردان چوومە خزمەت مامە قالە و دایە فاتم و کوڕەکانی، کە ئەوە بۆ من جێگای شانازی بووە، لە هەموو ئەو سەفەرانە دا مامە قالە بە دڵێکی ئاواڵەوە ئامێزی بۆ من و هاوڕێیان کە هاوسەفەر بووین دەکردەوە و بە قسە و بە سەرهاتەکانی ڕێنوێنی دەکردین، لە ئەزموونی ژیانی خۆی فێری وانەی بە یەکەوە بوونی دەکردین.

مامە قالە مرۆڤێکی تەژی لە خۆشەویستی و پاکی بوو، کەسێکی وەفادار بە ڕێبازی شەهید پێشەوا قازی و شەهیدانی گەل بوو، بە حەسرەتەوە باسی ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە لە مەهاباد لە کاتی کۆماری کوردستان دا لە خزمەت کاربەدەستانی کۆمار دابووە، بە شانازیەوە باسی لە حیزبایەتی و ئەندام بوونی خۆی لە هەموو قۆناخەکانی ژیانی دا دەکرد، باسی لە زیندان و گرتووخانەکانی رژێمی پاشایەتی دەکرد و باسی خۆراگری زیندانیان و هاوبەندیەکانی خۆی دەکرد. زۆرجار شێعر و هەڵبەستەکانی خۆی بۆ دەخوێندینەوە، مرۆڤێکی بە ئیمان و باوەرمەندە بە ئیسلام بوو، ئەو ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی تەرخانی ڕزگاری گەل و نیشتمان کرد. ئەو بۆ سەروەت و سامان و دارایی نەببوو بە پێشمەرگە، بەڵکوو سەروەت و سامانی ملک و ماڵێکی زۆری بە جێ هێشتبوو بۆ ئەوەی هەژارەکان لە بەندی نەداری و زوڵم ڕزگار بکات.

زۆرجار چاوی پڕ دەبوون لە فرمێسک و لە سەرخۆ دەیگووت خۆزگە هەر پێشمەرگەی نێو سەنگەر بام، خۆزگە لە تەنیشت

ئەو کەسانە بام کە چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان دانەناوە و هەنووکەش هەر پێشمەرگەن، خەمی لە ئازار و نەداری و هەژاری هەموو لایەک دەخوارد، بە دڵەوە یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کە پێویستیان بە یارمەتی هەبوو. مامە قالە هەموو منداڵەکانی فێری کوردایەتی راستەقینە و نیشتمانپەروەری کرد و هانی دان کە تا سەر بەو ڕێگایە دا بڕۆن کە حەزرەتی پێشەوا پێیدا ڕۆیشتووە.

ئەوانەی لە ئوروپا دەژین و بە تایبەت لە سکاندیناوین، زۆر چاک دەزانن بڕینی ٦٠٠ شەش سەد کیلومیتر بۆ بەشداری لە کۆڕوکۆبونەوەکان دا بۆ گەنجەکانیش دژوارە چ بگا بۆ مرۆڤێکی بە ساڵاچووی وەک مامە قالە، بەڵام ئەو بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمەکان دا بە جلوبەرگی کوردانە و بە بەستنی فەقیانە و هەڵبەستنی شەدە و لەبەر کردنی پەستەکی مەرز دەردەکەوت و بەشداری دەکرد، بەشداربووان بە دڵەوە وێنەیان لەگەڵ دەگرت، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە سەراحەت قسەی خۆی دەکرد، مرۆڤێکی قسە لەڕوو و بە هەڵوێست بوو، سەخی و مێهرەبان بوو.

بەداخەوە مامە قالە ماوەی چەند حەوتوویەک بوو نەخۆش کەوت بوو و بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییە تازەکەی دەکرد، مخابن مەرگ مەودای نەدا کە جارێکی دیکە لە بانەی خۆشەویست زێدی لە دایکبوونی چاوی بە ئازیزانی بکەوێتەوە و ئازادی نیشتمانەکەی بە چاوی خۆی ببینێ.

مامە قالە گیان سەفەرت بە خێر! دڵنیا بە ڕێگای خەباتت هەر ئاوەدان دەبێ و بڵێنی دەدەم کە تا سەر بە ڕێگا و ڕێبازی تۆی هەرگیز نەمر دا کە ڕێبازی پڕ سەروەری شەهیدان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی وەک حەمەدەمینی فەتحیانی برات دا هەنگاو بنێین، ڕووحت شاد و جێگات بەهەشتی بەرین بێ.

سەرەخۆشی لە یەکەیەکەی ئەندامانی بنەماڵەکەت، لە دایە فاتمی خۆشەویست، کاک جەمال و کاک ئازاد بانەیی و کچەکان و نەوەکانت و هەموو ئەوانەی کە خۆشت دەویستن دەکەم، سەرەخۆشی لە ئەندامانی حیزب لە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانت دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی تۆی خۆشەویست دەزانم، بە هیوای ئەوە کە ڕۆژێک روفاتی تۆی خۆشەویست لە زێدی لە دایکبوونت بە خاکی پیرۆزی نیشتمان بسپێرین و پێشوازی لە تەرمی پیرۆزی تۆی خۆشەویست و هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لە هەندەران بە تاسەی ئازادی کوردستانەوە گیانیان بەخشیوە.

ڕووحت شاد پیاوە خاکی پۆش و فەرنەجی پۆشەکەی بانە

٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆچی دوایی تێکۆشەر سیاسی کورد حاجی حوسێن حەدداد

کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حدک بەرێز حاجی حوسێن حەدداد لە وڵاتی نۆروێژ بەداخ و پەژارەیەکی زۆرە بەرێز کاک حاجی حوسێن حەدداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی و ناسازی ئەمرۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠ . ٠٩ .٢٠١٨ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد.

حاجی حوسێن حەدداد لە ٠٥ . ٠٣ . ١٣١٧ هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی گەورە و کوردپەروەر و ناسیاوی شاری سەردەشت لە دایک بوو. ژیانی منداڵی خۆی وەک منداڵانی ئەو سەردەم تێپەر کردووە ، لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەنێردرێتە قوتابخانە ، چوونی بۆ قوتابخانە هاوکات دەبێ لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان. وەک بۆ خۆی باسی دەکرد هاتووچۆی ئەندامانی بنەماڵەکەی و مالی خاڵەکانی ( بنەماڵەی حەسەنپوور) بۆ شاری مەهاباد و هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری سەردەشت و هەروەها دیتنی چەکداری پێشمەرگە لەو تەمەنەدا ، کاریگەری لە سەر هەست و دەروونی هەبووە و جموجۆڵی پێشمەرگانە و باس و خواستەکان لە سەر دامەزرانی کۆمار بوونە هۆی خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە و بۆ شۆڕش و بۆ کوردایەتی.

حاجی حوسێن حەدداد تا پۆلی شەشی قەدیمی دەرس خوێندوە . ئەو خوێندنە بۆ ئەو کات و لە شارێکی بچووکی وەکی سەردەشت کە شارێکی دوورەدەست بووە ، لەو سەردەم دا وەک خوێندنی باڵا سەیری دەکرا. ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی خۆی لە ئامێزی بنەماڵەدا تێپەر کردووە و هەر لە منداڵی‌یەوە ئۆگری کار و هاوکاری کردن بە بنەماڵەکەی بووە، بە هۆی ئەوە کە بنەماڵەکەیان ئاسەنگەر بوون، هەر بە لاوەتی شانی وەبەر کاری قورسی ئاسنگەری داوە و وێرای براکانی لەو پیشەیە دا ساڵانێکی زۆر وەک ئاسنگەرێکی بەتوانا وەک وەستای ئاسنگەری کاری کردووە و خەڵکی ناوچەش بۆ پێداویستی‌یەکانی ژیان ڕوویان لە دووکانەکەی کردووە و لە سۆنگەی ئەو کارەوە خەڵکێکی زۆری لە گوندنشینەکان و خەڵکی دیکەی ئەو ناوچەیە ناسیوە.

بە هۆی ئەوە کە شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری شوێنی بوژانەوە و هەستانەوەی هەموو شۆڕشەکانی نێوخۆی کوردستانی ئێران و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها شۆڕشی باشووری کوردستان بووە، هاتووچۆی

شۆڕشگێران بۆ ئەو ناوچەیە زۆر ئاسایی بووە. لەو پەیوەندییەدا بە هۆی بەربڵاوی کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری دا، بە هۆی ئەوە کە خاڵەکانی و برا گەورەکەی و هەندێک لە خزمانی تێکەڵ بە ریزەکانی نەهێنی و ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، ئەو بیرە زیاتر لە میشکی حاجی حوسێن دا چەقرە دەکا و دواتر بە هۆی وریایی خۆی چەند ساڵ پێش خەباتی چەکداری ٤٧ و ٤٦ ی هەتاوی پەیوەندی بە کادرەکانی ئەو کاتەی حدکەوە دەکات و لە ڕێگەی خزمەکانیەوە زۆر زوو لە لایەن بەرپرسانی حیزبییەوە متمانەی پێدەکرێ و لە ڕێکخستنە نەهێنییەکانی ئەو کات دا سازمانی دەدەن و بەرێزیشیان بە حەق لە گەیاندنی نامە و هەواڵ و پێداویستییەکانی شۆڕش و پێشمەرگەکان دا دریغی نەکردووە.حاجی حوسێن لە شۆڕشە چەکدارییەکەی ساڵانی ٤٧ و ٤٦ ی هەتاوی دا زیاتر دەردەکەوێ و بە ڕادەیەکی بەرچاو هاوکاری بە کادرەکانی وەکوو شەهید مەلا ئاوارە و موعینییەکان و کەسە دیارەکانی ئەو کات دا دەکا و بە وردی و بە وریاییەوە هەنگاوی خەمخۆرانەی هەڵێناوەتەوە.

دوای سەرکوتی شۆڕشی ساڵەکانی ٤٧ و ٤٦ ی هەتاوی، حاجی حوسێن نائومێد نابێ و هەروا لەگەڵ ئەو بەشە لە کادرەکانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان و گەرمێن لە پەیوەندی دا دەبێ و وێرای کەسابەت و کاری ئاسنگەری بە نەهێنی لەگەڵ چەند کەس لە هاورێیەکانی ئەرکە حیزبییەکانیش بەجێدەگەیێن.

لەگەڵ یەکەم چەخماخەی بزووتنەوەی سەرتاسەری گەلانی ئێران بۆ تێکرووخانی حکوومەتی پەهلەوی، حاجی حوسێن وێرای هاورێ و دۆستەکانی جموجۆڵەکانی خۆیان زیاتر دەکەن و لەگەڵ هاتنەوەی کادرەکان بۆ نێوخۆی کوردستان، ئەرکی سەرشانی قورستر دەبێ، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران حاجی حوسێن لەگەڵ گەرانەوەی یەکجاری کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەکەم کەسەکان دەبێ کە چەکی شەرەف و پێشمەرگایەتی لە شان دەکا و دەبێتە پێشمەرگە. لە دوای ئەوە کە دەبێتە پێشمەرگە زۆر زوو بە هۆی خۆشناوی و لێزانی و شارەزایی و هەروەها بە هۆی ئەزموونی دەبێتە کادری کۆمیتە شارستان و بە هۆی دەست پاکی و بەنێوبانگی لە لایەن کۆمیتە شارستانی سەردەشتەوە دەکرێتە بەرپرسی هەموو گومرگەکانی ناوچەی سەردەشت، لەیەکەم کۆنفرانسی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دا وەک ئەندامی کۆمیتە شارستانی سەردەشت هەڵدەبژێردرێ و دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەی شارەدێی میراوێ و دواتریش لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت دەبێتە هەئیەتی ئیجرایی و ماوەیەکیش وەک بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی مەزرا کار دەکا.

حاجی حوسێن لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە وەک بەشی دارایی دەنێردرێتە نەخۆشخانەی شۆڕش و دواتر کە نەخۆشخانەکان حیزب دەبنەوە بە یەک وەک بەرپرسی دارایی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ و دواتریش نەخۆشخانەی ئازادی دیاری دەکرێ. حاجی حوسێن بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە سەر شان بوون لە کۆمیسۆنەکانی ماڵی و تداروکات دا کاری کردووە، لە

کۆمیسیۆنی ماڵی دا وەک بەشی لێکۆلینەوە و لێپرسینەوە و بازرەسی حیزب کاری کردووە و تا کاتی دانانی چەکی پێشمەرگایەتی بەردەوام لە بەشی تداروکاتی گشتی حیزبدا خزمەتی کردووە.

حاجی حوسێن لە چەندین کۆنگرەی حیزبی دا بەشداری کردووە، چەندین دەورە ئەندامی کۆمیتە شارستانی سەردەشت بووە، لە بەشی جۆراوجۆری حیزبدا کاری کردووە، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکان دا ساحەب قسە و بە هەڵوێست بووە، کادرێکی لێوەشاوە و تێگەیشتوو و پێگەیشتووی حیزب بووە و بە گشتی کاری بۆ چاکسازی و بۆ کەم کردنەوەی کەم و کوڕیەکان کردووە. بە حەق لە کاری حیزبی دا سادق و پاک و ماندوویینەناس بوو. شۆڕشگێرێک بە مانای وشەی شۆڕشگێری بوو، لە نێو خەڵکدا خۆشەویست و لە نێو بنەماڵەی دێموکرات دا کەسێکی جێگای باوەر و متمانەی هەموو لایەک و بە تایبەت ڕێبەری حیزب و ڕێبەرانی شەهیدمان بوو.

کاک حاجی حوسێن حەدداد مرۆڤێکی سیاسی و تێکۆشەرێکی خۆشناوی گەلەکەمان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوو، لە جەریانی تەقاندنەوەی مینیبووسی حیزب لە ٢٩ ـ ١٠ ـ ١٩٩١ دا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بناری قەندیل ئەنجامی دا حاجی حوسێن و کامرانی کوڕی لەگەڵ پۆلێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزب بە توندی بریندار بوون و سێ کادری بەوەجی حیزبیش شەهید بوون. حاجی حوسێن مرۆڤێکی بە بیروباوەر، بەهەست و شۆڕشگێر، ماندوویینەناس، هەڵسوور و خەمخۆری گەلەکەمان بوو، ئەو کەسێکی باوەرمەند بە ئیسلام، دەستگەرەوە و یارمەتیدەری هەژار و بێدەرەتانان بوو، لە خەم و شادی و لە نەهامەتیەکانی گەلەکەمان دا مرۆڤێکی دەرەوەست و بە هەست بوو. حاجی حوسێن وێرای ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە نووسین شێعر و هۆنراوە و بابەتگەلی جۆراجۆرکەم تەرخەمی نەکرد و لە دەرەوەی وڵاتیش دوو کتێبی و چەندین نووسراوەی بە پێزی لە دوای خۆی بەجێهێشتوون و بەم کارەی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە.

حاجی حوسێن لە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی کوڕ و کچ و نەوەکانی دا دریغی نەکرد و وێرای ئەوە کە لە نێو شۆڕش دا بوو، بەڵام بەوپەری هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە دەستی باوکانەی بە سەر سەری هەموو منداڵەکانی و بگرە پێشمەرگە سەڵتەکان و جیرانەکانیشی دا دێنا . لەو پەیوەندیەدا حاجی خورشیدی هاوسەری پشتیوانی سەرەکی حاجی حوسێن بووە و بە یەکەوە لەو پەروەردەیە دا هاوکار بوون

کاک حاجی حوسێن لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا لە هەموو ناوچەکانی سوێسنایەتی، گەورەکایەتی، نەڵێن و باسکی کۆڵەسە و ئالان کاری کردووە، لە سەریەک نزیک بە شەش دەیە وەک ئەندامی هەڵسوور و چالاکی حیزب خزمەتی بە گەل و

نیشتمان کردووە و ٢١ ساڵ لە تەمەنی خۆی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە شان دابووە و لە هەموو ئەوا ساڵانەدا دڵی تەنیا بۆ ئاشتی و بۆ ئازادی گەلەکەی لێداوە. ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی دوای ساڵانێک خزمەت لە ریزەکانی حدک دا بە هۆی بە ساڵاچوویی و وێرای منداڵەکانی ڕوو لە هەندەران دەکا و لە وڵاتی نۆرویژ درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی دەدا، لە هەموو ئەو ساڵانەدا وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب لە خزمەت حیزب و کۆمیتەی دەرووەی وڵات و نۆرویژ دابووە و خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بە گشت لایەک کردووە.

حاجی حوسێن تا دوایین هەناسەکانی ژیانی هەروا چاوەروانی گەرانەوەی بوو بۆ زێدی لە دایکبوونی خۆی و هیچ کات ئامادە نەبوو کە سەر بۆ دوژمن نەوی بکا و بە دڵەوە ژیانی تاراوگەیی و هەندەران هەڵبژارد بۆ ئەوەی تەسلیمی ویستی دوژمن نەبێ.

بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی حوسێن حەدداد لە ناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزمان و دۆست و ئاشنایان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان بە خەمباری لە دەست دانی ئەو مرۆڤە گەورەیە دەزانین.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

لە لایەن بنەماڵەی حاجی حوسێن حەدداد و بەشێک لە هاورێ و دۆستانی نەمر حاجی حوسێن حەدداد
دواتر لە شوێن و کاتی پرسە و بەخاکسپاردنی ئاگادارتان دەکەینەوە.
لەگەڵ ڕێز و حورمەرت

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کەریم ڕەسووڵزادە (شێرکۆ سەردەشتیم) چۆن ناسی؟

زۆرم هەوڵدا چەند دێڕێک وەک بالآی پێشمەرگانەی کاک شێرکۆ ڕەسووڵزادە بنووسم و هەموو لایەنەکانی ژیانی وەک خۆی بۆ خوێنەران و بۆ دۆستانی بنووسمەوە، بەڵام مخابن پێنووسی کولی دەستم و ژانی لە دەستدانی کاک شێرکۆ و شەهیدەکانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات ئەو دەرفەتەم پێ نادا کە بتوانم، ئەوەی دەمهەوێ بینووسم، ئەو چەند دێرە ، قەترەیەکە لە دەریای بێ سنوور و ئارامی کاک شێرکۆ ڕەسووڵزادە و هیوادارم کە دۆستان ئەم نووسینە دەوڵەمەندتر بکەن.

کەریم ڕەسووڵزادە لە ساڵی ١٣٤١ ی هەتاوی لە گوندی وەتماناوێی دەم چۆمی کەڵوێ لە دایک بووە. تا تەمەنی ٦ ساڵی لەگەڵ بنەماڵەکەیان لەو گوندە دڵگیرە ژیانی بردۆتە سەر و دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەیان هاتوونە شاری سەردەشت و لەوێ ژیانی ئاسایی خۆی وەک مێرمنداڵ و داوتر لاوێکی وەرزشکار و خوێندەوار تێپەر کردووە.

لە کاتی منداڵیم دا لە کاتی وەرزیش دا کاک کەریم ڕەسووڵزادەم ناسی، ئەو کوڕێکی وەرزشکار و لاوێکی خوێن گەرم و ناسیاوی شاری سەردەشت بوو، کەریم وێرای ئەوە کە قوتابی بوو، هاوکات وەرزشی کردبوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی و بە حەق لە وەرزشی تۆپی پێ (فوتباڵ) دا نموونەی فوتباڵیستێکی بە توانا و لە هەڵاتن و دەودا وەرزشکارێکی تیژڕەو و بە نەفەس بوو، کاک کەریم وێرای وەرزیش شانی وەبەر کارو کاسبی دابوو و توانیبووی هاوکارێکی باشی بنەماڵەکەی بێ بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان.

کاک کەریم ڕەسووڵزادە وەک کاپیتانی تیمی شاهین لە سەردەشت یاری دەکرد، کەسێکی دیار و فوتباڵیستێکی هەڵکەوتوویی سەردەشت و پارێزگای ورمێ بوو، لە زۆربەی یارییەکان دا لە کەسە دیارەکانی نێو یارییەکە بوو، گورج و گۆڵ و تووند و تۆڵ و هێرشبەرێکی بە توانای تیمەکەیان بوو، لە وەرزی ڕاکردنی دەوی ماراتۆن و یا دەوی مەیدانی دا بە حەق تیژڕەو و بە نەفەس و پێشەنگ بوو، خۆش تەبعی و خاکی بوونەکەی وایکردبوو ئێمە منداڵە کەم تەمەنەکان لاسایی لە کار و تکنیک و تەکلی فوتباڵ و یارییەکەی کاک کەریم ڕەسووڵزادە بکەینەوە. ئەو ماوەیەک وەک ڕاهێنەرێکی باش، فوتباڵی فێری گەنجەکان دەکرد و بە دڵەوە هەوڵی بۆ درووست کردنی تیمەکانی فوتباڵ دەدا و لەو پەیوەندییەدا شاری سەردەشت و یاریچییەکانی ئەو سەردەم و بەشێکمان قەرزداری کار و ڕاهێنەری کاک کەریم ڕەسووڵزادەین.

کاک کەریم ڕەسووڵزادە تا پۆلی سێی دەبیرستانی دەرسی خوێندوە و وەک تاقانە کوڕی ماڵێ بۆ ئەوەی باری قورسی ژیان لە سەر دایک و بابی و خوشکەکانی کەم کاتەوە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا وێرای دەرس خوێندن کاری جۆراوجۆری وەک پیشە بۆ خۆی هەڵبژارد بوو ، بە هیممەت و ئیرادەی خۆی هەم کاری دەکرد و هەمیش دەرسی دەخوێند ، پێش ئەوەی دیپلۆم وەر بگرێ شارەکانی ئێران بۆ ڕووخاندنی تەخت و بەختی بنەماڵە و حکوومەتی پەهلەوی ڕژابوونە سەر شەقامەکان و زۆر زوو خۆپێشاندان گەیشتە کوردستان و خەڵکی شاری سەردەشتیش وێرای شارەکانی دیکەی کوردستان دەستیان بە ڕاپەرین کردووە.

لەگەڵ چەخماخەی شۆڕش و ڕاپەرین بە دژی ڕژێمی پەهلەوی کاک کەریم یەکێک لەو گەنجە بە توانا و هەڵسوورانەی شاری سەردەشت بوو کە لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان دا لە سەفی پێشەوە بە دژی ئارتەش و ژاندارمەری و ساواک و شارەبانی دەوەستایەوە و زۆر لێبڕاوانە بۆ ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی تێدەکۆشا و هەوڵی دەدا کە دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی سیستەمێکی نوێ و سەردەمیانە بۆ گەل دابین بکات و وەک خۆی دەیگووت: نەمزانی ئاخوندەکان دەبن بە حەزیا و سواری شان و ملی ئێمە و گەلی کوردستان و گەلانی ئێران دەبن.

دوای ڕووخانی ڕژێمی شا و ئازادبوونی بەشێکی زۆر لە شار و شارەدێ و گوندەکانی کوردستان و ئاشکرابوون و دەستبەکار بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک کەریم ڕەسووڵزادە وەک لاوێکی خوێن گەرم وەک دۆست و لایەنگری حیزب لە نێو شاری سەردەشت دا تەبلیغ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات.

لە سەردانێکی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ شاری سەردەشت کاک کەریم بە دەنگ بانگەوازی حیزبەوە دەچێتە پارکی شاری سەردەشت و وێرای هەزاران کەسی دیکە بە دڵەوە گوێ لە وتارە مێژوویەکی شەهید دوکتور قاسملوو دەگرن و دوای بیستنی ئەو وتارە مێژوویە، کاک کەریم ڕەسووڵزادە زیاتر گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و زانایی شەهید دوکتور قاسملووی بۆ دەر دەکەوێ و ئەوجار بە ڕەسمی لە بەهاری ١٣٦٠ ی هەتاوی لە تەمەنی ١٩ساڵی دا دەچێتە ریزی پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی ١١ی شەهید موعینی و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکا و دەبێتە پێشمەرگەی گەل و نیشتمان و لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبەکەی و گەلەکەی دەکا و دەبێتە یار و یاوەری خەڵکی هەژار .

کاک کەریم ڕەسووڵزادە بۆیە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد بوو، چوونکە لە ڕوانگەی کاک کەریمەوە حیزبی دێموکرات پێک هاتبوو لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و عەداڵەتخواز و گەلدۆست بوو، حیزبی دێموکرات پێشینەی مێژووی هەبوو، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگە و هەڵگری بیروباوەری نەتەوەیی

بووە، ئەم حیزبە لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دا پێشەنگ بووە و ژن و پیاو و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ لەم حیزبەدا جێگای تایبەت بە خۆیان هەبووە، ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان و لاوانی دامەزراندوە و ئەم حیزبە هەوڵی بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان داوە و ئەوەش وایکرد بوو کە کاک کەریم حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی کوردستانی ببینێ و لەم حیزبەدا خزمەت بکا و شانازی ئەندام بوون و پێشمەرگەی لەم حیزبەدا بە نسیب خۆی بکا.

دوای ئەوە کە کاک کەریم چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکا ، وەک بەشێکی بەرچاو لە لاوەکانی ئەو کات، نازناوی شێرکۆ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوییەوە شێرکۆ دەبێتە ناوێکی دیاری نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. کاک شێرکۆ ڕەسووڵزادە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پێشمەرگایەتی دا لەگەڵ پۆلێک لە گەنجەکانی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەم چۆمی کەڵوێ و ناوچەی گەورکایەتی و سوێسنایەتی لە لکی ٢ی قارەمانان کە سەر بە هێزی ١١ی شەهید موعینی لە سەردەشت بوو، سازمان دەدرێ و لەو کاتەوە وەک پێشمەرگەیەکی بە دەستەوە لەو لکەدا خەباتی پێشمەرگانەی خۆی بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە دەدا.

شایانی باسە کە رژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران فتوای جیهادی بە سەر گەلی کورد دابوو، لاوەکانی کوردستان بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودیەت و کەیانی کورد لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە تازە درووستکراوەکانی دیکە دا خەباتیان دەکرد. کاک شێرکۆ زۆر زوو بە تفەنگێکی ژێ٣ وە لە گوندی پاراستان را بەرەو گوندی وەڵیو وەرێ دەکەوێ و وەک گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، وەک پێشمەرگەیەکی چەک لەشان و مرۆڤێکی بە بیروباوەر و لاوێکی خوێندەوار دەست بە خەبات و تێکۆشان دەکا .

خەباتی پێشمەرگانەی کاک شێرکۆ هاوکات دەبێ لەگەڵ هێرشی زۆر و بەربڵاوی هێزەکانی بەسیجی و پاسدار و ئارتەش بۆ گرتنەوەی کوردستان و ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت، هەر بۆیە لە زۆربەی شەڕە قورسەکانی ئەو کاتدا بەشداری چالاکانە دەکا و وەک پێشمەرگەیەک بۆ هەموو شەڕگەکانی ئەو کات بەرێ کراوە و ئەویش سەربەرزانە لە مەئموریەت و ئەرکە پێسپێردراوەکانی دا سەرکەوتوو هاتۆتەدەر.

کاک شێرکۆ بە هۆی هەڵسووران و بەربەرەکانی و خۆڕاگری لە بەرامبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی دا زۆر زوو سرنجی بەرپرسانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و دەبێتە جێگای متمانەی ئۆرگانەکانی سەروەتر و بە هۆی وریایی و شارەزایی و باوەری قوڵی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە باوەڕپێکراوانی حیزب سەیری دەکرێ و فەرماندەکان بەردەوام بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکان ڕاوێژ لەگەڵ کاک شێرکۆ دەکەن و ئەوەش بۆ شێرکۆی پێشمەرگە دەبێتە لاپەرەیەکی نوێ لە ژیانی

سیاسی و نیزامی دا.

کاک شێرکۆ کادرێکی سیاسی پڕ و پێگەیشتوو بوو، کەم ئیدیعا و بێ تەوقوع بوو، کادرێکی سادە و خاکی و خەڵکی بوو، لە نێو کادرو پێشمەرگەکان دا بە دڵەوە وەر دەگیرا و لە نێو ئامێزی خەڵکیش دا وەک کوڕی بنەماڵەی هەموو گوندنشینەکان سەیری دەکرا، ساحەب قسە و ساحەب هەڵوێست بوو، ساحەب مەسئەلەت بوو، ئەوەندەی لە دەستی هات خزمەتی بە هێز و کۆمیتە شارستان و کادرو پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان کرد.

دوای ئەوە شەڕی جبهەیی جێگای خۆیدا بە شەڕی پارتیزانی دا، کاک شێرکۆ یەکێک لەو فەرماندە و کادرە بەوەج و لێوەشاوانەی هێزی زمزیران بوو کە هەموو ساڵێک و لە وەرزە جیاجیاکان دا لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە قۆڵایی ناوچەدا خەباتی دەکرد. کاک شێرکۆ پێشمەرگەیەکی چاوکراوە، کادرێکی لێزان و شارەزا، سەرپەل و جێگر دەستەیەکی بە مشوور و بە تەرح و پلان بوو.

کاتێک لە زستانی ١٣٦٦ی هەتاوی دا لە خزمەت کاک شێرکۆ و حوسێن سەردەشتی و کاک ئەسعەد گامێشانی دا بۆ دەورەی سیاسی و کادر ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراین، ئەو کات زانایی و شارەزایی کاک شێرکۆمان لە باس و دەرسەکاندا زیاتر بۆ دەرکەوت و دوای ئەم دەورەیە کاک شێرکۆ وەک کادرێکی پێگەیشتوو لە کۆمیتە ناوچەی کاڵەشین دا لەگەڵ چەند کادری دیکەی حیزب بەوپەڕی وریایی و وشیاری و لێزانییەوە لە نێو دەریای پڕ شەپۆلی خەڵک دا مەلەی دەکرد و بە چاوکراوەیی خۆی هەموو پیلانەکانی رژێمی وەک تیمی تەشکیلاتی پوچەڵ دەکردنەوە.

کاک شێرکۆ لە زۆربەی عەمەلیاتەکانی ناوچەی رەبەت دا بەشداری چالاکانەی دەکرد، لە شەڕە بەناوبانگەکانی وەک گردێیستر لە پشت گوندی پاشبەرد، شەری دەم چۆمی کەڵوێ، شەڕەکانی خولیسان و مامەزینە و وەرگێل و وەڵیو و جبەرەند، شەڕەکانی سەرجادەی مەهاباد سەردەشت، شەڕە سێ ڕۆژەیەکەی ١٥ تا ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی، شەری کەڵەکاوێ، شەرەکانی کوێستانەکانی برایم جەلاڵ، گۆمشتر، خاڵەباد، فێرەگ و نیوکێل و هەروەها گرتنی پایەگای نێو شاری ڕەبەت و هێرش بۆ سەر پایەگاکانی مەیدان چۆغە و سیسێر و چۆمەڵ و بایز کوژاو و شەڕەکانی سەر جادەی زمزیران و سەنبوریان و بناویلێ حاجی مینەی و شەڕە بەناوبانگەیی پانەسەر و دووسەر و دەیان و بگرە سەدان عەمەلیاتی دیکەی هێزی مینەشەم و دواتر زمزیران بەشداری کردووە و لە بەشێکی بەرچاو لە عەمەلیاتەکان دا وەک هێزی پشتیوان لە لووتکە و چیا دا بە سەر دوژمن و مەیدانی شەڕدا سەنگەری دەگرت و بە دڵەوە و بوێرانە تا گەڕانەوەی پێشمەرگەکان لووتکە و چیا و سەنگەری بەرنەدەدا و زۆر خۆراگرانە لە بەرامبەر تۆپ و خۆمپارەبارانی دوژمن بۆ سەر لووتکە و چیا و سەنگەری

کاک شێرکۆ و هاورێیانی دا خۆراگری دەکرد و بە حەق تا دوایین کەسەکان لە سەنگەردا پشتیوانی لە پێشمەرگە و هێزەکانمان دەکرد.

کاک شێرکۆ وەک کەسێکی شارەزا لە ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت و بەشێک لە ناوچەکانی بانە و بۆکان و مەهاباد و پیرانشار، زۆر گوند و ئاوایی گەورە و بچووک لەو ناوچانە گەڕاوە، ئەو شارەزای لێرەوار و کانی و مووچە و مەزرا، بواری چۆمی کەڵوێ و پەرد و کەڵەک و لۆتکەکان، لووتکە و چیا و ئەشکەوتەکان، خڕ و دۆڵ، کوێستان و پێدەشتەکانی ئەو ناوچانە بوو، هەر بۆیە بەشی زۆری برینداراەکانی هێزەکانی زمزیران، پێشەوا و بۆکان بە هیممەت و شارەزایی کاک شێرکۆ لە شوێنە پڕ مەترسییەکان و مەیدانە بە مین چێندراوەکان و هەروەها لە بۆسە و کەمینی دوژمن لە ناوچەدا بە ساخی گەیاندراونە شوێنی مەبەست و نەخۆشخانەکانی حیزب لەو دیوی سنووری دەستکردی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان.

زۆرجار فەرماندە نیزامییەکان لەگەڵ سەدان پێشمەرگە لە بەهار دا بە گشتی بەرەو ناوچەی ڕەبەت دەکەوتینە ڕێ و و دەچووینە نێو قوڵایی ناوچە، کاک شیرکۆمان لە بنکەی سنوور بەجێ دەهێشت، بە نەهێنی ئەرکی بۆ دیاری دەکرا و لە کاتی دیاریکراودا بە تەنیا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک، چەندین بار تەقەمەنی و تەداروکاتی بە وەڵاغ و بە هاوکاری پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگ دەگەیاندە ناوچەی ڕەبەت و یەکێک لە سەخترین ئەرکەکانی بە شارەزایی خۆی ڕادەپەڕاند. کاک شێرکۆ بە دەیان جار تەقەمەنی گەیاندۆتە هێزەکانی دیکە، بە دەیان جار برینداری لە شوێنی زۆر مەترسیدار ڕزگار کردووە، بە دەیان جار پێداویستی پێشمەرگانەی وەک کەوش و باتری و سیگار و خواردەمەنی و کەل و پەلی دەرمانی بۆ هێز و کۆمیتە شارستانی ڕەبەت دابین کردووە و هەموو ئەوانە مرۆڤێکی ورد و دەرەوەستی وەک کاک شێرکۆی دەویست کە بە حەق لە هەموو بوارەکان دا مشوورخۆری و کارجوانی کاک شێرکۆی پێوە دیار بوو.

کاک شێرکۆ لە نێو کادر و پێشمەرگەکان دا خۆشەویست بوو، قسەخۆش و مەجلیس خۆش بوو، لە کاتی ئیسراحەت دا هەموومانی لە دەوری خۆی بە قسە خۆشەکانی کۆ دەکردەوە و زۆرجار بە قسە نەستەق و جوانەکانی دڵی گشت لایەکی خۆش دەکرد، قسەکانی کاک شێرکۆ تەنیا بۆ پێشمەرگەکان نەبوو، بەڵکوو لە سەردانی بۆ لای گوندنشین و مەڕدار و شوان و وەرزێرەکانیشدا لە لای بنەماڵە شەهیدەکان و بنەماڵەی پێشمەرگەکانیش دا ئەو وەک مرۆڤێکی ڕووخۆش و دەم بە خەندە و قسە خۆش دەردەکەوت و ڕاز و نیازی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشتن و بە دڵەوە گوێبیستی قسەی گشت لایەکیش دەبوو.

لە سەرجادە و لە ئاواییەکان دا لە مزگەوت یا لە قوتابخانەی گوندەکان ئەوەندەی دەرفەتی هەبا وەک کادرێکی بە ئەزموون قسەی بۆ خەڵک و قوتابی و مامۆستاکان دەکرد، لە کاتی بە دیل گرتنی دیلەکانی شەڕدا زۆر بە وردی بە

زمانێکی ڕەوان و جوان سیاسەتی حیزبی بۆ دیلەکان باس دەکرد، لە کاتی پشوودا لە بنکە و مەقەرەکان دا وەک کادری ئاموزشی و کادری سیاسی لک بۆ فەرماندە و کادر و پێشمەرگەکان قسەی دەکرد و هەوڵی دەدا کە خوێندنەوە بکاتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگە.

کاک شێرکۆ زۆربەی ئێوارەکان دوای چا خواردنەوەی گشتی، لەگەڵ پۆلێک لە وەرزشدۆستانی پێشمەرگە دەچوونە مەیدانی فوتباڵ و لەوێش بە حەق هەروەک چۆن لە لاوەتی دا لە تیمی شاهینی سەردەشت دا کاپیتانی و پێشەنگی دەکرد، لە مەیدانی نزیک بنکەکانی حیزبیش دا هەموومانی فێری فوتباڵ و فەننەکانی فوتباڵ دەکرد.

کاک شێرکۆ لە کاری هەروەزی دا پێشەنگ بوو، پێش ئەوەی زستانی پڕ بەفر و ساردی و سەرمای کوێستانەکانی مامەندە و جاسوسان و قەندیل دەست پێبکات مشووری دابین کردنی سووتەمەنی بۆ مەقەرەکان و بۆ بنەماڵەکان دەخوارد و لە ماوەی چەند ڕۆژێک دا سەرپەرەستی هەموو کارەکانی دەکرد و سووتەمەنی بە زیادەوە بۆ مەقەر و بنەماڵەکان دابین دەکرد.

کاک شێرکۆ پلەی جۆراوجۆری حیزبی بۆ ڕاپەراندنی کارە حیزبی‌یەکان لە لایەن ئۆرگانی سەرەوە پێدراون و لەو نیوەدا لە هەر بەرپرسایەتێک کە پێسپێردرا بێ بە دڵەوە شانی وەبەر قورسایی ئەو بەرپرسایەتی‌یە داوە و بە گشتی لە کارەکانی دا سەرکەوتوو بووە.

لە پێشمەرگایەتی دا بەرپرسایەتی نیزامی وەک جێگرپەل، سەرپەل و جێگر دەستەی هەبووە، لە کاری سیاسی دا کادری کۆمیتە ناوچە بووە، کادری ڕێکخستن و تەشکیلاتی، کادری ماڵی ، کادری سیاسی لک، کادری ئاموزشی، مامۆستای دەرسی کوردی بووە، بەرپرسایەتی ئەندامەتی کۆمیتە شارستان و ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناوەندی ٢ وەک کادری باڵا هەبووە، هەروەها لە بەشەکانی پەزیرش و کادری ئەمنییەتی دا کاری کردووە و لە هەموو ئەو بەرپرسایەتیانەش دا ئەوپەری سەداقەتی لە کارەکان دا لە خۆی نیشانداوە.

نەهێنی پارێزی و ردبینی کاک شێرکۆ بۆ لێ فێربوون دەبێ، ئەو هیچ کات و لە ژێر هیچ گوشارێک دا ئامادە نەبوو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەجێ بێڵێ، کوڕی ڕۆژی تەنگانە و کوڕی هەموو قۆناخەکانی ئەم شۆڕشە بوو، لە ناوچەدا و لە نێو خەڵکدا زۆر بە باشی وەردەگیرا و هەموو جارێک لە قسەکانی دا ڕوو لە پێشمەرگەکان دەیگووت: ئێمە بۆیە بووینە پێشمەرگە کە ئەو خەڵکە لە زوڵم و زۆری ڕزگار بکەین، ئەو خەڵکەش هەستی پێشمەرگانەی ئێمەیان هەست پێکردووە و هەر بۆیە ژیان و ماڵ و حاڵ و مووچە و مەزرایان بۆ کردووینە شوێنی حەسانەوە و مانەوەمان، ئێمە دەبێ ڕێز

لەو خەڵکە بگرین چوونکە ئێمە بۆ ئەو خەڵکە بووینە پێشمەرگە.

کاک شێرکۆ لە زۆربەی کۆنفرانسەکانی کۆمیتە شارستانی ڕەبەت دا وەک ئەندامی کۆمیتە شارستان هەڵدەبژێردرا، لە بەشێکی بەرچاو لە کۆنگرەکانی حیزبی دا نوێنەرایەتی هێز و کۆمیتە شارستانی کردووە، لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا بۆ سەرکەوتنی خۆی هەوڵی نەداوە کە هاوڕێ و هاوکارەکانی بکاتە پێژەی سەرکەوتن و بەڵکوو وەک مۆمێک بۆ گشت لایەکمان سووتاوە و ڕووناکی بە دەوروبەری خۆی بەخشیوە.

زیاتر لە ١٠ ساڵ لە کۆمیتە شارستانی ڕەبەت دا بە یەکەوە پێشمەرگە بووین، چەندین دەورە بە یەکەوە هاوکار بووین، لە کۆمیتە ناوچەی کاڵەشین دا بە یەکەوە وەک کادری تەشکیلاتی کارمان دەکرد، کاتێک وەک فەرماندە لکی ٢ ی هێزی زمزیران خزمەتم دەکرد کاک شیرکۆ وەک کادری سیاسی لک و کادری ئاموزشی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری کادر و پێشمەرگەکان لە خۆی نیشان دا و بە حەق کاریگەری زۆری بۆ خوێندەوار کردن و بردنە سەری پلەی زانیاری هاوڕێیان هەبوو. دوای ئەوە کە نەقڵی هێزی گیارەنگ بووم، کاک شێرکۆ بە دڵەوە لە ئامێزی گرتم و پێی گووتم: لە ئەمڕۆ بە دواوە ترسم هەیە و دەزانم لە هێزی گیارەنگ و کۆمیتە شارستانی سەردەشت ، تووشی زامی گەورە و یا نەدیتنەوەت دەبم، تکایە ئاگات لە خۆت بێ و دواتر بە ئەسپایی چەند دڵۆپ فرمێسکی بۆ لێک جیابوونەوەمان لە هێزی زمزیران ڕشت.

یەکێک لە خاڵە هەرە دیارەکانی کاک شێرکۆ ڕاستبێژی و قسە لەڕوویی بوو بەرامبەر بە هەر تاکێک لە هەر پلە و پایەیێک دابا، یارمەتیدەر و پشتیوانێکی باشی هەموو لایەک بوو، کاتێک وەک بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان ژیانی هاوسەری پێکهێنا، بنەماڵەکەی فێری وانەی خۆشەویستی کرد و دەرگای ماڵەکەی بە ڕووی هەموو پێشمەرگەکان و دایک و باب و کەس و کاری پێشمەرگەکان کە لە نێوخۆ ڕا دەهاتن کراوە بوو، بە حەق لەگەڵ سفرەوخوانی پێشمەرگانەی دا سفرەی دڵی خۆی بۆ گشت لایەک رادەخست و نەیدەهێشت کە میوانەکەی هەست بەوە بکات کە میوانە. میواندۆستی کرد بوو بە بەشێک لە ژیانی پڕ لە ئەزمووونی خۆی و ماڵ و منداڵی.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک شێرکۆ وەک کادرێکی بە ئەزموون لە زۆربەی ئۆرگانەکانی حیزبدا ئەرکی کادری بەڕێوە بردووە و بە دڵەوە خزمەتی بە گەل و نیشتمان کردووە، لە مەئموریەتی جۆراوجۆردا بە سەرکەوتوویی گەراوەتەوە و لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکان لووتکەی هەڵگوردی کردبوو بە سەنگەری مانەوەی خۆی.

کاک شێرکۆ لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانیش دا خەمخۆری بۆ حیزب و گەل کردبوو بە وێردی سەر زمانی و بە دڵەوە هەوڵی بۆ چاکسازی و بردنە پێشی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدا و شەو و ڕۆژی وەسەریەک دەخستنەوە بۆ هەرچی باشتر نیشاندانی سیاسەتەکانی حیزب.

زۆر بەداخەوە کاک شێرکۆ لە هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر پلێنۆمی نۆهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی دا بەرامبەر بە ڕێکەوتی ٨ - ٩ - ٢٠١٨ ی زائینی لەگەڵ ١٥ پێشمەرگەی بە هەیبەت و بە بیروباوەر کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، لە سەنگەری پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی دا و لە قەلای بە هەیبەت و خۆڕاگری دێموکراتدا شەهید بوو و ڕێگای خەباتی بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت.

خەمی لە دەستدانی کاک شێرکۆ و ئەو پۆلە شەهیدە پایەبەرزەی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەمێکی هێند بە ژان و گەورە بوو کە خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات و لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوە خۆپێشاندان و مانگرتنیان وەرێ خست. خەڵکی کوردستان و ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حدک و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان جینایەتی کۆماری ئیسلامیان لە ئاست ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی وڵاتەکانی دەرەوە و نێوخۆی کوردستان لە قاو دا و بێزاری خۆیان لەو جینایەتە سامناکە دەربڕی.

شەهید بوونی کاک شێرکۆ و هاوڕێیانی هەموومانی هاندا کە نەهێڵێن جێگای بەتاڵی ئەوان و چەکی بە جێماوی ئەو شەهیدانە بکەوێتە سەر عەرز. بەڵێنمان نوێکردەوە بە ڕێگا و ڕێبازی ئەواندا بڕۆین و ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان هەروا بە شێلگیریەوە درێژە بدەین.

لە کۆتایی دا لە کەم و کوڕی ئەو نووسراوەیە و کرچ و کاڵی ئەم دێرانە، لە گشت لایەک و بە تایبەت ئەندامانی بنەماڵەکەی داوای لێبوردن دەکەم ، هیوادارم کە ڕووحی شەهید شێرکۆ و هاوڕێیانی شەهیدی و هەموو شەهیدانی گەل شاد بێ، هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان بە ئاوات دەخوازم.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێداوە ئەو نووسینە چەند دێرێکە لە ژیانی پڕ سەروەری کاک شیرکۆ ڕەسووڵزادە و قەترەیەکە لە دەریای پان و بەرین و بێ سنووری ئەو شەهیدە نەمرەی گەلەکەمان.

**سڵاو لە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**سڵاو لە شەهیدانی ١٧ ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان**

**مەرگ و نەمان بۆ کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی ئێران.**

**١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨**

## کۆچی دوایی خاتوو مریەم قازی، ژنە ئەدیب و چیرۆکنووسی کورد

خاتوو مریەم قازی چالاکی بواری مافەکانی ژنان و خەباتی یەکسانیخوازی و ژنە چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و ئەدیبی کورد، رۆژی دووشەممە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشییەوە ماڵاوایی لە خزم و کەس و کار و بنەماڵەی گەورەی قازی و ئەدەب دۆستان و گەلدۆستانی کرد.

خاتوو مریەم یەکێک لەو ژنە تێکۆشەرانەی گەلەکەمان بوو کە لە بواری فەرهەنگ و ئەدەب و چالاکی فەرهەنگی دا لە ژنە دیار و بەرچاوەکانی گەلەکەمان بوو و لە ئەنجوومەنی ئەدەبی شاری مەهاباد دا جێگەی تایبەت بە خۆی هەبوو.

لە ماوەی ژیانی کورتی دا چەندین بەرهەمی ئەدەبی و هەروەها چەندین چیرۆک و نووسراوەی وەک یادگاری بۆ کتێبخانەی کوردی بەجێهێشتوون.

-------

بۆ بەرێزان بنەماڵەی کاک مستەفا قازی

بە بۆنەی کۆچی ژنە ئەدیبی کورد و ژنە تێکۆشەری کورد ، خاتوو مریەم قازی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی کاک مستەفا قازی و خوشک و براکانی و هەروەها تێکرای بنەماڵەی گەورەی قازی و هەموو ئەدیب دۆستان و قەڵەم بەدەستانی کورد و خزم و ئاشنیانی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو خاتوونە گەورەیەی گەلەکەمان دەزانم.

رووحی خاتوو مریەم شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

هیوادارم کە نموونەی خاتوونی لە چەشنی مریەم قازی لە نێو گەلەکەمان دا هەر لە زیادبوون دابن.

ئێوە تەمەن درێژ بن.

٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## بابەتی ساڵی ..................... ٢٠١٩

## حاجی دەروێش برایمی نێزەرەۆیەی سەردەشت باشتر بناسین

گەشتێک بە ناو ژیانی مرۆڤێکی لە چەشنی باران حاجی دەروێش برایمی نێزەرەۆیە لە سەردەشت

پیران ... ئەزموونی ژیانن پیران ... رۆمانێکی نەنوسراون پیران ...کتێبخانەیەکی سەر لێواری مەرگ و ژیانن ئەگەر ئەمرۆ نەچینە ناو ژووری دڵیان و لاپەرەکانی تەمەنیان هەڵنەدەینەوە و بزە و خەندەکانیان نەنوسینەوە ... سبەی درەنگ دەبێ

زیاتر لە یەک سەدە بە سەربەرزی ژیان دەگەڵ زکری کوردانەی حاجی دەروێش برایمی نێزەرۆیە

لەم کورتە نوسینەدا ئاورێکی کورت لە ژیانی مرۆڤێکی لە چەشنی پۆڵای نەچەماوە دەدەینەوە کە ساڵانێکی دوور و درێژ وێرای سەر دانەنواندن بۆ ئاغا و دەرەبەگ و زۆردارانی سەردەم زۆر بوێرانە و خەمخۆرانە و خۆبەخشانە خزمەتی کۆمەڵگا و ژینگەی کوردستان و خەڵکی ناوچەی سەردەشتی کردووە و هەنوکەش بە ئاواتی دیتنی ئازادی و سەربەستی وەڵاتەکەی و گەرانەوەی عاشقانی گەل و نیشتیمان درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

کاک برایمی خالیدنژاد ناسراو بە حاجی دەروێش برایمی نێزەرۆیە لە ساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی لە گوندی کانیەرەش لە ناوچەی مەهاباد لە دایک بووە ، وەک زۆربەی منداڵەکانی ئەو سەردەم فرچکی بە کار گرتووە و وێرای ئەندامانی بنەماڵەکەی خەریکی راپەراندنی کارەکانی گوند و وەرزێری و مەرداری بووە ، هەر لە گوندی کانیەرەش ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و تا دەوروبەری پەنجا ساڵی هەر لەو گوندە ژیانی بردۆتە سەر ، شایانی باسە کە بە هۆی باوەڕمەندی زۆری بە خوا و دینی ئیسلام هەر لە تەمەنی زۆر گەنجیەوە دەبێتە موریدی شێخەکانی زەمبیل و دەبێتە تۆبەکاری تەریقەتی نەقشبەندی ، هەر بۆیەش دواتر لە لایەن خزم و دۆست و ناسیاوان و خەڵکەوە ناز ناوی دەروێش برایمی بە باڵا دەبرێ ، کاک دەروێش برایم لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی بە هۆی ئەوەی ملی بۆ ویست و داخوازیە ژەنگاویەکانی ئاغا و دەرەبەگەکانی

ئەو سەردەم دانەنواندوە بە ناچاری زێدی لە دایکبوونی خۆی گوندی کانیەرەش بەجێ دێڵێ و وێرای بنەماڵەکەی بەرەو شاری سەردەشت بار دەکەن و لە دەوروبەری شاری سەردەشت لە نیزیک سەرچاوەی نێزەرۆیە بە دەستەکانی خۆی ماڵێکی خنجیلانە دروست دەکا و خەریکی کار و ژیان دەبێ و لە ڕێگای باخداری و وەرزێری و بەننایەتی و وردە کاسبی جۆراو جۆرەوە بژێوی ژیانی بۆ بنەماڵەکەی دەستەبەر کردووە.

حاجی دەروێش برایمی نێزەرۆیە مرۆڤێکی ئیماندار، ڕاستگۆ، پاک و خواناس، مرۆڤێکی پڕاوپڕ لە هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری و جێ مەتمانە و باوەری خەڵک، مرۆڤێک لە چەشنی دار بەڕوە سەرسەخت و ڕیشەداکوتراوەکانی کوردستانە، کە هەموو کات و ساتێک تڕپەی دڵی بۆ خزمەت بە نیشتیمانی لێیداوە و بەردەوام بۆ کاری خێرخوازی و شەرافەتمەندانە پێشەنگ و پێشڕەوی هەموو لایەک بووە.

حاجی دەروێش برایمی نێزەرۆیە لە دەوروبەری تەمەنی ٤٠ ساڵیدا دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و سوپای میللی کوردستانی دیتوە و هەر زوو دەبێتە ئۆگری کۆماری کوردستان و بە دڵەوە بۆ سەرکەوتنی لە نێو خەڵک و کۆمەڵگادا بە پێ توانای خۆی کار دەکا و ڕاسپاردە و گوتارەکانی سەرکۆماری کوردستان شەهید پێشەوا قازی و وەزیرەکانی دەگەیێنێتە نێو خەڵک، بە گوتەی خۆی ئەو کات کە لە گوندی زەمبیل خەریکی دەروێشی و خواناسی بووە هاوکات دەبێ لە گەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان و چەند جارێک نامەی حاجی بابەشێخی سەرۆک وەزیرانی بۆ شاری مەهاباد بردووە و هەر خۆی نامەکانی تەحویلی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد داوە کە ئەو کارەش دەبێتە هۆی ئۆگری زیاتر و باوەری پتەوتر بە کۆماری کوردستان و شۆڕەسوارانی دێموکرات.

بە هۆی ئەوەی کە ماڵی حاجی دەروێش برایم لە دەرەوەی شاری سەردەشت بووە، کادر و پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی و بە تایبەت شەخسی مەلا ئاوارە ناوە ناوە سەردانیان کردوون، دەروێش برایم زۆر جار نامە و ڕاسپاردەکانی مەلا ئاواری گەیاندۆتە دەستی ئەندامانی حیزب لە نێو شار و دواتریش وەڵامەکانی بۆ شەهید مەلا ئاوارە هێناوەتەوە، کاری دەروێش برایم تەنیا هەر ئەوە نەبووە بەڵکو لە ڕێگای دۆست و ناسیاوانیەوە لە شاری سەردەشت زانیاری زۆر بە کەڵک و هەر وەها داو و دەرمان و خواردن و زۆر پێداویستی دیکەشی بۆ جووڵانەوەکە دابین کردووە.

حاجی دەروێش برایم وێرای خزمەتی دیار و بەرچاوی بە شۆڕشگێران و نیشتیمانپەروەرانی کورد، هاوکات دەرگای ماڵەکەشی بە رووی هەموو ڕێبوارانـدا کراوە بووە کە بە تەنیشت ماڵەکەیدا تێپەڕ دەبوون، سفرە و خوانی بۆ هەموو کەس کراوە و ئاوەڵە بووە و کەسێکی زۆر بە خوڵق و خۆش مەشرەف و میوان دۆست بووە، دەروێش برایم هەموو ژیانی خۆی تەرخانی

خزمەت کردن بە کۆمەڵگا و کاری خێرخوازانە و خۆبەخشانە کردووە. لەو پێوەندیەدا دەتوانین ئاماژە بە بەشێک لە کارە خێرخواز و خۆبەخشانەی مام دەروێش لە ماوەی ژیانیدا بکەین.

دەروێش برایم وێڕای ئەوەی کە هەموو تەمەنی بە ئیمانداری و خواناسیەوە بردۆتە سەر و هاوکات بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگا بە زیادەوە مایەی لە ژیانی خۆی و منداڵەکانی و هاوسەری ژیانی داناوە، لە کاری هەرەوەزیدا هەر دەم پێشەنگ و خاوەن بەرنامە بووە، ماڵەکەی هەمیشە جێگای حەوانەوەی ئەو کەسانە بووە کە لێیان قەوماوە و بێ سەرپەنا و بێ ماڵ و حاڵ بوون، لە وەرزی زستان و سەرما و سەهۆڵدا لە نیوەشەواندا پێش ئەوەی خەڵک لە خەو هەستن ڕێگای کانی و مەدرەسە و مزگەوت و شوێنە گشتیەکانی بە پێ توانای خۆی بە بێڵ و وەروەرە خاوێن دەکردەوە، لە وەرزە جیا جیاکانی دیکەشدا بە بەردەوامی خەریکی دروست کردنی ڕێگا، پرد، کانیاو، ئەستێرەئاو و جۆگەئاو، نەمام چاندن، پەرژین خاوێنکردنەوە، دارهەڵپەرداوتن ، قەبرهەڵکەندن و مزگەوت دروستکردن بووە، ئاخرین کاری خێرخوازی دەروێش برایم کە لە تەمەنی سەروی سەد ساڵیەوە ئەنجامی داوە وەلابردنی خاک و گڵی مزگەوتی سووری سەردەشت بووە کە بە سەنگ فەرش داپۆشرابوو بۆ ماوەی ٣ی ساڵ درێژەی کێشاوە.

لە باری ژینگە پاریزی و خۆشەویستی بە سروشتی کوردستانەوە دەبێ بڵێین کە دەروێش برایم یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بووە کە بۆ پاراستنی سروشت و جوانی کوردستان بە پێ توانای خۆی هەموو جۆرە هەوڵێکی خۆی داوە، لە وەرزی پاییزاندا تا ئەو جێیەی بۆی لواوە دار و دەوەنەکانی هەڵپەرداوتوون و لە بەهارانیشدا کاری نەمام چاندنی بەرێوە بردووە، لە کاتی کەم ئاویدا کانیاوەکانی خاوێن کردوونەوە و ئەستێرە ئاوی دروست کردوون، لە کاتی پێویستدا تیماری حەیوان و باڵندەکانی ناو سروشتی کردووە و لە وەرزی زستان و سارد و سەرمادا زۆر جار شوێنی حەوانەوەی بۆ حەیوان و باڵندە بێ ئەنواکان دروست کردووە، بە مانای وشە دەبێ بڵێین کە حاجی دەروێش برایم ژینگە پارێز و خۆبەخشێکی ڕاستەقینە بووە.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٩

# بۆ کارو چالاکییەکانی هاوڕێ ڕەحمان نەقشی

## گەڕان بە دوای ئازادی دا

### پێشەکی

زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە بە دوای ئازادی دا وێڵ و بە دوای ئازادی دا دەگەڕێن و خولیای بە ئازادی ژیانن. لە نێو ئازادیخوازان دا بە گشتی مرۆڤی هەمەڕەنگ و هەمەجۆر دەبیندرێن، بەشێکیان سەوداسەری تا سەر وەدیهاتنی هەموو جۆرە ئازادی‌یەکانن و بەشێکیان بە دوای ئازادی‌یە ستانداردەکانی جیهانی دا دەگەڕێن و بەشێکیان خەم لە نیشتمان و نەتەوە و خاک و گەل دەخۆن و لەو پێناوەدا هەموو جۆرە مەترسی‌یەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانیان بە دڵ قەبووڵ دەکەن.

کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە خەباتێکی سەخت و خوێناوی لە نێوان داگیرکەرانی کوردستان "ڕژێمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی" و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارا دایە. لە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە پێشەوایەتی، شەهید قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان سەر فەسڵێکی دیکەی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دەستی پێکرد کە هەنووکەش ئەم خەبات و تێکۆشانە بە شێوەی جۆراوجۆر و هەمەلایەنە هەروا بەردەوامە.

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیە کە لە شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕژێمی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا گەنجانی وڵات وێرای توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان و ئێران بەگژ دامو دەزگای سەرکوتکەری ساواک و ژاندارمەری و ئەرتەش و هێزەکانی دیکەی شای ئێران دا چوونەوە و لە ماوەیەکی چەند مانگی دا تەخت و بەختی شای ئێرانیان ئاوژوو کردەوە و بۆ ماوەیەک ئازادی باڵی بە سەر وڵات دا کێشا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، کوردستانیش ئازادی بەخۆیە دیت، لە سەریەک کوردستان وەک پێگەیەکی پتەوی ئەم شۆڕشە سەیری دەکرا و لە یەکەم دەرفەت دا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی ڕیشە داکوتراو لە نێو خەڵکدا، بنکە و بارەگای ڕێبەری و هێز و کۆمیتە شارستانەکانی بە پانتای کوردستان کردنەوە. لەم ئازادی‌یە کاتی‌یەدا پۆل پۆل

خەڵک ناوی خۆیان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا دەنووسی و دەبوونە ئەندام و پێشمەرگەی دێموکرات، شاری سەردەشتیش وەکوو شارەکانی دیکە هێز و کۆمیتە شارستانی تایبەت بە خۆی هەبوو. گەنجەکان لەگەڵ یەکێەتیی لاوان و حیزب تێکەڵ ببوون و لە نێو ئەو گەنجانەش کەسانی ناسراو دەبیندران و ئەوەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی کە گەنجەکانی دیکەش ببنە پێشمەرگە. گەنجەکان و توێژەکانی دیکە بە دوای حیزبی دڵخوازی خۆیان دا دەگەڕان، زۆربەی خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری بیروباوەر و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە لا پەسەند بوو، لە ماوەیەکی کەم دا بە سەدان و بگرە بە هەزارن کەس بوونە ئەندام و بە سەدان کەسیش بوونە پێشمەرگە.

لە نێو ئەو سەدان پێشمەرگەیەدا پۆلێک گەنج دەبیندران کە پێشەنگ و پێشڕەوی دیاری ڕێکخراوی لاوان و دەستە و پەلەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. کاک ئەحمەد نەقشی و کاک ڕەحمان نەقشی و براکانی دیکەی وەک دڵسۆز بە گەل و نیشتمان دەبیندران، ئەو دوو برایە ساڵانێکی زۆر وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات خزمەتیان بەگەل و نیشتمان کرد و ئێستاش هەروا بە گەرمی و بە دڵسۆزی‌یەوە ئەندامی چالاک و هەڵسووری ئەو حیزبەن.

لە هەڕەتی منداڵی‌یەوە بە هۆی ئەوە لە گەڕەکێک دەژییان و دووکانەکەشیان تەنیا چەند میترێک لە ماڵی ئێمە و لە دووکانەکانی ماڵی ئێمە دوور بوون یەکترمان دەناسی، بە بنەماڵە ئاسنگەر و ناڵبەند بوون و کوڕەکانیان لە دوای خوێندن و تەواو بوونی قوتابخانە ڕوویان لە دووکانی کاکیان دەکرد و دەبوونە هاوکار و یارمەتیدەری کارە قورسەکانی ئاسنگەری.

پێش ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی گەنجەکان بە یاری خلیسکەی سەر بەفر "ئێسکی بازی" تۆپی‌پێ و یاری‌یەکانی دیکەوە خەریک بوون، کاک ڕەحمان نەقشی وەک فوتباڵیستێکی بە توانا یاری تۆپی‌پێی دەکرد و لەو بوارە ڕۆڵی باشی لە یاری‌یەکان دا دەگێڕا و بە هۆی هاوڕێ بوون لە گەڵ خوالێخۆشبوو کاک ناسر کەریمی "برام" لە نزیکەوە کاک "ڕەحمان نەقشی"م دەناسی و زۆرجار بە هۆی ئەوە کە هاوڕێی نزیکی کاکم بوو لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی و کارەکانی ئاگادار بووم، هەر بۆیە ئەو حەقە بە خۆم دەدەم کە بڵێم هەر لە تەمەنی گەنجیەتی‌یەوە کاک ڕەحمان وەک برا گەورەیەک دەناسم و لە سەر ژیانی تاکە کەسی خۆم کاریگەری باشی هەبووە، کاک ڕەحمان قۆناخەکانی خوێندن تا وەرگرتنی دیپلۆم دەبڕێ و دواتر دەبێتە کارمەندی ئیدارەی بەخشداری سەردەشت و بۆ ماوەیەک لەم ئیدارەیەدا کاری کارمەندی خۆی بەڕێوەدەبا.

ڕەوتی شۆڕش زۆر خێرا دەچۆ پێش و لەگەڵ فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان گەنجەکان ڕوو لە پێشمەرگایەتی دەکەن بۆ ئەوەی بەرگری لە خاک و گەل و نیشتمان بکەن. کاک ڕەحمانیش وێڕای سەدان کەسی دیکە چەکی پێشمەرگایەتی بە شان دادەکا و دەبێتە پێشمەرگە و ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی لە ناوچە دەست پێدەکا و دواتریش وەک مامۆستای

قوتابخـانە لە ئـاوایی و شـوێنەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە دا ئەرکـی پیـرۆزی مامۆسـتایەتی لە بەرگـی پێشـمەرگەدا بەڕێوەدەبا و بە سەدان کەس فێری خوێندن و نووسین دەکا، کـاک ڕەحمـان زۆربەی گوند و ئـاوایی و شـاخ و پێدەشتەکانی شوێنی پێشمەرگایەتی خۆی گەڕاوە و لەگەڵ سەرکەوتن و پاشەکشەکانی حیـزب هەر لە گەڵ کۆمیتە شارستانی سەردەشت و لە تەنیشت دەفتەری سیاسـی حیـزب بـووە. بە هـۆی ئەوە کە شـۆڕش و ڕاپەڕینـی گەلانـی ئێـران، مەجـالی ئەوەی بە کـاک ڕەحمان نەدا کە بتوانێ خوێندنی باڵا تەواو بکا، حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان پۆلێک گەنج و پێشمەرگەی نێـو ڕیزەکـانی حیزبی بۆ خوێندن و فێربوونی زمان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کردن کە یەکێک لەوان کاک ڕەحمان نەقشی بوو.

کاک ڕەحمان وێرای خوێندن و فێربوونی زمـان هاوکـاتیش بـۆ مـاوەی سـاڵ و نیوێک لە دەفتەری پـاریس خەریکـی نووسین و تایپ کردنی نووسراوەکانی حیـزب دەبـێ و لەوێش زۆر بە دڵسـۆزییەوە کارەکـانی بەڕیـوە دەبـا. پـاش سـاڵانێک مـانەوە لە ئوروپا لە بەهاری ١٣٦٥ی هەتـاویدا کاک ڕەحمان بۆ سەردان دەگەڕێتەوە کوردستان و لە دۆڵی جافـایەتی و لە گەورەدێ لە دەفتەری سیاسـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان چـاوم بە کـاک ڕەحمـان نەقشـی کەوتەوە. ئەو بـۆ سـەردان گەڕابـۆوە بـۆ لای هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و لەگەڵ هەر دیدارێکی بزە و خەندەی لە ڕووخساری دەبـاری. زۆر دڵخۆش بـووم کە دوای سـاڵانێک دووری جارێکی دیکە چاوم بە کاک ڕەحمان کەوتبۆوە.

خەبـات بە گشـتی هەر دەهـات و سـەخت و دژوارتـر دەبـوو، هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـنکە و بارەگاکانیـان هـاتبوونە کوێسـتانە سـنووریەکانی نێـوان باشـوور و ڕۆژهەڵات و زۆربەی هێزەکـان لە سـنووری شـارەکانی خۆیـان بـنکە و بارەگایـان هەبوو، لە خواروی کوردستان لە دەوروبەری هانیگەرمەڵە و بەمۆ و سوورکێوی بـانە و چۆمـان و کـوڕاداوێ و دۆڵـی سەفرە و زەروون و گەڵاڵە و گەورەدێ تـا دەگەیشـتە بنـاری مامەنـدە لە پشت قەڵادزێ " هێـرۆ، بـاوزێ، دەشـتێو، شیوەڕەز سونێ، گەڵـوەڕەز، کونەمـارێ، گۆڕێکچـان و مـارەدوێ" و لەوێ ڕا بـۆ بنـاری قەنـدیل "سینەمۆکە، ئاشقوڵکە، ئەسـتێرۆکان، بـۆڵی، قەنـدیل، سلێ، ئێنـدزێ، لیـوژێ و بـۆ کریسکان" و هەروەهـا مـامە خەتیب و حەسـەنە بەشە و کوێسـتانەکانی هەڵگورد و خواکورک و زۆر شوێنی دیکە ببوونە شوێنی خۆپێگەیاندن و حەسانەوەی دوای جەولەکـانی پێشمەرگایەتی و وەرزی سـاردی و سەرما، هەر لەم ساڵەدا کاک ڕەحمان لەگەڵ کاک قاسم قـارەمـانی و چەنـد هـاورێیەکی دیکە دەنێـردرێنە سینەمۆکە بـۆ لای زیندەیاد نەمر کاک ئەبووبەکر ڕاد لە مەڵبەندی سپیسەنگ و ئەوەش کاک رەحمان زیاتر دڵخۆش دەکا.

کـاک ڕەحمـان لەگەڵ ئەوەدا لە ئوروپـا دەژیـا کـاری جۆراوجـۆری بەڕێـوە بـردوون، یەکەم کـاری لە بـواری ڕاگەیانـدن دا دەرکردنی گۆڤاری ئاوارە بووە. کاک ڕەحمان لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شەڵماشی لە وڵاتـی هولەنـد یەکەم گۆڤـار کوردی بە نـاوی ئاوارە لە چاپ دەدەن و چەندین ژمارەی خۆبەخشانە لێ چاپ و بڵاو دەکەنەوە و لەوێ را کاک ڕەحمان پێ

دەنێتە قۆناخێکی دیکە لە کاری ڕاگەیاندن.

بۆ یەکەم گۆڤار بە ناوی ئاوارە بووە؟ چوونکە ناوی ئاوارە ناوێکی دیار و خۆشناوی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ناوی شەهید مەلا ئاوارە وێردی سەرزمانی ئازادیخوازان بووە، کاک رەحمانیش ئەو ناوەی هەروا لە گوترە هەڵنەبژاردووە، ئەو لە تاراوگەش هەر لە بیری ئازادی گەلەکەی دابووە، ئەو ژیانی ئاوارەیی و دووره وڵاتی و تاراوگەنشینی لە سەر باوەڕ بە ئازادی نیشتمان قەبووڵ کردبوو و ئێستاش بە دوور لە زێدی لە دایکبوونی خۆی، دڵی هەر بۆ ئازادی نیشتمان لێدەدا.

ئەم چەند دێرەی سەرەو بۆ ناساندنی بەشێک لە ژیانی کاک رەحمان نەقشی بوو، چوونکە ناکرێ ئاوڕ لە کاری مرۆڤێکی نەسرەوتووی وەک کاک ڕەحمان بدەیەوە بەڵام خوێنەر زانیاری لە سەر ئەو مرۆڤە نەبێ، ئەگەرچی ئەم نووسینەی سەرەوە زۆر پوخت نییە بەڵام هیوادارم کە هەندێک زانیاریم لە سەر ژیانی کاک ڕەحمان باس کرد بێ.

ساڵی ٢٠٠٣ ی زائینی بەرامبەر بە ١٣٨٢ی هەتاوی ماڵپەری "گیارەنگ" م دامەزراند. دوای بڵاو بوونەوەی ئادرەسی گیاڕەنگ و وەشانەکانی و بڵاو کردنەوەی بابەتی هەمەلایەن لە ماڵپەری گیاڕەنگدا، هاوڕێ رەحمان نەقشی لە کەسە دیارەکان بوو کە پەیوەندی پێوە گرتم و وێڕای پیرۆزبایی کردن، هاوکاتیش هانی دام کە کاتی زیاتر بۆ نوێ کردنەوەی ماڵپەری گیاڕەنگ تەرخان بکەم و ئامادەبوونی خۆشی بۆ هاوکاری گیاڕەنگ دەربڕی.

لەو کاتەوە ماڵپەری گیاڕەنگ چەند جار بەرگ و دیزاینی خۆی نوێ کردۆتەوە و هەموو جارێکیش کاک رەحمان تێبینی و پێشنیاری خۆی لە سەر ئەو نوێ کردنەوەیە هەبووە.

ڕەحمان نەقشی بە درووست کردنی هەندێک پۆستێر و رازاندنەوەی بەشێک لە پۆستێرەکان بە پرۆگرامی فتۆشاپ هاوکاری خۆی لەگەڵ ماڵپەری گیاڕەنگ دەست پێکرد. دواتر بە بۆنەی جۆراوجۆر هەندێک نووسینی بۆ گیاڕەنگ دەناردن و لە سەریەک هاوکارێکی باشی ماڵپەری گیاڕەنگ بوو.

لەگەڵ بەرفراوان بوون و گەشەی ڕۆژانەی ڕۆژنامە ئێلکترۆنییەکان و درووست بوونی ماڵپەری جۆراوجۆری کوردی و فارسی و عەرەبی، ئەوجار دونیای نووسین لە لاپەرەی سپی و قەڵەمەوە بوو بە لاپەرەی ئێلکترۆنی و لە جیاتی وەرەق و کاغەز و نووسین بە قەڵەم، تەختەکلیلی کامپیوتێر جێگای نووسینەکانی گرتەوە و ئەوجار بابەت و نووسراوەی ڕامیاری،کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەرزشی و ئەدەبی و هونەری و هەمەڕەنگ لە ماڵپەر و لە ڕۆژنامە ئێلکترونییەکان دا لە

لایەن نووسەرانەوە بڵاو دەبوونەوە.

کاک ڕەحمان بە وردبینی و بە لێزانی خۆی یەکەم کارەکانی خۆی بە کۆکردنەوەی بابەتەکانی شیمیابارانی سەردەشت و زەردە و شەهید مەلا ئاوارە دەست پێکرد و هەموو ئەو نووسینانەی کە لەو پەیوەندییەدا بڵاو ببوونەوە کۆکردبوونەوە و بۆ ماڵپەری گیارەنگی ڕەوانە کردن. ئەو کات کۆکردنەوەی ئەو هەموو بابەتە لە یەک نامیلکەدا زۆر سرنج ڕاکێش بوو، لە ماوەیەکی کەم دا کاک ڕەحمان کەوتە بیری کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە ڕوویان لە مەسەلە نەتەوایەتییەکان و کوردستان و ڕاپەرین بوو. لەو کارەشی دا تا بڵێی سەرکەوتوو بوو، زۆر بوون ئەو نووسەرانەی کە ساڵانێک بوو وتاریان بڵاو دەکردەوە و بابەتی دیکەیان ئامادە دەکرد، زۆرێک لەوان بۆ خۆیان بە دوای وتار و بابەتاکانی خۆیان دا دەگەڕان، بەڵام کاک رەحمان وتارەکانی ئەوانی کۆکردبوونەوە و بۆ هەر کامێک بوخچەیەکی لە سەر کامپیوتێرەکەی درووست کرد بوو و لە ڕۆژە تایبەتییەکان دا نامیلکەیەکی ڕەنگینی بۆ درووست دەکردن و دواتر بڵاوی دەکردەوە.

ڕەحمان نەقشی هەموو ئەو کارانەی کە لە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ کردوونی خۆبەخشانە بوون، کاتی خۆی بۆ دیاری کردوون و بەم جۆرە خزمەتی بەرچاوی بە دەوڵەمەند کردنی ئارشیوی کوردی کردووە.

کارێکی دیاری کاک ڕەحمان ئەوەیە کە بە بێ جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی و بیروبۆچوونی سیاسی نامیلکەی جۆراوجۆری ساز کردوون. ئەوەی لە لای ئەو لە کارەکەی دا گرینگی نەبووە بەستراوەیی ئیشکی ئیدولۆژی حیزبی بووە هەر بۆیە بێ جیاوازی کاری بۆ هەموو لایەک کردووە، ئەو لە سەر کەسایەتی شەهیدە ناودارەکان، کەسایەتییە کۆچکردووەکان، لە سەر کارەساتە جۆراوجۆرەکان، لە سەر بۆنە و یادە مێژوویەکان، لە سەر شاعیر و هونەرمەندە کۆچکردووەکان، بابەت و نووسراوەی کەسە دیارەکان و دەرکردنی ٦٥ ژمارەی گۆڤاری یەکبوون و هەروەها لە سەر کارو چالاکی حیزبەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و درووست کردنی دەیان پۆستێری ڕازاوە لە سەر ڕۆژە مێژوویەکان و هەروەها ڕێز و تەقدیر لە تێکۆشانی ژنان و لاوان و پێشمەرگە و مامۆستا و قوتابی ئامادە کردووە. جیا لەوانە لە ڕۆژەکانی وەک نەورۆز، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ٢٥ی گەلاوێژ، ٢٦ی سەرماوەز، ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی جیهانییەکانی وەک: ڕۆژی ژنان، ڕۆژی منداڵان، ڕۆژی دایک، ڕۆژی باوک، ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی مامۆستایان، ڕۆژی زمانی کوردی، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە و دەیان ڕۆژی دیکە جیا لە پۆستێر زۆرجار نامیلکەی تایبەتی بۆ ساز کردوون.

کۆی ئەم بڵاوکراونە: ١٦٠ نامیلکە، ٢٣ وتوویژ، ١٢٠ کۆبەندی کارو چالاکی حدک، ٦٥ گۆڤاری یەکبوون کە لە سەریەک ٣٦٨ نامیلکە و بەرهەمی تاکوو ئێرە ئامادە کردوون.

ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بە تەنیا کاک ڕەحمان بە کامپوتێرێکی شەخسی و بە بێ هیچ مووچە و هیچ داهاتێکی تایبەتی و تەنیا خۆبەخشانە بە ئەوینی ئازادی نیشتمان کردوونی، ئەوانەی شارەزای کاری تایپ و کاری مونتاژ و درووستکردنی کتێب و نامیلکەن دەزانن کە پرۆگرامی ئەو جۆرە کارانە جیا لە گرانی و دابین کردنی بەردەوامیش بەرۆژ و نوێ دەکرێنەوە، هاوکات کامپیوتێری کاری مونتاژ و کاری نووسین و کاری گرافیکی لەگەڵ کامپیوتێری ئاسایی جیاوازیان هەیە، بەڵام کاک رەحمان بە بێ گوێدان بە بێ ئەوەی ڕوو لە هیچ ئۆرگان و دامەزراوەیەک بکا ئەوە لە سەر گیرفانی خۆی و بە خەرجی خۆی بەشێک لە کەرەسە و پرۆگرامەکانی دابین کردوون.

بە دڵنیایەوە ئەو کارە قورس و تاقەت پرووکێنە، بە ئۆرگانێکی دەوڵەمەند بە هەموو کەرەسەکانی پێشکەوتووی ئێلکترۆنی و هەروەها بە چەندین کەسەوە بە زەحمەت بەرێوە دەچێ، کەم نەبوون ئەو ماڵپەڕ و گۆڤار و رۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆیانەی کە بودجەی زۆریان لە لایەن ئۆرگان و رێکخراو و تەنانەت حکوومەتیشەوە بۆ تەرخان کرا بوو، بەڵام نەیان توانیوە درێژە بە کارەکەیان بدەن، بەڵام کاک رەحمان بە ئیرادە و هیممەتی خۆی و بە شەو و شەونخوونی توانیویەتی لە ئاست ئەو کارەدا ڕووسوور و سەرکەوتوو بێتە دەر و بە تەنیا لەگەڵ هەموویان جیاواز بێ.

کاک ڕەحمان زۆربەی هەرە زۆری نامیلکەکانی بۆ ماڵپەری گیارەنگ ناردووە، لە ماڵپەری گیارەنگ دا بۆ وەڵامی زەحمەتەکانی لاپەرەی تایبەت بە کۆکراوە و نامیلکەکانی ئامادەکراوە.
ئەوەی جێگای لێوەردبوونەوەیە زۆر بە کەمی دیتراوە کە نامیلکەکان هەڵەیان تێدا بێ و یا لە شوێنێک کەم و کوڕی بابەت و نووسراوەکان تووشی کێشەی فەننی بوون، ئەوەش وردبینی و وریایی کاک ڕەحمان دەردەخا. پێداچوونەوەی بەردەوامی بابەتەکان هەم کاتی زۆری دەوێ و هەمیش زۆرجار کاک ڕەحمان هەڵە و پەڵەی نووسەرانیشی ڕاست کردۆتەوە، زۆرجار هەڵەی تایپ کردن و هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی هەندێک کەسی دەست نیشان کردووە و خاوەن بابەتی لێ ئاگادار کردۆتەوە کە ڕاستیان بکاتەوە.

خەمخۆری کاک ڕەحمان بەوە نەوەستاوە، زۆرجار بۆ رازاندنەوەی نامیلکەیەک بە دوای وێنەی گونجاو دا گەڕاوە و لەو بەشەش دا بە حەق توانیویەتی بە دانانی وێنەیەک سرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەکە ڕابکێشێ. جیا لەوانە کادربەندی لە نووسینەکان و دانانی سەرپەڕ و ژێرپەڕە و دانانی ژمارەی لاپەرە و هەندێک جاریش ڕازاندنەوەی تایبەت بە هەمان ڕۆژ بیرتیژی گەڕەکە و لەو پەیوەندیەشدا کاک ڕەحمان زۆر سەرکەوتوو بووە.

کاک ڕەحمان بە بێ ئەوەی خولی تایبەتی مێدیاکاری دیت بێ، وەک کەسی شارەزا لەو بوارەدا کار دەکا، وتووێژ و

چاوپێکەوتن دەکا و بیروڕای کەسەکان وەک خۆیان بە بێ دەستکاری بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر ڕووی لە کەسێک کرد بێ بۆ پەیدا کردنی وێنەیەک، یا وەرگرتنی زانیاری لە سەر مەسەلەیەک، یا پێشنیاری وتوویژ و چاوپێکەوتنی پێ کرد بێ، لە ئەگەری وەڵامی نای کەسەکە دا دڵگران نەبووە و بەڵکوو ماوەی پێداوە کە هاوکاری بکات و خۆ ئەگەریش هەر وەڵامی نەدابێتەوە ئەوە ڕووی لێ وەرنەگێراوە.

کەم و کوڕیەکان، نەبوونی پڕۆگرامی تایبەت، لەبەر دەست دانەبوونی هێندێک زانیاری و یا هاوکاری نەکردنی لایەنەکان و ڕێکخراوەکان و وەڵام نەدانەوەکان کاک ڕەحمانیان دڵسارد نەکردۆتەوە، بەڵکوو هەوڵی داوە کە نیشان بدات کە بە بێ ئەوانەش ئەگەر بە کەموکوڕیش بێ دەتوانێ کارەکەی درێژە بدات و ئەوەش ڕەمزی سەرکەوتنی کارە دیارەکانی کاک ڕەحمانە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هاوکاری خۆم و گیارەنگ و کاک ڕەحمان، دەبێ بڵێم ئێمە هاوکاری جیانەبووەی یەکترین و وەک گیارەنگ و وەک خۆم شانازی بە هاوکاریەکانی کاک ڕەحمان و کارەکانیەوە دەکەم.

پێشنیاری من ئەوەیە کە ڕێچکەی ئەم کارە بکەی بە کارێکی گرووهی و تەنانەت ئەگەر بکرێ ئیجازە و مۆڵەتی یاسایی و ئیداری لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یا شوێنی پەیوەندیدار بۆ وەر بگرێ.
پێشنیار دەکەم، هەموو نامیلکەکان پرینت بکرێن و سەحافی و بەرگدار بکرێن، بێشک دارشتنی بەرنامەیەکی ئەوتۆ پێویستی بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی دەبێ کە ئەوەش دەکرێ دیسان لە ڕێگای سەپت کردنی لە ئۆرگانێک دا دابین بکرێ و لەو پەیوەندیەدا هاوکاری جەنابیشت دەکەم.

بۆ هەرچی زیاتر ناساندنی کارەکانت پێشنیار دەکەم ماڵپەرێک و یا لاپەرەیەک درووست بکەی کە هەموو کۆکراوە و نامیلکە و بەرهەمەکانت لەودا دابندرێن و کارەکانی داهاتووت ئاسانتر بکات و لەو پەیوەندیەش دا هاوکارت دەبم.

بە گشتی کارەکان و زەحمەتەکانت جێگای ڕیز و پێزانین و قەدردانیە و هیوادارم کە نموونەی وەکی جەنابت هەر لە زیاد بوون دابن و کارەکانیشت لە ڕێگای دابین کردنی ئامێری باشترەوە ئاسانتر ببن، شانازی بە هاوکاریت دەکەین و بە ناوی گیارەنگ و بە ناوی خۆمەوە پڕ بە دڵ سوپاسی زەحمەتەکانت دەکەم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٩

## پیرۆزبایی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس

بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی جیهانی ژن جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ژنانی جیهان و بە تایبەت ژنانی تێکۆشەر و بە ئەمەگی کوردستان و ژنە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەین و هیواداریین کە ژنانی کورد وەک بەشی هەرە زۆری ژنانی جیهان بە ماف و داوا ڕەواکانی خۆیان بگەن و لە کار و ئەرکی سیاسی و حکوومەتی و حیزبی دا جێ پێی خۆیان زیاتر بکەنەوە.

بە ئاواتی ئەوە کە ژنانی کورد هەردەم لە پێشکەوتن و بەرەو پێشچوون دابن و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا ببێتە هەوێنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ نەوەی داهاتووی گەلەکەمان.

ژنان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی پێشەنگی کاری هەرەوەزی و پێشرەوەی پێگەیاندنی نەوەی نوێن بۆ داهاتووی کۆمەڵگا. هەر بۆیە تا ژنان لە کۆت و بەندی پیاو و لە ژێر چەتری کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دا ئازاد نەبن، کۆمەڵگا ناتوانی پێشکەوتنی جیددی لە هیچ بوارێکدا دەستەبەر بکات.

ژنان ئاوێنەی بالانوێنی کۆمەڵگان لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ دا، هەر بۆیە ژنان دەبێ بۆ بەگژداچوونەوەی داب و نەریتە ناحەزەکانی کۆمەڵگا، پێش هەموو شتێک خۆیان خوێندەوار بکەن و لە نەخوێندەواری خۆیان ڕزگار بکەن و بەم چەشنە دەتوانن لە گۆڕەپانی خەباتی یەکسانیخوازی دا هەنگاوی جیددی هەڵبگرن، هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ژنی نەخوێندەوار و کەم خوێندەوار ناتوانێ یەکسانیخواز و مامۆستای پێگەیاندنی نەوێ نوێ بێ، بەڵام لە ڕێگای خوێندن و خۆ پێگەیاندنەوە دەتواندرێ کۆمەڵێک لەمپەر لە سەر ڕێگای دوور ودرێژی خەبات هەڵبگرێ و بەم چەشنە ڕێگا بۆ داهاتوو خۆشترو بێ کەندو کۆسپ تر بکا.

ژنانی کورد لە کۆمەڵگای کوردستان دا توانیویانە کە شان بە شانی پیاوان و بەگرە لە زۆر بواریشدا لە پیاوان لە پێشتر بن و بوێرانە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پێشەنگی کارەکان بن. ژنان لە شۆڕش و خەبات کردن بە دژی زوڵم و زۆری حکوومەتە خۆسەپێنەکان بە سەر کوردستاندا وێرای برا پێشمەرگەکانیان لە سەنگەر خەبات و تێکۆشان دا ڕاوەستاون و لە زۆر بواردا خزمەتی زیاتریان بە شۆڕش و بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد کردووە و سینگیان قەڵغانی

گوللەی داگیرکەران کردووە.

ژنـان هەر وەک پیـاوان لە کـاری مـوچە و مەزرا و وەرزێـری و مەڕداری و درووومـان و چنین و کارەکـانی دیکە شـانیان وەبەر قورسایی ژیان داوە، کەم نین ئەو ژنانەی کە پلە جۆراجۆرەکـانی خوێنـدنیان بڕیـوە و لە ئیدارە جۆراوجۆرەکـانی حکوومەتی دا وەک مامۆستای قوتابخـانە، بەڕێوەبەری قوتابخـانە، بەڕێوەبەری قوتابخانە، کـاری پزیشکی لە هەمـوو بوارەکانـدا، کـاری مێـدیایی و نووسین و وەرگێڕان و ئەدەبیات، کاری دەفتەرداری و تەنانەت فرۆشیاری و زۆریتریش کار دەکەن.

کۆمەڵگا کاتێک یەکسان دەبێ کە کـاری وەک یەک و مووچەی وەک یەک و دەسـەڵاتی وەک یەک لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا بێ جیاوازی بەڕیوە بچێ. بەداخەوە تـاکوو ئێسـتاش لە وڵاتـانی ئـازاد و جۆراوجـۆری جیهـانیش دا ئەو یەکسـانیـیە دابین نەبووە و لە باشـترین حـاڵەت دا ئەگەر کـاری وەک یەکیـان هەبـێ، ئەوە مووچەی وەک یەکیـان نییە و ئەوەش نیشـانەی بە کەم گرتنی کار و ئەرکە پێسپێردراوەکانە بە ژنان.

ژنــان بـۆ بەگـژ داچـوونەوەی هەر جـۆرە چەوسـانەوەیەک پێویسـتە کە بـاوەڕیـان بەخۆیـان بـێ و بـوێرانە بەگـژ هەر جـۆرە چەوسانەوەیەک دا بچنەوە و هەوڵ بدەن کە ڕێژەی پیاوانی یەکسـانیخواز لە تەنیشت خۆیـان زیـاتر و زیـاتر بکەن و کـاری ئەسڵی خۆیان تەرخان بکەن بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆری لە هەموو بارێکەوە.

پێویسـتە کە پیـاوانی یەکسـانیخواز بە بێتـرس و بە بـێ گوێـدانە قسـەی بەشـێک لە کۆمەڵگـا هەروا پشـتیوانی سـەرەکی کارەکـانی ژنـان و هاوکـاری ڕاپەرانـدنی کارەکـانی ژنـان هەم لە کۆمەڵگـا و هەم لە نێـو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـی و مەدەنییەکان دا بن و هەوڵ بدەن کە بەگژ ئەو پیاوانەدا بچنەوە کە بە چـاوی سـووک سـەیری ژن و ئەرکەکـانی بەڕێـوەبەری ژن دەکەن.

بە هیوای ئەو کە ژنانی بە گشتی و ژنـانی کورد بە تـایبەتی لە خەبـات بـۆ وەدەستهێنانی مافەکانیـان هەنگاوەکانیـان شل نەبنەوە و بەڵکوو بە یەکگرتوویی و یەکریزی و بە پشوو درێژییەوە خەبات بۆ ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیـان لە کۆمەڵگـا دا بکەن.

پیرۆز بێ هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

٨ی مارچی ٢٠١٩

## گیارەنگ و ١٧ ساڵ خزمەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی

لە ١٧ ساڵەی دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ و ١٢١ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی دا جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە دەستیان لە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی دا هەبووە، قەڵەمەکانیان بۆ ڕاستی و پاکی بەکار هێنا و بوێرانە بەگژ ناراستی و ناپاکی‌یەکان دا چوونەوە، لەو ڕۆژەدا ڕازاوەترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی خوازیارانی نووسین و وەرگێران و هەموو ئەو بەرێزانە دەکەین کە بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەوڵەمەند کردنی لاپەرەکانی گیارەنگ چرکەیان لە لاپەرەی ئینترنێتی گیارەنگ کردووە.

کاری ڕۆژنامەگەری و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە کارێکی گرووهی و کاری کەسانی شارەزایە کە بە پرۆژە کار بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە دەکەن و هەوڵ دەدەن کە لەو پەیوەندی‌یەدا هەموو ئەو کەل‌وپەل و شتانەی کە پێویستن بۆ دەرچوونی ڕۆژنامە دابین بکەن. کاتێک ماڵپەری گیارەنگ دەستی بەکاری خۆی کرد ئەو کەل و پەلانەی کە پێویست بوون تا رادەیەک دابین کران و ئەوجار دەبوو بۆ درێژەدان و ناساندنی ماڵپەرەکە هەوڵ بدەین کە بابەتگەلی خەڵک پەسەندانە لە هەموو بوارەکان دا بڵاو بکەینەوە و نزاکەت و ئەخلاق بکەینە میتۆدی کاری ماڵپەری گیارەنگ، بە ئۆگری‌یەک کە بۆ خوێندنەوە هەم بوو هەوڵم دا لاپەرەکانی بە شێعر و نووسینی شاعیران و بە نووسینەوەی ڕۆژە مێژوویی‌یەکان و ڕووداو و بەسەرهاتەکان لاپەرەکان برازێنمەوە و بە گشتی لە ماوەیەکی کورتدا گیارەنگ توانی ببێتە سەکۆیەک بۆ بە یەک گەیشتنی هەموو ئەو کەسانەی کە بە دوای ویستەکانی خۆیاندا دەگەڕان.

ماڵپەری گیارەنگ بۆ ئەوەی لە دونیای نوێی ڕۆژنامەگەری ئێلکترۆنی دوا نەکەوێ و بۆ ئەوەی خزمەت بە نەتەوەکەمان بکات، لە ئەزموونی کەسە شارەزاکان کەڵکی وەرگرت و لەو پەیوەندی‌یەدا کەم نەبوون ئەوانەی کە بە دڵەوە ئەزموونەکانی خۆیان لەگەڵ بەش کردین ، لە سەریەک بە ساوایی دەستمان بە درووست کردنی گیارەنگ کرد و دوای چەند جار ڕەنگ گۆڕین و دیزاین دارِشتن و تاقیکردنەوەی لە چەند شوێن، گیارەنگ لە ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ٢٠٠٣ دا و بە لەبەر چاوگرتنی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ماڵپەری گیارەنگ وەشانی خۆی راستەوخۆ بە ئۆگرانی ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاند و لە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٣ دا هاوکات لەگەڵ بوردومانە شوومەکەی قەلادزێ کە لە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ی زائینی لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە ڕوویدا بوو، کارەکانی خۆی بە تەواوی بڵاو کردنەوە.

لە ١٢١ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی دا و لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە چەپکە گوڵی وەفا و ڕێز لە بەرۆکی هەموو ئەو کەسانەی دەدەین کە خەمیان لە کاری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری خواردوە و هیوای بەردەوامیان لە کارەکانیان دا بۆ بە ئاوات دەخوازین و سڵاو دەنێرین بۆ ئەو خۆشەویستانەی لەم ڕێگایەدا و تا کۆتایی ژیانیان خەمیان و خزمەتیان تەنیا بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی بووە و بە شەو و شەونخۆنی خۆیان خزمەتیان بە گەل و نیشتمان کردووە.

دیارە هەم ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی کە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیيە و هەم ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی زائینی کە ڕۆژی بۆردوومانی شاری قەڵادزێی باشووری کوردستانە، هەر کامیان بە شێوەیەک مێژووی دیاری گەلەکەمانن و بۆیە گیارەنگ بە وردبینی و تێرامانەوە ئەم ڕۆژەی بۆ وەشانی خۆی دیاری کردووە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی ڕۆژنامەگەری کوردی، وەک نوورێک لە تاریکستانی ئەو سەردەم دا درەوشایەوە، ئەوە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ی قەڵادزێش بۆتە مەشخەڵی هەڵگیرسانی خەبات و شۆرش بۆ ڕزگاری کوردستان لە باشوور و گەرمێنی کوردستان، هەر بۆیە بە چاوی ڕێزەوە دەروانینە ئەم دوو ڕۆژە پڕ لە مێژووەیەی گەلەکەمان.

لەم ڕۆژەدا سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە ڕێگای نووسین و تەلەفوون و ئیمێلەوە، بۆچوون و تێبینی و پێشنیار و ڕەخنەی خۆیان بۆ باشتر کردنی گیارەنگ بۆ ڕەوانە کردووین و لە سەر یەک هاوکارمان بوون بۆ بەردەوام بوونی زیاتری وەشانی ماڵپەڕەکەمان.

سوپاسی گەرمی خۆمان ئاراستەی بەڕێزان کاک ئیبراهیم عەزیزی، کاک فاروق قوبادی و کاک مەریوان نستانی دەکەین کە بەردەوام و بە دڵ فراوانیيەوە هاوکاریان کردووین و کەم و کوڕی و گیروگرفتە تیکنیکیيەکانی ماڵپەری گیارەنگیان بە هیممەتی خۆیان چارەسەر کردووە.

٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## پێناسەی ماڵپەری گیارەنگ

گیارەنگ ناوی کێوێکی جوان و ڕازاوەی ناوچەی سەردەشتی سەرسەوزە، لە قەدپاڵ و بنار و داوێنی ئەو کێوە بەرزە دا دەیان گوند و ئاوایی بچوک و گەورە هەن کە وەک ملوانکەیەک لە دەوری گیارەنگ ئاڵاون. لە مێژە گیارەنگ و گوندو ئاوایی‌یەکانی ئەو ناوچەیە دەست لە ملانی یەکترن و سروشتێکی جوانو رازوەیان پێک هێناوە. لە وەرزی بەهاران دا بە دەیان جۆرە سەوزە و گوڵوگیای رەنگاورەنگ ئەو کێوە بەرزە دەنخشێنن و وەک بووکی ڕازاوە بەرامبەر بە هاواڵی دێرینی خۆی لانک ( کێوێکی نێزیک گیارەنگە ) خۆ دەنوێنێ و پێکەوە سێبەر و فێنکای و جوانی بۆ ناوچەکە پێک دێنن. لە وەرزەکانی دیکەی ساڵیش دا بە دائیم دانیشتوانی گوندەکانی دەوری گیارەنگی پڕ لە گوڵ، بۆ کاری مەڕداری و وەرزێری و ڕەزەوانی لە بست بە بستی خاکی دەوری گیارەنگ کەڵک وەر دەگرن و بەشێک لە بژێوی ساڵانەی خۆیانی لێ دابین دەکەن.

گیارەنگ بە سەدان ڕەوەزە شاخی قائیم و پر لە دار و دەوەنی لە باوەشی خۆی گرتووە. ئەو سروشتە جوان و قائیمەش وایکردوە کە لە هەموو کاتەکانی شۆڕشی رزگاریخوازنەی گەلی کورددا، ئەو شوێنە بکرێت بە مەکۆی خۆراگری و سەنگەری لەشکان نەهاتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ناوی خۆشی گیارەنگ و جوانی و ڕازاوەیی ئەو کێوە بەرزە و ئەمەگداری دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەرحەق بە شۆڕشگێرانی دێمۆکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویی دا هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت بە ناوی گیارەنگەوە بکرێ. ئەگەر تاکوو ئەو کات ناوی گیارەنگ تەنیا وەک کێوێکی بەرز و رازاوە لە لایەن بەشێک لە خەڵکەوە ناوی دەبرا ئەوە ئەو جار گیارەنگ بوو بە ناوێکی رەمزی و ئاشنا بۆ بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەی سەردەشت. ناوی گیارەنگ بوو بە خۆشەویستی گشت لایەک، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان منداڵ دوای لە دایک بوونیان ناوی" گیارەنگ" یان لێنرا. ئێستا ئەوانیش دڵخۆش و رازین و وەک کێوی گیارەنگی سەربەرز، شانازی بە خۆیانو بە ناوەکەیانەوە دەکەن.

بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچەکانی ڕەبەت، بانە، پیرانشار و مەهاباد و بە تایبەت ناوچەی سەردەشت و بگرە دوورتریش شاهیدی چالاکی‌یەکانی هێزی گیارەنگ هەن، کە چۆن زراوی دوژمنیان تۆقاند بوو و دوژمنیان لەو ناوچەیە بە

چۆک داهێنا بوو. ئێستاش دوژمن بە بیستنی ناوی گیارەنگ، زەربە گورچ و برەکانی هێزی گیارەنگ و کەلاکی زۆر و بۆری کوژراوەکانی خۆی وەبیر دێتەوە کە بە دەستی بە توانای پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ دەکەوتە سەر عەرز و هەموو ناوچەی سەردەشت و دەوری گیارەنگیان لێدەکرا بە گۆرستان.

هێزی گیارەنگ لەرزە و چەقۆوچۆیان دەخستە لەشی بۆگەنی بە ناو پارێزەرانی ئیسلام و وێرای هێزەکانی دیکەی پێشمەرگەی کوردستان تەنگیان بە دوژمنی ماڵوێرانکەری جەهل و نەزانی ئاخوندی ئێران هەڵچنی بوو و بەهەشتی کوردستانیان لێکرد بوون بە دۆزەخی ئاگرین. هەر بۆیە گیارەنگ حەقی خۆیەتی لە جاران زیاتر سەر بەرز کات و خۆ چڕوپڕ تر بکات و ئامێزی خۆی بۆ پێشمەرگە شۆڕشگێرەکانی کوردستان و هێزی گیارەنگی سەربەرز ئاواڵە بکا و جارێکی تر دارو دەوەنە چغورەکانی خۆی بۆ رزگاری یەکجارەکی کوردستان بەرزتر بکا.

پێم وایە ئەو چەند دێرە بەس بێت بۆ وڵامی ئەو ئازیزانەی کە سەردانی ماڵپەری گیارەنگ یان کردووە و بۆیان پرسیار بوو کە ماڵپەری گیارەنگ چییە و بۆچی ئەو ناوەی بۆ هەڵبژێردراوە.

جوانی و سەرسەوزی گیارەنگ و زەربە لێدانی هێزی گیارەنگ لە دوژمنی داخ لە دڵی کورد و چەندین هۆی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە ناوی ماڵپەرەکە بکەم بە گیارەنگ و دوای چەند ڕۆژ تاقیکاری ماڵپەرەکەمان لە ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ٢٠٠٣ دا و بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕۆژە (ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی) ماڵپەری گیارەنگ وەشانی خۆی راستەوخۆ بە ئۆگرانی ڕۆژنامەگەری راگەیاند و لە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٣ ی زائینی لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە ڕوویدا بوو، کارەکانی خۆی بە تەواوی بڵاو کردنەوە.

ماڵپەری گیارەنگ بۆ خزمەت بە هاوڵاتیانی کورد و دڵسۆزانی گەلی کوردی بەشخوراو دامەزرا و دەستی بە کار کرد. گیارەنگ هەوڵ دەدا، شان بە شانی ماڵپەرە کوردیەکانی دیکە بۆ لە قاودانی پیلانی دوژمنانی کورد بچێتە پێش و بە پێی ئیمکان لە زۆر بواردا هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆری بڵاو بکاتەوە. هاوکات ماڵپەری گیارەنگ تێدەکۆشێ کە پێنووسە بوێر و چاونەترس و ڕاستگۆکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ئەو پەنجەرەیە بکاتە دەربتجەیەکی کراوە بەرەو خۆر و ڕووناکی و ڕاستبێژی.

لە کۆتایی دا بە پێویستی دەزانین سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە بابەت و نووسراوە و وێنە و ڕاپۆرت بۆ ماڵپەری گیارەنگ ئامادە دەکەن و گیارەنگ بە گەورەیی خۆیان دەرازێننەوە. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەین کە

سەردانی ماڵپەڕی گیارەنگ دەکەن و بیروبۆچوونی خۆیان لە سەر ماڵپەڕی گیارەنگ بە ئیمێل و نووسراوە و فەیسبووک و تەلەفوون دەردەبڕن و بەشێک لە هەڵە و کەموکوڕییەکانمان بۆ دەست نیشان دەکەن و هاوکات زیاتر هانمان دەدەن کە بابەت و نووسراوەی نوێ بخەینە بەردەم خوێنەران و بینەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ. بۆیە گشت لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە وەک بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیارەنگ هەوڵ دەدەین لە خزمەت هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان دابین و ئەوەندەی بۆمان بکرێ و دەست بدات  کاتی زۆرتر بۆ نوێ کردنەوەی تەرخان بکەین.

## تێبینی:

ماڵپەڕی گیارەنگ هاوکات لە گەڵ ڕۆژی کارەساتە دڵتەزێنەکەی بۆردمانی قەڵادزێ دا کە لە ساڵی ١٩٧٤ دا بە دەستی ڕێژیمی ئەفلەقی سەددام حوسێن وێران کرا، دەستی بە کار و وەشانی خۆی کرد. هەر بۆیە هەموو ساڵێک لە ساڵیادی دامەزرانی ماڵپەڕی گیارەنگ دا بەڕێوەبەرانی ماڵپەر ڕێز و خۆشەویستی خۆی بۆ خەڵکی دوو جار شەهیدی قەڵادزێ دەر دەبڕن و یادی ئەم کارەساتەش دەکەنەوە.

٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## مرۆڤێک لە چەشنی دارە بەرزەکانی کوردستان

لە ماوەی چەند ساڵی تاراوگەنشینیم دا بە خزمەت زۆر کەسی گەورە و سەرو ڕووخۆش گەیشتووم و زۆرێک لەو بەرێزانە لە نیشتمانی دایکەوە لە کوردستانی ئازیزەوە سەردانی وڵاتی غوربەتیان کردووە کە لە نزیکەوە بە جگەرگۆشەکانیان شاد ببنەوە و لەو سۆنگەوە منیش بە خزمەتیان گەیشتووم.

ئەمساڵ هاوین دوو خۆشەویست و دوو ئازیز لە کوردستانەوە و لە سەردەشتی سەرسەوزەوە هاتبوون بۆ سوئێد بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکەیان کاک ڕەحمان حەسەنزادە و خاتوو مریەم و نەوەکان و خزمەکانی دیکەیان ببینن.

کاک محەممەد و دایە ئایشێ دوو مرۆڤی دڵپاک و سادە و ساکار و خزمدۆست، دایک و باوکی کاک ڕەحمان حەسەنزادەن، لە مێژ ساڵ بوو بە خزمەتیان نەگەیشتبوون و بە دەرفەتم زانی کە لە نزیکەوە بە خزمەتیان بگەم، کاتێک دوای ساڵانێک دووری چاوم پێیان کەوتەوە، جلوبەرگ و هەڵس و کەوتیان ئەوەندە جوان و ڕێکوپێک بوو کە لە یەکەم دانیشتن دا ئاشقی لێدوان و خاکەڕایی و دڵسۆزیان دەبووی و ئەوەش بۆ من هەم وانەیەک بوو و هەمیش ئەزموونێک کە دەکرێ لێیان فێر ببی.

باسەکانیان زۆرتر خەمخۆری بۆ گەل و نیشتمان و جوانی و سرووشت و ژینگەی کوردستان بوو، باسەکانیان زۆرتر بۆن و بەرامەی باخ و ڕەز و چۆم و کانی و ڕووبارەکانی لێدەهات، باسەکانیان، خەمی هەژاری خەڵک و خەمی پێگەیاندنی نەوەی نوێ بوو. بە دەنگێکی نەزم و گەرم باسیان لە سەردەشتی قەدیم و سەردەشتی ئێستا دەکرد و باسی گەورە پیاو و مەزنە ژنەکان و گەنجەکانی سەردەشت و دەوروبەریان دەکرد و دەیان بیرەوەری جۆراوجۆریان لە ماوەیەکی کورت دا بۆ باس کردین، بە ئاواتەوەم کە بتوانین ئەو بیرەوەرییە جوان و پڕ نێوەرۆکانە بکەی بە هەوێنی ڕۆمانێکی جوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بتوانن وەک ئاوێنەیەک لە ڕابردووی گەلەکەیان و مێژووی ئەو ناوچەیە بڕوانن .کاک محەممەد و دایە ئایشێ بە هاتنتان چاو و دڵمان ڕوون بوونەوە و هیوای تەمەن درێژی و سەرفەرازی و سەربەرزیتان بۆ بە ئاوات دەخوازم و جارێکی دیکە دەستتان ماچ دەکەم و هیوادارم کە لەگەڵ کاک ڕەحمان و خزمان بۆ هەمیشە بە یەک شاد ببنەوە.

ئەم کورتە نووسینەم بۆ ڕێزلێنان بوو لە گەورەیی دوو بنەماڵەی نەمر حاجی ئۆمەر و نەمر کاک عەلی کوێخا حەسەنی

شێوەسەڵ کە هەر دووکیان باپیری کاک ڕەحمان حەسەنزادەن، نموونەیان زۆر بێ و هیوای بەختەوەریان بۆ بە ئاوات دەخوازم و سوپاس بۆ میوانداری کاک ڕەحمان و مریەم خان.

باس کردن لە گەورەیی ئەو دوو بنەماڵە ناسراوەی شاری سەردەشت، شارەزای خۆی دەوێ بۆ ئەوەی لە چەند کتێبی گەورە دا باس لە ژیان و بە سەرهاتی ئەو بنەماڵە زەحمەتکێش و نیشتماندۆست و کوردپەروەرەانە بکەین. بە هیوای ئەو ڕۆژە.

٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---

## کۆچی دواییت هەمووومانی غەمبار کردووە.

ئەمرۆ پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣ - ١٠ - ٢٠١٩ پرۆفسۆر دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دوای تەمەنێک خزمەت لە بوارەکانی وێژە و ئەدەب و زمانی کوردی لە ئامێزی بنەماڵەکەی دا کۆچی دوایی کرد. کۆچی پرۆفسۆر د. عیزەت مستەفا ڕەسووڵ خەباتکار و زمانزان و ئەدیب و نووسەری ناوداری کورد و تێکۆشەری سیاسی و مێژووناس و دامەزرێنەری یەکیەتیی نووسەرانی کورد خەسارێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد و ئەندامانی بنەماڵەکەیان و بۆ هەموو ئەوانەی کە ئاشنا بە ژیان و بەسەرهات و نووسین و بەرهەمەکانی ئەو مەزنە پیاوەن.

ڕووحت شاد گەورە پیاوی وێژە و ئەدەبی کوردی.

هەنگاوەکانت بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیات و ڕێنووسی زمانی کوردی هێندە گەورەن کە هیچ پێنووسێک ناتوانێ وەسفی ئەو هەموو گەورەیی و قورساییە بکات، سەری ڕێز بۆ خزمەتەکان و گەورەییت دادەنوێنم، هیوادارم کە گەلی کورد نموونەی کەسایەتی وەک جەنابت زیاتر لە داوێنی خۆی دا پەروەردە بکات، خزمەت و بەرهەمەکانت یادگارییەکن کە گەلی کورد لە هەموو بوارەکان دا لە کتێبخانە و زانکۆ و قوتابخانەکان دا کەلکیان لێ وەردەگرێ و بە هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەک لە کتێب و نووسراوەکانت، سیمای تۆی ماندوویینەناس لەبەر چاوان دەبێ.

یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم زیندووە.

سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و دۆست و هاورێ و کەس و کاری دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانم.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## بۆچی لە هەر شوێنێک ئیسلام دەوڵەتی هەبوو، ئەو شوێنە نائەمن و نائارامە؟!

پێکهاتەی بنچینەی کەرامەتی مرۆڤایەتی، ئازادی و عەداڵەتە، مرۆڤەکان بە ڕەچاوکردنی ڕێز و حورمەتی دوو لایانە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دا دەبنە هۆی پێکهێنانی سەقامگیری ئاشتی لە کۆمەڵگادا، بەداخەوە بەرێوەبەرانی ئەمڕۆی ئیسلام ڕۆڵێکی تێکدەرانەیان لە سەقامگیری ئاشتەوانی جیهانی لە کۆمەڵگادا هەیە.

بێدەنگی ڕووناکبیران و ئاوڕ نەدانەوە لە بەشێک لە خورافاتی مەترسیدار و هەندێک باوڕی ئیشکی ئیسلامی تەنیا لەبەر ئەوە گیانی خۆیان لە مەترسی نەکەوێ، گەورەترین هەڵەیە لە ئاست ئازادی رادەربڕین و ئاشتی جیهانی دا.

بۆ قەزاوەت و بۆ ئاکام گیری ئەو چەند دێرەی سەرەوە، پێویستە بڕوانینە، جوغرافیای وڵاتانی ئیسلامی کە نوێنەرایەتی فەرهەنگ و ئیدولۆژی ئیسلامی دەکەن و بە چاوخشاندنێک بە دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە شەڕ بە سەر نەتەوەکان دا بە ناوی جیاوازی لەگەڵ دینی ئیسلام، بەردەوام لە ئارا دابووە.

هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست را تا دەگاتە شاخی ئافریقا و بە ڕوانینێک لە سەر حکوومەتە ئیسلامیەکان و ئەحزابی ئیسلامی، وەک: سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیمپراتۆری عوسمانی و حکوومەتی ئەمڕۆیی تورکیە، حیزبوڵڵا، حەشدی شەعبی، ئەخوان و المسلمین، حەماس، جیش العدل، جیش السلام، تاڵەبان، القائدە، دەوڵەتی ئیسلامی داعش، بوکوحرام، احرار الشام، جبهە نەسرە و هتد... هەیە، لەو نێوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو حیزب و ناوەندانە بە ناوی ئیسلام چۆن تیرۆر و تەقاندنەوە و دانانەوەی بۆمبیان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک کردۆتە ئەرکی سەرەکی خۆیان و تەنانەت هاندانی خەڵکی ساویلکە بۆ خۆتەقاندنەوە بە ناوی گەیشتن بە جەننەت و کوشتنی جیابیرانی خۆیان و تەنانەت خەڵکی سیڤیل و مەدەنیان کردۆتە پیشەی ڕۆژانەی خۆیان و بەم شێوەیە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کردۆتە دەریای خوێن و ڕۆژی ڕەش.

لە سەریەک لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە گشتی ٤٩ وڵاتی ئیسلامی هەن کە زۆرترین کێشە و شەڕ و جینایەتی مرۆڤایەتیان لە چەشنی هەوڵدان بۆ پاکتاو و قڕکردنی نەتەوەیەک کە دینی ئیسلامیان پەیرەو نەکردووە، لە نێوبردن و قەڵاچۆکردنی یەزدیەکان لە ژێر ناوی ئەوەی کە ئاییینی ئیسلام ناپەرەستن، توونددوتیژی نامرۆڤانە لە سەر ئەو کەسانەی کە وەک

خۆیـان بیـر نـاکەنەوە، بەڕێـوەبردنی هەنـدێک حـوکمی ئیسلامی وەکـوو، سـەر پەڕانـدن، ئێعـدام، بەردبـاران، دەسـت و لاق پەڕاندن و چاو دەرهێنان و ئازار و ئەشکەنجە و تەجاوەز کردن بە کیژ و ژنـان و تەنـانەت کوڕ و پیـاوان و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤی تێدا بەڕێوە دەچن.

توونـدوتیژی و هێـرش و خۆتەقانـدنەوە و بەرێـوەبردنی ئەو جینایەتـانە ترسـناک و نامرۆڤـانەیە کە لە سـەرەوە ئاماژەیـان پێکراوە بۆتە هۆی ئەوە کە بە میلیۆنان مرۆڤ لە ترسی ڕووح و گیانی خۆیـان مـاڵ و حـاڵ و شوێنی ژیانیـان بەجێ بێڵن و لە ناخۆشترین و لە خەراپترین بـاردۆخ دا ژیـان بەسـەر بەرن. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئافریقـا دوور بکەینـەوە، تەنانەت لە قـارەی ئوروپـادا سێ وڵاتـی وەکـوو ئـاڵبـانی، کۆسـۆڤـۆ و بۆسـنی هرزگـوین، بە زۆرینـەی خەڵکی موسڵمانەوە، لە دواکەوتـووترین وڵاتـانی ئوروپـایی ئەژمـار دەکـرێن و شـەڕ و پێکـدادانەکانی ئەو سـێ وڵاتە تێچـووی زۆری بـۆ وڵاتـانی ئوروپایی بەدواوە بووە.

ئەگەر بمانهەوێ زۆرتر بچینە نێوناخی ئەو کردەوە دزێوانەی کە لە ژێـر حـوکمی ئیسلامدا بەڕێـوە دەچن، پێویسـتە ئاوڕێک لە ئاکار و کرداری دەوڵەتە ئیسلامییەکان بـدەینە کە بە پشت بەسـتن بە چەنـد ئـایە و سورەی قورئـان ڕەوایـی دەدەن بـۆ هێـرش کـردن بـۆ سـەر ئەو نەتەوە و مرۆڤـانەی کە وەک خۆیـان بیـر نـاکەنەوە، قەڵـاچۆکردنی ئەرمەنییەکـان لە تـورکیە، ئەنفالی ١٨٠٠٠٠ هەزار کورد لە باشووری کوردستان بە دەستی حکوومەتی سەددام و جیهاد و هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال و هێرشی ئەمرۆی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستـان لە ژێـر نـاوی سورەی فەتـح دا نموونەیەکن لە توونـدوتیژی ئیسلامی بـۆ قەلاچۆکردنی نەتەوەیەک.

زۆربەی ئەو مرۆڤانەی کە دینی ئیسلامیان نەکردۆتە بەشێک لە ژیانی خۆیـان، ڕێـزی زۆریش لە خوشک و بـرا موسڵمانەکان دەگـرن و تەنـانەت هاوسـێیەتی و هاوماڵیشـیان دەکەن و موسـڵمانە ڕاسـتەقینەکانیش ئەوانەی کە لە حیـزب و ناوەنـدە ئیسلامییەکان دا نین، بە هاوسێیەتی و هاوماڵی ئەو مرۆڤـانە نـارەحەت نین و بگرە یارمەتیـدەری یەکتریش دەبن، بەڵام گوتارە توونددرەوەکانی هەندێک مەلای توونـدرەو وایکـردووە کە بەشێک لە خەڵکی سـاویلکە هاوسێیەتی بەشێک لە خەڵک کە موسڵمان نین نەکەن و بەم شێوەیە ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێو گەلانی ناوچەدا درووست دەکەن.

هەر لە بنەرەتدا ئیسلام بە ڕاشکاوی مـافی ئـازادی بـاوەر و هـزر و هەڵبژاردنی مەزهەبـی لە مرۆڤەکـان وەرگرتـۆتەوە، هەر بـۆیە لە وڵاتە ئیسـلامییەکان بـایەخ و کەسـایەتی مرۆڤەکـان لە سـەر بنـاغەی بیروبـاوەر و سـیمای ئیسـلامی ئەو کەسـە هەڵدەسەنگێنن و واتە ئیسلام نەبوون، لە ڕوانگەی حکوومەتە ئیسلامییەکانەوە، بە مانای بـاج و جەریمە و هەڵاواردن و

ئەشکەنجە و زیندان و مەرگ و دوورکردنەوەیە لە زێد و لە کۆمەڵگادا.

بە گووتەی باوەڕمەندە ئیسلامی‌یەکان، دینی ئیسلام واتە بەرابەری و یەکسانی مرۆڤەکانە، بەڵام ئەگەر دەچیە ناخی ئەو بەرابەری و یەکسانی‌یە، ئەوەندە بەسە کە لەو یەکسانی و بەرابەری‌یە تێبگەی، ئەویش هەڵاواردنی ڕەگەزی نێر و مێ‌یە. واتە لە میرات بەش کردن دا، بەشی کوڕێک دوو هێندەی کچێکە، واتە بە دوو کچ یەک کوڕ بە حیساب دێن، ژن ناتوانێ ببێتە قازی و دادوەر و ...

لە بەشێک لە حەدیس و گووتە ئیسلامی‌یەکان دا پیاوان سەرپەرەست و چاوەدێری ژنانن و لەو پەیوەندی‌یەدا نووسراوە کە: کەسەکان لەگەڵ یەک جیاوازیان هەیە و ڕەگەزی نێر واتە پیاو چۆن لە سەرەوەتی خۆی نەفەقە دەدا بە ژن، پیاو بە سەر ژن دا دەبێ دەسەڵاتی هەبێ و هەر بۆیە ژنانیش دەبێ گوێ رایەڵ پیاوەکان بن و ژن لە نەبوونی مێردەکەی دا پارێزەری نەهێنی و ئاکارەکانی مێردەکەی بێ و بە پێی شەرعی ئیسلام دەبێ بێدەنگ بێ.

لێرەدا بە ڕاشکاوی و ئاشکرا مافی ژنان بە پێی ڕەگەز دیاری کراوە و بە نێوی نەفەقە کەرامەت ئینسانی ژن وەک کاڵایەک دەکردرێ و لە ئێختیاری پیاو دا دەبێ و تەنانەت ئیسلام ئەو مافەی داوە بە پیاو کە ئەشکەنجەی ژنەکەی بدات ، بۆ ئەوەی بێدەنگی بکات. جیا لەوە زۆرجاریش گوتراوە ئەگەر ژنێک بە پێش نوێژی پیاوێک دا بڕوات ئەوە نوێژی پیاوەکە بەتاڵ بووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ کەم ئەقڵی ژن (کم عقل و ناقص العقل وناقص ایمان).

جیهاد و غەزەی ئیسلامی‌یە توندرەوەکان و حکوومەتە ئیسلامی‌یەکان لە کاتی شەڕ و هێرش بۆ سەر نەتەوەیەک کە دینی ئیسلام ناپەرەستن، بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان لە ترسی ئەوەی دەستدرێژیان نەکرێتە سەر ماڵ بە کۆڵ و ئاوارە بن.

لە کاتی هێرش بۆ سەر کوردستان و بە تایبەت ناوچەی شەنگال دەوڵەتی ئیسلامی داعش بە کەڵک وەرگرتن لە دینی ئیسلام کچ و ژنانی یەزیدیان بەدیل گرتن و دواتر وەک بەردە و کەنیزەکی خۆیان لە بازارەکان دا هەڕاجی دەکردن، بە دڕندانەترین شێوە دەستدرێژیان دەکردنە سەر و لە قەفس دا وەک بووکەڵەی دەم فروشگا گەورەکان خەڵکیان بانگ دەکرد کە بە چەند فروش و دینارێک لێیان بکرن، هەروەها ڕفاندنی کچە قوتابی‌یەکانی مەسیحی کە لە وڵاتی نێجریە لە لایەن بوکوحرام ڕفێندران، نموونەن بۆ چۆنیەتی بەرێوەبردنی حکوومەتە ئیسلامی‌یەکان.

کاتێک کە ئایەتوڵا خامنەیی ولایەتی فەقیهی شیعە و ئەبووبەکر بەغدادی خەلیفەی سوننی لە گوتارەکانیان دا خۆیان لە

جێگای خودا دەناسێنن و لە نەبوونی خوا و پێغەمبەر دا خۆیان دەکەن بە نوێنەر، کاتێک کەسانێک بە هەر شێوەیەک گوتارەکەیان خستە ژێر پرسیار، بێ سێ و دوو لێکردن، ئەوە بە ناوی دژایەتی کردن لەگەڵ خوا و پێغەمبەر حوکمی قورسیان بە سەردا دەسەپێنن و مل و گەردنیان ببن تیغی شمشیرەکانیان دا تێپەر دەکەن و یا تەناف و سێدارەیان بۆ هەڵدەخەن.

زۆرترین ئاماری گەندەڵی و دزی لە جیهان دا لە وڵاتە ئیسلامییەکان دا ئەژمار کراوە، هەژاری و بێکاری و نەداری، بۆتە پیشەی وڵاتە ئیسلامییەکان، ئەوانەی حوکمی خەڵک دەکەن، بە میلیاردها دۆلار و یۆرویان لە بانکە گەورەکانی جیهان پاشەکەوت کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش خەڵک زۆرتر برسی و هەژارتر دەکەن، ئەگەریش کەسێکی برسی و نەدار لە بەر نەبوونی، شتێکی بچووک بدزێ، ئەوە بەداخەوە حوکمی دەست و لاق پەڕاندنی بۆ دەردەکەن و تا کاتی مردنی دەبێ بە دەست ئەو نەهامەتییەوە بناڵێنێ و سەرەرای ئەوەش لە کۆمەڵگادا دەیکەنە کەسێکی بێزراو. ئەوان بە میلیاردها پووڵ و پارە و بە هەزاران کیلۆ زێر و بە بوونی سەدان کۆشک و باخ تێر نابن و هەروا زیاتر دزی دەکەن و لە خواش ناترسن، جیا لەوە دەبێ وەڵاتانی غەیرە ئیسلامیش بە درووست کردنی دەست و لاقی دەستکرد بە میلیاردها دولار سەرفی هەستانەوەی ئەو مرۆڤانە بکەن کە بە ناوی ئیسلام کەم ئەندام کراون.

ئیسلامەتی دایک و باب و کەس و کاری خۆم و ئێوە موسڵمانانی لە خواترس کە عیبادەت و پاکی خۆتان پاراستووە بە ئیسلام دەزانم، نەک ئەو ئیسلامەی کە بۆتە هۆی شەڕ و ماڵوێرانی. موسڵمانان دەبێ حکوومەتە ئیسلامییەکان کە بوون بە مایەی شەڕ و ئاژاوەنانەوەی نێوان گەلانی ناوچە و دونیا شەرمەزار بکەن و کەرامەتی بۆ دینەکەیان و بۆ خۆیان بگێڕنەوە.

١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## پیاوە خوێن شیرینەکەمان کاک ئەحمەد قازی (ژیگول) کۆچی دوایی کرد.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ - ١٠ - ٢٠١٩ دڵە گەورەکەی کاک ئەحمەد قازی ناسراو بە ژیگول دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەکەیان دا لە شاری سولێمانی لە لێدان کەوت.

کاک ئەحمەد ژیگول مرۆڤێکی دەرەوەست و خەمخۆری گەل و نیشتمان بوو، لەو کاتەوە بۆ یەکەم جار بە خزمەتی گەیشتووم و لە نزیکەوە دیتوومە و ناسیوومە وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کورد خۆشەویست و دێموکرات ناسیوومە و بە شانازی‌یەوە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژارد بوو.

کاک ئەحمەد قازی لە کەسە دیارەکانی شاری مەهاباد بووە و لەگەڵ ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی حەمەرەزاشای پەهلەوی هاتۆتە نێو ریزی خەباتکارانی گەل و نیشتمان و ریزەکانی حدک ی بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان هەڵبژارد، کاک ئەحمەد قازی لە متینگی سەد هەزار کەسی کە بۆ شەهید دوکتور قاسملوو لە مەهاباد پێکهاتبوو، بەشداری کردووە و ڕۆڵی ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ ئەو متینگەی لە سەر شان بووە و ئەو ڕۆژە لە پارێزەرانی شەهید دوکتور قاسملوو بووە، هەر لەو کاتەوە بە دڵ و بە گیان بۆ خزمەت بە گەلەکەی و ئامانجی شەهیدان چ وەک ئەندام و چ وەک پێشمەرگە هەموو تەمەنی خۆی تەرخانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد کرد و بە گشتی پشتی لە سەروەت و سامانی خۆی کرد و چیای سەربەرزی و بەرخودانی هەڵبژارد و چەکی شەرەف و کەرامەتی پێشمەرگایەتی لە ریزەکانی حدک دا تا ماڵئاوایی یەکجاری هەر لە شان بووە.

کاک ئەحمەد مرۆڤێکی سادە و ساکار و لە هەمان کاتدا بە ئەزموون و لێهاتوو بوو، بە تێگەیشتنەوە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی هەڵبژارد بوو، بە پێی توانا بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکی‌یەکان دا دەکرد و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، دەزانن کە کاک ئەحمەد مرۆڤێکی خاکی و خاکەڕایی و بە بیروباوەڕ و خۆشەویست بووە و خەڵکی خۆشدەویست و ڕێزی زۆری بۆ خەڵک و بۆ هاورێ و هاوکارەکانی دادەنا، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا تاراوگەی و بە ئازادی ژیانی لە مانەوە لەژێر ستەم و زوڵمی کۆماری ئیسلامی دا هەڵبژارد بوو، خەمی لە ئازادی گەلەکەی دەخوارد و بە گشتی بۆ ئازادی خەباتی دەکرد.

کاک ئەحمەد وێڕای ئەوە کە تەمەنێکی تێپەڕ کردبوو، بەڵام هەمیشە دڵگەرم و چالاک و هەڵسوور بوو و ماڵەکەی وەک بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوام بە ڕووی هەموو لایەک دا کراوە بوو، ئەو وێڕای هاوسەری ژیانی هاوکات ئەندامانی بنەماڵەکەشی، فێری وانەی کوردایەتی کرد و هەموویانی فێری گەلدۆستی و نیشتمانپەروەری کرد و لەو پەیوەندیەدا کوڕ و کچەکانی شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خزمەتی پێشمەرگایەتیان درێژەدا و بە تایبەت کوڕی گەورەی بە ناوی کاک کەماڵ قازی بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک پێشمەرگە خزمەتی کرد و کورەکانی دیکەشی بە ناوەکانی جەماڵ و جەلال قازی وەک ئەندامی چالاکی حدک خزمەتی دیار و بەرچاویان هەیە و لە کۆمیتەکانی سولێمانی و هەرێمی کوردستان دا بەرپرسایەتی جۆراوجۆریان لە ژێر هێژموونی بابیان دا بەڕێوە بردووە و ئێستاش لە دەرەوەی وڵات وەک ئەندامی هەڵسوور و چالاکی حیزب خزمەت دەکەن، هەروەها کچەکانی کاک ئەحمەد وێڕای برایەکانیان لە شۆڕش و خەبات و پێشمەرگایەتی دا بەشداریان کردوە و هەنووکەش وەک زۆربەی گەنجەکانی کوردستان لە ریزەکانی حدک دا وەک ئەندام خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەن.

بەداخەوە ماوەیەک بوو کاک ئەحمەد تووشی نەخۆشی ببوو و ویرای ئەوە کە لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دابوو، بەڵام مخابن کاری بوونی نەخۆشی‌یەکەی لەوە زیاتر دەرفەتی نەدا کە لە نێوماندا بمێنێتەوە و چاوە گەش و پڕ لە هیوایەکانی لە ترووسکە کەوتن و دڵی گەورەی لە ترپە کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین. کۆچی کاک ئەحمەد بۆ هەمووومان ناخۆش و خەفەتبار بوو، هەر بۆیە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هاوسەری ژیانی و کوڕ و کچ و بووک و نەوەکانی و خزمانی دیکەی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و بە تایبەت لە بەڕێزان کاک کەماڵ، کاک جەماڵ و کاک جەلال دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم، بە هیوای ئەوە کە ئامانجەکانی کاک ئەحمەد ژیگول بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک وەدی بێ و لە داهاتوو دا تەرمی کاک ئەحمەدی خۆشەویست لە شوێنی لە دایکبوونی بە خاک بسپێرینەوە و چەپکە گوڵی ڕیز و خۆشەویستی لە سەر مەزاری ئەو نەمرە تێکۆشەری دێموکرات دابنێین.

ڕووحی شاد و جێگەی بەهەشتی بەرین بێ.

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## بەهۆی وەرگەرانی ماشێن گەنجێکی خۆشناوی شاری سەردەشت گیانی لە دەستدا

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ - ١١ - ٢٠١٩ لە نزیک گوندی شێواوکانی ناوچەی سەردەشت لە سەر جادەی پیرانشار سەردەشت بە هـۆی وەرگەرانـی ماشـێن لاوێکـی کـوردی خەڵکـی گونـدی شیوەسـەڵی سەردەشـت بە نـاوی ئیـدریس حەسـەنزادە کـوڕی عەبدوڵڵای کاک عەلی شیوەسەڵ گیانی لە دەست دا.

ئیدریس حەسەنزادە لە ئامیزی بنەماڵەیەکی گەورەو کوردپەروەر و نیشتماندۆست، بنەماڵەی عەبدوڵڵای کاک عەلـی یەکێک لە ناسراوان و خۆشناوانی گوندی شیوەسەڵ لە دایکبـووە و ژیـانی ئیـدریس لێـوڕێژ لە خۆشەویسـتی بە گەل و نیشـتمان بـوو، نەمر ئیدریس حەسەنزادە، لاوێکی بوێر و بە هەست و سۆز و خەڵک خۆشەویست بوو، ئەو لە ئـامێزی بنەمـاڵەیەک دا گەورە ببوو کە بە گشـتی لە ڕەوتـی کـارە سیاسـی و کۆمەڵایەتـیەکـان دا نەخش و ڕۆڵـی تایبەتیـان لە نـاوچەکە دا هەبـووە و بە تـایبەت نەمر کـاک عەلـی و کوڕەکـانی بەردەوام لە کـاری خێرخـوازی و ئاشـتیخوازانە دا هەنگـاوی گرینگیـان لە کۆمەڵگـای دەوروبەری خۆیان هەڵێناوەتەوە.

بەداخ و پەژارەیەکـی زۆرەوە ئیـدریس حەسـەنزادە لە کـاتی گەڕانەوە لە پیرانشـار را بـۆ شـاری سەردەشت لە نزیـک گونـدی شێواوکان بە هۆی وەرگەرانـی ماشێن دەکەوێـتە نێـو زێـی بچـووک و بەداخەوە گیـان لە دەست دەدا و دواتـر بە هـۆی خەڵکـی ناوچەکە تەرمی بێ گیانی ئیدریس لە ماشێنەکەی دێینە دەر و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ و دواتر لە نێو ئـاپۆرای خەڵکـی سەردەشت و دەوروبەری دا بە خاک دەسپێردرێ.

ساڵانە بە هۆی خەراپی ڕێگاوبـانەکان بە سەدان ڕووداوی هاتووچۆ ڕوو دەدەن و بە هەزاران کەس گیانیان لە دەست دەدەن و یا بە تووندی بریندار دەبن، بە گشتی کەمتەرخەمی و گوێنەدانی بەرپرسان بۆ چاک کردنـی ڕێگاوبـانەکـان بـۆتە کێشـەیەکی گەورە و ئەوانەی بە ماشێن هاتووچۆ دەکەن، بەردەوام گیانیان لە مەترسی دایە.

-----

بە بۆنەی کۆچی دوایی و جوانەمەرگبوونی کاک ئیدریس حەسەنزادە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورە و

بەڕێزی کاک عەلی کوێخا حەسەنی شیوەسەڵی (حەسەنزادە) و بە تایبەتی بنەماڵەی کاک عەبدوڵڵا و کاک محەممەد و خوشکە ئامینە و کاک ڕەحمانی مەلا سوورە و کاک ڕەحمان و کاک فایەق و خزمانیان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو ئازیزە خۆشەویستە دەزانم و هیوادارم کە کەس و کاری و ئەندامانی بنەماڵەکەیان تەمەنیان درێژ بێ.

٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---

## سەقز هاوخەمتین! ئاگرکەوتنەوە لە تالاری مانگەشەوی سەقز

ئاگرکەوتنەوە لە تالاری مانگەشەوی شاری سەقز بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی ١١ هاوڵاتی و برینداری و زام هەڵگرتن و سوتانی جەستەی دەیان کەسی دیکەی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا.

لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە قوربانیانی کارەسات و ڕووداوی ئاگر کەوتنەوەی تالاری مانگەشەوی شاری سەقزی هەمیشە پێشەنگ دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

کەمتەرخەمی و ستاندارد نەبوونی شوێنە گشتی‌یەکان یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی سیستەمێکی گونجاوی بیناسازی، کە حکوومەت گوێی پێ نەداوە.

ڕژێمی ئاخوندی هیچ کات بە چاوی ئاوەدان کردنەوە و پێراگەیشتن بە کوردستان سەیری کوردستانی نەکردووە، هەر بۆیەش سیستەمی خانووبەرە و پارک و شوێنە گشتی‌یەکان هەمیشە مەترسی گەورەی ڕووخان و ئاگر تێبەربوونیان لە سەرە. نموونەی دیاری ئەو گوترەکاری‌یە، لە بوومەلەرزەکەی ناوچەی کرماشان وخانووە تازە درووستکراوەکانی "مسکن مهر" دەرکەوت، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان پێویستە بۆ خۆیان مشوور لە قائیم کاری و مەترسی‌یەکانی بیناسازی و ئاوەدانی بخۆن.

بە هیوای چاکبوونی بریندار و سووتاوەکانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە.

سێبووری بۆ بنەماڵە و کەس و کاری قوربانی و گیان بەختکردووەکانی ئەو ڕووداوەش بە ئاوات دەخوازم.

٦ی دێسەمبەری ٢٠١٩

**٣٦ی سەرماوەز لە پێشمەرگە بە تەمەن و بە ساڵاچووەکان و بە گشتی هەموو لایەک پیرۆز بێ.**

لە ماوەی پێشمەرگایەتیم دا بە هەزاران هاورێ و هاوسەنگەرم لە پارێزگاکانی ئیلام ، کرماشان، سنە، ورمێ و هەروەها ناوەندی کوردستان ناسین، هەندێکیان لە تەمەن دا منداڵەکانیان لەگەڵ خۆم هاوتەمەن و تەنانەت بە تەمەن‌تریش بوون، هەندێکیان لە تەمەنێکی نێونجی دا ببوونە پێشمەرگە و ژن و ماڵ و منداڵیان نەبوو و تاکوو ئێستاش هەروا لە حەسرەتی پێکەوەنانی ژیانێکی هاوبەشدان. هەندێکیان بە تەمەن‌تر و هاوتەمەن و یا هەندێک کەم تەمەن‌تربوون، بە گشتی کوڕ و کچ و ژن و پیاو و گەنج و لاو و مێرمنداڵم ناسین.

بەشێکیان باوەرمەند بە دینی ئیسلام و بەشێکیان باوەرمەند بە باوەر و ئایینەکانی ناوچەی خۆیان بوون، بەشیکیان خوێندەوار و بەشکێان نەخوێندەوار بوون، وەرزێر و جوتیار و کرێکارمان لەگەڵ بوون، شوان و مەڕدار و کاسبمان لەگەڵ بوون، وەرزشکار و هونەرمەندی جۆراوجۆر، لەگەڵ مرۆڤگەلی دەست ڕەنگینمان لەگەڵ بوون، دوکتور، قازی، موهەندیس و مامۆستامان لەگەڵ بوون، بە گشتی لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبوون و هەن، ئەو تێکەڵاوی و ئەو گشتە مرۆڤە هەیبەت و پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان درووست کرد بوو، هیچمان هەستمان بە سوننە، شیعە، مەسیحی، ئەرمەنی، ئاسۆری، یارسانی و بەهایی نەدەکرد، کەس نەیدەگووت زاراوی فلانی ناخۆشە، زاراوەکانی ئەردەلانی، گۆرانی، هەورامی، زازایی، لەکی، سۆرانی و شکاکی و بادینی فەرق و جیاوازیان نەبوو، کورد و ئازەری و فارسمان لەگەڵ بوون، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان مرۆڤی نیشتمانپەروەرمان لەگەڵ بوون.

هەر کەس لە شوێنی خۆی بە هۆی لێزانی و پسپۆری کاری پێسپێردرابوو، لە ژێر دەستی لێزان و پسپۆرەکان دا بە هەزارانی وەکی من فێری کاری گرووپی و بە یەکەوە بوون و بە یەکەوە مردن کراین، بە یەکەوە شانمان وەبەر قورسایی هەموو خۆشی و ناخۆشیەکان دابوو

ئەوانەی لە پێشی شەرگە و سەنگەرەکان دا بوون و برسی و تینوو و لە ژێر مەترسی دابوون، سوپاسی ئەوانەیان دەکرد کە لە پشت شەرگە و جبهەوە، کەل و پەلەکانی پێویستی جبهە و شەڕگەیان دابین دەکرد. ئەوانەی بەرپرس بوون لەگەڵ پێشمەرگەکان وەک یەک گیانیان دەدا و وەک یەک خەمیان لە یەکتر دەخوارد.

بە گشتی هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی لە بەشی سکرتاریا، رادیۆ دەنگی کوردستان، بێسیم، ئینتشارات، ڕاگەیاندن، نەخۆشخانە، کتێبخانە، ئاسایشگا، تداروکاتی تەقەمەنی گشتی، تداروکاتی خواردەمەنی، فێرگەی سیاسی نیزامی، یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان، پرسگەکان و بەشی پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی، کۆمیسیۆنەکانی نێو بازنەی دەفتەری سیاسی و بنکە و بارەگاکانمان لە سەر سنوور و لە سولێمانی، قەڵادزێ، بەغدا، پاریس و هەندەران و هەروەها ئەندامانمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات خزمەتیان دەکرد، ئەوانە هەموویان ناویان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

قەوارەیەک پێکهاتوو لە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، لە ژێر بەرنامەی دارێژراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەباتمان دەکرد و هەنووکەش ئەم قەوارەیە هەروا لە خەبات و تێکۆشان دایە، ئەوەی کە تا رادەیەک ساڵانێکە بەشی ئاشکرای حدک لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بە مانای ئەوە نییە کە حدک لە نێو بازنەی کاری سیاسی ڕۆژهەڵات دا نییە، ئەوە تەنیا دابڕانێکی جەستەییە، بەخۆشیەوە ئامانج و بەرنامەی حدک هەنووکەش لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەک حیزبێکی دیاری نێو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، جێگای پەسەندی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستانە، ئەوەش گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و مەعنەوی حدک و قەوارەی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

لێرەوە سەری ڕێز بۆ خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان پشتیوانانی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی گەلەکەمان لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات دادەنوێنم و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانە دەگرم کە خەبات بۆ دابین کردنی ویست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن.

قەرزداری گەورەیی و خاکەڕایی و خۆراگریتانم.

بەرەو بەرزایی دەچم ئەگەرچی وردم

خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

پیرزۆ بێ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## نوێکردنەوەی سروودی من لاوی کوردم

نوێکردنەوەی سروودی من لاوی کوردم بە ژەنیاری پیانۆ، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ئۆرگ ئارام ئیزەدپەنا و زەربی ئاوات ئیزەدپەنا و بە دەنگی هونەرمەندی لاو و گەنج کاک کاروان حەکیمزادە. شایانی باسە کە ئەم سروودە پێشتر لە کۆڕی هونەری حدک لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی دا گوترا بوو، دواتر لە بناری قەندیل لە ٨ی مارسی ١٩٨٨ جارێکی دیکە گوتراوەتەوە.

ئەمجارە بە شێوازێکی سەردەمیانە و لە شەوچلە و لە یادی ٨٩ ساڵەی لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو لە قەڵای دێموکرات لە نێو ئەندامانی حیزب و بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناوی دا بە دەست ڕەنگینی کاک دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە و وەک ڕێز و وەفایەک بۆ لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو و شەهیدانی یەڵدای خوێناوی لێدرا و نوێ کرایەوە. دەستخۆشی بۆ کاک دفوکتور ئاسۆ و کاک کاروان حەکیمزادە و برایانی ئیزەدپەنا و کاک سۆران.

-------

قەسەم بە گڵکۆی پێشەوای نەمر
بۆ ئاواتی کورد تەیار و خوێنگر
دەست دەدەمە چەک دەڕۆم بۆ کێوان
تاریکی شەوێ دەکەم بە بەیان
من لاوی کوردم، کوردی ئەم سەدە
ڕێگام درێژ و پڕ کەند و لەندە
هەزاران لاوین لەم کوردستانە
گیانبەخت ئەکەین بۆ گەل شێرانە
وەک هەڵۆی بە سام لە کێوان دەفڕین
بۆ سوڵح و ئاشتی بە وێنەی کۆترین
من لاوی کوردم، کوردی ئەم سەدە
ڕێگام درێژ و پڕ کەند و لەندە

لە ژێر مووشەک و بۆمب و فڕۆکە
لەشم کونکون کا گوللە بازووکا
هێندەی دیش هار بێ گورگی دڕندە
بۆ بەندە نابم هیچ کات بە بەندە
من لاوی کوردم، کوردی ئەم سەدە
ڕێگام درێژ و پڕ کەند و لەندە
براکەیترم قەڵەم بەدەستە
بۆ هەستی خەستی ئاشتی مەبەستە
دەڵێ بە جیهان ئازادیخوازین
بۆ ئەو ئازادییە گشتمان گیانبازین
من لاوی کوردم، کوردی ئەم سەدە
ڕێگام درێژ و پڕ کەند و لەندە
قەسەم بە گڵکۆی قاسملووی نەمر
بۆ ئاواتی کورد تەیار و خوێنگر
دەست دەدەمە چەک دەڕۆم بۆ کێوان
تاریکی شەوێ دەکەم بە بەیان
من لاوی کوردم، کوردی ئەم سەدە
ڕێگام درێژ و پڕ کەند و لەندە
نووسینەوەی شێعر: حەمەڕەسووڵ کەریمی

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## بابەتی ساڵی ......................... ٢٠٢٠

### کۆچی گوماناوی بەرێز دوکتوور جەلال حاجی زادە (ڕامان) لە شاری سەردەشت

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣ - ١ - ٢٠٢٠ بەرێز دوکتوور جەلال حاجیزادە ناسراو بە ڕامان، خاوەن بڕوانامەی دوکتورای زانستە سیاسییەکان، چالاکی مەدەنی و نووسەر و لێکۆڵەر بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە گیانی لە دەستداوە.

بەرێز دوکتور ڕامان مرۆڤێکی لێزان و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، کەسێکی بوێر و چاونەترس بوو کە لە زۆر بواردا خزمەتی بە گەل و نەتەوەکەی کردووە و ساحەب هەڵوێست و بە ئیرادە بوو، قەڵەمێکی پاراو، قەڵەمێکی بوێر و ڕاستگۆ بوو، دەیزانی چۆن کەڵک لە قەڵەم و پێنووسەکەی بە قازانجی بیری نەتەوەیی بکات و نووسینەکانی چ ئەوانەی بە کوردی نووسیبوونی و چ ئەوانەی بە فارسی نووسیوونی، هەڵگری بیری نەتەوەیی و هاندانە بۆ ناسیونالیزمی کوردی و بۆ دەوڵەمەندتر کردنی بیری نەتەوەیی و سیاسی و ئەدەبی و ئەخلاقی و شوناسی کوردی.

بەرێزیان چەندین لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی و زانستی لە سەر دۆزی ڕەوای کورد کردووە و خاوەن سەدان بابەتی جۆراوجۆر بووە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بوونەوە.یەکێک لە دوایین وتارەکانی بەرێز دوکتور ڕامان "دەستپێکێک لەسەر زەینی کوردی" بوو، کە لە لایەن خوێنەرانی کوردەوە پێشوازی چاکی لێکرا.

بە پێی هەواڵ و بە دواداچوونەوەکان بە هۆی نووسینی بابەتەکانی و بە هەڵوێست بوونی لە ئاست زوڵم و غەدرەکانی حکوومەتی ئاخوندی و بە دەنگ هاتنی لە سەر هەندێک بابەتی تایبەت، چەند جار بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەردەشت کراوە و لە ژێر گوشار دابووە، بەڵام ناوبراو هیچ کات ئامادە نەبوو کە واز لە بۆچوونەکانی خۆی بێنێ.

بە دوای کوژرانی قاسم سولێمانی لە کورتە نووسینێکدا ئاوا دەنووسێ: قاسم سولێمانی درێژەدەری عەقڵیەتی ئێرانی بوو کە سیاسەتی هەڵاواردن و پاکتاوی گرتبۆبەر و کوردیش یەکێک لە قوربانیانی ئەو سیاسەتەی قاسم سولێمانی بووە و

دواتریش نووسیبووی بە نەمان و مردنی سولێمانی ئەو سیاسەتەش بەرەو کۆتایی دەچێ.

کۆچی ناوەختی دوکتور ڕامان خەڵکی شاری سەردەشت و ئەوانەی دەیناسن نیگەران و بە پەرۆش کردووە، لەگەڵ ئەوەدا کە تاکوو ئێستا هۆکاری مردنەکەی باس لە سەکتەی دڵ دەکرێ بەڵام هاوکاتیش بەشێک لە ناسیاوان و سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بە هۆی دەرمانی تایبەت و بە پیلانی ئیدارەی ئیتلاعات و یا کاربەدەستانی ڕژێم گیانی لە دەست دابێ.

لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەی دوکتور ڕامان حاجیزادە و خزمان و ئاشنایان خەڵکی شاری سەردەشت و هەموو کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو مرۆڤە دڵپاک و لێزان و نیشتمانپەروەرە دەزانم.

**١٣ی جانێویێری ٢٠٢٠**

---

## چەند خاڵێک بۆ خۆ پاراستان لە ویروسی کۆڕۆنا

نوێترین و گرینگترین ڕاسپاردەی ڕێکخراوی ) WHO ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی ) بۆ بەرگری و پێشگیری لە نەخۆشی و ویروسی کۆڕۆنا:

١- کەسانێک کە پێستی لە شیان ساخ و پتەوە، ویروسی کۆڕۆنا ناتوانێ لە پێستی لەشی تێپەڕ بێ و ئەم ویرووسە تا دە خولەک لە سەر پێست بە زیندوویی دەمێنێتەوە، کەوایە ئەگەر دەستکێشتان لە دەست دا نییە هیچ خۆتان سەخڵەت مەکەن، تەنیا هەوڵ بدەن دەست لە دەم و چاو و لووتتان نەدەن.

٢- ویروسی کۆڕۆنا لە سەر پارچە ٦ تا ١٢ کاتژمێر و لە سەر ئاسنەواڵە ١٢ تا ٢٠ کاتژمێر و لە سەر کەرەسە ئیستیلییەکان تا ٢٠ ڕۆژ بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

٣- ویروسی کۆڕۆنا دەتوانێ تا ٦٠ دەرجەی سانتیگراد زیندوو بمێنێتەوە، بەڵام لە گەرمای ٣٠ دەرجەی سانتیگراد بۆ سەرەوە لە نێو دەچێ، بۆیە باشتر وایە بۆ شۆردنی کەل و پەل و پاک و خاوێنی بە گشتی لە ئاوی گەرم کەڵک وەر بگرن.

٤- ویروسی کۆڕۆنا بە ئاوی گەرم و مادده خاوێنکەرەوەکان لە نێو دەچێ.

٥- جلو بەرگەکانتان لە ژێر ڕووناکی و گەرمی خۆرەتاو و یا شوفاژ و گەرم کەرەوەکانی دیکە ئیشک بکەنەوە.

٦- بە ئاوی گەرم خۆتان بشۆن و یا حەمام بکەن.

٧- بە هیچ شێوەیەک ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخۆن، لە ئاوی گەرم ( چای گەرم، قاوەی گەرم، خواردنەوە گەرمەکان) کەڵک وەر بگرن.

٨- شوێنی کۆبوونەوەی ئەم ویرووسە، نێو لووتە، هەر بۆیە پێویستە بەردەوام لووتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.

٩- ئەگەر دەستتان بە ئاوی گەرم ڕاناگا، هەوڵ بدەن بنێشت بجوون بۆ ئەوەی بەردەوام زار و دەم و گەروتان تەڕ بێ.

١٠- پێویستە شوێنی ژیانتان هەواکێشی هەبێ و هەوای ژوورەوەتان بچێتە دەر.

١١- پێویستە کە ڕۆژانە چەندجار بۆ ماوی ١١ تا ١٥ چرکە هەناسەتان ڕابگرن و دواتر هەناسەتان بەربدەن، ئەگەر دوای هەناسە بەردان، تووشی کۆخە و یا تەنگە نەفەسی بوون، پێویستە کە سەردانی نزیکترین بنکەی تەندرووستی دەورەبەری خۆتان بکەن.

مەهێڵن تووشی تەنگە نەفەسی بین و دواتر سەردانی دوکتور بکەن ، چوونکە ڕەنگ بێ بۆ چارەسەر کردن درەنگ بێ.

١٢- ئەگەر ناچارن بچنە دەرەوەی ماڵەوەتان ( مووچەخۆر، کرێکار و یا دووکاندار .... ) ن.

**یەکەم**: مەودای نێوان خۆتان و ئەو کەسەی سەردانتان دەکا با یەک و نیو میتر بێ.

**دووهەم**: بە هۆی ئەوە کە ویروسی کرۆنا بە نیسبەت ویرووسەکانی دیکە قورسترە ( مەودای ٤٠٠ تا ٥٠٠ نانومیتر) بەر دەبێتەوە سەر عەرز ، هەر بۆیە کەوشەکانتان هەڵگری ئەو ویرووسەن و بە هیچ شێوەیەک مەیان بەنە ژووری ماڵەکەتان.

١٣- لە کاتی پشمین دا، تا ئەو جێیەی ئیمکان هەیە و بۆتان دەکرێ لە خەڵک دوور ڕابوەستن، یا بە تووندی و بە دەسرە و یا هەر شتێکی خاوێن کە لەبەر دەستتان دایە، دەم و لووتان بگرن.

بۆ ئەوەی ویرووسەکە بڵاو نەبێتەوە باشتر وایە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دەم و لووتان بەر نەدەن تا تەڕایی و ئاوی دەم و لووتتان دەسرەکە هەڵیدەمژێ.

١٤- بە هۆی گەورە بوونی ئەو ویرووسە، هەر جۆرە ماسکێک دەتوانێ پێشگیری لەو ویرووسە بکا بۆ نموونە ( ماسکی پارچەیی، نیوە پارچەیی و یا دەسرەی ئاسایی و یا دەسرەی کاغەزی و ... ) بە مەرجێک ئەوانە ئیشک بن، واتە بەردەوام دەبێ ئەو ماسکەی کەڵکی لێ وەردەگری بیگۆڕی و تەڕ نەبێ.

١٥- هیچ پێویست نییە هەموو ئەو جلو بەرگانەی دەیانپۆشین لەگەڵ هاتنەوەمان بیان شۆرین، بەڵکوو بۆ پێشگیری و تەشەنە نەکردنی ئەو ویرووسە، بە هەڵخستنی جلو بەرگەکان لە سەر کەرەسەی گەرمی وەک شۆفاژ و گەرم کەروەکانی دیکە و یا گەرمای خۆرەتاو جلکەکان پاک دەبنەوە.

١٦- دوای دەست شتن، کاتێک ناچینە شوێنە گیرۆدەبووەکان، پێویستە کە دەستەکانمان چەور بکەین بۆ ئەوەی دەستەکانمان تووشی ئیشک بوون نەبن.

بە هیوای ئەوە کەس تووشی ئەو نەخۆشیە نەبێ و چارەسەری ئەو نەخۆشیەش زۆر نەخایێنێ.

وەرگێڕانی حەمەرەسووڵ کەریمی

٤ی مارچی ٢٠٢٣

## کۆچی دوایی خاتوو مریەم قازی کچی شەهید پێشەوا قازی محەممەد

بە پێی هەواڵ بچووکترین منداڵی شەهید پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان خاتوو مریەم قازی بە هۆی نەخۆشی لە شاری عەممان پایتەختی ئۆردۆن کۆچی دوایی کرد.

خاتوو مریەم قازی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی چەند مانگ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دایک بووە و حەوتەمین منداڵی شەهید پێشەوا و ڕەوانشاد خاتوو مینا قازی بوو. شایانی باسە کە خاتوو مریەم وەک بچووکترین منداڵی شەهید پێشەوا بەداخەوە لە نازی باوک بێبەش بووە و لە ئامێزی خاتوو مینا و خوشکەکان و خزمان دا گەورە بووە.

دوای شەهید بوونی پێشەوا قازی، ئەرکی بەخێوکردنی هەموو منداڵەکان کەوتە سەر شانی مینا خان و ئەویش بەوپەڕی دڵسۆزی و بەخەمخۆرییەوە منداڵەکانی گەورە و پەروەردە کردن، خاتوو مریەم خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری مەهاباد تەواو کردووە و بۆ خوێندنی داوناوەندی لە تاران درێژەی بە خوێندن داوە، هەر لە شاری تاران لەگەڵ کاک سەردار بەگی جاف ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و بەرهەمی ژیانیان سێ منداڵ بە ناوەکانی سیروان، سەیران و سۆما جافە. شایانی باسە کە خاتوو مریەم ژنێکی مەند و هێدی و لە هەمانکاتدا بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەر بوو و کەسایەتی بنەماڵە و بە تایبەت نەمران شەهید پێشەوا و خاتوو مینا کاریگەری زۆریان لە دروستکردنی ناوبراو دا هەبووە و ئەوەش بە هەڵویست و بە کرداری ڕۆژانەیەوە دیار بوو.

خاتوو مریەم بە نەخۆشی لە ڕۆژی ١٥ - ٣ - ٢٠٢٠ دا لە وڵاتی ئۆردۆن کۆچی دوایی کرد. بە پێی هەواڵ لەبەر بارودۆخی ئێستا و لەبەر بوونی نەخۆشی کۆرۆنا و بۆ ئەوەی ڕێنومایی و ڕاسپاردەکانی حکوومەتی هەرێم لەبەرچاو بگیردرێن تەرمی خاتوو مریەم بە ئەمانەت لە وڵاتی ئۆردۆن بە خاک دەسپێردرێ و پرسەی بۆ دانادرێ.

بە بۆنەی کۆچی دوایی خاتوو مریەم قازی سەرەخۆشی لە برای گەورەمان کاک عەلی قازی و خوشکەکانی و منداڵ و جگەرگۆشەکانی و هەروەها بنەماڵەی گەورەی قازی بە گشتی و بنەماڵەی جاف دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم. رووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

١٥ی مارچی ٢٠٢٠

## جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی ٢٧٢٠ی کوردیتان لێ پیرۆز بێ

لە بەرەبەری دەسپێکی ساڵی نوێدا، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی نەورۆز لە ئێوە خۆشەویستان، خەڵکی کوردستان، لە هاوڕێ و دۆستان و خزمان بە گشتی دەکەم، جوانترین و رازاوەترین گوڵی بەهاریتان پێشکەش دەکەم و هیوادارم کە ساڵی نوێ ساڵی بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری ئێران وڕەواندنەوەی هەموو نەهامەتی‌یەکانی ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و بە گشتی کوردستان بگاتە ڕزگاری و سەربەخۆیی یەکجاری.

نەورۆزی ئەمساڵ بە هۆی پەتا و ویروسی کۆرۆنا ڕەنگ و بۆن و بەرامی ساڵانی پێشووی نییە، بەڵام بۆ ئەوەی هەموومان ڕەنگ و بۆن و بەرامی نەورۆزێکی دیکە ببینین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە ئاست ئەم هەرەشە نادیار و پڕ مەترسی‌یە ڕزگاری بێ، پێویستە هەموومان بە یەکەوە لە ماڵەوە بمێنینەوە، بە مانەوە لە ماڵەکاندا دەتوانین خۆمان و دەوروبەرمان لە پەتای ویروسی کۆرۆنا بپارێزین، بێشک دوای پاک بوونەوەی ئەم ویروسە، هەموومان چاکتر دەتوانین بە ئەرکەکانی دیکەمان ڕابگەین.

بۆ ئێمە خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی کوردستان، نەورۆزو بەهار بە تەنیا جێژنی نوێبوونەوەی ساڵ نییە، بەڵکووکاتی جوڵان و دارشتنی پلان و بەرنامەی تێکۆشان بۆ ساڵێ نوێ‌یە و لە هەمانکاتدا کاتی بەڵێن نوێکردنەوەیە بۆ ئەوەی بە یەکەوە هەوڵ بدەین کارە ناتەواوەکانی ساڵی پێشوومان بە باشترین شێوە بەرێوەبەرین.

جێگای خۆیەتی لێرەدا پیرۆزبایی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زینـدانیانی سیاسی و خەڵکی بە ئەمەگ و تێکۆشەرانی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی کوردستان بکەین و یادی سەروەری‌یەکانی ئەو توێژە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا بکەینە کە لە هەموو بارودۆخێک دا و لە ژێر هەموو قەیرانەکان دا خۆیان ڕاگرتووە و هەنووکەش بوێرانە لە سەفی پێشەوەی ئەم خەباتەدا تێکۆشانیان هەیە.

سوپاس و پیرۆزبایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم لە ماوەی ساڵی ڕابردوو دا لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی‌یەکانی گەلەکەمان بوون، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا خەمخۆرانە و دڵسۆزانە کاریان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەیان کردووە.

**سوپاس بۆ ئەوانەی کە بابەت و نووسراوەیان بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ ناردووە و هاوکات بە ڕێنوێنی و تێبینی و پێشنیارەکانیان بە پشتیوانی ماددی و مەعنەویان ماڵپەڕی گیارەنگیان لە سەر پێ ڕاگرتووە.**

**ساڵی نوێتان لێ پیرۆز بێ.**

**١٩ی مارچی ٢٠٢٠**

## کۆچی دوایی خوشکی شەهید مەلا ئاوارە لە ناوچەی سەردەشت

خوشکی تێکۆشەری ناوداری گەلەکەمان شەهید مەلا" ئەحمەد شلْماشی" ناسراو بە "مەلا ئاوارە" کۆچی دوایی کرد. بە پێی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧ی خاکەلیوەی ١٣٩٩ی هەتاوی، خاتوو "سەلمێ شلْماشی" خوشکی شەهید مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شلْماشی ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسایەتی ناسراو و نیشتمانپەروەری کورد مامۆستا مەلا محەممەد شلْماشی لە شاری سەردەشت کۆچی دوایی کرد.
دایە سەلمێ یەکێک لەو ژنە تێکۆشەر و دڵسۆزانەی کورد بوو کە بە درێژایی دەیان ساڵ ژیانی خۆی، چ لە سەردەمی حکومەتی ڕووخاوی پەهلەوی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پشتگیر و دڵسۆزی برا شۆڕشگێڕەکانی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. هەموو کات ئاواتی بوو برا و کەس و خزمە تێکۆشەرەکانی لە ئامێز بگرێتەوە و چاوەڕێی هاتنە دیی ئامانجەکانی برا خۆشەویستە شەهیدەکەی بوو. مخابن مەرگ مەودای نەدا ئاواتەکانی بێتە دی و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەمان کرد.

بنەماڵەی دایە سەلمێ بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەرن کە لە دوو دەورانی حکومەتی پاشایەتی ڕێژیمی ئاخوندەکاندا ڕۆڵ و پێگەیان لە شۆڕشی گەلی کورددا دیارە. لە دەورانی حکومەتی پاشایەتیدا مامۆستا ئاوارە شۆڕشگێڕی ناودار و سەرکردەی بەوەجی خەبات دژی حکومەتی پاشایەتی و یەکێک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی شۆڕشی ٤٦ - ٤٧ بوو کە لەلایەن خائینێکەوە دەکەوێتە داوای هێزەکانی لەشکری شا و لەسێدارە دەدرێ.
برایەکی دیکەی دایە سەلمێ، کاک مستەفا شلْماشی ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە تێکۆشەریکی دڵسۆز و فیداکاری حیزب و گەلی کوردە و درێژەدەری ڕێگەی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمانە و دەور و ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان.

بە بۆنەی کۆچی دایە سەلمێ شەڵماشی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ماڵباتی گەورەی شەڵماشی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی کوردستان، بەڕێزان مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی و هاوڕێ و مامۆستا و برای بەڕێزم کاک مستەفا شەڵماشی و ئەندامانی بنەماڵەکانیان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی دایە سەلمێ دەزانم. ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

٢٧ی مارچی ٢٠٢٠

## کۆچی دوایی کاک سەید حوسێن نەبیپوور لە شاری ڕەبەت

بەداخەوە ئەمرۆ سێشەممە ڕێکەوتی ٣١ - ٣ - ٢٠٢٠ کۆچی دوایی باوکی کاک سەید خدر نەبیپوور پێشمەرگەی دێرینی دێموکرات و ئەندامی حدکا و هەڵسوور و چالاکی سیاسیمان لە شاری پێشمەرگەپەروەری ڕەبەت پێگەیشت.

کاک سەید حوسێن نەبی پوور ساڵی ١٣ۆۆی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایکبووە و کار و ژیانی لەگەڵ بنەماڵەکەی وەک وەرزێر و جوتیاری بەرێوەبردووە. لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لاوێکی ٢٤ ساڵە بووە هاوکات لەگەڵ براییەکی دیکە بەشداری لە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا دەکەن و بەداخەوە دوای تێکرووخانی کۆمار بە دەستی حەمەرەزا شای پەهلەوی جارێکی دیکە دەست بە کار ئاسایی و ژیانی خۆیان دەکەنەوە.

لە سەردەمی دەورانی پاشایاتی دا دوو جار لە لایەن ئیدارەی ساواک و دام و دەزگای حکوومەتی تاغووتییەوە بە تاوانی هاوکاری کردنی شۆڕش و شۆڕشگێرانی کورد بۆ ماوەیەکی کەم دەگیرێ و زیندانی دەکرێ و هەر دوو جارەکە سەربەرزانە و خۆراگرانە لە زیندان ئازاد دەکرێ و هەر بۆیە لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا زۆر بوێرانە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا لە خۆپێشاندانەکاندا بەشداری دەکا و وێرای بەشێک لە خەڵکی ناوچە هەڵدەکوتنە سەر بنکە و بارەگاکانی ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت.

دوای ڕووخانی پاشایاتی دەست دەکاتەوە بە پیشەی جووتیاری و دواتریش بە دووکانداری خەریکی بژیوی ماڵ و منداڵی دەبێ.

بە هۆی ئەوە کە کوڕێکی بە ناوی سەید خدر نەبیپوور دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و بە هۆی هەڵسوورانی بێوچانی کوڕی پێشمەرگەی، حکوومەتی ئیسلامی ئێران زۆرجار کاک سەید حوسێن بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات دەکا و چەندجارێک و بۆ ماوەیەک زیندانی دەکەن و بە پیشەی جەلادانەی خۆیان ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن، لە ماوەی گیرانی دا لە زیندانی تاکەکەسی دا ڕاگیراوە و وەک خۆی دەیگێرایەوە، ئەوەندەی بە جنێو و بێحورمەتی جاشەکان نارەحەت بووە ئەوەندە بە گیرانی لە لایەن پاسدارەکانەوە نارەحەت نەبووە و تەنانەت جارێک بە هۆی لێدانی یەکێک لە جاشە خۆفرۆشەکانەوە سێ پەراسووی دەشکێن و سەید حوسێن لە ژێر ئەشکەنجەی ئەو جاشەدا بێهۆش دەبێ و دوای ئەم

بێحورمەتی و لێدانە و دوای ئازادبوونی بە هۆی شکانی پەراسووەکانی تووشی نەخۆشی سینگ و هەناسەکێشان دەبێ و تا کاتی ماڵئاوایی بەو ئازارەوە دەتلایەوە و هەمیشە باسی فەرماندەیەک بە ناوی ئایەتی و ئەو جاشەی دەکرد کە چۆن بێحورمەتیان پێکردووە.

چەندجار لە لایەن رژێمەوە لە ڕەبەت دەرکراوە و نێردراوە بۆ نێو بنکەکانی پێشمەرگە و ڕایان سپاردووە کە کوڕەکەی دەست لە کار و تێکۆسانی و چالاکی پێشمەترگانە هەڵبگرێ، بەڵام کورەکەی سەید خدر نەبیپوور هەموو جارێک راوەستاوتر و شێلگیرتر لە پێشوو خەباتی پێسمەرگانەی درێژەدەدا و ئەوەش هەم باوکی دڵخۆش دەکرد و هەمیش مستێکی توونە بوو بۆ دەمی ئیدارەی ئیتلاعات و جاشە خۆفرۆشەکان و کاک سەید حوسێنیش بەم هەڵوێستەی کورەکەی دڵخۆش و ڕازی دەگەرایەوە بۆ سەر ژیان و کاری خۆی.

کاک سەید حوسێن تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری هەر چاوەڕوانی گەرانەوەی سەربەرزانەی کوڕ و نەوەکانی بوو، کە بەداخەوە مەرگ مەودای زیاتری پێ مەدا کە بە ئاواتەکەی کە ئاواتی رزگاری نیشتمان و گەرانەوەی کوڕەکەی بوو بگات.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.
لە لایەن هاورێیان و دۆستانی سەید خدر سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و بە تایبەت کاک سەید خدر دەکەین.

---------------

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک سەید حوسێن نەبیپوور سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزمان و ئاشنایانی و بە تایبەت کاک سەید خدر و بنەماڵەکەی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمی دەزانین، ڕووحی شاد.

٣١ی مارچی ٢٠٢٠

## سپۆنسەری ماڵپەری گیاڕەنگ لە لایەن بەڕێزان: کاک ئاوات، کاک نادر و کاک وەستا ڕەحمان

لە ماوەی ١٨ ساڵ کار لە ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی ماڵپەری گیارەنگ دا، هەر لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا بەردەوام هەوڵم داوە کە ڕۆژانە بابەتێک و یا چەند بابەتی جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکاندا لە گیارەنگ دا بڵاو بکەمەوە. لەم سۆنگەیەوە هەم بە دوای بابەتی چاک دا گەڕاوم و هەمیش بابەتی زۆر ڕەنگین و پڕ نێوەرۆکم لە لایەن نووسەران و وەرگێرانەوە بە دەست گەیشتوون. جیا لەوە وەک خۆم کەسایەتی گەورەی کورد و شۆڕشگێر، نووسەر، شاعیر، وەرگێر و ڕوومانووس و پێنووس بە دەستی زۆر بەرێز و بە توانا و خەمخۆرم لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وەڵات ناسیوون، بە دڵنیایەوە ئەوەش بە دەسکەوتێکی مەعنەوی گەورە بۆ خۆم و بۆ گیاڕەنگ دەزانم و سوپاسیان دەکەم، کە تەحەموولی نێوچاوانی منی خوێنتاڵ و گیاڕەنگی سەوزییان کردووە.

لەو ماوە دوور و درێژەدا هیچ کات دوودڵ نەبووم لەوە کە ماڵپەری گیاڕەنگ وەک سووکەڵە سوارێکی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی لە نەرمە غاری خۆی بخەم، گیاڕەنگی هەمووان بە هیممەتی هەمووان هەروا لە لینگدان و لە نەرمە غاری خۆیدا بەرەو پێش دەچێ و بە گشتی هەنگاوەکانی بۆ گەیاندنی زانیاری و ڕاستییەکان هەروا بە پتەوی هەڵدێنێتەوە.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ماڵپەر و بلاگەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، هەمیشە لە دەست حکوومەت، حیزب، ڕێکخراو، ئاژانس و ناوەندە دەست ڕۆیشتووەکان دا کاریان کردووە، بۆ ئەوان زۆر ئاساییە کە کارمەند و بەرێوەبەر و کەسی تایبەتیان بۆ دابمەزرێنن و لە داهات و بودجەی حکوومەتی و حیزبی و ئاژانس و ناوەندەکان بە قازانجی خۆیان و بۆ بەردەوامی مێدیاکەیان کەڵک وەر بگرن و لە گەڵ هاتنە بازاری کەرەسەی سەردەمیانە خۆیان بە ڕۆژ و نوێ بکەنەوە.

ماڵپەری گیارەنگ لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو دا تەنیا پشتی بە نووسەر و وەرگێر و خوێنەرانی بەستووە و لە بواری ماڵیدا تەنیا بەڕیوەبەرەکەی خەرجی ساڵانە و مانگانەی ماڵپەرەکەی دابین کردووە و بە پێی ئیمکان چەند جار خۆی نوێ کردۆتەوە و ئەوەش بە مننەت لە سەر شانی هیچ کەس دانانێ و لە داهاتووشدا هەر خۆی بە مننەت باری نووسەر و وەرگێر و خوێنەرانی دەزانێ.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا هاوڕێیان کاک ئاوات حەسەنپوور لە فینلاند ، کاک نادر ئەمینی لە نۆرویژ و کاک وەستا ڕەحمان

لە فینلاند، بە گەورەیی خۆیان ماڵپەری گیارەنگیان تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ سپۆنسەر کردووە و خەرجییەکانی ماڵپەری گیارەنگیان خستۆتە سەر شانی خۆیان، بەم کارەیان زیاتر لە پێشوو قەرزداری لوتف و مەرحەمەت و خزمەتەکانی خۆیان کردین و منیش وەک بەرێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ هەم سوپاسیان دەکەم و هەمیش بەڵێنیان پێدەدەم کە وەک جاران و بگرە زیاتریش لە خزمەت گیارەنگ و بنەماڵەی گەورەی گیارەنگ ( نووسەر و وەرگێر و خوێنەران) ی گیارەنگ دابم.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا هاوڕێیانی بەرێز کاک فاروق قوبادی، کاک برایم عەزیزی و کاک مەریوان نستانی بۆ دیزاین و گۆڕینی قەوارەی ماڵپەری گیارەنگ زەحمەتیان لەگەڵ ماڵپەرەکە کێشاوە و بە گەرمی سوپاسیان دەکەم.

کاری ڕۆژنامەگەری ستاندارد، پرنسیپی تایبەت بە خۆی هەن و گیارەنگیش هەندێک پرنسیپی ئەخلاقی و کاری ڕۆژنامەگەری ڕەچاو کردوون و تەواو سەربەخۆ و ئازادە و هیچ کات نەبۆتە سەکۆیەک بە دژی هیچ کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوەیەکی کوردی، لە هەموو هەواڵ و بابەتەکان تا دڵنیا نەبووبێتەوە، بڵاوی نەکردوونەوە، لێرەدا سوپاسی چەند هاوڕێیەک بەرێزان پیرۆت، مامەند، خاتوو زێنێ، خاتوو نەمام، کاکەمەم، سەردار کە لە نێوخۆی وڵات دەژین دەکەم و ئەوانیش دڵنیا دەکەمەوە کە هەروا بەردەوام لە خزمەتیان دا دەبین، (ناوەکان خوازراون).

لە کۆتایی دا سوپاس بۆ هاوسەری ژیانم خاتوو شلێر حەسەنپوور کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا پشتگیر و پاڵپشتی سەرەکیم بووە بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر بکەم و زۆرجار و بە بەردەوامی لە جیاتی لە کۆڕی بنەماڵەدا لەگەڵ ئەوان بم، بۆ کاری گیارەنگ ڕووم لە شاشەی کامپیوتێرەکەم بووە و کەمتر توانیومە لە خزمەت ئەوان دابم و لێرەدا هەم سوپاسی دەکەم و هەمیش پاڵپشتی و یارمەتییەکانی بە بەرزی دەنرخێنم و شانازی بە بوونییەوە دەکەم.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەم و بە هیوای بەردەوامی زیاتری ماڵپەری گیارەنگ

**٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢٠**

## چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنگی دلێر و بەرحەقی پێشمەرگە

چل ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەنگی دلێر و بەرحەقی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی دڵسۆز و بە ئەمەگی کوردستان پیرۆز بێ.

لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو دا ڕادیۆ دەنگی کوردستان وێرای بە جێ گەیاندنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیەکانی، دەنگی بەرز و مافخوازنەی گەلەکەی بووە و لە هەموو قۆناخەکانی سەختی خەبات و پێشمەرگانە دا ڕەچەشکێن و راستبێژ و بوێری ئەم ڕادیۆیە بۆتە هەوێنی خۆشەویستی نێوان خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

هەموو ئەوانەی کە لەم رادیۆ دا کار و ئەرکی حیزبی و پێشمەرگانەیان بەرێوە بردووە، لە مرۆڤە خۆنەویستەکانی گەل بوون. کارگێرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، هەر لە وتارنووس و هەواڵنێر و دەنگبێژەوە بگرە تا بەشی فەننی و تکنیکی و بەشی پاراستن و بەشی هەڵکردن "وەشان" و کارەکانی دیکەی یەکدڵ و یەکدەنگ و یەک نەفەس، لە ژێر گەرمای تاقەت پروکێن و تەوژمی با و باران و سەرما، لە ژێر ڕەهێڵەی بۆمبارانی فرۆکەکانی ئێران و شریخەی گوللە تۆپ و خۆمپارە و هێرشی جۆراوجۆردا کاریان کرد و خەمیان تەنیا خەمی ڕانەوەستانی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو.

کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری سەر بە رادیۆ شەو و ڕۆژیان دەکردە یەک بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا ڕادیۆ دەنگی کوردستان میوانی مووچە و مەزرا و ماڵ و دووکان و دانشگا و شوێنە گشتیەکان بێ و ئەوەش لە دیارترین پەیامی شۆڕش و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لە چل ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دا جوانترین پیرۆزبایی لە کارگێرانی ئێستای ڕادیۆ، لە کارگێرانی پێشووی ڕادیۆ و هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە خەمیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان خواردەوە و هیوادارم کە ئەوانەی زیندوون و لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە دەژین هەردەم ساخ و سەربەرز بن و ئەوانەی شەهید بوون و یا کۆچیان کردووە ڕووحیان شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.

١٦ی جووونی ٢٠٢٠

## وەفایەک بۆ دایە فاتم، دایکی هەموو پێشمەرگەکان

لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و لە شاخ و لە ئەرکی پیرۆزی نیشتمانپارێزی دا، هەندێک مرۆڤ هەن کە زیاتر لە مرۆڤەکانی دیکە مایە بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان دادەنێن.

لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا و لە سەردەمی خەباتی سەختی پێشمەرگانەدا هەندێک مرۆڤ فریادرەس و یارمەتیدەری ئەم شۆڕش و بزووتنەوەیە بوون و هەن، لە نێو ئەوانیشدا هەندێک کەسیان پشکی شێریان پێ دەبڕێ و دەبنە خۆشەویستی هەموو کادر و پێشمەرگەکان و هەموو لایەک ڕۆژ ژمێری دەکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیبینن.

هەموو ئەوانەی کە لە نزیکەوە کاک ئەسعەد گامێشانی دەناسن، دەزانن کە پشتیوانی سەرەکی هەموو کارەکانی کەسێک بوو، بە ناوی دایە فاتم، کە دایکی کاک ئەسعەد بوو. دایە فاتم بە دەیان جار بە هۆی هەڵسووڕانی کوڕی پێشمەرگەی لە لایەن ڕژێمەوە بێحورمەتی پێکرا و بۆ ئیدارەی جیاجیاکانی لێپرسینەوە بانگ کراوە.

دایە فاتمە هەمیشە وەک ژنێکی بوێر و نەترس پشتیوانی لە کوڕی پێشمەرگەی و هەموو پێشمەرگەکانی حیزب و لایەنەکانی دیکەش دەکرد، ژنێکی مەشرەف خۆش، دونیا دیدە، چاوکراوە و ساحەب قسە و دەستڕۆیشتوو بوو، ماڵ و ژیانی، ماڵی هەموو کەس بوو، ژنێکی خۆشەویست و لەبەردڵان و مێهرەبان بوو.

بە هۆی ئەوە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ کاک ئەسعەد لە هێزی شەهید مینەشەم (زمزیران) دا خزمەتمان دەکرد، لە نزیکەوە هاتوچۆکانی کەس و کارمان لەگەڵ یەکتر باس دەکرد، بە تایبەت ئەو کاتانەی بە یەکەوە لە تیمی تەشکیلاتی کاڵەشین دابووین، چەندجارێک دایە فاتم بە نەهێنی سەردانی دەکردین، جیا لەوە کە چاو و دڵمان پێی ڕوون دەبۆوە، لە هەمان کاتدا وره و ئیرادەی زیاترمان بۆ پێشمەرگایەتی لە لا درووست دەبوو.

ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە نیو دارستانێکی چڕوپڕی نێوان گوندەکانی شێوەجۆ و مێرگەپیرکێ، دایە فاتم بە کۆڵێک شتوومەکی تایبەتی و بە گۆچانێکەوە هاتە لای ئەسعەد و لەوێ بە دیداری شاد بووین. ژنێک کە دیواخانی ماڵی مام کوێخا عومەری گامێشانی بەڕێوەدەبرد و هەموو جۆرە میوانێکی بە دڵخۆشیەوە بەڕێ دەکردن، ئەمرۆ هاتبوو لە نێو دارستنێکی

چڕوپڕ کە پڕ بوو لە گیانلەبەری جۆراجۆر و لە ژێر هەڕەشەی دوژمن دا میوانداری ئێمەی دەکرد.

دایە فاتم ماوەیەک پشووی دا تا بڕێک ماندوویی بحەسێتەوە و هەناسەبڕکەی بڕینی هەورازەکەی کەم ببێتەوە. پاش ماوەیەکی کەم گووتی دایکتان کوێر بێ ، ئاخر ئێرە بۆ ئەوە دەبێ ئێوەی گەنج تێیدا ئیسراحەت بکەن و چەند وتەیەکی دیکە، دواتر کەل و پەلەکانی دەرهێنان و بە یەکەوە هەندێک شیرینی و شتیترمان خوارد، ماوەیەک لە لامان بوو، دوای ئەوە پشوویەکی باشمان دابوو، گووتی: کوڕەکانم هیچ جیاوازیتان پێ ناکەم، هەرچی پێویستتان بوو وەڵامم لێ بنێرن تا بۆتان بنێرم، ئێوە جێگای شانازی بنەماڵەن و هیچ کات نیگەرانی ئێمە مەبن و بە دڵی خۆتان بکەن و تەنیا نەسیحەتی من ئەوەیە کە دەبێ ئاگاتان لە خۆتان بێ و پشتتان بە پشتی یەکەوە بێ و هەندێک ڕێنوێنی دیکەی کردین.

قسەکانی دایە فاتمە بۆ ئێمە ورە و ئیرادە بوون، لە ماوەی چەندین ساڵ پێشمەرگایەتی دا بۆ دیتنی دایە فاتمە لەگەڵ کاک ئەسعەد سەردانی گوندی گامێشانمان کرد، سەردانی مووچە و مەزرا و مناڵەمان کرد و هەموو جارێک بە دڵخۆشییەوە وەری دەگرتین و ئێمەشی دڵخۆش دەکرد.

دایە فاتمە بە حەق دایکی هەموومان بوو، یاد و ناوی دایە فاتمە لە دڵان دا هەردەم زیندوویە، ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

ئەو کورتە نووسینە تەنیا وەفایەک بوو بۆ دیدارە نەهێنی و نیوە نەهێنی و ئاشکراکانی دایە فاتمە، بۆ ڕێنوێنی و بۆ خەمخۆرییەکانی بۆ ئێمە، وەک خۆم قەرزداری چاکە و گەورەیی دایە فاتم و هەموو ئەو دایکانەم کە بە سەردانیان بۆ لای کوڕ و کچی پێشمەرگەیان دڵی هەموو لایەکیان خۆش دەکرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە فاتمە، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێی خۆشەویستم کاک ئەسعەد گامێشانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی بە گشتی لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی دایە فاتمە دەزانم و لێرەوە سەرەخۆشی لە برا و خوشک و کەس و کاری کاک ئەسعەد و دایە فاتمەی ئازیز دەکەم.

ڕووحی شاد

٢٠ی جوونی ٢٠٢٠

## زامدارانی شیمیابارانی سەردەشت و پەتای کۆرۆنا.

ئەمساڵ ٣٣ ساڵ بە سەر بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتدا کە لە لایەن حکوومەتی بەعسی ئەفلەقی ڕووخاودا ئەنجامدرا تێدەپەڕێ، ٣٣ ساڵە هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری بە ئازار و ئێشی گازی خەردەل و بۆمبی شیمیاییەوە دەناڵێنن. لەو کاتەوە تاکوو ئێستاش ژمارەی قوربانیان و زامداران و بەرکەوتووانی ئەو کارەساتە سامناکە، بە وردی ڕوون نەکراوەتەوە.

ئەگەر بمانهەوێ ئاوڕێک لە زامدارانی ئەو ڕووداوە بدەینەوە دەکرێ بڵێین کە بە گشتی زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت، سێ گرووپن.

گرووپی یەکەم، ئەو کەسانە پێکدێن کە لە کاتی شیمیاباراندا لە ڕێگای نەخۆشخانەکان و پزیشکانی پسپۆر و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی ڕێژیمەوە سەرژمێری کراون کە ئەو کات لە سەرووی هەشت هەزار کەس ئەژمار کراون.

گرووپی دووهەم، ئەو کەسانە پێکدێن کە لە ژێر چەتری ئیدارەی بەناو بونیادی شەهید و گیانبازاندا ناونووس کراون و ئەو ئیدارەیە ئەو کەسانە وەک گیانباز دەناسێنێ کە لە سەدا پێنج تا سەدا حەفتا و پێنج دەگرێتەوە. زۆربەی بەرکەوتووانی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت ڕێژەی زامەکانیان لە خوار بیست و پێنج لە سەدە.

گرووپی سێهەم، ئەو کەسانە پێکدێ کە ڕێژەی زامەکانیان لە سەرووی بیست و پێنج لەسەدن. ئەو گرووپە لە چاو ئەو هەشت هەزار کەسە ڕێژەیان زۆر کەمە و ئەو ڕێژە دیاری کراوە تا ڕادەیەک یارمەتی ماددی و دەرمانی دەکرێن و دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی دەوڵەت بڵێ کە پێڕاگەیشتن بە زامدارانی شیمیایی سەردەشت ئەرکی سەرشانمانە و بۆ شوێنەونکە، بەشێک لەم گرووپەیان لە هەندێک ئیدارە دامەزراندوون و تا ڕادەیەکیش لە ژێر چەتری پێڕاگەیشتن و خزمەتگوزارییەکی زۆر کەمدان، ئەو خزمەت و پێڕاگەیشتن و دامەزراندنەی زامدارانی شیمیایی کەمتر لە سەدا بیست و پێنج ناگرێتەوە.

ساڵانێکی زۆرە کە بریندارانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بە دەست ئەو نەخۆشیانەی کە لە ژێر تەوژم و کارتێکەری گازی خەردەل تووشیان بوون دەناڵێنن، بەشی زۆری زامداران بە دەست نەخۆشی سیپەلاک و هەناسەدان، خورانی لەش و

پێست، کروزانەوە و ئێشی چاو، دڵەڕاوکێ و ئەعساب و ئازاری گەدە و دەروونی دەناڵێنن و لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە هۆی ئەوەی کە بەشی زۆری زامداران ناتوانن کاری قورس بکەن، بێکارن و بەداخەوە گیروگرفتی ماڵی و دارایی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئازارەکانیان لە نەبوونی دەوا و دەرماندا زیاتر بن و ڕۆژبەڕۆژ ئازارەکانیان زیاتر و زیاتر پەرەدەستێنێ.

دوای ساڵانێکی زۆر هەنووکەش بەشێک لە بەرکەوتووانی شیمیابارانی شاری سەردەشت بە دەست بێ دەواودەرمانی دەناڵێنن و سەرەرای نەبوونی داو و دەرمان و کەپسوولی هەناسەدان، لەگەڵ وەرزەکانی ساڵ لە ئێشکە ساڵی دا تووشی نەهامەتی و ئێشک بوونەوەی پێست و کروزانەی چاو دەبن و لە وەرزی تەڕی و باران و ساردی و سەرماش دا بە هۆی ئەوەی کە جەستەیان لاواز بووە تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن و هەمیشە مەترسی کۆخە و ڕشانەوە و منداڵ لەبەر چوون لە بەشێکیان دا دەبیندرێ.

لە وەرزی ئێستای پەتای کۆرۆنادا لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەک وەک یەک لەم پەتایە دەترسن، بەڵام بەداخەوە مەترسی زیاتر لە سەر ئەو زامدارانە هەیە، ئەوان پێش پەتای کۆرۆناش وەزعی جەستەیی و دەروونیان باش نەبووە، هەر بۆیە ئێستا لە خاڵی سووری مەترسی دان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر نەیتوانیوە یا نەیویستوە چارەسەری زامەکانی پێشوویان بکا، بەڵکوو لەم نەهامەتیەش دا ئاوڕیان لێ ناداتەوە و هەر وەک چۆن هەموو کۆمەڵگەی ئێرانی پشت گوێ خستوە، ئەوە زامدارانیشی دوو جار و چەند قات پشت گوێ خستوە.

دابەزینی نرخی پووڵی ئێران و ئاوسانی ئابووری کارتێکەری زۆری لە سەر خەڵک بە گشتی و لە سەر زامدارنی شیمیایی بە تایبەتی هەیە، چونکە نەبوونی مووچەیەکی تایبەت و یا ئەو مووچە کەمەی کە دەردێتە نزیک بە ٤٠٠ کەس، هیچ لە کێشەکانی ئەوان کەم ناکاتەوە و نەبوونی داو و دەرمان و کەپسوولی ئۆکسیژنی تایبەت و یا گرانی دەرمان بۆتە گەورەترین کێشە و ئەوەش هەم کاریگەری لە سەر ژیانیان هەیە و هەمیش ناتوانن کە پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆیان دابین بکەن.

ئێستا کە پەتای کۆرۆنا بۆتە نەخۆشییەکی سەرتاسەری و مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان و جیهان بە گشتی، کەسانی ساغ و ئاسایی و بازاڕیی و تەنانەت هەموو کۆمەڵگە لە حاڵەتی بێکاری دایە و لە نەبوونی کار و مووچەدا و قەرەنتینە، بەداخەوە زامدارانی شیمیایی لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بە یارمەتی ماددی و مەعنەوی هەموو لایەک هەیە و پێویستە کە کەسانی دەرەوەست و خەمخۆر لە بیر و فکری ئەوانیش دابن. کەم نین ئەوانەی کە هەر ئێستا لەبەر نەبوونی پارە و داهات دەرمانەکانیان بۆ دابین ناکرێ و ئەوەش کاریگەری لە سەر جەستە و باری دەروونیان دەبێ.

لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەت و دامودەزگای حکوومەتی و ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە کەلک و سوودی سیاسی و ماڵی لە زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت و زەردەی کرماشان و ناوچەکانی بانە و سەقز و پیرانشار و شارەکانی دیکە وەر گرتوە. ڕێژێمی ئێران بە نیشاندانی پەروەندە و وێنەی زامدار و بۆمب و وێرانییەکان، وێڕای ئەوە کە داوای یارمەتی دەرمانی و دارایی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە، هاوکاتیش داوای غەرامەتی شەڕی لە دەوڵەتی عێراق کردوە و کەم و زۆر ساڵانێکی دوور و درێژە بە ناوی ئەو زامدارانەوە داو و دەرمان و پووڵێکی زۆر وەردەگرێ.

دەوڵەتی ئێران لە جیاتی ئەوەی کە قەرەبووی زامدارانی شیمیایی سەردەشت و شارەکانی دیکە بکاتەوە، زۆرتر بەو کەسانە ڕادەگا کە لە شارەکانی دیکەی ئێران لە کاتی شەری ئێران و عێراق ، سووریە، لوبنان، عێراق و یەمەن دا یا کوژراون و یا بریندااربوون.

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە سپاسی ئەنجوومەنی برینداارانی شیمیایی شاری سەردەشت و خەمخۆرانی ناوچەی سەردەشت بکەین کە خۆبەخشانە ساڵانە بۆ ئەوەی دەرد و ئازارەکانی هەر سێ گرووپی زامداری شیمیایی کەم بکەنەوە، بە پێکهێنانی کۆڕی تایبەت و چوونە سەر مەزاری شەهیدان و سەردانی بەشێک لە زامداران، هەوڵ دەدەن کە وەریان بەرز بکەنەوە و لێیان بپرسن و باری ڕۆحی و ڕەوانیان ئارام بکەنەوە.

بۆ ئەوەی باری قورسی ژیانی ئەو زامدارانە کەم بکەینەوە پێویستە کە لە باری دیپلۆماسی و لە باری ڕاگەیاندنەوە کەیس و پەروەندەی داخراوی ئەو زامدارانە و ئازار و نەهامەتییەکانیان، لە لایەن حیزبە کوردستانییەکان و کەسایەتی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بگەیەندرێتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کار بۆ ئەوە بکرێ کە کارەساتی سامناکی شیمیابارانی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، شاری سەردەشت و دەوروبەری و شارەکانی دیکەی کوردستان بە ژێنۆسایدی کوردانی ڕۆژهەڵات بناسێندرێ و ئەم جینایەتە بخرێتە خانەی قڕکردنی بە کۆمەڵی کوردانی ڕۆژهەڵات و لە هەمان کاتدا هەر دوو حکوومەتی عیراق و ئێران بخەنە لیستی تاوانبارانی بەکار هێنانی چەکی قەدەغە کراو و کۆمەڵکوژ.

٢٧ی جوونی ٢٠٢٠

## بەیانی‌یەکی پڕ لە حەسرەت بۆ (نەسیم عەزیزی)

بەیانی بە دەنگی دەک بمرم و بە گریانی شلێری هاوژینم کە لە ژوورێکی دیکەی ماڵەکەمان قسەی دەکرد و ئارا و قەراری لێ هەڵگیرا بوو، وەخۆ هاتمەوە، بە پەلە چووم و گووتم چی بووە؟ دەستی بە هەنیسک و گریان کرد و قسەی بۆ نەدەکرا، لەوبەری تەلەفوونیش دەنگێکی نزم و نووساو بە وشەی پچڕپچڕ دەیگووت چم لێدەکەی ماڵمان وێران بوو، چرای ماڵمان کوژایەوە.

دەنگی موژدە و باجە خەجیج بوو، هەوودای بیر و خەیاڵم پسا و زانیم کە چ کۆستێکمان لێکەوتووە، زانیم کە خوشکە ژیر و مێهرەبانەکەمان نەسیم کۆچی دوایی کردووە و بەم کۆچە ناوەختە، لەم وەرزە پاییزەی‌یەدا، پاییزی لە ئێمە ڕەنگ زەردتر کردووە.

((ئازیزێ... ئەمن سەدایەکم دەگەیشتێ براینە برادەرینە
گەلێک گەلێک لەمن سەدایەکی گەورە و گرانە
هێندێک دەڵێن بابەکەی بابم ئەوە سەدایە پیرەپاییزێیە
هێندێک دەڵێن نەخەیر بایە، بارانە
هێندێک دەڵێن بەفرە، بولەرزەیە، ئاخری زەمانە))

لەو دیو هێڵی تەلەفوونەوە بە هەنیسک و گریانەوە چەند قسەیەک لە هەناوی تەندووروئاسامان ئاڵوگۆر کردن کە زۆرتر لە ناڵە و هاوار دەچوو، دەبوو خۆم کۆبکەمەوە و دڵخۆشی کەسێک بدەمەوە کە سووڕی زەمان هەر لە سەرەتاوە بە دژی سووڕاوە و لە هەموو خۆشی‌یەکانی ژیاندا، ئەم سوورە نارێکە جیا لە ناخۆشی و نەهامەتی چی پێ نەبەخشیوە و ناعەداڵەتی زۆری لەم ڕۆژگارە دا لەگەڵ کردووە.

لاواندنەوەیەک کە بەندی جەرگ و دڵ دەپسێنێ و هەموو کەس ناتوانێ بەرگەی ئەم لاواندنەوە بە سۆزە بگرێ، لاواندنەوەیەک کە چەند جار پێشتریش لە چەند قۆناخی دیکەدا گوێمان لێ بووە بۆمان ئاشنا بوو.

((ئەری دە وەرە وەرە بنوو ماڵی بابی من ئازیزە گوڵە گوڵێ

ئەمن کەوایەکی لە بۆ ئازیزێ خۆم دروست دەکەم

لە پەلکی دە ڕەشەڕێحانێ

پەراوێزانی تێدەکەم لە پەلکی دە سوورەگوڵێ

وەستایانی بۆ دێنم لە حیللەی

شاگردانی بۆ دێنم لەوێ قۆجەموسڵێ

لەگەڵ هەموو تەقەڵ و تەریبانی ئازیزێکی خۆشی بۆ بڵێ، ئازیزێ وەی ئازیزێ))...

خوشکە خەجیج جیا لە ئەرکی دایکانەی، ئەرکی قورسی دیکەی پەروەردەکردن و ئەرکی باوکانەشی زۆر بە جوانی بەڕێوەبردووە.

منداڵەکانی گەیاندنە لووتکە، پێی گەیاندن، فێری ئینسانییەت و مرۆڤایەتی کردن، لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا فێری خۆراگری و ژیری و چاونەترسانی کردن، لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی سەختی پێشمەرگانەدا لە ژێر سێبەری خۆی گرتن. لە ژێر تەوژمی بۆمبارانی فرۆکە و کاتیۆشاباران و مووشەک و ڕێژنەی گوللەدا سینگی بۆ کردنە قەڵا و سەنگەر و لە هەموو بێئیمکاناتییەکانی پێشمەرگانەدا پێیان ڕاگەیشت و ئەرکی خۆی سەد قات زیاتر بۆ کچ و کوڕەکانی بەڕێوەبرد.

نەسیم کچی گەورەی باجە خەجیج و یادگاری شەهید حەمەعەزیزی عەزیزی، لە منداڵەکانی دیکەی گەورەتر بوو، هەر بۆیە لە هەرەتی منداڵی دا ئەرکی پێڕاگەیشتنی خوشک و براکانی وەئەستۆی خۆت گرتبوو، ئەو لە نازی باوکی فەرماندەی بێبەش بوو، هەربۆیەش بۆ منداڵەکانی دیکە جیا لە خوشکی گەورە، دایک و باوک و هاوڕێی تا سەریان بوو.

کچ و کوڕەکان حەقیانە جیا لە شانازی کردن بە نەسیمی جوانەمەرگەوە، هاوکات بۆی خەفەتبار بن و بۆی بە پەرۆش بن، چوونکە دەزانن کە چ گەوهەرێکی گەورەیان لە دەستداوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا کچ و کوڕ و خوشک و براکانی دەبێ ئەوە بزانن کە نەسیم بە تەنیا موڵکی ئەوان نییە بەڵکوو موڵکی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەگەڵی بوون و ناسیوویانە.

لەو کاتەوە کە وەک خزم و تێکەڵاوی بنەماڵە ناسیوومن و دواتریش لە سەنگەری شۆڕش و خەبات لە ریزەکانی دێموکرات دا بە یەکەوە هەنگاوی پێشمەرگانەمان هەڵێناوەتەوە، ئەوان بۆ من و بۆ هەموو پێشمەرگەکان خوشک و کەس و کار و هیوا و ئومێد بوون.

بەشی ژیانی نەسیم وەک قسمەت لە ژیاندا کورت بوو، بەڵام ئەم بەشە کورتە لە ژیانی نەسیم پڕ بوو لە سەروەری و گەورەیی، پڕ بوو لە مێهرەبانی و هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری، پڕ بوو لە وەفاداری و خۆشەویستی، مرۆڤێک بوو تەژی لە جوانی و لە ئەوین بە بنەماڵە و بە گەل و نیشتمان، ئەوەی جارێک دیبێتی و یا ڕێی لە ماڵی کەوت بێ، دەزانێ کە مەرگ و نەخۆشی چ غەدرێکی گەورەی لەو مرۆڤە هەست ناسکە کردووە، باوەر کردن بە کۆچی دوایی نەسیمی جوان و لەبەردڵان بۆ زۆرێکمان زەحمەتە و هەر بۆیەش هەموومان بە گشتی تاساوین.

بنەماڵەی گەورەی عەزیزی و مەحموودی و بایزیدی و خزرنیا و درەختی نرخی زۆر گەورەیان بۆ ڕزگاری گەلەکەیان پێشکەش بە بارەگای نەتەوەی کورد کردووە و دەگمەنن ئەوانەی وەک ئەو بنەماڵانە خزمەتیان بە گەل و نەتەوەی خۆیان کرد بێ.
ئەوەندەی لە سەر نەسیمی هەردەم پێشمەرگە بنووسم هەر کەمی دێنم و ناتوانی وەسفی ئەو خاتوونە ڕەنگ پەمەیی و خاکەڕایی و پێشمەرگەیە بکەم، هەر بۆیە جیا لە سەر دانەواندن بۆ خزمەتەکانی خۆی و بنەماڵەکەیان هیچ شتێکم نییە کە بارتەقای لقێکی چووکە ئەم شۆڕە بییە پڕ لق و پۆپە بێ.

بە بۆنەی کۆچی دوایی خوشکی ئازیزمان نەسیمی جوانەمەرگ، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە باجە خەجیج و کچ و کوڕەکانی، لە کاک محەممەد بایزیدی هاوسەری نەسیمی خۆشەویست و کوڕ و کچە ژیرەکەی و بنەماڵەی گەورەی عەزیزی ( مام و پوورەکانی) ، بنەماڵەی مەحموودی ( خاڵ و پوورەکانی) ، بنەماڵەکانی بایزیدی و خزرنیا و دەرختی و هەموو خزمان لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی گشت لایەک دەزانم.

ڕووحی شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## بایدن و ترامپ بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن چەندیان خەرج کردوە؟

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا هەمیشە لە یەکەم سێشەممەی حەوتووی یەکەمی مانگی نوامبر دەست پێ دەکا و، ئەمساڵ کەوتە ٣ی نوامبر. بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتەکان، سیستەمی سیاسی ئەمریکا لە ژێر هێژموونی و دەسەڵاتی دوو حیزبدایە، هەر بۆیەش سەرۆک کۆماری بە بەژن و باڵای یەک لەو دوو حیزبە براوە.

کۆماریخوازەکان لە ئەمریکا بە حیزبێکی سیاسیی کۆنەپارێز دەناسرێن کە نوینەرەکەیان لەم دەورەیەدا دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری ئێستایە. ناوبراو هەموو هەوڵی خۆی دەدا کە بۆ جارێکی دیکەش لە کۆشکی سپیدا بمێنێتەوە.

دێموکراتەکانیش لە ئەمریکا بە حیزبێکی سیاسیی لیبراڵ دەناسرێن و نوێنەرەکەیان جۆ بایدن، یەکێک لە سیاسەتمەدارە کۆنەکارەکانی ئەو حیزبەیە و پێشتریش بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە دەفتەری باراک ئۆباما کاری کردوە.

هەر دوو بەربژێرەکان تەمەنیان بەرەو ٨٠ ساڵ دەروا، ترامپ تەمەنی ٧٤ ساڵە و جو بایدن ٧٨ ساڵ. لە ئەگەری هەڵبژێرانی جوبایدن بە سەرۆک کۆمار، ناوبراو لە مێژووی ئامریکادا دەبێتە بەتەمەنترین سەرۆک کۆمار.

### خەرجی و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان

بانگەشە و ڕیکلام و بە تایبەتی بانگەشەی تەلەڤیزیۆنی یەکێک لە گەورەترین و زۆرترین خەرجییەکانی هەڵبژاردنە.
بە پێی ڕاپۆرتی بنکە چاوەدێرییەکانی تایبەت بە خەرجیی هەڵبژاردنەکان، تیمی جۆ بایدن تاکوو ئێستا زیاتر لە ٦٣٨ میلیۆن دۆلاری بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان خەرج کردووە و زۆرترین خەرجی ئەو بانگەشەیە، خەرجی تەلەڤیزیۆنەکان بووە.

لە لایەکیتریشەوە دۆنالد ترامپ بۆ ڕیکلام و بانگەشە تاکوو ئێستا ٤٧٢ میلیۆن دۆلاری خەرج کردوە.

ئەو ئەژمار و ئامارە لە لایەن ناوەندی کنتار، سیئێم ئایجی کە بە دواداچوون بۆ خەرجییەکانی هەڵبژاردن دەکا بڵاو

کراوەتەوە و ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو خەرجییانە تا بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٣ی نوامبر بووە.

ئەو ناوەندە باس لەوە دەکا و دەڵێ: شیمانەی ئەوە دەکرێ دوناڵد ترامپ ٤٣ میلیۆن دۆلاری دیکەش خەرجی بانگەشەی دیجیتاڵی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بکا، چونکە حەوتووی ڕابردوو جۆ بایدن زۆر چالاکانە لە ڕیگای فەیسبووکەوە بانگەشەی کردوە.

بە پێی هەواڵی ئەو ناوەندە جۆ بایدن لە چەندین ئەیالات کە لە هەڵبژاردنەکانی نێوان کۆماریخواز و دێموکراتەکاندا یەکلاکەرەوەن، دوو هێندەی دوناڵد ترامپ خەرجی کردوە، بۆ نموونە لە ئەیالەتەکانی ئاریزونا، پنسیلوانیا و میشینگان.
بە گشتی چاوەدێرانی ئەو بەشە دەڵێن: هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ گرانترین هەڵبژاردنەکانی مێژووی ئەمریکایە کە نزیک ١٤ میلیارد دۆلاری تێدا خەرج کراوە.

هەڵبەت نیوەی ئەو بڕە پووڵە تێچووی ریکلام و بانگەشەی هەڵبژاردنی کۆنگرێس بووە کە ئەمساڵ ٣٥ کورسیی سەنا و هەموو ٤٣٥ کورسییەکەی مەجلیسی نوێنەران دەخرینە بەر دەنگدانەوە.

١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## مام عەزیزی ئازیز، باوکی هەمووان ئۆغرت خێر بێ

زیاتر لە ٤٥ ساڵە دەتناسم، پیش ئەوەی شا بروخێ هاتووچۆی لای باوکمت دەکرد و بە دڵەوە هەموومان گوێمان بۆ قسە بەنرخەکانت ڕادەگرت.

مامی هەمووان، باوکی گشتمان، تاجی سەرمان!!

تۆ نامری و هەر لە یادمان دای، تۆ گەورەو سەروەرمان بووی، مامۆستا و فەرماندە و پێشرەومان بووی، تۆ ساحەب ئیرادە و گەورە و باب و مامەمان بووی، بە دڵنیایەوە لە بیر و هزرمان دا هەروا دەمێنیەوە.

لە کۆمارەوە دەستت پێکرد و تا ئێستاش هەروا بەو ڕێچکەیە دا بێ ماندوو بوون هەنگاو دەنێی و ئێمەش هان دەدەی کە بەو ڕێگایەدا هەنگاو بنێین.

گەورەم، مامۆستام، هێزی باوەر و ئیمانمان!!

خەمی کۆچت، خەمی ڕۆیشتنت، بۆ ئێمە هێندە گرانە کە لە نووسین و باس کردن نایە.

١٥ ساڵ پێش ئێستا نووسینێکی ١٠ لاپەرەییم لە سەر ژیان و بە سەر هاتی گەورەمان مام عەزیز نووسی. ئەو نووسینەم بۆ دوایین منداڵی مام عەزیز، کاکە برایم خوێندەوە و بە یەکەوە هێندێک ئاڵۆگۆری بیروڕامان کرد.

نووسینەکە ئامادەی بڵاو کردنەوەیە، بەڵام دیسان دەست رادەگرم چوونکە پێم وایە نووسینەکەم کرچ و کاڵی پێوە دیارە و دەبێ دەوڵەمەندتر و پڕ نیوەرۆکتر بکرێ.

رووحت شاد گەورە پیاوی ناوچەکەمان، ڕووحت شاد بابی هەموومان.

ڕەوانت شاد کێوی ورە و ئیمان، رووحت شاد مەزهەری وەفا و ئەمەگ و تێکۆشان، تۆ نامری و هەردەم لە یادمان دا پێشەنگ و پێشرەو و گەورەمانی.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی مام عەزیز عەزیزی و دانیشتوانی بێوران و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم و ئێوە تەمەن درێژ بن.

باوکی ئێوە سەروەر و گەورە و پێشەنگی کاروانی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بوو.

ئەو مەزهەری خۆشەویستی و وەفا بوو.

کاتێک لە سەر تەختی نەخۆشخانە بووم و لاقێکم بڕا بۆوە، مام عەزیز لە تەنیشتم بوو، گووتی: حەمە گیان، ڕۆڵە شیرینەکەم، خۆزگە حەمە عەزیز و کاکە ڕەسوول و هەموو شەهیدان وەک تۆ زیندوو دەبوون و بە جێیان نەدەهێشتین و بە ڕۆیشتنیان ئەو خەمە گەورەیان لە سەر دڵمان جێ نەدەهێشتین، ئەو قسەیە منی ڕاستکردەوە و بڕیارم دا گۆچانی دەست مام عەزیزەکان بم.

ئەوەیە گەورەیی مام عەزیز و هەر بۆیەش هەمووومان بە کۆچی غەمبار دەبین.

لە ڕێگەی ئەم کورتە نووسینە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی مام عەزیز و هەموو خزمان و کە س و کاری لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزام و ئێوە تەمەن درێژ و ساخ و سەلامەت بن. مام عەزیز باوکی هەموو لایەکمان بوو و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## کۆچی دوایی وەستا قادر حەسەن‌پوور ئەندامێکی وەفادار و دێرینی حدک و برای نەمر کاک حەمەرەسووڵ حەسەن‌پوور

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمرۆ ڕێکەوتی ٢٠ - ١١ - ٢٠٢٠ وەستا قادر حەسەن‌پوور برای نەمر کاک حەمەرەسووڵ حەسەن‌پوور بە هۆی نەخۆشی کۆرۆنا لە تەمەنی ٨٢ ساڵی دا لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەدا کۆچی دوایی کرد. وەستا قادر حەسەن‌پوور کوری حاجی برایمی مام ئۆمەری لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی دا لە دایک دەبێ و دەورانی مێرمنداڵی لە ئامێزی بنەماڵەکەی دا لە قۆناخێکی سەختی دوای شەری دووهەمی جیهانی دا تێپەر دەکا و دوای تێکروخانی کۆماری کوردستان بەداخەوە بە هۆی ئەوە کە باوکی لە ئەندامانی سوێندخواردووی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان بوو، لەگەڵ باوکی ئاوارەی باشووری کوردستان ( قەڵادزێ ) دەبن و بۆ ماوەی ١٠ سال لە قەڵادزێ و لە دەڤەری پشدەر دەمێننەوە. شایانی باسە کە حاجی برایم حەسەن‌پوور باوکی وەستا قادر، بە تفەنگێک کە ئی کۆماری کوردستان دەبێ دەچێتە باشووری کوردستان و دوای ١٠ ساڵ کە دەگەرێتەوە شاری سەردەشت، لە لایەن ساواک و رووکنی ٢ی ئارتەش بانگ دەکرێ و پێی دەڵێن کە تفەنگێکی ئارتەشی ئێرانت لەگەڵ خۆت بردوە بۆ عێراق و دەبێ پووڵی ئەو تفەنگە بدەیەوە بە حکوومەتی ئێران، ئەو کات پووڵی تفەنگەکە لە کاک حاجی برایم وەر دەگرنەوە.

گەورەبوون لە نێو بنەماڵەیەکی شۆرشگێردا وەستا قادر فێری خۆشەویستی بە گەل و نیشتمان دەکا و ئەوەش وا لە وەستا قادر دەکا کە بە ڕێچکەی باب و مامەکانی دا کە دێموکرات بوون هەنگاو هەڵبێنێتەوە و هەر بۆیە وێرای ئەوە کە وەک خۆی کەسایەتی‌یەکەی تایبەتی لە نێو خزم و هاوشاری و ناوچەکەدا هەبوو، لە هەمانکاتدا وەک مرۆڤێکی دیاری بنەماڵەکانی حەسەن‌پوور و حەدداد و حەکیم‌زادە و عەلیدووست چاوی لێدەکرا.

لە کاتی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بە دژی رژێمی پەهلەوی دا وەستا قادر بەشداری چالاکانە دەکا و دواتریش دەبێتە یەکێک لە کەسە دیارەکانی کۆڕوکۆبوونەوەکان. دوابەدوای گیرانەوەی کوردستان لە لایەن رژێمی خومەینی‌یەوە، وەستا قادر بۆ ماوەیەک لە لایەن رژێمەوە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برا و مام برازا پێشمەرگەکانی دەگیرێ و بە توندترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دەکرێ.

دوای ئازادبوونیشی لە زیندان کاک وەستا قادر بە هۆی ئەوە کە ئەندامانی بنەماڵەکەیان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان دا خەباتیان دەکرد، زۆرجار لە لایەن رژێمەوە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراوە و زۆرجاریش لە لایەن ئەو ئۆرگانە سەرکوتکەرەی رژێمەوە فشاریان بۆ دێنا کە سەردەشت بەجێ بێڵێت. هەڕەشە و بێڕێزیەکانی حکوومەت هیچ کات نەیتوانی وەستا قادر بە چۆک دابێنی، تەنانەت لەگەڵ کاک حاجی برایمی باوکی چەندین جار بەگژ بەکرێگیراوانی رژێم دا دەچنەوە.

وەستا قادر لە هەموو وەرزەکانی ساڵ و لە هەموو قۆناخەکانی سەختی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە رێگەی قاچاغ دا خۆی دەگەیاندە لای کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور و خزمەکانی کە لە نێو شۆڕش دا بوون. جێگۆرکێ و گۆرینی شوێنی ژیان لە شۆڕش دا و ڕاگوێزتنی بنکە و بارەگا و بنەماڵەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و لە باشووری کوردستان و سەر سنووری نێوان ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان، بۆ وەستا قادر ببوو بە عادەت و لە ژێر هەڕەشەی ڕژێم و ساردی کوێستانەکان و گەرمای تاقەت پڕوکێنی گەرمێن و دەشتی کۆیەدا و لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا هاتووچۆی برای پێشمەرگە و خزمەکانی دەکرد.

وەستا قادر مرۆڤێکی سادە و خاکەرایی بوو، کەسێکی دڵسۆز و خۆشەویستی گشت لایەک بوو، بەردەوام خەمی لە هەژاران دەخوارد و خۆشەویستی‌یەکی تایبەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و شۆڕش هەبوو، پەیوەندی‌یەکی چڕوپڕی لەگەڵ کادرەکانی تیمی تەشکیلاتی نێوشاری هەبوو، جێگای متمانەی کادرەکان بوو، زۆربەی ئەندامانی حیزبی لە نێوخۆی سەردەشت و دەوروبەر و تەنانەت شارەکانی دیکەش دەناسین و پەیوەندی نێوان ئەندامانی نێوخۆ و کۆمیتە و کادرەکانی بە جوانی ڕێکدەخست، وەستا قادر لە زۆر بواردا پرس و رای پێدەکرا و زۆرجار لە لایەن کادرەکانەوە بۆ شوێنی زۆر پڕ مەترسی ڕەوانە کراوە و بە بێ ئەوەی خۆ لە کارەکان ببوێرێ، کارەکانی ڕادەپەڕاندن و نامەو پەیامەکانی کادرەکان و کەسە دیارەکانی حیزبی دەگەیاندە نێوخۆی وڵات و لە کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی دا زەحمەتی زۆری دەکێشا و بە هۆی ئەوە کە لە بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو و شۆرشگێری دێموکرات بوو، خەڵک متمانەیان پێ دەکرد و یارمەتی‌یە ماددی‌یەکانی خۆیان بۆ شۆڕش دەدا بە وەستا قادر و ئەویش بە ئەمانەتەوە دەگەیاندە دەست کادرەکان، وەستا قادر ساڵانە چەند جار سەردانی بنکەکانی حیزب و بنەماڵەکانی دەکرد و هەمیشە بە دەستی پڕ و بە هەگبەیەک کتێبی تازە دەرچوو لە نێوخۆی وڵات را دەگەیشتە لای کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور.

لە ماوەی ئەم شۆڕشەدا وەستا قادر و بنەماڵەکەیان زامی قورسیان هەڵگرت و جگەرگۆشە و برا و خۆشەویستانی وەک ئەمر کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور، شەهیدان محەممەد حەسەنپوور، نەسرین حەدداد، حەمەساڵح حەسەنپوور و کاوە حەکیم‌زادەی لە شۆڕش دا کردنە قوربانی خاک و وڵات، بە دڵ بۆیان گریا و بۆیان بە پەرۆش بوو، بەڵام هەرگیز ئەژنۆی

نائومێدی لە ئامێز نەگرت و ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستی بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەی لە نێو شۆڕش دا و بە شۆرشگێرانی دیکە لە زیادبوون دا بوو، لە سەردانەکانی دا بە بێ ترس هاتووچۆی ڕێبەرانی حیزبی دەکرد و لە نزیکەوە لەگەڵیان دەکەوتە دیالۆگ و زۆرجار دەبوو بە پەیک و نامەبەری شۆڕش بۆ نێوخۆی وڵات.

ئەوانەی لە نزیکەوە وەستا قادریان دیتوە و بە تایبەت کادرەکانی تیمی شار دەزانن کە هەمیشە بە ئومێدەوە دەیروانی‌یە شۆڕش و بە ئومێدەوە باسی لە ڕزگاری گەلەکەی دەکرد، مخابن وەستا قادر ماوەیەک بوو بە هۆی بە سالاچوویی و بە هۆی نەخۆشی کۆرۆنا لە بارودۆخێکی تەندرووستی باش دا نەبوو، وەستا قادر دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی بەداخەوە ئەمرۆ هەینی ٢٠ - ١١ - ٢٠٢ لە ئامێزی بنەماڵەکەی دا کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورە شۆرشگێری حەسەن‌پوور بە گشتی و خزمانیان لە دەرەوەی کوردستان و نێوخۆی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

**٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

## جۆرەکانی توندوتیژی لە سەر ژنان کامانەن؟

ژنێک کە دەست لە ئابووری و شوێنی سەرەکی ژیانی خۆی بە مەبەستی ژیانی هاوبەش هەڵدەگرێ و دواتر لە ماوەیەکی کەمدا کاتێک لەگەڵ توندوتیژی پیاوەکە بەرەوروو دەبێ، لەوە دەترسێ کە ئەگەر ئەو پیاوە بەجێ بێڵێ لە کۆمەڵگادا تووشی نەداری و نەهامەتی بێ. کاتێک بەو ئاکامە گەیشت و وای بیرکردەوە کە پشتیوانی کۆمەڵگا و فەرهەنگی و ئابووری نابێ، ئەوە بە خۆی دەقەبووڵێنێ کە ژیانی ئەو هەر ئەوەیە و دەبێ لەگەڵی رابێ.

### توندوتیژی چیە؟ زۆر و هەڕەشە لێکردن و لێدان چیە؟

بۆچی هەموو پێیان وایە کە بە زۆری لێکردن و توندوتیژی نیشان دان و هەڕەشە و لێدانی ژن، ئەوە " ڕەگەزی نێر" ، پیاوەتی خۆی نیشان دەدا و پیاوەتی خۆی دەسەلمێنێ؟

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تەنیا لێدان و پێدادانی جەستەیی نییە، بەڵکوو وشەی ڕەق و پڕ لە جنێو، شک و گومان کردن، دڵپیسی و لە ماڵێ دا هێشتنەوە و چاوەدێری بێجێ و خۆگرتن و زۆر شتی دیکەش کە بۆتە نەریتی بەشێک لە پیاوان بە توندوتیژی ناوی دەبردری. بەداخەوە ئەوەش لە نێو بەشێک لە کۆمەڵگاکان دا بە نیشانەی غیرەتی پیاوەتی چاو لێدەکردرێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە پیاوان هەمیشە لە وشەی زەعیفە بۆ ژنان کەڵک وەر بگرن.

ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە لە ژیانی بەشێک لە ژنان دا ڕەنگی داوەتەوە و بە بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو ژنانە بە چ ئازارێکەوە ژیان بەسەر دەبەن و چ ئارەزوو و خولیاییەکیان هەیە و لە لایەن بەشێک لە کۆمەڵگاوە، تەنیا وەک ژیانی بنەماڵەیی سەیری دەکرێ.

بەشی زۆرینەی کۆمەڵگا لەو ژنانە پێک هاتووە کە هیچ لە خۆیان و لە مافەکانیان نازانن و پێیان وایە بێدەنگ بوون، ژنی چاکبوون، دەست ڕەنگینی لە ماڵداری و لە سازکردنی خواردندا و بە منداڵ ڕاگەیشتن و پاک و خاوێنی و شۆردن، نیشانەی ژنی چاک بوونە و ئەوان دڵیان بەوە خۆشە کە خاتوونێکی لە خۆبردوو و دایکێکی باشن و بەهەشت لە ژێر پێی ئەوان دایە.

تووندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە گشت تەمەنەکان دا، لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، لە نێو دەوڵەمەند و هەژار و بێکار و کاسبدا دەبیندرێ، تووندوتیژی لە هەموو نەتەوە و ئایین و گشت جیهاندا دەبیندرێ و هەیە. بەڵام لە نێو هەندێک کۆمەڵگادا زیاترە.

تووندوتیژی کردەویەکە کە لە هەست و ناخی بەشێک لە کەسەکان دا خۆی حەشار داوە، تووندوتیژی بنەماڵەیی یەکێک لەو تووندوتیژیە تایبەتیانەیە کە لە نێو بنەماڵەدا زۆرترین زیان و ئازاری جەستەیی و ڕووحی و ڕەوانی بە ژنان و کچان دەگەیێنێ و تەنانەت زۆرجار دەبێتە هۆی دەستدرێژی کردنە سەر کەرامەتی ژنانیش.

ژنان لە هەموو قۆناخەکانی ژیانی خۆیان دا تووشی تووندوتیژی دەبنەوە. لە هەندێک شوێن جیا لە هاوژینە پیاوەکەی، باوک و برا و تەنانەت لە لایەن کورەکەشیەوە تووندوتیژی بەرامبەر کراوە و دەکرێ.

ژنان لە ژیانی خۆیاندا لە زۆر بواردا تووندوتیژیان لەگەڵ کراوە و تەنیا ئاماژە بە چوار جۆرە تووندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکەم، ئەو چوار جۆرە تووندوتیژیەی بریتینلە "جەستەیی ، ڕەوانی، ئابووری و دەستدرێژی."

تووندوتیژی جەستەیی لە ناوەکەی را دیارە، شێوەکانی لێدان، ئازاری جەستەیی، پاڵ پێوەنان، قژ ڕاکێشان، سوتان و لە ژوورێ دا حەپس کردن و شکاندنی ئەندامانی جەستە، دەرکە لەسەر داخستن، لە سەر سفرەی خواردن دەرکردن، لە ماڵەوە دەرکردن، شکاندن و فرێدانی کەل و پەلی خواردن و ئەشیای نێوماڵ و دەرکە پێکدادان و زۆرێکی دیکە لەو چەشنە بۆ بەشێک لە ژنان لە هەموو توێژ و تەمەنێک دا روویداوە و لە زۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و دواکەوتووەکان ڕوو دەدا.
تووندوتیژی زمانی و ڕەوانی جۆرێکی دیکەی تووندوتیژیە کە لە بەشێک لە بنەماڵەکان دا بەرامبەر بە ژنان دەکرێ. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە جنێودان، وشەی زبر و ڕەق و ناخۆش، بەهانەگرتنی دائیمی، هاتو هاوار و بەدخوڵقی، بێ ڕێزی، ئەمرکردن و دەستووردانی بێ جێ، هەڕەشەکردنی جۆراوجۆر، بە کەم گرتن و قسە لەگەڵ نەکردن و نەهێشتنی بۆ دەرەوە بۆ لای هاورێ و هاوکار و دۆستەکانی و زۆر شتی دیکەش لەخۆ دەگرێ. ئەو جۆرە تووندوتیژیانە ئیرادەی ژنان و باوەربەخۆ بوونیان کەم دەکاتەوە و هەمیشە تووشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و تەنیایان دەکا.

تووندوتیژیەکی دیکە بەرامبەر بە ژنان، مەسەلەی دارایی و ئابووریە. دابین نەکردنی خەرجی تایبەت بە ژنان، خەراپ کردن و تێکدانی کەلوپەلی تایبەتی ژنان و کەڵک وەرگرتنی بێ جێ لە شتوومە و داراییەکانی ژنان بە تووندتیژی ئابووری ئاژمار دەکرێ. لە هەندیک بواردا ژنان تەنانەت مافی ئەوەیان نییە کە لە دارایی و لە شتوومەکەکانی خۆیان بۆ

گەشەی خۆیان و منداڵەکانیان کەڵک وەر بگرن.

دەستدرێژی کردنە سەر کەرامەت و جەستەی ژن یەکێکی دیکە لە توونـدوتیژیـیەکانە کە بەرامبەر بە ژنـان دەکرێ. بە زۆر خەوتـن لەگەڵ ژن بە بـێ ئەوەی ڕەزایەتـی ژنەکە هەبـێ، داوای منـداڵ بـوون و یـا پێشگیری لە منداڵ بـوون بە بـێ ئەوەی ژنەکە مەیلی هەبێ و یا خوازیار بێ و چەندین نموونەی لەم چەشنە لە لایان پیـاوانەوە، وا لە ژنـان دەکا کە بەرامبەر بە هاوژینەکەی سارد و سڕی بنوێنێ و ئەوەش دەبێتە هۆی نەخۆشی و زۆرجاریش دەبێتە هۆی خۆکوشتن و خۆسووتـاندن و یـا ژن تووشی داڕمان و نەهامەتی دیکە ببێ.

پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕەوانی دەڵێن: پیاوانێک کە بە منداڵی شاهیدی لێدانی ژنانی بنەماڵەی خۆیـان بـوون، دواتـر زۆربەیـان توونـدوتیژی بەرامبەر بە ژنەکانیان دەکەن. کەسانی کەم ئەزموون، بێ تـاقەت و یـا ئەوانەی کە نـاتوانن لە سەر پێی خۆیان بە باشی ڕاوەستن و ئارەزووەکانیان نـاتوانن وەدی بێنن، زۆرتـر تووشـی توونـدتیژی بەرامبەر بە خێزانەکانیـان دەبن.

بە پێچەوانەی هەنـدیک کەس کە باسـی ئـازادی و دونیـای پێشکەوتوو دەکەن، تەنـانەت دونیـا پێشکەوتووش نەیتوانیـوە توونـدوتیژی بەرامبەر بە ژنـان کەم بکـاتەوە و لە هەنـدیک بـواردا توونـدتیژی زیادیشی کردووە. تەجـارەت و بـازەرگـانی و لەش فرۆشـی، فرۆشـتنی کچـانی گەنـج و کەم تەمەن لە لایەن هەنـدێک بـاوکی نەدار و هەنـدێک مافیـای خۆحەشـاردەر و گەیاندنیان بە بنکەکانی درووست کردنی فیلمی غەیرە ئەخلاقی لە دونیای پێشکەوتوو، ناحەزترین توونـدوتیژیـیە بەرامبەر بە ژنان کراوە و دەکرێ.

بەشێک لە پیـاوان پێشگیری لە سەربەخۆیی دارایـی ژنەکانیـان دەکەن و لە زۆر بـواردا هەڕەشـەی تەلاق و جیابوونەوەیـان لێدەکەن و تەنـانەت هەڕەشە دەکەن کە ژنی دیکە دەهێنن و بەم شێوەیە ژنـان لە مـاڵێ دا بە بێگـاری دەگرن و ناچاریـان دەکەن کە بە مەیـل و خواستی پیاوەکـان هەڵس و کەوت بـکەن و جـاری وایە کە بە زۆر خزمەتـی دایـک و بـاوکی خۆیـان پێدەکەن و هەوڵ دەدەن ژنان لەگەڵ ئەو ژیانە بە مەیلی خۆیان ڕابێنن.

ئەو ژنانەی کە لە بەرامبەر کردەوە و توونـدوتیژیـیەکانی پیاوەکانیان دا بێدەنگی هەڵدەبژێرن، گۆیا لە وجـوودی خۆیـان دا هاوار دەکەن و دەڵێن: " لەگەڵ من وەک بەردە هەڵس و کەوت بکە، لێم بـدە، داوات لێدەکەم هەنـدێک پـارە و پـووڵم پـێ بدە، ئەمن بەردە و کەنیزی تۆم!" ئەو ژنـانەی کە هەمـوو نـاعەدالەتی و توونـدوتیژی مێردەکانیـان قەبـووڵ دەکەن و ئەوان

بە جێ ناهێڵن، ئەوە لە دەروونی خۆیان دا شەڕیکی قورس لەگەڵ خۆیان دەکەن و ئەو وتانەی سەرەوە بە دائیمی دووپات دەکەنەوە.

کاتێک لێیان دەپرسی "بۆچی بە جێی ناهێڵی و لێی جیا نابیەوە؟" وەڵامت دەداتەوە: " ئەمن مێردەکەم خۆش دەوێ". ئەو مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ نیاز و هەستی پێداویستی و بە گشتی لە دونیادا لە پەیوەندی لە هەر دوو ڕەگەز دا دەبیندرێ. ژنێک کە دەست لە ئابووری و شوێنی سەرەکی ژیانی خۆی بە مەبەستی ژیانی هاوبەش هەڵدەگرێ و دواتر لە ماوەیەکی کەمدا کاتێک لەگەڵ توندوتیژی پیاوەکە بەرەوروو دەبێ، لەوە دەترسێ کە ئەگەر ئەو پیاوە بەجێ بێڵێ لە کۆمەڵگادا تووشی نەداری و نەهامەتی بێ. کاتێک بەو ئاکامە گەیشت و وای بیرکردەوە کە پشتیوانی کۆمەڵگا و فەرهەنگی و ئابووری نابێ، ئەوە بە خۆی دەقەبووڵێنێ کە ژیانی ئەو هەر ئەوەیە و دەبێ لەگەڵی رابێ.

پسپۆرانی بواری ڕەوانی دەڵێن: لە هەموو خەراپتر ئەوەیە کە ئەو جۆرە ژنانە نازناوی " ژنی بە سەبر و تەحەموول و ژنی سازانیان" لە خۆیان ناوە. ئەو ژنەی کە بە هۆی توندوتیژی ئازاری بەرکەوتووە، وەک شێرێک دەچێ کە بۆ خۆی قەفەسێکی ئاسنینی بە مەیلی خۆی بەو بەهانانەی کە بۆ خۆی دەیانهێنێتەوە درووست کردووە. ئەگەر ئەو ژنە کەسێکی باوەربەخۆ بێ و لە ئیرادەی خۆی کەڵک وەربگرێ و ئەو قەفەس و ئاسنانەی دەوری خۆی بشکێنێ، زۆر زوو دەزانێ کە ئەو چەندە بەهێزە و پێشتر چەندە زوڵم و زۆری بەرامبەر کراوە، ئەگەر زانی کە چەندە بەهێزە، گۆڕان لە خۆی و دەوروبەری دا درووست دەکا و باوەر بە توانایەکانی خۆی دەکا و دەبێتە نموونە بۆ ژنانی دیکەش.

لە کۆتایی دا ژنان پێویستە کە چیدی بۆ خۆیان قەفەسی ئاسنین بە بەهانەی جۆراوجۆر بۆ خۆیان درووست نەکەن و بەڵکوو ببنە ژنێک کە نەک لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبری هەموو ساڵێکدا بەڵکوو هەموو ڕۆژێکی ساڵ بە دژی توندوتیژی بوەستنەوە و ببنە ڕزگاریدەر و یارمەتیدەری ئەو ژنانەش کە تاکوو ئێستا لە داو و بەند و قەفەسی خۆیان و پیاوەکانیان دان.

وەرگێران بە دەستکاریەوە

٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## بە سزا گەیاندنی گەورە تەخریبکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی هەینی ڕەش دا

ڕۆژی ٢٧ی نوامبر کە بە هەینی ڕەش لە دونیادا ناوبانگی دەرکردووە و خەڵک لە دونیای دەرەوە لە شەوی پێشترەوە لەبەردەم دووکان و پاساژە گەورەکان دەخەون و ڕادەوەستن بۆ ئەوەی شتوومەکی هەرزان بکرن، ڕۆژی ٢٧ی نوامبر بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژی ڕەش و ناخۆشتر بوو، چوونکە زۆر بە هەرزانی و زۆر چاوەڕواننەکراو بە وتەی خۆیان گەورە زانای بەرنامە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران و جێ متمانەی خامنەیی لە دەستدا.

موحسین فەخرزادە یەکێک لە گەورە زانایانی بواری درووستکردنی چەکی ناوەکی و بەرنامەدارێژەری مووشەک و ساروخ بوو کە بە باوکی چەکی ناوەکی ئێران دەناسرا و یەکێک لەو ٥٠٠ کەسە بە ناوبانگەی جیهان بوو و هاوکات بە سندووقی ڕەشی ئێران ناوی دەبردرا. ناوبراو لە وەزارەتی بەرگری کۆماری ئیسلامی ئێراندا کاری دەکرد، ئەو لە ماوەی تەمەنی خۆی دا و لەو پۆستە گەورەیەدا بە دەیان چەکی جۆراوجۆری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران درووست کردن و بەرنامە و تەرحەکانی بوونە جێگای باوەری خامنەیی و سوپای پاسداران و درووستکەرانی چەکی ناوەکی و گەورە لە ئێران. چەک و تەقەمەنییەکانی ناوبراو ماڵی زۆر کەسی وێران کردن و بە گشتی دونیای ڕۆژئاواش لەو جۆرە چەکانە زۆر نیگەران و زۆر بە پەرۆشن و هەربۆیەش مەسەلەی ناوەکی و بەرجام و ڕەوتی وتووێژیان لەگەڵ کۆماری ئێران پێکهێنا.

بە خۆشیەوە گەورە تەخریبکاری کۆماری ئیسلامی بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشت و تۆڵەی هەزاران کەس کە بە مووشک و ساروخەکانی سوپای پاسداران ماڵوێران و ئاوارە بوون لێکرایەوە.

دوای ئەوە کە موحسین فەخریزادە گەورە تەخریبکاری کۆماری ئیسلامی بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشت، بە خۆشیەوە هەر لە هەینی ڕەش دا دادوەری گشتی دادگای برۆکسێل لە بلژیک دوو کەسی دیکە لە تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانی کە ژن و میرد بوون، بە ناوەکانی ئەمیر سەعدوونی و نەسیمە نەعامی کە بە ٢٠ کیلۆ تیئێنتییەوە گیرا بوون بە حوکمی ٢٠ و ١٨ ساڵ مەحکووم کردن، ئەو دوو تیرۆریستە لە هاوینی ساڵی ٢٠١٨ دا بە نیاز بوون کە کۆبوونەوەی گەورەی ساڵانەی موجاهدینی خەڵقی ئێران لە فەرانسە بکەنە ئامانجی تیرۆریستی خۆیان و پێش ئەوە کە بە ئامانجی خۆیان بگەن هەر یەکەی لە وڵاتێک گیران و دوای دوو ساڵ موحاکمە و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژی ٢٧ی نوامبر هەینی ڕەش دا حوکمەکانیان پێ ڕاگەیاندن و کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕوورەش بوو ، هاوکات گیرانی ئەسەدوڵلا ئەسەدی لە ئاڵمان کە یەکێک لە بەناو

دیپلۆماتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئوتریش بوو دەنگۆی زۆری لێکەوتەوە.

لە پاییزی هەمانساڵ دا لە ساڵی ٢٠١٨ دا پۆلیسی دانمارک دوای راودوونانی کەسێک و بەستنی هەموو سنوورەکانی دەریایی و هەوایی و ئیشکانی توانی تیرۆریستێکی ئێرانی دەستبەسەر بکا و لە یەکەم لێدواندا هەر ئەو کات وتەبێژی پۆلیسی دانمارک رایگەیاند کە ئەو کەسە بە نیاز بووە کە کەسێکی ئوپوزسیۆنی ئێرانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دانمارک تیرۆر بکا و خەریکی جاسووسی و کۆکردنەوەی زانیاری دیکە بووە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران.

جیالەوە کوشتنی دوو کەسی ئێرانی لە هولەند کاردانەوەی زۆری لە نێو ئوروپایەکاندا لێکەوتەوە و ئوروپایەکان شەرت و مەرجی زیاتریان بۆ دانوستانەکان لەگەڵ ئێران دانان.

ئەو ریزە گیران و ئاشکرابوونانەی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئوروپا، بوو بە هۆی نیگەرانی دەوڵەتانی ئوروپایی و هەر بۆیەش ئوروپایەکان و دەوڵەتە زلهێزەکان زیاتر لە پێشوو بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران هاتنە دەنگ و بە تایبەت دانمارکیەکان دوای گیرانی تیرۆریستە ئێرانیەکە، بەرپرسی باڵوێزخانەی خۆی لە ئێران بانگ کردەوە و بە گشتی باڵوێزخانەکەی داخست و دەرکردنی دوو بەناو باڵوێزی ئێرانی لە هولەند لە ساڵەکانی پێشوو دا، کردەوە تیرۆریستیەکان و ئامانجە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ڕۆژئاوادا زیاتر دەرخست.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە بە سزا گەیاندنی گەورە تەخریبکاری کۆماری ئیسلامی ئێران موحسین فەخرزادە ئەگەرچی درەنگ بوو، بەڵام لە جێگای خۆیدا بوو، هەر بۆیەش کوژرانی فەخرزادە بوو بە هۆی خۆشحاڵی دونیای دەرەوە بە گشتی و خەڵکی ئێران و کورد بە تایبەتی.

لە دونیای مەجازی دا لە سەر ئەو گەورە تەخریبکارە زۆر نووسراوە و نامهەوێ بابەتەکەم درێژ بکەمەوە و تەنیا ئەوە ئاماژە پێدەدەم کە هەموومان ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکراتمان لەبیرە و دەزانین کە ئەو سارووخ و مووشەکە بالستیکیانە چ زبەرێکی قورسیان لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، دەزانین کە کاردانەوەی ئەو مووشەکانە چی بوون، هەر بۆیە کوشتن و بە سزا گەیاندنی موحسین فەخرزادە دەبوو زۆر زووتر لە ئێستا بایە و دونیا لە دەستی گەورە تەخریبکاری لەو چەشنە زووتر پاک ببایەوە. قاسم سولێمانی و موحسین فەخرزادە بە سزای کردەوە تیرۆریستەکانی خۆیان گەیشتوون و هیوادارم کە کەسانی لە چەشنی ئەو گەورە تیرۆریستانە هەرچی زووتر بە سزای خۆیان بگەن.

٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی پڕ مەترسی و خوێناوی بۆ هەواڵنێرە بێ سنوورەکان

لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٢٠ دا، لە ئاکامی لێکۆلینەوەیکی نوێ لە ساڵی زایینی ئەمساڵدا، زیاتر لە ٥٠ هەواڵنێر لە جیهاندا بە هۆی بەڕێوەبردنی ئەرکی هەواڵنێری و لە کاتی کاری هەواڵنێریدا گیانیان لە دەست داوە.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور سەبارەت بە شێوەی کوژرانی ئەو هەواڵنێرانە و ڕووادوە نەخوازراوە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە سەر هەواڵنێران نیگەرانیی خۆی دەربریوە و بە پەرۆش بوونی خۆی ڕاگەیاندووە و دەڵێ: زۆربەی ئەو هەواڵنێرانەی کە تاکوو ئێستا کوژراون، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە نەترسانە ئەرکەکانی هەواڵنێری خۆیان بەجێ گەیاندووە و دەڵێ بە هۆی ئەوە کە گەیاندن و بڵاو کردنەوەی هەواڵەکان و لێکۆلینەوەکان بە دڵی گەورە کاربەدەستە دەسەڵاتدارەکان نەبووە، کراونە ئامانجی لەنێوبردن و بە هۆی دەسەڵات و هێزێکی کە هەیان بووە بە شێوەی جۆراوجۆر هەواڵنێرەکانیان کوشتوون.

هەواڵنێری کارێکی پڕ مەترسیدارە، نە تەنیا لە بەر گوشاری رووحی و ڕەوانی، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە، مەترسی کوشتن و لەنێچوونی لە سەر ڕێگایە و ئەو مەترسی‌یە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا یەخەی زیاتر لە ٥٠ هەوڵنێری گرتۆتەوە و زیاتر لە ٥٠ کەس لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکە پێسپێدراوەکانیان دا گیانی خۆیان لە دەستداوە.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، کە ئەو ئامارەی ڕاگەیاند دەڵێ: ئەو بیرکردنەوەیە نادرووستە کە هەر کەس پیشەی هەوڵنێری هەڵبژارد ئەوە قەبووڵی ئەوە کردووە کە کارەکەی پڕ مەترسی و پڕ ڕیسکە، ئەوان قەبووڵی ئەوەیان کردووە کە راستی‌یەکان وەک خۆیان بگەیێنە نێو کۆمەڵگا، هەواڵنێرەکان بۆ گەیاندنی ڕاستی‌یەکان و گەیاندنی زانیاری بە خەڵک مایەیان لە ژیانی خۆیان داناوە.

ساڵێک پێش ئێستا ٥٣ هەواڵنێر کوژران، کەمێک زیاتر لەم ساڵ، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئەمساڵ بە هۆی قەیرانی پەتای کۆڕۆنا، چالاکی و هەڵسووڕانی هەواڵنێرەکانیش کەمتر بوو، ئەگەرچی پەتای کۆڕۆنا بوو بە هۆی ئەوە کە هەواڵەکان کەمتر بەدەست خەڵک بگەن، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەواڵنێرەکان لە ژێر هەڕەشە دابوون، ئەو جۆرە کار و هەڕەشانە لە هەموو شوێنێک ڕوودەدا و یا ڕوویداوە، لە ئوروپا و ئاسیاوە بگرە تاکوو ئافریقا و ئامریکا.

کوژرانی حەوت هەواڵنێر لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام، کوژرانی دە هەواڵنێر بە هۆی لەقاودانی گەندەڵی و فەساد و ڕووکردنی کاری دزێوی مافیاکان و ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی کە کەڵک لە کەرسە و پووڵ و پارەی گشتی وەر دەگرن، کە زۆرترینیان لە وڵاتی مکزیک لە کاتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕاستی‌یەکان لە مافیاکانی مەوادی سڕکەر دا بە هۆی تێوەگلانی بەرپرسان و سیاسەتمەدارەکان لەگەڵ مافیاکان بە شێوەیەکی گوماناوی و دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر کوژراون.

پێنج هەواڵنێر لە ئەفغانستان گیانیان لە دەست داوە، هەواڵنێرەکان لە کاتێدا کوژراون کە پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا بەرێوەدەچێ. سەبارەت بە ئێران ڕێکخراوی هەوڵنێرانی بێ سنووررِاستەوخۆ باس لە ڕووحوڵلا زەم بەرێوەبەری کاناڵی ئامد نیوز وەک هەواڵنێرێکی دیار دەکا و دەڵێ: لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا یەکەم هەواڵنێرە کە لە ئێراندا ئێعدام دەکرێ.
زۆربەی هەواڵنێرەکان لە وڵاتانێکدا کوژراون کە هیچ شەڕیکی تێدا ڕووی نەداوە و ئەوەش بۆ خۆی جێگای نیگەرانی و بە پەرۆش بوونە، دوو لە سەر سێی ئەو هەواڵنێرانەی کە ئەمساڵ کوژراون لە کاتی ئاشتیدا کوژراون، ئەوان بە هۆی لێکۆڵینەوە و گەیاندنی هەواڵ بە خەڵک و کۆمەڵگا کوژراون، گەیاندنی ڕاستییەکان بۆ هەندێک لە دەوڵەتەکان و دەسەڵاتداران جێگای شەرم و سەرشۆڕییە، هەر بۆیەش لە کوشتنی هەواڵنێرەکان دریغی ناکەن، سەرەرای ئەوەش زیاتر لە ٣٧٠ هەواڵنێر لە زیندانی وڵاتانی جۆراوجۆر دا دەسبەسەر کراون، تەنیا ڕێگایەک کە دەتوانین ببینین ئەوەیە کە، بە دیتن و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ئەمساڵ لەگەڵ ٧ یا ٨ ساڵ پێش ئێستا دا ئەوەیە کە، ئەژماری هەواڵنێرە کوژراوەکان ٣ قات زیاتر لە ساڵی ٢٠٢٠ بووە و کوژرانی زیاتر لە ٥٠ هەواڵنێر لە کاتی قەیرانی کۆرۆنادا نیشانەی ڕاوەستاوی و بەرحەق بوونی پیشەی هەواڵنێرییە.

٣٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

---

## بابەتی ساڵی ................ ٢٠٢١

## کۆچی دوایی بەڕێز حاجی حەسەن حەدداد لە شاری سەردەشت

بۆ بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە لە ناوچەی سەردەشت و موکریان و پشدەر و بیتوێنی باشوور دەژین بنەماڵەی حاجی مینەی کوڕێ (حەدداد) ناسراون، بنەماڵەی حەدداد وەک بنەماڵەیەکی دیار و خۆشناوی سەردەشت و دەوروبەری ساحەب مەسەلەت و ساحەب قسە و دەست ڕۆیشتوو بوون، بۆ بژیوی ژیانی خۆیان پیشەی ئاسنگەری و تەجارەتیان هەڵبژاردبوو، لە پیشەی ئاسنگەری دا وەک وەستای دەست ڕەنگینی ناوچەی سەردەشت دەناسران و کاری ئاسنەواڵەیان بۆ وەرزێر و جوتیاران دەکرد و کەمم نەگووتوە ئەگەر بڵێم لە شارەکانی باشووری کوردستان و عەجەمستان را بۆ کڕینی بەرهەمە ئاسنیيەکانی دەستی حەددادەکان دەهاتنە سەردەشت.

بنەماڵەی حاجی مینەی حەدداد هەر لە هەڕەتی دەستپێک و دەمەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژکاف) وە تێکەڵ بە کاری سیاسی دەبن و لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و درووست بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبنە پێشمەرگە و ئەو ڕێگایە تاکوو ئێستاش هەروا پشت بە پشت و نەوە بە نەوە درێژەی کێشاوە و بە گشتی بۆ بنەماڵەی حەدداد بۆتە پیناسەی بەرزی نیشتمانی و نەتەوەیی.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، چەند ساڵ دواتر حیزبی دێموکرات دەست بە خۆ ڕێکخستنەوە دەکا و بنەماڵەی حەدداد لە یەکەم بنەماڵەکانی سەردەشت و ناوچە دەبن کە قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵن و دەبنە ئەندامی نەهێنی حیزب و دواتر ڕێگای شۆڕش و کوردایەتی دەکەنە ڕێگایەکی واڵا بۆ خۆیان و هەموو خزمەکانیان و دیارترین کەس و گەورەترین و بە تەمەنترین ئەندامی بنەماڵەکەیان زیندەیاد کاک کەریم حەدداد تیکەڵ بە شۆڕەسوارانی ڕێگای شەهیدانی کۆماری کوردستان دەبێ و لە باشووری کوردستان وێرای سەدان کادر و ڕێبەری بە توانای حیزبی دێموکرات بە دژی ڕژێمی حەمەڕەزشا خەباتی سیاسی و نیزامی دەست پێدەکا.

حاجی مینە وەک باوکێک ئەرکی پێراگەیشتن بە خاو و خێزانی کاک کەریم حەدداد لە سەردەشت دەگرێتە ئەستۆ و لە

گەورەکردنی منداڵەکانی کاک کەریم دا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، هەروەها بە هۆی ئەوە کاک حاجی حەسەن برای بچووکتری زیندەیاد کاک کەریم حەدداد دەبێ، وەک برایەک دەبێتە خەمخۆرێکی گەورەی کوڕ و کچەکانی کاک کەریم حەدداد. کاک حاجی حەسەن حەدداد کەسایەتی دیاری بنەماڵەی حەدداد بوو، هەستی نیشتمانپەروەری و دێموکرات بوون لە بیرو هزری دا و لە ئاکار و کرداری دا بۆ دۆست و دوژمن دیار بوو، هەر بۆیە لەگەڵ یەکەم چەخماخەی شۆڕشی گەلانی ئێران، حاجی حەسەن چەکوچ بە دەست وەک کاوەی ئاسنگەر دەبێتە پێشەنگی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی شاری سەردەشت و لە هاندانی خەڵکدا نەترسانە دێتە مەیدان و تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و تێکەوەپێچانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا بە کوڕ و کچ و نەوە و خوشک و براکانییەوە هەروا پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خۆپیشاندانەکان دەبن و ماڵ و حەوشە و دووکانیان دەبێتە جێگای حاوانەوەی خەڵکانێک کە لە گوندەکان را بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانەکان دا هاتبوونە شاری سەردەشت. لەگەڵ ئاشکرابوونی حیزبی دێموکرات و دامەزرانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بە گشتی بنەماڵەی حەدداد دەبنە کۆڵەکەی حیزبی دێموکرات و لە دامەزراندنی بنکە و بارەگا و مەقەرەکانی حیزبدا نەخشی یەکەم دەگێڕن و بۆ ئارامی و ئاسایشی شاری سەردەشت بە چەک و چۆڵ و بە ماڵ و سەروەتی خۆیان دەبنە پشت و پەنای خەڵک و ئەوەی لە دەستیان هات دریغیان لێ نەکرد.

دوای سەقامگیری حیزبی دێموکرات و ئارامی شارەکان، حاجی حەسەن حەدداد بۆ ئەوەی سەرافەتی هەموو بنەماڵە بکا لە سەر کار و کەسابەت و پیشەی خۆی دەمێنێتەوە و وەک تاقە ئەندامی بنەماڵەی حەدداد درێژە بە کار و کاسبی خۆی دەدا. لە کاتی گیرانەوەی شاری سەردەشت بە دەست رژێمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی ئێران، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وێرای بەرگری قارەمانانە، هاوکات کەم شەو و ڕۆژ هەبوو کە هێزی موعینی بە فەرماندە هێزی زیندەیاد کاک کەریم حەدداد زەربەی قورس لە پەیکەری لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی نەدەن، لە شەری سێ ڕۆژەی شاری سەردەشت دا بە هۆی ئەوە کە هێزی موعینی و هێزی بەرگری بۆ گرتنەوەی شار و زەربەلێدان لە پادگانی سەردەشت و بنکەکانی سەر بە رژێم لە نێو شاربوون، لە سەنگەربەندی و درووست کردنی شوڕە و قەڵای بەرگری، کاک حاجی حەسەن ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا و بە هێنانەدەری کۆلکە و سندان و ئاسنەواڵەی دووکانی خۆی لە ڕاستە شەقامی شاردا و هەروەها لە کۆڵانی ماڵی خۆیان دا بەرامبەر بە پاسگای ژاندارمەری سەنگەری پۆڵایینی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان درووست کرد و وێرای میوانداری کردن لە پێشمەرگە بۆ خۆشی پێشمەرگە ئاسا یارمەتیدەر بوو بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ئەو هێرشە و بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی خواردن و جێگای حاوانەوە.

دوابەدوای پاشەکشەی حیزبی دێموکڕات لە شاری سەردەشت، دوژمنی دڵڕەق کە لە بەرامبەر هێزی موعینی و هێزی بەرگری دا زەبوون بوو، دەستی بە ڕاودوونان و گرتنی خەڵک کرد و لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دا تا ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی رژێم سێ

جار کاک حاجی حەسەن حەدداد ڕاپێچی گرتووخانە و زیندان دەکا و هەموو جۆرە ئەشکەنجە و بێڕێزیەکیان لە سەر تاقی کردووتەوە. لە یەکێک لە گیرانەکانی دا ئەوپەری بێ حورمەتی پێدەکرێ، لە مەیدانی گەورەی نێو پادگانی سەردەشت دا لە نێو تەلەبەند و تۆڕدا ڕایدەگرن و پێی دەڵێن با هێزی پێشمەرگە تۆپبارانی پادگان بکا و پێی دەڵێن کە یەکەم کەس دەبێ کە بە دەستی برا و کەس و کاری خۆت دەکوژرێی، دوژمن پێی وابوو ئاوا دەتوانێ پێش بە هێرشی بەردەوامی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بگرێ. کاتێک جاشی خۆفرۆش و خائین سوورەی باوێ لە لایەن هێزی موعینییەوە دەگیرێ، ڕژێم حاجی حەسەن حەدداد و ڕەحیم حەکیمزادە دەگرن و هەڕەشەیان کوشتنیان لێدەکەن، ساڵحزادە فەرمانداری ئەو کاتی شاری سەردەشت پێیان ڕادەگەیێنێ کە ئەگەر سوورەی باوێ بە دەستی پێشمەرگە بکوژرێ ، ئەوە ڕژێم حاجی حەسەن و ڕەحیم حەکیمزادە بە تۆڵەی سوورەی باوەیی خائین ئێعدام دەکا.

دوای ئازادبوونی لە زیندان بنەماڵەکانی حەدداد جیا لە حاجی حەسەن حەدداد، هەموویان بە گشتی ڕێگای شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات دا هەڵدەبژێرن و خۆنەویستانە بەشداری لەم شۆڕشە خوێناویەدا دەکەن. کاک ڕەئوف حەدداد کوڕی گەورەی وەستا حەسەن لەگەڵ مام و ئامۆزاکانی بوونە پێشمەرگەی دێموکرات و بە دڵەوە و بوێرانە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن.

جارێکیان ڕژێم حاجی حەسەن ناچار دەکا بچی کە کاک ( ڕەئوف حەدداد ) ی کوڕی کە پێشمەرگە بووە بێنێتەوە، لە دیالۆگ و قسەی نێوان باوک و کوڕدا دەڵێ: ناردوویانم تۆ لەگەڵ خۆم بەرمەوە، بڕیاری گەڕانەوە بە دەست خۆتە، بەڵام پێش ئەوەی بڕیار بدەی پێم خۆشە ئەوەت پێ بڵێم، ئەگەر تەنانەت چوار ڕۆژیش پێشمەرگە بووبی، دوژمن لێت خۆش نابێ و بۆیە ئەگەر خۆت لە شاخ فڕێ بدەی پێم خۆشترە تا کوو گەڕانەوەت بۆ نێو باوەشی ڕژێم.

حاجی حەسەن حەدداد لە شاردا مایەوە بەڵام دڵ و دەروونی، بیرو هزری هەر لە لای براکانی زیندەیادان، کەریم حەدداد، حاجی حوسێن و تێکۆشەر کاک لەتیف حەدداد و کوڕی پێشمەرگە کاک ڕەئوف و هەروەها برازاکانی و بنەماڵەکانیان بوو، ئاوات و ئارەزووی بە یەک گەیشتنەوەیان و ئازادی کوردستان و گەڕانەوەی کەس و کاری گەورەترین هیواکانی حاجی حەسەن بوون، وەستا حەسەن بە دڵەوە ڕۆژ ژمێری بۆ گەڕانەوەی کوڕ و برا و برازاکانی دەکرد و بە چاوی دڵ دەیڕوانییە ئەو ڕۆژانە.

حاجی حەسەن مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کورد دۆست و خۆشەویست بوو، دڵ و دەروونی گەرم بە چەشنی کورەی ئاسنگەران بوو، سادە و ساکار و خاکەڕایی بوو، لە خۆشی و ناخۆشیەکانی گشت لایەک دا بەشدار بوو، خەمخۆری هەژاران و نەداران

بوو، لەگەڵ سەرکەوتنی کورد شاگەشکە دەبوو و لەگەڵ هەموو نەهامەتییەکانیش زەردەخەنەی لە سەر لێو دەپەڕی و خەم و پەژارە میوانی دەبوو، بۆ شەهیدانی کوردستان و قەڵای دێموکرات ڕەشی پۆشی، خەمی دووری ئازیزانی و کۆچی دوایی یەک لە دوای یەکی ئازیزانی دووره وڵاتی زووتر لە تەمەنی خۆی پیری کردبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەوڵی دەدا وەک تاقە یادگاری بنەماڵەی حاجی مینە، ئاوەدانی ئەو بنەماڵەیە بپارێزێ و میواندۆستی و هەستی یارمەتی کردن ببێتە هەوێنی کاری ڕۆژانەی و منداڵ و نەوە و کەس و کاری فێری خۆشەویستی و وەفاداری و ئەمەگداری بکا. بەداخەوە ماوەی چەند مانگێک بوو، کاک حاجی بە هۆی بە ساڵاچوویی و نەخۆشی وەزعییەتی جەستەیی باش نەبوو ودواتریش بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی کۆڕۆنا زیاتر لە پێشوو لاوازتر بوو، مخابن وەستا حەسەن نەیتوانی بە سەر ئەو نەخۆشییە ماڵوێرانکەرەدا زاڵ بی و لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا و ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٤ ـ ٠١ ـ ٢٠٢١ لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەکەی دا کۆچی دوایی کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی خۆشناو و دیاری شاری سەردەشت کاک حاجی حەسەن حەدداد، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کاک لەتیف حەدداد و کاک ڕەئوف و کاک ئەحمەد حەدداد و کوڕ و کچ و خوشک و برازا و خوشکەزاکانی بە گشتی لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆی کوردستان، لە بنەماڵەکانی گەورەی حەدداد، حەسەنپوور، حەکیمزادە و عەلیدووست دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم. ڕووح و ڕەوانی شاد و جێگای بەهەشتی خوا بێ و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

**١٥ی جانێوێری ٢٠٢١**

## کۆچی دوایی دایە خونچێ، گوڵ و خونچەی نێودڵان

لە ڕەوتی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا و لە ڕیزی پێشمەرگەیاتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا سەدان و بگرە هەزاران کەس وەک بازنە و زنجیرییێک لە دەوری یەک بوون و بە یەکەوە رەوڕەوەی خەبات و تێکۆشانیان بەرەو پێش بردووە.

وەک خۆم ئاشنایەتیم لەگەڵ گەورە پیاوان و مەزنە ژنانی نێو شۆڕش و شار و گوندەکان پەیدا کرد، لەگەڵ گەورە تێکۆشەران و ڕێبەران و فەرماندە بەوەجەکانی حیزب و کادرو پێشمەرگەکان لە سەنگەرێک دا لە ژێر هەڕەشەی بۆمبارانی فرۆکە و بوردومانی سەخت دا درێژەمان بە خەبات و تێکۆشان دا و بەسەر زۆر کەند و کوسپ و تەگەرە دا سەرکەوتین.

شانازی بە هەموو ئەو تێکۆشەرانەوە دەکەم کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتدا، لە شار و شاخ و لە هەندەران بۆ ڕزگاری گەلەکەمان وەک زنجیرێکی قائیم و نەپساوە خەبات درێژە دەدەن.

یەکێک لەو مرۆڤە تێکۆشەرانە و یەکێک لەو کادرە بە ئەزموونانە کاک حەسەن خۆشکەلام پێشمەرگەی هەموو قۆناخەکانی خەباتی گەلەکەمانە کە بێ پشوودان و بێ ماندوویی و لە خۆبردووانە خەباتی پێشمەرگانەی درێژە داوە و لە پێسمەرگایەتییەوە تا ئەندامی ڕێبەری پلەکانی بەرپرسایەتی بڕین و پێشمەرگەئاسا هەنووکەش خزمەت بە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا.

باسەکەم بۆ ئەوە نییە کە لە سەر کاک حەسەن خۆشکەلام بنووسم ، بەڵکوو باسەکەم لە سەر مرۆڤێکە کە لە ئامێزی خۆیدا تێکۆشەرێکی پەروەردە کردووە کە هەم بۆ خۆی وەک دایک و هەم بنەماڵەکەیان شانازی پێوە دەکەن.

دایە خونچێ ئەو دایکەی کە وەک مۆمێک ڕووناکایی بە ڕێگامان دەبەخشی و بە ورە بەرزی و بە مێهرەبانییەوە ئێمە پێشمەرگەکانی لە ئامێزی گەرمی دایکانە دا دەحاواندەوە، بە قسە و گوتاری و بە هەڵسوکەوتی ژیرانەی ئێمەی هان دەدا کە وەک خۆی بوێر بین و ڕێگای تێکۆشان و خەبات نەترسانە درێژە پێ بدەین.

دایە خونچێ ژنێکی ڕووح سووک، مێهرەبان، بوێر، نیشتمانپەروەر و ساحەب قسە و دەست ڕۆیشتوو بوو، لە بنەماڵە و لە گوند و ناوچەدا وەک مرۆڤێکی گەورە و ساحەب مەسەڵەت و خەمخۆر سەیری دەکرا و هەمیشە بۆ تەبایی و بۆ یەکگرتوویی ئەوپەری توانای خۆی بەکار دێنا.

چەندین جار لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشتووم، خەمی تەنیا ئازادی گەلەکەی بوو، خەمی گەرانەوەی کوڕی پێشمەرگەی و بنەماڵەکەی بوو، پشت و پەنای کاک حەسەن و هەموو لایەکمان بوو، ژیانی لێوڕێژ لە سەربەرزی بوو، ماڵەکەی جێگای حەسانەوەی هەموو لایەک بوو، میواندۆست و سفرە ڕەنگین بوو، بەردەوام دەوربەری ئاوەدان و پڕ بوو، لە پۆشینی جلوبەرگدا ڕەسەنایەتی کوردی دەپاراست و هەر کەس چاوی پێکەوت بایە دڵی پێی دەکرایەوە و بە ڕووخۆشی‌یەوە بە پێشوازی گشت لایەکەوە دەچوو و خەمی لە هەموو ئازارەکانی گەلەکەی دەخوارد.

بەداخەوە دایە خونچێ ماوەیەک بوو نەخۆش بوو، مخابن مۆتەکەی مەرگ بەرۆکی پێگرت و ئەو دایکە نیشتمانپەروەر و خۆشەویستەی لە بنەماڵە و شۆڕش و خەڵک ستاند و خەمێکی قووڵی خستە دڵی هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دەیانناسی.
هەر چەند لە سەر دایە غونچێ بنووسم هەر کەمی دێنم، بۆیە تەنیا ئەوە دەنووسم کە هیوادارم کە کوردستان دایکانی وەک دایە خونچێ لە ئامێزی دا زیاتر پەروەردە بکا.

لەناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هاورێ و برا و هاوسەنگەری هەموو قۆناخەکانی خەباتم کاک حەسەن خۆشکەلام و دادە گوڵاڵە و منداڵەکانی و کوڕ و کچ و نەوەکانی و خوشک و براکانی هەروەها بە گشتی خزمانی بنەماڵەی گەورەی دایە خونچێ و بنەماڵەی خوشکەلام دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی دایە خونچێ دەزانم.

سەری ڕێز بۆ گەورەیی دایە خونچێ و هەموو ئەو دایکانە دادەنوێنم کە لە ئامێزی خۆیان دا ڕۆڵەی تێکۆشەر و پێشمەرگەی بە جەرگیان بۆ گەل و نیشتمان پەروەردە کرد.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و هیوادارم کە یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

بە ڕێز و حورمەتەوە

١١ی فێبریۆێری ٢٠٢١

## با ئەگەر هەر باڵاپۆش دەبن وەک حەپسەخانی نەقیب باڵاپۆش بن

جلوبەرگ پۆشین یەکیک لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە و هەموو کەس ئازادە چۆن جلوبەرگ دەپۆشێ. ماوەیەکە شەرێکی سارد و بە بەرنامەدارێژراو سەبارەت بە جلوبەرگی کوردی و ڕەسەنایەتی کورد لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە دەستی پێکردووە. بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی دەڵێن "لباس چوپانی"، بێشک هەموومان وەک گەلی کورد شانازی بە جلوبەرگی شوانییەوە دەکەین.

لە ساڵانی پێشووش دا دیتمان بۆ ئەوەی شکۆی چەند کوڕە گەنجێکی مەریوانی بشکێنن، جلوبەرگی ژنانەیان لەبەر کردن و بە شەقام دا گێرایانن و دواتر شەپۆلی نارزایەتی ژنانی مەریوانی و گشت کوردستانی لێکەوتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە مێژە کار بۆ ئەوە دەکا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران خەڵکەکەی تووشی پۆشینی جلوبەرگی ڕەش بکا، زۆری هەوڵدا پێش بە گرتنی زەماوەند و شایی خەڵکی کوردستان بگرێ، دەیان جار هێرشیان کردە سەر زەماوەندی پیری شالیار و هونەرمەندانی تەمبور بە دەستی یارسانیان و زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی گەورەی وەک نەورۆز و بێڵندانەوە و ڕۆژە کولتوری و مێژوویەکانی گەلی کورد. لەگەل ئەو هەموو هێرش و بێحورمەتیانەش لە ئاکام دا هەر نەیتوانی بە سەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا زاڵ بێ و سەری وەبەردی ڕەق کەوت. لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێراندا خەڵک بە پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵواڵەوە هەموو کات شەقام و شوێنە گشتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان ڕازاندۆتەوە و لەو پێناوەش دا قوربانی گەورەیان داوە.

کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە لە ڕێگای دەست و پەیوەندەکانیەوە لە هەموو بارێکەوە ڕووی باشووری کوردستان بە مەیلی خۆی نیشان بدا، بە درووست کردنی ڕایەڵکەی جۆراوجۆر دەستی خستۆتە نێو کاروباری سیاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ناردنی کەلوپەلی تایبەتی بە ناوی بازەرگانی دووکان و بازارەکانی هەرێمی کوردستانی پڕ لە شتوومەکی بێ بەها کردووە و لە ڕێگەیەشەوە هەندێک کەسی نەفس نەزمی دەستەمۆ کردوون و کارە چەپەڵەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکا و لە هەناردەکردنی ماددەی سڕکەریش دا هیچ دریغی نەکردووە.

شک لەوەدا نییە کە زۆرینەی خەڵکی باشووری کوردستان موسڵمانن، لەو بارەوە هیچ پێویست ناکا خەڵکی موسڵمانی

کوردستان وەک چۆن کۆماری ئیسلامی دەخوازێ بجووڵێنەوە، جلوبەرگی ڕەسەنی ناوچەی هەورامان و یەک لەوان هەڵەبجە لە جوانی دا ئەگەر بێوێنە نەبن، لانیکەم کەم وێنەن، ساڵانێکی زۆرە خەڵکی موسڵمانی ئەو دەڤەرە بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە چەشنی جلوبەرگی حەپسە خانی نەقیب باوەڕمەندی خۆیان بە ئیسلام نیشان دەدەن و لە زۆر بواردا ڕەچەشکێن و پێشڕەو بوون.

۱۲ی فێبریوەری ۲۰۲۱

---

## نۆغر و کۆچت بەخێر ژنە دەم بە خەندەکەی بنەماڵە

نووسین لە سەر ئازیزانی کۆچکردوو ئاسان نییە ، کۆچی هەر ئازیزێک جیا لە دوور کەوتنەوەی جەستەیی هاوکات، ئازارێکی ڕووحی و ڕەوانیش بە دوای خۆیدا بۆ خۆشەویستانی بەجێ دێڵێ، زۆرجار دەبێتە هۆی خەمۆکی و ناراحەتی درێژ خایەن.

کۆچی دوایی ئەو مرۆڤانەی کە هەموو تەمەنیان بۆ ئازادی گەلەکەیان تەرخان کردووە زۆر بە ژانتر و گەورەتر خۆ دەنوێنێ و بە حەقیش هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان لەگەڵیان بووە، زیاتر غەمبار و ماتەمبار دەکا.

ئەمرۆ دایە خورشید کەریم بەهرام ، ناسراو بە حاجی خورشید هاوسەری تێکۆشەری بەناوبانگی کورد کاک حاجی حوسێن حەدداد لە وڵاتی نۆرویژ دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، حاجی خورشید کچی بنەماڵەیەکی دیاری شاری سەردەشت بوو، بە گەنجی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ تێکۆشەری نەمر کاک حاجی حوسێن حەدداد پێکهێنا بوو، بەرهەمی ژیانی سێ کوڕ و سێ کچن.

بە پێی سرووشتی ژیان حاجی خورشید لە پێگەیاندنی کوڕ و کچەکانی دا وەک زۆربەی دایکانی کوردستان زەحمەتی گەورە کردن و پێگەیاندنی لە سەر شان بووە و بەوپەری دڵسۆزییەوە خەریکی پەروەردە کردنی منداڵەکانی بووە. ژیانێکی ئاسایی و مامناوەندی لە شاری سەردەشت هەبووە و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە هۆی ئەوە بنەماڵەی گەورەی حەدداد هەموویان تێکەڵ بە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان دەبن، لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا درێژە بە خەبات دەدەن. حاجی خورشید وێرای ژن و پیاوانی ئەو بنەماڵەیە شاخ بە شاخ و دۆڵ بە دۆڵ و لووتکە بە لووتکە، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ماڵ دەگوازێتەوە و لە هەموو قۆناخەکان دا بەوپەری دڵسۆزییەوە لە تەنیشت گەورە تێکۆشەری گەلەکەمان کاک حاجی حوسێن درێژە بە خەبات دەدا و وەک پشتیوانی سەرەکی دەبێتە کۆڵەکەی قائیمی بنەماڵە.

نەمر حاجی خورشید کەریم بەهرام هاوسەری تێکۆشەری خەباتکاری کورد نەمر حاجی حوسێن حەدداد لە ریزەکانی حدک بێشک سەرکەوتنەکانی نەمر کاک حاجی حوسێن حەدداد لە ڕیزەکانی حیزبدا، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر شانی حاجی

خورشید، پشتیوانی بێئەملاو ئەولای حاجی خورشید ببوو هۆی ئەوە کە کاک حاجی حوسێن بتوانی زیاتر لە خزمەت حیزبەکەی دابێ و مەئموریەتی گەورە و قورس جێبەجێ بکات.

پاراستنی ٦ منداڵ لە بێ ئیمکاناتی و لە ژێر هەڕەشە و بۆمباران و ساردی و سەرما دا دڵێکی گەورە و ئیرادەیەکی پتەوی دەوێ، ئەو ئیرادەیە لە وجوودی حاجی خورشید دا وەک چرایەک ڕووناکی دەبەخشی و هەر بۆیەش کوڕ و کچەکانی لە شۆڕش دا بەرگەی هەموو ناخۆشییەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانیان دەگرت و ئەوانیش لە تەنیشت دایک و باوکیان لە کار و ئەرکی حیزبی دا بە دڵەوە بەشدار بوون و وەک پێشمەرگە و کادر خزمەتیان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەکرد.

ژنە تێکۆشەری نیو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نەمر حاجی خورشید کەریم بەهرام هاوسەری تێکۆشەری خەباتکاری کورد نەمر حاجی حوسێن حەدداد

حاجی خورشید ژنێکی ئارام و هێدی، ژنێکی باوەرمەند بە دینی ئیسلام، ژنێکی دەم بە خەندە و ژیر و مشوور خۆر بوو، لە ژیانی دا هەوڵی نەدەدا کە دڵی هیچ کەسێک بشکێنێ، لەگەڵ دەستە خوشکەکانی سادق و سادە و پاک بوو، هەوڵی زۆری بۆ تەبایی و بە یەکەوە بوون دەدا و لەگەڵ هاوسێ و جیرانەکانی لە ریزەکانی شۆڕشدا زۆر خەمخۆرانە دەجووڵایەوە. درێژ بوونەوەی شۆڕش و بە ساڵداچوویی نەمران حاجی حوسێن و حاجی خورشید بوو بە هۆی ئەوە کە بۆ درێژەدانی ژیانی بە ساڵاچوویان ڕێگەی غوربەت بگرنە بەر، بەڵام تەسلیمی حکوومەتی ئاخووندی نەبن، ئامادە بوون لە هەندەران و تاراوگە بە دوور لە زێدی خۆیان بژین بەڵام تەسلیمی ویستی دوژمن نەبن، ئەوان لە نۆرویژ ژیانێکی ئاسایی بەڵام پڕ لە چاوەروانیان تێپەر کرد، چاوەروان بوون جارێکی دیکە زێدی لە دایکبوونی خۆیان ببینەوە و داربەروەکانی قەراخ شار لە ئامیز بگرنەوە، چاوەروان بوون بە سەربەرزی بگەرێنەوە و باقی تەمەنیان لە گەڵ خزمان و منداڵەکان لە خانووی موسادرەکراوی خۆیان دا تێپەر بکەن، مخابن پاش چەندین ساڵ چاوەروانی لە ساڵی ٢١٠٨ دا کاک حاجی حوسێن کۆچی دوایی کرد و ئەمرۆش دوای چەند ساڵ، حاجی خورشیدی دەم بە خەندە و خۆشەویستی بنەماڵە لە ڕۆژی ١٦ - ٢ - ٢٠٢١ دا چاوە پڕ لە هیواکانی بۆ هەمیشە لە سەریەک دانا و بە کۆچی دوایی خۆی هەموو لایەکمانی غەمبار و پەشێو کرد. بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی خورشید لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی خۆم و بنەماڵەکەم ئاراستەی کوڕ و کچەکانی، نەوە و خزمەکانی و بنەماڵەی گەورەی حەدداد و کەریم بەهرام لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم و هیوادارم کە گەلی کورد دایکی لە چەشنی حاجی خورشید زیاتر لە ئامیزی خۆیدا پەروەردە بکا، حاجی خورشید بە جەستە لێمان دوورکەوتەوە، بەڵام یاد و ناو و بیرەوەرییەکانی لە دڵمان دا هەردەم بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ڕووحت شاد و یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

١٦ای فێبریۆیری ٢٠٢١

## ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان نیشانەی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی ژنانە

**پەیامی پیرۆزبایی بۆ یادی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**بەڕێزان کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان**

سەرەتا بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەتان دەکەم و هیوادارم کە هەردەم لە گەشە و لە پێشکەوتن دابن.

دامەزرانی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرینگ و دیارەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ڕۆژی ٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ی هەتاوی پێش ئەوەی بەهاری ڕەنگینی کوردستان دەست پێ بکات، بەهاری کوردان لە ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا جوانی و سەوزایی و بۆن و بەرامی تازەی لە کوردستان دا بڵاو کردبۆوە و گوڵێکی جوان و ڕازەوەی بە ناوی " حیزبی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان " لە بەرۆکی ژنانی کورد و مرۆڤە یەکسانیخوازەکان دابوو، ئەو دەسکەوتە گرینگە بوو بە چەخماخەی شۆڕشێکی نوێ بۆ ژنان و بە تایبەت ئەوانەی خولیای کاری ڕێکخراوەیی بوون.

لە ٧٥ ساڵ پێش ئێستا دا دامەزرانی ڕێکخراوەی ژنان وێرای تابۆ شکاندنی کۆمەڵگای کوردستان لە هەمان کاتدا بیری پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان و شەخسی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نیشان دەدا. هەر لەم کات و ساتەدا ناکرێ ڕۆڵی پێشەنگی و بوێری نەمر زیندەیاد خاتوو مینا قازی و بەشێک لە ژنانی بوێری ئەو سەردەم نەبینن، هاتنە مەیدانی پۆلێک ژنی یەکسانیخواز نیشانەی هەست بە بەرپرسایەتی کردن بوو لە ئاست کۆمەڵێک پێشێلکاری لە کۆمەڵگای داخراوی ئەو کاتدا و لە هەمانکاتدا بەشداری کردن لە کایەی سیاسی و مەدەنی و ڕێکخراوەیی دا بوو.

حەفتاو و پێنج ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەی ژنان نیشانەی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی ژنان لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، وێڕای ئەوە کە لە ماوەی ٧٥ ساڵ دا ڕێکخراوەی ژنان سەرکەوتن و دەسکەوتی مەعنەوی و سیاسی تایبەت بە خۆی هەبووە، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوەی ژنان تووشی نسکۆ و پاشەکشە و وەستانی کاتیش بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆ ساتێک لە ئامانجەکانی خۆی دەستبەردار نەبووە و پاشەکشەی لە ویست و داخوازیەکانی نەکردووە و لە پێناو ئامانج و درووشمەکانی دا خەباتێکی سەخت و خوێناوی و بەرحەقی بەرێوەبردووە.

لە درێژەی ئەو خەباتە سەختەدا، شەهید بوونی دوو سکرتێری یەک بە دوای یەکی ئەو ڕێکخراوەیە لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان دا شەهیدان خاتوو نەسرین حەدداد و خاتوو سوهەیلا قادری ئەگەرچی ئازارێکی بەژان بوو، بەڵام درێژەدانی ڕێگای پڕ سەروەری و هەستانەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ئەو بارە قورسەدا، هیوا و ئومێدی زیاتری بە ژنان و بە یەکسانیخوازان بەخشی و ئەو ڕێکخراوەیە کە یادگاری کۆماری کوردستانە زیاتر خۆشەویست کرد و بە خۆشیەوە هەر ئێستا بە هەزاران ژن و پیاوی یەکسانیخواز لە دەوری بازنەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دا کۆبوونەوە و خەباتی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانیان درێژە دەدەن.

لەو یادە پیرۆزەدا سەری ڕێز بۆ هەموو ئەو ژنە خەباتکارانە دادەنوێنم کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و لە سەنگەری ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دا خەبات دەکەن و لەو ریگایەدا شەهید بوون، سەری ڕێز بۆ ئەو ژنە بوێر و خەباتکارانەی کورد دادەنوێنم کە لە سەر بیری سیاسی و ئازادیخوازی ، یەکسانی ، کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دا لە ژێر هەڕەشەی گیران و زیندان دا خەباتی خۆیان درێژە دەدەن و ئێستا بە تاوانی کاری خۆبەخشانە لە گرتووخانەکانی ڕژێمی ئێران دان.

سڵاو لە ژنانی خەباتکاری کورد

سڵاو لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

جارێکی دیکەش ئەم ڕۆژە لە گشت لایەک پیرۆز دەکەم و بە هیوای ئەو کە ژنی کورد بە ئامانجەکانی خۆی کە ئازادی و یەکسانیە بگات.

١٤ی مارچی ٢٠٢١

## پێشەنگی پەسەندکرانی مافی دەنگدان بە ژنان.

ئەمساڵ لە مانگی ڕەشەمەدا ژنانی وڵاتانی بریتانیا و ئیرلەند جێژنی ١٠٤ ساڵەی مافی دەنگدانی خۆیان جێژن دەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا تێکۆشان و نارەزایەتی ژنان یەکەمجار هەر لە بریتانیا دەستی پێکرد، بەڵام وڵاتی نیوزلەند یەکەم وڵاتی جیهان بوو کە بەڕەسمی مافی دەنگدانی بۆ ژنان پەسەند کرد.

مافی دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا بە گرینگترین ڕووداو بۆ پیشکەوتنی سەرەتایی بزووتنەوەی بەرگری لە مافەکانی ژنان دادەنرێ. پێش ئەو ڕووداوە زۆرێک لە لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان - سافروجت (sufferagette) - فمێنیست ڕاپێچی زیندان کرابوون، هەر ئەوەش ببووە هۆکار بۆ ئەوەی ژنانی بریتانیا نارەزایەتیی خۆیان دەرببڕن و مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنن. لە ئاکامی ئەو مانگرتنە گشتییەدا وڵاتی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٨ی زایینی مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی ژنانی بە ڕەسمی پەسەند کرد، لەگەڵ ئەوەدا مافی دەنگدان بۆ ژنان پەسەند کرابوو، بەڵام تەمەنی بەشداریی ژنان و پیاوان جیاوازی هەبوو. لەو کاتەدا تەمەنی دەنگدان بۆ ژنان ٣٠ ساڵ و بۆ پیاوان ٢٠ ساڵ دیاری کرابوو.

وڵاتی نیوزلەند یەکەم وڵاتی سەربەخۆ بوو کە مافی دەنگدانی بۆ ژنان بە ڕەسمی ناسیبوو. نیوزلەند لە ساڵی ١٨٩٣ی زایینی بە قازانجی بەشداریی سیاسیی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا ، یاسای بنەڕەتی خۆی لە ئاستی هەڵبژاردندا دەسکاری کرد و هەر لە ساڵی ١٨٩٣ی زایینیدا بۆ یەکەم جار ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا بەشدارییان کرد.

دوای نیوزلەند وڵاتی ئوسترالیا لە ساڵی ١٩٠٢ی زایینی مافی بەشداریی ژنانی لە هەڵبژاردنەکاندا پەسەند کرد.

هەر لەو پەیوەندییەدا خشتەی خوارەوە دەخەینە بەرچاو کە دوای نیوزلەند لە کام وڵاتانی جیهان مافی دەنگدان بۆ ژنان پەسەند کراوە. ئەو خشتەیە زۆرێک لە وڵاتانی تێدا نین، ئەوە بەو مانایە نییە کە وڵاتەکانی دیکە مافی دەنگدانیان بۆ ژنان پەسەند نەکردووە، زۆرێک لە وڵاتانی دیکەش ناویان دەبوو لە لیستە و خشتەکە دا هەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکەمان درێژ نەبێتەوە تەنیا ئەو چەند وڵاتەمان هەڵبژاردوون.

نیوزلەند (١٨٩٣)، ئوسترالیا (١٩٠٢)، فینلاند (١٩٠٦)، نۆرویژ (١٩١٣)، دانمارک (١٩١٥)، کانادا (١٩١٧)، ئاڵمان-

ڕووسیە - لەهستان (١٩١٨)، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا (١٩٢٠)، سوئێد (١٩٢١)، بریتانیا - ئیرلەند (١٩٢٨)، ئیسپانیا (١٩٣١)، فەڕانسە (١٩٤٤)، ئیتالیا (١٩٤٥)، ئارژانتین- ژاپۆن-مێکزیک- پاکستان (١٩٤٧)، چین (١٩٤٩)، هیندوستان (١٩٥٠)، ئێران-مەراکیش (١٩٦٣)، لیبی (١٩٦٤)، سوئیس (١٩٧١)، ئۆردۆن (١٩٧٤)، ئەفریقای جنووبی (١٩٩٤)، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (٢٠٠٦)، عەرەبستانی سعوودی (٢٠١٥).

ئەگەرچی بەپێی ئەو ڕیزکردنەی سەرەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا ژنان مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانیاندا هەیە، بەڵام جیهانی سیاسەت و بەڕێوەبەری لە وڵاتان و لە ناوچەکاندا لەژێر دەسەڵاتی پیاواندایە.

بۆ نموونە ژنان هیچ کات لە وڵاتەکانی کوویەت و مەراکیش و چاد وەک سەرۆکی دەوڵەت هەڵنەبژێردراون. لە وڵاتی قەتەر هیچ ژنێک مافی ئەوەی نییە بچێتە مەجلیس و پارلەمان. لە وڵاتەکانی ئێران، تورکیە، لوبنان و ئۆردۆن تەنیا چەند کەسێکی کەم لە ژنان لە پلەی وەزیردا دەبیندرێن یان کار دەکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی سیاسی و نەتەوەییش بۆتە هۆکارێکی ڕێگر لە سەر بەشداری ژنان و تەنانەت پیاوانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەش.

بۆ نموونە لە ئەفریقای جنووبی ژنانی سپیپێست لە ساڵی ١٩٣٠ مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام مافی دەنگدان بۆ ژنانی ڕەش پێست ٦٤ ساڵ دواتر پەسەند کراوە. یا دانیشتووە ڕەسەنەکانی وڵاتی ئوسترالیا کە لە شوێنە دوور دەستەکان دەژیان تا ساڵی ١٩٦٢ی زایینی مافی دەنگدانیان نەبوو و هاوکاتیش بەشێک لە خەڵکی کانادا تا ساڵی ١٩٢٠ مافی دەنگدانیان هەر نەبووە.

**بۆچی هەنووکەش جێگە و پێگەی ژنان لە بواری کارکردندا لە خوار پیاوانە؟**

ڕاپۆرتە جیهانییەکان نیشان دەدەن کە بە شێوەی نێونجی ژنان لە سەراسەری جیهاندا تەنیا ٢٣،٥ لە سەدی کورسی نوێنەرانی پارلەمانیان لە دەستدایە.

بۆ نموونە لە سەتا ٤٧ی ئەندامانی پارلەمانی فینلاند لە ژنان پێکهاتووە و لە کۆی ١٩ وەزارەت ١٢ ژن پلەی وەزارەتەکانیان بە دەستەوەیە و لە ڕاگەیاندنی حکوومەتدا بۆ یەکەم جار ١٢ ژن و ٧ پیاو ڕاگەیەندرا و ساننا مارین وەک

گەنجترین سەرۆک وەزیرانی جیهان کە بە ڕەگەز ژنە ناسێندراوە.

وڵاتی مکزیک سەبارەت بە بەرابەری و یەکسانیی ڕەگەزی، دوای وڵاتی فینلاند لە سەتا ٤٢ی کورسییەکانی پارلەمان بە دەست ژنانەوەن، وڵاتی مێکزیک مێژوویەکی پڕشنگداری لە ئاست هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە سیاسەتدا هەیە. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە بەرابەری و یەکسانیی ڕەگەزی دەبێ ڕەچاو بکرێ و ڕێگە بۆ بەشداری لە کارە سیاسییەکاندا بە پێویست دەزانرێ.

بریتانیا لە پلەی سێهەمدایە و ژنان لە سەتا ٣٢ی کورسییەکانی پارلەمانیان بە دەستەوەیە و لە سێ ساڵی ڕابردوودا ٢٠٠ ژن بە گشتی وەک نوێنەر هەڵبژێردراون و ئەوەش زۆرترین ڕێژەیە لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتی بریتانیا.

ئەمریکا بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە پلەی ١٣یەم دایە، لەو وڵاتە تەنیا لە سەتا ١٩ی کورسییەکان بە دەستی ژنانەوەن. ئەگەرچی ڕێژەی نوێنەرانی ژن لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا لە ئەمریکا لە زیادبووندایە، بەڵام بە نیسبەت وڵاتانی ئەندامی گرووپی (G20) زۆر لە دوایە و زۆر لەسەرەخۆ دەچێتە پێش.

لە نێو وڵاتانی ئەندامی گرووپی (G20) وڵاتی ژاپۆن لە ئاست بەشداریی ژنان لە پارلەماندا لە خوارترین پلەدایە. ژنان لە وڵاتی ژاپۆن تەنیا لە سەتا ٩ی کورسییەکانی پارلەمانیان بە دەستەوەیە.

سەبارەت بە ژنان لە ئێران لە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران لە ماددەی ١١٥ دا بەم شێوەیە هاتووە "سەرۆک کۆمار دەبێ لە نێو "رجل" پیاوانی ئایینی و سیاسیدا هەڵبژێردرێ و هەڵگری ئەو مەرج و پابەندیانە بێ بە دەسەڵات: ئێرانی ئەسڵ بێ، ڕەگەزی ئێرانی بێ، بەڕێوەبەر و کار ڕاپەڕێن بێ، پێشینەی ئەمانەتداری و باوەڕمەندی و موئمینیی هەبێ و باوەڕی بە یاسای دارێژراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئایینی ڕەسمی وڵات هەبێ. لێرەدا مەبەست لە ئایینی ڕەسمی وڵات (مەزهەبی شیعەیە).

ژنان لە پارلەمانی ئێراندا، لە کۆی گشتیی ٢٩٠ کورسی پارلەمان ١٧ کورسی پارلەمانیان بە دەستەوەیە، واتە سەتا ٥ی کورسییەکانی پارلەمانی ئیران بە دەست ژنانەوەن. ئەو ڕێژە کەم و نادیارە بۆ وڵاتێکی ٨٠ میلیۆن کەسی وەک ئێران بە نیسبەت وڵاتێکی بچووکی ٥ و نیو میلیۆن کەسی وەک فینلاند کە ٤٧ لە سەدی پارلەمانی ئەو وڵاتە لە ژنان پێکهاتووە بۆ بەراوردکردن نابێ، ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا تەنیا دەنگدانیان پێ دەبڕێ نەک هەڵبژێران بۆ مەجلیس و بۆ

پارلەمان.

جیا لەوانە یەکێک لەو وڵاتانەی کە ژنان مافی دەنگدانیان نییە، وڵاتی بچووکی واتیکانە. واتیکان بچووکترین وڵاتی سەربەخۆیە. لەو وڵاتەدا ژنان مافی دەنگدانیان نییە. هەڵبژاردن لەو وڵاتە بە شێوەی سوننەتی و کۆن بەڕێوە دەچێ. سەرۆکی دەوڵەت "پاپ" ە، کە لە لایان کاردیناڵەکانی کلیسای کاتۆلیک هەڵدەبژێردرێ. لە ڕاستیدا کاردیناڵ پلەی ڕەسمی لە کلیسادا هەیە و بەرزترین پلەی کاتۆلیکە دوای پاپ. ئەو سیستەمە تەنیا بۆ پیاوان پێکهاتووە، لەبەر ئەوە ژنان مافی بوون بە کاردیناڵیان نییە، هەر بەو هۆکارەش هیچ کات لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن.

**٢٠ی مارچی ٢٠٢١**

---

## لە پەراوێزی نووسینەکەی کاک فەریدوون حەکیمزادە دا.

سەرەتا دەستخۆش بۆ نووسین و وەبیرهێنانەوەی ئەو بیرەوەریانە و منیش نەمویست کە ئەوانەی ئاماژەت پێداون دووپاتیان بکەمەوە و بە گەڕانێک هەندێک بیری ڕابردووم کردوو ئێستاش تامەزرۆی ڕابردوو و سەردەشتی جارانم.

گەرامەوە سالآنی مێرمنداڵی و گەنجی و بە کۆڵانەکانی شاردا هەموو گەڕەک و کەلێن و قوژبنی شار و دەوروبەری گەڕام.

بە دوای وون بوونی جەستە و خۆشەویستی و مێهرەبانی خەڵکەکە دا دەگەڕام، لەهەر کۆڵان و شەقام و گەڕەکێک هەڵوێستەیەکم دەکرد و لە دار چنار و سپیدارە بەرزەکانی نێو حەوشەی ماڵە بچووک و گەورەکان رادەمام، بە چاوی دڵ دەمڕوانییە پارکی شار و حەمامی گەرم و کۆنی سەدەیەک پێش ئێستا، گەڕام بە دوای وون بووەکانی شاردا، بۆ مرۆڤە دڵپاک و بێ ئازارەکانی شار، بۆ گوڵێ و قاقا و خەندەکانی، بۆ ئامین بازەتەلوو، بۆ سەیدە لووشە، هەڵیلووشە، بۆ پەپوو سلێمانەو کاسەی دەستی، بۆ محەممەدی شێخە شوانی و بۆ گۆچانی ئاسنی دەستی.

گەڕام بە دوای خۆشەویستی نازدار حەیرانێ دا کە هەموو بەیانی و ئێواران بە گۆزە و سەتڵەوە دەهاتە سەرچاوەی شار و قۆتانی ژنان و دوای ئەوە خۆی لە گوڵێ دەدا، بە لار و لەنجەوە بە شەرم و ئیفادەوە بەرەو ماڵێ دەگەڕاوە و چاوەروانی ڕۆژی دوایی دەکرد کە لە سیلەیەک چاوی بە چووکەڵە سواری خۆی بکەوێ و دڵی بۆ تاوێک ئۆقرە بگرێ.

گەڕام بە دوای گەرمای کورەکانی ئاسنگەران دا، ئاسنگەرە دەست ڕەنگینەکانی شار لەگەڵ سیوادی بەیانی، بە داکوتان و هەڵسووڕانی چەکوچی دەستیان و بە هەناسە و نرکەی پڕ لە هەستیان پۆڵایان دەکردە ئامرازێکی دەستی ڕەنجبەر و وەرزێر و کاسبکارانی کوردستان، دەنگی چەکوچ و نرکە و دەنگی " لەولایەدەی وەستا حەسەن" دەبوونە موسیقایەکی یەک ریتم و بە دەنگی " دەی بابە ئەوە تەواو بووی"، وەستا مستەفا ریتمی چەکوچ و نرکەی بەرەو کۆتایی سەمفۆنیایەکە دەبرد.

دەگەرام بە دوای کاکی زەحمەتکێشی دەست قەڵشیوی ئەو دیو گردەسووردا، هاتنی سەدان بار میوەی پڕباری ئالان و باسکی کۆلەسە و دۆڵی بێوران و گوندەکانی دەوربەر و لە قەپان دانی میوەکان لە شەقام و کۆڵانی کاروانسەرای گەورەی شار، جوانییەکی دیکەی بە بەیانی شار دەبەخشی و قەرەباڵغی و هاتووچۆی خەڵک و " خۆلادە بابەی مەلا باقی" شاری وەک

هەنگێک بە دوای شیلەی گوڵ دا دەگەڕاند.

دەگەڕام بە دوای دایکی وون بووی هەموو وەرزەکانی شار، ئەو ژنانەی کە بە ئارەقەی زەحمەتی خۆیان ماست و تۆراخ، پەنیر و شیرێژگیا، شیر و بەرهەمە خۆماڵییەکانیان لە کیتەڵە و سەتڵ و تەنەکەدا دەگەیاندە ڕاستە شەقامی شار و موشتەری و دووکاندارە تایبەتەکانی خۆیان بەرهەمە خۆماڵییەکانیان لێدەکرین و چاوەڕوانی ڕۆژەکانی داهاتوویان دەکرد. بە دوای کوێستانچی و هەوارچییەکانی بازاڕ و جەماڵادەین و بولفەت دا دەگەڕام کە دوای پێراگەیشتن بە کار و ئەرکی مەڕداری، بە چەند فەردە و تەلیس و چارۆکە، گژ و گیای کوێستانەکان کە هەموو جۆرە گیا و خواردنێکی وەک کارگ و کەما، لووشە و بیزایان لەگەڵ ڕێواسی گوڵ بەسەری کوێستانەکان و دۆڕێ و مەندۆکی ناسکی کوێستانەکانی برایم جەلال و فێرەگ و چیای بەرزی نستان لە سەر فەڕش و بەردچنی شەقامی شار هەڵدەڕشتن.

دەگەڕام بە دوای خاتوونە خان و مانەکانی دەم چۆمی کەڵوێ کە بە چارۆکەی گژوگیای بەهاری، گیابرژیوە، پێ قەلە، گێلاخە، سیرمۆکە و کوڕادە و دەیان دەسک ریحانەی بۆنخۆش لەبەردەم دوکانەکانی شار بە نازەوە شاریان بۆنخۆش و ڕازاوە دەکرد.

دەگەڕام بە دوای سەرچاوەی شاردا، ئەو کاتانەی کانی و ئاوی سەرچاوە دەتەقیەوە و وەسەردەگەڕا و جۆگەی ئەو بەراوبەری شەقامی پڕ دەکرد و وەسەر شەقام دەگەڕا و لەبەر خۆرەتاوی گەرمی بەهار و هاوینی شار وەک دەنکە ئەڵماسی رژاو دەبریسکایەوە و کۆلەکەزێرینەی بۆ شار درووست دەکرد و دووکاندار و ڕێبوارانی شار لاقیان دەئاو دەکێشاو خۆیان پێ فێنک دەکردەوە و منداڵانیش بە ئاوپڕژێنی یەکتر دڵی خۆیان ئاوپڕژێن دەکرد و بە تەڕی و خووساوی دەگەڕانەوە ماڵەوە.

دەگەرام بە دوای منداڵە خۆشی لەخۆ نەدیوەکانی شاردا، دیتنەوەیان گەلێک زەحمەتە و بە حەسرەتی دیتنەوەی ئەو منداڵانە کە ڕەنگ بێ ئێستا بەشێکیان لە ژیاندا نەمابن و بەشێکیان ئاوارە بووبن و بەشێکیان لە نێو دەریای پڕ لە خەمی شاردا هەنووکەش بە دوای خولیاکانیان دا دەگەڕێن، هەنگاوم هەڵدێنیایەوە، کۆسپەکانی ڕۆژگار هەنگاوەکانم پێ شل ناکەن و ڕۆژێک ڕاستە شەقامی شار و بووکی سووری گردەسوور و سەرچاوەی ساردی شار و مەزاری ئازیزانمان لە ئامێز دەگرمەوە و بە ئاواتی ئەو ڕۆژە هەروا هەنگاو هەڵدێنمەوە.

لە دوا نیگای شاردا و کاتێک دەمهەویست بەرەو هەواری نادیاری ژیان بگەرێمەوە، ورە بەرزی خەڵکی شار و بەرزی کێوەکانی دەوروبەری و جوانی گوند و باخ و باخاتی هەروا شاریان گەورە و جوان راگرتووە و تریڤەی مانگەشەو و تاڤگەی

شەڵماش و چۆمی کەڵوێ بوونە جێگای ئەویندارانی کۆن و نوێی ئەم دیارە سەر سەوز و خەملاوەیەی کوردستان و هەروا بە هیواوە دەروانمە دوا ڕۆژەکانی سەردەشتی سەرسەوز نیشتمانی شێرە مەردان و تەوارە سەربەرزەکانی کوردستان.

سوپاس بۆ ئەوەی بۆ تاوێک بە نێو دەریای پڕ لە شەپۆلی ژیاندا گەیاندتمە لێواری دەریای ئارامی شار.

ڕووحی کۆچ کردووە دڵسۆزەکان و خەمخۆرانی ڕاستەقینەی شار و ناوچە شاد.

٨ی ئەپریلی ٢٠٢١

## خاتوو نازدار مەحموودزادە ژنە تیکۆشەری کورد خوات لەگەڵ

ساڵانێکی دوور و درێژە بنەماڵەکەمان لەگەڵ بنەماڵەی گەورەی مام کوێخا حوسێنی قوڵەسوێروێ تیکەڵاون و هاتووچۆیان هەیە، لەو ماوە دوور و درێژەدا نەک باجە نازدار کە منداڵی گەورەی مام کوێخا بوو بەڵکوو منداڵە بچووکەکانی بنەماڵەشمان دەناسین و بە گشتی بەردەوام بە یەکەوە لە هاتووچۆ و سەردانی یەکتر دابووین.

ساڵانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاوارەگی خەڵکی شاری سەردەشت بۆ گوند و ناوچەی دەوروبەری، ماڵی گەورەی مام کوێخامان زیاتر ناسی و زۆرتر ئۆگری گەورەیی و میوانداری و هەڵسوکەوتیان بووین.

بنەماڵەیەکی کوردپەروەر، خۆشەویست، نانبدە و مشوورخۆر و ساحەب مەسڵەت بوون، لە ناوچە دا قسەی یەکەم مام کوێخا دەیکرد و ئەوەش جێگایەکی تایبەتی بۆ منداڵەکانی لە نێو کۆمەڵگا دا کردبۆوە، مام کوێخا حوسێن فەرماندە هێزی بەرگری ناوچەی سەردەشت بوو و تا توانای هەبوو بە دژی ڕژێم شەری کرد و یەکێک لە کەسە دیارەکانی هێزی بەرگری کوردستان بوو.

خاتوو نازدار وەک منداڵی گەورەی مام کوێخا هەمیشە لەبەرچاوان بوو، هەر بۆیەش هەم لە بنەماڵەدا و هەمیش لە گوند و لە دەوربەری دا ڕێزی زۆری لێدەگیرا. خاتوو نازدار دواتر دەبێتە هاوسەری گەورە پیاو و تێکۆشەری کورد کاک مەلا برایم، کە دواتر دەبێتە فەرماندەی بە توانای حیزب، پارتیزانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان، کاک مەلا برایم مەسڵەحەت، ناسراو بە مەلا برایم دۆڵەگەرمی خەوی لە چاوی دوژمنان تاراندبوو، کەسێک بوو کە هەم لە دەوڵەتی نەگریسی حەمەرەزاشا دا و هەمیش لە دەورانی ئاخوندە خۆداسەپێنەکان دا هەمیشە لە سەفی یەکەمی بەرگری دابوو و دەوڵەتی لە ناوچەدا بە چۆک داهێنابوو.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران باجە نازدار وێرای فەرماندەی بە توانای حیزب کاک مەلا برایم لووتکەی شاخەکانی کوردستان دەکاتە مەنزڵی سەرەکی ژیانی خۆی و منداڵەکانی و بوێرانە خزمەت بەگەل و نیشتمان دەکا و تا دوا هەناسە لە سەر ئەو ڕێگایە بەردەوام دەبێ.

ئەو ماڵ و ژیانی خۆی لە قولەوسوێر و دۆڵەگەرم بەجێ هێشت بۆ ئەوەی ڕزگاری خەڵکی کوردستان و ناوچە بە چاوی خۆی ببینێ، ئەو ژیانی ئاسایی خۆی بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد بە ژیانی سەخت و دژواری پێشمەرگایەتی گۆڕیەوە و شان بە شانی فەرماندەی چاونەترسی گەلەکەمان کاک مەلا برایمی تیکۆشەر ڕووی لە چیا کرد و لەو پێناوەدا هیچ کات لە بوردومانی فرۆکە و تۆپبارنی رژێم نەترسا و بوێرانە پشتگیری لە فەرماندەی گەورە حیزبەکەمان کاک مەلا برایم کرد و بوو بە کۆڵەکە و پاڵپشتی مەعنەوی و سیاسی ئەو گەورە پیاوەی گەلەکەمان.

نامهەوێ ژیان و خەباتی خاتوو نازدار بە گەورە فەرماندەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک مەلا برایم گرێ بدەم، بەڵام دەمهەوێ بڵێم پێش ئەوەی کە ببێتە هاوسەری ئەو گەورە پیاوە، خاتوو نازدار بە هۆی کار و خەبات و تێکۆشانی مام کوێخاوە لە کەسە دیارەکانی گوند بووە و کوردایەتی بە دڵ و بەگیان هەست پێکردبوو، باپیری خاتوو نازدار کاک کوێخا مەحموود لە شەرێکی سەخت و خوێناوی دا لە گوندی هەورازە بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان شەهید دەبێ و ئەوەش کاریگەری زۆری لە سەر بنەماڵەی مام کوێخا حوسێن و منداڵەکانی دەبێ.

شایانی باسە کە شەهید محەممەد مەحموودزادە یەکێک لە ئەندامە هەڵسوور و چالاکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و برای خاتوو نازدار، بە هۆی ئەوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە عەمەلیاتێک لە ناوچە دا، لمبۆزی دوژمنانیان لە خاکی کوردستان وەردابوو، لە لایەن رژێمەوە دەگیرێ و هەر لە بەرچاوی خەڵکی گوندی قوڵەسوێروێ لە نێو ڕەزەکانی بەر پایەگای رژێم دا شەهیدی دەکەن، هاوکات هەر لە هەمانکاتدا، کوڕە پوورێکی خاتوو نازدار بە ناوی کاک سەلیم محەممەدپوور کە ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو، شەهید دەکەن شەهید بوونی کاک محەممەد و کاک سەلیم، خاتوو نازدار زیاتر هان دەدا کە ڕێگای شەهیدانی کوردستان درێژە بدات.

جێگای ئاماژەیە کە گوندەکانی قوڵەسوێروێ، دۆڵەگەرم و گوندەکانی دۆڵی دەرماناوێ و دۆڵی قازانی مەکۆی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانە و هەمیشە جێگای حاوانەوە و جێگای تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و خەڵکەکەی بە دڵەوە یارمەتیان بە هیزی پێشمەرگە و بە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان کردووە و هەر بۆیەش رژێم هەوڵی داوە کە بە هەموو شێوەیەک خەڵکەکەی سەرکوت بکا.

خاتوو نازدار ئەندامێکی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو و تا دوا هەناسە وەفادار بە ڕێگای سەربەرزی شەهیدانی کوردستان مایەوە، ئەو لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبی و یەکیەتیی ژنان دا و لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و بۆنە جۆراجۆرەکانی کورددا بە خۆی و منداڵەکانیەوە بە دڵەوە بەشداری

دەکرد، بە گشتی لە وڵاتی سوئێد یەکێک لەو ژنە هەڵسووراو و نیشتمانپەروەرو یەکسانیخوازانە بوو.

خاتوو نازدار ژیانی پڕ بوو لە ئەزموون بۆ دۆزی ڕەوای کورد و بە دڵەوە تێدەکۆشا، وەک خۆم، هەمیشە وەک پێشڕەو و پێشەنگ چاوم لێدەکرد، هیچ کات پشتی لە ویست و داخوازییەکانی خۆی و بنەماڵە و گەلەکەی نەکرد، کۆچی دوایی خاتوو نازدار بۆ کۆمیتەی حیزب لە سوئێد و یەکیەتیی ژنان خەسارێکی گەورە بوو.

باجە نازدار کۆچت بۆ هەمووان بە ژانە بەڵام، دڵنیا بە کە هەموومان بەو ڕێگایە دا دەڕۆین کە خۆت و هاوسەری ژیانت فەرماندە بەتوانەکەمان مامۆستا مەلا برایم و شەهیدان محەممەدی برات و سەلیمی پوورزات پێی داڕۆیشتن و تا دەگەینە دوا مەنزڵگەی سەرکەوتن هەروا قوتابی ئێوە دەبین.

ڕووحت شادو ڕێگای خەباتت پڕ ڕێبوار بێ.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی مام کوێخا و خەڵکی گوندی قوڵەسوێرویی شۆڕشگێڕ و دۆڵەگەرمی پێشەنگ و بنەماڵەکانی مەحموودزادە و مەسڵەحەت و خزمانیان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم. یاد و ناوتان لە دڵان دا هەر بە زیندوویی ڕادەگرین.

**١٠ی ئەپریلی ٢٠٢١**

---

## پیرۆزبایی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی تێپەڕینی ١٩ ساڵ لە کاری میدیایی

ساڵانیکی دوور و درێژە کە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەبنە میوانی کۆمەڵگا، بە گشتی خەڵک بیرەوەری خۆش و ناخۆشی‌یان لەو میدیایانە هەیە، بە دڵنیایەوە ئەو ڕۆژانە بۆ بەشێک لە خەڵک بوونە یادوارە و بیرەوەری و هەر بۆیەش زۆرجار بە تاسەوە باسی ئەو ڕۆژانە و هەروەها لاپەرە ڕەش و سپی و جارجار ڕەنگی‌یەکانی گۆڤارەکان دەکەن، سەردەمانێک تەلەفزیۆنەکان ڕەش و سپی بوون و هەموو رەنگەکان وەک یەک بە ڕەش و سپی دەبیندران و چەند شەپۆلێکی رادیۆش بە گۆرانی و بە هەواڵ و بە بەسەرهاتی جۆراوجۆر لە دیواخان و قاوەخانە و جارجار لە مووچە و مەزرای خەلک دەبیستران و خەڵک پێیان دڵخۆش دەبوون.

ئەوانە و زۆر نووسراوە و گوتار لە دەستی کارگێرانی حکوومەتی دابوون و پێش بڵاوبوونەوە و دەرچوونیان بەردەوام کۆنترۆڵ دەکران و سانسۆریان لەسەر بوو، بەو حاڵەشەوە، خەڵک چاوەروانی هاتن و دەرچوونیان دەکرد.

نزیک بە ٣٠ ساڵی ڕابردوو بە هۆی پێشکەوتنی تیکنۆلۆژی و بەربڵاوی ئینترنێت زۆرێک لە کاری ئانالۆگی‌یەکان بوونە دیجیتاڵی و ئەوەش مەجالی بۆ زۆرێک لە ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسی و غەیرە حکوومەتی‌یەکان و تەنانەت گرووپ و تاکەکانی کۆمەڵگا ڕەخساند کە بتوانن کارە دڵخوازەکانی خۆیان بکەن و یا بە خولیاکانی خۆیان بگەن.

بە هاتنە بازاری کامپیوتێر و ئینترنێت بەرەبەرە کارەکانیش ئاسانتر بوونەوە و لە هەمانکاتیش دا دونیا بچووکتر بۆوە، ئەگەر پێشتر کەس و یا کەسانێک بە هۆی فیلتەری حکوومەتی نەیان دەتوانی کارە ڕۆژنامەوانی‌یەکانی خۆیان نووسین و بابەت و فیلم و وێنەکانیان بڵاو بکەنەوە، ئەوجار بە کامپیوتیر و ئینترنێتی شەخسی خۆی، بێ ئەوەی ببێتە کارمەند و مووچەخۆری حکوومەتی و لە فیلتەرەکان بترسێ، هەر لە ماڵی خۆی را کۆمەڵێک بڵاوکراوەی ئینترنێتی لە ڕێگای وێبلاگ و ماڵپەر و ئیمێل و نامەوە بە کلیک و چرکەیەک بۆ ئەو شوێنانەی پێی خۆش بوو دەنارد.

لە گەڵ هەموو ئەوانەش دا دیسان حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بە دانانی بەربەستی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە کە پێش بە میدیای ئازاد بگرن و لەو سۆنگەیەوە ساڵانە بە هەزاران کەس بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی تاکەکەسی، ڕاپێچی زیندان کراون و تەنانەت بەشێکیان هەر بەو تاوان هەڵبەستنانە لە سێدارەش دراون.

یەکێک لە خولیاکانم ئەوە بوو کە بتوانم، کارێکی مێدیایی بکەم، بۆیە دوای هاتنە دەرەوم بۆ ئوروپا و هەر لە یەکەم ساڵەکانی دەستپێکی ژیانم لە سوئێد و دەست پێراگەیشتنم بە کامپیوتێر و ئینترنێت بیرم لە ڕۆژنامەیەکی ئێلکترۆنی کردەوە و بە خۆشیەوە پاش ماوەیەک کار و خوێندن بۆ فێربوونی چۆنیەتی دەست پێراگەیشتن و درووستکردنی ماڵپەر، لە ڕێکەوتی ٢٢ ـ ٠٤ ـ ٢٠٠٣ دا لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دا یەکەم لاپەڕەی ئینترنێتیم بە ناوی گیاڕەنگ بلاو کردەوە و دوو ڕۆژ دواتر بۆ ڕێز لێنان لە شەهیدان و بوردومانی ٢٤ ـ ٠٤ ـ ١٩٧٤ی زائیینی شاری قەلادزێ ماڵپەری گیاڕەنگ بە ڕەسمی و بە سادە و ساکاری، بەلام بە پرنسیپی ڕۆژنامەوانی‌یەوە، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و لەو کاتەوە تا ئێستا ١٩ ساڵ بە سەر کاری ئەو ماڵپەرەدا تێپەر دەبێ و بۆتە سەکۆیەکی هەمەڕەنگی گشت لایەک.

لە ماوەی ١٩ ساڵ کاری مێدیایی و ڕۆژنامەگەری ماڵپەری گیاڕەنگ دا، شاهیدی ئەوە بووین کە زۆرێک لە ماڵپەرە حکوومەتی و ناحکوومەتی‌یەکان و سیاسی و مەدەنی‌یەکان و هەروەها ماڵپەرە تاکە کەسی و گرووپی‌یەکان دوای چەند مانگ و یا چەند ساڵ کارکردن، بە هۆی گیروگرفتی تایبەت بە خۆیان نەیتوانیوە درێژە بە وەشانەکانی ماڵپەرەکانیان بدەن و داخراون و ئەوەی گیاڕەنگ لەوان جیا دەکاتەوە، بەردەوامی ماڵپەری گیاڕەنگ و پابەندبوون بە پرنسیپی ڕۆژنامەوانی بووە. لەو پەیوەندی‌یەدا بەخۆشیەوە ماڵپەری گیاڕەنگ بە بێ دابڕان و بە بێ وەستان ١٩ ساڵە دەبێتە میوانی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان و بە تایبەت کوردانی تاراوگەنشین. لە ماوەی ١٩ ساڵی ڕابردوو دا چەندجار خۆی نوێ کردۆتەوە و بەرگ و سیمای خۆی بە پێی سەردەم گۆڕیوە و بە ڕووی دەرەوەدا جوانکاری خۆی کردووە و لەو پەیوەندی‌یەشدا چەندجارێک تووشی گرفتی تایبەت بە خۆی بووە.

بە خۆشیەوە بۆ چارەسەری گرفتەکان کەسانێکی خۆبەخش یارمەتیان داوین و لە دوایین نوێکاری دا کە لە ساڵی ٢٠٢١ دا بە بۆنەی ١٩ ساڵەی گیاڕەنگ کراوە هاورێی ماندوویینەناس کاک ئیبراهیم عەزیزی شارەزای بواری دیزاین و ڕێکخستنی ماڵپەر، زەحمەتی زۆری کێشاوە و هاوکاتیش مامۆستا فاروق قوبادی کە یەکێکە لە کەسە دیارەکانی بواری دیزاین و جوانکاری و شێوەکاری دیجیتاڵی لە ڕێنوێنی‌یەکانی خۆی بێبەشی نەکردووین.

خاڵی سەرەکی زیندوو مانەوە و لە سەرپێ بوونی ماڵپەری گیاڕەنگ هاوکاری بێ پسانەوەی بەشێک لە نووسەران ، وەرگێران ، ئەدیبان و شاعیران ، خوێنەران و بینەرانی و هاورێیەکانی ماڵپەری گیاڕەنگ بوون کە بە ناردنی بابەت و نووسراوەی سیاسی ، ئەدەبی ، کۆمەلایەتی و بە نووسینی بیرەوەری و ناردنی پێشنیار ، تێبینی و ڕەخنە ماڵپەرەکەیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە و ئەوەش بە گەورەترین دیاری مەعنەوی بۆ ماڵپەری گیاڕەنگ دەزانم.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو دا هاوڕێیانی بەڕێزم کاک ئاوات حەسەنپوور، کاک وەستا ڕەحمان خالیدنژاد و کاک نادر ئەمینی ماڵپەری گیارەنگیان سپۆنسەر کرد، ئەو بەڕێزانە بە یارمەتی خۆیان بۆ چەند ساڵێک گیارەنگیان وەک هەمیشە بە ڕەنگینی لە سەر پێ ڕاگرتووە و لەو پەیوەندی‌یەدا وێرای سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانە هاوکاتیش سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بە توانایی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا ماڵپەری گیارەنگیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە و خۆیان بە گیارەنگ دەزانن و گیارەنگیش بە ئی خۆیان.

ماڵپەری گیارەنگ لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، لە ڕۆژ و لە حەوتوو و مانگدا، بە پێی ڕۆژمێری مێژوویی کوردستان وەشانەکانی خۆی ڕێکخستوون. لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکاندا، لە کارەساتە دڵتەزێن و لەبیر نەکراوەکاندا و بە گشتی لە خەم و ئازار و شادی و خۆشی‌یەکانی گەلی کوردستان دا شەریک بووە و بە پێی توانای خۆی ئەو ڕۆژانەی بەرز ڕاگرتووە.
لە کۆتایی دا جێگای خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ بنەماڵەی بەدرخانی‌یەکان سەر قافڵەی کاری ڕۆژنامەگەری کوردی و هەروەها سڵاو بنێرین بۆ بیری پێشەوا و کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی شۆرشی گەلی کورد و خۆراگری شاری قەڵادزێی دووجار شەهید و هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ڕۆژنامەگەری و شۆرشی کوردستان، لێرەوە چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستیان پێشکەش دەکەین.

بەڕێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ

٢١ی ئەپریلی ٢٠٢١

## ڕێزگرتن لە شەهیدانی شاری قەڵادزێی دووجار شەهید.

مێژووی گەلی کورد پڕە لە کارەساتی دڵتەزێن و پڕە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و لە هەمان کاتیش دا پڕە لە شۆڕش و بەرەنگاری و ڕاپەرین.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان دا بە هەموو شێوەیەک و بە دڕندانەترین شێوە هەوڵیان داوە کە گەلی کورد قەلاچۆ بکەن و ئەوەندەی بۆیان کراوە هەوڵی سەرکوتی گەلی کوردیان داوە.

بەخۆشیەوە گەلی کورد هەمیشە چەک لە شان و پێشمەرگانە بەرەنگاری حکوومەتەکان بوونەوە و نەیانهێشتووە کوردستان و کورد وەک دوژمنان دەخوازن پارویەکی سووک بێ بە دەستی دوژمنانەوە.

بەرنگاری کورد و هەوڵدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و ئازادیخوازی کورد بۆتە چەقڵی چاوی نەیار و داگیرکەران و شۆڕش و خۆراگری کورد بۆتە باسێکی گشتی و جیهانی.

گەلی کورد بە هۆی خۆراگری و ئازادیخوازی‌یەوە هەمیشە لە لایەن ڕژێمەکانەوە هێرشی دڕندانەی کراوەتەوە سەر ، یەکێک لە هێرشەکانی ڕژێمی بەعس هێرشی ئاسمانی بوو بۆ سەر خەڵکی سڤیلی شاری قەڵادزێ و بۆردومانی خوێندکارانی زانکۆ لەو شارە.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی زائینی چەند فرۆکەیەکی حکوومەتی بەعس بە بۆمبی ناپاڵم هێرشیان کردە سەر شاری قەڵادزێ و چەند گەڕەکێکی ئەو شارەی لە چاوترووکانێکدا بە بۆمبی ناپاڵم تەخت کرد و لەو بۆردوومانەدا دەیان کەس لە ژن و منداڵ و بەساڵاچوو و چەندین مامۆستا و خوێندکاریش شەهید بوون، دوای بۆردوومان خەڵکی قەڵادزێ و دەڤەری پشدەر ڕوویان لە چیاکانی دەوربەری کرد و بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی قەڵادزێ ڕوویان لە شاری سەردەشت و دەوروبەری کرد و ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەگی دا مانەوە.

شەهیدەکانی قەڵادزێ بوونە سیمبوولی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش بە گشتی و بوونە ڕەمزی خۆڕاگری، بۆیە دوای گەڕانەوەی

خەڵک بۆ قەڵادزێ، خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەری بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی زائینی بە شێوەی ڕێپێوان بەرەو قەڵاتی قەڵادزێ و گۆڕستانی پشت قەڵات دەچوون و بە خوێندنەوەی شێعر و هەڵبەست و فاتیحە خوێندن بۆ ماوەیەک لە گۆڕستان دەمانەوە و ئەوەش ساڵانە دووپات دەبۆوە.

لە ڕێکەوتی ٢٤ - ٤ - ١٩٨٢ی زائینی جارێکی دیکە خەڵکی قەڵادزێ بۆ ئەوەی ڕێز لە شەهیدانی بۆردوومانەکە بگرن لە شەقامی شاردا بە گژ هێزی ئیستخبارات و سوپای عێراقی دا دەچنەوە و بوێرانە پاشەکشە بە هێزەکانی ڕژێم دەکەن، هێزی ڕەشی سوپای عێراق لە شەقامدا خەڵک وەبەر دەستڕێژی چەکەکانیان دەدەن و چەند کەسی دیکە شەهید دەکەن و لە شەقامەکان دا جینایەتێکی دیکە دەخوڵقێنن و چەندین کەسیش لە خەڵکی قەلادزێ ڕاپێچی گرتووخانە دەکەن.

بوێری خۆپێشاندەرانی شەقامی قەڵادزێ لەرزەی وەپەیکەری حکوومەتی بەعس خستبوو و خەڵکی شارەکانی دیکەش بۆ پشتیوانی لە قەڵادزێ نارزایەتی خۆیان دەربریبوو، بۆ پێشگیری لە نارزایەتی خەڵک ساڵانە لەو ڕێکەوتە دا دوژمن زیاتر هێزی دەخزاندە نێو شاری قەڵادزێ.

ئێستا ٤٧ ساڵ بە سەر ئەم کارەساتەدا تێپەر دەبێ و خەڵکی قەڵادزێ هەروا شۆرشگێر و بوێرانە ڕێز لە شەهیدانی ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٨٢ ی زائینی دەگرن و ساڵانە بە شێوەی جۆراوجۆر چالاکی هونەری و ئەدەبی بەڕێوەدەبەن و قەڵادزێیەکان و خەڵکی کوردستان بە حورمەتەوە باس لەو شەهیدانە و لە گشت شەهیدانی کوردستان دەکەن و یاد و ناویان بە بەرزی و زیندوویی ڕاگرتووە.

تەمەنم نۆ ساڵان بوو کە خەڵکی قەڵادزێ هاتنە سەردەشت و بەشێک لە خزمان و دۆستان و ناسیاوانی قەڵادزێ لە ماڵی ئێمە و لە لای دراوسێ و خزمەکانیان بوون، خزمان بە گشتی کارەساتی بۆردوومانی قەڵادزێیان بە خەم و خەفەتەوە بۆ باس دەکردین و لەو کاتەوە بەردەوام ئەو کارەساتە لە لام زیندوو ماوەتەوە، هەر لە منداڵییەوە ئەوگری شاری قەڵادزێ بووم و لەگەڵ بەشێک لە منداڵانی هاوتەمەنی شاری قەڵادزێ ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان هەبووە و بەشێک لە خزمانی هەرە نێزیکمان لەو شار و دەڤەرەن و بەردەوام بە یەکەوە لە پەیوەندی دایین.

بەشێک لە ژیانی پێشمەرگایەتیم لەو دەڤەرە ڕەنگینە و بە تایبەت قەڵادزێ تێپەر کردووە و لە لوتف و مەرحەمەتی خەڵکەکە بێبەش نەبووم و دوای ڕاپەرین و ئاوەدان کردنەوەی قەڵادزێ بەردەوام لە یادی شەهیدانی بۆردوومانی قەڵادزێ دا بەشداریم دەکرد و هەستی نیشتمانپەروەری قەڵادزێیەکانم زۆرتر بۆ دەردەکەوت.

لە ساڵی ٢٠٠٣ ی زائینی دا ماڵپەری گیارەنگم درووست کرد و بۆ ڕێز گرتن لە ڕۆژنامەگەری کوردی و شەهیدانی قەڵادزێ، ماڵپەری گیارەنگم وەگەر خست و وەشانی ڕاستەوخۆی ماڵپەری گیارەنگ لە ڕۆژی٢٢ و ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٣ دا دەستی پێکرد و لەو کاتەوە نۆزدە ساڵە بە شێوەی نووسین و یادکردنەوە لە ڕێگای ئینترنێتەوە یادی شەهیدانی قەڵادزێ بەرز ڕادەگرم.

ئەمساڵ بەشێک لە وێنەی شەهیدانی قەڵادزێم وەک وێنەگایەک و وەک ڕێزلێنان لەو شەهیدانە و لە خەڵکی شۆرشگێری قەڵادزێ لە ماڵپەرەکەمان درووست کردوە و هیوادارم کە ئەگەر وێنەیەک ناوەکەی بە هەڵە نووسراوە و یا ئەگەر وێنەی ڕوونتر و جوانتر لە لای قەڵادزێیەکان دەست دەکەوێ بۆمان بنێرن تا چاکیان بکەین و ئەگەر شەهیدێک لەگەڵ وێنەکان نیە، تکایە ناوەکانمان بۆ بنووسن با لەگەڵ وێنەکانی دیکە بە شێوە ناو بیان نووسین.

٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

## بۆ حەکیمی دەردان.

## حەکیمی دەردان، حەکیمی پێشەنگ، حەکیمی سەنگەر!

نازانم لە کوێ‌ڕا دەست پێ بکەم، چۆنت لەسەر بدوێم، چیت لەسەر بنووسم کە شایانی ئەو هەمووە مێهرەبانی، خەمخۆری، دڵسۆزی، پاکی، سەداقەت و شۆڕشگێڕیی تۆی گلێنەی چاوم بێ.

نووسین لەسەر تۆ هەم ئاسانە و هەمیش گەلێک سەخت و دژوارە. ئاسانە لەبەر ئەوەی هەموومان دەتوانین باسی چەم و ڕووبار بکەین، چونکی تۆ لەگەڵ چەم و ڕووبار بووی، سانایە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسی جوانیی سرووشت بکەین، تۆ جوانی ژینگە و هەموو وەرزەکان بووی، ئاسانە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسی خاک و سەنگەر و نیشتمان و پێشمەرگە بکەین، تۆ بۆخۆت سەنگەری لەگیراننەهاتوو بووی، بۆنی خاک و نیشتمان و دێموکڕاتت لێ دەهات.

دژوار و سەختە لەبەر ئەوەی، تۆ قەڵای هەمووان بووی، تۆ پێشەنگ و پشتیوانی گشتمان بووی، تۆ پارێزەری مەزنە پیاوی شۆڕشگێڕی کورد و شەهیدانی ڕێبەرمان بووی، تۆ پارێزەری قەڵای دێموکرات و هاوڕێ و هاوسەنگەرانت بووی، بۆیە دەترسم نەمتوانیبێ وشەی پڕ بە باڵا و شایانی تۆ بدۆزمەوە.

**گەورەم!**

ئێستا هەموومان چاومان لە دەرگای قەڵایە گورج و گوڵ و زیت و وریا ، بێیە نێو قەڵا و ئاگات لە هەمووان و لە یادگاری شەهیدەکان بێ.

دە لالۆ، کاکی کاکان، حەکیمی هەمووان، دڵمان مەشکێنە، عیسمەتی پاکی و یادگارەکانت (شەوبۆ، سکاڵا، شنە، سارێژ و سۆما)، حەکیمەکان خورشیدی تابان و گشتمان چاوەڕێی هەستانەوە و گەڕانەوەی تۆی تاجی سەرمان بووین. لە وڵاتی ساردی سکاندیناوی و لە ئورووپای لانکی ئازادی و لە سەردەشتی زێدی لەدایکبوونت، لە شار و بازێڕی گەرمێن و کوێستان هەموومان چاوەڕوانی هاتنەوەت بووین. چاوەڕوان بووین وەک جاران سایە و سێبەرت هەروا لەسەر سەرمان بێ. کوا کاتی

ئەو کۆچەت بوو، ئاخر گوتت بە یەکەوە دەگەڕێینەوە قەڵا و بە یەکەوە جارێکی دیکە بەدەستی خۆمان مەزاری شەهیدان ئاوپڕژێن دەکەین.

بە دەنگی نزم لە نەخۆشخانە پێت گوتم بەجێتان ناهێڵم، لەوە دڵنیام تۆی هەردەم بوێر پێشەنگ هەروا ئاڵا بەدەست و چەک لەشان پێشەنگی ئەو کاروانەی و تا سەر و بۆ هەمیشەش لەنێو دڵماندا بە زیندوویی دەمێنیتەوە.

**حەکیمی دەردان!**

یاد و ناوت دەبێتە ئیلهامی تێکۆشانی گشتمان، ڕەوشتی بەرز و کەسایەتیت دەبێتە وانە بۆ لاوانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری و، سەنگەرت هەروەک جاران ئاوەدان دەبێ و تفەنگ و ڕەختی شانت لە قەدی کیژ و کوڕانی گەلدا دەبێتە پێناسەی خۆت و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کۆچت گەلێک بەژانە و پێنووسی دەستم لە ئاست گەورەییت دا بە تەواوی داماوە و وشەکانم بۆ ناکرێن بە ڕستەیەک کە وەک ملوانکەیەک جوانی و هەیبەت و بویریت نیشان بدات. تۆ حەکیمی هەمووان بووی ، تۆ ئی خۆت نەبێ ئی هەمووان بووی، خەمی خۆت نەبێ ، خەمی هەموو کەست لەبەر بوو و کەسی بێکەسان بووی، هەر بۆیە هەموومان بە دەم ڕێگای هەیبەت سوڵتانەوە وەک قەتارێک لە دەم ڕێگای هاتوچۆت ڕاوەستاوین تا بەئەمەگەوە لە دەریای خزمەتەکانت لە بەرزی و لە نەجابەتت بڕوانین.

**فەرماندەم!**

ڕێگا و ڕێبازت، بیر و ئەندیشەت، سەنگەر و قەڵات بە ئێمە سپارد و دڵنیا بە کە ئێمەش وەک تۆی پارێزەر و پێشمەرگە، خەممان تەنیا خەمی نیشتمان و ڕزگاریی گەلەکەمان بێ و ڕێگا و ڕێبازت درێژە بدەین.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە و بە بۆنەی کۆچی دوای حەکیمی هەرمان لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە باجە عیسمەتی مێهرەبان و کچەکانی و خوشک و براکانی و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و هاوڕێیانی بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و گشت لایەک لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و هاوخەمی گشت لایەکم.

ڕوحت شاد گەورە پیاوی نێو شۆڕش و کوردایەتی

یاد و ناوت لە دڵاندا هەردەم زیندوو بێ.

٦ی مای ٢٠٢١

## سەرۆک کۆمارە کارتۆنی‌یەکەش کار و دەسەڵاتی تەواو بوو

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران تەنیا شانۆسازی‌یە و هیچی‌تر، هەموو شارەزایانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوە دەزانن کە لە ماوەی ١٢ جار هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا هیچ کام لە سەرۆک کۆمارەکان نەیانتوانیوە ویست و داخوازی‌یەکانی خەڵک وەدی بێنن و تەنانەت سادەترین و بچووکترین داواکاریش کە دۆزینەوەی کار و دابین کردنی بژێوی ژیانە، نەهاتۆتە دی و بە دڵنیایەوە لە ١٣یەمین هەڵبژاردنیش دا وەک هەموو جارێک تەنیا تەمەنی کۆماری ئیسلامی پێ درێژ دەکرێتەوە و هیچی‌تر.

وەک هەموو لایەک ئاگادارن لە هاتنە سەرکار و خۆداسەپاندنی ئاخووندەکان دا حەسەن رووحانی سەرۆک کۆماری ئێستای رژێمی پەت و سێدارەی ئێران لە پۆستی جۆراوجۆری حکوومەتی و ئیداری دا کاری دەکرد.

لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دوای سەرۆک کۆماری قاتڵ و بکوژ ئەحمەدی نژاد، بە درووشمی چاکسازی و بە بانگەشەی باشترکردنی ژیانی خەڵک و ئابووری وڵات و کۆمەڵێک درووشمی بریقەدار دەیهەویست سرنجی بەشێک لە کۆمەڵگای ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و دواتر دیتمان کە لە هەڵبژاردنە پڕ لە فێڵ و تەڵەکەکانی حکوومەتی ئاخووندی دا سەری لە سندووقەکانی دەنگدان دەرهێنا و بوو بە سەرۆک کۆمار.

ئێستا ڕووحانی لە کاتێک دا دەفتەری سەرۆک کۆماری بەجێ دێڵێ کە درووشمە بریقەدار و ڕەنگاوڕەنگەکانی وەک بڵقی سەر ئاویان لێهاتووە و لە هەمانکاتدا پرسی ئابووری ئێرانی، نەک بۆ چارەسەر نەکراوە بەڵکوو لە ماوەی هەشت ساڵی دەسەڵاتیدا، کۆمەڵێک کێشەی ئابووریشی بۆ ئێران و بە تایبەت بۆ خەڵک بەجێهێشتووە. ئەگەر هەشت ساڵ لەوە پێش سفرەو خوانی خەڵک تا رادەیەک درێژ و پان و پڕ بوو، ئەوە ئەمڕۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بە دەستی سفرەی بەتاڵەوە دەناڵێنن و تەنانەت سفرەکان بە ڕادەیەک بچووک بوونەوە کە بەشی زۆرینەی خەڵک تووشی نەخۆشی و تەنانەت دڵەڕاوکێ و خەمۆکی بوون و رۆژانە لەبەر بێکاری و نەبوونی کار و دراو لە ژیان بێزار بوون ، هەر بۆیەش بەشی زۆرینەی کۆمەڵگا هیچ بە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە و بە پروپاگەندەی بەربژێرەکان دڵخۆش نین و بە دوای دەرفەت و هەلی کار دادەگەڕێن و بە گشتی ڕەنج بەخەسار و نائومێد بوون.

خەڵکی کورد پێویستە یەکگرتووانە بە دەنگ ناوەندی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتی و چاوەدێرانی سیاسیەوە بچن و" نا"یەکی گەورە بە کۆماری جەهل و نەزانی ئیسلامی ئێران بڵێن و چیدی بە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان شەرعییەت بەم ڕژێمە و بەم شێوە هەڵبژاردنە کارتۆنیانە نەدەن.

دەنگدان بە سەرۆک کۆماری ، دەنگدان و شەرعیەت دانە بە کوشت و بڕ و زیندان و پەت و سێدارە.

دەنگدانە بە کوشتنی خەڵکی هەژار و کۆڵبەر و توێژەکانی کۆمەڵگا.

وەرن هەموو لایەک بە بایکۆت کردن و نا گووتن بە کۆماری ئیسلامی هیوا بە ژیانی داهاتووی گەل ببەخشینەوە.

١٧ی جوونی ٢٠٢١

## یادێک لە دایکی کۆچ کردووم (زێڕین حیکمەت)

زێـڕین حیکمەت خێزانـی خوالێخۆشبوو مامۆسـتا مەلا نەجمەدین کەوکەبیشـاد لـە گونـدی هەوارسێمانی سـەر بـە شارسـتانی سەردشت لـە ڕێکـەوتی ١٨ - ٥ - ١٩٣٧ زاینـی لـە دایک بـووە. کچـی حـاجی عـەلی (حیکمـەت) ە. بـاوکی بـە حـاجی عـەلی هەوارسێمانی بە ناوبـانگە. حـاجی عـەلی چوار ژنی هێنـاوە. دایکـی زێـڕین نـاوی (خـاتون)ە و کچـێ شێخەی حەمەد ئاغـای خەڵکی میشێخەیدەریە. لە خاتون شەش منداڵی هەبوون، کە بریتین لە (کەریم، خدر، عومەر، عەبوبەکر، زێڕین و زارا). (کەریم و خدر) کۆچی دوایان کردووە. ژنی دووهەمی ناوی ئایش بووە وکچێ ئەحمەدە چەرمەی خەڵکی هەوارسێمانی بـوو و یەک منداڵی بە نـاوی (ڕەحمان) هەبوو. ژنی سێهەمی نـاوی زێنەب بووە و کچی سۆفی ئەحمەدی خەڵکی میشێخەیدەری بـوو. لە ژنی سێهەم (زێنەب) دوومنداڵی هەبوون بە نـاوەکانی (ڕەسوو ئامین). ژنی چوارەمی نـاوی زێنەب بووە و کچی مەلا شێخی خەڵکی سەردەشت بووە. لەو ژنە چوار منداڵی هەبوون، کە بریتن لە (بەهێ، خەجێ، کاڵێ و ئایش).

### دایکێکی باش و لێهات

خاتو زێڕین ژنێکی زۆر لـە سـەرەخۆ و هێـدی و هێمن و دڵپـاک بـوو. خـاتو زێـڕین بـۆ مـاوەی دە سـاڵی تـەواو توشـی دەردی دووری مامۆستا نەجمەدین بوو. مامۆستا لە ساڵی (١٩٦٨) ی زاینی بە تـاوانی خـەبات و جوڵانـەوەی سیاسـی لـە سـەرڕێبـازی پێشـەوای کـورد (قـازی محەممەد) بـە دژایـەتی سیاسـەتی دیکتـاتۆری حەمەرەزاشـا و ڕەزگـاری کـورد و کوردسـتان دەگیرێت و ماوەی دە ساڵی ڕەبەق لە زیندانەکانی جەڵدیان، تۆپخانە ورمێ و گۆلی ورمێ زینـدانی سیاسـی دەبێت. پـاش تێپـەربوونی دوو ساڵ بە سەرگیرانی مامۆستا نەجمەدین کەوکەبیشاد، عەبدوڵلا کوڕە گەورەکەی مامۆستای کە پێـی نـابووە حەڤـدە سـاڵی لە کاتی گەڕانەوەی لە باشوری کوردستان لە سەر سنووری ڕۆژهەلات و باشـوری کوردسـتان بـە دەسـتی ژاندرمـە و جاشـەکانی ڕژێمی حەمەرەزاشآ شەهید دەکرێ. خـاتو(زێڕین) ی بـەڕێز منداڵـەکانی زۆر بـە شێوەیەکی مرۆڤانـە و بـاش پـەروەردە و بـە خێوکردن. هەموو کات لە بیری پاشەڕۆژ و داهاتوی ڕوون و پێگەیاندنی منداڵەکانی دابوو. سـەرەڕای ئـەو هـەموو کوێرەوەری و دژوارییـە منداڵـەکانی نـاردە قوتـابخانە. خـاتو زێـڕین توشـی کۆسـپ و چەڵەمـەو تـاڵ و سـوێریی ژیـان دەبێت و دەبێتـە شەریکی خۆراگری و تێکۆشانی ژیانی پڕ لە شـانازیی مامۆسـتا نەحمەدین. لـە مـاوەی ئـەو دە سـاڵەدا کە مامۆسـتا زینـدانی بوو، کەس نەیدەوێرا لە بەر ترسی ساواک و جاسوس و جاش و ژاندەرمە سەر لە ماڵ و منداڵی مامۆستا نەجمەدین بدات.

## دەربەدەری

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی هێزی چەکداری زەمینی و هەوای سەرتاسەری لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد. مامۆستا نەجمەدین خوالێخۆش لە سیاسەتدا بۆ مافی ڕەوای کورد و سەربەستی کوردو و کوردستان چالاک بوو و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی نەلێن بوو. مامۆستا نەجمەدین و خاتو زێرین و منداڵەکانی ژیانیان لە بەر ئەو هێرشە لە مەترسی دادەبێت و بۆیە بە ناچاری دەردەبەدەر دەبن. ماوەی چەند مانگێک لە ناو لێرەوار و کێوەکانی سەر سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوری کوردستان دەژین. دوایی ناچار دەبن بەرەرو باشوری کوردستان کۆچ بکەن.

بۆماوەی چەند ساڵێک وەک پەنابەر لە ئۆردوگاکانی پێماڵک ( نزیک شاری قەلادزێ) و چوارقورنە (نزیکی شاری ڕانیە) دەژین. دوایی بە زۆرە ملی لە ئۆردوگای چوارقورنە را دەگوێزرێنەوە بۆ ئۆردوگای ئەلتاش نزیک شاری رومادی لە ڕۆژئاوای ئێراق. ماوەی چەند سالێکیش لەوێ ژیان بە سەردەبات. دوایی لە ڕێگای خاچی سووری جیهانی وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی نۆرویژ وەردەگیرێت. لە ڕێکەوتی ٩ - ١١ - ١٩٨٨ وەک پەنابەری سیاسی بە فرۆکە هاتنە نۆرویژ و لە شاری ترۆندهایم نیشتەجێ بوون.

مامۆستا نەجمەدین کەوکەبیشاد لە ڕێکەوتی ٣٠ - ٨ - ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد.دوایی کۆچی مامۆستا خاتوزێرین لە گەڵ کور و کچەکەی ژیانی بەسەر برد. لەو ماوەیەدا زۆربەی ژیانی لە گەڵ کورەکەی (ڕێباز) بەسەر برد. منداڵەکانی زۆر ڕێزی دایکیان دەگرت و بۆهەموو کار و پێداویستیەک ئامادە بوون.

## کۆچی دوایی

زێرین حکمەت ماوەی چەند ساڵێک توشی نەخۆشی درێژخایەن بوو. زۆر بە ڕێک و پێکی لە ژێر چاودێری دکتۆری خۆی بوو. گەلێک جاریش بۆ چارە سەری ناچار بوو لە خەستەخانەی (سانت ئۆلاڤ) لە شاری ترۆندهایم بخەوی. کارمەندانی تەندروستی خەستەخانە زۆر بە باشی چارە و چاودریان دەکرد.

لە رۆژی شەمە رێکەوتی ٢٢ - ٥ - ٢٠٢١ کاتژمێردوو و نیوی شەو (٠٢:٣٠) لە خەستەخانەی (سانت ئولاڤ) لە شاری ترۆندهایم لە وڵاتی نۆرویژ داویی چەندین ساڵ بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشیەکانی درێژخایەن کۆچی دوایی کرد و

گۆرغەریب بوو. زێرین حیکمەت کچێک و پێنج کوری بە ناوەکانی (مەریەم، محەممەد، عوسمان، عومەر، عەلی، ڕێباز(خالید) لە داویی خۆی بە جێ هێشت. هەروەها ناوی نەوەکانی بریتین لە: ئالان، کاردۆ، دانیار، دیاکۆ، هێلین، هانا، تارا، هەردی، ڕۆنیا و لارا.

تەرمی پیرۆزی (زێرین حیکمەتی) لە شاری ترۆندهایم را بو شاری هامار بە ئۆتۆمبیلی نووسینگەی تایبەتی جەنازە گوازتنەوەی ئیداری ئەلخدەمات گۆێزترایەوە.

## ڕێو و رەسمی بە خاک سپاردنی

لە رۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٨ زاینی کاتژمێر دوازدە (١٢:٠٠) لە گۆرستانی (ئۆڤرە ڤانگ) لە بەشی موسڵمانەکان لە شاری هامار بە خاک سپێردرا. نوێژی مردوو بە ئیمامەتی کاک ئەحمەد مەولود بە جەماعەت لە سەر تەرمی پیرۆزی زێرین حیکمەت کرا.

لە بەر رەچاو کردنی بڵاو بوونەوەی پەتای کرۆنا بە مۆڵەت وەرگرتن لە دکتۆری شارەوانی هامار تەینا ٣٠ کەس توانیان بەشداری بە خاک سپاردن بن.

مراسمی بە خاک سپاردنی یەک (١) کاژمێری خایاند. کاتژمێر یەک (١٣:٠٠ ) هەمووومان پێکەوە هەر لە گۆرستانەکە لە شوێنێک بە ناوی (یادی قوربانیان شەڕی دووهەمی جیهانی) دانیشتن و کۆری ماتەمیمان گرت. دوایی مراسمەکە بە پێی ڕێنەماکانی بڵاو بوونەوەی پەتای ڤایروسی کرۆنا هەر کەسە گەرایەوە ماڵی خۆی.

کاک ئەحمەد مەولود وتارێکی ئاینی لە بارەی کۆچ کردوو (زێرین حیکمەت) و ژیان و دنیا و قیامەت پێشکەشی بەشداربووان کرد.عوسمان کەوکەبیشاد کوری خوالێخۆش بوو لە بارەی دایکی وتارێکی پێشکەش کرد و لە لایەن بنەماڵەکەیان سوپاسی بەشدارانی کرد.

## پرسە و سەرەخۆشی:

لە بەر رەچاو گرتنی ڕێنماکانی بڵاو بوونەوی پەتای کرۆنا لە لایەن کەرتی تەندروستی نۆرویژ نەمامتوانی لە ماڵ یان لە

سالۆنێک سەرەخۆشی دابنێین. سەرەخۆشی لە ڕێگای تەلەفون و ئیمەیل و سۆشیال میدیا بوو.

خزم و هاورێ و ناسراوێکی زۆر سەرەخۆشی و هاوبەشی غەمی خۆیان ئاراستەی کچ و کورەکانی خوالێخۆشبوو زێرین حیکمەت کرد. سەرەخۆشیەکان لە هەر چوارپارچەی کوردستان، وڵاتانی ئۆروپا، ئەمریکا، کانەدا، ئۆستورالیا و ئیسپانیا را بوون.

نووسینی: عوسمان کەوکەبیشاد

شاری هامار وڵاتی نۆرویژ

ڕێکەوتی ٢١ - ٦ - ٢٠٢١ ی زاینی

بەریز بنەماڵەی کەوکەبیشاد

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە زێرین لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەرێز و خۆشەویست و خزمان و دۆست و ئاشنایان لە دەرەوەی وڵات و نیوخۆی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم و هیوادارم کە ئێوە تەمەن درێژ بن و یاد و ناوی دایە زێرین لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ و جێگای بەهەشت بێ و رووحی شاد.

٢٢ی جوونی ٢٠٢١

## پارلەمانی دەوڵەتی سوئێد بە زۆرینەی دەنگ متمانەی لە ستێفان لۆڤێن وەرگرتەوە.

بەیانی ڕۆژی ٢١ - ٦ - ٢٠٢١ لە وڵاتی سوئێد لە ئەزموونێکی نوێ و بێوێنەدا پارلەمانتارانی وڵاتی سوئێد متمانەیان لە ستێفان لۆڤێن سەرۆک وەزیرانی سوئێد وەرگرتەوە.

بە گشتی دوای باس‌وخواستێکی زۆری نێوان حیزبەکانی چەپ و ڕاستی وڵاتی سوئێد، لە دانیشتنەکەی پارلەماندا ١٨١ دەنگ لەگەڵ ستاندنەوەی متمانە لە سەرۆک‌وەزیران بوون و هاوکاتیش ١٠٩ دەنگ لەگەڵ مانەوەی ستێڤان لۆڤێن بوون و ٥١ دەنگ بێلایەن بوون و هەشت کەسیش لە پارلەمانتێران لە کۆبوونەوەی پارلەماندا ئامادە نەبوون.

لەم ڕێکەوتەوە تا ڕۆژی سێ‌شەممەی داهاتوو ستێفان لۆڤێن حەوت ڕۆژ کات و مۆڵەتی هەیە کە لە نێوان دوو بژاردەدا یەکیان هەڵبژێرێ. یا دەبێ هەڵبژاردنێکی نوێی پارلەمان ڕابگەیێنێ کە لەم ڕێگەیدا هەل بۆ سەرۆک وەزیران دەرەخسێ کە سیاسەتەکانی خۆی لەگەڵ حیزبە نەیارەکانی تاقی بکاتەوە و هاوکاتیش هەڵبژاردن وەک کارتی گوشار بەکار بهێنێ، خاڵ و بژاردەی دووهەم ئەوەیە کە داوا لە سەرۆکی پارلەمان بکا کە بەربژێری نوێ بۆ پۆستی سەرک وەزیران دیاری بکا. لە ئەگەری پەسەندی ئەو بژاردەیەدا ستێفان لۆڤێن و حکوومەتەکەی دەسەڵاتێکی سنوورداریان هەیە و تەنیا وەک حکوومەتی کاربەڕێکەر لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە و مافی ئەوەیان نییە کە بڕیاری نوێ و سیاسەتی نوێ بگرنە بەر و تەنیا لە سەر پرسە گرینگەکانی دەتوانن کار بکەن و ناتوانن سیاسەتی نوێ و گۆڕانکاری نوێ ئەنجام بدەن.

لە مێژووی وڵاتی سوئێددا ئەوە یەکەمین جارە کە بە دەنگی پارلەمان سەرۆک وەزیران لادەبردرێ و سەرۆک وەزیران و دەوڵەتەکەی دەبێ جێگا بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ چۆل بکەن، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بە دەستپێشخەریی حیزبی چەپ کە هەم لە باری ئایدولۆژی و هەمیش وەک یەکێک لە نزیکترین حیزبەکان بۆ سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد بە ئەژمار دەهات، ئەم کۆبوونەوەیەی پارلەمان پێکهات و لە سەر داوای حیزبی چەپ ئەو ڕووداوە مێژوویە لە وڵاتی سوئێد ڕوویدا، پرسی تایبەت بەم ڕووداوە خاتوو مێهرنووش دادگوستەر کە بە ڕەچەڵەک ئێرانی‌یە و وەک ڕێبەری حیزبی چەپ لە وڵاتی سوئێدە کار دەکا بە حیزبی سوسیال دێموکرات ڕاگەیاندرابوو و لەو پێناوەدا خاتوو مێهرنووش توانی کە کۆدەنگی بە دژی حیزبی سوسیال دێموکرات و ستێڤان لۆڤێن پێک بهێنێ.

دەوڵەتی سوئێد و سەرۆک وەزیرانەکەی ئاغای لۆڤێن لە سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد، بە دەستی چوار حیزبی نێو پارلەمان واتە حیزبی چەپ، دێموکراتەکانی سوئێد، دێموکرات مەسیحی و مودێراتەکان متمانەی حکوومەت لێ وەرگیرایەوە و سەرۆکی پارلەمان بە ڕاگەیاندنی دەنگەکان، چەکۆچی لێستاندنەوەی متمانەی لە ستێڤان لۆڤین لە مێزی بەردەمی خۆیدا و بەم شێوەیە لاپەرەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە هەڵدرایەوە.

بەرەی ئوپۆزسیۆن کە لە سێ حیزبی دەستەراستی پێکهاتوون لەسەر پرسی وەلابردنی سەرۆک وەزیران لەگەل حیزبی چەپ هاوپەیمانیان بە دژی سوسیال دێموکرات و بەرەی سەوز پێکهێناوە بۆ ئەوە ناچاریان بکەن لە بریاری پرسی ئازادکردنی کرێ خانووی بینای نوێ پاشەگز ببنەوە، دوای هەوڵێکی زۆر و ڕاوێژ کردن لە سەر ئەو پرسە ستیفان لۆڤێن و حکوومەتەکەی هەروا پێداگریان لە سەر ئەو خاڵە دەکردەوە و لە ئاکام دا حیزبی چەپ کە لە نزیکترین حیزبەکان بوو بۆ سوسیال دێموکراتەکان، توانی هاوپشتی حیزبەکانی ، دێموکراتەکانی سوئێد، دێموکرات مەسیحی و مودێراتەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشی و دواتر متمانە لە سەرۆک وەزیران وەربگرنەوە.

دوایین جار کە هەڵبژاردنی پێش وەخت لە وڵاتی سوئێد ڕوویداوە لە ١٩٥٨ ی زائیینی بووە کە ٦٣ ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوە دا تێپەر دەبێ. لە ماوەی ٧ ساڵ مانەوەی دەوڵەتی سەوزەکان سوسیال دێموکراتەکان، کۆمەڵێک گیروگرفتی نوێ لە وڵاتی سوئێد دا سەریان هەڵداوە، تاوان و تاوانکاری ڕووی لە زیاد بوون کردووە و کوشت و بڕ و تەقەکردن بە نیسبەت وڵاتانی ئوروپایی زیادی کردووە، دابەزینی ڕێژەی داو دەرمان و شکست لە بواری کۆنترۆڵ کردنی پاندمی و مردنی ١٥ هەزار کەس بەم نەخۆشی‌یە و چەندین قەیرانی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکیش بە دەوڵەتی ستێفان لۆڤێن نارازی بن و هەر بۆیەش دوای ئەوە کە سەرۆکی پارلەمان و تەلەفزیۆنی سوئێد و مێدیاکان بریاری کۆتاییان لە سەر وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیران ڕاگەیاند لە دونیای مەجازی دا بە ڕادەیەکی بەرچاو پێشوازی‌یەکی گەرمی لێکراوە و ئەوەش نیشان دەدا کە نەک لە باری پرسی ئازادکردنی کرێ خانووی بینا نوێکان، بەڵکوو لە پرسەکانی دیکەش دا دەوڵەتی ئێستا سوئێد زۆر سەرکەوتوو نەبووە.

شارەزایانی سیاسی دەڵێن: جێگای ئاماژەیە کە چارەنووسی دەوڵەتی ستێڤان تا حەوتووی داهاتوو تا ڕادەیەک ناڕوونە، هەر بۆیە دەڵێن: وەک ئەگەرێکی لاواز بە دووری نازانن کە سەرۆک وەزیران ستێڤان لۆڤێن بتوانێ پێش بە هەڵبژاردنی پێشوەخت بگرێ و بۆ ئەو پرسە لەو ماوە کورتەدا بتوانێ سرنجی بەشێک لە حیزبەکانی پارلەمان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، شارەزایانی ئەم بوارە، ئەو پرسە زۆر بە لاوازە دەبینن، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕەددی ناکەنەوە کە ئەو پرسەش وەک بژاردەیەکی لاواز هەیە.

**وڵاتێک کە پرسی دێموکراسی لە لای گرینگترین پرس بێ، بێشک بە پشت بەستن بە دێموکراسی و دەنگی زۆرینە ملکەچی بریاری پارلەمان و چاکسازی دەبێ.**

**٢٢ی جوونی ٢٠٢١**

---

## حەکیمی دەردان، باخەوانی ژیان.

زۆر دەگمەنن ئەو کەسانەی کە بە هەڵوێست و ئاکار و کرداریان دەبنە سەر قافڵەی کاروانی ژیان و خەبات و وەک مۆمێک دەسووتێن بۆ ئەوەی ڕووناکی بە دەوربەری خۆیان ببخەشن. دەگمەنن ئەو کەسانەی خۆشی ژیانیان دەکەنە توێشووی ڕێگای پڕ لە کەندولەندی ژیان و بێ ئەوەی گلەیی لە نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ڕێگای ژیانیان بکەن، هەڵۆئاسا لە شەقەی باڵ دەدەن و هەورازی ژیان بە سەربەرزی و سەربەستی دەبڕن و لە لووتکەی ژیان سەردەکەون.

ئەمر کاک مستەفا حەکیم‌زادە (حەکیم) یەکێک لەو کەڵە مرۆڤانەی کۆمەڵگای کوردەواری بوو کە زیاتر لە دوو لە سەر سێی ژیانی لە ریزی شۆڕش و خەبات لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە سەربەرزی تێپەر کرد. ژیانێکی پڕ لە سەرەوەری و شانازی هەڵبژارد و لە تەنیشت گەورە ڕێبەرانی شەهید و زیندووی حیزبی دێموکرات درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا.

لە ماوەی ٤٢ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حەکیم دا، زەحمەتە بتوانی ئاوڕ لە هەموو ژیانی ئەو ٤٢ ساڵ خەبات و تێکۆشانەی بدەیەوە، بەڵام دەکرێ لە چەند ڕەهەندیکەوە باس لە ژیانی پێشمەرگانەی ئەو مەزنە پیاوە شۆڕشگێرە بدەیەوە.

حەکیم لە کاتێکدا لە گەڵ بنەماڵەی باوک و براکانی دەبنە پێشمەرگە کە ساحەب سەروەت و سامانێکی زۆری ماددی و ساحەب موڵک و دووکان و ماڵ بوون، ئەوان بە بنەماڵە ژیانی شار و خۆشییەکانی ژیانیان بۆ ئازادی گەلەکەیان وەلا نا و ڕوویان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان کرد و دواتر حەکیمی پێشەنگ بوو بە سیمبوولی خۆڕاگری و شۆڕش و کوردایەتی. مستەفا حەکیم‌زادە ( حەکیم ) پێشمەرگە و فەرماندە و کادری هەموو وەرزەکانی ساڵ لە ریزەکانی حدک دا.

حەکیم بە مانای وشە پێشمەرگە بوو، ئەوەی پێشمەرگەی پێ ناسراوە لە راستیدا بە زیادەوە لە حەکیم دا دەبیندرا. پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵ و حازر و بە بیروباوەر، پێشمەرگەیەکی ئەمانەتدار و نەهێنیکار، پێشمەرگەیەکی بە هەڵوێست و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، کادر و فەرماندەیەکی جێگای باوەڕی ڕێبەرانی شەهید و زیندووی حیزبەکەمان و نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب بوو. ساحەب کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی بوو، پێشمەرگەیەک کە سەری لە سەر ڕێگای ئامانجەکانی شەهیدان دانا و تا دوا هەناسە وەفادار و ئەمەگناسانە خزمەتی بە گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکراتی

کوردستان کرد.

لە ئەرکی پێشمەرگانەدا پێشەنگ و پێشرەو بوو، لە ئەمانەتداری دا دەستپاک و لە نەهێنیکاری دا دڵ و مێشکی پڕ لە ڕەمز و ڕازی نەبیستراو بوو. حەکیم ساحەب دڵێکی ساف و بێگەرد بوو، ماڵ و ژیانی تەرخانی شۆڕش و تێکۆشان و خەبات کردبوو، دەرگای ماڵەکەی بە ڕووی هەموو لایەک دا کراوە بوو، سفرەی دڵی بۆ گشت لایەک ڕاخست بوو، لە لای ئەو ژن و کچ لە ژیاندا مانای ژیان و ژینی هەبوو.

حەکیم وێرای ئەوە کە بە دڵەوە پێشمەرگایەتی دەکرد لە هەمانکاتیشدا، وەک باوکێک لە گەورە کردنی شاکیژەکانی کچی دا دریغی نەدەکرد و لەگەڵ هاوسەری بەوەفای، هاوژینی قەتاری نێو شۆڕش و ڕۆژە سەختەکانی خەبات ، خاتوو عیسمەت حەسەنپوور، ژیانێکی پڕ لە سەروەری و پڕ مەترسیان لە نێو شۆڕشدا بەسەر برد و بە یەکەوە دڵیان کردە لانەی هەموو ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەبوو، لە راستی دا حەکیم کەسی بێکەسەکان بوو، خەمخۆر و دەستگرەوە و دڵسۆز بوو، دەست ڕەنگین و بە مشوور و ڕاستبێژ بوو، قەڵایەکی ڕاوەستاوی لەگیران نەهاتووی نێو شۆڕش بوو و لەیەک قسەدا گەورە و خەمخۆری ژیانی گشت لایەک و بنەماڵەکەی بوو، ڕێزێکی زۆری بۆ دایک و بۆ ژن و بۆ ئەوین و خۆشەویستی هەبوو.

حەکیم مرۆڤێکی شۆڕشگێر و یەکسانیخواز و عادڵ و گەورە بوو، کە باس لە یەکسانیخوازی دەکرێ، حەکیم پشکی شێری پێدەبڕێ، حەکیم ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر لە کۆمەڵگادا، لە نێوان و ژن و پیاو دا بە کردەوە ئاواڵە دەکا و لەگەڵ خاتوو عیسمەت زۆر خەمخۆرانە شاکیژەکانی کچیان هان دەدەن کە ببنە پێشمەرگە و لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات و یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستان دا ببنە ئەندام و کار بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان بکەن و هەوڵ بۆ چەسپاندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بدەن، بێشک ئەو ڕێکخراوانە و حیزبی دێموکرات شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە ئەو بنەماڵە گەورەیە چەندە دڵسۆزانە لە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و شۆڕشدا بوون و هەن.

حەکیمی هەردەم زیندوو، وێرای خاتوو عیسمەت وەک باخەوانێک چڵ و پۆپی نەونەمامەکانی باخی ژیانیان پاراست و لە پەروەردە کردن و پێگەیاندنیان دا بوونە سەرمەشقی کۆمەڵگا و ڕێگای ژیانێکی سەربەستانەیان بۆ وەلا کردن. حەکیم لە باخە ڕەنگینەکانی ژیاندا هەوڵی دا کە باشترین نەمامەکان بکاتە دیاری بۆ کۆمەڵگا و خۆی گووتەنی شانازیان پێوە بکا و جگەرگۆشەکانی فێری ئەوین و خۆشەویستی بە گەل و نیشتمان و بە نەتەوە بکا.

حەکیمی پێشمەرگە و یەکسانیخواز لە ژیانی ئاسایی و پێشمەرگایەتی دا، لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی شۆڕشدا، لە ژێر تەوژمی ساردی و گەرمای ژیان و نەهامەتییەکانی ئاوارەیی دا ، لە ژێر هاڕەی فرۆکە بۆمبهاوێژەکان و گرمە و ڕمبەی تۆپ و کاتیۆشا دا، لە نێو گڕە بەرد و شاخ و دۆڵەکانی کوردستان دا ، لەگەڵ ئەوە دا لەگەڵ رژێمێک شەڕی دەکرد و لە بەرامبەر بێ ئیمکاناتی و نەداری نێو شۆڕشدا، خەباتی دەکرد، هاوکات زۆر سەربەرزانە توانی بە سەر هەموو کەند و کۆسپەکان دا زاڵ بێ و خوێندن و پێگەیاندنی شاکیژەکانی بە هاوکاری خاتوو عیسمەت وەک ئەرکێکی باوکانە و مرۆڤدۆستانە بۆ خۆی دیاری بکا و لە هەموو قۆناخ و وەرزەکاندا ئەم ئەرکە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و باوکانە فەرامۆش نەکا و بە پێی ئیمکاناتی نێو شۆڕش بە زیادەوە وەک باوک و هاوڕێیەکی باش هەڵسوکەوت بکا و خەمی ژیانیان بخوات و شان وەبەر ئەرکێکی قورسی ژیان بدا، ئەم ئەرکە قورسە بە بێ بوونی هاوپشتی خاتوو عیسمەت گەلێک دژوار و سەخت دەبوو، هەر بۆیە منداڵەکانیش دەبێ شانازی بکەن کە وەها دایک و باوکێک سەرپەرەستیان کردن و ڕێگای ژیانی سەربەرزانەیان پێ نیشان دان و لە خەمیان ڕەخساندوون.

حەکیم ژیانی خۆی وەک پێشمەرگەیەک بە سەربەرزی بەرێ کرد و بەشێک لە ژیانی تەرخانی پاراستنی ڕێبەرانی شەهید و مەزنە پیاوە شۆڕشگێرەکەی کورد مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و دەستەی ڕێبەری و ڕێباز و ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا یەکێک لە کۆڵەکە قائیم و پتەوەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی حەکیم لە شۆڕشدا، خاتوو عیسمەت حەسەنپوور بوو کە لە نەبوونی حەکیم دا وەک دایکێکی دڵسۆز و وەک ژنە پێشمەرگەیەک، لە پێگەیاندن و پاراستنی یادگارەکانی حەکیم دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا و حەکیمی دڵنیا کرد بوو کە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی بێ دوودڵی بەجێ بگەیێنێ. بوونی قەڵا و پشتیوانێکی وەک خاتوو عیسمەت و کچەکان بۆ حەکیم گەورەترین سەرمایە و پشتیوان بوو، هەر بۆیە نەمر حەکیم لە نەبوونی خۆیدا و لە کاتی مەئموریەت و ئەرکی حیزبی دا ، بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەرکەکانی بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبردن.

لە ژیانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا کەم کەسم دیتن کە وەک حەکیم هەمیشە لە مەئموریەت و ئەرکی حیزبی دابێ، ڕۆیشتن بۆ مەئموریەت و گەڕانەوە بە سەرکەوتوویی نیشانەی نەهێنی پارێزی و باوەڕی قووڵی حەکیم بوو بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی. هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە نەمر حەکیم یان دەناسی و دەناسن، شاهیدی بۆ گەورەیی و دڵفراوانی و خەمخۆری حەکیم دەدەن، ئەو لە کاری حیزبی دا پێشڕەو بوو، لە کاری هەرەوەزی دا پێشەنگ بوو، زیاتر لە سێ دەیە بوو خۆبەخشانە سەری گەورە و بچووکی نێو حیزب و دەرەوەی حیزبی بە کەرەسە و هیممەتی خۆی چاک دەکرد و زۆر گەورە پیاو

و ڕێبەر سەریان ختسە بەر دەستی حەکیم.

ماندوویی و شەکەتی لە ژیانی حەکیم دا هیچ مانای نەبوو، بە پێی توانا و زۆر زیاتر لە توانای خۆی یارمەتی بە گشت لایەک دەکرد و خەمی هەموو لایەکی لەبەر بوو، بە هۆی کاری بەردەوام و زۆر، مرۆڤێکی رووح سووک و خۆشەویستی لێ درووست ببوو، لە نێو هاورێ و هاوسەنگەر و هاوخەباتیانی دا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا و هەر بۆیەش لە کاتی نەخۆشی و لە کۆچی نابەوەختی زیندەیاد حەکیم دا دەریای خەم و پەژارەی خەڵک شەپۆلی دەدا و خەمخۆری خەڵک و بەشداریان لە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی دا و لەو وەزعیەتە نالەبارەی پەتای کۆرۆنا دا نیشانەی گەورەیی حەکیم و کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاری حەکیمی بە گشت لایەک نیشان دەدا.

بەداخەوە حەکیمی دەردان و باخەوانی ژیان بە هۆی تووشبوون بە پەتای ماڵوێرانکەری کۆرۆنا، دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو نەخۆشییە نەگریسە، چاوە پڕ لە هیوا و گەشەکانی بۆ هەمیشە لە سەریەک دانان و بە کۆچی یەکجاری هەمووانی خەفەتبار و تاسەبار کرد.

کۆچی حەکیم بۆ هەمووان و بە تایبەت بۆ بنەماڵەکەی و خاتوو عیسمەت و یادگارەکانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ژان و بە ئازار بوو، بەڵام بنەماڵەیەک کە لە شۆڕشدا چەندین شەهیدی وەک شەهیدان حەمەساڵح حەسەنپوور، کاوە حەکیمزادە، نەسرین حەدداد ، محەممەد حەسەنپوور و نەمران حەمەرەسووڵ حەسەنپوور ، حاجی حوسێن حەدداد و کەریم حەدداد و چەند خزمی دیکەی پێشکەش بە بارەگای گەل و نیشتمان کردبێ، دڵنیاین بە سەر ئەم کۆستە گەورەشدا سەر دەکەون و یاد و ناوی حەکیم لە دڵان دا هەردەم بە زیندوویی دەهێڵنەوە و کار و ئەرکەکانی حەکیم دەکەنە وانەی لێ فێربوون و خۆراگری.

ڕووحت شاد گەورە پیاو و شۆڕشگێری گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

یاد و ناوت دەبێتە ئیلهامی شۆڕش و دڵنیات دەکەینەوە هەمووومان بە یەکەوە بەو ڕیگایەدا بڕۆین کە تا دوا هەناسە هەنگاوت بۆ هەڵێنایەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری ژمارە ٥٣ی ژنان

٢٨ی جوونی ٢٠٢١

## ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لیستی یونسکۆدا تۆمار کرا

سەرەتا جوانترین پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی هەورامان بە تایبەتی دەکەم و هیوادارم کە کوردستان هەردەم بەرەو ئاوەدانی زیاتر بچێ.

ئەم بۆنەیە دەکەمە دەرفەت بۆ ئەوەی بڵێم کە مێژووی هەورامان ڕەسەنایەتی کوردبوونی هەیە و ئەم دەڤەرە لە هەموو بارێکەوە، لە بواری سرووشتی و کولتوری و نەتەوەیی و زاراوەوە حیسابی تایبەت بە خۆی بۆ کراوە و بە تایبەت لە بواری مێعماری و بیناسازییەوە لە کوردستاندا تاقانەیە و هەڵسوکەوتی بێ وێنەی خەڵکی ئەم دەڤەرە لە هەموو بوارێکدا وەک ڕەچەشکێنی دەکرێ سەیری بکەین.

خوبژێوی و بێنیازی خەڵک لە هەموو جۆرە کەرەستەکانی کشت و کاڵی ، باخداری و ڕەزەوانی، دروستکردنی جلوبەرگ، پێڵاو و کەڵاش و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، باڵەندە و پەلەوەر و زۆر شتی‌تری وەک دروستکردنی پرد، مزگەوت، بینای جۆراوجۆر و تاشینی شاخ و بەردی ناوچەکە و جوانکاری دا پێشەنگی خەڵک بوون و مانەوە لە سرووشتی ناوچەکەدا و پاراستنی داب و نەریت و کولتور لە کارە سەرەکییەکانی خەڵکی بە ئەمەگ و ماندوویینەناسی هەورامانە.

لە بواری خوێندن و خۆ پێگەیاندنیش دا بە دەیان و سەدان مرۆڤی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و بە هەزاران کەسایەتی لەو ناوچەیە دا لە هەموو بوارەکانی مێژوویی، زانستی، کولتوری و فەرهەنگی دا کار دەکەن و لە بواری کوردایەتی و نیشتمانپەروەریش دا بە سەدان و بگرە بە هەزاران شۆڕشگێری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و پێشەنگ و پێشرەوی خەباتی ڕزگاریخوازنەی گەلەکەشمان بوون و هەن.

ئەم کورتە نووسینە تەنیا لە پەراوێزی چوونە نێو لیستی یونیسکۆ نووسراوە و ئەگینا هەورامان بەم چەند دێرە شەرح ناکرێ و پێویستە لەمرۆ بەدواوە دانیشتووانی ئەم دەڤەرە ڕەنگین و کوردپەروەرە زیاتر لە جاران لە پاراستنی سرووشت و ژینگە و بینا و خانووە جوان و خۆراگرەکانی کۆنی هەورامان و داب و نەریت و کولتور هەوڵ بدەن.

لەمرۆ بە دواوە ئەم دەڤەرە وەک زۆربەی ئەو شوێنانەی کە کەوتوونە نێو لیستی یونیسکۆوە گەشتیار و خەڵکی بێگانە رووی

تێدەکەن و ئەوەش زیاتر لە جاران ئەم ناوچەیە ئاوەدان و پڕ حەشیمەتتر دەکا، هەموومان بۆ پاراستنی گەورەیی و ڕەسەنایەتی هەورامان و ئەو ناوچەیە دەبێ هەوڵی خۆمان بدەین و پشتیوان و پشتگیری خەڵکی زەحمەتکێش و کورد پەروەری هەورامان بین.

ئەرکە لە سەر شانی گشت لایەک و بە تایبەت، کەسایەتی‌یەکان و دەرەوەستانی وەک، مێژوونووسان، وێنەگران، هونەرمەندان، شێوەکار و دەنگخۆشەکانی کوردستان بە گشتی و خەڵکی هەورامان بە تایبەت، زیاتر لە جاران کارەکانیان بە دێکۆمێنت و بە ئارشیو بکەن و لە بڵاو کردنەوەیان دا ڕەچاوی ستانداردبوونی کارەکانیان بکەن.

بە هیوای ئەوە کە هەمووومان بۆ ناساندنی زیاتر و پاراستنی کوردستان و هەورامان هەوڵ بدەین.

٢٧ی جوولای ٢٠٢١

## حەمید نووری بە تاوانی بەشداریی لە ئێعدامەکانی ساڵی ۱۳۶۷ دادگایی دەکرێ

دادوەری گشتیی ستۆکهۆلم لە سوئید بریاری دادگایی کردنی حەمید نووری لە تاوانبارانی کوشتنی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی دەرکرد و ئاماژەی بەوە داوە کە ناوبراو بە دوو تاوان لێپێچینەوەی لێ دەکرێ ، یەکەم پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و جینایەتی ڕوون و ئاشکرا، دووهەم قەتل و کوشتن.

دادوەری گشتیی ستۆکهۆلم ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژ ڕایگەیاند: بە بڕیاری ڕوحوڵڵا خومەینی، ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هاوینی ۱۳٦۷ی هەتاوی دەست بە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی کرا و ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە زیندانیانی سیاسی لە سەرەتاکانی مانگی گەلاوێژ تا نیوەی مانگی خەرمانانی هەمان ساڵدا لە بەندیخانەی گەوهەردەشتی کەرەج ئێعدام کراون.

وەک دادوەری ستۆکهۆڵم باسی دەکا ، حەمید نووری ئەو کات نەفەری باڵای بەندیخانەی گەوهەردەشت بووە و لەگەڵ چەند کەس لە هاوکارەکانی دیکەی نێو ئەو بەندیخانەیە دەستیان بە ئێعدامی ئەو بەندییانە کرد کە هەروا وەفادار بە کاری سیاسی خۆیان و یەک لەوان موجاهیدینی خەڵق مابوونەوە. هاوکات حەمید نووری تاوانبارە بەوە کە زیندانیانی بەندیخانەی گەوهەردەشتی زۆر نامرۆڤانە ئازار و ئەشکەنجە داوە.

بە پێی لێکۆلینەوە، دادوەرەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە کاتی شەڕی چەکداری هیزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان موجاهیدین دژی کۆماری ئیسلامی لەو کات و سەردەمەدا کۆمەڵێک کەس لە دەرەوەی بازنەی شەڕدا گیراون و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و پاشەکشەکردن بە خەڵک و داواکارییەکانیان حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بۆ ئەو کوشت و بڕ و ئێعدامانە بردووە و ئەوەش بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و جینایەتی ڕوون و ئاشکرا دەژمێردرێ.

کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی بڕیاری قەتڵ و کوشتن و ئێعدامی دژبەرانی سیاسی کە لە زیندانی گەوهەردەشتی کەرەجدا بوون دەیهەویست هەموو ئەو بەندییانەی کە سەر بە ڕێکخراوە سیاسی و چەپ و دێموکرات بوون بەچۆکدا بێنێ و هەربۆیەش لە ماوەی چەند حەوتوودا بەشێکی بەرچاو و زۆر لە بەندیخانەی گەوهەردەشت گوللەباران و ئێعدام کراون.

کریستینا لیندۆف کارلسۆن، دادوەری ستۆکهۆڵم لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: وڵاتی سوئێد سەڵاحییەت و دەسەڵاتی جیهانی و نێونەتەوەیی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی نێونەتەوەیی، ئەو وڵاتە ئێستا هەم مەجالی لێپرسینەوە و هەمیش بەڵێنی تایبەتی بۆ بەدواداچوونە یاساییەکانی وەک تاوانکاری و قەتڵ هەیە.

پێشتر بڕیار بوو کە دادگایی حەمید نووری لە ١٨ جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاویدا بەڕێوە بچێ، بەڵام بە هۆی داواکاری وەکیلی ناوبرا و ڕەزامەندی دادوەر و دادگا ڕێکەوتەکە بۆ دوو مانگ دواتر وەدوا خراوە و ڕەوتی دادگایی حەمید نووری ڕێکەوتی ١٩ی گەلاوێژ دەست پێ دەکا.

دەگوترێ ڕەوتی دادگای حەمید نووری یەکێک لە درێژترین دادگاییەکانی مێژووی وڵاتە سوئێد دەبێ کە لە سەریەک لە ٨٩ جەلەسەدا بەڕێوە دەچێ.

لە ڕەوتی دادگایی حەمید نووری لە سوئێددا چوار دادوەر بەشداری دەکەن و لەودا تاوانەکانی ناوبراو بە بەشداریی کۆمەڵێک شاکی و شاهید و سێ پارێزەر باس دەکرێن.

ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی کە بە بڕیار و فەرمانی ئیمام خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی و بە ناردنی هەیئەتی بە ناو پێڕاگەیشتن بەڕێوە چوو، شایانی باسە کە دواتر ئەم هەیئەتە ناوبانگی بە "هەیئەتی مەرگ" دەرکرد.

ئەندامە ناسراوەکانی هەیئەتی مەرگ لە ڕەوتی کوشتار و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا، مستەفا پوورمحەممەدی، ئیبراهیم ڕەئیسی، حوسێنعەلی نیری، مورتەزا ئەشراقی و هەروەها ژمارەیەک دادوەر و ڕەئیسی بەندیخانەکانی ئێران بوون. جێگای ئاماژەیە کە ئیبراهیم ڕەئیسی چەند ڕۆژێکیتر بە ناوی سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست بە کاری خۆی دەکا.

جەنازەی زۆربەی ئێعدام کراوەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران وەک تاران، ئەهواز و ڕەشت بەخاک سپێردراون. بنەماڵە زیندانیانی سیاسی ئێعدامکراوی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی هەنووکەش دوای سێ دەیە بە سەر ئەو جینایەتەدا نازانن کە گۆڕی ئازیزانی ئێعدامکراویان لەکوێن و چۆن دەتوانن بیاندۆزنەوە.

بەشێک لە لێکۆڵەر و توێژەرانی مافی مرۆڤی گشتی لە هەڵوێستێکی بێوێنە، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویدا ئێرانیان ئاگادار کردەوە کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا و هەروەها درێژەدان بە ئێعدام و پێشێلکاری لەو وڵاتەدا و بە تایبەت ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دەتوانێ ببێتە دۆسیە و پەروەندەیەک، کە لە داهاتوودا وەک جینایەت دژی بەشەرییەت چاوی لێ بکرێ و ئەگەر هەروا درێژە بکێشێ داوای لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی لە سەر پێشێلکارییەکان دەکەین.

٢٨ی جووڵای ٢٠٢١

## کۆبوونەوەی یەکەمی دادگایی کردنی حەمید نووری، تاوانباری ئێعدامەکانی ساڵی ۱۳۶۷ی هەتاوی لە وڵاتی سوئێد

ئەمرۆ ۱۹ی گەلاوێژی ۱٤۰۰ی هەتاوی دادگای پێراگەیشتن بە کەیسی تاوانبار حەمید نووری سەبارەت بە بەشداری لە قەتل و کوشتاری جیابیران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی لە وڵاتی سوئێد دەستی پێکرد.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی دادگای حەمید نووری لە ستۆکهۆڵم، دەیان و سەدان کەس لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەشێک لە حیزبە چەپەکانی ئێران و موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەبەردەم دادگای ستۆکهۆڵم کۆبوونەوە و بە هەڵگرتنی وێنەی قوربانیان و ئێعدامکراونی ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی داواکاری حوکمی عادڵانە بۆ جەنایتکاری سەرەکی قەتڵەکانی گرتووخانەی گەوهەردەشتی کەرەج حەمید نووری بوون.

چۆنیەتی لە داوخستنی حەمید نووری لە وڵاتی سوئێد لە لایەن چەند کەسێکەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرا بوو، یەکێک لە موستەندسازانی فیلم بە ناوی نیما سروستانی شێوەی گیران و بانگهێشتی حەمید نووری بۆ سوئیدی وەک فیلم ئامادە کردووە کە ویدەچێ دوای تەواو بوونی حوکمی دادگا ئەم فیلمە دیکۆمێنتاریە لە ژێر ناوی جەلاد " The Executioner " بە ڕووی دەرەوەدا بڵاو بکرێتەوە. لەو پەیوەندیەدا بۆ ڕاکێش کردنی حەمید نووری بۆ سوئید هەوڵێکی زۆر دراوە و لە دوایین هەوڵدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنێک و حەمید نووری بە مەبەستی خۆشگوزەرانی و کاری سێکس و مەشرووب خواردنەوە دەگاتە وەڵاتی سوئێد و هاوکات دارێژەرانی پلانی ڕاکیش کردنی حەمید نووری پێشتر حوکمی دادگایان بۆ گرتنی ئەو جەلادە وەرگرتووە و داوەتە دەست پۆلیس و هەر لە فرۆکەخانەی ئارلاندای سوئید دەگیرێ و ڕەوانەی گرتووخانە دەکرێ.
پرۆسەی درووستکردنی ئەو فیلمە لە ڕەزبەری ساڵی ۱۳۹۸ی هەتاوی‌یەوە دەستی پێکردووە و هەڵگری چۆنیەتی ڕاکێشانی حەمید نووری بۆ وڵاتی سوئێدن، لەو فیلمەدا بەشێک لە قسە و گرتە ویدیوەکانی حەمید نووری زەبت کراوە کە لە نێوخۆی ئێران لە ماشێنەکەی دا کە بەرەو فرۆکاخانەی خومەینی تاران دەچێ و لەو گرتە ویدیۆیەدا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تەڵەکەیان بۆ داناوە قسە دەکا و لەوە دڵخۆشە کە دەگاتە وڵاتی سوئێد.

گیرانی حەمید نووری لە ڕووی جیهانی‌یەوە سرنجی زیاتری خراوەتە سەر و بە گشتی دادگایی حەمید نووری بە " دادگای‌یەکی مێژوویی" وەسف دەکرێ و ئەوە یەکەمین جارە کە هاووڵاتی‌یەکی ئێرانی لە دەرەوەی ئێران بە تاوانی

جەنایەت دژی بەشەریەت لە نێو قەفەسی تاوانباران دا مەحاکمە دەکرێ.

تۆماس زاندر قازی و دادستانی سەرەکی ئەو دۆسیەیە لەگەڵ ژنێکی قازی بە ناوی " ئانا لیلیە بری گولەشوو" و چوار ئەندامی هەئیەتی پایەبەرزی دادگا حوکمی نەهایی لە سەر تاوانبار و تاوانەکان دەر دەکەن.

حەمید نووری تاوانبارە بەوە کە ڕاستەوخۆ بەشداری لە قەتڵی چوار هەزار کەس لە زیندانەکانی هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ئێران دا کردووە و لەو پەیوەندی‌یەدا موجاهیدین خەلق لیستەیەکی ٣٠ هەزار کەسی لە ئێعدام کراوان بە بنکەی مافی مرۆڤی جیهانی داوە.

شایانی باسە کە حەمید نووری ماوەی دوو ساڵە کە لە وڵاتی سوئێد دەست بەسەرکراوە و ماوەی دووحەوتوویە کە پەروەندە و کەیسی ئەو جەلادەی کۆماری ئیسلامی ئێران ، دراوە بە دادگای ستۆکهۆڵم و لەو پەیوەندی‌یەدا ئەو پرۆسەیە تا بانەمەڕی ساڵی ١٤٠١ ی هەتاوی درێژەی دەکێشێ.

حەمید نووری تەمەن ٦٠ ساڵ لە لایەن دادگای سوئێد بە تاوانی قەتڵ و کوشتاری بە ئانقەست و بێ مەحاکمەی گیراوانی سەر بە موجاهیدین و حیزبە چەپەکان و دژبەرانی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران محاکمە دەکرێ. بە پێێ بنەما یاسای‌یەکانی وڵاتی سوئێد، دادگاکانی سوئید دەتوانن هاووڵاتیانی سوئێدی و غەیرە سوئێدی، ئەوانەی کە تووشی جەنایەتکردن لە نێوخۆی سوئێد و یا دەرەوەی سوئێد بوون محاکمە بکات و هەر لەو پەیوەندی‌یەدا خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی بە حوکمی دادگای گشتی سوئێد حەمید نووری " بە ناوی خوازراوی حەمید عەبباسی، یاریدەدەری دادستانی بەشی قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران "دەستبەسەر کرا و ئەمرۆ بە تاوانی کوشتار و ئێعدامی دژبەران لەبەردەم چەکوچ و حوکمی قازی و دادستانەکانی وڵاتی سوئێد دا ڕاگیراوە.
ئیرەج مەسداقی چالاکی سیاسی کە بۆ خۆی یەکێک لە شاهیدانی ئەو دۆسیەیە، لە گەڵ دەیان شاهیدی دیکە بەشداری ئەو دادگایە دەبن و ناوبراو گوتویەتی کە حەمید نووری وەک یاریدەری قازی محەممەد مەقیسەیی لە جەریانی محاکمە چەند خولەکی‌یەکان دا ڕۆڵی سەرەکی لەو کوشتارە داگێراوە.

لەگەڵ هەڵبژاردنی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرۆک کۆمار، ڕۆڵی حەمید نووری زیاتر ختراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و هەر ئێستا وەک هەئیەتی مەرگ ناوی ئیبراهیم ڕەئیسیش لە لیستە دا هەیە.

**١٠ی ئاگۆستی ٢٠٢١**

## بۆ پیری نێوسەنگەر و پۆڵای نەچەماوە، خدر قەزا

لە مێژ ساڵە لەگەل گەورەیی ناوی خدر قەزا (خەلە قەزا) ئاشنام، ماوەی چەندین ساڵ لە نزیکەوە لە خزمەتی پێشمەرگەیەکی دەم بەخەندە و قسەخۆش و بە ورە دابووم، پێشمەرگەیەک کە بۆنی شۆڕشی گەرمێن و کوێستانی لێدەهات، یادگاری شەڕەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بوو، لەگەڵ شۆڕشگێران و ڕێبەرانی بزووتنەی ساڵەکانی ١٣٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی بوو، لەو بزووتنەوەیە دا وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و بە دەستەوە لە جەولەی سیاسی و نیزامی دابوو و شان بە شانی پێشمەرگەکانی قۆناخی دووهەمی خەبات لە ژێر زەبر و زەنگی حکوومەتی پەهلەوی دا سەنگەری لە ئارتەشی پۆشتە و پڕ لە چەکی پەهلەوی گرتبوو و بە برنۆی شانی و خەنجەری دەبانی بەر پشتێندی نەترەی سەرهەنگ و ژنراڵە دەورە دیتوەکانی حەمەڕەزاشای بردبوو، ئەو بە بێ ئەوەی لە هیچ زانکۆ و فێرگەیەکی نیزامی و دەوڵەتی دا دەرسی خوێند بێ، تەنیا بە ئیرادە و ئیمانی پێشمەرگانەوە ڕاوی ئارتەش و ژاندارمەی ئەو سەردەمی دەکرد و بێ وچان تا ڕووخانی نیزامی شایەتی هەروا لە نێوان گەرمێن و کوێستان دا پێشمەرگایەتی کرد و لەو سۆنگەیەوە ژیانی لاوەتی خۆی فیدای ویست و داخوازی‌یەکانی گەلەکەی کرد.

لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی دیسان وەک پێشمەرگەی قۆناخی سێهەمی خەبات بە بێ ئەوەی پشوو بدا جارێکی دیکە لە سەنگەری بەرگری حیزبە خۆشەویستەکەیدا لە ریزی هێزی شەهید موعینی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا درێژەی بە خەباتی پێشمەرگانەی خۆی دا و لەو کاتەوە ناوی خدر قەزا نەک بۆ پێشمەرگەکانی دێموکڕات، بەڵکوو بۆ هێزەکانی دیکە و بۆ خەڵکی کوردستان بۆتە ناوێکی ئاشنا و گەورە و هەموو لایەک بە چاوی پیری نەبەزیوی سەنگەر چاویان لە مام خدر قەزا دەکرد.

مام خدر پێشمەرگەیەکی بێ ئیدیعا، پێشمەرگەیەکی دەست و دڵ پاک، پێشمەرگەیەکی ئازای نێو سەنگەری خەباتی سەختی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، لە ماوەی زیاتر لە ٥٥ ساڵ پێشمەرگایەتی دا بێ ئەوەی دڵی لە کەس بیشێ و دڵی کەسیش بڕەنجێنێ ، زۆر بوێرانە لە سەفی پێشەوەی ئەم خەباتە دا سەنگەری لە دوژمن گرتبوو و ورەی وەبەر هێزی پێشمەرگە و گەنجەکان دەدا و زۆرجار بە گێرانەوەی بە سەرهاتەکانی ساڵانی ڕابردووی و باس کردن لە ئەزموونەکانی خۆی، ئیمەی گەنجی هان دەدا کە درێژەدەری ڕێگای شەهیدانی کۆماری کوردستان و ساڵەکانی ١٣٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی و خەباتی نوێ گەلەکەمان بین.

مام خدر پێشمەرگەیەکی ئەمین و ئەمانەتدار بوو، زۆربەی کاتەکان لە بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگەدا ئەنباری تەقەمەنی و چەک و چۆڵ و خواردەمەنی لە بەر دەست دابوو و بە ئەمانەتەوە هەموو ئەو کەلوپەل و شتانەی کە لە لای دادەندران دەپارست و هەموو کاتی خۆی تەرخانی پاراستنی بنکە و بارەگا و مەقەر و ئەنبار و کۆگاکان دەکرد. کەسێکی خەمخۆر و دڵسۆز بوو، ماوەی چەندین ساڵ لە لک و هێزێک دا بە یەکەوە خزمەتمان کرد، ماوەیەک فەرماندەی نیزامی مام خدر بووم، هیچ کات ئەمدی خۆ لە هیچ مەئموریەتێک بدزێتەوە بەڵکوو بەو تەمەنەوە بە ڕووخۆشی و بە خەندەوە کارەکانی رادەپەراندن و تا رادەیەکی زۆریش یارمەتیدەری زۆربەی پێشمەرگەکان و بنەماڵەکان بوو، لە کاری هەرەوەزی دا پێشەنگ و لە کاتی جەوڵەشدا پێشمەرگەیەکی چاوکراوە و وریا و شارەزا بە سەر کاری پارتیزانی دابوو، مام خدر بەڵەد و شارەزای هەموو ڕێگا و کوێرەڕێ و شاخ و دۆڵ و کانی و ئاو و بوارەکانی سەر چۆم بوو، خەڵکی دەناسی و خەڵکیش دەیان ناسی و ئەوەش بۆ ئێمە شانسی گەورە و باش بوو، هەر بۆیە زۆرجار بە پێکەنینەوە دەیگووت مەچنە فلان شوێن ، بەڵکوو بەدوادام وەرن و لە شوێنێکی باش و بێ مەترسی دەتان حاوێنمەوە.

بیرەوەری زۆرمان بە یەکەوە هەن، مام خدر خزمەتێکی پاک و بێگەردی کرد و منداڵەکانی فێری وانەی نەبەردی و کوردایەتی کردن و لەگەڵ هاوسەری ژیانی بە کەمترین ئیمکانات ژیانیان بردە سەر و لە زۆر بواردا لە نەبوونی و بێ ئیمکاناتی دا دەرگای ماڵیان بۆ هەموو لایەکمان کراوە بووە و هەوڵی دا کە خەرجی منداڵەکانی لە قوتابخانەکانی شۆڕش و دواتر لە هەرێمی کوردستان دا بۆ خوێندن دابین بکات و منداڵەکانی لە خوێندن بێبەش نەکا، مام خدر سەربەرزانە ژیا و سەربەرزانەش کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هاوسەری ژیانی و منداڵەکانی و هەموو خزمەکانی لە گوندەکانی دۆڵەتوو و مێرگە پیرکێ و هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات و هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەم و خۆم بە شەریکی ئەو خەمە گەورەیە دەزانم.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێ و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

ئەو چەند وێنەیەش وەک یادگاری بە قسەی خۆشەوە گرتوومانن و چەندین وینەی کۆن و ڕابردووشمان بە یەکەوە هەن. سەری ڕیز بۆ گەورەییت دادەنوێنم.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## بۆ یادی پۆلێک هەڵۆی چنگ بەگڕ و باڵ خوێناوی کوردستان و شەهید کەریم عەلی فەرامەرز

لە ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد دا لە هێرشێکی بوێرانە بۆ سەر پایەگای حوسێن مامە لە نێوان بۆکان و میاندواو دا شەهید بوون.

ئەمڕۆ ٤٠ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی ئەو قارەمانانەدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام نە ساڵەکان و نە درێژبوونەوەی شۆڕش نەیانتوانیوە یاد و ناوی ئەو قارەمانە شۆڕشگێرانەی دێموکڕات لە یاد و بیرەوەری خەڵکی کوردستان دا بسڕنەوە و بەڵکوو تا دێ گەورەیی ئەوان و جێگای ئەوان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا زیاتر دەدرەوشێتەوە.

لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دوژمن لە چەند قۆڵەوە بە هێز و ستوونێکی زۆری ماشێن و زرێپووش و تانگ و تۆپەوە و بە پشتیوای هێزی هەوایی بەرەو قولایی ناوچەی بۆکان مەغوولئاسا هێرشی کردبوو بۆ ئەوەی شاری بۆکان بگرێتەوە، لەو ماوەیەدا پێشمەرگەکانی دێموکرات لە چەند شەڕگەدا شەڕیان دەکرد و لە ئاکام دا پێشمەرگەکان توانیبوویان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو هێزە ڕابگرن، بەڵام دواتر هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی خەڵک و دانیشتووانی شاری بۆکان بە گشتی پاشەکشەیان بۆ گوندەکانی دەوروبەری بۆکان کرد.

هەر لەو ماوەیەدا پێشمەرگەکان لە چەندین شوێن زەربەی زۆر قورس و کاریگەریان لە دوژمن دابوو و دەستە و لکەکان لە گەڕان و جەولە دابوون و نەیاندەهێشت هێزەکانی ئەرتەش و سوپا و بەسیجی هاتووچۆی زۆریان بۆ شارەکانی سەقز و میاندواو و دەوروبەری هەبێ.

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە هێزەکانی بەیان و شەهید پێشەوا لە هێرشێکی لە پێش دا داڕێژراودا لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختی پاییزی دا بە فەرماندەیی کاک کەریم عەلی فەرامەرز یەکێک لە فەرماندە ناسراوەکانی حیزبی دێموکرات، هێرشیان کردە سەر پایەگای شاخە ڕەش لە ئاوایی حوسێن مامە لە ناوچەی بۆکان و لە ماوەی نزیک بە ٤٠ خولەک دا توانیان هێزی زۆرو بۆری دوژمن تێک بشکێنن و دەرسێکی لەبیرنەکراو بە دوژمنانی گەلەکەمان بدەن و بە خوێن و فیداکاری خۆیان، لەشکری بەناو فیدایانی ئیسلام کە پێک هاتبوون لە ئارتەش و سوپا و بەسیجی تەنبێ بکەن و بە سزای خۆیان

بگەیێنن و پایەگای دوژمن وێران و خاپوور بکەن و ٢٧ کەس لە هێزەکانی دوژمن بکوژن و چەندین کەسی دیکەش بە دیل بگرن و دواتر پایەگای دوژمن ئاگر بدەن و بە دیل و دەسکەوتەوە پاشەکشە بکەن.

عەمەلیاتی ئاوایی حوسێن مامە بە ڕادەیەک کاریگەری هەبوو کە دوژمن لە ناوچەکانی نێوان بۆکان و میاندواو بۆ ماوەیەکی زۆر تاسا بوو و هاوکاتیش ئەو عەمەلیاتە لە سەرتاسەری کوردستان و ئێراندا دەنگدانەوەی تایبەت بە خۆی هەبوو. بەداخەوە لەم عەمەلیاتە گەورەیەدا پێنج تێکۆشەری گەلەکەمان شەهید بوون، کە لە نێو ئەو پۆلە شەهیدانەدا کاک کەریم عەلی فەرامەرز یەکێک لە سیما درەوشاوەکانی نێو بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات شەهید ببوو، خەڵکی کورد بە شەهید بوونی ئەو پۆلە شەهیدە و بە تایبەت شەهیدی فەرماندە کاک کەریم خەمبار و نارەحەت بوون، بەڵام گەلی کورد هەمیشە لە ئاست ئەو خەمە گەورانەدا توانیویەتی پشت ڕاست بکاتەوە و لەم دەڤەرە ڕەنگینەدا و بە گشتی لە کوردستان دا، بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی ئەو شەهیدانە بە سەدان و بگرە بە هەزاران کچ و کوڕ و گەنج و لاو ڕوویان لە ریزەکانی شۆڕش و حیزبی دێموکڕات کرد و نەیان هێشت چەکی شانی ئەو شەهیدانە لە عەرز دابندرێن، بەڵکوو ئەو چەکانە بوونە دەنگی دلێر و نەبەزی شەهید کەریم عەلی فەرامەرز و هەموو شەهیدانی گەل.

شەهیدانی ڕۆژی ١٣٦٠.٠٨.٠٣ی هەتاوی لە گرتنی پایەگای شاخەڕەش لە گوندی حوسێنمامە لە ناوچەی بۆکان بریتیبوون لە: شەهیدان، کەریم عەلی فەرامەرز، سەید ئەنوەر بەدەوی خەڵکی سوێناس (مەهاباد)، ناسر محەممەدپوور، کەریم ئەحمەدی و ئەحمەد ئەحمەدی

یاد و ناوی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی گەل لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان پڕ ڕێبوار بێ.

ڕووڕەشی بۆ کۆماری پەت و سێدارەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## کۆچی دوایی کەسایەتی‌یەکی خۆشناوی سەردەشت مام ئەحمەد میرشێخ حەیدەری

مردن بەشێک لە سرووشتی ژیانە و هیچ کەس نازانێ کەی و چۆن دەمرێ، هەر بۆیە جیا لەوە کە هەموومان بیر لە ژیان دەکەینەوە، هاوکات چاوەڕوانی ئەوەشمان هەیە کە ڕۆژێک مردن بەر بینگمان پێ بگرێ و کۆتایی بە ژیانمان بێنێ.

ئەوەی لێرەدا دەمهەوێ بینووسم ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ ناتوانێ پێش بە مردن بگرێ، بەڵام دەتوانێ بزانێ بۆچی دەمرێ و چ مردنێک بە نسیبی خۆی دەکا، زۆرن ئەوانەی کە دوای مردنیشیان هەروەک پێشوو کاریگەریان لە سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە و زیاتر دەچنە نێو دڵی مرۆڤەکانەوە، لە نێو گەلی کورد دا بە خۆشیەوە زۆرن ئەو مرۆڤانەی بۆ گەل دەژین و بۆ گەلیش دەمرن.

لەساڵەکانی ١٣٥٥ی هەتاوی‌یەوە مام ئەحمەدی میرشێخ حەیدەریم لە ڕێگای باوکی ڕەحمەتیمەوە دەناسی، ئەو کات سەردەشت وەک ئێستا گەورە نەبوو، خەڵکی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەری بۆ دابین کردنی شتوومەکی خۆیان ڕوویان لە سەردەشت دەکرد و بە فرۆشتنی بەروبوومی خۆیان ، کەرەسە و کەل و پەل و شتوومەکی ڕۆژانەی بنەماڵەیان دابین دەکرد. مام ئەحمەد زۆربەی حەوتووەکان سەردانی دووکانی ئێمەی دەکرد و زۆرجار لەگەڵ باوکم دەهاتنەوە ماڵێ و لەوێ ئیسراحەتی دەکرد و دواتر کارەکانی دیکەی ڕادەپەراندن، زەمان هاتو و ڕۆیشت و ساڵانێک مام ئەحمەدم نەدیتەوە، بۆشم پرسیار نەبوو بۆچی مام ئەحمەد دیار نییە، چوونکە کەسانی دیکەی وەک مام ئەحمەد ڕۆژانە دەهاتنە لای باوکم و هاتووچۆ کەم و زۆر دەبوو.

پاییزی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی مام ئەحمەدم لە مەقەری حیزب لە شاری قەڵادزێ دیت، ئەوەی لە راستی دابێ تەنیا ناوەکەم دەزانی و بیرەوەری دەورانی ١٠ ساڵ پێشووم لە بیر و مێشکم دا وەک فیلمێک لێدرایەوە، بە دەم چا خواردنەوە لە مەقەری حیزب، چەند برینداریک و چەند پێشمەرگەیەک بیرەوەری خۆیان دەگێرایەوە و جارجار ئاوڕێکیان لە مام ئەحمەد دەدایەوە و ئەویش بە شێوەی خۆماڵی پشت گوێ دەخستن.

مام ئەحمەد و کاک حەسەنی حاجی مەلا قەڵەڕەشێ بە یەکەوە باسی سەردەشتیان دەکرد، منیش هەروا گوێم لە باسەکانیان گرتبوو، مام ئەحمەد گووتی کە فڵان کەس لە سەردەشت پیاوی چاکە و کاک حەسەنیش دەیگووت نەخێر وا نییە و ئێستا

پیاوی حکوومەتە و زۆریش خەراپە، باسەکەیان هەروا بەرەو ئاڵۆزی دەچوو و گووتم کاکینە، ئەوەی ئێوە باسی دەکەن ئەمن دەیناسم و ئەو کەسە پیاوێکی زۆر شەرم بەخۆیە و زۆریش شۆڕش و پێشمەرگەی خۆشدەوێ. بەو قسەی من هەر دووکیان گووتیان ئەتۆ چۆنی دەناسی؟!

گووتم: ئەمن خەڵکی سەردەشتم و دوای ئێوەش بوومە پێشمەرگە و تەنانەت ئەو کەسە بە ماڵ و منداڵەوە دەناسم و دواتر خۆم پێ ناساندن.

هەر کە خۆم ناساند، مام ئەحمەد هەستا و ڕێک تۆقەی لەگەڵ کردم و لاچاوی ماچ کردم و بە یەکەوە بووینە ئاشنا، ئاشنایەکی وا کە زۆرجار وەک باوکێک سەیرم دەکرد و ئەویش ڕێزێکی زۆری منی دەگرت، ئەوە سەرەتای ناسینی من و مام ئەحمەد لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابوو.

هەموو ساڵێک لە یەکەم وەرزی بەهار را وێرای کادرو پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران بەرەو قولایی ناوچە دەرۆیشتین و تا نیوەی پاییز و جارجار تا کۆتایی پاییز لە ناوچەدا جەولەمان لێدەدان.

پاییزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی و دواتریش هەموو پاییزەکانی دیکە کاتێک لە ناوچە و لە شەر و بەربەرەکانی لەگەڵ رژێم دەگەرێنەوە بۆ بنکە و مەقەرەکانمان، کۆمیتە شارستانی ڕەبەت ئەرکی دابین کردنی تداروکاتی گشتی بە من دەسپارد و دەبوومە هاوکاری بەشی تداروکات و لە ڕێگای بنکەی قەلادزێوە خواردن و پێداویستییەکانی دیکەمان بۆ بنکەکانی حیزب و بنەماڵەکان دابین دەکرد.

لەم بەشەدا ببوومە هاوکاری کاک موعتەسەم نوورانی و مام ئەحمەد میرشێخحەیدەری و بۆ ماوەی چەندین ساڵ پاییز و زستان بە یەکەوە لە ماشێنێکی تویوتا دا سەفەرمان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان و سەر سنوور دەکرد و شەو و ڕۆژەکانمان بە یەکەوە تێپەر دەکرد، و دەیان مەئموریەتی قورسمان بۆ حیزبەکەمان بەرێوەبردن، بە تایبەت سەبارەت بە هاوکاری حیزبەکانی باشووری کوردستان کە ئەوە بە گەورەترین شانازی هاوکارییەکانمان دەزانم. لەو ماوەیەدا کە بە یەکەوە بووین، مام ئەحمەدم چاکتر ناسی و زۆرجار دەردە دڵی بۆ دەکردین و لەگەڵ هاورێم کاک موعتەسەم گوێمان لێدەگرت.

مام ئەحمەد هاوسەری ژیانی و منداڵەکانی لە نێوخۆی وڵات بەجێ هێشتبوون و دەبوو وێرای ئەرکی پێشمەرگانە هاوکاری

بنەماڵەکەشی بکات. هەر بۆیە جارجار لەگەڵ تداروکاتی خۆمان ئەویش بە چەند کیلۆ شەکر و چا و برینج و جارجاریش چەند میترێک قوماش بۆ منداڵەکانی پێداویستیەکانی ژیانی بنەماڵەی دابین دەکرد.

مام ئەحمەد مرۆڤێکی سادە، خۆشەویست و لەبەردڵان بوو، جوان پۆش و خاوێن و قسە خۆش بوو، بەردەوام لەگەڵ کادر و پێشمەرگە و خەڵک لە پەیوەندی دابوو، بە قسەی کەس قەڵس نەدەبوو، هەمیشە دەم بەخەندە و شاد بوو، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی زۆر خۆشدەویستن، هەموو لایەک بۆ خۆشی و شادی ڕوویان لە مام ئەحمەد دەکرد و زۆرجار بە قسەکانمان دەمان بزاوتەوە بۆ ئەوەی قسەی خۆشمان بۆ بکات و جارجاریش بە جنێوێکی خۆماڵی مەجلیسەکەی وە قاقا و پێکەنین دەخست.

کەسایەتی مام ئەحمەد بۆ من و کاک موعتەسەم زۆر بەرز بوو، هیچ کات لێمان عاجز نەدەبوو، لە ماشێن دا قسەی خۆشمان لێ نەدەبران و زۆرجاریش لە زۆر بواردا نەسیحەتی دەکردین و ئەگەر ئێمەش قەڵس بایەن ئەوە ئەوە بە دوو قسەی خۆش تووڕە بوونەکەی لە دڵ دەر دێنایین، کاتێک لە قەڵادزێ دەستەوەستان دەبووین و گرفتی ماڵیمان دەبوو و تووشی بێ دیناری دەبووین، ئەوە مام ئەحمەد دەبوو بە کەفیلی ئێمە و لەگەڵ دووکاندارەکان دە سازا و بەم شێوەیە پشتی تویوتامان لە سەر ئێعتباری مام ئەحمەی پڕ دەکرد.

مام ئەحمەد کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، لەگەڵ پیرەکان، پیر بوو، لەگەڵ گەنجەکان، گەنج بوو و لەگەڵ گەورەکانیش گەورە بوو، بە ڕاوێژ و زمانی خۆی توانیبووی بچێتە نێو دڵی هەموو لایەک و هەر بۆیەش هەموو لایەک خۆشمان دەویست، لەگەڵ کاک موعتەسەم بیرەوەری یەکجار زۆر خۆشمان لەگەڵ مام ئەحمەد هەن، ئەو بۆ ئێمە جیا لە هاوڕێی حیزبیمان برا و پشت و پەنا بوو، هەر کات خەمێکمان هەبایە، ئەو دڵخۆشی دەدایەنەوە، تا خوا حەز بکا لەگەڵمان لەسەرەخۆ بوو.

ماشێنەکەمان تەنیا جێگای سێ کەس دەبوو، ئەگەر نەفەرمان لەگەڵ بایەن دەبوو لە پشتی تویوتاکە سوار ببان، پشتی تویوتا بۆ کوێستانەکانی سەر سنوور زۆر سارد بوو، چادری ماشێنەکەش تەنیا بای دەگێرایەوە، نەک ساردی و سەرما، زۆرجار ئەگەر نەفەرکانمان ژن و منداڵی ساوا بایەن و یا پیرێکی بە ساڵاچوو بایە دەبوو جێگامان بگۆرینەوە و ئێمەش بچینە دواوە دابنیشین، بۆ مام ئەحمەد لەو تەمەنە دا زۆر باش نەبوو، بۆیە جارجاریش لە قەڵادزێ بە جێمان دەهێشت بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی و سەرما نەبێ.

ساڵانێکی زۆر مام ئەحمەد وەک پێشمەرگەیەکی بە ئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستان خزمەتی کرد، بەرەبەرە تەمەنی مام ئەحمەد لە هەڵکشان دابوو، هەر بۆیە دوای ئەوە شۆرش و بزووتنەوەش دژوارتر بوو، مام ئەحمەد لە سەر ئیزنی حیزب لە بنکەکانی شیوەڕەز را لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی دا دەگرێتەوە نێو بنەماڵەکەی و تا کۆتایی ژیانی هەروا ئەمەگدارانە هاوکار و پشتیوانی شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەوە.

خزمەتەکانی مام ئەحمەد لەبیر هاورێ و هاوسەنگەرانی ناچنەوە، دڵسۆزی و خۆشەویستی و وەفای مام ئەحمەد بۆ لێ فێربوون دەبێ، دوایین جار لە کاتی پەتای کۆرۆنا دا بە تەلەفوونی قسەم لەگەڵ کرد و هەروا دڵگەرم و بە وەفا بوو، بە بوغزێکی گریاناوی و بە حەسرەتەوە گووتی بڵێی ئێوە لەبیرتان مابم، چوونکە هەمووی ئێوە لە نێو دڵم دان، خۆشم دەوێن و بیری هەموو ئەو ڕۆژانە دەکەم کە لەگەڵ ئێوە خۆشەویستان بووم.

مام ئەحمەد گیان بە دڵ بۆت بە پەرۆشم، بە کۆچی دواییت خەمبار و نارەحەت بووم، بەڵام یاد و بیرەوەرییەکانت هەرگیز لە بیر ناکەم و بۆ هەمیشە لە دڵمان دا دەمێنیەوە، ئەگەر مەجال هەبا چەندین بیرەوەری جۆراوجۆرم لەم نووسینە کرچ و کاڵەم دا دەنووسین.

ڕووحت شاد و یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

لە کۆتایی دا بە بۆنەی کۆچی دوایی مام ئەحمەد سەرەخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە مام ئەحمەدیان دەناسی و هەروەها سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان و لە خزمان و ئاشنایانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی گشت لایەک دەزانم.

٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## ئامە گیان ڕووحت شاد و یادەکانت لە دڵمان دا هەردەم زیندووە.

لە ساڵی ١٩٧٤ی زائینییەوە ماڵی خاڵە شێخە دێگەیی و خزمانی دێگە و دادە ئامینە دەناسم، ئامینە شووشە کچی گەورە پیاوی گەلەکەمان خاڵە شێخە دێگەیی بوو، بە بنەماڵە هاتووچۆمان هەبوو و لە مێژ ساڵە بنەماڵەکەمان بە گشتی تێکەڵاوی یەکترن و لە خۆشی و ناخۆشییەکان دا بە یەکەوە بووین، گەورەیی دایە فاتمە و خاڵە شێخە و مام خدر کاریگەری زۆری لە سەر کەسایەتی باجە ئامینە هەبووە و هەر بۆیەش وەک کەسێکی دیاری بنەماڵە هەم براکانی و هەم دایک و باوک و مام و ئامۆژن و پوور و خاڵ و بە گشتی خزمان بە چاوی ڕێزەوە ڕوانیویانەتە ئامینە شووشە.

ئەم نووسینە ناتوانێ باس لە هەموو ژیانی پڕ سەروەری باجە ئامینە بداتەوە.

باجە ئامینە کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، دوای ئەوە کە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ گەورە پیاوی گەلەکەمان و سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی کورد لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا نەمر کاک جەلیل گادانی پێکهێنا، لەو کاتەوە کەسایەتی کاک جەلیلیش وەک کەسایەتی بنەماڵەکەی کاریگەری لەسەر باجە ئامینە دانا و هێندەی دیکە بوو بە خۆشەویستی گشت لایەک.

باجە ئامینە خاتوونێکی جێی باوەر و متمانە، ژنێکی مێهرەبان، دەم بە خەندە و میواندووست و خۆشەویست بوو، ژیانی تەژی لە دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئەوەندەی لە توانای دابوو خزمەتی بە گەلەکەی و کاک جەلیل و هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دەیناسین کرد و ژنێکی ڕووخۆش، مشوورخۆر و بەوەفا و ئەمەگدار بوو، لەگەڵ گشت لایەک لەسەرخۆ و هێمن بوو، لە کاری هەرەوەزی دا پێشەنگ بوو، ماڵەکەی هەمیشە لە میوان و لە ڕێبواران و لەو کەسانەی کە سەردانی بەرێز کاک جەلیل یان دەکرد جمەی دەهات. باجە ئامە هیچ کات هەوڵی نەدا خۆ لە دەر و جیران و نەهامەتییەکانی شۆڕش بدزێتەوە و بەردەوام لەگەل ئەو خەڵکە ژیا کە لەگەڵ بەرێز کاک جەلیل دەژیان.

ڕووحت شاد ئامە گیان یاد و ناوت هەردەم لە دڵان دا زیندوو دەمێنێتەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی تۆی خۆشەویست سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی خاڵە شێخە دێگەیی و خوشک و براکانی و

بنەماڵەی تێکۆشەری بەڕێز گادانی و گشت خزمان و ناسیاوان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی تۆی ئازیزتر لە گیان دەزانم، هیوادارم کە جێگات بەهەشت بێ و خزمان بە گشتی تەمەن درێژ بن.

٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢١

**بابەتی ساڵی .............. ٢٠٢٢**

## کۆچی دوایی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ناوداری گەلەکەمان مام خدری بایزی ئامانێ.

نووسین لە سەر گەورە پیاوان، لە سەر بوێری و چاونەترسی مەزنە شۆڕشگێڕان زۆر سەختە، کاتێک گەورەکانمان کۆچ دەکەن، نازانین کە لە چ گۆشە نیگایەکەوە لە سەریان بدوێین و یا بنووسین، چوونکە دەزانین کە ناتوانین باس لە هەموو گەورەیی‌یەکان و هەموو رەهەندەکانی ژیانیان بکەین.

بەداخەوە ڕۆژی ٠٦ ـ ٠١ ـ ٢٠٢٢ی زائینی مەزنە شۆڕشگێڕ و کەسایەتی خۆشناو و دیاری ناوچەی گەورکایەتی و ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت، بەڕێز مام خدری ئیبراهیمی ناسراو بە خدری بایزی ئامانێ لە تەمەنی نزیک بە ١١٠ ساڵی دا دوای نزیک بە چوار ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

بە پێی ناسنامە و سجیلەکەی مام خدر لە دایکبووی ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی‌یە و لە گوندی دۆڵەتووی گەورکان لە دایکبووە، بەڵام بە گووتە و فەرموودەی خۆی ئەو سجیلە چەندین ساڵ دواتر بۆی ساز کراوە و هەر بۆیە ڕێکەوتی لە دایکبوونەکەی، وەک زۆربەی هاوتەمەنەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵی درووست نیيە و بۆ خۆی پێی وابوو کە تەمەنی دەگاتە ١٢٠ ساڵ.

مام خدری بایزی ئامانێ، مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و بوێر و چاو نەترس بووە و هەر بۆیە لە نێو خەڵکیش دا وەک کەسایەتی‌یەکی دیار و خۆشناو ڕێزی لێگراوە. تەمەنی منداڵی و گەنجییەتی لەگەڵ بنەماڵەکەی خەریکی کار و کاسبی و وەرزێری و مەڕداری بووە و یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە کاری هەرەوەزی و گرووپی دا هەمیشە پێشەنگ و مشوورخۆر بووە.

لەگەڵ درووستبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا (١٩٤٥) زائینی ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی حیزب و دواتریش لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان دەبێتە پێشمەرگەی کۆمار و تا دوا کاتەکانی کۆمار، لەگەڵ پۆلێک لە کەسایەتی‌یەکانی سەردەمی کۆمار هەروا خزمەت دەکا.

دوای نسکۆ و نەمانی کۆماری کوردستان وەک کەسێکی سوێندخۆر، وەفادار دەبێ بە ڕێباز و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و جەنابی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان.

وەفاداری و ئەمەگداری مام خدر بۆ هەموو خەڵکی ناوچە و بە تایبەت شۆڕشگێرانی ساڵەکانی ١٣٣٢ی هەتاوی، قارەمان و تێکۆشەرەکانی ساڵانی ٤٧ و ١٣٤٦ ی هەتاوی و دواتر بۆ نەسلێ سێهەم لە ساڵی ١٣٥٧ تا ١٤٠٠ ی هەتاوی ڕوون و ئاشکرا بوو.

مام خدر لە هەر سێ قۆناخی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، بە پێشەنگی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە گیان و دڵ و بە ماڵ و حاڵ و ژیانەوە، لە خزمەت گەلەکەی و ئامانجەکانی حیزبەکەی دابوو، لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی هاوسەری شەهید سولێمان موعینی دەباتە باشووری کوردستان و ئەوەش دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی و هەر بۆیە وەک ئەندام و پێشمەرگە لە باشووری کوردستان دەمێنێتەوە و بوێرانە بە دژی حکوومەتی نگریسی پەهلەوی خەبات دەکا، لە چەند شەری گەورەی ئەو کات دا و یەک لەوان لە شەرە گەورە و بەناوبانگەکەی شەنەماش دا بەشدار دەبێ و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرێ، دوای ئەوە خەباتی شۆڕشگێرانە و چەکداری ساڵەکانی ٤٧ و ١٣٤٦ ی هەتاوی تووشی نسکۆ دەبێ و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٤٩ دا دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و لە لایەن ڕژێم و ساواکی شا دەگیرێ و ماوەی ٦ مانگ لە زیندانەکانی سەردەشت و جڵدیان لە ژێر تووندترین لێپرسینەوە و ئەشکەنجە دا دەبێ. مام خدر لە زیندانیش دا مرۆڤێکی خۆراگر و چاونەترس بوو و هەر بۆیەش ملی بۆ هیچ داخوازییەکی حکوومەتی شاهەنشاهی دانەنواند و دوای ئازاد بوونی لە گوندی پاشبەرد درێژەی بە ژیانی خۆی دا و ئاوەدانی و سەوزایی و جوانی بە ناوچەکە بەخشی بوو.

بە گشتی تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی هەروا بە نهێنی و نیوە ئاشکرا پەیوەندی بە شۆڕشگێران و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبووە و لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران مام خدر و برا و کوڕەکانی دەڕژێنە سەر شەقام و لە رامالین و گرتنی پاسگاکانی ناوچەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێرن و دەبنە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

مام خدر لەم قۆناخەش دا ئەوەی لە دەستی هات و لە توانای دابوو بە زیادەوە و بە سەخاوەتەوە خزمەتی بە گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. ماوەی چەندین ساڵ وەک پێشمەرگە بە دژی کۆماری ئیسلامی خزمەتی کرد، بەداخەوە دواتر بە هۆی بەساڵاچوویی و تەمەنی زۆر، بەناچاری ژیانی ئاسایی خۆی هەڵبژاردەوە، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەش دا مام خدر وەک ڕۆژانی پێشمەرگایەتی بە ئومێدەوە، بە دڵەوە خزمەتی شۆڕش و شۆڕشگێرانی دەکرد و لە

گەیاندنی زانیاری و کەلوپەلی پێشمەرگانە و تەنانەت پەیوەندی تەشکیلاتی و نامەبردن و زۆر کاری گەورەدا پشت و پەنای گشت لایەکمان بوو.

شێعرێک کە پڕ بە بالآی خۆی بوو، هەمیشە لە کاتی دیدارەکانمان دا ئەم شێعرەی شەهید مەلا ئاوارەی بۆ دەخوێندەوە و دەیگووت: ژیانی من وەک ئەو شێعرە بووە.

هەدا نادەم ڕۆژ و شەوێ
خۆم بسرەوم دڵ ناسرەوێ
تاکوو هەلم دەس دەکەوێ
دنیا گشتی سەر یەک کەوێ
لێم ببڕن خۆراک و خەوێ
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

هەیبەت و ئیرادەی مام خدر وایکرد بوو کە براکانی، کوڕەکانی و بەشێک لە خزمەکانی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە شان بکەن و لە ریزەکانی حدک دا بوێرانە خزمەت بکەن و ژیانیان تەرخانی شۆڕش و خەبات بکەن و لەو پێناوەش دا کوڕێکی بە ناوی شەهید خالید پاشبەردی لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی دا لە شەڕێکی دەستەویەخەدا شەهید دەبێ و هاوکاتیش سێ برازای لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا گیان دەبەخشن، شەهید ڕەسووڵ ئاوارە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە هێرش بۆ سەر جاشخانەی گوندی بەسرێ لە ناوچەی ڕەبەت شەهید دەبێ و دواتریش هونەرمەندی بە توانای گەلەکەمان کاک سمایل سەردەشتی و ڕزگار ئیبراهیمی هەر لەم ڕێگایەدا گیانیان بەختی گەل و نیشتمان کردووە.

شایانی باسە کە هەر ئێستاش کورە گەورەکەی و کوڕ و برازاکانی لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و لە تاراوگەدا دوای ماوەیەکی زۆر پێشمەرگایەتی هەنووکەش ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانن و برایەکی مام خدریش وەک یەکێک لە زامدارەکانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات هەروا خەبات بۆ ئازادی گەلەکەی لە ریزەکانی دێموکرات دا دەکا.

مام خدر کەسایەتی‌یەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، لە ناوچەدا ساحەب مەسڵەت و ساحەب قسە بوو، زۆر کاری گەورەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی لە سەر دەستی بەرێزیان چارەسەر دەکرا، خەڵکی ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت ڕێزێکی زۆریان بۆ

مام خدر دادەنا و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، لە گەرمێن و کوێستان ساحەب کەسایەتی تایبەت بە خۆی بوو. مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و کورد بە مانای وشە بوو، ژیانی تەرخانی خزمەت بە گەل و نیشتمان کرد، لەگەڵ هاوسەری ژیانی دایە خەج، مووچە و مەزرا و ماڵ و ژیانیان بۆ خزمەت بە شۆڕشگێران و ڕێبواران و میوانان تەرخان کردبوو، ماڵێکی ئاوەدان و پڕ لە مێهرەبانی و هەست و سۆز و خۆشەویستیان بۆ گشت لایەک پێک هێنا بوو، هیچ کەس خۆی بە میوان نەدەزانی و هەموو لایەک خۆیان بە کوڕ و کچی ئەو بنەماڵەیە دەزانی و ئەوانیش هەموو کادر و پێشمەرگەکان و ڕێبوارانیان بە کەس و کار و کوڕ و کچی خۆیان دەزانی.

مام خدر و دایە خەج ، خەمیان لە هەموو کەس دەخوارد و لەگەڵ شایی و شین و شادی و خۆشی و ناخۆشی‌یەکانی گشت لایەک دەژیان، لە مەجلیس و لە کۆڕەکاندا توانایی و لێزانی و خەمخۆریان بۆ گشت لایەک دیار بوو، کەسایەتی‌یە دیارەکانی ناوچە لە مامۆستای ئایینی ، ئاغا و کوێخا ، پیاوماقوڵ، مامۆستای قوتابخانە ، خوێندەوار ، کاسب و وەرزێر و بە گشتی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا سەردانیان دەکردن و گرفتەکانی سەر ڕێگای ژیانیان لەگەڵ باس دەکردن.
مام خدر بە سەربەرزی ژیا و بە سەربەرزی ماڵئاوایی لێکردین، تەمەنێکی پڕ لە شانازی بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەکەی بەڕێ کرد، کوڕ و کچ و نەوە و گشت ئەندامانی بنەماڵەکەی و خەڵکی ناوچە و ناسیاوانی، ژیانی مام خدر وەک ئاوێنەی بالانوێنی ڕاستی، پاکی و جوانی سەیر دەکەن و بێ‌شک ژیانی پڕ سەروەری مام خدر بۆ لێ فێربوون و ئەزموون وەرگرتن دەبێ.

لە کۆتایی دا سەرەخۆشی لە کوڕ و کچ و نەوە و برا و خوشک و گشت ئەندامانی بنەماڵەکەی و خەڵکی گوندی پاشبەرد، ناوچەی کاڵەشینی ڕەبەت، سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی پیری نێو سەنگەری کوردایەتی دەزانم و ئاواتەخوازم کە خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت بە تایبەتی نموونەی لە چەشنی مام خدریان لە زیاد بوون دابن و تا زیندوون ڕێزیان لێبگرین و خەم لە ئازار و خەمەکانیان بخۆین.

ڕووحت شاد وەبەخشی ژیانی پێشمەرگایەتیم.

ئەی بەخشەندە! ڕێنوێنی و نەسیحەت و قسە جوانەکانت ئاوێزی گوێچکە و دڵ و دەروونمانن، دڵنیابە کە هەموو کات لە بیر و هۆشی ئێمەدا بە بەرزی دەمێنیەوە، یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم بە زیندوو ڕادەگرین.

٦ی جانێوێری ٢٠٢٢

## هاوڕێ ڕەحیمی خەڵکی سەردەشت و دانیشتووی وڵاتی هولەند بوو بە ئەندام پەرلەمانی وڵاتی هولەند

لە زۆربەی وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتووەکان، پرۆسەی دەسەڵات و ئاڵوگۆڕی بەرپرسەکان بە شێوەیەکی دیموکراتیک و لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە بەڕێوە دەچێ و دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکان زۆر دیموکراتانە دەستاودەست دەکەن.

لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بە هۆی کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوونی پەنابەری زۆر لە وڵاتانی جۆراوجۆر و هەروەها بوونی کەسانی بە هەست و دڵسۆز لە وڵاتانی دەرەوە، بە خۆشیەوە کۆمەڵێک کەسایەتی پێگەیشتووی گەنج، توانیویانە وێرای خۆ پێگەیاندن و دەرس خوێندن و دۆزینەوەی کاری دڵخوازی خۆیان، بگەنە شوێنی بریاردان و ببنە ئەندام پارلەمان و کەسایەتی دیاری وڵاتی نیشتەجێ بوونیان.

لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوو دا لە وڵاتی هولەند لە پرۆسەیەکی دیموکرات و هەڵبژاردنێکی ئازاد دا، گەنجێکی کورد بە ناوی " هاورێ ڕەحیمی" ، نیشتەجێ لە وڵاتی هولەند، توانی بە ئیرادە و متمانە بەخۆ بوون و بەشداری چالاکانەی لە کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی دا، وەک گەنجێکی کورد، دەرگای پارلەمانی هولەند بە رووی خۆیدا واڵا بکا.

"هاورێ ڕەحیمی"، کوڕی بەرێز کاک عەلی ڕەحیمی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و کورد دا لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە شاری سەردەشت لە دایکبووە و هەر لە تەمەنی منداڵیدا لەگەڵ بنەماڵەکەیان هاتوونە وڵاتی هولەند، هاوڕێ ڕەحیمی وەک کوڕە کوردێکی نیشتەجێ لە وڵاتی هولەند، لەسەر لیستی حیزبی دەسەڵاتداری هولەندVVD ، کە سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هولەند "مارک ڕووتە" توانی بە هیممەت و لێهاتوویی خۆی ببێتە ئەندام پەرلەمانی وڵاتی هولەند.

شایانی باسە کە بەرێز عەلی ڕەحیمی کەسایەتییێکی دیاری شاری سەردەشتە و لە مێژساڵە وەک چالاکڤانێک لە بواری جۆراوجۆردا خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکا، کاک عەلی لە پرۆسەی بە جینوساید ناساندنی شیمیابارانی سەردەشت و هەڵەبجە و زەردەی کرماشان دا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە وڵاتی هولەند و لە دادگای لاهە و ئوروپا دا گێراوە و یەکێکە لەو کەسانەی کە بۆ ناساندن و بۆ مەحکووم کردنی بەکارهێنەران چەکی قەدەغەکراو و جەنایەتی شیمیاباران کردنی گوند و شار و باژێرەکانی کوردستان، هەوڵی زۆری داوە و لەو پەیوەندییەدا زۆرترین خزمەتی بە گەلی کوردستان کردووە و لە زۆر

بواری دیکەش دا ڕەچەشکێن و پێشرەو بووە.

جێی ئاماژەیە کە بوونی لاوانی کورد لە پارلەمانی وڵاتانی دەرەوەدا بە گشتی و بوونی "هاوڕێ ڕەحیمی" وەک چالاکڤانێکی لاوی کورد لە پەرلەمانی وڵاتی هولەند، نیشانەی توانا و لێزانی و لێهاتوویی لاوان و چالاکڤانانی سیاسیی گەلی کوردە بە گشتی کە بە درێژایی مێژوو لە نیشتمانی خۆیان دا (کوردستان) بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان چەوسێندراونەتەوە، بەخۆشیەوە لە سەردەمی ئێستادا و لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی دا، لاوانی کورد بە گشتی لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکرات دا، پەنابەران و لاوانی پێگەیشتووی گەلەکەمان بە خەبات و تێکۆشان و هەوڵی خۆیان توانیویانە کە بەرپرسایەتی بەرز لە ڕیزی دامودەزگاکانی حکوومەتی دا، وەربگرن و چالاکانە لە ئیدارەی وڵاتانی پێشکەوتوودا بەشدار بن.

لەم پەیوەندی‌یەدا هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ کاک هاوڕێی ڕەحیمی و گشت لاوانی کورد بە ئاوات دەخوازم و هیوادارم کە نموونەی لە چەشنی هاوڕێ ڕەحیمی لە نێو گەلەکەمان دا هەر لە زیاد بوون دابن.

لە کۆتایی دا جوانترین پیرۆزبایی لە هاوڕێ ڕەحیمی و کاک عەلی و خاتوو زیبای نەباتی و ئەندامانی بنەماڵەی ڕەحیمی بە گشتی و خەڵکی شاری سەردەشت دەکەم و هیوادارم کە کاک هاوڕێ ڕەحیمی، دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی، هەردەم لەبەرچاو بێ و هەوڵی ناساندنی زیاتری کورد لە نێو پارلەمانی وڵاتی هولەند دا بدا و پشتیوانی و خەمخۆری خۆی و پارلەمانی هولەند بۆ گەلی کورد زیاتر و زیاتر بکا و لە هەمانکاتدا بەگژ هەموو ناعەداڵەتی‌یەکان و هەر جۆرە چەوسانەوەیکی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دا بچێتەوە و لە پال ئەرکە پێسپێردراوەکانی ئیداری و پارلەمانتاری خۆیدا ببێتە زمانحالی گەلی کورد و نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی دیکە.

بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ کاک هاوڕێ ڕەحیمی و گشت لاوانی کورد

٢٠ی جانێوێری ٢٠٢٢

## سروودی جاڕ دەکێشم. من دەڵێم کوردم بە دڵ کوردم دەوێ

بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵیادی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان جوانترین پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و لە گشت ئەویندارانی ڕێگای ئازادی کوردستان و هاوڕێ و هاوڕێبازانی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان شەهیدی مەزن پێشەوا قازی محەممەد دەکەم.

لەم ڕۆژەدا وەک جێژنانە و وەک بیرەوەری ئەم سرووده کە ئی ساڵی ٢٠٠٨ی زائینی‌یە پێشکەش بە گشت لایەکی دەکەم. بەداخەوە بە هۆی ئەوە کە میکرۆفۆنەکان و شێوەی زەبت کردنەکە هەندێک لاوازە، دەنگەکەش بەرز و نزمی هەیە، بەڵام دیسانیش دیاری شوانی هەر ئاڵەکۆکە.

شێعری ئەم سرووده لە دیوانی شاهۆ وەرگیراوە بە هەندێک دەستکاری‌یەوە.

٢١/٠١/٢٠٢٢

حەمەڕەسووڵ کەریمی

موزیک : ئارام ئیزەدپەنا

کۆڕی هونەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کۆنگرەی ١٤ی حدک

دیوانی شاهۆ

جاڕ دەکێشم، من دەڵێم کوردم بە دڵ کوردم دەوێ
کوردی چۆن کوردێکی، ساغی بێ غەشی مەردم دەوێ
بێ فڕ و فێڵ، کورد پەرەستێکی جوانمەردم دەوێ
گیان فیدایەکی دلێری سافی، بێگەردم دەوێ
دڵپەرۆشێکی وەتەن ، کوردێکی هاودەردم دەوێ
نامهەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم دەوێ

هەرچی ناوی تاقە کوردێکی لە لای بێگانە برد
یا لە خۆوە ، خووی خەراپێکی لەحەق هاوخوێنی کرد
یا کە هاتوو کوردەکانی، بۆ ئەم و ئەو کردە پەرد
واجبە مێشکی بکەیتە تووتیا یا ئاردی ورد
نامهەوێ کوردێکی وا، کوردێکی هاودەردەم دەوێ
دڵپەرۆشێکی وەتەن ، کوردێکی هاودەردم دەوێ
کورد دەبێ دائیم تەماشای بنج و بونیادی بکا
سەیری بنچینەی ئەساسی زێد و ئەجدادی بکا
بیر لە ئیشی، پاشەڕۆژی، کورد و ئەولادی بکا
نەک بە تەنها مەرحەبایێ، پشت لە ئەجدادی بکا
نامهەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم دەوێ
دڵپەرۆشێکی وەتەن ، کوردێکی هاودەردم دەوێ
کورد یەکێکن، فەرقی کوردی خوارو ژووروی بۆ نییە
فەرقی کوردی کۆچەری و دێهاتی و شاری بۆ نییە
فەرقی کوردی دەشتەکی و ناو شاخ و داری بۆ نییە
هەر کەسێ فەرقی بکا هیچ ئێعتباری بۆ نییە
نامهەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم دەوێ
دڵپەرۆشێکی وەتەن ، کوردێکی هاودەردم دەوێ

حەمەڕەسووڵ کەریمی

کوڕی هونەری حیزبی دێموکراتی کوردستان
بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ ی زائینی
ژێرنووسی تێکست

٢١ی جانێوێری ٢٠٢٢

## کۆچی دوایی کەسایەتی شاری سەردەشت کاک عومەرئاغا سالاری

ڕۆژی ٩ - ١١ - ١٤٠٠ی هەتاوی جاحی عومەرئاغا سالاری کوری حاجی هەباس ئاغا کەسایەتی دیار و خۆشناوی ناوچەی سەردەشت و گەورەی بنەماڵەی سالاری بە هۆی بە ساڵاچوویی و نەخۆشی لە شاری سەردەشت کۆچی دوایی کرد. حاجی عومەرئاغا کەسایەتی‌یەکی دیاری شاری سەردەشت و ئالان و پشدەر بوو، بە بنەماڵە هەم لە بەشی گەرمێن و هەم لە بەشی کوێستان ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان گێراوە. حاجی عومەرئاغا یەکێک لەو کەسایەتی‌یە دیارانەی گەلەکەمان بوو کە خەڵکێکی زۆر بۆ چارەسەری گرفتەکانیان ڕوویان لەماڵەکەی دەکرد. حاجی عومەرئاغا منداڵەکانی و ئەندامانی بنەماڵەی خۆی فێری گەل خۆشەویستی کردوون. کاتێک بنکەی حیزبە کوردستانی‌یەکان بە هۆی زەخت و زۆر و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە ناوچەی ئالانی سەردەشت ، مووچە و مەزرای خەڵکی ناوچەکە و هەروەها بنەماڵەی حاجی عومەر ئاغا جێگای حاوانەوەی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو.

بە هۆی ناعەداڵەتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی ئەبووبەکر سالاری ساڵانێکی زۆر وەک کادرێکی لێزان و لێهاتووی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرێکی دیاری نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات خزمەتی بە گەل و نیشتمان کردووە و هەنووکەش هەروا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی دەدا.

کۆچی دوایی حاجی عومەرئاغا بۆ هەموو ئەوانەی دەیانناسی و بە تایبەت بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەی خەسارێکی گەورەیە و ئاواتە خوازم کە کەس و کاری تەمەن درێژ و ساخ و سەلامەت بن.

بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی عومەرئاغا لە ناخی دڵمەوە وەک ستافی بەڕێوەبەری گیارەنگ سەرەخۆشی لە خزمانی سەردەشت و ئەندامانی بنەماڵەی سالاری بە گشتی و هەروەها هاوڕێی دەورانی پێشمەرگایەتیم و مامۆستای ساڵانی لاوەتیم لە " زۆرانبازی " (کوشتی) لە باشگای سەردەشت کاک ئەبووبەکر سالاری و لە دانیشتوانی سەردەشت و ئالان و پشدەر دەکەم و هاوخەمی خۆم لە ئاست کۆچی دوایی حاجی عومەرئاغا دا ڕادەگەیێنم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی حاجی عومەرئاغا سالاری دەزانم.

٢٨ی جانێوێری ٢٠٢٢

## پیاوێک لە ڕەگەزی نەبەزی

زۆر بەداخەوە کاک حەمەدەمین باڵەکی باوکی فەرماندەی بە توانای گەلەکەمان کاک عەلی باڵەکی و باوکی شەهیدی هەرگیز نەمر خالید باڵەکی لە تەمەنی ٨٣ ساڵی و بە هۆی بەساڵاچوویی و دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاک حەمەدەمین باڵەکی یەکێک لە کەسە دیار و خۆشناوەکانی ناوچەی مەهاباد و شاری مەهاباد بوو، کەسێکی هەڵسوور و کاسب، مرۆڤێکی خاکی و نیشتمانپەروەر و کوردخۆشەویست بوو. کاک حەمەدەمین کەسێکی خەمخۆر و دڵسۆز و بە هەڵوێست بوو، ژیانی خۆی تەرخانی خزمەت بە گەل و نیشتمان کرد بوو، هەر بۆیەش دوای ڕووخانی پاشایاتی، بە بنەماڵە دەبنە پێشمەرگە و دواتر دوو کوڕی و برایەک و دوو برازای لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خزمەتی گەل و نیشتمان دەکەن، کوڕ و برازاکانی پلەکانی بەرزی بەرپرسایەتیان بڕی و لە کاتی هەڵسووڕانی بێوچان و بوێرانەیان دا بنەماڵەی باڵەکی بوونە چەقڵی چاوی دوژمن و کۆماری ئیسلامی ئێران.

هەڵسووران و خزمەتەکانی باڵەکییەکان بۆ دۆست و دوژمن دیار بوو، کوڕەکانی کاک حەمەدەمین لە پێشەوەی شەڕگەکان دا لمبوزی جاش و خائین و خۆفرۆشانیان لە عەرز وەردەدا، حەماسە خوڵقێنی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا و بەشداری چالاکانەی فەرماندە عەلی باڵەکی و کادری خۆشناوی گەلەکەمان شەهید خالید باڵەکی، وای لە دوژمن کرد بوو کە بۆ بە چۆک داهێنانی کاک عەلی و شەهید خالید و کاک عومەر باڵەکی تێکۆشەر، پەنا بۆ گرتن و ڕاودونانی ئەندامانی بنەماڵەی باڵەکی بە گشتی و کاک حەمەدەمین باڵەکی بە تایبەتی بەرن.

بۆ بە چۆک داهێنانی باڵەکییەکان دوژمن لە هەموو شێوەیەک کەڵکی وەرگرت، بە دەیان جار کاک حەمەدەمین و هاوسەری ژیانی لە لایەن جاش و سیخور و ئیتلاعاتی و سوپای پاسدارانەوە بێحورمەتیان پێکرا و ڕاپێچی گرتووخانە کران، لە ماڵ وەدەر نران و لە شار دەرکران و بەرەو چیاکانی کوردستان و باشووری کوردستان دەرکران، بەڵام هیچ کات کاک حەمەدەمین و هاوسەری ژیانی تەسلیمی ویست و داوخوازییەکانی کاربەدەستانی سوپا و ئیتلاعات و جاش مەنگورەکان نەبوون، هەر کاتێکیش کاک حەمەدەمین چاوی بە کوڕ و برازاکانی کەوت بێ، داوای ڕاوەستاوی و بەردەوامی لە کار و ئەرکی حیزبی دا بۆ بە ئاوات خواستوون، خۆی گووتەنی بە هۆی هەڵسوورانی پێشمەرگانەی کوڕەکانی سەری لە نێو کۆمەڵگادا بە قەد هەموو

شاخە بەرزەکانی کوردستان بەرز بووە و شانازی بە کوڕەکانی و گشت پێشمەرگەکانی کوردستانەوە کردوە.

مخابن کاک حەمەدەمین بە ئاواتی دڵی خۆی کە ئازادی کوردستان و گەڕانەوەی سەربەرزانەی کوڕەکانی و برازاکانی بوو نەگەیشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات بێ هیوا و بێ ئومێد نەبوو، لەگەڵ خەڵکی ناسیاو و دەوروبەری زۆر بوێرانە باسی لە ڕۆژانی ڕابردووی خۆی و بنەماڵەکەی و سەروەرییەکانی پێشمەرگە دەکرد و هاندەری برایەتی و تەبایی و کاری شۆڕشگێرانە بوو.

لە سەر هەڵوێستەکانی و لە سەر بوێری و چاونەترسی زۆرجار تووشی سوپای پاسدارنەوە دەبوو و بە هەموو شێوەیەک دەیان خستە ژێر چاوەدێری و زۆرجار بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراوە و بە توندی لێکۆلینەوەی لێکراوە. بەڵام هیچ کات لێپرسین و لێکۆلینەوەکان نەبۆتە هۆی ئەوە کە لە هەڵوێستەکانی پەشیوان ببێتەوە و یا ملکەچی دوژمن بووبێ، بەڵکوو بە پێچەوانە هەموو کات سوورتر لە پێشوو ، بە ئیرادە و ورەی زیاترەوە لە نێو خەڵک و کۆمەڵگا دا دەردەکەوتەوە.

زۆر بەداخەوە ماوەی چەند ساڵێک بوو کاک حەمەدەمین بە هۆی بە ساڵاچوویی و نەخۆشی و بێ تاقەتی نەیدەتوانی هاتووچۆ بکات و ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبوو، دوای ئەوە کە دوکتورەکان لێی بێ هیوا بوون بەداخەوە ئەمرۆ ڕێکەوتی ٠٣ ـ ٠٢ ـ ٢٠٢٢ی زائینی لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەکەی دا کۆچی دوایی کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی مەزنەپیاوی بنەماڵەی گەورەی باڵەکی و کەسایەتی دیار و خۆشناوی ناوچەی مەهاباد، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێی فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانم، برای هەموو قۆناخەکانی پێشمەرگایەتی و تاراوگەم کاک عەلی باڵەکی و ئەندامانی بنەماڵەی بەرێز و شۆڕشگێری باڵەکی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی کاک حەمەدەمینی ورە بەخش دەزانم.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.
یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٣ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## کۆچی دوایی مام حەسەن فەلاحی ناسراو بە حەسەن دیواڵی پێشمەرگەی پێشووی دێموکرات

کاتێک چاو بە مێژووی پڕشنگداری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەخشێنی و شانازی بە ڕابردووی ئەم حیزبەوە دەکەی، دەبێ و پێویستە کە هەموو لایەکیش ببینی و لە هەمانکاتدا ناکرێ چاوپۆشی لە هەندێک ڕووداو و کارەسات و هەروەها گەورەیی و سەخاوەتمەندی تێکۆشەرانی دێموکراتیش بکەی.

ئەو مێژووە پڕشنگدارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیچ کەس و لایەنێک خەوشدار ناکرێ و کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لە خەبات و تێکۆشانی دیار و بەرچاو و شوێندانەری ئەو تێکۆشەرانە بکا، چوونکە بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕێگای ئازادی دا ژیان و تەمەنیان بۆ گەورەیی ئەو حیزبە تەرخان کردووە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردۆتە پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

یەکێک لەو تێکۆشەرانەی کە خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی و بە ڕۆژهەلاتی کوردستان کردووە کاک حەسەن فەلاحی ناسراو بە حەسەن دیواڵی‌یە. کاک حەسەن دیواڵی ساڵی ١٩٥٤ی زائینی لە بنەماڵەیەکی هەژار و وەرزێری گوندی دیوالان لە کوێستانی بە ناوبانگی لانک و گیارەنگی سەربەرزی سەردەشت لە دایک بووە.

کاک حەسەن بە هۆی هەژاری و دووری گوندی دیوالان لە شار و لە گوندە گەورەکانی ناوچە، بە داخەوە نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە، بەڵام نەخوێندەواری کاک حەسەن نەبوو بە هۆکار کە نەتوانێ ئاشنایی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و شوناسی نەتەوەیی هەبێ، هەر لە هەڕەتی لاوەتی دا تێکەڵ بە شۆڕشگێرانی ساڵەکانی ٤٧ و ١٣٤٦ ی هەتاوی دەبێ و دواتر کاتێک دەبینێ کە شەهید مەلا ئاوارە لە گوندی دیوالان بە دەستی سیخوران و جاش سفەتان تەسلیمی ژاندارم دەکرێ ، هەر لەم قۆناخە دا بیری تۆڵەکردنەوە و پێشمەرگانەی لە ژیانیدا زیاتر چەقەرە دەکا و بیری ئازادیخوازی دەبێتە بەشێک لە ژیانی کاک حەسەن دیواڵی.

لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران، مام حەسەن دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و ئەوجار ڕاستەوخۆ وەک پێشمەرگەی دێرین لە بنکەی حیزب لە گوندی ئاڵەوتان و هێز و کۆمیتە شارستانی سەردەشت درێژە بە ئەرکی پێشمەرگایەتی دەدا و دواتر لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبدا و لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا خزمەت بە دۆزی

ڕەوای گەلەکەی دەکا. لە هەموو قۆناخەکان دا شان بە شانی هێزی پێشمەرگە و ڕێبەری حیزب بەشداری ئەم شۆڕشە دەبێ و دوای ماوەیە لە بەشی خەدەماتی حیزب دا بەوپەری لێهاتوویی و شارەزاییەوە کارەکانی بەڕێوە دەبا، مام حەسەن دیواڵی پێشمەرگەیەکی سادق وڕاستگۆ، پێشمەرگەیەکی بوێر و بە هەڵوێست و خەمخۆر بوو، لە بەشی تداروکاتی حیزب و نانەواخانەی حیزب دا کاری دەکرد و کەم کەس هەیە کە نانی دەستی مام حەسەنی نەخوارد بێ.

مام حەسەن کەسێکی ئەمانەتدار و ئەمین و هێمن و دەم بەخەندە و قسەخۆش بوو، خزمەتەکانی مام حەسەن هێند زۆرن کە بەم چەند دێرە ناتواندرێ باس لە هەموویان بکرێ، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین مام حەسەن بە مانای وشە پێشمەرگە بوو، پێشمەرگەیەکی سادق، ئەمین و جێگای متمانەی ڕێبەری حیزب و هەموو لایەک بوو، لە کاتی تەنگانەدا تفەنگ بەدەست سەنگەری بەرگری دەگرت، لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی دا کاتێک ڕژێمی ئێران بە مەبەستی گرتنی دەفتەری سیاسی حیزب هەزاران کەسی وەک گاڕان هێنابوون کە قەڵای دێموکرات بگرن ، ئەوە مام حەسەن بە تفەنگی شانی و بە ورەی بەرزی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەنگەری لە هێزی زۆر و بۆری دوژمن گرت بوو و ئامادەی گیان فیدایی بوو.

مام حەسەن لەگەڵ هاوسەری ژیانی دادە گوڵێ، خەمخۆری بنەماڵەکان و کادر و پێشمەرگەکان بوون، بەردەوام لە هەموو بوارێکدا خزمەتیان دەکرد و ژیانیان تەرخانی ئاوەدانی و پاکی و خاوێنی و جوانی کەمپەکانی حیزب کرد بوو، بەردەوام دوای ئەرکی پێشمەرگانەیان خزمەتی گشت لایەکیان دەکرد و ماڵیان ماڵی هەموو پێشمەرگەیەک بوو.

بەداخەوە بە هۆی درێژ بوونەوەی شۆڕش و وەزعیەتی باشووری کوردستان مام حەسەن بە ناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر و ماوەی ١٤ ساڵ بوو کە لە وڵاتی هولەند دەژیا و هەمیشە بیر و هۆشی هەر لە کوردستان بوو، مخابن ئەو ماوەیە مام حەسەن بە هۆی نەخۆشی زۆر بێ تاقەت ببوو، سەرەرای چاوەدێری چڕی نەخۆشخانە و دوکتورەکان، بەداخەوە کاک حەسەن ئەمرۆ ٠٤ ـ ٠٢ ـ ٢٠٢٢ی زائینی لە وڵاتی هولەند کۆچی دوایی کرد و بەم کۆچە هەموو لایەکمانی خەمبار کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی مام حەسەن لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە دادە گوڵێ، منداڵەکانی چیمەن، شنە ، بەهار و ئاوات و گشت خزمانیان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم وخۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم و هیوادارم کە تەمەن درێژ و ساخ وسەلامەت بن.

رووحی مام حەسەن شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٤ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## سیستمی هاوبەشی یەکیەتیی ئورووپا بۆ وەدەرنان و ناردنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی

حەوتووی ڕابردوو ( ڕۆژی ٢١ی ژانویە) وەزیرانی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لە شاری ویلینووس پێتەختی لیتوانی بە مەبەستی تاوتۆێی پرسی کۆچبەرانی نایاسایی لە وڵاتانی ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپادا کۆ بوونەوە. لە یەکەم دانیشتندا هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە سیاسەت و هەڵوێستێکی یەکگرتووانەیان لە هەموو وڵاتانی ئەو یەکیەتییەدا هەبێ و، هاوکات هەوڵەکانیان بۆ بەهێزکردنی باری ئەمنی و پاراستنی سنوورەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا توند و بەهێزتر بکەن؛ لەگەڵ ئەوەشدا ڕێوشوێنی هاوبەش بۆ وەدەرنان و ناردنەوەی کۆچبەرانی نایاسایی لەو یەکیەتییەدا بگرنە بەر.

جیا لە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، وەزیرەکانی وڵاتانی سوئیس و نۆروێژو سەرۆک و بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ئورووپا وەک یوروپۆل (پۆلیسی فیدراڵی ئورووپا) و ئاژانسی سنووریی یەکیەتیی ئورووپا (فرانتکس) بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا وەک لەهستان، هەروەها وڵاتانی ناوچەی باڵتیک وەک ئەستۆنی، لێتونی و لیتوانی کە لەم دواییانەدا شەپۆلێکی بەرینی پەنابەر و کۆچبەران بە هاندان و چاوەدێری بیلارووس گەیاندرابوونە سەر سنوورەکانی یەکیەتیی ئورووپا، داوایان لە یەکیەتیی ئورووپا هەبوو کە یارمەتییان بدرێ، هەر بۆیە لەم پەیوەندییەدا گوشارەکان بۆ سەر یەکیەتیی ئورووپا لە زیادبووندا بوون. دواتر وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئورووپا لە هەڵوێستێکی نوێدا بۆ پاراستنی سنوورەکان و هەروەها بە هێنانی یاسایەکی نوێ توانییان پێش بەو شەپۆلە بەرینەی کۆچبەران بگرن و لە ئاکامدا بەشێکی زۆری کۆچبەرەکان بە شێوەی یاسایی و بە هاوکاریی ئەو وڵاتانەی کە کۆچبەرەکان لێیڕا هاتبوون گەڕێندرانەوە بۆ زێدی لە دایکبوونی خۆیان، یا ئەو وڵاتانەی لێی ڕاهاتبوون. ئەو بڕیارەش ئاکامێکی جێگای ڕەزامەندی بۆ یەکیەتیی ئورووپا لێکەوتەوە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە وڵاتی لەهستان پرۆسەی دروستکردنی سنوورێکی ئاسنین بە بەرزی ١٠ میتر لە نێوان وڵاتی لەهستان و بیلارووسی خێراتر کردوە و ئەو سنووربەندییە ئاسنینە هەر دێت و زیاتر کاری لەسەر دەکرێ و هاوکات بە سیستەمێکی چاوەدێری ئەلکترۆنیی پێشکەوتووش کۆنترۆڵی سنوورەکە دەکرێ.

وەزیرانی ٢٧ وڵاتی یەکیەتیی ئورووپا لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١ی ژانویە لە ویلینووس پێتەختی لیتوانی چەندین بڕیاریان پەسەند کردن:

- بەهێزترکردنی پرسگەکانی سەر سنووری یەکیەتیی ئورووپا بۆ پاراستنی دانیشتووانی ئورووپا.

- بەگژداچوونەوە و لێپچینەوەی توند لەگەڵ قاچاخچیانی مرۆڤ بۆ پێشگرتن لە کارەساتی مرۆڤی و ئەو کۆچبەرانەی کە بەهۆی قاچاخچیان و بە ڕێگای نائاسایی و ڕێگای مەترسیدار و سەفەری ڕێگای هات و نەهاتی ئیشکایی و دەریاکانی ئاسیا، ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەفریقا کە گیانیان دەخاتە مەترسی.

- دروستکردنی ڕایەڵە و سیستەمێکی نوێی ئورووپایی، بۆ گەڕاندنەوەی کۆچبەرانێک کە لە یەکیەتیی ئورووپادا بەبێ مافی مانەوە و ئیقامەت دەژین، ئەو سیستەمە کار دەکا بۆ گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی نائاسایی بۆ وڵاتی خۆیان و یا ئەو وڵاتەی سەفەری خۆیان بەرەو ئورووپا لەوێڕا دەست پێ کردوە.

"ئیلوا یووهانسوون" لێپرسراوی بەشی کۆچ و کۆچبەرانی یەکیەتیی ئورووپا (لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد) لەو دانیشتنەدا ڕوو بە دەسەڵاتدارنی ئورووپا گووتی: ئێمە ئەگەر بمانەوێ سیستەمی گەڕاندنەوە درووست بکەین و ئەو کەسانەی کە مافی مانەوەیان لە وڵاتانی ئورووپایی نییە، بەپەلە و بێ ڕاوەستان بۆ وڵاتەکانی خۆیان و یا ئەو وڵاتەی لێی ڕاهاتوون بنێرینەوە، بە دڵنیایەوە دەتوانین کاری زۆر باشتر لەو پەیوەندییەدا بکەین، هەربۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە و ئەو سیستەمە نوێیە پێویستیمان بە هاوکاری و پشتیوانیی هەموو لایەک هەیە.

"نووتیس میتاراچی"، وەزیری کۆچبەرانی یونان کە لەم دانیشتنەدا بەشدار بوو، وێڕای ڕەخنەی توند لە شێوەی تاکوو ئێستای یەکیەتیی ئورووپا بۆ پێشگیری لە هاتن و دەرکردنی کۆچبەران بۆ نێو وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، گوتی کە ئەو سیستەمەی تاکوو ئێستا کاری پێ کراوە وەڵامدەر نەبووە و نییە، هەربۆیە دەبێ چاکسازی لەو سیستەمەدا بکرێ. ئەو دواتر گووتی: کاتێک کەسانێک دەتوانن بەبێ هیچ بەڵگە و پێناسە و پرۆسەیەکی یاسایی خۆ بگەیەننە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، ئەوە بەو مانایەیە کە بە گشتی سیستەمی ویزای شێنگێن بێمانایە.

وڵاتی فەرانسە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ی زایینییەوە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ئورووپای بەدەستەوەیە و بڕیار وایە کە «ئیلوا یووهانسوون» لە دانیشتن و کۆبوونەوەی مانگی فێوریەدا، باسێکی چڕوپڕ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو

سیستەمە نوێیەدا بکا.

ڕاستە کە پاڵنەر و هۆکارەکانی کۆچ لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو و نادێموکراتیک هەر لەجێی خۆیانن، بەڵام نە کۆچ و نە ئەو ڕێوشوێنە ئاسنینانە دەتوانێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو ڕەوشە بێ. وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا و بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پێشگرتن بە کۆچ پێویستە واز لە پشتیوانیی خۆیان لە حکوومە نادێموکراتیکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا بێنن و پشتیوانی جووڵانەوە دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتە بن. بەو شێوەیە دەکرێ بەرەوڕووی دیاردەیەکی تراژیدیکی وەک کۆچ ببینەوە.

سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨١٦

٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## نەخۆشخانەی شاریش تازیەبارە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا بەداخەوە یەکێک لە ژنە تێکۆشەر و زەحمەتکێشەکانی شاری سەردەشت دایە فاتم محەممەدی بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد.

دایە فاتمە محەممەدی یەکێک لەو ژنە دیار و خۆشناوانەی شاری سەردەشت بوو کە لە مێژ ساڵ بوو، دوای فەوتی هاوسەری ژیانی بە ڕەنجی شان و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی کوڕ و کچ و نەوەکانی پێگەیاندن.

حاجی فاتمە کەسێکی ئەمین و باوەڕمەند بە دینی ئیسلام بوو، مرۆڤێکی خۆشەویست و بەمشوور بوو، لە خەم و شادی خەڵکی شاردا بەشداری دەکرد. ساڵانێکی زۆر بوو لە نەخۆشخانەی گەورەی شار کاری دەکرد و خزمەتی نەخۆش و کارمەند و ئیدارەی نەخۆشخانەی دەکرد. وەک دایکێکی دڵسۆز لە خەمی نەخۆشەکان و گشت نەخۆشخانە دابوو. کەم کەس هەیە چووبێتە نەخۆشخانە و زەحمەتەکانی حاجی فاتم و دەستی مێهرەبانی بە سەر خۆیەوە نەدیت بێ.

حاجی فاتمە وێڕای کارە قورسەکانی نەخۆشخانە ، هاوکات بۆ ئەو نەخۆشانەی کە غەریب و ڕێبوار بوون وەک پشت و پەنا وابووە و زۆرجار خزمەتی دایکانەی کردوون و وێڕای ئەرکەکانی خۆی لە پاک و خاوێنی نەخۆشخانەش دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە.

### دوو بیرەوەری لە حاجی فاتمە زیاتر گەورەیی ئەو دایکە مێهرەبانە دەر دەخات.

کاتێک لە پێشمەرگایەتی دا لە بنکەی تەقەمەنی گشتی حیزب بووم، نەمر کاک عەبدوڵلا (عەبەی) ڕەسووڵ پیرۆزی کە ئەو کات پێشمەرگە بوو، لە بیرەوەرییەکانی دا بۆ نەمر کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور و ئێمەی دەگێڕایەوە کە چۆنی خزمەت کردووە و دواتر چۆن قاچاخ بووە و بۆتە پێشمەرگە.

نەمر کاک عەبدوڵلا مرۆڤێکی قسە خۆش و جەفەنگباز و دڵسۆز بوو، مەجلیسی پێشمەرگانە و مەجلیسی خۆماڵی بە قسە خۆشەکانی دەڕازاندەوە. لە بیروەرییەکانی دا باسی حاجی فاتمەی کرد و گووتی: ئەو کات کە لە نەخۆشخانەی شار

ئامبولانسی نەخۆشخانەم پێ بوو، زۆرجار بۆ چا خواردنەوە لەگەڵ کارمەند و ئاشپەز و چاپەز و دوکتورەکان لە کاتی پشوودا کۆ دەبووینەوە. ڕۆژێکیان حاجی فاتم لە ژوورەکەمان بوو، هەندێک پەشێو دیار بوو، حەجمینی نەبوو، دەرو ژووری دەکرد، وەک ڕۆژان نەدەهاتە بەرچاو، زۆربەمان هەستمان بە پەشێوی حاجی فاتم کرد بوو، دوای چا خواردنەوە کە دەوروبەرمان چۆل بوو، لێم پرسی! ئەمرۆ بۆ ئاوا گۆراو و پەشێو دیاری!!؟

حاجی فاتمە گووتی: لە دوێنێوە چەند زیندانی لە ژوورەکانی پشتەوەی نەخۆشخانە لە ژوورێکی تایبەت دا ڕاگیراون و هیچ خواردن و شتیان بۆ نابەن و زۆریان بۆ نیگەرانم! بڵێی کێ بن ئەوانە؟

کاک عەبدوڵڵا گووتی: دواتر بۆم دەرکەوت کە دوو کەسیان سەر بە حیزبی دێموکرات و یەکیان سەر بە کۆمەڵەیە و هێناویانن کە بزانن باری نەخۆشی و وەزعیەتیان چۆنە و دواتر حوکمی ئێعدامیان لە سەر بەرێوەبەرن.

بە گشتی پەشێوی حاجی فاتم بوو بە مایەی نیگەرانی و پەشیوی خۆشم و هەر بۆیە کەوتمە بیری چۆنیەتی ڕزگار کردنی ئەو سێ بە ناو نەخۆشە و هەر ئەو ڕۆژە حاجی فاتمم بانگ کرد و گووتم: یارمەتیم بدە با ڕزگاریان بکەین و لەگەڵ کەسێکی دیکە بە یەکەوە بەرنامەکەمان دارشت و زۆر بە وریایی توانیمان ئەو سێ کەسە بە دەرگایەکەی پشتەوەدا بە دوور لە چاوی نیگابانەکانی بەرەو دەرەوەی نەخۆشخانە ڕاگوێزین و لە چاوتروکانێک دا هەر سێ زیندانییەکە خۆیان بە باخەکانی بەر شاری داکرد و دەرباز بوون، ئەو گەورەیە و ڕزگارییە لە سەر دەست و خەمخۆری حاجی فاتم محەممەدی بەرێوە چوو.

بیرەوەری دووهەم ئەوەیە کە دوای سێ ڕۆژ شەر و بەربەرەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێو شاری سەردەشت، بەداخەوە شار کەوتە بەر ڕەهێڵەی بۆمبارانی هەوایی فرۆکەکانی ئێران و ریزە دووکانی بەردەم سینەمای شار وێران بوون و چەند کەسیش شەهید بوو و دواتر بە گشتی شار چۆل کرا، چەند حەوتوو دواتر بەرەبەرە خەڵک گەرایەوە نێو شاری سەردەشت. ڕژێم شاری سەردەشتی بە تەواوی میلیتاریزە کردبوو، هێزەکانی سوپا و ئارتەش وەک ڕەوە ڕژابوونە نێو شەقام و کۆلانەکانی شار، بە گشتی شار بۆنی مەرگ و خوێنی لێدەهات.

جیبێکی ئارتەشی کە تۆپێکی سەد و شەشی لە سەر بوو لەبەردەم پادگانی شار ڕاوەستابوو، ئارتەش و سوپا ترسێکی زۆریان لە خەڵک و لە هێزی پێشمەرگە هەبوو، ئەو ڕۆژە ئاپۆرایەکی زۆری خەڵک کە تازە هاتبوونەوە شار، لەبەردەم دووکانی شەفیقی حاجی سەعید و حاجی ڕەحمانی جەلیلی کە بەرامبەر پادگان بوو کۆببوونەوە، لەپڕ گرمەیەک هات و

خشت و شووشە پەنجەرەکان داڕمان و دواتر شەقام خوێناوی بوو، خەڵکێکی زۆر بریندار ببوون، چەند کەسیش بێ گیان لە شەقام کەوت بوون، خەڵک بە هانای کوژراو و بریندارەکانەوە چوون و بەرەو نەخۆشخانە کەوتنە ڕێ، حاجی فاتم لەوێ خزمەتی دەکرد، لە نێو کوژراوەکان دا بە سەر تەرمی بێ گیانی کوڕەکەی دا دەکەوێ، عەلی محەممەدی کوڕێکی مێرمنداڵی تازە پێگەیشتوو بوو، بەداخەوە کوڕی حاجی فاتمە بوو کە لەوێ شەهید ببوو.

ڕووداوێکی ناخۆش و تراژیدیایەکی گەورە بوو، دوای بە خاکسپاردنی قوربانییەکان و تەواو بوونی پرسە، ڕژێم بنەماڵەی کوژراو و بریندارەکان لە مزگەوت کۆدەکەنەوە و فەرماندار و بەرپرسانی ئەرتەش و پێشنوێژی مزگەوتی جامیعەی سەردەشت و زۆر کەسی دیکەش بەشدار بوون.

کاربەدەستان و ئیمام جومعەی ئەو کاتی شار، دەیانهەوێ ئەو تۆپەی کە لە سەر جیبە ئەرتەشییەکە تەقێندرا بوو و کارەساتی لێکەوتبۆوە، بخەنە ئەستۆی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە. لەم پەیوەندییەدا چەند کەس و بنەماڵە، هۆباڵی بە ناحەقیان کێشا بوو، ئیمام جومعەی شار دەچێتە لای حاجی فاتم و پێی دەڵێ کە ئێرە ئیمزا بکە بۆ ئەوەی ناوی کوڕەکەت بچێتە نێو بونیادی شەهید و مانگانە شەهیدانەت پێ بدەین.

حاجی فاتم لە وەڵام دا دەڵێ: ئەو تۆپەی تەقاندتان، تۆپی دێموکرات و کۆمەلە نەبوو، ئەوە تۆپی ئەرتەش و پادگانی سەردەشت بوو، ئەمن چۆن بە درۆ ئیمزا لە ژێر نووسینەکەتان دەدەم، ئێوە کوڕەکەشم دەکوژن و دواتریش هۆباڵی بەناحەق بە من لێدەدەن، هەر بۆیە نە کوڕەکەم شەهید ئێوەیە و نە پووڵی شەهیدانەش وەر دەگرم و دواتر بە گڕیان دا دەچێتەوە.
لێرەدا حاجی فاتم ویژدانی خۆی بۆ برە پارەیەک نەفرۆشت، بەڵکوو پڕ بە گەروی خۆی هاواری کرد کە کوڕەکەم و ئەو خەڵکە، ئەرتەش و پادگانی سەردەشت کوشتوونی، نەک دێموکرات و کۆمەڵە، ئەو هەڵوێستەی حاجی فاتم لەو کات و سەردەم دا، نەک هەر بوێرییە، بەڵکوو ڕەچەشکێنی و پشتیوانی کردن بوو لە هێزی پێشمەرگەی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، نەک سەر دانەواندن و چاو نووقاندن بۆ پووڵ و پارە.

لەوە دڵنیام کە دەیان و سەدان کاری خێرخوازانەی لەم چەشنە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوویان داوە، بە بێ ئەوەی ئاوڕمان لێدابنەوە، خۆزگە هەموومان تا ئەو کاتەی کەسایەتییەکانمان زیندوون، سەردانیان بکەین و ڕێزیان لێبگرین و بە دەنگیانەوە بچین، بە هەزاران دایە فاتم بە سینگی پڕ لە بیرەوەرییەوە بەجێیان هێشتووین و بەشێک لە مێژوویان لەگەڵ کۆچی خۆیان بردۆتە ژێر گڵ.

**بە هیوای تەمەن درێژی بۆ گشت لایەک**

**بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی فاتمە محەممەدی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزیان لە خەڵکی دڵسۆزی شاری سەردەشت و لە هەموو کارمەندە دڵسۆزەکانی نەخۆشخانەی شار و گشت دایکانی دڵسۆزی گەلەکەمان دەکەم.**

**ڕووحی شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ و جێگای بەهەشتی خوا بێ.**

**١٢ی فێبریوێری ٢٠٢٢**

---

## کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین مام عەولا پەروانە

زۆر بەداخەوە ئەمرۆ ١٤ ـ ٠٢ ـ ٢٠٢٢ی زائینی مام عەولا پەروانە پێشمەرگەی دێرین دوای ماوەیەک نەخۆشی لە شاری لینشۆپینگی سوئێد لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مام عەولا پەروانە ساڵی ١٩٤٠ی هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی هەژار و وەرزێر دا لە گوندی سێوەتاڵی ناوچەی سەردەشت لە دایکبووە، هەرەتی منداڵی وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەم تێپەر کردووە و بەداخەوە مام عەولا بە هۆی نەبوونی قوتابخانە نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە و هەروا بە نەخوێندەواری ماوەتەوە، بەڵام نەخوێندەواری نەبۆتە هۆی ئەوە کە مام عەولا لە ڕەوتی ڕووداوەکان و مەسەلەی جۆراوجۆرەکانی ڕوو لە کوردستان دوور بکەوێتەوە.

مام عەبدوڵلا لە تەمەنێکی کەم دا لە کاتی سەربازی دا ڕادەکا و خۆدەگەیێنێتە باشووری کوردستان و راستەخۆ دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش چەند ساڵ دواتر مام عەولا، بە هۆی هێندێک ڕووداوی ناخۆشی ئەو سەردەم و لێک بڵاوی تەشکیلاتی حیزب ، ڕوو لە پارتی دەکا ڕاستەوخۆ دەبێتە پێشمەرگەی پارتی دێموکراتی کوردستان، دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی لە لای پارتی و نسکۆی شۆڕش جارێکی دیکە دەگەرێتەوە ناوچەی سولێمانی و لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەو کات، بە تایبەت تێکۆشەرانی ناوچە سەردەشت و بانە و بە سەرپەرەستی مامۆستا مەلا خالەق حەفیدی (سیروان) لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە یەک دەگرێتەوە و لە شانەکانی حیزبی دا سازمان دەدرێتەوە.

لەگەڵ رووخانی حکوومەتی پاشایەتی مام عەولا و پێشمەرگەکانیش دەگەرێنەوە نێوخۆی ڕۆژهەلات و لەو قۆناخەشدا مام عەولا ئەرکی خۆی بەوپەری دڵسۆزی و وەفاداریەوە لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا بەرێوە دەبا.

لەگەڵ بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی موعینی لە بنکەی شێخ مەولانەی سەردەشت و دواتر لە پرسگەی گوندی واوان و هەروەها لە بنکەکانی هێز و کۆمیتە شارستانی سەردەشت خزمەتی پێشمەرگانەی خۆی دەکا، مام عەولا لە کۆمەڵێک شەر و تێکهەڵچوون لە بەرامبەر رژێمی ئاخووندی ئێران دا بەشداری دەکا و دواتر لەگەڵ درێژبوونەوەی شۆڕش جارێکی دیکە مام عەولا ڕوو لە چیا و ڕوو لە باشووری کوردستان دەکاتەوە.

مام عەولا لە باشووری کوردستانیش لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دا بەشداری دەکا و لەم بەشەشدا ئەوەی لە توانای دابوو بە دژی حکوومەتی بەعس کردی و لە ئازادی هەرێمی کوردستان دا بەوپەڕی لەخۆبردوویەوە بەشداری دەکا.

مام عەولا تەمەنێکی پڕ سەروەری بۆ ڕزگاری گەلەکەی لە ریزی پێشمەرگایەتی و ریزی دێموکرات دا تێپەر کردووە و مام عەولا ژیانێکی پڕ مەترسی و دەربەدەری و ئاوارەگی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بە سەخاوەتەوە هەڵبژاردووە و لەم ڕێگایەدا تووشی زۆر نەهامەتی بووە، مام عەولا مرۆڤێکی بە هەڵوێست و دڵسۆز بوو، لە کۆڕو کۆبوونەوەکان دا زۆر بە جوانی هەڵویستی خۆی لە ئاست هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان دەردەبری و ئەوەندەی لە توانای دابوو بە زیادەوە، لە وڵاتی سوئێد بۆ برایەتی و بۆ حیزبەکەی کردی، لە ئاست ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەرێمی کوردستان و کۆبانێ و گشت کوردستان بێ هەڵوێست نەبووە و لە خۆپێشاندان و لە کۆڕەکان دا بەوپەڕی دڵسۆزی بەشداری دەکرد.

مخابن مام عەولا پاش تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی دوور و درێژ بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی لە تاراوگە و لە شاری لینشۆپینگ لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی مام عەولا پەروانە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کوڕ و کچ و نەوەکانی، لە خزمانی لە نیوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی مام عەولا دەزانم.

یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

١٤ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## بەشێک لە شێعری زوڵمەتی زوڵفت بە دەنگی هونەرمەند سەعدوون عەسکەری

سەعدوون عەسکەری هونەرمەندێکی بێ نازی کورد کە ساڵانێکی زۆر بۆ بژێوی ژیانی خۆی لە شارەکانی ئێران ژیاوە، سەردەمی منداڵی و گەنجی خۆی لە بۆکان تێپەر کردووە و خۆی گوتەنی هاوڕێی نەمران کاک حەسەن زیرەک و کاک محەممەد ماملێ و چەندین کەسایەتی هونەری و ئەدەبی بووە.

بە هۆی قورسی باری ژیان و بێکەسی ڕووی لە باشووری کوردستان و کفری کردووە و دواتر گەڕاوەتەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ بژێوی ژیانی خۆی چۆتە عەجەمستان و لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران شانی وەبەر کرێکاری و کاری قورس داوە. سێ جار هاوسەرگیری کردووە و خاوەن ٥ منداڵە.

سەعدوون عەسکەری لە ژیانی خۆی زۆر ڕازی نەبووە و هەر بۆیەش دەڵێ بۆ خۆم گەورە بووم وکەس نەبووە دەستم بگرێ. دەنگی کاک سەعدوون عەسکەری یەکێک لەو دەنگایە کە ئەگەر لە سەرەتاوە کەسانێک و یا لە ژێر چاوەدێری فێرگەی موزیکی کوردی دا بایە ، بێشک لە کەسە دیارەکانی بواری هونەری گۆرانی و مەقامات دەبوو، مخابن نە بۆ خۆی گرینگی بە دەنگی خۆی داوە و نە دەوربەری هاریکاری بوون. لە سەردەمی گەنجی‌یەتی دا، لە شاری بۆکان لە لایەن چەند دڵسۆزێکەوە، لە قاوەخانە و شوێنە گشتی‌یەکان چەند گۆرانی‌یەکی بە زەبت و کاسێت لێ پڕ کراونەوە، بەداخەوە ئەوانیش بێ موزیک و بێ ئامێر زەبت کراون.

ساڵانێک دواتر کە دەنگەکەی لە لایەن چەند کەسێکەوە بڵاو کراونەوە، دەنگی هونەرمەند سەعدوون عەسکەری بە دەستی چەند موزیک ژەنێکی بە توانا موزیکی نوێی بۆ داندراوە، بەڵام دیسان ئەوە هەر نابێتە جێگای ڕەزامەندی ئەو دەنگە شاراوە و بێنازەی کاک سەعدوون عەسکەری. خۆزگە ئێستاش کەسانێک هەبان کە بیان توانیبا لەو تەمەنەش دا وەک هونەرمەندی نەمر کاک ئەحمەد شەماڵ دەستیان گرتبا و چریکە و هەست و سۆزی ئەو دەنگە ڕەسەنەیان خزمەت کردبا بۆ دەوڵەمەند کردنی بواری هونەری دەنگ و موزیکی کوردی.

چریکەی دەنگی، هەمان چریکەی نەمر سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی‌یە و هیوا دەخوازم کە ئەوانەی لێی نزیکن دەستی بگرن و یارمەتیدەری بن بۆ تۆماری چەند مەقامێکی ڕەسەنی کوردی.

شەبنەمی گوڵ بوو لە سەر ڕووت
یان کە فرمێسکی گەشن وەی ڕۆ
زوڵمەتی زوڵفت، ڕۆژگاری ڕەش کردووە
یان چەتری زوڵفت سێبەری لە تاو کردووە
بنوارە، بنوارە هەر کەدەی زوڵفت
تو خوا چی لە ئەحواڵم کردووە
لە سەر ڕووت، جا کازبەی، زوڵفت
تو خوا، وەرە لابە وەرە لابە
یان کە سادق بێ تلووعی ئافتابە
جا دڵ و دین هەرچی بوو
قوربانە بۆ تۆ، ئەی بە مەرگی من
سەری زوڵفت وەلا بە، با نەمێنم
--------

گۆرانی زوڵمەتی زوڵفت
بە دەنگی سەعدوون عەسکەری
ژێرنووسی تێکست
حەمەڕەسووڵ کەریمی

٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## ڕۆژی ٨ مارس، هەوڵدانی بەردەوامە بۆ یەکسانی و بەرابەری.

یەک سەدە لە ئینترناسیونالی ژنان لە کۆپێنهاگ تێپەر دەبێ، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتدا جێگە و پێگەی ژنان لە کار و باری سیاسەت و دەسەڵاتدا، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. بەشداریی دیار و ئاشکرای ژنان لە سیاسەت و دەسەڵاتداریدا، بۆتە دیاردەیەکی سرووشتی و پێشکەوتوو و سەردەمیانە، لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهاندا، ژنان بوونە کەسی یەکەمی دەسەڵات و بەردەوامیش ئەم ڕەوتە زیاتر گەشە بەخۆیەوە دەبینێ.

ڕۆژی ٨ مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، وەبیرهێنەرەوەی بزووتنەوەیەکی گشتگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە، بزووتنەوەیەک کە بناغەکەی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە دامەزرا و لەگەڵ دامەزرانی ئینترناسیۆنالی ژنان لە دەستپێکی سەدەی بیستەم دا بوو بە بزووتنەوەیەکی گەورەیی نێونەتەوەیی.

پشتگوێخستنی پەیامی دیار و ڕوونی ڕۆژی جیهانی ژنان و ئینکارکردن لەو ڕۆژە و لەو پەیامە گرینگەی یەکسانیخوازی، بە درێژایی مێژوو و بە شێوەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەکانی جیهانیدا بیندراوە و دەبیندرێ، کۆمەڵگە داخراوەکان بۆ ئەوەی لە پەیامی ئەو ڕۆژە کەم بکەنەوە زۆرجار ڕۆژی ٨ مارس ڕۆژی جیهانی ژن بە ڕۆژی ئاشقان، ڕۆژی خۆشەویستی و ڕۆژی دایک باس دەکەن.

هەوڵدان بۆ کەمڕەنگ کردنەوە و نەهێشتنی پەیامی دیار و ڕوونی یەکسانیخوازی و بەرابەری ژنان لە کۆمەڵگەدا، بەشێک بووە لە هەوڵی دەسەڵاتداران و حکوومەتە داخراو و دیکتاتۆرەکان، ئەوان مافی وەک یەک و بەرابەری ژن و پیاو بە دژی ئایین دەبینن و خواستی ژنان بە هێندیک یاسای کۆن و پیاوسالاری و شەرع و ئایین و تەنانەت بە ڕەگەز و هێز و توانا دەبەستنەوە، ئەم ڕوانگەیە و ئەم بیرو بۆچوونە دواکەوتووانەیە، بەشێکی زۆر و دیاری جیهانی سێهەم و حکوومەتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرەکانی گرتۆتەوە و ئێرانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هیچ جۆرە مافێکی ئینسانی بۆ ڕەگەزی ژن وەک بەرابەری لەبەرچاو ناگرێ و ساڵانە بە هەزاران ژن لە سەر مافی ڕەوای ئینسانی خۆیان بە توندترین شێوە سزا دەدرێن و ڕەوانەی گرتووخانەکان دەکرێن و سزای توند و ئەشکەنجەی ڕوح و ڕەوان و جەستەیان دەکرێ و زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێنن.

لە بەشێک لە دەوڵەتانی جیهاندا، حکوومەت و دەسەڵات و کۆمەڵگە، ژن وەک کاڵا و کۆیلەی ماڵەوە سەیر دەکەن و لە باشترین حاڵەتدا وەک دایکی منداڵان دەڕواننە ژن.

کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو حکوومەتانەیە کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە بە گەورە کردنەوەی کەسایەتییە ئاینیەکان و درووست کردنی هێمای ئیسلامی لە پەیامی ڕۆژی ٨ مارس کە بەرابەری و یەکسانییە، کەم بکاتەوە و لە هەمان کاتدا، لە جیاتی باس لە ژن و لە مافەکانی ژنان بکا، زۆرتر باس لە گەورەیی دایک دەکا و بەگشتی لەژێر گەورەیی ناوی دایکدا خواستی ژنان و مافی ژنان پشتگوێ دەخا و بەم شێوەیە دەیهەوێ پەیامی سیاسی و ڕوونی ژنان، بکاتە پەیامی شەرعی و ئیسلامی و بە ئاماژە کردن بە حەدیس و نووسراوەکانی دیکە، ژن تەنیا وەک دەستەمۆ و هاوسەری پیاو لە کۆمەڵگە دا ببینێ و ماف و خواستەکانی ژنان و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لەژێر عەبای ئیسلام و یاسای کۆن و دواکەوتووانەدا بشارێتەوە.

بە پێچەوانەی حکوومەتە داخراوەکان، ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژێک نییە کە تایبەت بە ڕۆژی ئاشقان و ڕۆژی دایک و ڕۆژی خۆشەویستی بێ، بەڵکوو ڕۆژێکی تەواو سیاسییە کە باس لە مافی وەک یەک، مووچەی وەک یەک، دەسەڵاتی وەک یەک، کار و ئەرک و بەڕێوەبەری وەک یەک لە کۆمەڵگە و لە حکوومەت و دەسەڵاتدا دەکا.

لەم ڕۆژەدا پێویستە کە ژنان بە گشتی و پیاوانی یەکسانیخواز بە تایبەتی بەیەکەوە، دەنگی خۆیان بەرزتر لە پێشوو بە دژی هەموو جۆرە ناعەداڵەتی و هەموو جۆرە نایەکسانییەک لە کۆمەڵگەدا بکەنەوە و شان بە شانی یەک ڕەوڕەوی چەرخی یەکسانی بەرەو پێش بەرن و بە یەکگرتوویی خۆیان پاڵ بە گلۆڵەی سەرەو لێژی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانەوە بنێن و ببنە دەنگی دلێری هەموو ئازادیخوازنی ئێران و کوردستان.

بزووتنەوەیەکی جیهانی، بزووتنەوەیەکە کە تایبەت بە یەک نەتەوە و یا وڵات و پەنتایەکی تایبەت نییە، هەر بۆیەش بزووتنەوەی ژنان و ڕۆژی ٨ مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی و جیهانییە و پێویستە هەموو لایەکمان بە ڕۆژی بەگژ دا چوونەوەی ناعەداڵەتی و نابەرابەری و هەڵاواردن چاوی لێ بکەین و خەبات بە دژی هەموو ئەو حکوومەت و دەسەڵاتانە بکەین کە دەیانهەوێ لە پەیامی سیاسیی ئەو ڕۆژە کەم بکەنەوە.

٨ی مارچی ٢٠٢٢

## قازی و ئەو ئامانجەی هەتا سەر پێی وەفادار مایەوە.

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی ٧٥ ساڵ بە سەر لەسێدارەدانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی،

(محەممەدحوسێن سەیفی قازی و عەبدولقاسم سەدری قازی) بە دەستی حکوومتی ڕووخاوی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا تێ پەڕی.

شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد کارەساتێکی ئەوەندە گەورە و ناخهەژێنە، کە دوای ٧٥ ساڵ بە سەر ئەو غەدرە گەورەیەدا، هەنووکەش وەک یەکەم چرکەساتەکانی لە سێدارەدانی سەروەرانی کورد، ژان و ئازاری خۆی هەیە.

دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان بە خەیاڵی خاوی خۆیان، پێیان وایە بە لە سێدارەدان و تیرۆر و شەهیدکردنی ڕێبەرانی کورد و ڕێبوارانی ڕێگای ئەوان، دەتوانن پێش بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بگرن. بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە ئەگەر ڕێبەرێک لە نەتەوەی کورد شەهید دەکرێ، ئەوە دەیان و سەدان و هەزاران ڕۆڵەی کوردی بە ناو دەکرێ و ڕێگا و ڕێبازی ئاوەدانتر دەکرێتەوە. ڕەوتی مێژوو نیشانی داوە کە گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شەهیدبوونی ڕێبەر و سەرکردە و کادر و پێشمەرگەکانی هیچ کات نەچەماوەتەوە و دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرتوە، بەڵکوو ڕۆڵەکانی گەلی کورد زۆر شێلگیرانەتر لە پێشوو ڕەوڕەوەی خەباتیان بەرەو پێش پاڵ ناوە و زیاتر لە پێشوو لە سەنگەر خەبات و تێکۆشاندا خۆڕاگرییان کردوە.

هەروەک چۆن شەهید پێشەوا قازی لە کاتی بەناو دادگاییکردن و پاشان لەسێدارەدانیدا فەرمووی: ئەگەر ئەمرۆ قازی محەممەدێک شەهید دەکەن، لەوە دڵنیا بن کە سبەی لە هەر تنۆک خوێنی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە و ئێوەش ناتوانن بە کوشتنی من ڕەوڕەوەی خەبات بوەستێنن..." ئەم چەند وشە پڕ مانایە ئێستا بۆتە هەوێنی خەباتێکی دوور و درێژ و خوێناوی.

شەهید پێشەوا قازی وەک کەسایەتییەکی حقووقی و ئایینی، وەک قازیی دادگا و وەک سەرۆککۆمار شارەزایی تەواوی بە سەر یاسا بنەڕەتییەکانی ئێران و یاسای شەرعی و ئیسلامی و یاسا نێونەتەوەییەکاندا هەبوو، هەر بۆیەش لە هەر دوو

جار دادگاییکردنەکەیدا، ئەوە قازی محەممەد بوو کە حکوومەتی ناوەندیی موحاکەمە دەکرد و دەوڵەتی بەوە تاوانبار دەکرد کە وڵاتی کوردتان داگیر کردوە. تەنانەت لە دادگای دووهەمدا زۆر بە توندی بە سەریاندا دەگوڕێنێ و دەڵێ: من لە زووەوە خۆم بۆ ئەو مردنە سەربەرزانەیە ئامادە کردوە و بە ئامێزی ئاواڵە و بە شانازییەوە ئەو مەرگە هەڵدەبژێرم، چوونکە بەڵێنیم بە خەڵکەکەی خۆم داوە کە لەگەڵ ئەوان بژیم و بۆ ئەوان بمرم و ئەو بەڵێنییەش هیچ کات ناشکێنم و ئەوە ئێوەن کە خەیانەت بە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەکەن.

لە ڕاستیدا شەهید پێشەوا قازی لەگەڵ ئەوەدا وەڵامی پرسیارەکانی بەناو دادگای دەدایەوە، هاوکات زۆر بوێرانە و بە دەنگی بەرز و بە بەڵگەوە ڕووی لە بەناو قازییەکانی دادگا دەکرد و داوای وەڵامی لە سەرهەنگ و بەشدارانی دادگا دەکردەوە کە ئەوە ئێوەن دەبێ وەڵامی پرسیارەکانی دادگا بدەنەوە، بوێری و نەترسی و وەڵامی ڕاشکاوانەی شەهید پێشەوا وایکردبوو کە دواتر چەند کەس لەو بەناو ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و وەکیلی ئەرتەش بە ناوەکانی نەجەفقولی پەسیان، سولێمان خ ، سەروان شەریفی کە بە قەول وەکیلی شەهید پێشەوا قازی بووە، نەیانتوانیوە لە راستییەکان و لە بوێری و نەترسیی شەهید پێشەوا قازی و هاوڕێیانی چاوپۆشی بکەن و بەشێکی بەرچاو لە نووسین و لە دەنگ و وێنەکانیان دواتر بڵاو کردنەوە و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە سەبارەت بە وتارێک کە سولێمان خ لەو پێوەندییەدا بڵاوی کردبۆوە، بۆ ماوەی ساڵێک بخرێتە زیندانەوە.

ئەگەرچی دادگای قازییەکان دادگای نیزامی و سەربازی بوو، بەڵام هیچ کام لە قازییەکان ئامادە نەبوون کە هیچ شەرت و مەرجێک لەوان قەبووڵ بکەن و تەنانەت بۆ چرکەساتێک نەیانهێشت کە سەرهەنگ و کاربەدەستانی دادگا بە سەر ورەی بەرزیاندا زاڵ ببن. کاتێک لە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ هەتاوی و لە بەناو دادگای قازییەکاندا، ڕیزێک تۆمەت بۆ شەهید پێشەوا دەخوێننەوە، شەهید پێشەوا قازی هەموو ئەو تۆمەتانەی کە بۆی دەخوێننەوە بە دەلیل و بەڵگە دەیانکاتە تاوان بۆ حکوومەتی ئێران و ڕەددیان دەکاتەوە و هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشە و ئاڵۆزییەکان دەخاتە پاڵ حکوومەتی حەمەڕەزاشا و پەلاماری سیاسەت و کردەوە و یاسا دەستنووسەکانیان دەدا و بە وردی باس لە غەدر و تاوان و داگیرکاریی دەوڵەت دەکا و دەڵێ ئەگەر کوردەکان خائینن، وڵاتی کوردان بۆ خۆیان بەجێ بێڵن با بۆ خۆیان خۆیان ئیدارە بکەن.

لە ڕەوتی دادگادا و لە ڕۆژانی ٧ تا ١٠ خاکەلێوە شەهید پێشەوا قازی بەرگری لە هەموو بڕیار و کردەوەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژکاف) ، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دەکا و بە گشتی ئەو جووڵانەوە و شۆڕشەی بە نوقتە گۆڕانی ژیانی سیاسی کورد دادنێ و خۆی لە بڕیار و قەراری سیاسی ئەو جووڵانەوەیە بێبەری ناکا و بە قەول و بەڵێن و سوێندخواردنی خۆی لە کاتی وەرگرتنی سەرۆک کۆماری کوردستان وەفادار دەمێنێتەوە و مەرگی سەربەرزانە

هەڵدەبژێرێ. لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستاندا وڵاتانی ئینگلیس و ئامریکا، پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن، هەر بۆیەش لە ڕەوتی دادگادا دەیانەویست بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە فێڵ و تەڵەکە قەول و بەڵێنی لە شەهید پێشەوا قازی وەر بگرن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، بەڵام وەک ڕۆژنامەی " ئازەربایجان " لە باکۆ نووسیبووی: شەهید پێشەوا، لە ڕۆژەکانی دواتردا و لە ڕەوتی دادگادا بە نوێنەری ئامریکا ( جۆرج ئالین ) دەڵێ گەلی کورد چاوڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتی ئیستعماری نییە.

شەهید پێشەوا قازی لە وەسیەتە بە ناوبانگەکەی خۆیدا ڕوو بە گەلی کورد چەند پەیامی مێژوویی دەنووسێ و لەودا باس لە یەکگرتوویی گەلی کورد دەکا و پەیامی یەکبوون و یەکریزی بە گوێی نەوەی کورد دا دەخوێنێ و لە بەشێک لە وەسیەتەکەیدا دەنووسێ: داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستاندا یەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان.

بوێری و چاونەترسی شەهید پێشەوا نەک تەنیا لە ڕەوتی دادگا دا بۆ هەموو لایەک دیار بوو، تەنانەت لە کاتی لە سێدارەداندا ناهێڵێ چاوی ببەستن و بە چاوی کراوەوە بەرەو سێدارە دەچێ و دەفەرمووێ "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەساتی ژیانیشمدا بە سەربەرزی و چاوکراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم."

ڕووحی شەهید پێشەوا قازی و هاوڕێیانی شاد و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی ئاوەدان و وەفادارم بە ڕێبازی سەرۆک کۆماری کوردستان و بە ئاواتی ئەوە کە گەلی کورد یەکڕیز و یەکگرتوو خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانەی خۆی درێژە بدا.

٢٩ی مارچی ٢٠٢٢

## حەیرانی وەیشوومە. لە نووسینی: باوکی دیا

لە یادی ٧٥ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا مەزن قازی محەممەد و هاوڕێیانی دا و لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا وتار و بابەت زۆر نووسراون و دەنوسرێن، وەک خۆم بۆ یادکردنەوەی شەهیدان زۆرجار بە نوسین و بابەت وسەردان لە بنەماڵەی شەهیدان و پەیام بەشداریم کردووە، بەڵام ئەمجارەیان کاتێک لە ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستان دا چاوم بەم شێعر و پەخشانە جوان و بە هەست و ڕازاوەیە کەوت، پێم حەیف بوو، کە لە خەڵک وون ببێ، زۆرجاریش خوێندنەوە ئەگەر چێژی بۆ خوێنەر هەیە، جارجار پێویستە کە بە شێوەی دیکەش خەڵکانێک کە کەمتر دەخوێننەوە گوێ بیستی دەق و بابەتیش بن و هەر بۆیە دوای ماوەی چەندین ساڵ دابڕان لە گۆرانی و لە مەقام گوتن، ئەمجارەیان بە حەیرانێک و بە لاواندنەوەیەک لەم ڕۆژەدا پەیمانی وەفاداریم لەگەڵ شەهیدان نوێ کردەوە.

حەیران گووتن کاری کەسی شارەزا و لێزانە، منیش نە شارەزام و نە لێزان و هەر بۆیە دەزانم کە کەم و کوڕی لە هەڵدان و تێهەڵکردنی حەیرانەکەم دا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم ڕۆژەدا چ باشتر لەوە کە هەست و سۆزی خۆم وەک خۆی کە هەیە دەرببرم.

لەم ڕۆژەدا شتێکم نەبوو، جیا لە لایەلایە و لاواندنەوە بۆ شەهیدان و بە تایبەت شەهیدانی دەستی غەدر و تاوانی حکوومەتی حەمەڕەزا شای گۆڕ بە گۆڕ و خومەینی جەللاد.

لە کەم و کوڕیەکانی داوای لێبوردن دەکەم ، سوپاس بۆ کاک کاروان حەکیم زادە، کاتێک دەنگەکەم بۆ نارد زەحمەتی کێشا و موزیکی بۆ ئامادە کرد، سوپاس بۆ باوکی دیا و ئەم تێکستە نایاب و جوان و بە هەستە، هەڵبەت ئەم تێکستە زۆر بوو، هەمووشی بۆ حەیران نەدەبوو، هەر بۆیە ئەو بەشەم هەڵبژارد و لە سەر ویدیویەکەش ژێرنووسەکەم دانا بۆ ئەوەی ئەگەر کەسانێک لە وشەکانی حەیران حاڵی نەبن بە خوێندنەوە لە تێکستەکە و وشەکان بگەن.

سوپاس بۆ هەموو ئەو هاورێیانەی کە بڵاویان کردۆتەوە و سوپاس بۆ کوردکاناڵ کە بڵاوی کردۆتەوە.
ڕووحی شەهیدان شاد و پێشکەش بە بنەماڵەی هەموو شەهیدان و نەمران و گیانبەختکردووانی گەلەکەمان.

٣٠ی مارچی ٢٠٢٢

## کۆچی‌دوایی کاک حاجی قادر سووری کەسایەتییەکی دیار و خۆشناوی ناوچەی سەردەشت

**کەسایەتییەکی خۆشناو و ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکرات لە شاری سەردەشت ماڵاوایی لە ژیان کرد.**

ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی کەسایەتی دیاری ناوچەی سەردەشت "حاجی قادری سووری" ناسراو بە حاجی قادری چۆڵپەموو" لە شاری سەردەشت ماڵاوایی لە ژیان کرد.

حاجی قادر کەسایەتییەکی دیار، خۆشناو و نیشتمانپەروەر و حیزب خۆشەویست بوو؛ ناوبرا کەسێکی جێگای ڕێز و خۆشەویستی خەڵکی شاری سەردەشت و دەروەبەری بوو و هەروەها هاوکار و ئەندامێکی چالاکی جووڵانەوەی پڕشکۆی ساڵەکانی ٤٦، ٤٧ی هەتاوی حیزبی دێموکرات بوو.

بەهۆی چالاکی و هاوکاریی ناوبراو بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی دوو ساڵ وەک بەندکراوی سیاسی لە زیندانەکانی ساواک گیرا و سەرەڕای گرتن و زیندان و بێ‌ڕێزی پێکردن لەلایەن کاربەدەستانی ساواکەوە، لە ڕێگا و ڕێبازی حیزبەکەی پاشگەز نەبووە و وەک هاوکار و پشتیوانێکی بەهێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات مایەوە و تا دواهەناسەی بە ڕێبازی دێموکرات وەفادار مایەوە.

لە دوای شۆڕش و ڕاپەرینی گەلانی ئێران کاک حاجی قادر وێرای بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی گوندەکانی ناوچە ماڵ و حاڵ و مووچە و مەزرای بوونە شوێنی حاوانەوەی پێشمەرگە و بە هۆی خۆشەویستی پێشمەرگە، بەرێزیان هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەری شۆڕش و پێشمەرگەکان بوو و باوەڕی قووڵی بە ڕێگای پڕ سەروەری شەهیدانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو، ، لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی دا یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی کاک ئەیوب سووری دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و وەک کادر و پێشمەرگەیەکی هەڵسوور و چالاک خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکا و هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی چەندین جار بێ ڕێزی و بێ حورمەتی پێکردووە و بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات و سوپا کراوە و ڕاپێچی گرتووخانە کراوە.

کاک حاجی قادر لە نێو خەڵکدا ڕێزی تایبەت بە خۆی هەبوو و هەر ئەوەش وایکرد بوو کە خەڵکانێکی زۆر ڕووی تێبکەن

و داوای هاوکاری لێبکەن و بەرێزیان بە دڵخۆشییەوە کارەکانی رادەپەڕاندن.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک حاجی قادر سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی سووری و شەڵماشی و بە تایبەت کاک ئەیوب شەڵماشی و کاک مستەفا شەڵماشی و گشت ئەندامانی بنەماڵەی بەرێزیان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم و هیوای تەمەن درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشت بێ و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

**٣ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

## کۆچی دوایی کەسایەتی فەرهەنگی و خۆشناوی شاری سەردەشت کاک مستەفا نەقیب

ڕێکەوتی ٦ - ٤ - ٢٠٢٢ ی زائینی کەسایەتی دیار و خۆشناوی شاری سەردەشت بەڕێز کاک مستەفا نەقیب، دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی لە ژیان و گشت ئەندامانی بنەماڵە و ناسیاوان و دۆستانی کرد.

کاک مستەفا نەقیب لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە ئامێزی بنەماڵەیەکی دیار و خۆشناو دا لە دایک بوو، بنەماڵەی کاک حەمەساڵح نەقیب باوکی کاک مستەفا لە کەسە دیارەکانی سەردەشت و دەروروبەری بوون و باوکی دوای ساڵانێکی زۆر خزمەت، وێرای کاری ڕۆژانەی خۆی، لە بەخشداری شاری سەردەشت دا کاری ئیداری دەکرد.

کاک مستەفا نەقیب خوێندنی سەرەتایی لە شاری سەردەشت تەواو کردوە و دواتر لە شارەکانی مەهاباد و ورمێ درێژەی بە خوێندن داوە، دوای تەواوکردنی خوێندن لە ئیدارەی فەرهەنگی سەردەشت دادەمەزرێ و ساڵانی دواتر وەک مامۆستا قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی خزمەتی کردووە و کەسێکی دیار و خۆشەویست و بە خزمەتی شاری سەردەشت بووە، لە ماوەی ژیانی خۆیدا هەمیشە وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و بە هەڵوێست لە نێو خەڵکدا دیار بووە و سیمای دیار شاری سەردەشت بووە، بەڕێزیان کەسێکی دەستگرەوە و یارمەتیدەری خەڵکی هەژار و هەروەها ئەو کەسانە بووە کە پێویستیان بە یارمەتی هەبووە.

دوای رووخانی حکوومەتی پەهلەوی بەڕێز کاک مستەفا وەک یەکەم فەرمانداری کورد و خۆجێی لە دەوڵەتی مێهدی بازرگان دا ئەرکی فەرمانداری پێ دەسپێردرێ و لەو ئەرکەشی دا بەوپەری نیشتمانپەروەری و بە هەستی کوردانەوە کار و ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕاندوون.

کاک مستەفا نەقتب مرۆڤێکی خوێندەوار و پێگەیشتوو و ڕووناکبیر بوو، هەڵوێستی جوامێرانەی هەمیشە جێگای ڕێز و پێزانین خەڵک بووە، هەڵوێستی نیشتمانی کاک مستەفا وایکردووە کە خەڵک وەک کەسایەتی دیار بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی راوێژ لەگەڵ بەڕێزیان بکەن.

کاک مستەفا منداڵەکانی لە ئامێزی خۆیدا فێری وانەی نیشتمانپەروەری کردوون و هەر بۆیەش چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی وەک پێشمەرگەی کوردستان لە ریزەکانی کۆمەلەدا خزمەتیان کردووە. بە گشتی باری نەتەوەیی و نیشتمانی کاک مستەفا بۆ هەموو لایەک و بە تایبەت بۆ حکوومەتیش دیار بوو، ناوبرا زۆر بوێرانە ئەرکی نەتەوەیی خۆی بە لێزانییەوە ڕاپەڕاندوون. ئاکار و کرداری مرۆڤدۆستانەی کاک مستەفا جێگای پەسەندی گشت لایەک بوون و هەر بۆیە لە لایەن خەڵکەوە ڕێز و حورمەتی زۆری لێدەگیرا و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو.

کاک مستەفا لە بواری نووسین دا وەک نووسەرێکی بە دەرووەست توانیویەتی کتێبی "یادماندەهای سردشت" بنووسێ و ئەم کتێبە بەشێکە لە مێژووی نزیک بە١٠٠ ساڵی ڕابردووی سەردەشت و دەوربەری و لەم کتێبەدا ئاوڕێکی چڕ و پڕی لە ڕووداو و کارەساتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سرووشتی ئەم دەڤەرە داوەتەوە.

کۆچی دوایی کاک مستەفا نەقیب خەسارێکی گەورەیە بۆ بنەماڵەی گەورەی نەقیب ، ئاقایی و شافیعی و بازگر و بۆ شاری سەردەشت و گەلەکەمان، هیوادارین کە نموونەی لە چەشنی بەرێز کاک مستەفا نەقیب لە نێو گەلەکەمان دا هەردەم لە زیادبوون دابن.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک مستەفا نەقیب لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی نەقیب لە هاوسەری ژیانی و کچ و کوڕەکانی و لە گشت خزمان و ناسیاو و دۆستان و خەڵکی شاری سەردەشت بە گشتی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو کۆچ و کۆستە گەورەیە دەزانم و هیوادارم کە ئەندامانی بنەماڵەکەیان تەمەن درێژ و ساخ و سەلامەت بن.
لەگەڵ ڕێز و حورمەت

٦ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## کۆچی دوایی هونەرمەندی دەنگخۆش و موزیکژەن کاک قادر سەیاحی

ڕۆژی ١٧ - ٤ - ٢٠٢٢ ی زائینی هونەرمەندی بە توانا و دەنگخۆش، هونەرمەندی موزیکژەن و ئاوازدانەر کاک قادر سەیاحی لە تەمەنی ٧٩ ساڵی دا لە شاری خۆی کۆچی دوایی کرد.

تازە لە مێرمنداڵی را بەرەو تەمەنی گەنجیەتی دەرۆیشتم کە بە دەنگە بە سۆزەکەی کاک قادر سەیاحی ئاشنا بووم و هەر زۆر زوو بوومە لایەنگری گۆرانییەکانی و هەمیشە حەزم دەکرد کە نەواری گۆرانییەکانی لە گیرفانی پانتۆڵ و باڵتۆکەم دابێ، بۆ ئەوەی هەر کات سواری ماشێن بووم و یا چوومە ماڵی خزمان و دۆستان بە دەنگە سێحراوییەکەی دانیشتنەکەمان خۆشتر بکەم.

گۆرانییەکانی کاک قادر سەیاحی لە باری ڕێژەوە زۆر کەمن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گۆرانییە هەرە باشەکانن و هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە و هەرمانن. کاک قادر سەیاحی وێرای گۆرانی و دەنگەخۆشەکەی کەسێکی شارەزا لە بواری موسیقا دا بوو، بە کلارێنت (قەرەنێ) جوانترین بەرهەمەکانی دەخوڵقاندن و کەم نین ئەو هونەرمەندانەی کە گۆرانی و ئاوازەکانی کاک قادر سەیاحی بەناوبانگی کردوون. کاک قادر سەیاحی بە ئاواز و گۆرانی و موزیک توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە هونەری گۆرانی و موسیقای کوردی بکا و هەمیشە ناوی بە گەورەیی دەمێنێتەوە.

ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە ماڵی نەمر ناسر کەریمی برام چاوم بە کاک قادر سەیاحی کەوت، نەمر ناسر کەریمی دەنگێکی خۆشی هەبوو، لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیەکانی میوانداری نەمر کاک قادر سەیاحییان کرد بوو، بە هۆی ئەوە کە گەنج بووم زۆرتر خزمەتی هەموو بەشدارانی ئەو کۆڕەم دەکرد و بە گۆرانی و مەقام و موزیک شەوێکی لە بیرنەکراومان بەیەکەوە تێپەر کرد و ئەو بیرەوەرییە بۆ من هەمیشە وەک شەوێکی خۆش لە ژیانم دا ماوەتەوە و هەر کات گوێم لە گۆرانییەکانی نەمر کاک قادر سەیاحی گرت بێ، ئەو بیرەوەرییەم وەک فیلمێک لە پێش چاوم لێدەدراوەتەوە.
زۆر بەداخەوە کاک قادر سەیاحی تاکوو زیندوو بوو کەمترین خزمەتی پێکرا و زۆر بە کەمی بانگهێشتی کۆڕی گەورە و یا ڕێوڕەسمی تایبەتی کراوە و ئەوەش هەم کەمایەسییەکی گەورەیە و هەمیش بێ لوتفیە، خۆزگە هەموو لایەکمان تا هونەرمەندەکان و گەورە و کەسایەتییەکانمان زیندوون ڕێز و قەدریان بگرین و پێیان بڵێین کە ئێوە موڵکی گەلی کوردن.
یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ و بە هیوای ئەوە کە گەلەکەمان گەورە هونەرمەندی لە چەشنی نەمر کاک قادر

سەیاحی لە ئامیزی خۆیدا زیاتر پەروەردە بکا.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و هونەردۆستان و هەموو گەلی کورد دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو گەورە هونەرمەندەی گەلەکەمان دەزانم.

۱۸ی ئەپریلی ۲۰۲۲

---

## کۆچی گەورە شۆڕشگێڕێکی گەلەکەمان کاک عومەر قازی

بەڕێز بنەماڵەی نەمر کاک عومەر قازی تێکۆشەر

بە بۆنەی کۆچی کەسایەتی دیار و شۆڕشگێڕی چاونەترس و بوێر کاک عومەر قازی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کوڕ و کچ و نەوەکانی و خزم و ئاشنا و کەس و کاری لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانم.

کاک عومەر قازی بۆ کورد ژیا و بۆ کورد مرد و بۆ کورد تێکۆشا، خەبات و تێکۆشانی بە ئەرکی خۆی دەزانی و هەر بۆیە لە هەر دوو حکوومەتی دەسەڵاتداری ئێران ، چ لە دەورانی نگریسی پەهلەوی دا و چ لە دەورانی شەوزەنگی کۆماری ئیسلامی دا سەری بۆ ڕژێم نەوی نەکرد و بەندیخانەی بەزاندو بە خەبات و تێکۆشانی و بوێری خۆی چۆکی بە هەر دوو ڕژێمی یەک بە دوای یەکی ئێران دادا.

یەکەمجار کاک عومەری شۆڕشگێڕ و نەبەزم لە ریزەکانی حیزبدا، دوای ئازاد بوونی لە زیندان لە باشووری کوردستان چاو پێکەوت، گەلێک جاران لە نزیکەوە لە خزمەتی دابووم و بە گێرانەوەی بەسەرهات و کارەساتەکان زیاتر بە ناخی ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکان دا دەچۆ خوار.

کاک عومەر مرۆڤێکی هێمن و لە سەرخۆ و دونیا دیتوو بوو، کەسێکی بە ئەزموون و چاوکراوە و خەمخۆر بوو. هەر جارێک لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشت بم، ورەی پێدەبەخشیم، بێدەنگی و مەندی و هێمنی کاک عومەر یەک دونیا چیرۆک و ڕووداوی سەردەمی لە پشت بوو، لە بێدەنگی و لە چاوەکانی و لە هەست و سۆزی دا سەربردەی زیندانیان و قارەمانەکانی شاخ و ئەندامە نەهێنییەکانی شار و گوندەکانت، دەدیتەوە.

هیوادارم کە گەلی کورد گەورە پیاوی لە چەشنی کاک عومەر قازی لە ئامێزی خۆیدا زیاتر پەروەردە بکا.

ئێمە نەوەی ئەم سەردەمە قەرزداری کار و چالاکی و خەبات و تێکۆشانی کاک عومەر قازی و گشت هاوتەمەنە شۆڕشگێرەکانی سەردەمی پێش خۆمانین.

جارێکی دیکەش سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی و گشت خەڵکی کوردستان و بە تایبەت مەهابادی زێدی قازیەکان دەکەم.

**٢١ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

---

# ماڵپەری گیاڕەنگ ١٩ ساڵ کار و تێکۆشانی خۆی تێپەر کرد

بە بۆنەی کاری بەردەوامی نزیک بیست ساڵەی وەشانی ماڵپەری گیارەنگ و کاری ڕۆژنامەگەری ئێلکترۆنیکی، جوانترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش هەموو ئەو ئازیزانە دەکەین کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ماڵپەری گیارەنگ و بۆ وەرگرتنی زانیاری چرکەیان لە لاپەرەی ئینترنێتی گیارەنگ کردووە.

جێی خۆیەتی لەم ڕۆژەدا ڕێز لە کارو ماندوویی‌نەناسی ئەو بەرێزانە بگرین کە بۆ پڕ نێوەرۆک کردن و ڕازاوەتر کردنی گیارەنگ یارمەتیان کردووین و بە ناردنی بابەتگەلی هەمەڕەنگ لە گشت بوارەکان دا و هاوکات لە هەموو قۆناخەکان دا هاریکار و یارمەتیدەری ماڵپەری گیارەنگ بوون.

پێش دەست بەکار بوون و تاقیکاری یەکەم ڕۆژی وەشانی گیارەنگ لە ئینترنێتدا دا کەم و زۆر ئاگامان لە مێژووی کاری ڕۆژنامەگەری کوردی بوو، دونیای ئینترنێت و کاری ڕۆژنامەگەری ئێلکترۆنی لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا سرنجی کۆمەڵگای بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، هەر بۆیە ئێمەش وەک گیارەنگ بۆ ئەوەی لە دونیای نوێی ڕۆژنامەگەری ئێکترۆنی دوا نەکەوین هەوڵمان دا پەنجەرە و دەلاقەیەک بۆ خزمەت کردن بە نەتەوەکەمان و بە خوازیارانی ڕۆژنامە بکەینەوە و لەو پەیوەندی‌یەدا کەم و زۆر بە کرچ و کاڵی دەستمان بە درووست کردنی گیارەنگ کرد و دوای چەند ڕۆژ تاقیکاری ماڵپەرەکەمان لە ڕۆژی ٢٢ ـ ٠٤ ـ ٢٠٠٣ دا و بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕۆژە ماڵپەری گیارەنگ وەشانی خۆی ڕاستەوخۆ بە ئۆگرانی ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاند و لە ڕۆژی ٢٤ ـ ٠٤ ـ ٢٠٠٣ دا هاوکات لەگەڵ بوردومانی قەلادزێ کە لە ٢٤ ـ ٠٤ ـ ١٩٧٤ ی زائینی لە لایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە ڕوویدا بوو، بابەت و کارەکانی خۆی بە تەواوی بڵاو کردنەوە.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی لە بەرۆکی هەموو نووسەران و ئەدیبان و وەرگێر و شاعیران و چیرۆکنووسان و هەموو خوێنەرانی بەڕێزی گیارەنگ دەدەین و هیوای بەردەوامیان لە کارەکانیان دا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

دیارە هەم ڕۆژی ٢٢ ـ ٠٤ ـ ١٨٩٨ ی زائینی کە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی‌یە و هەم ڕۆژی ٢٤ ـ ٠٤ ـ ١٩٧٤ی زائینی کە ڕۆژی بۆردوومانی شاری قەڵادزێی باشووری کوردستانە، هەر کامیان بە شێوەیەک مێژووی دیاری گەلەکەمانن و بۆیە گیارەنگ بە

وردبینی و تێرامانەوە ئەم رۆژەی بۆ وەشانی خۆی دیاری کردووە.

لەم ڕۆژەدا سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەین کە لە ڕێگای نووسین و بابەت و تۆڕە کۆمەڵاتەیی‌یەکان و تەلەفوون و ئیمێلەوە، گیارەنگیان بەسەر کردۆتەوە و هاوکات بە بیرورا و بۆچوون و تێبینی و پێشنیار و ڕەخنەی خۆیان بۆ باشتر کردن و بەرەوپێشبردنی گیارەنگ لەگەڵمان بوون و هەن و بە گشتی هاوکارمان بوون بۆ بەردەوام بوونی زیاتری وەشانی ماڵپەرەکەمان.

٢٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢

---

# مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهانی.

کاری ڕۆژنامەگەری و دەرکردنی گۆڤار و بلاڤۆک مێژوویەکی دێرین و کۆن و تایبەت بە خۆی هەیە. یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا وەک ڕۆژنامەیەکی سەردەمی و چەند لاپەرەیی، لە ساڵی ١٦٠٥ی زائینی لە وڵاتی فەرانسە بە ناوی Relation" "ریلیشن لە لایەن کەسێک بە ناوی یوهان کارلۆس دەرکرا و تەمەنی لە چاپدان و بلاوکرانەوەی ئەم ڕۆژنامەیە ٧٠ ساڵ بوو.

هەڵبەت لە مێژووی ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆژنامەی " گازتا " وەک یەکەمین ڕۆژنامە ناو دەبردرێ و لە سەردەمی حکوومەتی " ژولیوس سزار " ڕۆژنامەیەک بە ناوی " ئاکتادیوما " لە شاری ڕۆم لە یونان دەرچووە و کەم و زۆر لە وڵاتانی چین و یونان و میسر باس لە دەستنووسە کۆنەکان کراوە کە دواتر بوونە ڕێخۆشکەر بۆ کاری بلاڤۆک و ڕۆژنامە.

ئەوەی ڕۆژنامەی "ریلیشن" لە هەموو ڕۆژنامەکان جیا دەکاتەوە بەردەوامی لە کار و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەدا بووە و ئەم ڕۆژنامەیە هەموو حەوتوویەک لە ڕێگای پۆست و پۆستچییەوە گەیاندراوەتە دەست خوێنەران. هەر لەو سەردەمدا ئەوە پۆستچییەکان بوون کە هەواڵی جۆراوجۆریان دەگەیاندە بنکەی ڕۆژنامەی "ریلیشن" و بە گشتی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریدا پۆستچییەکان وەک یەکەم هەواڵنێر و هەواڵهێنەر ناویان دەرکردوە.

یوهان کارلوس بە کرینی دەزگای چاپی بەردین توانی کە ڕۆژنامەی "ریلیشن" لە شاری ستراسبۆرگی فەرانسە بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ بە چاپ بگەیەنێ و لەو ماوە دوور درێژەدا بێ پسانەوە ئەم ڕۆژنامەیە بلاو کراوەتەوە و ئێستا تەنیا یەک نوسخە لە ڕۆژنامەی "ریلیشن" لە موزەخانەی گوگنهایمدا ڕاگیراوە.

لە ئێستادا زۆرترین خوێنەری ڕۆژنامە لە جیهاندا ژاپۆنییەکانن و هەروەها زۆرترین لە چاپدانی ڕۆژنامە لە جیهاندا وڵاتی ژاپۆنە.

ڕێکەوتی یەکەمین ڕۆژنامەکانی جیهان بریتین لە:

ڕۆژنامەی "ریلیشن (Relation) "ساڵی ١٦٠٥ی زایینی لە فەرانسە

ڕۆژنامەی " گزت (Gazette) " ساڵی ١٦٣١ی زایینی لە فەرانسە

ڕۆژنامەی "پۆست و ئینڕێکس تیدنینگار ( Post-och inrikes Tidningar) "ساڵی ١٦٤٥ی زائینی لە سوئێد

ڕۆژنامەی "ئاکسفۆرد گزت (Oxford Gazette) "ساڵی ١٦٦٥ی زایینی لە ئینگلیس

ڕۆژنامەی "پابلیک ئاکرنسز (Public Occurrences) "ساڵی ١٦٩٠ی زایینی لە ئامریکا

ڕۆژنامەی "هالیفکس گزت (Halifax Gazette) "ساڵی ١٧٥٢ی زائینی لە کانادا

ڕۆژنامەی "سیدنی گزت و نیوساوت ئادورتایز (Sydney Gazette and New South Wales Advertiser) " ساڵی ١٨٠٣ی زائینی لە ئوسترالیا

ڕۆژنامەی "بەمبەئی ساماچار (Bombay samachar) "ساڵی ١٨٢٢ی زائینی لە هیندووستان

ڕۆژنامەی "نیچی . نیچی (Nichi-Nichi) "ساڵی ١٨٧٢ی زائینی لە ژاپۆن

یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی ڕۆژنامەی "الوقایع المصریه" ساڵی ١٨٢٨ی زایینی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە میسر بە چاپ گەیشتوە.

یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی فارسی ساڵی ١٨٧٤ی زائینی لە سەر دەستی محەممەد ساڵح موهەندیس شیرازی لە حکوومەتی محەممەد شای قاجار بە چاپ گەیشتووە.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی "کردستان " لە ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی لە قاهیرەی میسر لە لایەن بەدرخانییەکانەروە بە چاپ گەیشتووە.

مێژووی ڕۆژنامەگەری زۆر لەو ڕێکەوتانەی ئاماژەیان پێکراوە، کۆنتر و بە مێژووترە، بەڵام ئەوانەی کە ئاماژەیان پێ کراوە دەستپێکی کاری ڕۆژنامەگەری لە ماوەی نزیک بە ٤٢٠ ساڵی ڕابردوودایە.

سەردەمانێک ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆک لە دەست حکوومەت و ناوەندەکانی حکوومەتیدا بووە و کۆنترۆڵی زۆری بە سەرەوە بووە، لە ماوەی سەد ساڵی رابردووشدا حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان و حکوومەتەکانی دەوروبەری کوردستان نەیانهێشتووە کە کاری ڕۆژنامەوانی بە ویست و خواستی نووسەر و خوێنەران لە چاپ بدرێ و بەردەوام سانسۆر و حەزف و توڕدانی بابەتگەلێک کە پەیامی تایبەتی بۆ خەڵک پێ بووبێ لە لایەن سەر نووسەر و یا ساحەب بڵاڤۆک لە فیلتەر دراوە و وەک خۆی نەگەیشتۆتە دەستی خوێنەر.

لە چوارسەدەمین ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەگەریدا باس لە چۆنیەتیی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لە قەوارەی جۆراوجۆردا کراوە، بۆ نموونە باس لە دەوڵەمەندی بابەتەکان، فۆنت و دیزاین و لاپەرە و وێنە و سیمبول کراوە و بە گشتی یەک ملیارد نوسخەی لە ٢٠٠ وڵاتدا بڵاو دەکرێتەوە. ناوەندی جیهانی ڕۆژنامە (WAN) نوێنەرایەتی ١٨ هەزار ڕۆژنامە لە جیهاندا دەکا و بە گشتی ٦٥٠٠ دانەیان ڕۆژانە لە چاپ دەدرێن و بڵاو دەکرێنەوە.

ئەم کورتە نووسینە تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەیە، بە خۆشییەوە ئێستا دونیا لە ڕێگای تیکنۆلۆژییەوە گەلێک بچووک بۆتەوە و لە جیاتی پۆستچی و دەستگێر و ڕۆژنامە فرۆش و دووکان زۆر بەئاسانی دەتوانی لە ڕێگای ماڵپەر و ئینترنێتەوە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە ڕێگای ئابوونەی مانگانە و ساڵانە وەدەست بێنی و ئەوانەی نووسەرن بە بێ ئەوەی لە سانسۆر و فیلتەری حکوومەت و ناوەندەکان دەربچن بۆ خۆیان لە لاپەری تایبەت بە خۆیان و یا ماڵپەر و ڕۆژنامە ئێلکترۆنییەکان بابەت و نووسراوەکانیان بڵاو بکەنەوە.

لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕێز لە خەبات و ماندووییەناسی ناوەندەکانی ڕۆژنامەگەری و هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتی و ئەنجوومەنانە دەگرم کە دەستیان بە ڕۆژنامەگەری کوردییەوە دیار بووە.

سڵاو لە بەدرخانییەکان و سڵاو لە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان کە ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار.

٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## دەرمانی زام و خەمان. حەکیمی دەردان

نازانم بنووسم ساڵێک زوو تێپەڕێ، یا ساڵێک خەم و ئازار و دووریت بۆتە دەیان ساڵ، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا هەموو ڕۆژێکم هەر چاوەڕوانی بووە، چاوەڕوانی زەنگی تەلەفوون و دەرکەوتنی وێنەکەت، لە سەر شاشەی موبایلەکەم بووم، چاوەڕوان بووم وەک جاران بە دەنگە بلاوێنەکەت بڵێی "خاڵە خەمە" ئەوە بۆ ئەمڕۆ دەنگت نییە و دواتر بکەوینە باس و خواستی هەمە جۆر و هەمەڕەنگ، ئێستا کە بیر دەکەمەوە ڕۆژانی بێ تۆیی گەلێک دوور و درێژ و پڕ لە خەم و ئازارن و پڕن لە چاوەڕوانی.

ڕۆژی ٥ی مانگی مای بۆ من بۆتە ڕۆژێکی ڕەش و خەمهێنەر، بۆتە وێستگەی وەستانی بیرو هزرم، بۆتە ڕۆژێکی لەبیرنەکراوی پڕ لە ژان و برک و وەستان لە ژیانی منی هاوڕێی بچووکت.

### حەکیمی دەردان!

هەر کات دەست بۆ تەلەفوون دەبەم و چاوێک لە ئاڵبۆمی نێو موبایلەکەم دەکەم، ئەوە وێنەی وەرەبەخش و سیمای مێرانە و پێشمەرگانەت، ئەو کات و ساتانە کە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە بە یەکەوە سەردانمان دەکرد وەبیر دێنێتەوە.

ڕۆژانی سەخت و دژواری پێشمەرگایەتی و گەرمای تاقەت پڕوکێنی دۆڵی کانیمێو و دەشتی کۆیە، سەرمای کوێستانەکانی قەندیل و ئێندزێ، خوڕەی ئاوهەڵدێر، شەتاو و تافگەی بنارەکانی قەندیل ، گەلی عەلیبەگ و خەڕەندەکانی ڕەواندوزم، وەک فیلمێکی سینەمایی بۆ لێدەدرێتەوە، وێنەکانت لە نێو دڵم دا هەڵقەندراون و لە هەموو کات و ساتێک دا دەمباتەوە، شوێن و زێدی لە دایکبوونمان، سەردەشتی سەرسەوز و بە یەکەوە پیاسەیەکمان بۆ سەردانی خۆشەویستان پێدەکا.

بە جەستە گەلێک لێک دوورین، بەڵام ئێستا لە ڕووحم دا لە هەموو کاتەکانم لێ نزیکتری، هەست دەکەم کە هەمیشە سایە و سێبەر و دەنگی بلاوێن و دەستی مێهرەبانت لە سەر سەرمانە، ئەو گەورەیەش، هیچ کات لە لام وون و بزر نابێ. هەتاوی ڕووی پڕ لە خەندەت هەر لە گەرمی و لە ڕووناکی دایە، دابڕانی ساڵێکی جەستەت بۆ من وەک هیچ یەک لە زامەکانم ناچێ، بەڵکوو گەورە زامێکی سارێژ نەکراوە و هەموو کات ئازاری ئەو زامە گەورەیە، لەگەڵم دەستەملانە.

## حەکیمی هەمووان!

ڕێنوێنی و نەسیحەت و سەبر و سەبووریت، بۆ من و شلێر و باوانی دڵ بەخەم، بوونە ئەزموونی ژیان، لەوەش دڵنیام کە یادگارەکانت، هاوسەری بە وەفا و دڵسۆز و مێهرەبانت "باجە عیسمەت" ، خوشک و براکانت و گشت خزمان، لە ژیانی پڕ لە سەروەریت فێری گەلێک وانەی پڕ لە ئەزموون و خۆشەویستی بوون. هاوکات لەوەش دڵنیام کە هاوڕێ و هاوسەنگەرانت لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بنکەی پڕ لە سۆز و مێهرەبانی مامۆستای گەورەمان دا " مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە" ، ئەو مرۆڤە پێشەنگ و ڕێبەرەی کە، لە لات لە هەموو کەس گەورەتر و خۆشەویستتر بوو، ئێستاش هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەتن و مامۆستاش هەروا خەیاڵ و بیر و هزری لەگەڵ ڕووح و ڕەوانی بەرزت دەفڕێ.

خەمی دووریت گەلێک گرانە، بەڵام سرووشتی ژیان وایە کە مرۆڤەکان ڕۆژێک لە دایک دەبن و ڕۆژێکیش ئەم دونیایە بەجێ دێڵن، بەجێهێشتنی دونیا وەک سرووشتی ژیان هەموو کەس دەگرێتەوە، هەر بۆیە مرۆڤ ئەم یاسای سرووشتە، ئەگەر نەخوازراویش بێ، بەناچار قەبووڵی دەکا. ڕاستە لەگەڵت دیدار ئاخرەت نەبووم، بەڵام قەولی خۆتت نەبردە سەر، چوونکە کاتێک هاتمە زیارەتت، گووتت: "حەوت برا هاتی" بەخێر بێی!

- هاتووی لە نەخۆشخانە را بمبەیەوە؟!
ئەو چەند ڕۆژەی لە نەخۆشخانە بووی، لەبەر پێت دادەنیشتم، لاق و پەنجە شەکەتەکانتم دەشێلا و زۆر بە ئەسپایی و بە چپە دەتگووت: بەجێتان ناهێڵم!

بە ئیشارە و بە ئاماژە و بە دەنگێکی نیوە حەزین دەتگووت: بچۆ ئیسراحەت بکە، ئێرە شوێنی نەخۆشانی کۆڕۆنایە، با تووشی ئەم نەخۆشییە نەبی. لەو کات و ساتەش دا هەر خەمی من و خەمی هەمووانت بوو.

زۆر گرینگە کە مرۆڤ بزانێ چۆن دەژی و چۆن دەمرێ، تۆی هێژا و زێدە ئازیزم، تۆی پێشمەرگە و سەنگەر، بۆ گەل ژیای و بۆ گەل مردی، هەر بۆیە قەت نامری و هەمیشە لە دڵمان دا بە زیندوویی دەمێنیەوە، چوونکە تۆی هەرگیز نەمر، وەک پێشەنگ و پێشرەو و پێشمەرگە، زۆر بە تێگەیشتوویی و بە چاوی کراوەوە ڕێگایەکت هەڵبژارد کە ئەم ڕێگەیە، هەمان ڕێگەی پڕ لە سەرەوەری ڕێبەرانی شەهید "قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی" و هەزاران شەهیدی ڕێگای ئازادی بوو.

ئێستا بە جەستە لە ئامێزی خۆشەویستەکانت لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب دا لە تەنیشت قەڵای لەگیران نەهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ئارامت گرتووە، ئەو گۆڕستانەی کە زۆرجار مەزاری شەهیدانت گوڵاوڕێژ و ئاوپڕژێن دەکرد و نەمامی دار زەیتوون و گوڵەباخ و گوڵی ڕەنگاوڕەنگت لێ دەناشتن، ئەو دار زەیتوونەی کە بە دەستی خۆت وەک نەمام ناشتت ئێستا گەورە بووە و سێبەری لە سەر مەزاری پیرۆزت کردووە و بە شنەی بای شەماڵ باوەشێنی خۆت و خۆشەویستانت دەکا.

بێ هیوا و نائومێد نیم، چوونکە تۆی هەردەم تاجی سەرم، تۆوی هیوا و ئومێدت لە دڵی من و هەموو ئەوانەی لەگەڵت بوو چاندووە، هیوای تۆ ئێستا هیوای من و هەموو لایەکە و هەنگاوەکانم بۆ وەدیهاتنی هیوا و ئاواتەکانت پتەوتر و قائیمتر دەکەم و بەڵێنت پێدەدەم کە وەفادار بم بە ڕێگا و ڕێبازت.

بمبوورە کە نەمتوانی لە ساڵڕۆژی کۆچ و ماڵئاواییت دا ، چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی و وەفا لە سەر مەزاری پیرۆز و گڵکۆی پێشمەرگانەت دابنێم، بەڵام لەوە دڵنیا بە کە مشتێک لە خۆڵی مەزارت وەک متفەرکی مەزارگەت لە ماڵمان دا هەیە و یادگاری‌یەکانت بۆنی تۆی پێشمەرگە و سەنگەر و قەڵای دێموکراتی لێدێ.

ڕووحت شاد و یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٥ی مای ٢٠٢٢

---

## دایکێک لە ڕەگەزی خۆرەتاو، دایە مریەم

زۆر پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە، هاتووچۆی بنەماڵەییمان لەگەڵ بنەماڵەی مام عەزیز و کاک فەقێ ئەحمەدی ڕەحمەتی هەبوو و لە ڕێگای بنەماڵەی خۆمانەوە ناو و ناوبانگی ئەو بنەماڵە گەورەیەم بیستبوو.

لە سەردەمی شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا ماڵی مام عەزیزی بێوران وەک مەکۆی شۆڕشگێران و وەک بنکە و مەقەری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و تەنانەت پێشمەرگەکانی باشوور کوردستان وابوو، هەم لە گوندی بێوران و هەمیش دواتر لەو دیوی سنووری دەستکرد، ئەو بنەماڵەیە بوونە پشت و پەنای هەموو پێشمەرگەکان.

باسی گەورەیی ئەو بنەماڵەیە لەو چەند دێرەدا نانووسرێ و ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە، کۆچی دوایی دایە مریەم هاوسەری نەمر مام عەزیز و دایکی دوو شەهیدی پایەبەرزی گەلەکەمان شەهیدان حەمەعەزیز و ڕەسووڵ عەزیزیە.
دایە مریەم ژنێکی بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەر و پێشمەرگە خۆشەویست و پێشمەرگە پەروەر بوو، لە ئامێزی خۆیدا کچ و کوڕ و نەوەکانی فێری نیشتمانپەروەری و پێشمەرگایەتی کردن و لەو سۆنگەیەوە هەموو خۆشییەکانی ژیانی، موڵک و ماڵ و باخ و باخات و شوێن و زێدی لە دایکبوونی خۆی بەجێ هێشت و چیا و شاخ و سەنگەری پێشمەرگایەتی کردە شوێنی ژیانی سەربەرزانەی خۆی و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی.

دایە مریەم وەک خۆی ژیانێکی پڕ لە ئازار و ناخۆشی بەرێ کرد، بەڵام هیچ کات بە نائومێدی و بە بێ هیوایی قسەی نەکرد و هیچ کات خۆی وا نیشان نەدا کە شەهیدبوونی جگەرگۆشەکانی و ماڵ بە کۆڵی و برینداری منداڵ و نەوەکانی بکاتە گلەیی و گازەندە لە سەر خەڵک و شۆڕش، بەڵکوو هەمیشە هیوای بە گشت لایەک دەبەخشی و وەک نموونەی دایکێکی خۆڕاگر و دایکێکی بە هەڵوێست سەیری دەکرا و لە کاتی شەهیدبوونی هەر پێشمەرگەیەک دا ئەوە دایە مریەم بوو کە وورەی بە گشت لایەکمان دەدا و هیچ کات ئازار و ناخۆشییەکان نەیان توانی چۆک بە دایە مریەم و ئەندامانی بنەماڵەکەی دا بدا.

دایە مریەم ژنێکی قسەخۆش، دەم بە خەندە و دڵفراوان بوو، سفرەی دڵ و سفرە و خوانی بۆ هەموو لایەک بوو، ژیانی تەرخانی پێگەیاندنی ئەندامانی بنەماڵەکەی و هەموو ئەو کەسانە کرد بوو کە دەیناسین و یا ڕوویان تێدەکرد.

زۆر بەداخەوە دایە مریەم ماوەی چەند ساڵێک بوو تووشی نەخۆشی و ناسازی بوو، وێرای چاوەدێری چڕی پزیشکی بەداخەوە دایە مریەم چاوە گەش و پڕ هیواکانی بۆ هەمیشە لە سەر یەک دانا و بەو کۆستە گەورەیەی خۆی، کۆستی گەورەی مام عەزیز و نەسیمی جوانەمەرگ و شەهیدانی فەرماندەمان کاک حەمەعەزیز و کاک ڕەسووڵ عەزیزی لێ زیندوو کردینەوە و کۆچی دوایی دایە مریەم بوو بە هۆی ماتەمین و خەم و پەژارەی هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی و دەیناسن.
بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە مریەم لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کچ و کوڕ و نەوەکانی لە بنەماڵەی بەڕێزی لە نێوخۆی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانم و ئاواتەخوازم کە ڕێگای خەبات و تێکۆشان و ڕێبازی دایە مریەم و مام عەزیز و شەهیدانی فەرماندە پڕ ڕێبوار بێ و یاد و ناویان لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٦ی جوونی ٢٠٢٢

## ٣٥ ساڵ ئازار و نەهامەتیی شارێک.

تازە یەکەم حەوتووی مانگی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی تێپەڕ ببوو. ژیان ڕەنگ و بۆن و بەرامەی تایبەت بەخۆی گرتبوو، قوتابیان پشووی هاوینی خۆیان دەست پێ کردبوو، خەڵک قۆڵی هیممەتیان لە کاری ڕۆژانە لە بازاڕ و مووچە و مەزراکان هەڵماڵیبوو. مخابن لەو ڕۆژەدا (٧ی پووشپەڕ) پێش ئەوەی خەڵک بۆ پشووی ڕۆژانەیان بگەنەوە ماڵەکانی خۆیان، لە پڕ لە کاتژمێر ١٦:٣٠ی خولەکی ئێوارەدا بە گرمە و هاشەی فرۆکە شەڕکەرەکانی حکوومەتی بەعس و بە دەنگی تەقینەوەی چەند بۆمبێک هەموو ئارەزوو و خولیاکانی ئەو شارە بوون بە خەڵووز، بوون بە ناڵە و ئێش و ئازارێکی تاهەتایی.

لەم ڕۆژەدا فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق چەند بۆمبێکیان بە سەر چەند گەڕەکی شار و گوندەکانی ڕەشەهەرمێ و دەشتی کەپراندا بەرداوە. لە پڕ شار نوقمی تەپ و تۆز و گڕ و وێرانی و خوێن و فرمێسک بوو، بە چەند خولەکێک بۆنی مەرگ و نەمانی هەموو شوێنێکی داگرت و بزەی خەڵکی شار بوو بە هاوار و ناڵە. شیمیابارانی شاری سەردەشت زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی و ژینگەیی بۆ دانیشتووانی ئەم دەڤەرە بەدواوە بوو، کە هەنووکەش ئاسەوارەکانی بە خەڵکی شار و منداڵانی تازە لەدایکبووەوە ودیارە و نەخۆشییەکان لەم دەڤەرە ڕوویان لە زیادی کردوە.

٣٥ ساڵە لەسەر ئەم جینایەت و کۆمەڵکوژییە لەلایەن شارەزایان و پسپۆران و خەمخۆرانەوە بابەتی لەسەر دەنووسرێ و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ساخڵەمی و پزیشکیی لەسەر دەکرێ. بەڵام نەگۆڕ ئەوەیە کە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردودا بەبێ ئەوەی ئاوڕی جیددی لە زامداران بدرێتەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم لە هەموو ٧ی پووشپەڕێکدا بە وادە و بەڵێنی بێکردەوە خەڵکی زامدار و کارەساتدیتووی ئەو شارە چاوەڕوانی ساڵێکی دیکە دەکەن.

وتە و بەڵێنییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆ بەدواداچوونی ڕەهەندی حقووقیی ئەو جینایەتە و پێڕاگەیشتن بە بەرکەوتووان و زیاندیتووانی ئەو کارەساتە هیچ کات وەڕاست نەگەڕاوە و تەنیا لە چوارچێوەی بەڵێنی بێبنەمادا ماوەتەوە. قسەی بەرپرسان هیچ کات لە ئازاری خەڵکی گیرۆدەبوو بە گازە شیمیاییەکانی کەم نەکردۆتەوە، بەپێچەوانە هەموو ساڵێک چەند ئازیزێکی زامدار و پێکراو بە گازەکانی ئەسید و خەردەل، دوای چەندین ساڵ هەناسەساردی و بەبێ ئەوەی چارەسەریان بۆ کرابێ سەر دەنێنەوە و لە مەزارگەی گردەسوور لە لای خزم و کەسوکاریان بۆ ئەبەد دەستلەملانی خاکی وڵات دەبن و

مەزارگەکەش هەر دێت و گەورە و گەورەتر دەبێ.

بە هۆی پێڕانەگەیشتن و ئاوڕنەدانەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی زامدارانی شیمیایی ڕوویان لە زیادبوون کردوە. بە گشتی ۳۵ ساڵە زامدارانی ئەو کارەساتە لە بواری پێڕاگەیشتن لەوپەڕی بێئیمکاناتی و بێدەرمانی و بێئوکسیژین و کەپسوولی تایبەتدا ژیان بە چەرمەسەری دەبەنە سەر و ڕۆژ بە ڕۆژیش بە هۆی ڕووداوە سرووشتییەکانی وەک خۆڵبارین، گەرمای لە ڕادەبەدەر، نەخۆشیی جۆراوجۆر و بەتایبەت نەخۆشیی کۆرۆنا ژیان بۆ بەرکەوتووانی شیمیایی گەلێک قورستر و گرانتر بووە.

قەیرانی ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، ئەو قەیرانە ئێران بە گشتی و کوردستانیشی بە تایبەت گرتۆتەوە و چین و توێژی هەژار زیاتر کەوتوونە ژێر ئەو قەیرانە و بە هۆی هەڵاوسان و دارمانی تمەنی ئێرانی و نەبوون کار و پیشە، زامداران زیاتریش لە چینی هەژار کەوتوونە بەر جەنجەڕی ژیان. گرانی و نەبوونی و بێکاری و دارمانی تمەنی ئێرانی هەموویان ئەمڕۆ بوونەتە بارگرانیی زیاتر لەسەر شانی بنەماڵەی زامدار و نەخۆشکەوتووانی شیمیابارانی شاری سەردەشت و ئەوەش بۆتە هۆکارێک کە بەشێک لە زامداران خۆیان بە سەرباری بنەماڵەکەیان بزانن و زۆر بە بێهیوایی و بە نائومێدی ژیان بەرێ دەکەن.

ئەوەی کە ئەمڕۆ گرینگە درووستکرانی ناوەند و بنکەیەکی تایبەت بە پێڕاگەیشتن بە زامدارانی شیمیاییە، چوونکە ئەوانەی کە شیمیایی بوون، بەشی زۆریان بە نەخۆشییەکانی پێست و کۆئەندامی هەناسە و سیپەلک و ئاستما و کۆخە و ڕشانەوە، چاوکروزانەوە و تەنانەت بۆن و تام نەکردن لە خواردنەکان گیرۆدە بوون و لە نەبوونی ناوەندێکی پێڕاگەیشتن بە زامداران بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەبێ بچنە شارە دوورەکان و ئەوەش وێڕای ئەوەی کە هیلاکتر و ماندووتر دەبن هاوکاتیش لە بواری دارایی و خەرجییەوە بارگرانی زیاتریان بۆ درووست دەکا.

ڕووڕەشی بۆ هەر دوو حکوومەتی ئێران و عێراق کە بوونە هۆی ماڵوێرانی و نەهامەتی گەلی کورد و بە درێژەدانی شەڕی ماڵوێرانکەری ۸ ساڵە بوونە هۆی کارەساتی لە چەشنی شیمیابارانی سەردەشت و گوندی زەردە و شارەکانی دیکە و یەک لەوان هەڵەبجە.

۲۸ی جووونی ۲۰۲۲

## حەمید نووری بەڕێوەبەری کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە

ئەو حوکم و بڕیارە بە پێی یاسای وەڵاتی سوئێد بەرزترین حوکمە کە قازیەکانی دادگا دەیانتوانی بۆ حەمید نووری دەری بکەن.

توماس ساندر قازی دادگایی حەمیدی نووری، ڕایگەیاند کە تاونبار حەمید نووری بە تاوانی بەشداری ڕاستەوخۆ لە کوشتار و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دا بە زیندانی هەتا هەتایی مەحکووم کرا.
ڕۆژی پێنج شەممە ٢٣ی پووشپەری ١٤٠١ی هەتاوی لە پرێس کۆنفرانسێکی مێدیایی دا قازی پەروەندە و کەیسی حەمید نووری ڕایگەیاند کە « حەمید نووری دەستی تایبەتی هەبووە لە حوکم و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی دا و لە پلەی جێگری دادستان لە گرتووخانەی گەوهەر دەشتی کەرج، تاران دا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و بە هاوکاری لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران لەو ڕەشەکوژی و ئێعدام و کۆمەڵکوژیەدا بەشداری کردووە و ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە«.

قازی ئەو پەروەندەیە لەو پەیوەندیە دا گووتی: «بەڵگەکان نیشان دەدەن کە تاوانبار حەمید نووری بە شێوەی هاوبەش و بە هاوکاری کەسانی دیکە، لە خوڵقاندنی ئەو جینایەتە دا دەستی باڵای هەبووە. ئەو بە ناوی خوازیار و لە پلەی بەڕێوەبەر و بەرپرس و جێگری دادستان دا، بە دەستی خۆی زیندانیەکانی بۆ کۆمیتەی ئینقلاب و شوێنی ئێعدامەکان بردوون« .


لە درێژەی ئەو پرێس کۆنفرانسە مێدیایەدا قازی دادگای حەمید نووری گووتی: ئەو زیندانیانەی کە لە گرتووخانە دابوون بەشێکی بەرچاویان بە تاوانی ئەندام بوون لە ڕێکخراوی موجاهدین و حیزبە چەپەکان دا گیرابوون. کوشتن و ئێعدامی زیندانیان بە گشتی پێشێل کردنی یاسا نێونەتەوەیەکانە و هەر بۆیە ئەو کوشتارە بە قەتڵ ئاژمار دەکرێ و قاتڵیش دەبێ محاکمە بکرێ و لە ئاکام دا حوکمی هەتا هەتایی زیندان کە بەرزترین حوکمە لە وڵاتی سوئێد بە پێی بەڵگە و شاهیدەکان بۆ تاوانبار حەمید نووری بڕاوەتەوە.

لە کۆتایی قسەکانی دا قازی دادگای حەمید نووری گووتی کە تاوانبار حەمید نووری دوای کێشانی زیندانی هەتا هەتایی لە وڵاتی سوئێد دەر دەکرێ و هیچ کات ناتوانی سەفەر بۆ وڵاتی سوئێد بکاتەوە.*

دواتر قازی ئەو پەروەندەیە ڕایگەیاند کە بۆ هەر یەک لە ئەندامانی بنەماڵەی قوربانیان و ئێعدامیان دەبێ قەرەبوو لەبەرچاو بگیرێ و٤٠ هەزار کرۆنی سوئێدی قەرەبوو بۆ ئەندامانی ئەو بنەماڵانە دیاری کراوە.

لە ماوەی دادگایی حەمید نووری دا ژمارەیەکی زۆر لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و ئەندامانی بنەماڵەی ئێعدام کراوەکان بە گشتی نەتەوەکانی ئێران لە بەردەم دادگای ستۆکهۆلم کۆببوونەوە و داوای بەرزترین و زۆرترین سزایان بۆ تاوانبار حەمید نووری دەکرد.

ئەو بەڵگانە چی بوون کە بۆ دادگای تاوانبار حەمید نووری لە بەر دەست بوون؟




هەوڵی لێبراوەنەی قازیەکان و وەکیلی بنەماڵەی قوربانییەکان لەو دادگایە دا لە سەر دوو خاڵی سەرەکی بوو، یەکەمیان سەلماندنی ڕووداوی کۆمەلکوژی و ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دا، دووهەمیان ڕۆڵی تاوانبار حەمید نووری لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی دا.

١- وتە و قسەی شاهیدەکان، پشت بەستن بە کتێب و نووسراوەکانی کە پێش گیرانی حەمید نووری لە لایەن زیندانیانی دیکەوە نووسرا بوو و ئاماژە بە ناو و ڕۆڵی ناوبراو کرا بوو و هەروەها ئەو بەڵگانەی کە وەک نووسراوە ڕۆڵی تاوانبار حەمید نووری‌یان پشت ڕاست دەکردەوە.

٢- قازی‌یەکان و وەکیلەکان بە پشت بەستن بە بەڵگەی جۆراوجۆری وەک فتوای ڕوح‌الله خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر پێداگری بۆ ئێعدامی ئەندامانی موجاهدین، فایلی دەنگی و کتێبی حوسێن عەلی مونتەزیری، قائم‌مقام ڕێبەری، فایلی دەنگی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێران و ئەندامی " هەئیەتی مەرگ" و دەیان بەڵگە و نووسراوەی دیکە کە نیشانیان دەدا کە ئەو ئێعدام و کۆمەڵکوژی‌یە لە ئێران دا بەڕێوە چووە.

حەمید نووری لە وەڵام دانەوەی دادگا دا وەک بەرگری لە خۆی گووتبووی کە لە کاتی ڕووردانی ئێعدامەکان دا لە پشووی بنەماڵەیی بووە و هەر لە بنەڕەت ڕا نکۆڵی لە ئێعدامی بە کۆمەڵی ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی دەکرد. ناوبراو ئیدیعای دەکرد کە ئەو کەسانەی کە وەک ئێعدامی ناویان هاتووە لە کاتی عەمەلیاتی چەکداری " فروعی جاویدان و مورساد" دا کوژراون.

**هەڵوێستی حکوومەتی ئێران لە ئاست دادگایی حەمید نووری**

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و یەک لەوان کازم غەریب ئابادی جێگری بەرپرسی نێونەتەوەیی بەشی قەزایی ئێران، پێشتر وەک هەڕەشە ڕایگەیاند بوو کە حکوومەتی ئێران ئەو کردەوەیەی دادگای سوئێدی سەبارەت " محاکمە کۆماری ئیسلامی ئێران" بۆ تەحەمموول ناکرێ و ڕایگەیاند بوو کە سەبارەت بە دادگای حەمید نووری دژ کردەوەی بەرامبەر وڵاتی سوئێد دەبێ.

هەر لەو پەیوەندی‌یەدا، حکوومەتی تاران وەک دژکردەوە بە دادگایی حەمید نووری لە سوئێد، هەڕەشەی کرد بوو کە ئەگەر دادگای حەمید نووری کۆتایی پێ نەیە، ئەوە حوکمی ئێعدامی دوکتور و لێکۆلەر ئەحمەدڕەزا جەلالی کە هاووڵاتی ئێرانی ـ سوئێدی‌یە و ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی دایە بەرێوە دەبا.

ناسر کەنعانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی حوکمی حەمید نووری، بەرپرس و قازی زیندانی گەوهەر دەشتی کەرەجی ڕەد کردەوە و گووتی کە ئەو حوکمە، هەر لە بنەڕەت ڕا جێگای پەسەند و قەبووڵ نییە و ئەو هەڵوێستەی دادگای سوئێد زۆر بە توندی مەحکووم دەکەین.

حەمید نووری ڕۆژی ٩ی نوامبری ٢٠١٩ لە فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵم بە بڕیاری دادگای بەرزی سوئێد بە تاوانی بەشداری کردن لە " کۆمەڵکوژی و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی " لە لایەن پۆلیسی سوئێدەوە گیراو ڕەوانەی گرتووخانە کرا.

لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دا هەزاران زیندانی سیاسی کە زۆربەیان ئەندام و لایەنگری " ڕێکخراوی موجاهدین" و هەروەها ئەندام و لایەنگری حیزبە چەپەکان بوون بە بڕیار و ئەمری خومەینی ئێعدام کران.

بە گشتی لە دادگای حەمید نووری دا کە ٩٢ جەلەسە درێژەی کێشا، لە سەرووی ٦٠ کەس وەک شاهیدی ئەو ڕۆژە ڕەشانە بەشداریان کردبوو و هەموویان کۆک بوون لە سەر ئەوە کە حەمید نووری بە ناوی خوازیاری "عەبباسی" لە کاتی خوڵقاندنی ئەو جینایەتە دا وەک قازی و حوکمدەری زیندانی گەوهەر دەشتی کەرەج لە ئێعدام و کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی دا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و بەشداری ئەو جینایەتەی کردووە.

تێبینی: * شایانی باسە کە حوکمی هەتا هەتایی لە سوئێد زۆرجار دوای ١٨ تا ٢٥ ساڵ زیندانی کۆتایی پێ دێ و هەر بۆیەش لەم ڕاپۆرتە دا باس لەوە کراوە کە دوای کۆتایی زیندانەکەی لە وڵاتی سوئێد دەر دەکرێ.

١٦ی جووڵای ٢٠٢٢

---

## کۆستێکی گەورە و خەمێکی دیکە بۆ کاک ئەحمەد سیمبان

بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەرێز کاک ئەحمەد قادری (سیمبان) لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە دایە ئامینەی تێکۆشەر و خۆڕاگر و کچە شۆڕشگێرەکانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی کاک ئەحمەد دەزانم.

کۆچی دوایی کاک ئەحمەد خەسارێکی گەورەیە بۆ بنەماڵەی بەرێزیان و خەڵکی شاری پیرانشاری پێشەنگ و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی و بۆ ئێمە هاوڕێیان و ناسیاوانی کاک ئەحمەدی هەردەم نەبەز و تێکۆشەر بە تایبەتی.

کۆچی کاک ئەحمەد بۆ هەموو لایەک جێگای خەم و پەژارەیە و بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژ لە نزیکەوە لەگەڵ بەرێزیان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دابوون و بە خوو و ڕەوشتی بەرزی کاک ئەحمەد کە مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی و مێهرەبانی و خەبات تێکۆشان بە دژی زوڵم و زۆری ئاشنا بوون زیاتر جێگای خەم و پەژارەیە.

خەبات و تێکۆشان و زەحمەتەکانی کاک ئەحمەد سیمبان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا ئەوەندە زۆر و دیار و بەرچاون کە ئێمە هاوڕێیانی ناتوانین پەنجە بۆ هەموو کارە بەرزەکانی ئەو تێکۆشەرە نەمرەی گەلەکەمان درێژ بکەین، خەباتی خۆی بە تەنیا ڕۆمانێکی نەنووسراوەیەوە و لە هەمانکاتدا خەباتی نەمر بە بێ ئاماژە کردن بە خەبات و تێکۆشانی هاوسەری ژیانی و کچەکانی ناتەواوە و هەر بۆیە خەبات و زەحمەتەکانی نەمر کاک ئەحمەد و بنەماڵەی کچەکانی بۆ هەموو لایەکمان جێگای شانازییە و بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە لە نزیکەوە ساڵانێکی دوور و درێژ لە ژێر سایە و سێبەری دابوون هەر زۆر جێگای شانازی زیاترە.

ژیان و بەسەرهاتی کاک ئەحمەد سیمبان بۆ لێ فێربوون دەبێ و هیوادارین کە لە داهاتوودا نموونەی لە چەشنی گەورەیی کاک ئەحمەدەکان کە بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان و بۆ ڕێبازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بۆ یەکسانی و بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی خەباتیان کرد هەر لە زیاد بوون دابێ.

لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوییەوە لە گوندی گەورەدێی شارباژێر و لە دەفتەری سیاسی لەگەڵ ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە

ئاشنا بووم و لە چەند قۆناخی جیاجیا دا لە گەڵ نەمر کاک ئەحمەد هاوڕێ و هاوسەفەر بووم و لە قۆناخەکانی دیکەش دا هەم لە کوردستان و هەمیش لە دەرەوەی وڵات لە گەڵ بەڕێزیان و بە تایبەت کچەکانی کە هاوڕێ و هاوخەباتین، هاوکاری نزیک بووین و لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە ڕێزەوە لەگەڵ دەوربەریان و لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان هەڵس و کەوتیان کردووە، ژیانی کاک ئەحمەد و هاوسەری ژیانی و بنەماڵەی کچەکانی ئاوێتەی شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و هەر بۆیە وەک خۆم سوپاسی زەحمەت و تێکۆشانی نەمر کاک ئەحمەد و هاوسەری ژیانی و بنەماڵەی کچەکانی دەکەم و ئاواتی سەربەرزیان لە ژیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازم.

گەورەیی و لە خۆبردوویی کاک ئەحمەد بۆ وەرد دانەوە و بۆ تێرامان دەبێ، یەکێک لە گەورەییەکانی کاک ئەحمەد و دایە ئامینە لەوە دابوو کە کاتێک ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی قەڵای دێموکڕات کەوتە بەر هێرشی مووشەکی بالستیکی ڕژێمی پەت و سێدارەی کۆماری ئیسلامی ئێران و کەم تەمەنترین کچیان، خاتوو سوهەیلا کچە شۆڕشگێری گەلەکەمان و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ١٥ شۆڕشگێری دیکەی گەلەکەمان شەهید بوون، من و هەموو ئەوانەی لە تەنیشتی بووین لە ئامێزی دەگرتین و بە دەنگێکی خەمین و بە ورەوە پێی دەگووتین کە درێژەدانی ڕێگای شەهید سوهەیلا و هاوڕێیانی و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان زیاتر لە پێشوو کەوتۆتە سەر شانمان و هانی دەداین کە درێژەدەری ڕێگایان بین.

نووسین لە سەر خەبات و تێکۆشانی کاک ئەحمەد ئەرکە لە سەر شانی ئەوانەی لە ئێمەمانان زیاتر لەگەڵی ژیاون و هەر بۆیە لەم نووسینە دا تەنیا وەک ڕێز لێنان لە نزیک نیو سەدە تێکۆشانی بەڕێزیان ئەم چەند دێرەم نووسی و بە ئاواتی ئەوە کە خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و شۆڕشگێرانی کوردستان بیرەوەرییەکانی کاک ئەحمەدەکان بکەنە ئاوێتەی ژیانی خۆیان.

لە کانگای دڵەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێ و هاوخەباتیانی لە ریزەکانی دێموکرات و لە هاوسەری ژیانی و لە کچەکانی و گشت لایەک لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو مەزنە پیاوەی گەلەکەمان دەزانم و هیوادارم کە ڕێگا و ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوار بێ و یاد و ناوی ئەو مەزنە پیاوە لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

**٢٣ی جوولای ٢٠٢٢**

## خەم و حەسرەتێکی دیکە ناوچەی ڕەبەتی هەژاند

بەداخ و پەژارەیەکــی زۆرەوە لە ڕۆژی ١٠ی گەلاوێــژی ١٤٠١ی هەتــاوی دا لە ڕووداو و کارەســاتێکی هــاتووچۆ دا لە کوێستانەکانی پشت گوندی کوران لە ناوچەی گەورکی مەهاباد ٥ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی محەممەدی و دافعی گیانیـان لە دەستدا.

لەم ڕووداوە دا دوو خوشکی فەرمانـدەی نەمر شـەهید فەقـێ عەبـدوڵلای نـاوی بە ناوەکـانی ئایشـێ محەممەدی و خـونچێ محەممەدی و کەژاڵ کچی خونچێ و مەحموود کوڕی ئایشێ و هاوسەری  خونچە کاک محەممەد دافعی گیانیان لە دەست دا.
هەندێک جار مردنیش وەک سرووشتی ژیان غەدر لە بنەمـاڵەیەک و یـا لە گونـد و شـار و کۆمەڵگـایەک دەکـا و خەمەکـان لە سەر کۆمەڵ زیاد دەکا. مردن و ژیـان بەشێکە لە سرووشت و هەمـوو لایەکمـان ئەم دیـاردەیە وەک یـاسای سرووشت ئەگەر بە نابەدڵیش بێ قەبووڵ دەکەین.

سـاڵانێکی دوور و درێـژە بنەمـاڵەی گەورەی میـرزا ئەحمەد بـاوکی شـەهید فەقـێ عەولا و کـاک حەمە و کچە شۆڕشگێرەکانی وەک بنەماڵەیەکی دیـاری نـاوچەی ڕەبەت و سەردەشت و مەهابـاد لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە خزمەت بە دانیشـتوانی ئەو نـاوچـانە دەکەن. لە سوڵح و ئاشتی و مەسلەت دا، لە چارەسـەری کێشـە کۆمەڵایەتـیـیەکـان و لە خۆشی و نـاخۆشـیـیەکانی خەڵـک دا، بە لێزانی و خەمخۆرییەوە هەنگاویان هەڵێناوەتەوە .خەڵکی نـاوچە بە چـاوی ڕێـز و خۆشەویسـتی سـەیری بنەمـاڵەی کـاک میرزا ئەحمەد دەکەن و بە ئەمەگەوە لە خزمەتەکانیان دەڕوانن.

ئەو بنەماڵەیە لە ئاوەدانی ناوچەدا پشکی شێریان پێـدەبڕێ، لە شۆڕش و لە بـزووتنەوەدا میـداڵی شـانازیان بە گەردن دا کراوە، لە خۆشەویستی دا نموونەی جـوانی و باشیان پێبـڕاوە، ئـاوەدان کـردنەوەی گونـدەکانی چۆمەڵ، جمگـێ و هەروەهـا ژیانیـان لە نـاوێ و لە کوێسـتانەکانی بـرایم جەلاڵ و چـواربەردە و گۆموشـتر و بەرزاییەکـانی ئەو نـاوچەیە، نیشـانەی ڕاهاتن لەگەڵ سەختییەکانی ژیان بووە، چیا و بەرزاییەکان فێریان کردن کە وەک هەڵۆ لە بەرزایی دا بە سەربەرزی ژیـان بەرنە سەر و ببنە پشتیوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە خەبات و تێکۆشانیش دا جێگا پەنجەی میرزا ئەحمەد و شەهید فەقێ عەولا و شەهید ڕەحیم جمگەیی و خوشک و برا و

منداڵەکانیان بە شۆڕشەوە، لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە درەوشاوەیی دیارە. شەهید فەقێ عەولا وەک فەرماندە هێزی شەهید مینەشەم و خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بە شۆڕش و بزووتنەوە کردووە و بە سێرە گرتن و بە فەرماندەیی خۆی گەلێک مۆلگەی دوژمنی لەگەڵ عەرز تەخت کردن و چەندین لەشکری دوژمنی بە شارەزایی و لێزانی و تۆپی ١٠٥ ی حیزب لە نێوبردن و بە خۆڕاگری و بوێری خۆی دوژمنی تووشی شکست کردبوو و کە باس کردن لە فەرماندەیی و قارەمانی شەهید فەقێ عەولا بۆ خۆی ڕۆمانێکی نەنووسراوەیە.

بنەماڵەی میرزا ئەحمەد لە ڕێگای خەبات و تێکۆشان دا بە دڵئاواڵەیەوە سینگیان کردە قەڵغان بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان. خەڵکی ناوچە هیچ کات گەورەیی بنەماڵەی میرزا ئەحمەد لەبیر ناکەن، ئەو بنەماڵە گەورە و دەست ڕۆیشتووە، لە ژیانی ڕۆژانەدا لە تەنیشت خەڵکی ناوچە ژیان. موڵک و سەرەوت و باخ و ئاش و تراکتۆر و ئەندامانی بنەماڵەیان لە خزمەت ئاوەدانی و ژینگەدا بەکار هێنا، هیچ کات وەک بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو لە کاری هەرەوەزی و خزمەتگوزاری و هاریکاری خۆیان نەبوارد و پێشەنگی کاری هەرەوەزی و هاریکاری لەم دەڤەرە بوون.

ئەم کارەساتە ئەگەرچی زۆر ناخ هەژێن و پڕ خەمە، بەڵام وەک یاسای سرووشت هەموومان بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە قەبووڵی ئەو خەمە گەورە دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمی ئەم کۆستە گەورەیە دەزانین.

نووسین لە سەر ئەو بنەماڵەیە بۆ ئەو هاوڕێیانە بەجێ دێڵم کە خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ناوچەی ڕەبەت و بیرەوەری پێشمەرگانەیانن، وەک خۆم بە سەدان جار لە ئامێزی ئەو بنەماڵە گەورەیەدا حەساومەوە، وەک وەفایەک بۆ خزمەتەکانی بنەماڵەی میرزا ئەحمەد سەری ڕێز دادەنوێنم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو خۆشەویستانە دەزانم.

بە بۆنەی کۆچی ناوادەی پوورە ئایشێ و پوورە خونچێ و کاک محەممەد دافعی و منداڵەکانیان لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی میرزا ئەحمەد بە کوڕ و کچ و نەوەکانیان و گشت ئەندامانی بنەماڵەی محەممەدی و گەوهەری و دافعی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی ئەم کۆستە گەورەیە دەزانم و هیوادارم کە ڕووح و ڕەوانیان شاد و جێگایان بەهەشتی خوا بێ، هیوای چاک بوونەوەش بۆ برینداره‌کان بە ئاوات دەخوازم.

سەرەخۆشی لە خەڵکی ناوچەی بانە و گوندی شوێ و گوندەکانی نواوێ، جمگێ و چۆمەڵ و خەڵکی گەورکایەتی و گشت خزم و ئاشنایان دەکەم و هیوادارم کە چیتر شاهیدی ڕووداو لەم چەشنە نەبین.

لە کۆتایی دا نەفرەت دەنێرم بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە هۆی دزی و گەندەڵی بەرپرسان تاکوو ئێستاش نەیانتوانیوە ڕێگا و بانی نێوان گوند و شارەکان وا درووست بکەن کە نەبێتە جێگای مەترسی و مەرگ و هەڵدێرانی ماشێن و ڕێبواران. دزی و گەندەڵی کاربەدەستان و بەرپرسان بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی کوردستان پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێ و ڕۆژانە جادە و ڕێگا و بانەکان ببنە قەتڵگای خەڵکی ناوچە.

**٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

---

## هاوڕێی شەهیدم کاک مووسا باباخانی لە دڵم دا هەردەم زیندووە

هاورێ شەهید "مووسا باباخانی" ـم درەنگ ناسی، بەڵام هەر لەگەڵ یەکەم چرکەساتەکانی دیدار و چاوپێکەوتنماندا خۆشم ویست، بیر و هزر و بیرکردنەوە و کارەکانی لە دڵم نیشتن، هەر بۆیە زۆر زوو بەیەکەوە بووینە هاورێیەکی نزیک و هاوهەڵوێست و هاوبیر.

شەهید "مووسا" گەنجێکی ڕەوشەنبیر و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و بە هەڵوێست بوو، لە خۆپێگەیاندن و فیرکردنی خۆی و دەوروبەریدا کەمترخەم نەبوو و بۆ فێرکردنی لاوەکان لە بوارە جۆرواجۆرەکانی وەک ڕامیاری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و کاری مێدیاکاری کەڵکی وەردەگرت و مرۆڤێکی خۆشڕاوێژ و خاوەن قسە و گوتار و وێژمان بوو.

پێشمەرگە و کادر و ڕێبەرێکی کاریزماتیک بوو، کاری هزری و کردەوەی بە یەکەوە تێکەڵ کردبوون، بەردەوام لە هەوڵی درووست کردنی ڕایەڵەیەکەی تەشکیلاتیدابوو، پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، ئەو پەیوەندی و تێکەڵبوونە، وایکرد بوو کە شەهید "مووسا: ببێتە کەسێکی جێگای متمانەی ڕێبەری حیزب و لە هەمان کاتدا ببوو بە هۆی ترس و خۆف و نیگەرانیی کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شەهید "مووسا" مرۆڤێکی خۆشهزر و خۆشسەلیقە و کارجوان و بە بەرنامە بوو، ئەوانەی زیاتر لە کاری حیزبیدا کاریان لەگەڵ کردبوو، هەموو شایەتی بۆ پرۆژە و پرۆسە کاریەکانی چ وەک کادری ڕێبەری و پێشمەرگە و چ وەک ڕاگەیاندنکار، هاورێی دەسترەنگین شەهید "مووسا" لە کار و چالاکییەکانی حیزبیدا مرۆڤێکی سەرکەوتوو و بە ڕەوشت و ئاکاربەرز بوو. شەهید "مووسا" گەنجێکی چاوکراوەی کرماشانی بوو، کاتێک بڕیاری بوون بە پێشمەرگە دەدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکرات لەو دیوی سنوورە دەستکردەکان خەریکی خۆپێگەیاندن و کاری سیاسی و ڕاگەیاندن بوو، ئەو بە گشتی ڕێگای شۆڕەسوارنی دێموکراتی گرتە بەر و تاکوو کاتی شەهید بوونی شانازی بە جلوبەرگی خاکیی پێشمەرگانەوە دەکرد.

وەکوو ئەندامی ڕێبەریی حیزب و وەک پێشمەرگەی بە بیروباوەڕ و چەکلەشان لە چوونەوە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوری سەرەکی و باشی دەگێڕا و وەک پارتیزانێکی ئاشنا و لێزان بە کاری پارتیزانی، دەروازەی سنووری دەستکردی دەبڕێ و خۆی لە ئامێزی دایکی نیشتمان و خەڵکی کوردستاندا دیتەوە و بوێرانە ئەرکە حیزبییەکانی خۆی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی

کوردستاندا ڕادەپەڕاند.

لە کاری وێنەگری و کاری فیلمهەڵگرتنەوە و درووست کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا کەسێکی دەسترەنگین و جوانکار بوو، ئەخلاق و خوو و رەوشتی شۆڕشگێڕانە و کاری بەردەوام و بەدەستەوەبوونی لە کار و ئەرکی حیزبیدا، وایان لە کاک مووسا کردبوو کە هەموو لایەک خۆشیان بوێت و ڕێزی لێ بگرن. ئەگەر لە لایەک بۆ کادر و پێشمەرگە و ناسیاوانی ڕێبەرێکی دیار و جێگەی ڕێز بوو، هاوکات بۆ دوژمن کەسێکی زراوتۆقێن و بە هەیبەت بوو، هەر بۆیە دوژمن لە بیر و هزر و کرداری شۆڕشگێرانەی دەترسا و بۆی لە پیلاندابوو کە بە هەر شێوەیەک و بە هەر نرخێک بێ ئەو گەوهەرەی ناوچەی کرماشان بەدیل بگرێ و یا تیرۆری بکا.

شەهید "مووسا" ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی (١٤٠٠ی هەتاوی) لەلایەن تیرۆریستێکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و جاش و خۆفرۆشێک لە بەرگی هاوڕێیەتی شەهید "مووسا" دا لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری هەولێر شەهید کرا و بەم چەشنە دوژمن لە ڕێگەی ئەم خۆفرۆشەوە بە ئامانجی خۆی کە تیرۆری هاوڕێ "مووسا" بوو گەیشت، ڕاستە شەهید "مووسا" بە جەستە لەگەڵمان نەماوە، بەڵام بیر و هزری شەهید "مووسا" بۆ هەمیشە لەنێو دڵ و دەروونی هەموو لایەکدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی بووەتە ڕێگەی خەباتکاران و شۆڕەسوارانی ڕێگەی ئازادی و بەتایبەت لاوان و گەنجانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی خواروی کوردستان.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێ.

١٣ - ٧ - ٢٠٢٢ ی زائینی

ئەم بابەتەم بۆ کتێبی یادنامەی شەهید "مووسا باباخانی" کە بە زەحمەت و ماندووییبنەناسی هاوڕێی زێدە ئازیز کاک عەلی بداغی ئامادە کراوە و لە ژێر ناوی "سوارەکەی تاق وەسان و بێستوون" بڵاو بووەتەوە، نووسیوە.

٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## دایکێک لە چەشنی دار بەڕووەکانی نیشتمان دایە ئامان

بەداخەوە دایە ئامان گەرمەسێری دانیشتووی گوندی کونەمشکێ، بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی لە ئامێزی بنەماڵەکەیان دا لە کۆیەی حاجی قادر کۆچی دوایی کرد.

دایە ئامان ژنێکی زەحمەتکێش و دونیا دیتوو بوو، زوڵم و ستەمی دوو دەورە حوکمڕانی پاشایەتی ئێران و کۆماری ئیسلامی و حکوومەتەکانی یەک بە دوای یەکی عێراقی دیتبوو. زوڵم و ستەمی دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق وایان لە دایە ئامان کرد بوو کە هەمیشە وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کورد بە دژی ئەو دەوڵەتانە هەنگاو هەڵبێنێتەوە و منداڵەکانی و خزم و کەس و کاری فێری وانەی نیشتمانپەروەری و بوێری بکات.

دایە ئامان مووچە و مەزرا و ماڵەکەی بۆ حاوانەوەی تێکۆشەرانی ساڵانی ٤٧ و ٤٦ هەتاوی تەرخان کرد بوو و دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی ئەوە ڕاستەوخۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی هاندان کە تێکەڵ بە شۆڕش و بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ببن، هەر بۆیە سێ لە کچەکانی بە ناوەکانی فاتم، هەمین و ئامین ڕاستەوخۆ بوونە پێشمەرگە.

دانیشتووانی گوندی کونەمشکێ زۆربەیان تێکەڵ بە شۆڕش بوون و بە یەکەوە بوونە پێشمەرگە و خەڵکی کونەمشکێ لە پێناو گەل و نیشتمان دا چەندین شەهید و زامداریان پێشکەش بە بارەگای بەرزی کوردستان کردوون.

بنەماڵەی "مام عەلی و دایە فاتم"، بنەماڵەی "کاک ڕەحمان مەحموودی و پوور هەمین"، بنەماڵەی "کاک رەسووڵ ئیزەدپەنا و باجە ئامین" زیاتر لە ٤٠ ساڵە بێ پسانەوە پێشمەرگەن و کچەکانی دایە ئامان بوونە جێگای هیوا و ئومێدی گشت لایەک و بە خزمەتە دیار و بەرچاوەکانیان بوونە نموونەی ژنانی نێو شۆڕش.

دایە ئامان بە هۆی ئەوە کە کچەکانی لە نێو ڕیزی شۆڕش دا بوون، بەردەوام لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەلات و باشووری دەبڕی و هەموو ئەو شوێنانەی کە کچەکانی پێشمەرگایەتیان لێدەکرد بە سەر دەکردەوە و لە خۆشی و ناخۆشییەکانی شۆڕش دا بەشدار دەبوو.

دایە ئامان ژنێکی ڕووخۆش و مێهرەبان و بە هەست و سۆز بوو و ژیانی لێوڕێژ لە سەخاوەت و بەخشین بوو، ژنێکی ئیماندار و باوەڕمەند بە دینی ئیسلام بوو، خاوەن هەڵویستی جوانی مرۆڤایەتی بوو و بۆ ئاشتی و تەبایی بنەماڵە و خەڵکی گوند و دەوربەری تێدەکۆشا و هەموو لایەکی خۆشدەویست و خەڵکیش هەم ڕێزیان لێدەگرت و هەمیش خۆشیان دەویست.

دایە ئامان لە ژیانی خۆیدا کەسێکی بێ ئازار و مرۆڤێکی دڵفراوان و دەستگرەوە بوو و نموونەی دایکێکی باش و مێهرەبان بوو، بەداخەوە ماوەی چەند ساڵێک بوو بە هۆی پیری و بە ساڵاچوویی بێ تاقەت و لاواز ببوو، لە لایەن کچەکانی و بنەماڵەکانی مام عەلی و کاک ڕەحمان و کاک ڕەسووڵ و خاتوو ئایشێ کاک برایمی برای چاوەدێری دەکرا و بە دڵەوە خزمەتیان دەکرد، بەڵام ژیانی مرۆڤەکان هەر کۆتایی دێ و مخابن دایە ئامانی ئازیز و خۆشەویستیش دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە ژیان و لە گشت خزم و کەس و کاری کرد.

وەک خۆم قەرزداری چاکە و مێهرەبانی و هەست و سۆزی دایکانەی دایە ئامان و بنەماڵەکەیانم و هیوادارم کە گەلی کورد نموونەی لە چەشنی دایە ئامان زیاتر لە ئامێزی خۆیدا گەورە بکات.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە ئامان لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کچەکانی ( فاتم، هەمین، ئامین و ئایشێ ) و ئەندامانی بنەماڵەکەی لە هەرێمی کوردستان و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گوندی کونەمشکێی شۆڕشگێر، لە هەموو نەوەکانی و خوشک و برا و کەس و کاری دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی دایە ئامان دەزانم.

ڕووحی شاد و جێگەی بەهەشتی خوا بێ و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

**١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

## نەورۆزی کوردەواریتان پیرۆز بێ.

### نەورۆزی ڕزگاری. شێعری: مامۆستا هێمن

بە بۆنەی هاتنی جێژنی نەورۆز، جێژنی ڕەسەن و لە مێژینەی کوردان و نەتەوەکانی دیکە و دەستپێکی ساڵی ٢٧٢٢ی کوردی، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر و ئێوە ئازیزان دەکەم و لە هەمان کاتدا هیوا دەخوازم کە ساڵێکی پڕ دەسکەوت و بەرهەم بێ بۆ گەلی کورد.

هەر لەم بۆنەوە پیرۆزە دا سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ساڵی ڕابردوو دا بە دەستی ڕژێمی نگریسی ئاخوندی شەهید کراون و یا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا لە ژێر توونـدترین ئەشکەنجە دا بەرگریان لە خۆیان و بیروبۆچوونی گەلەکەیان کردووە، سڵاو لە شەهیدانی پێشمەرگە و هەموو ئەو کەسانەی بە دەستی ڕەشی داگیرکەرانی کوردستان شەهید کران و یا بێ سەروشوێن کراون، سڵاو لە خۆراگری پێشمەرگە و خۆراگری خەڵکی کوردستان.

نەورۆزتان پیرۆز و هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز و شادی بێ.

ماڵپەری گیارەنگ

ئەم شێعر و هونراوە جوانەی مامۆستا هێمن پێشکەش بە گشت لایەک

نەورۆزی ڕزگاری. شێعری: مامۆستا هێمن
بە بەرگی سەوزە ڕازاوە قەد و لاپاڵ و شیو و دۆڵ
چرۆی دەرکردووە دار و ملی دا یەکتری گیاوگۆڵ
بەسەر بەفری کەویدا کرد شەماڵی خاکەلێوە خۆڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

چلەی زستانی ناخۆش بوو تەزووی سەرمایە پیاوی سڕ
دەکرد و کووچە و کۆڵان لە بەفر و لیتە بووبوون پڕ
بەهار هات و دەخەملێ کێو و دەشت و بەندەن و لاخڕ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە
بەسۆزەی بای بەیان لێوی کراوە خونچەیی خەندان
لەسەر چڵ بلبلی شەیدا لە خۆشی گوڵ دەڵێ بەندان
بەجێ هات ئارەزووی لاوان و گەرمە کۆڕی گۆوەندان
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە
لە خۆی داوە بەرەڵبێنە کچی کابانی گەردن کێل
بەناز و غەمزە دەڕوانێ، دەکا شینکەی نەرم پێشێل
لەگەڵ بۆنی وەنەوشە تێکەڵاون بۆنی عەتر و هێل
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە
سەری کوێستانی بەرزی کوردەواری تێی نەکەوتووە خاڵ
لە دەشت و بەرپەساران هەڵدراون چادر و ڕەشماڵ
نەمان بێگانە تاکوو جێژنەمان لێ تاڵ بکا ئەوساڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە
حەساوە پیاوی ڕووتوقووت و بێ ئەنوا و بێ ئیروو
ژیاوە گیانلەبەر دیسان، لە کون هاتە دەرێ مێروو
لەسەر گوێسوانە دەخوێنن بەپۆل پاساری و سێروو
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە
لە دنیادا کەمە هاوتای بەهاری جوانی کوردستان
ئەویش ئەوساڵ کە لاییێکی نەجاتی بوو لەژێر دەستان

لە خۆشی ئەو وڵاتە شاعیریش بۆتە هەزار دەستان

ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە

بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

دیوانی تاریک و ڕوون

٢٦ - ٤ - ١٩٤٦

تەورێز

١٨ای مارچی ٢٠٢٢

## یەکریزی سەرکەوتنمان دەستەبەر دەکا.

مێژووی کۆن و نوێی گەلەکەمان پڕە لە خۆڕاگری و بەربەرەکانی بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان، پڕە لە سەرکەوتن و نسکۆ و دابڕان و پاشەکشە، هەموو ئەوانە بە گشتی بۆتە خەباتێکی نەپساوە بە دژی داگیرکەرانی کوردستان.

ئەوەنــدەی دەگەڕێــتەوە ســەر حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتان، بێشـک ئەم حیــزبە داهێــنەر بــووە و دوای دامەزران و دەستبەکاربوونی، هەوڵی داوە کە کۆماری کوردستان، هێزی پێشمەرگە، ئـاڵای کوردستان، خوێندن بە زمانی دایکی و دام و دەزگای خۆبەڕێوەبەری درووست بکا و هەنووکەش وەک داکۆکیکاری ئەو دامەزراوانە خەبات دەکـا، یەکەم حیزبی کوردی بـووە بە مێژوویەکی نزیک هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشانەوە. فەلسفەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات بۆ بونیادنـانی کۆمەڵگایەکی یەکسان بـووە و بیری حکوومەتداری یەکێک لە ئامانجە سەرەکی‌یەکانی بـووە و بۆ دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ.

لە مـاوەی زیـاتر لە سێ چـارەگە سەدە دا، حیزبـی دێمـوکرات گەلێک شـانازی گەورەی خوڵقانـدوون، سەربەخۆیی فکری و بڕیاردان، درێژەدانی خەباتی نەتەوایەتی لە ژێر هەموو قەیران و باردۆخێک دا و پشتیوانی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانەی بەرحەق بوونی خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبەیە.

ئەگەر لە لایەک حیزبی دێموکرات ساحەب پێگە و خەبات و تێکۆشانێکی درەوشاوەیە لە هەمان کاتیشدا حیزبی دێموکڕاتی کوردسـتان بـێ کەموکـوڕی نەبـووە و هـیچ کـاتیش خـۆی لە کەم و کوڕی‌یەکـان بێبەری نەکـردووە و هەوڵـی داوە کە کەم و کوڕییەکان بە پێی توانا و هەلومەرج چارەسەر بکات.

یەکێک لە کەم و کوڕییەکانی حیزبی دێموکرات بە یەکەوە نەحاوانەوە و لەتبوونی حیزبـی دێمـوکرات بـووە و ئەوەش بـۆتە جێگای نیگەرانی و زیان و زەرەر لە شۆڕش و بزووتنەوەی کورد و لە خودی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

وەک دیاردەی باش، هەموومان باس لە یەکریزی و یەکگرتن دەکەیـن و بەرژەوەنـدی گشتیمان لە لا زۆر گرینـگ بـووە، بەڵام بەو حالەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندجار تووشی لەتبوون بووە و دوای ماوەیەک دوور لە یەکتر کار کردن،

جارێکی دیکە بە هەوڵ و هیممەتی هەمەلایانە وەسەریەک کەوتۆتەوە.

بێ شک وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات ( حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ) گوڕ و تینی زیاتر بە ڕەوڕەوەی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشی و هیوابەخش و خەڵک پەسەندە و هەر بۆیەوش کاریگەری لە سەر هەموو جۆرە خەباتەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان و بزووتنەوە نێوخۆی‌یەکان دەبێ و هاوکات لە باری کاری دیپلۆماسی و خەباتی سیاسی و مێدیایی لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەی کوردستانیش دا ئادرەسێکی بەهێز دەبێ بۆ پەیوەندییەکان و بۆ دیالۆگ لەگەڵ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پێ ڕاگەیشتن بە دۆزی ڕەوای کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

لەم پەیوەندی‌یەدا پێشتریش حیزبی دێموکرات بە هۆی بوونی سیاسەتێکی ئووسوڵی و سەردەمیانە و بە هۆی کاریزمابوونی ڕێبەرانی شەهیدمان قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و پێداگری حیزبەکەمان لە سەر پشتیوانی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ وەک یەکێک لە حیزبە کوردستانی‌یەکان لە دونیای دەرەوە سەیری کراوە. بێشک ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ کاری پەیوەندییەکان و دەبێتە هێز و گوڕ و تینی زیاتر بۆ شۆڕشگێران لە بازنەی کاری حیزبی و غەیرە حیزبیدا.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان خەباتی نەتەوایەتیمان پتەوتر دەکا، بازنەی کاری ڕێکخراوەیی حیزب بەرفراوانتر دەکا، هیوا و ئومێدی تازە بە خەڵکی کوردستان دەبەخشێ و خەڵکیش زیاتر لە جاران خۆیان لە نێو حیزبی یەکگرتوودا دەبینێتەوە. خەڵکی کوردستان خەبات و کار و چالاکی‌یەکانیان زیاتر و زیاتر دەکەن و لە هێژموونی خۆیان بۆ بەرگری لە کەیانی کورد و ویست و داخوازی‌یەکانیان زیاتر لە پێشوو کەڵک وەردەگرن و پشت ئەستوور بە یەکریزی و یەکگرتوویی مەیدانی خەباتیان بەربەرینتر دەکەن.

ئەگەر یەکریزی نێومالی کورد و بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات لە لایەک بۆ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کورد جێگەی خۆشحاڵی‌یە، بێشک بۆ دوژمنانمان و بۆ داگیرکەرانی کوردستان جێگەی نیگەرانی و مایەپووچی‌یە، دوژمنانمان بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێش بە یەکریزی نێومالی کورد و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بگرن و وەک شەمشەمەکوێرە لە شەوی تاریک دا زەربەی خۆیان بوەشێنن و نەهێڵن کە یەکریزی کورد لە هیچ یەک لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەر بگرێ و بە درووست کردنی رایەڵەی جۆراوجۆر کار بۆ لێکترازانی زیاتری نێومالی کورد بکەن.

ئەرکی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو، (حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران) تەنیا وەسەریەک خستنەوەی دوو باڵی حیزب

نییە، بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی دیکەی ئەوەیە کە بەرنامەی بۆ یەکریزی نەتەوەیی بە هەموو ڕەنگ و چین و توێژ و ئایین و بیروباوەڕێکەوە هەبێ و بتوانێ لە داهاتوو دا بە بێ جیاوازی کار بۆ وەسەریەک خستنەوەی نێومالی کورد بکا و ببێتە پێشەنگی درووست کردنی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەم چەشنە پیلانەکانی ڕژێم پووچەڵ بکەنەوە و ئامانجە چەپەڵەکانیان بکەنە بلقی سەرئاو.

بژی یەکریزی و یەکدەنگی و یەکگرتووی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی

بۆ پێشەوە بەرەو پتەوتر کردنی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

۵ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## کاک حوسێن ئیبراهیمیان لە تەمەن دا لە جێگەی بابمان بوو.

هاوین و گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی بوو، ماوەیەک بوو لەگەڵ هاوڕێیانی تیمی تەشکیلاتی نێو شاری سەردەشت، هاوڕێیانی لە گیان شیرین‌ترم کاک حەسەن خۆشکەلام و کاک حوسێن حەسەن‌زادە لە مەئموریەتی حیزبی دابووین، چەند ڕۆژ بوو، لە گوندەکانی دەوروبەری شار خۆمان دەحاوەندەوە و سەردانی گوندەکانی گۆرانگان، کۆنە شینوێ، شینوێ، بێزیلێ، باغی، قولتێ، شیواشان، کەوەنە و دۆڵی باسکەدۆ، نەنی‌یە و مووچە و مەزرا و باخەکانی دەوری شارمان دەکرد و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەندامان و باوەڕپێکراوانی ئەو دەڤەرە دیدارمان دەکرد.

لە ڕێگای هەستە و تیمەکانی نێوشار زانیاریمان لە سەر ڕژێم و کار و کردەوەکانی جاشەکان و ئیدارەکانی حکوومەتی کۆدەکردەوە و لەگەڵ ئەندامان و لایەنگران و باوەڕپێکراوەکان و دڵسۆزان لە دیداری بەردەوام دابووین.

چوونمان بۆ نێوشار بە مەبەستی دیدار نوێ کردنەوە بوو لەگەڵ هاوڕێیانی نیوشار، ئەوانەی کە ماوەیەک بوو یەکترمان نەدیتبوو، دیدار نوێکردنەوە و پێسپاردنی کار و ئەرکی حیزبی یەکێک لە کارەکانی تیمی تەشکیلاتی نێوشار بوو و ئەوەش زۆرجار دەبوو ئێمە وەک کادرەکان مایە لە ژیانی خۆمان دابنێین تا بتوانین سەردانی نێو شار بکەین و چەند ڕۆژ و حەوتوویەک لە نێو شار دا بمێنینەوە و هەم ورە بە ئەندامان ببەخشین و هەمیش ئەرکی پێشمەرگانەی خۆمان بەڕێوەببەین.
حەوتووی سێهەمی مانگی گەلاوێژە لەبەر پایەگای کانی‌بۆگەن دانیشتبووین هەر سێکمان تەگبیرمان دەکرد کە سەرەتاکانی چوونە نێوشارمان لە کوێ بین و دواتر لە کوێ سەر وەدەر بنێین، پلانمان بە تەواوی داڕشت بوو، بە هۆی ئەوە پێشتر تفەنگ و خەشاب و فیشەکی زۆرمان لە نێو شاری دا هەبوو، ساخ بووینەوە و بریارمان دا کە تفەنگەکانمان نەبەینە نێو شار، لە شوێنێکی تایبەت ڕەخت و تفەنگ و کۆڵەپشتی‌یەکانمان لە نێو دار و دەوەنەکان دا شاردنەوە و تەنیا دەمانچەکانمان و چەند نارنجۆکێکمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتن و دواتر بە چاوساخی خۆشەویستانمان کاتژمێر ١١ی بەیانی بە پیاسە و قەدەم لێدان چوینە نێوشار و لە نێو ئاپۆڕای باوەڕپێکراوەکانی خۆمان دا جێگامان بۆ خۆمان دیاری کرد.

ئەوەی کە کادرەکان بۆ چوونە نێو شار چەندە کۆسپ و تەگەرەیان لەسەر ڕێگا بوون لە باسکردن نایە، زۆربەی کاتەکان بە شەو دەچووینە نێو شار و ئەگەر بە شەو بە هۆی کەمینی زۆر نەمان توانیبا بچینە نێو شار، حەتمەن بە ڕۆژ دەچووینە نێو شار، چوونە نێو شار زۆر ئاسان نەبوو، ڕژێم بەردەوام بە ڕۆژ و بە شەو لە کەمین دا بوو، دەوری شار بە پایەگا و مۆڵگە

و پۆستی بازرەسی و چاوەدێری و هەروەها گەشتی نێو شار تەنرابوو. جاش و سیخوور و بەکرێگیراوی خۆجێیی بۆ خۆش خزمەتی چاویان لە سەر زۆرێک لە خەڵکە دڵسۆزەکان بوو، هەر بۆیە بەردەوام دەبوو ئێمەش خۆمان بەڕۆژ بکەینەوە و زانیاری زیاتر وەر بگرین.

بە هۆی ئەوە هەموومان خەڵکی شار و دەوروبەری شار بووین، کۆڵان و شەقامەکان و شوێنە گشتییەکانمان دەناسی و تەنانەت زۆرێک لە ماڵەکانی سەردەشتی ئەو کاتمان بە ژمارە ماڵەکانەوە دەناسی. شکمان لەوە دا نەبوو کە ڕژێم هەستی بە بوونی ئێمە کردبوو، چوونکە پێشتر گوندەکانی دەوروبەری شار گەڕابووین و ئەوانیش بە بوونی ئێمەیان زانیبوو، هەر بۆیە هەوڵیان دەدا کە لە داومان بخەن، چەند ڕۆژ لە نێو شار بووین، پێشوازی چاکمان لێکدەکرا و بە دیدارەکانمان دڵخۆش بووین، دوژمن ئەو گەڕەکانەی کە لێیان مەشکووک بوو دەگەڕا و یا بە نەهێنی بە جلوبەرگی خۆماڵی بە ماتوور سیکلیت و ماشێن لە کۆڵانان دەگەڕان و چاوەدێریان بە سەر خەڵکەوە دەکرد.

وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا چوونە نێو شار کەند و کۆسپی زۆر بوون و هاتنە دەرەوەش زۆر لە چوونە نێو شار دژوارتر بوو، دوژمن هەموو شوێنێکی لە ژێر چاوەدێری خۆی گرتبوو، ئێمەش هەروا لە نێو دەریای بێ سنووری خەڵکەکەمان دا سەرمەست و دڵخۆش بووین و زۆرجار بە دەربرینی هەستی خۆمان ورەمان بە خەڵکەکەش دەبەخشی و ئەوانیش ئامێزیان چاکتر بۆ ئێمە دەکردەوە.

بەرەبەیانی‌یەکی زوو تازە خۆرەتاو لووتکەی گردەسووری ڕووناک کردبوو، لە دەم پەنجەرەیەک ڕوو بە حەوشە دانیشتبووم، چاوەروانی ئەوە بووم ساحەب ماڵ لە نوێژی بەیانی بگەڕێتەوە و مەئموریەتی پێ بدەین کە کارێکمان بۆ بکات، لە پڕ دەرگای حەسار کرایەوە و لە چرکەیەک دا ساحەب ماڵ لەگەڵ بابی ڕەحمەتیم وەژوور کەوتن، هاوڕێیان حوسێن و حەسەن دەیانزانی تووڕە دەبم و داوایان لێکردم کە لە سەرەخۆ بم.

بابم و خانەخۆیەکەمان وەژوور کەوتن، بابم ئامێزی بۆ هەر سێکمان کردەوە و تێر ماچی کردین، دیار بوو کە دەترسا، ناحەقی نەبوو، منیش لەو نارەحەتتر بووم، چوونکە حکوومەت زۆر بە توندی چاودێری بنەماڵەی کادرەکانی دەکرد و هەر بۆیە لە بابم و لە خانەخوێکەمان نارەحەت بووم و پێم گوتن لەگەڵ ئەوەدا بە دیتنتان خۆشحاڵ بووین بەڵام کارەکەتان لە جێگای خۆی دانەبووە و مەترسیتان هەم بۆ ئێمە و هەمیش بۆ خۆتان درووست کردووە، هەر چۆنێک بوو نزیک نیو کاتژمێر کەمتر یا زیاتر بابم لە لامان مایەوە، پێش ڕۆیشتن گووتی کە دەبێ بە زووترین کات بچنە دەرەوەی شار، لێتان دەگەڕێن و هەندێک ڕێنوێنی کردین و گووتی وەسیلەی چوونەدەریش ئامادە کراوە و ڕۆیشت.

هەر سێکمان لە فکری ئەوە دا بووین کە بە زووترین کات جێگۆڕکێ بکەین و یا لانیکەم لە شار بچینە دەر، ڕاوێژ و تەگبیرەکانمان وەک یەک بوون، کاتژمێر نزیک ١١ی بەیانی ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژ هەر سێکمان بە ئەسپایی ماڵئاواییمان لە خانەخۆیەکەمان کرد و هاتینە کۆڵان و بێ ترس و خۆف چەند کۆڵانێکمان بڕین و گەیشتینە شوێنی مەبەست. لە سەر شەقامی گشتی ماشێنیکی باری گەورە چاوەڕوانی دەکردین.

قەلافەتێکی مێرانەمان لێ دەرکەوت، کاک حوسێنی عەولا چەتەی بە ماشێنێکی گەورەی ١٠ تۆنی ڕاوەستا بوو، بۆ ئەوەی کەس شک نەکا بۆچی لەو شەقامە رایگرتووە، کاپووتی ماتۆری ماشێنەکەی هەڵدابۆوە، دەرگای لای شاگردی کرد بۆوە، هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت، گووتی سەرکەون، سێ کادری حیزبی، سێ کەس کە دەوڵەت ئامادە بوو بە مێلیۆنان پووڵ بدا بە کەس و یا کەسانێک کە شوێن پێیان هەڵبگرێ و لە داویان بخا، کاک حوسێن بە ورە بەرزیەوە گووتی: بابم بە قوربانتان بێ خۆتان شلوێ مەکەن سەریش دامەخەن، وەک ئاو خواردنەوە وایە و چاوێکیش لە دەوروبەری خۆتان بکەن، ئیشاڵلا هیچ نابێ، ئەگەریش شتێک بوو، ئەوە لە فکری دەرباز بوونی خۆتان دابن و خەمی منتان نەبێ.

بۆ چوونە دەر لە شار دەبوو ڕاستەشەقامەکانی شار ببڕین، ماشێنێکی گەورە و سرنج ڕاکێش و شاریش جمەی دەهات لە خەڵک دا، شەقامەکان بۆ کڕین و فرۆشتن پڕ بوو لە خەڵک، ماشێنەکە دەبوو لە سەرەخۆ بڕوات هەر چۆنێک بێ خۆمان لە بەردەم پرسگەی خانە موعەلیمان دیتەوە، دەستمان لە سەر دەمانچەکانمان بوو، لەوێ ڕایان نەگرتین و ماشێن بەرەوە ڕەزی جۆلای و مەلا پیرەی بەڕێوە بوو، ئێستا دڵەڕواکەمان کەمتر بوو چوونکە لانیکەم گەیشتبووینە شوێنێک کە کەمتر خەڵکی لێبوو، لە تەنیشت پۆمپی بەنزینی مەلا پیرە پرسگەیەکی زۆر نالەبار و دڕ و توندی لێبوو، لەوێ دەبوو زۆر وریا بین، دەست لە سەر دەمانچە و توند و تۆڵ ئامادەی بەگژ داچوونەوە بووین، نیگەبانەکان ماشێنەکەیان ڕاگرت، کاک حوسێن وەک هەمیشە بە ڕووخۆشی و بە ورە بەرزی گووتی هیچ نییە و خەمتان نەبێ، ماشێن دەنگێکی لێهات و ڕاوەستا، ماشێنەکە بەرز بوو، کاک حوسێن لە سەرەوە را بە سەر دوو نیگابانەکاندا زاڵ بوو، پەنجەرەی ماشێنەکەی کردبۆوە، بە فارسی پێیان گووت: " حاجی کجا میری، چی بارکردی"؟ واتە حاجی بۆ کوێ دەچی و چت بار کردووە؟ لە سەرەخۆ گووتی: " سە کارگر دارم و میرم ماسە بار کنم" واتە سێ کرێکارم لەگەڵن و دەچم خیز و لم بار دەکەم و بە یەک دوو قسەی خۆش بە لارێیدا بردن و سەربازەکان دەستیان هەڵێنا و گووتیان فەرموو بڕۆ.

ئەوەی کە کاک حوسێن لەم ڕۆژەدا و بە ڕۆژی ڕوون کردی یەکەمجاری نەبوو، بەڵکوو چەندین جاری دیکەش بە مایەدانان لە گیانی خۆی گیانی ئێمە و کادرەکانی دیکەی ڕزگار کردبوو، لە ماوەی ڕێگا دا هەندێک نەسیحەت و ڕێنوێنی کردین و دواتر پێش ئەوەی بگەیینە باسکەدوو ئێمەی لە ئامێز گرت و ڕۆیشت، ئێمە شۆڕببووینەوە بۆ دۆڵی خڕێ مسێس و خدراکۆ و

سێ‌کۆیان، دەنگی سیگناڵی ئەو ماشێنە گەورەیە دەر و دۆڵەکەی پڕ کردبوو، تا ئێمەی لە چاوان وون بوو نەڕۆیشت و ئێمەش بەرەوە شوێنی دیاری کراو و هێنانەوەی تفەنگەکانمان کەوتینە ڕێ، کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ لە یەکێک لە مووچەکانی ئەو دۆڵە پڕ سەوزەڵان و دارستانەدا میوانی خۆشەویستانی دیکە بووین و جەولە و مەئموریەتی خۆمان درێژە پێدا.

کاک حوسێن و کاک حوسێنەکانی دیکە سەربازانی بێ ناو و نیشانی گەلەکەمانن، ئەو کارە پڕ مەترسی‌یەی کاک حوسێن یەکەم جار نەبوو پێشتریش بە هەموو شێوەیەک خزمەتی بەرچاوی بە کادرەکان و شۆڕش و حیزبی دێموکرات کردبوو، ئەوە قەترەیک لە دەریای خزمەتەکانی کاک حوسێن بوو، کاک حوسێنەکان بوون کە ئێمەیان لە زاری ئەژدیها دا دەپاراست، ئەوان بوون کە ڕێگەی خۆشەویستی و ئازادیان بۆ واڵا دەکردین و بە مایە دانان لە ژیانی خۆیان پردی پەرینەوەیان بۆ دروست دەکردین، حەق نییە زەحمەتەکانیان لە نێو کۆمەڵگا دا ڕەنگ نەداتەوە، حەق وایە کە هەموو لایەکمان گەورەیی و چاونەترسی کاک حوسێن و هەموو خوشک و کاکەکانی وەک کاک حاجی حوسێنی ئیبراهیمیان بە بەرزی بنرخێنین و یاد و ناویان بکەینە چرای ڕووناکی خەباتمان، حەیف کە بە هۆی بوونی دەوڵەتێکی زاڵم و دیکتاتۆر ناتوانین وەک پێویست ڕێز لە کاک حوسێن و هەموو ئەوانەی ئێستا وەک کاک حوسێن بە ساڵداچوون و پێشتر و ئێستاش هەر پشتیوانی سەرەکی جووڵانەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بگرین.

بێ‌شک ئێمە شۆڕشگێران قەرزداری گەورەیی، دڵفراوانی و بوێری کاک حوسێن و خۆشەویستەکانی دیکەمانین، بە هۆی ئەوە کە بابەتەکەم درێژ نەبێتەوە و لە سەر ئیزنی هاوڕێیان خۆشکەلام و کاک حوسێن حەسەن‌زادە ناچمە نێو هەموو ڕووداوەکانی ئەو جەولەیە و بە نوێنەرایەتی هەر سێکمان سەری ڕیز بۆ گەورەیی کاک حوسێن و خۆشەویستانی دادەنوێنین و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی دەگرین.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە کاک حاجی حوسێن ئیبراهیمیان، ناسراو بە حوسێنی عەوڵا چەتەی خەڵکی شاری سەردەشت دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی ڕۆژی ٠٤ ـ ٠٩ ـ ٢٠٢٢ ی زائینی لە ئامێزی بنەماڵەکەی دا کۆچی دوایی کرد.
کاک حوسێن مرۆڤێکی ماندوویینەناس و خۆشەویستی شاری سەردەشت بوو، لە مێژ ساڵ بوو لە ڕێگای دۆستایەتی لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیم دەمناسی و سایە و سێبەری لە سەر سەرمان بوو. کارەکانی هێندە زۆرن کە ئەو بەشەی کە ڕووی لە کاری سیاسی بوو نووسیم، هەر بۆیە لە کەم و کوری‌یەکانی داوای لێبوردن دەکەم و داوا لە خۆشەویستانی سەردەشتیش دەکەم کە کارەکانی وەک خزمەتی شار و ژینگە پارێزی و مەسەلە کۆمەڵایەتی و هاریکاریەکانی لەبیر نەکەن و ڕێز لە گەورەیی بگرن و بێ‌شک کەسانی دیکەش هەن کە بەداخەوە ناتوانین ئێستا هیچیان لە سەر بنووسین و حەزیشمان نەدەکرد لە کاتی مردن

دا باسەکانمان بنووسین.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان لە کوڕ و کچ و نەوەکانی و لە خوشک و براکانی و بە تایبەت کاک فەتحوڵڵای هەمیشە پێشمەرگە و گشت ئازیزان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمی کۆچی دوایی کاک حاجی حوسین دەزانین.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## سادق بە مانای وشە بۆ یادی سی ساڵەی شەهید دوکتور شەرفکەندی

شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی یەکێک لە دیارترین ڕێبەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد بوو، کە توانی زانست و لێزانی و پسپۆری زانکۆ و مامۆستا تێکەڵ بە شۆڕش و بزووتنەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بکا.
شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەو دەگمەنە ڕێبەر و شۆڕشگێرانە بوو کە وتار و قسە و لێدوانەکانی لە گۆڕەپانی سیاسەت دا بە کردەوە بوو، واتە هەر پلان و بەرنامەیەک لە وتەکان و لە قسەکانی دا ڕوو بە دونیای دەرەوە و ئێران و کوردستان و نێوخۆی حیزب کردبا، بۆ خۆی پێشەنگی ڕاپەڕاندنی ئەو وتە و قسانە دەبوو کە باسی لێوە کردبوون.

لە باری نەتەوەییەوە لێدوانەکانی پڕبوون لە ئەزموونی شۆڕشەکانی پێشوو و بە پشت بەستن بە ڕابردوو و لە ژێر ڕووناکایی و هێژموونی شۆڕشەکانی پێشوو و بە دەرس وەرگرتن لە شۆڕشەکانی گەلانی دیکەی جیهان، وانەکانی خۆی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی و دەورەی کادرەکان دا بە لێزانی و پسپۆرییەوە دەگووتەوە.

شەهید دوکتور سادق وەک مامۆستاییەکی بە ئەزموون و بە پێشینەی مامۆستایەتی زانکۆوە، دەرس و وانەکانی فێری کادر و پێشمەرگەکان دەکرد و لە کاتی وانە گووتنەوە دا لێو بەبزە، هەڵسوور و ماندوویینەناسانە ئەرکی مامۆستایەتی خۆی بەجێ دەگەیاند.

شەهیدی سەرکردە، پلە و پایەکانی زانکۆی بەجێ هێشت بوو بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگەیەک لە چیاکانی کوردستان خزمەت بکا، کاتێک وەک ئەندامی ڕێبەری و جێگری سکرتێر و دواتر وەک سکرتێر سوکانی شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دەستەوە گرت، پلە و پایەکانی خۆی بۆ خزمەتی زیاتری حیزبەکەی و نەتەوەکەی تەرخان کرد و هیچ کات لە پلەکانی خۆی بە قازانجی شەخسی کەڵکی وەر نەگرت، بەڵکوو بە پێچەوانە وەک کادر و پێشمەرگە لە نێو بنکە و بارەگاکانی حیزبدا دەژیا، خاکی و خاکەڕایی، زیت و وریا و چاوکراوە لە گەڵ هەموو لایەک هەستان و دانیشتنی هەبوو.
لە کاتی پشوو دا سەردانی بنکە و بارەگاکان، نەخۆش و بریندارەکان، بنەماڵە و شوێنە گشتییەکان، قوتابخانە و فێرگە و تەنانەت ئاشپەزخانەشی دەکرد. نان و خوانی لە ساڵۆنی گشتی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان بوو، لەگەل پیر و بە ساڵاچووەکان، منداڵ و گەنجەکان، دیپلۆمات و کەسایەتییەکان، بە گشتی لەگەل کوڕ و کچەکان و خوێندەوار و نەخوێندەوار، زمانی تایبەت بە خۆی هەبوو، بە گشتی خەمی لە بوون و نەبوونی گشت لایەک دەخوارد.

شەهید دوکتور لە وتار نووسین و وەرگێران دا دەستێکی باڵای هەبوو، کاتەکانی خۆی بە بێکاری تێپەڕ نەدەکرد و لە نەبوون دا بوونی ساز دەکرد، ڕێزی زۆری لە پێشمەرگە دەگرت، لە بەرامبەر کەم کاری و کەم تەرخەمی دا، بێ هەڵوێست نەدەبوو، لێپرسینەوە و بەدوا داچوون بۆ کارەکان یەکێک لە ئەرکەکانی بوو، کات ناس و بە دیققەت بوو، لەگەڵ نان بە قەرزدان نەبوو، جیددی و ساحەب هەڵویست و ساحەب بڕیار و قسە بوو، ترس و خۆف و بێ هیوایی لە لای ئەو هیچ مانای نەبوو، مرۆڤێک بوو بۆ هەموو سەردەم و وەرزەکان پلانی تایبەت بە خۆی هەبوو، لەگەڵ هاوکار و هاوژوورەکانی وەک یەک دەژیا، ژینگەپارێزی و پاک و خاوێنی وەک یەکێک لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی سەیر دەکرد و بەردەوام لە هەموو بوارەکان دا خۆی بەڕۆژ دەکردەوە و بە چەندین زمان گوێی لە ڕادیۆکانی جیهانی دەگرت و لە دونیای دەرەوەش بێ خەبەر و بێ هەواڵ نەبوو.

لە هەموو دەرفەتێک، بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد و بۆ مەسەلە نەتەوەیەکان کەڵکی وەر دەگرت و لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی دا هەوڵی دەدا کە ڕاستگۆیانە و بە بێ ئەوەی ترسی لە قسەکردن هەبێ پرسەکانی تایبەت بە کورد باس بکا و لێدوانی دەدا، لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی سیاسەتی نەدەکرد بەڵکوو سیاسەتی تەنیا لەگەڵ دوژمن و نەیارەکانی دەکرد، گوێی لە دەرد و خەمی هەموو کۆمیتە شارستانەکان و مەلبەند و هێزەکان و بنکەکان دەگرت و لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بە ڕوونی و شەفافی دەدوا، بە گشتی هەموو ئەو کار و هەڵوێستانەی کاک دوکتور سەعید بوونە هێما و ناسنامەی شۆڕشگێری شەهید دوکتور سەعید.

شەهید دوکتور شەرەفکەندی سیما و هێمای نەتەوەیی بوو، لە کاتی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێری دا دەورێکی بەرچاوی لە خەبات و شۆڕشی کورد دا گێرا، سادە و خۆماڵیانە دەدوا و وشە باوەکانی ئینگلیزی کە پڕ بوون لە " ئیزم ، سیسم و نیزم " بە کوردییەکی پەتی بۆ باس دەکردی و وێرای ڕوون کردنەوە لە سەر وشەکان، پێداگری دەکرد کە وشە خاریجییەکان فێر ببین و هەر بە کوردی لە سەر وشەکان بدوێین، کوردی گووتن و نووسینی کوردی لە زمانەکانی دونیای دانەبڕیبوو، بەڵکوو زیاتر لە هەر پێویستییەکی دیکە هەوڵی زیاتری بۆ فێربوون بە زمانەکانی دیکە هەبوو.

دیدار و چاوپێکەوتن و سەردانەکانی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملووی زانا و هەستانەوەی حیزب لەو قەیران و تەنگەژەیەدا نیشان دەدا کە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵ دا چۆن توانی جێگە و پێگەی خۆی و حیزبەکەی بگەیێنێتە چڵەپۆپە. بەداخەوە دەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی دا ئەو مرۆڤە شۆڕشگێر و دیارەی گەلەکەمانی لەگەڵ هاوڕێیان کاک فەتاح عەبدووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک هومایون ئەردەڵان بەرپرسی حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی دۆستی نێزیکی کاک دوکتور و حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانی میکۆنووس لە شاری

بێرلینی ئاڵمان لێستاندین و بە شەهید بوونیان کەلێنێکی گەورە کەوتە نێو حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان.

یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنووس لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.

ئەم چەند وێنەیەش خاکەڕایی و پێسمەرگەبوونی شەهید دوکتور شەرەفکەندی زیاتر نیشان دەدا و سەردانەکانی بۆ بووژانەوە و قەدرزانی لە خزمەتەکانی پێشمەرگە زیاتر نیشان دەدا.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

**کەم ئەندامانی سەنگەر (خاوەن پێداویستی)، وەک هەمیشە هەر لە سەنگەری بەرگری دان**

بەشداری هەزاران کەسی لە کوردانی تاراوگەنشین و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە یادی سی ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس دا نیشانەی دڵسۆزی بە گەل و نیشتمان و بێزاری دەربرینە لە کۆماری ئیسلامی ئێران (دەوڵەتی تیرۆر و ڕەشەکوژی) و خۆشەویستی‌یە بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەم خۆپیشاندان و مانۆڕە گەورەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات، گوڕ و هێز و تینی زیاتر بە خەباتی نەتەوایەتی و خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان دەبەخشێ و دەبێتە هەوێنی خەباتێکی نوێ و سەردەمیانە بە دژی کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی و لە هەمان کاتیش دا دەبێتە هیوا و ئومێد بۆ خەڵکی وازاڵەهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لەم خۆپیشاندانە بەرینەدا یادی تازەترین شەهیدی زوڵم و ستەم خاتوو ژینا ئەمینی ( مەهسا) کە بێ بەزەییانە لە لایەن رژێمەوە شەید کرا، کرایەوە و بەشداران بە گشتی و خاتوونەکان بە تایبەتی بێزاری خۆیان بۆ ئەم کردەوە قێزەوەن و دوور لە مرۆڤایەتیان دەربری.

خۆپیشاندانی ئەمجارە ئەگەر پەیامی یەکریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەگەیاند، لە هەمان کاتدا پەیمان نوێ کردنەوەش بوو لەگەڵ شەهیدانی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی حیزبەکەمان (شەهیدان کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدوولی، کاک هومایون ئەردەلان و کاک نووری دێهکۆردی).

بەشداری هەزاران کەسی ئەم خۆپێشاندانە نیشانەی خەمخۆری ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی گەلەکەمان بوو بە خەباتی ڕەوا و بەرحەقی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە ئەمرۆ حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکا.

بەشداری سەدان کەس لە کەسایەتی‌یە سەربەخۆکانی کوردستان و نیشتەجێ لە دەرەوەی وڵات، بەشداری مێرمنداڵان و گەنجان ، بەتەمەن و بەساڵاچوان، بەشداری بەرچاوی خاتوونەکان، چ وەک ڕەگەزی مێ و چ وەک ئەندامانی چالاکی حیزب

و یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، بەشداری بەشێکی بەرچاو لە توێژەکانی کۆمەڵگای کورد لە تاراوگە نیشانەی خەمخۆریانە بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دا و لە کاتی خەباتی سەخت و دژواری دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ و ٧٠ هەتاوی دا، بە هەزاران ڕۆڵەی کورد لە سەنگەر دا شەهید بوون و بە سەدان تێکۆشەر لە ریزەکانی حیزب دا لە کاتی بەرەنگاری لە بەرامبەر دوژمن دا زۆر بە توندی بریندار بوون و بەشێکیان چەندین ئەندام لە جەستەیان لە دەست داوە و وەک کەم ئەندامانی سەنگەر و شەهیدی زیندووی گەلەکەمان هەنووکەش درێژە بە خەبات و تێکۆشانیان دەدەن.

لەم خۆپێشاندانە دا دەیان و بگرە زیاتر لە سەد کەم ئەندامی سەنگەر لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندان دا بە بڕینی چەندین کیلومیتر بە شەقامەکانی شاری بێرلین دا نیشانی دا کە نەک کەم ئەندام نین بەڵکوو زۆر بە هێز و گوڕ و تینەوە ئامادەگی خۆیان بۆ هەر چەشنە هاوکاری و هاوخەباتی چ لە دەرەوەی کوردستان و چ لە نێوخۆی وڵات دووپات کردەوە.

بڕینی هەزاران کیلومیتر بە ماشێن و کەرەسەکانی دیکەی هاتووچۆ بۆ مرۆڤی ساخ و تەندرووستیش بێ کێشە نییە، بڕینی هەزاران کیلومیتر بۆ مرۆڤ هەم کاتی پێویستی گەرەکە و هەمیش جەستەیەکی ساخ و تەندرووست، هەر بۆیە بڕینی هەزاران کیلومیتر بۆ کەم ئەندامەکان چەند قات زیاتر لە مرۆڤی ساخ و تەندرووست پڕ کێشەتر و سەختتر و پڕ گرفتترە.

وێرای بەرز نرخاندنی بەشداری چالاکانەی هەموو لایەک و سوپاس و ڕێز لە زەحمەتی یەک بە یەکی بەشداربووان، پێم خۆش بوو بەم کورتە نووسینە ڕێز و وەفای خۆم بۆ هەموو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، چ ئەوانەی لە سەنگەری بەرگری دا جەستەیان شەقار بووە و بەشێک لە جەستەیان لە کوردستانی ئازیزدا بەجێماوە، چ ئەوانەی بە ڕووداوی جۆراجۆر و یا بە نەخۆشی کەم ئەندام بوون و لەم خۆپێشاندانە دا بەشدار بوون، دەرببڕم و سەری ڕێز بۆ زەحمەتەکانیان دابنوێنم و پێیان بڵێم کە ئێوە نەک کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت نین بەڵکوو ئێوە خاوەن ئیرادە و ئیمان و گەورەیی تایبەت بە خۆتانن، ئێوە شەهیدی زیندووی گەلەکەمانن، ئێوە خاوەنداری ڕاستەقینەن لە بزووتنەوەی گەلی کورد و لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خاوەنی ئەم حیزبە گەورەن، هەر بۆیە پێویستە کە هەم گەلەکەمان و هەمیش حیزبەکەشمان لە ئێستا و لە داهاتووش دا، ئێوە وەک مرۆڤی خۆنەویستی گەل و نیشتمان چاو لێ بکەن و لە جەستەی زامداری نیشتمان دا جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆتان بۆ دیاری بکەن.

لەوە دڵنیام کە هیچ یەک لە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستییەکانی سەنگەر جیا لە سەرکەوتنی گەلەکەیان و حیزبەکەیان هیچ پلە و پایە و بەرپرسایەتییەکیان گەرەک نییە، بەڵکوو گەرەکیانە کە وەک هەمیشە بڵێن ئەم حیزبە ، حیزبی هەموو لایەکە و ئی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە و چاوەڕوانیمان هەیە کە ئەم حیزبە بۆ هەمووان بێ و ئی هەموانیش بێ، یەکریزی و یەکدەنگی و بە یەکەوە بوون ئازارەکانی کەم ئەندامان و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان کەم دەکاتەوە و هەموو لایەک دڵخۆش دەکا.

ئەم خۆپێشاندانە نیشانی دا کە هەر کات مرۆڤ ئیرادە بکات دەتوانێ کاری گەورە بکات، کاری گەورەش بێ کەم و کوڕی نابێ و ئەم خۆپێشاندانەش بێ کەم و کوڕی نەبوو هەم خاڵی بەهێزی تێدا بوون و هەمیش خاڵی لاواز، گرینگ ئەوەیە کە لە داهاتوو دا بتوانین خاڵە لاوازەکانیش بەهێز بکەین و کەم و کوڕییەکانیش ڕیشەیی چارەسەر بکەین.

لە کۆتایی دای سەری ڕێز بۆ بەشداری هەموو لایەک دادەنوێنم و دووجار و چەند جار بۆ کەم ئەندامانی بەشدار لەم خۆپێشاندانەدا سەری ڕێز دادەنوینم.

زۆر سوپاس بۆ ئەم دیدار نوێکردنەوەیە بۆ ئەو هێز و گوڕ و تینەی کە لە خۆتان نیشان دا، هیوادارم کە لە داهاتوودا کاری گەورەتر بکەین و بە گشتی هیوا دەخوازم کە ئەوانەی لەم سەفەرەدا بە هەر هۆکارێک نەیانتوانی بوو بەشداری بکەن لە داهاتوودا قەرەبووی نەهاتن و بەشداری نەکردنی ئەمجارەیان خۆیان بکەنەوە.

لە داهاتوودا وێنەکان بە گشتی دادەنێم و ئالبۆمیان بۆ دەکەمەوە، سوپاس بۆ ئالین کەریمی کوڕم کە زەحمەتی کێشانی وێنەکانی کێشاوە و سوپاس بۆ ئەوانەی یارمەتیدەر بوون و زۆر وێنە بڵاو بوونەوە، نە من و نە ئالین هەوڵمان نەداوە کە کامێراکەمان تایبەت بە کەس و یا توێژێکی بەشدار زۆم بکەین و هەر بۆیە ئەگەر بەشێک لە کەم ئەندامەکانیش لە وێنەکان دا دیار نین نیشانەی ئەوەیە کە زۆمی کامێرا لە سەر کۆی گشتی بەشدار بووان بووە و هیوادارم کە بەشی ڕاگەیاندن بە ئەرکی خۆی هەستا بێ.

**١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**

## ناکرێ خەڵک بێ چەک و بێ دەرتان بن ،

## عەمەلیاتی سابوتاژ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژێرن.

ناکرێ خەڵک بێ چەک و بێ دەرتان بن ، عەمەلیاتی سابوتاژ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژێرن. سابوتاژ ( Sabotage ) لە زمانی ئینگلیزی دا بە مانای تێکدان ، خەراپکردن و زەربەلێدان. سابوتاژ بۆ زەربەلێدان و بۆ بە چۆک داهێنانی دامەزراوەی نیزامی و سەربازی، بۆ خەراپکردنی دام و دەزگای دەسەڵاتداران و حکوومەت ، بۆ خەراپکردنی کەرەسەی شەرکردن وەکوو تانگ و ماشێنی گەورە و هەندێک شتی لەو بابەتە و یا خەراپکردنی کەل و پەل بە شێوەیەک کە زەربەی ئابووری و یا نیزامی لە دەوڵەت و یا بەرامبەرەکەت بدات و بۆ ماوەیەک بەرامبەرەکەت دەستەوەستان بکات و یا تووشی شۆک و وەستانی بکات.

لە زمانی ئینگلیزی دا وشەی سابوتاژ واتە چالاکی تێکدەرانە و خەراپکردن هاتووە . زۆرجار بە مانای تێکدان، خەراپکردنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی حکوومەتی ، کارخانەیی و زەربەلێدان لە هەموو دامەزراوە حکوومەتی و دەوڵەتی و هێزی سەربازی و تەنانەت بازرگانی و شوێنی کەسابەت هاتووە و ئاماژە بە سەقەت کردنی حکوومەت لە ڕێگای خەراپ کردنی ئاگایانە واتە بە ئانقەست کراوە، چالاکی بە ئانقەست بە مەبەستی بە چۆک داهێنانی بەرامبەرەکەت عەمەلیاتی سابوتاژی پێدەگوترێ.

هەموو ئەو کەسانەی کە ئیرادەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیان هەیە، دەبێ دەست بدەنە دەستی یەک و بە یەکەوە ئەو شوێنانەی بۆ حکوومەت گرینگن و حکوومەت بایەخی زۆریان پێ دەدا سەقەت بکەن، واتە کۆسپ و تەگەرە بخەینە بەردەم شوێنە گرینگەکان. هێندێک دامودەزگای حکوومەتی بۆ ئەوە دەبن کە عەمەلیاتی سابوتاژیان لە سەر بکرێ، وەک ئاگردانی کەرەسەکانی ماشێنی نیزامی ڕژێم، بنکە و بارەگای نیزامی، تێکدانی خەتی تەلەفوونی گشتی نێوان بنکە و پادگانەکان، تەقاندنەوە و سووتاندنی عەمباری تەقەمەنی و خواردەمەنی و کەرەسەی جۆراوجۆری حکوومەتی.

عەمەلیاتی سابوتاژ دەتوانێ ترس بخاتە دڵی سیخور و جاش و خۆفرۆشان، بە سووتاندنی ماشێن و باخ و باخات و خانوو و کەرەسەی خۆفرۆشان بنەماڵەکانیان وەخەبەر بێنین کە ئەوەی دەسوتێندرێ بەرهەمی جاشایەتی و خۆفرۆشییە. ئەوانەی

عەمەلیاتی سابوتاژ بەڕێوە دەبەن، دەبێ چاویان کراوە بێ و بە چەشنێک ئەو کارە بکەن کە زەرەری گیانی بۆ کەسانی دەوروبەر نەبێ و هەروەها مەترسی گیران و کوژران لە سەر خۆیان نەبێ.

قسەی کۆتایی ئەوەیە، عەمەلیاتی سابوتاژ دەتوانێ زەربەی قورس لە دوژمن بدات بە بێ ئەوەی لە چەک و چۆڵ و یا لە عەمەلیاتی نیزامی دا بەشداریت کرد بێ، زۆرجار بە چەند لیتر بەنزین و یا نەوت و گاز دەتواندرێ زەربەی قورسی ئابووری لە پەیکەری لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی بدرێ، لە هەموو ئەو حالاتانەدا دەوڵەتێک بۆ خەڵک نەبێ پێویستە خەڵک عەمەلیاتی سابوتاژی لە سەر بەڕێوە بەرن بۆ ئەوەی بە چۆکیدا بێنن.

هەڵبەت شوێنە گشتییەکانی وەک مۆزەخانە، سینەما، پارک، باخە گشتییەکان و سەیرانگا و هێندێک بنکە و بارەگای وەک نەخۆشخانە و قوتابخانە و زانکۆکان و هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتی گشتی دەکەن ملکی هەموومانن و دەبێ لە لایەن خەڵکەوە پارێزراو بن و نابێ بخرێنە ئەو چوارچێوەیەوە.

سەرەتای شەڕی ئۆکراین دژی ڕووسیە باشترین چەکی خۆماڵی و دەستی بوو بۆ بەرگری.

سالانێکی دوور و درێژە لە جیهان دا و لە شۆڕشەکاندا کەڵکی لێ وەر دەگیرێ.

**تێبینی**: زۆر پێویستە کە هەم وریایی خۆت بپارێژی و هەمیش بە چاوکراوەیی بۆ دام و دەزگاکانی حکوومەتی دیکتاتۆری ئێران کەڵکی لێ وەر بگری.

زانیاری زیاتر لە ماڵپەری گوگل بخوێننەوە.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## لاوان و گەنجانی نیشتمان، کچان و کوڕانی دڵ پڕ لە ئازادی نیشتمان!

بەر لە هەموو شتێک پێویستە کە بەوپەری وریایی و وشیاری‌یەوە درێژە بەم ڕاپەڕینە بدەن.

بۆ ئەوەی ئەم راپەرینە دەسکەوتی مێژوویی هەبێ زۆر پێویستە کە بەر لە هەموو شتێک چ بە ڕۆژ و چ بە شەو لە سەر شەقام و لە شوێنە گشتی‌یەکان بە یەکەوە بن و ئەوەندەی بۆتان دەکرێ هەوڵ بدەن کە ئەو کارانەی خوارەوە بکەن.

❊ لە هیچ شوێنێک بە تەنیا و بە چەند کەسی بەگژ هێزی زۆر و زەبەلاحی دوژمن دا مەچنەوە و هەوڵ بدەن وەک دەریا بە خرۆش و پڕ شەپۆل بن، واتە (بە شێوەی جەماوەری و گشتی لە مەیدان دابن).

❊ یەکریزی و یەکگرتوویی ئێوە دەتوانێ دوژمن بە چۆک دابێنێ و لە مەیدان دا شکستی پێ بهێندرێ.

❊ هەوڵ بدەن زەربەی یەکەم لە خۆفرۆشان و جاش و سیخورەکان بدەن.

❊ ئەگەر زەربەلێدان لە خۆفرۆشان بۆتان زەحمەتە، هەوڵ بدەن سەروەت و سامانیان، باخ و باخاتیان، ماشێن و خانوو و کەرەسەی ژیانیان بسوتێنن و یا بتەقێننەوە، چوونکە سەروەت و سامانی خۆفرۆشان بە خۆفرۆشی وەسەریەک نراوە.

❊ لە کاتی بوونتان لە سەر شەقام و خۆپێشاندانەکان دا بە دەم و چاوی داپۆشراو بەشداری بکەن.

❊ لە کاتی برینداری دا هەوڵ مەدەن هەمووتان لە دەوری بریندارێک کۆببنەوە، بەڵکوو بە چەند کەسێک بریندارەکە لە شوێنی ڕووداوەکە دوور بکەنەوە.

❊ لە کاتی گرتنی ڤیدۆکانتان دا هەوڵ بدەن لە خوار دەم و چاو را فیلم هەڵبگیرێتەوە و یا لە پشتەوە را گرتە ویدیۆکان بگیرێن.

* لە کاتی گرتنی ڤیدیۆکانتان دا تەنیا ناوی شارەکەتان و شەقامی شارەکەتان بڵێن و لە تەوزیعاتی زۆر خۆ ببوێرن.

* بۆ بەگژ داچوونەوە لە هەموو کەرەسەیەک کەڵک وەر بگرن و بە گشتی پارێزگاری لە خۆتان و لە هاورێیانتان بکەن.

* لە کاتی ناردنی گرتە ویدیۆکانتان دا هەوڵبدەن دواتر بیان سرنەوە و مەترسی لە سەر دەوروبەری خۆتان کەمتر بکەنەوە.

بە هیوای سەرکەوتن و بە هیوای گەیشتن بە لووتکەی ئازادی و سەربەستی.

ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییە کە کوردانی تاراوگە نشین پشت و پەنای ئەو بزووتنەوەیە ( شۆڕشی ژینا ) بن.

حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەکگرتووتر لە پێشوو دەنگی دلێری ئەو بزووتنەوەیە بن و شۆڕشی ژینا بن.

۲۲ی سێپتەمبەری ۲۰۲۲

---

## مەرگ و نەمان بۆ کۆماری پەت و سیدارەی ئیسلامی ئێران

ڕووحی شەهیدانمان شاد و سەنگەری خەبات و تێکۆشانتان هەر ئاوەدان بێ.

هێرشی ئەمجارەی کۆماری جەهل و نەزانی بۆ سەر بارەگا و کەمپەکانی شۆڕشگێرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و پاک بوو بە هۆی شەهید و بریندار بوونی پۆلێک لە کوڕ و کچ و ژن و منداڵی نێو کەمپەکان.

شەهید بوونی چەند کادر و پێشمەرگە و چەند هاوڕێی تێکۆشەر و لە نێو ئەوان دا دوو ژنی شۆڕشگێر و بوێر جارێکی دیکە قەڵای لەگیران نەهاتووی دێموکراتمان لە ٨ی سپتامبری ٢٠١٨ی زائینی وەبیر دێنێتەوە.

هەر وەک چۆن نە پێشتر و نە ئەو کات بە چۆک دا نەهاتوین ، بە دڵنیایەوە ئەمجارەش حیزبەکەمان و گەلی کورد بە چۆک دانایە و هەروا پێشەنگ و پێشرەوەی خەبات و شۆڕش دەبین و تا سەرکەوتن هەنگاوەکانمان هەروا توندتر دەکەین. دوژمن خەیاڵت خاوە!! نە بە مووشەک و نە بە تیرۆر، نە بە لێدان و ئەشکەنجە و سەرکوتی خەڵکی ڕاپەریوی کوردستان ئەم شۆڕش و ڕاپەرینە سەرکوت ناکرێ، دڵنیا بە کوردستان هەروا بە پێوە دەبێ و هەروا چەقڵی چاوی دوژمنان و کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ.

هەروەک چۆن ژینا بوو بە ژن، ژیان، ئازادی، نەسرین و سەهەیلا بوونە ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی کوردستان، ئەمجارەش هاجەر و ڕێحانە پێشەنگی شۆڕش و سەنگەری بەرگری دەبن و نامرن.

ئەمڕۆ لە کاتی شەهیدبوونی ڕێحانەش دا کۆرپەیەکی کوردی گورد کە هەڵگری خوێن و ریشەی ڕێحانە بوو لە دایک بوو بۆ ئەوەی سبەی ببێتەوە بە ڕێحانەی دایکی.

١- شەهید عومەر مەحموودزادە (چیچۆ)

٢- شەهید هاجەر زەرگە

٣- شەهید محەممەد خەلیلی

٤- ڕێحانە (شیما) کەنعانی

٥- میلاد پیرساحەب

٦- شەهید شێرکۆ بەرتەنی

ڕووحی شەهیدەکانمان شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان پڕ ڕێبوار بێ.

زۆر بەداخەوە وێنەی شەهیدە سەربەرزەکانی "پاک"م دەست نەکەوتن بۆ ئەوەی لە تەنیشت خوشک و برا شەهیدەکانی دیکەیان دابنێم.

٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## بە هاک کردنی گیاڕەنگ و هەڕەشە ناتوانن پێش بە کار و چالاکی و خەباتم بگرن.

لە ماوەی نزیک بە ٤ دەیە خەباتی نەپساوەی خۆم دا ، لە لایەن رژێم و کاسەلێسانی کۆماری ئیسلامی گەلێک کەند و کۆسپ و تەگەرە خراونەتە بەر دەمم و تەنانەت هەوڵی کوشتن و پاک کردنەوەم لە لایەن رژێمەوە دراوە.

ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا بە گرتن و ئەشکەنجە و زیندانی کردن و دەرکردنی باوکم و دوورخستنەوەی لە شوێنی ژیانی و داخستنی دووکان و شوێنی کاری، بە هەڕەشە کردن لە دایک و خوشک و برا و کەس و کارم نەیانتوانی زەرڕەیەک لە ئیرادەی پێشمەرگانەم دابەزێنن و تەنانەت دوای سێ جار برینداری و لاق پرینم دوژمن نەیتوانی بە ئامانجە گوڵاوەکانی خۆی بگا.

لە ماوەی نزیک بە چوار دەیە خەبات دا هەموو جۆرە خەباتێکم تاقیکردەوە و کەم و زۆر لە سەرکەوتنی ئەرکەکانم دا ئەوە هاوڕێیان و خەڵکن دەتوانن شاهیدی بدەن کە کار و ئەرکەکانم چۆن بەڕێوە بردوون و بۆ خۆم لەوبارەوە هیچ نانووسم. چەند ساڵ لەوە پێش لە ڕێگای بەکرێگیراو و سیخورەکانیانەوە بە جیاجیا هەوڵی ڕفاندن و گیرانی هاوڕێی بەرێزم کاک سەعید بەگزادە و خۆم و چەند هاوڕێیک درا و ئەگەر هاوکاری چەند کوردێکی باشووری کوردستان نەبووایە ڕەنگ بێ ئێستا ئەگەر نەکوژرابایین، حەتمەن لە گۆشەی گرتووخانە و ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا باین.

لە ماوەی ڕاپەرینەکانی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان و ئێران و شۆڕشی ژینا دا بە هۆی باسەکانم لە سەر جاش و سیخور و بەکرێگیراەکانی رژێم و هاندانی خەڵک، چەندجارێک هەڕەشە لە کەس و کارم لە نێوخۆی وڵات کراوە و زۆر بە توندی خەریکی لێ پرسینەوە کراونەوە و ئاخرین هەوڵیشیان بۆ کپ کردنی کار و تێکۆشانم، هاک کردنی ماڵپەری گیاڕەنگ (www.giareng.com)بووە.

لە هاک کردنی ماڵپەری گیاڕەنگ دا (www.giareng.com)تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون، بەڵام نەیانتوانیوە و ناتوانن کە دەنگی بوێری گیاڕەنگ و گیاڕەنگی‌یەکان بۆ هەمیشە کپ بکەن،

بە دڵنیایەوە ماڵپەری گیاڕەنگ (www.giareng.com)دوای نزیک بە ٢٠ ساڵ وەشانی خۆی بە ئەزموونێکی دوور و درێژ

و پڕ بەرهەم، نە بێدەنگ دەبێ و نە دەتوانن کپی بکەن و دوژمن خەیاڵی خاوە و دەنگی بەرێوەبەر و هاوکار و هاورێیانی ماڵپەری گیارەنگ هیچ کات کپ نابێ و وەک هەمیشە بە ئیرادەوە، هەموو دەربیجە و پەنجەرە و دەلاقەیەک دەکەینە شوێنی هێرش و بەرگری و هاوار و بەگژ داچوونەوەی دوژمنان.

هەروەک چۆن خەڵکی کوردستان و ئێران لە ڕاپەرین و شۆڕشی ژینادا، هەموو ئێوارە و شەوانەیەک لە پشتەبان و باڵکۆن و پەنجەرەی ماڵەکان و لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان درووشمی ژن ژیان ئازادی ، مەرگ بۆ دیکتاتۆر ، مەرگ بۆ خامەنەیی و نیزامەکەی و سروودی نەسرەوتن تا سەرکەوتن دەڵێنەوە، بێشک ئێمەش وەک گیارەنگ دەنگی خۆمان هەر بەرزتر و بە گوڕتر دەکەین و نە لە هاک کردنی ماڵپەری گیارەنگ (www.giareng.com) و نە لە هەڕەشەی ئەندامانی بنەماڵەکەمان و نە لە هەڕەشەی کوشتنی خۆمان ناترسین و درەنگ یا زوو ئەو جاش و جاشکۆلە و سیخورانەی کە لە ماوەی ڕاپەرین و شۆڕشی ژینا دا لە پەیامەکانی خۆم و هاورێیانمان ترساون بە سزای خۆیان و کردەوەکانیان دەگەیێندرێن.

لە یەکەم دەرفەت دا گیارەنگ، سەرسەوزتر لە جاران و بە گوڕتر لە پێشوو میوانی هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران و جیهان دەبێتەوە.

سوپاس بۆ هەوڵی خەڵکی کوردستان و ئێران کە هەتا ئێستا لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دا هەروا چاونەترسانە و بوێرانە لە گۆڕەپان و شەقام دا ئاڵای راپەرین و شۆڕشی ژینایان بەرز ڕاگرتووە.

بە سزا گەیاندنی زۆڵەکورد و خۆفرۆش و جاشەکان بمێنێتەوە بۆ کاتی خۆی.

١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## گیاڕەنگ ئاوێنەی باڵانوێن بە ئێوە کپ ناکرێ.

لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا بە بڵاو کردنەوەی هاک کرانی ماڵپەری گیاڕەنگ لە لایەن خۆفرۆشانی سەر بە کۆماری ئیسلامی و سایبێری ئێران، بووینە مایەی دڵگرانی بینەر و خوێنەر و بابەت نووسان و دڵسۆزانی کورد.

لەم پەیوەندیەدا بە سەدان و بگرە بە هەزاران پەیامی جۆراوجۆر و پڕ لە هەستی برایەتی و دڵسۆزی و هاوکاری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەلایەتی‌یەکان و تەلەفوون و ئێمێلەوە بە دەستمان گەیشتن، ئەو هاوپەیوەندی و هاوسۆزی و خەمخۆری‌یە بەرینە جیا لەوە کە دڵسۆزی و خەمخۆری گشت لایەکی بۆ ماڵپەری گیاڕەنگ نیشان دەدا، لە هەمان کاتدا پەیامێکی گەورە و پڕ لە ڕق و قین بوو بۆ دام و دەزگای سایبێری ئێران و خۆفرۆشانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

لە درێژەی ئەم نووسینەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی بێ‌سنووری خۆم ئاراستەی کاک برایم عەزیزی ناسراو بە برایمی مام عەزیزی بێوران بکەم، کە هەر لە یەکەم چرکە ساتەکانی هاککرانی ماڵپەری گیاڕەنگدا بە دڵئاواڵەیی و بە شێنەیی و بە پشوو درێژەی‌یەوە، دەستی بە خاوێن کردنەوەی ماڵپەری گیاڕەنگ کرد و لە ماوەیەکی کورت دا توانی بە سەر ئەو کێشەیەی کە هاککەرانی ئێرانی خوڵقاند بوویان زاڵ بێ و بە خەمخۆری‌یەوە کارەکانی خاوێن کردنەوە و بە دەستەوە گرتنەوەی گیاڕەنگی گرتەوە دەست و لە ماوەی دوو ڕۆژ دا لمبۆزی خۆفرۆشەکانی سایبێری ئێران و هاککەرانی لە خۆڵ وەردا.

وێرای سوپاسی زۆر بۆ کاک برایم عەزیزی، پێویستە کە سوپاسی کاک دڵشاد پەروانە بکەم کە لە ڕێنوێنی‌یەکانی خۆی بێبەشی نەکردین و ئامادەگی تەواوی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ کاک برایم دەربری و بەردەوام لەگەڵ بەرێوەبەری ماڵپەری گیاڕەنگ لە سەر خەت بوو، دیسان سوپاس بۆ خەمخۆری هەموو لایەک.

### کۆتا قسە:

ماڵپەڕی گیاڕەنگ بە پشتیوانی خوێنەر و بینەر و دڵسۆزان و بە هاوکاری بێ‌پسانەوەی کاک برایم عەزیزی و دڵسۆزانی

دیکە هەروا درێژە بە کارەکانی خۆی دەدا و لە ناساندن و لەقادانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و جاش و خۆفرۆشان هیچ سڵ ناکاتەوە و بەڵکوو زیاتر لە پێشوو لە گۆڕەپانی گەیاندنی راستییەکان دا هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

ڕاستە ماڵپەری گیارەنگ بۆ چەند ساتێک ڕاگیرا، بەڵام لووتکەی بەرزی گیارەنگ زیاتر لە پێشوو سەری بەرز ڕاگرتووە و بە سەربەرزیش کارەکانی خۆی بەرێوە دەبا و لە وەشان و لە گەیاندنی ڕاستییەکاندا بە گوڕتر لە پێشوو بەردەوام دەبێ.
سوپاس و ڕێزمان قەبووڵ بفەرموون.

ڕووڕەشی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و جاش و خۆفرۆشانی سەر بە رژێمی ئاخووندی ئێران.

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## شۆڕشی ئەمجارە شۆڕشی ژینا درەنگ یا زوو سەردەکەوێ

لە ماوەی ٤٦ ڕۆژی ڕابردوو دا و دوای شەهید بوونی #ژینا_ئەمینی و خۆ بە خاوەن کردنی گەلی کورد لە #ژینا_ئەمینی دیتمان کە یەکریزی و یەکگرتوویی گەل بۆتە هۆی سەرکەوتنی گەل بە سەر دێوەزمەی کۆماری ئیسلامی ئێران دا. لە ماوی ٤٦ ڕۆژی ڕابردوو دا و بە تایبەت لە چلەی شەهید #ژینا_ئەمینی دا ئاپۆرای وەزاڵە هاتووی خەڵک و ڕاپەرین لە شاری سەقز و گۆرستانی ئایچی نیشانی دا کە ئەگەر یەکگرتوو بین هیچ هەڕەشە و هێزێک ناتوانێ ڕێگا لە هەنگاوەکانمان بۆ سەرکەوتن بگرێ.

لە شۆڕشی ژینا دا تاکوو ئێرە دەیان گەنج و لاوی کورد لە ژن و کچ و کوڕ و مێرمنداڵ و لاو بە دەستی ڕەشی کۆماری دێوەزمەی شەڕ، شەهید بوون و بە سەدان کەس و بگرە بە هەزاران مرۆڤی وەزاڵەهاتوو لە لایەن ڕژێم و چڵکاوخۆرانی کۆماری پەت و سێدارەی ئێران گیراون و لە گرتووخانەکان دا بە تووندترین شێوە ئەشکەنجە دەکرێن و بەشێکیان بەداخەوە هەر لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانیان پێشکەش بە بارەگای گەل و نیشتمان کردووە و بە سەدان برینداری خۆپێشاندانەکان ئێستا لە ماڵان دا زامەکانیان دەرمان دەکرێن.

دیمەنەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو، دوای شەهید بوونی پۆلێک لە جوانترین مرۆڤەکانی گەلی کورد، هێندە ناخهەژێن و خەمهێنەرن، کە مرۆڤ تەنیا بۆ گەورەیی ئەو کەسانە دەبێ سەری کڕنۆش نەوی بکا.

دیمەنی کچی شەهید #فریشتە_ئەحمەدی و ناڵەی ناخهەژێنی، ئەم کیژۆڵە چاو پڕ لە فرمێسکە، مرۆڤ دەباتەوە سەردەمی قەڵاچۆ کردنی قاڕنێ و قەڵاتان و سەوزی و سەرچنار بە دەست ئەهریمەنانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

دیمەنی باوکی شەهید #کۆمار_دەرئوفتادە لە کاتی بە خاکسپاردنی ڕۆڵەی چاونەترسی دا، پێمان دەڵێ کە دڵسۆزانی نێوخۆی وڵات زیاتر لە بیری ڕزگاری گەل دان،لە ١٦ ساڵ لەمەوبەردا لە ڕێکەوتێکی دیاری کراوی مێژووی گەلی کورد دا شەهید کۆمار لە دایک دەبێ (٢٥ی گەلاوێژ)، بانگ و هاواری باوکی شەهید کۆمار مانیفێستێکی سەردەمیانە و پڕ لە پەیامی سەرکەوتن بوو، کەمتر لە یەک خولەک قسەی کرد، پەیامی یەکەمی گووتی کە ڕێبازی کۆماری کوردستان و حیزبەکەی کۆمار درێژەی هەیە، پەیامی دووهەمی بە کورتی گووتی کە پاراستنی ئەم خاک و ئاوە ئەرکی نیشتمانیە و

شانازی دەکەم کە کوڕەکەم لە پێناو پاراستنی ئەو خاکە دا شەهید بووە و ئەگەر لە مەیدان دانەبین هەموومان دەکوژرێین، پەیامی سێهەم ڕوو لە خۆفرۆش و جاش و بەکرێگیراوان گووتی بەسە نۆکەری مەکەن و خەڵکەکەتان مەفرۆشن. پەیامی یەک خولەکی باوکی شەهید #کۆمار و پەیامی هاوسەری شەهید #فریشتە_ئەحمەدی و پەیامی سەلیم حەقیقی باوکی شەهید #میلان_حەقیقی و چەندین پەیامی کورتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا، زۆر لەو پەیامانەی کە زیاتر لە ١٥ خولەکن، کوردانەتر، بە هەستتر و پڕ نیوەرۆکتر بوون، پەیامێک کە هەڵگری ڕاستی دەروونی خۆیان و کۆمەڵگا بوو. دوای شەهید بوونی کۆمار، ئەگەر چاوێک بە ئاگاداری پرسەی بنەماڵەی شەهید کۆمار دا بخشێنین، بە جوانی دەبیینین کە هەر هەموو دێرەکانی بە کوردیەکی پاراو و بە ڕێکەوتی کوردی نووسراوە، ناوی منداڵەکانی هەڵقوڵاوی بیری نەتەوەیی و نیشتمانیە (کۆمار، ژێکاف، مێدیا، ماردین و ئەفسانە.)

گەلی کورد سەربەرزە بە بوونی ئەم بنەماڵە کوردپەروەر و چاونەترس و بوێرانە و درەنگ یا زوو ئەم شۆڕشە سەردەکەوێ. لە ماوەی شەش حەوتوو و چەند ڕۆژی رابردوو دا پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی کورد شەهید بوون، هەوڵم دا وێنەکانیان کۆ بکەمەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا لە خۆپێشاندانەکان دا شەهیدانی سوورخەلاتی گەلەکەمان لە چەند لافیتە و باندرۆڵ دا بە گەورەیی بە دەست خۆپێشاندەرانەوە بێ و بزانن کە ئەوانەی شەهید کراون هیچیان چەکدار نەبوون و بەڵکوو زۆرینەیان منداڵی خوار ١٨ ساڵ بوون.

تکایە ئەگەر وێنەی شەهیدێک کەمە و یا بە هەڵە ناوەکەی نووسراوە ئاگادارم بکەنەوە و لە ناردنی وێنەکانیش بێ بەشمان مەکەن.

بە هیوای ئەوە چیدی شەهیدمان نەبن و گەلەکەمان بە سەر دوژمن دا سەربکەوێ.

ڕووحی شەهیدانی ئەمجارەی شۆڕشی ژینا چ ئەوانەی لە شار شەهید بوون و چ ئەوانەی بە مووشەکی بالستیکی رژێم شەهید بوون شاد.

ڕوو ڕەشی بۆ خۆفرۆشان و جاش و بەکرێگیراون و لە ئازادی کوردستان دا بەرەی گەل سزای کردەوە خائینانەکانیان دەدا. تۆڵە بە سەبرە بەڵام بە زەبرە.

٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## با جاشەکان زیاتر ریسوا بکەین.

با جاشەکان زیاتر ریسوا بکەین. (جاشی چەکدار، جاش قەڵەمەکانی سەر بە رژێم، جاش مەلاکانی وەک مەلا قادری پاوە)

دوای سەرهەڵدان و ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان و ئێران بۆ ئازادی و دابین کردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان و وەدیهێنانی ویست و داخوازی‌یەکانیان، رژێمی نەگریسی ئاخوندی بە هەموو هێز و توانایەوە بۆ سەرکوتی شەهید هێمن ئەحمەدی (هەمزە) خەڵکی گوندی بێورانی خوارێ خەڵکی ڕاپەریوی کوردستان و بلوچستان و پارێزگاکانی دیکەی ئێران هاتۆتە مەیدان و تا ئێرە نەیتوانیوە ئەم شۆڕشە مەزنە کە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکردووە سەرکوت بکا و بێشک لە داهاتووشدا ناتوانێ سەرکوتی بکا.

ئەوەی مەبەستی ئەم کورتە نووسینەیە ئەوەیە کە کوردستان تاکوو ئێستا ٦٧ شەهیدی بۆ ئازادی داوە و زۆربەی شەهیدەکانیش بە دەستی جاش و خۆفرۆش و بەکرێگیراونی سەر بە رژێم شەهید بوون.

نوێترین ڕاپەرین و بە گڕ داچوونەوەی ئەمجارە شارەدێی بێورانی خوارێ مەکۆی شۆرشگێرانی کورد و مەکۆی شەهیدان بوو کە گەنجێکی کورد بە ناوی هێمن حەمزە ئەحمەدی شەهید دەبێ و خوشکی ئەم شەهیدە بە توندی بریندار دەبێ. خرۆشانی ئەمجارەی بێوران نیشانەی سەرهەڵدانێکی کاتی نییە بەڵکوو ڕاپەرینێکی جەماوەرییە و هەر بۆیە لە پرسەی شەهید هێمن دا بە هەزاران کەس لە مەکۆی قارەمانییەتی شارەدێی بێوران کۆدەبنەوە و بە گەنجانی بێوران بە درووشمگەلی جۆراوجۆر لەرزەیان وە ڕژێم خستووە.

--------

### جاشە چەکدارەکانی ڕژێم

جاشەکان ئەوانەی کە ٤٣ ساڵە بە هەموو شێوەیەک بۆ مانەوەی خۆیان دەستیان لە هیچ جینایەت و خۆفرۆشییەک نەپاراستوە، دەیان ساڵە بە هەڵگرتنی چەکی جاشییەتی لاوانی کورد ڕاپێچی زیندان و گرتووخانە دەکەن و ئێستاش بۆ

مانەوەیان خۆیان، لە چەکی جاشییەتی بۆ ترساندن و بۆ شەهید کردنی کیژ و کوڕ و لاوانی کوردستان کەڵک وەر دەگرن. جاشە چەکدارەکان بۆ خەڵکی کوردستان ناسراون و درەنگ یا زوو بە سزای خۆیان دەگەن و خەڵکی کوردستان ناهێڵن لە ئازادی کوردستان دا هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشن.

## جاش قەڵەمەکان

جاش قەڵەمەکان، ئەوانەی کە بە نووسینی چەواشەکارانە و بە نووسینی بەرئاوەژوو، مێژووی کوردستان و ڕاستییەکان چەواشە دەکەن، ئەو جۆرە جاشانە چییان لە جاشە چەکدارەکان کەمتر نییە، بەڵکوو ئەوانە زیاتر و توونددتریش دەبێ سزا بدرێن، ئەوان کاریان ئەوەیە کە بە نووسینەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا مێشکی لاوانی کورد بشۆرنەوە و لە شۆڕش و کوردایەتی دووریان بکەنەوە و بە ڕەشنووس و وتاری دوور لە ڕاستی، گەورەیی و مەزنی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد چووک نیشان بدەن.

## جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر پاوەیی

جاش مەلاکانی پشت مەنبەری مزگەوتەکان مەلا قادر قادری پاوەیی و مەلاکانی لە چەشنی مەلا قادر، ئەوانە دەستەیەکی بێزراون لە کۆمەڵگای کوردستان دا کە بە پووڵ و پارە و سەروەتی ڕژێم بە خوتبەی درۆ و بە قسە و گوتاری ناڕاست، بەشێک لە خەڵکیان بە خۆیان و درۆیەکانەوە سەرقاڵ کردووە و لە ژێر ناوی حەدیس و خوتبە و ئیسلامدا نۆکەری و جاشییەتی بۆ ڕژێم دەکەن.

ئەم سێ جۆرە جاشانە پێویستە کە هەر لە ئێستاوە خەڵکی کوردستان سزایان بدەن، جاشە چەکدارەکان وەک خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵ بکەیین واتە بە لێدان و بە سوتاندنی مڵک و ماڵ و سەروەتیان ژیانیان لە تاڵ بکەین و شار بەدەریان بکەین.

جاش قەڵەمەکانیش بە هەموو شێویەک لە کۆمەڵگا دا لەوە زیاتر بێزراو بکەین و هەوڵ بدەین کە زیاتر ریسوایان بکەین و نەهێڵین کە مێژووی کورد و کوردستان و بزووتنەوەی کورد بە لاڕێ دابەرن و بە هیچ شێوەیەک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان دا بەشداری نەکەین و نووسراوەکانیان لە زبڵدانی بەر ماڵی خۆیان فڕێ بدەین.

جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر پاوەیی پێویستە کە لە مزگەوتەکان دا بە تەنیا بەجێیان بهێڵین و خەڵک لە دەوریان کۆنبنەوە و لە پشت جاش مەلاکان رانەوەستن، خەڵکی کوردستان دەتوانێ بە بێ ئەوەی لە جومعە و جەماعەتدا بەشدار بن لە ماڵەکانی خۆیان نوێژ و عیبادەتی خۆیان بکەن و چیدی نەبنە گوێرایڵی جاش مەلاکانی وەک مەلا قادر پاوەیی، بەم چەشنە هەمووومان دەتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا بە سەر هەموو ئەوانە دا سەر بکەوین.

بێشک گەنجانی کورد و نەوەی ئەمرۆ چاوکراوەن و بە لێزانی و شارەزایی خۆیان بە گژ هەر سێ جۆرە جاشەکاندا دەچنەوە.
سەردەم سەردەمی ڕاپەڕین و هەستانەوەی گەلەکەمانە و یەکریزی و یەکدەنگی هەوێنی سەرکەوتنمانە.

ڕژێمی ئێران درەنگ یا زوو دەروخێ و ئەوانەش کە پشتیان لەگەلی خۆیان کردووە درەنگ یا زوو سزا دەدرێن.
بژی کورد و کوردستان
ڕووحی شەهیدانمان شاد
ڕوورەشی بۆ کۆماری پەت و سێدارەی ئێران و جاش و خۆفرۆشان

١٤ ـ ١١ ـ ٢٠٢٢ی زائینی

----------------------

## جاش قەڵەم

دوو ڕێیانە و نابێ بە سێ
پێشمەرگە و جاش....
شێعری مەرد و شێعری نامەرد..
شێعر دەبێ....
حیلەی ئەسپێکی ڕەسەن بێ
شێعرێ بژی و
بۆن و بەرامەی قەڵەمی ڕاستی لێ بێ...
شێعرێ نەبێ بە مەفرەزەی حەرف و وشە و
هەڵنەکاتە سەر مۆڵگەکانی " جاش قەڵەم"
شێعر نیە
شێرکۆ بێکەس

١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## کۆچی مەزنە پیاوێکی شۆڕشگێر و دڵپاکی گەلەکەمان کاک قەسیم قادری

ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی کاک قەسیم قادری یەکێک لە دیارترین کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم بە گوێ گەیشت. ئەم هەواڵە بە تەواو تاساندمی، ماوەی چەند ساڵێک بوو بەداخەوە کاک قەسیم تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببوو و مخابن دوای ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم نەخۆشیە و هەوڵی دوکتورانی پسپۆڕی ئەم بوارە، کاک قەسیم نەیتوانی بە سەر ئەم نەخۆشییە بێ عیلاجە دا سەر بکەوێ و لە وڵاتی بێلژیک بەداخەوە چاوە پڕ لە هیواکانی بۆ هەمیشە لە سەریەک دانان.

کاک قەسیم قادری پێشمەرگەیەکی بە مانای وشە پێشمەرگە بوو، لە ڕاستبێژی و سەداقەت و دڵپاکی دا نموونەی دیاری نێو ریزەکانی حیزب بوو، لە وەرگرتنی ئەرک و کاری رۆژانە دا و لە ڕاپەراندنی ئەرکەکەی دا هەمیشە لە کەسە پێشەنگ و دیارەکان بوو، مرۆڤێکی قسەخۆش و بە ئیرادە و بە ئیمان بوو، دەم بەخەندە و ڕاوێژ خۆش بوو.

کاک قەسیم لە ماوەی چەندین ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی دا هیچ کات چاوی لە تۆپخانەکانی رژێم لە بوردومانی فرۆکەکانی ئێرانی و هێرشی زەمینی و سوپایی ئێران نەترسا و هیچ کات لە مەئموریەتە پێسپێردراوەکانی دا دریغی نەکرد و لە ئاستەمترین کاتەکان دا ، لە ژێر باران و ڕەهێڵەی کاتیۆشابارانی ڕژێم دا لە درووستکردنی سەنگەر و کونە تەیارە و ژوورەکانی نەخۆشخانە بنکەکانی پێشمەرگەدا ڕاوەستانی نەبوو و هەمیشە وەک قەڵایەکی پتەو سەنگەرێکی بەرگری دەبوو بە پشت و پەنای ڕێبەتی و کادرو پێشمەرگە و بنەماڵەکانی نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکرات.

ماوەی چەندین ساڵ لە نزیکەوە لە خزمەتی دابووم، نەمر کاک قەسیم لە کاری هەرەوەزی و لە کاری حیزبی دا هەمیشە لە سەفی پێشەوەی هاورێیانی دابوو، کەسێکی دەست ڕەنگین و جێ متمانەی ڕێبەری حیزب و گشت لایەک بوو.

کاک قەسیم لەگەڵ دادە حەمیدەی هاوسەری و منداڵەکانی خۆشەویستی هەموو لایەک بوون و هەن، لە دڵئاواڵەیی و جیرانی و هاوسێیەتی دا نموونەی هەرە بنەماڵە باشەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوون، خزمەتەکانیان لە چاوی هیچ کەس دا وون نابێ و بوونیان بۆ هەموو لایەک مایەی شانازیە.

کاک قەسیم کەسێکی ماندووییەنەناس ، بە ئەمەگ و وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان بوو، کاک مەلا برایم ڕۆستەمی قارەمانی شەڕی داشکستان باوکی دادە حەمیدە و هەروەها دوو کوڕی شەهید مەلا برایم ڕۆستەمی لە شەڕ بە دژی کۆماری ئیسلامی دا شەهید ببوون و بۆیە هەم کاک قەسیم و هەمیش دادە حەمیدە ئەگەر هاورێیەک شەهید دەبوو، خەم و کۆستیان لێ نوێ دەبۆوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمر کاک قەسیم درێژەدانی ڕێگەی ئەو شەهیدانەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی و بۆیە هیچ کات نائومیدی لە هەست و وجوودی کاک قەسیم دا بەدی نەدەکرا و ورەبەرزی و قەڵافەتی بەرز و کێوئاسای دیار و کارە جوان و باشەکانی هەمیشە وێردی سەر زمانی هەموو لایەکمان بوو.

وەک خۆم قەرزداری گەورەیی کاک قەسیم و دادە حەمیدەم و منداڵەکانیان بۆ من وەک برازا و خوشکەزا خۆشەویست بوون و هەن، لەوە دڵنیام کە کاک قەسیم بە هەستی کوردانە و نیشتمانپەروەری منداڵەکانی گۆش داون و لەو بارەوە کاک قەسیم بە ئاسوودەییەوە چاوە گەشەکانی لە سەریەک داناون.

مخابن کاک قەسیم ئازادی کوردستانی بە چاوی خۆی نەدیت و لە تاراوگە و غوربەت دا سەری نایەوە، بە هیوای ئەوە کە لە داهاتوو دا روفاتی ئەو مەزنە پیاوە شۆڕشگێرەی گەلەکەمان لە زێدی لە دایکبوونی خۆی بە خاکی پیرۆزی کوردستان بسپیردرێتەوە و خاکی پیرۆزی کوردستان ببێتە مەنزڵگەی ئەسڵی ئەو شۆڕشگێرە بەوەفاییەی گەلەکەمان.

بیرەوەری زۆرم لە خزمەت کاک قەسیم و بنەماڵەی بەرێزیان دا هەیە، لێرەدا هیچ یەک لە بیروەرییەکانم نانووسم و تەنیا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە خۆزگە هەمووان بمانتوانیبا وەک کاک قەسیم تاسەر ئاوا بە ورە و بە ئیمان و ئیرادە باین، چوونکە ژیانی کاک قەسیم پڕ بوو لە وانەی سەربەرزی و سەرکەوتن و خزمەت بە گەل و نیشتمان.

لێرەدا سەرەخۆشی لە دادە حەمیدەی هاوسەری و کوڕ و کچ و نەوەکانی و لە بنەماڵەی گەورەی قادری و ڕۆستەمی و گشت خزمانی لە نێوخۆی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی ئەم کۆستە گەورەیە دەزانم، یاد و ناوی کاک قەسیم لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

ئوغرت خێر و یادت هەرمان

۱ی دێسەمبەری ۲۰۲۲

## هەشت شەهیدی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٥٧ی هەتاوی شاری سەردەشت

نزیک ٨ مانگ بوو خەڵکی وەزاڵە هاتووی شارە گەورە و بچووکەکانی ئێران و کوردستان بە دژی رژێمی حەمەڕەزا شای ئێران هاتبوونە سەر شەقام و خۆپێشاندان و شۆڕش بۆ رووخانی ئەو حکوومەتە نگریسە گەیشتبوو دوایین کاتەکانی خۆی.

خەڵکی شاری سەردەشت بە هۆی بچووکی شار و حەشیمەتی کەمی وەک پێویست نەهاتبوونە نێو پرۆسەی ڕاپەرین و شۆڕشی گشتی، تا ڕادەیەک بەشێک لە گەنجەکان و خەڵکی شار بۆ خۆپێشاندان لە هاتووچۆی شارەکانی مەهاباد و بانە و پیرانشار دابوون، لە مانگی ڕەزبەر دا پچرپچڕ خەڵک لە کەمەربەندی شار و نزیک شێخ مەولانە و سینەما کۆدەبوونەوە و جارجار درووشمی ئازادی دەگوتەوە، هەواڵەکان و ڕووداوەکان لە ڕێگای چەند کەسێکەوە دەگوزرانەوە شار و چەند ڕادیۆیەکی خاریجی هەواڵەکانی شارە گەورەکان و کوشتاری خەڵکی بڵاو دەکردەوە.

شاری سەردەشت خۆی ئامادە کرد بوو کە وەک زۆربەی شارەکانی دیکە برژێنە سەر شەقامەکان و بە گشتی ئەم شارەش ببێتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە بە دژی ئارتەش و ژاندارمەری و ساواک و پیاوانی حکوومەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی.

بەیانی ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٥٧ی هەتاوی بە بڕیاری ساواک، چەند پۆلیسی شارەبانی دوو کەس بە ناوەکانی فەرامەرز زەرگەریئەفشار و ماجید تاهیری قۆڵبەست دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ بەندیخانە، دوای بڵاو بوونەوە ئەم هەواڵە لەبەر دەم ماڵی حاجی مینەی حەدداد و حاجی ئۆمەر محەممەدیان، کۆمەڵێک گەنج لە بەردەم دووکانی ئەنوەری کۆدەبنەوە و بە ڕاستە شەقامی شاردا بەرەو شارەبانی وەرێ دەکەون و لە چاوتروکانێک دا دووکان و بازار دادەخرێن و خەڵک تێکەڵ بەو پۆلە گەنجە دەبن و ئاپۆرای خەڵک ڕوو بە زیادبوون دەچێ.

خۆپێشاندەران بە درووشم دان بەرەو شارەبانی شار وەرێ دەکەون و بە دەنگ و درووشمی خۆیان زراوی ئارتەش و ژاندارمەری و شارەبانی و ساواک دەبەن.

مرگ بر شاه ، مردن بۆ شا

دەرکەی زیندان دەشکێنین، زیندانییەکان دەر دێنین.

**ئازادی ، ئازادی**

خەڵک لە شارەبانی نزیک دەبنەوە، پۆلیسی شارەبانی دامەزراون و دەیانهەوێ خەڵک چاوترسێن بکەن، لە هەموو کۆڵانەکانی پێش شارەبانی و پارکی شار را خەڵک دەوری شارەبانیان داوە، دواتر لە شارەبانی را گازی فرمێسک ڕێژ بە خەڵک دادەدەن، یەکەمجارە کە خەڵک حاڵەتی لەم چەشنە دەبینێ، دووکەڵێکی سپی، بەردەم خۆپێشاندەرانی پڕ کردووە، لەگەڵ هەناسەکێشان خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری سەردەشت تووشی کۆخە و ڕشانەوە و هەروەها چاوکروزانەوە دەبن، کۆمەڵێک گەنج سیگار بە سەر خەڵکدا دابەش دەکەن و دەڵێن بە دووکەڵی سیگار دەتوانی بەر بە چاوکروزانەوە و کۆخە بگری، چەند گەنجێک تەگەری ماشێن ئاگر دەدەن بۆ ئەوەی دووکەڵ درووست بکەن و پێشگیری لە کاریگەربوونی گازی فرمێسک ڕێژ بکەن. خەڵک بێ ترس و خۆف هێرشی خۆیان توندتر دەکەن، لە شارەبانی را داوای یارمەتی لە پادگانی شار دەکرێ و ئەرتەش بە زرێپۆش و دەبابە دێتە نێو شەقام و خەڵکیش بە دار و بەرد و ئاسن بەگژ زرێپۆش و هێزی ئارتەش دا دەچنەوە، هێزی ئارتەش بە تفەنگی تیربار ژێ۳ و تفەنگی سەر زرێپۆش تەقە لە خەڵک دەکەن و دەیان کەس بریندار دەکەن و لەو هێرشەش دا بەداخەوە ٨ کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی گەل لە چەند شەقام و کۆڵانی ناوەراستی شار دا شەهید دەبن.

خەڵک بریندار و شەهیدەکان بەرەو نەخۆشخانەی شار ڕادەگوێزن و ڕاپەرین و خۆپێشاندانیش هەروا بەردەوام دەبێ. خەڵک چاونەترسانە هێرش دەکەنە سەر دامودەزگای حکوومەتی و بەم شێوەیە شار دەبێتە خەمخانەی خەمی لە دەستدانی ٨ کەس لە خۆشەویستانی شاری سەردەشت.

دوای ئەوە خەڵک لە بەردەم سینەمای شار و مزگەوتی سوور کۆبوونەوە و چاوەروانی هاتنی تەرمی شەهیدەکان بوون، برینداەرکان لە نەخۆشخانەی شار دەرمان دەکران و تەرمی شەهیدەکانیش لە نێو خەمی ئازیزانیان و خەڵکی شاردا لە مزگەوتی سوور ئامادەکران و ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز لە سەر شانی خەڵکی شار بەرەو گۆڕستانی گردەسوور بردران و بە خاکسپێردران.

**ناوی شەهیدەکان بریتن لە:**

- **شەهید خدر عەزیزی کوڕی فەقێ ئەحمەدی بێوران**
- **شەهید ئیبراهیم محەممەدیان کوڕی حاجی ئۆمەر**
- **شەهید محەممەد محەممەدی کوڕی خەراجات**
- **شەهید ئیبراهیم مەحموودی کوڕی میرزا مستەفا**

- شەهید مستەفا عەبدی کوڕی فەتاحی جەواهێری
- شەهید مستەفا کەریمیان کوڕی وەستا ڕەحیمی مزگەر
- شەهید عەزیز کەلهوڕی خەڵکی مەهاباد جۆشکار
- شەهید عەبدوڵڵا ڕەسووڵی کوڕی حەمە سەپانی

لەم ڕۆژەوە تا ڕووخانی یەکجاری شا هەموو شەو و ڕۆژێک خەڵک لە سەر شەقام بوون، خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هاوخەمی بنەماڵەی شەهیدەکان و خەڵکی شاری سەردەشت پۆل پۆل دەهاتنە سەردەشت، خەڵکی شار لە پێشوازی میوانەکان دا بوون و شاری سەردەشت وەک یەکێک لە شارە خوێناویەکانی کوردستان ناودێر کرا.

تا هەڵاتنی شا و ڕووخانی حکوومەت، شاری سەردەشت هەروا لە خۆپێشاندان و ڕاپەرین دابوو، بۆ ئەوەی ناوی ئەو شەهیدانە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، یەکێک لە قوتابخانەکانی دواناوەندی شار بە ناوی قوتابخانەی شەهیدانی ١٤ سەرماوەز (١٤ آذر) ناودێر کرا و ئەمرۆ ٤٣ ساڵە خوێندکاران لەم قوتابخانەیەدا وانەی فێربوون دەخوێنن.

ڕووحیان شاد.

هیوادارم کە ڕاپەرین و شۆڕشی ئەمجارەمان وەک شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە ئامانجی خۆی بگا و ڕووخانی ئەو حکوومەتە نگریسە ببێتە دیاری بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## کەمئەندامان، شەهیدانی زیندووی حیزب و گەل.

وشەی کەمئەندام لە کۆمەڵگەی جیهانیدا وشەیەک نییە کە بۆ بەزەیی پێداهاتنەوە بێ، بەڵکوو بۆ ئەوەیە وەک مرۆڤگەلی ئاسایی ڕۆژی خۆیان هەبێت. ڕۆژە جیهانییەکانی وەک منداڵان، ژنان، لاوان، باوک، دایک، خۆشەویستی و ژینگە و زۆرێکی دیکە هەموویان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراون. دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ کەمئەندامان بۆ ئەوەیە کە ئەم توێژە لە کۆمەڵگەش پشتگوێ نەخرێن و هەموو کەمئەندامێک وەک بەشێک لە کۆمەڵگە چاوی لێ بکرێ و لەلایەن حکوومەتەوە ، کارئاسانیی تایبەتیان بۆ بکرێ و ئەوەش بۆتە هۆکارێک کە ئەگەر مرۆڤەکان بەشێک لە جەستەیان کەمیی هەیە، بەڵام لە ئاست ژیاندا دەبێ وەک مرۆڤی ئاسایی و بەڵکوو بەزیادیشەوە، سەیریان بکرێ و ڕێز لە توانایی و بەهرەکانیان وەر بگیرێ.

لە یەکەم حەوتووی کۆتا مانگی ساڵی ١٩٩٢ی زایینیدا ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٣ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٢ی زایینی (بەرامبەر بە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٧١ی هەتاوی)ی وەک ڕۆژی کەمئەندامان لە جیهاندا دیاری کرد و لەم ڕۆژەوە وەک زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی جیهانی، خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکانیش بوون بە سێحەبی ڕۆژی خۆیان.

کەمئەندامان بە سەر چەندین دەستەدا دابەش دەبن، بەشێکیان زگماگی لەدایک بوون و لە باری جەستەیی و ڕەوانی و مێشکییەوە بوونە کەمئەندام، بەشێکیان بە هۆی ڕووداوی سرووشتی و کارەساتی جۆراوجۆر کەمئەندام بوون و، بە هەزاران کەسیش بە هۆی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراق و مینە چێندراوەکانی هەر دوو حکوومەتی ئێران و عێراق و شەڕە جیهانییەکاندا کەمئەندام بوون و بەشێکیان بەداخەوە لەلایەن حکوومەتەوە بە تاوانگەلی جۆراوجۆر بە بەرچاوی خەڵکدا کەمئەندام کراون.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە پێناسەی کەمئەندامانی جیهان نییە، بەڵکوو ئاوڕدانەوەیەکە لە کەمئەندامانی سەنگەر، ئەوانەی بۆ ئازادیی گەل و نیشتمان بەرامبەر بە دڕندەترین حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستاندا، بەربەرەکانی و خەباتیان کردووە و لەو پێناوەدا بەشێک لە جەستەیان لە خاکی پیرۆزی نیشتماندا بەجێ هێشتووە و پێش ئەوەی کەم ئەندام ببن، لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا دەیان قارەمانەتی و فیداکارییان بۆ گەلەکەیان خوڵقاندووە.

لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەی هێزی بەهێزی گیاڕەنگ، کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە کردەوە و پیلانێکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا قەڵافەتی مێرانەی بە تەقینەوەیەکی سامناک شەقار شەقار بوو، و لە ئاکامدا زۆربەی ئەندامەکانی هەستیاری جەستەی و سیما و ڕووخساری جوان و بە هەیبەتی ژیانیان پێ گەیشت و بەداخەوە هەردوو دەست و هەر دوو چاویشی لەدەست دا.

کاک مەلا حەسەن وەک دیارترین و سیاسیترین کەسایەتیی کورد و پێشمەرگە و نیشتمانپەروەر لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە جەستە بۆتە کەمئەندام، بەڵام وەک هەموو لایەک دەزانین، کاک مەلا حەسەن لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە و وەک داربەڕووەکانی کوردستان ڕیشەی لە خاکی پیرۆزی کوردستاندا داکوتاوە و بە گوتار و وتاری، هەمیشە پێشەنگایەتیی هێزی پێشمەرگە و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردووە. ئێستاش بە خۆشییەوە مامۆستا و کەمئەندامانی سەنگەر بوونەتە هێما و سیمبوولی خۆڕاگری و ئازایەتیی گەلەکەیان و بەپێی ئیمکان و باردۆخی ژیانیان ئەگەر زیاتر لە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیان خەبات نەکەن ئەوە کەمتریش خەبات ناکەن و بوونیان لە ڕیزەکانی خەباتدا نیشانەی سەروەری گەل و حیزبەکەمانە.

بەشێکی بەرچاو لە کەمئەندامانی سەنگەر وێرای ئەوە کە پێشتر فەرماندە و کادر و پێشمەرگە بوون و بەردەوام لە نێو خەڵکی ناوچەدا بوون، بەڵام دوای کەمئەندام بوونیان خولیای کاری پێشمەرگانەیان نەک لە دەست نەدا، بگرە لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبدا بەوپەڕی تواناوە خزمەتیان کردووە و هەنووکەش خزمەت دەکەن و لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتی و فێرگە و کاری بەڕێوەبردنی کۆمیتەکانی دەرەوە لە باری دارایی، تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی خزمەت دەکەن.

کەمئەندامانی سەنگەر ئەو کەسانەی کە بە دانانی مایە لە خۆیان و بە هەڵگرتنی زامی قورس و ئازاری هەمیشەیی جەستەییان، هەنووکەش لە ڕیزی خەبات و تێکۆشاندا بە دڵاوڵەییەوە خەبات دەکەن و بەبێ ئەوەی منەت بە سەر گەلەکەیاندا بکەن، درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەن و لە دەرەوەی وڵاتیش وەک نموونەی هەرە چالاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەن و بوونە دەنگی دلێری پێشمەرگە و دەنگی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ کەمئەندامانی سەنگەر لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بۆ ئەوەیە کە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو

ئەو نەبەزە شۆڕشگێرانە بگرێ کە لە ریزی شۆڕش و خەباتدا لە سەنگەری بەرگری خاکی کوردستاندا، بە سەخاوەتەوە بەشێکی دیار لە جەستە و قەڵافەتی پێشمەرگانەیان بە دایکی نیشتمان سپاردووە و بۆ درێژەدانی خەبات و ژیانیان لە کەرەسە دەستکردەکان کەڵک وەر دەگرن و هەموو هەوڵەکانی ئێستاشیان هەر بۆ ئامانج و ڕێبازی ڕزگاریخوازی گەلەکەیانە. هەروەها هەنووکەش بۆ گەل دەژین و بۆ گەل دەمرن و ئامادەیی هەموو جۆرە خزمەتێکیان و وەرگرتنی هەموو جۆرە بەرپرسایەتییەکیان هەیە بۆ ئەوەی گەلەکەیان بە ئامانجی ڕزگاری و سەربەستی خۆی بگا.

بەرز و بەڕێز بێ ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب و کەمئەندامانی سەنگەر بەتایبەتی.

https://kurdistanmedia.com/so/news/2022/12/71

۷ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئازا و خۆشەویست کاک ئەحمەد مەلا شێخی

زۆر بەداخەوە لەم پاییزە درنگ وەختە دا و لە بەرەبەری ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا، کاک ئەحمەد ئیبراهیمپووە ناسراو بە ئەحمەد مەلاشێخی پێشمەرگەی بە بیروباوەڕی گەل، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد.

کاک ئەحمەد مەلاشێخی خەڵکی گوندی مەلا شێخی ناوچەی سەردەشت بوو، گەنجێکی خۆشەویستی مەلا شێخ و ناوچەکەبوو، لە بنەماڵەیەکی وەرزێر دا چاوی بە دونیا هەڵێنابوو و پشتیوانی سەرەکی بنەماڵەکەیان بوو.

کاک ئەحمەد هەر لە سەرەتای درووست بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت دەبێتە پێشمەرگەی هێزی شەهید موعینی و زۆر زوو دەبێتە خۆشەویستی نێو کادر و پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچە.

کاک ئەحمەد پێشمەرگەیەکی جێگای متمانەی کۆمیتە شارستان و هێزی موعینی ( گیارەنگ) بوو، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و شەڕکەر، پێشمەرگەیەکی فیداکار و ماندوویینەناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خزمەتی زۆری بە گەل و نیشتمان کرد.

کاک ئەحمەد کەسێکی بەهێز و بە توانا بوو، لە هەڵگرتنی چەک و چۆڵی قورس دا توانایی خۆی بەکار دەبرد و هەمیشە چەکی قورسی بۆ جەولە و عەمەلیاتەکان هەڵدەگرت و وەک سەنگەرێکی پتەو و قائیم ، وەک پشتیوانێکی بەهیز، لە شەڕەکان دا بەشداری دەکرد و لە زۆر شەڕی گەرم و دەستەویەخەشدا بەشداری کردبوو، لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا بۆ هەموو جۆرە مەئموریەتێک ئامادەگی هەبوو لە کاتی شەڕ و تێکهەڵچوون دا دووجار برێندار ببوو، کاک ئەحمەد لەگەڵ هەر دەستە و پەل و لکێک بایە ، ئەوە ئەو دەستەیە لە کارەکانی دا سەرکەوتوو دەبوو، مرۆڤێکی ئەرک وەخۆگر بوو، جیا لە کاری پێشمەرگایەتی و جەولە و شەڕ، لە بنکە و مەقەرەکانیش دا کارە قورسەکانی زۆر بە وەستایی جێبەجێ دەکردن، پێشمەرگەیەکی قسەخۆش و دەم بەخەندە و بە بیروباوەڕ بوو، مەجلیسەکانی ئەحمەد هەمیشە پڕ بوو لە خەندە و خۆشی و شادی، بە هۆی ئەوە دەنگی بەرز بوو، لە هەر شوێنێک قسەی کردبا زۆر دوورتر خەڵکی دیکەش گوێیان لێدەبوو.

بە هۆی دڵسۆزی و وەفاداری بە حیزب چەندین جار تەشویق کرابوو، بەشێک لە پێشمەرگەکان ئەحمەدی فیداکاریان بە ئەحمەدە شێت بانگ دەکرد و زۆرجار ئەحمەدیش بە دوو جنێوی تەڕ و تازە وەڵامی ئەوانەی دەدایەوە کە پێیان دەگووت ئەحمەدە شێت.

ماوەی چەندین ساڵ وەک پێشمەرگەیەکی ئازا لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ خزمەتی کرد و خۆشەویستی هەموو لایەک بوو، بە تایبەت کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی، زۆربەی کاتەکان ئەحمەدی بۆ لای خۆی بانگ دەکرد و یەکجار زۆر خۆشی دەویست و یارمەتی زۆری ئەحمەدی دەکرد.

دوای ئەوەی هێزەکانی حیزب سنوورەکانیان بۆ لای قەندیل چۆڵ کرد و لە دوای ڕاپەرینی شۆڕشی باشووری کوردستان بە تایبەتی ئەحمەد دوای ئەوە زەماوەندی کرد، ماڵی گوازتەوە بۆ شاری ڕانیە و وەک ئەندامێکی حیزب لە شاری ڕانیە کار و کاسبی دەکرد، بەڵام هیچ کات لە حیزب غافڵ نەبوو و هەمیشە لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکاندا خۆی دەگەیاندە لای بنکەکانی حیزب و بە دڵ و بە گیان ئامادەگی هەموو جۆرە کارێکی هەبوو.

کاک ئەحمەد ساڵی ١٩٩٨ی زائینی لە ڕێگای یوئێنەوە هاتە وڵاتی نۆرویژ و لەوێ دەستی بە ژیانی ئاسایی خۆی کرد، بەداخەوە کاک ئەحمەد لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو تووشی نەخۆشی ببوو و وێرای پێڕاگەیشتنی دوکتورەکان، ڕۆژی پێنج شەممە ٠٨ ـ ١٢ ـ ٢٠٢٢ی زائینی لە وڵاتی نۆرویژ کۆچی دوایی کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی هەردەم پێشمەرگە، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و بە تایبەت ئەندامانی بنەماڵەکەی لە وڵاتی نۆرویژ دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی کاک ئەحمەد دەزانم.

ڕووحی شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## درووستکردنی لاپەرە وماڵپەرێک بۆ شەهیدانی شۆڕشی ژینا

ئەوانەی پێشمەرگەئاسا لە شۆڕشی ژینا دا شەهید بوون هەموویان پێشمەرگەی سەنگەری سەر شەقام بوون، بۆیە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز دا ئەم ماڵپەرە و ئەم لاپەرەیە پێشکەش بە خەبات و تێکۆشانی ئەو شۆڕشگێڕە چاونەترس و بوێرانەی گەلەکەمان دەکەم.

ژینا ئەمینی لە دایکبووی (٣٠ خەرمانان ی هەتاوی ١٣٧٩) کیژی ڕووسووری سەقزی تەمەن ٢٢ ساڵ کە لە ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لە مێترۆی شاری تاران لە لایەن دەزگای ئەمنییەتیەکانی ئێران گیرا و دوای ئازار و ئەشکەنجە و ٣ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی کەسرای شاری تاران لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان دا شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی ژینا ئەمینی و خاوەنداریەتی گەلی کورد لە ژینای شەهید ، شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان بە ڕاپەڕین و خۆپێشاندان کرد. شەهید بوونی ژینا بوو بە هۆی ئەوە کە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ، بە گشتی بێنە سەر شەقام و بە دژی کۆماری ئیسلامی شۆڕشێکی نوێ دەست پێبکەن ، ئەم ڕاپەڕینە مەزنە بە شۆڕشی ژینا ناوبانگی دەرکردووە.

درووشمی "ژن ژیان ئازادی" بۆتە درووشمی هەموو ئێران و تەنانەت لە خۆپێشاندانەکانی دەرەوەی وڵات و جیهانیش دا دەنگی داوەتەوە و هەموو نەتەوەکانی جیهان بە زمانی وڵاتەکانی خۆیان ئەم درووشمە دەڵێنەوە.

لە ماوەی نزیک بە ٣ مانگی ڕابردوودا بە گشتی نزیک ٥٠٠ کەس لە نێوخۆی ئێران شەهید بوون، بە تەنیا لە کوردستان تاکوو ئێستا ١٢٥ کەس شەهید بوون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون و بە هەزاران کەسیش لە گرتووخانەکانی کۆماری پەت و سێدارەدا دەستبەسەر کراون و مەترسی ئێعدامیان لە سەرە.

بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدان بە گشتی و شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماڵپەری گیارەنگ وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەوڵی دا کە وێنەگایەک وەک ماڵپەر بۆ ئەو شەهیدانە درووست بکا.

ڕێـز گـرتن لە شـەهیدان و بنەماڵەکانیـان ئەرکە لە سـەر شـانمان، ئەرکـی گەورەتـریش ئەوەیە کە نەهێڵـین خـوێنی ئەو شـەهیدانە بە فیـرۆ بچـێ و بە هەمووەمـان هەوڵ بـدەین ببـین بە دەنگـی بنەمـاڵەی شـەهیدان و زینـدانیانی سیاسـی لە گرتووخانەکـانی ئێـران دا و هەوڵ بـدەین دونیـای دەرەوە لە ڕێگـای نیشـاندانی جینایەتەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی و وێـنەی شەهیدانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و ژنان و گەنجان و بە گشتی هەموو شەهیدان سرنجیان بـۆ یـارمەتی دان بە گەلـی کـورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕابکێشین.

بە هیوای ئەوە کە هیچ شەهیدێکی دیکەی پێوە زیاد نەبێ و ئەوە دوایین شەهیدەکانی ڕزگاری گەلەکەمان بن.

بۆ ئەوەی کەم و کورییەکانی ئەم ماڵپەرە بە تەواوی خاشەبڕ بکەیـن، داوا لە هەموو لایەک دەکەم کە یارمەتیـدەر بـن بـۆ زیـاتر ناسـاندنیان، بە نـاردنی وێـنەی جـوانتر و ژیاننامەکانیـان دەتـوانین زانیـاری زیـاتر بە دونیـای دەرەوە و نێوخـۆ ببەخشین.

پێشەکی سوپاسی هەموو لایەک دەکەم، جێی خۆیەتی سوپاسی گەرمی هـاوڕێی مانـدییەنـاس کـاک دڵشـاد پەروانە بکەم کە بە حەوسەلە و بە زەحمەتێکی زۆرەوە هەوڵی دارشتنی دیزاینـی لاپەڕەی شـەهیدانی دا و داواکارییەکـانی مـاڵپەری گیـاڕەنگی جێبەجێ کردن. سوپاس بۆ خەمخۆری کاک دڵشاد پەروانە و زەحمەتەکانی.

چاوەڕوانی هاوکاری گشت لایەکین

ڕووحی شەهیدان شاد

روو رەشی بۆ کۆماری پەت و سێدارەی ئێران

١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## چلەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە چلەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا دا بە پانتایی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەشدارانی ئەو ڕێزگرتنانە، بە گوڕ و تینێکی دیکە و سەردەمیانە وتاریان دا و لە وتارەکانیان دا گووتیان کە کوڕ و کچە شەهیدەکان، برا و خوشک و منداڵی ئێمەن و لە خوێنیان خۆش نابین، ئێمە نابەزین و هەر بەردەوام دەبین و دیکتاتۆر دەبێ پاک بکەینەوە، ئێمە لەم شۆڕشەدا هیچمان نەماوە تا لە دەستی بدەین و یا لە دیکتاتۆرەکان بترسین و دیکتاتۆر دەبێ بە یەکجاری بڕوات.

پەیامەکان تایبەت بوون، دایک و باب و خوشک و برا و هاوسەر و منداڵەکانی شەهیدان، هەر کامەیان پەیامێکی کورت و پڕ نێوەرۆک کە پڕاوپڕ لە بوێری و هەستی نەتەوایەتی بوو پێشکەش دەکرد، پەیامەکان هەڵگری برایەتی و یەکدەنگی بوون بۆ نموونە، لە چلەی شەهید دانیال دا لە وتارێکی کورتدا هاواری یەکریزی و یەکدەنگی گەیشتە ئاسمان.

وتاربێژ گووتی: کوردێک لە هەر شوێنێک لە بۆکان و یا لە کرماشان و تاران شەهید بێ، بیناسین یا نەیناسین، برا و کەس و کاری ئێمەیە، لە خوێنی ئەو شەهیدە و شەهیدەکان خۆش نابین، ئەرکە لە سەر شانمان کە سەردانی بنەماڵەی شەهیدان بکەین و دڵیان بدەینەوە.

لە شار و باژێر و ناوچەکانی دیکەش لەگەڵ ناو هێنانی هەر شەهیدێک یەکدەنگ دەیانگووت: بابی من قارەمانە، برای من قارەمانە، خوشکی من قارەمانە، کچی من قارەمانە و شەهیدی کوردستانە.

لە وتاری دیکە گووترا: ئێمە خوێنمان داوە و بە گشتی خوێنی هەموو شەهیدانی بە خوێنی کوڕ و کچەکانمان دەزانین و دواتر بە درووشمگەلی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕێزیان لە شەهیدەکانیان و بنەماڵەی شەهیدان بە گشتی گرت.

لە شاری سەقز، چلەی شەهید دانیال پابەند بە شێوەی جیاوازتر بەڕێوەچوو. سروودی ئەی ڕەقیب و سروودی ئەی شەهیدان سەرەتای ڕێزگرتنەکەیان بوو، هەر بۆیە بەشداران یەکدەنگ و یەکڕەنگ سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبیان گووت و زۆر بوێرانە دروشمەکانیان بە یەکدەنگ دەگووتەوە و شانازییەکی دیکەیان بۆ خۆیان و بۆ سەقز شاری ژینای شەهید تۆمار کرد.

- هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ
- مەرگ بەر جاشەکان، جاشە خۆفرۆشەکان
- مەرگ بەر دیکتاتۆر
- داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی شەهیدانی
- سەقز شاری دێرینە، دەروازەی ڕاپەڕینە
- قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە
- کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان
- ڕۆڵەی ئاگر و خوێنێن، تۆڵەی شەهید دەستێنین
- ژن ژیان نەوەستان، بژی کورد و کوردستان
- خامەنەیی بزانە، سەقز قەڵای شێرانە
- خاک دەخۆیین لە برسان، خاک نافرۆشین لە ترسان
- هەموو خاکی ڕۆژهەڵات، بۆتە قەڵای دێموکرات
- کۆیە بە تەنیا نییە، سەقز پشتیوانییە
- شەهید نامرێ
- کورد بلوچ ئازەری، ئازادی و بەرابەری
- ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتە، شەهید شکۆی وڵاتە
- دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرت بێ بستێنین تۆڵە
- کاک دانیال قارەمانە، شەهیدی کوردستانە
- کوردستان ناوی بەرزەر، دوژمن دەخاتە لەرزە
- ئەی جاشی حەرامزادە، ڕەنجی کوردت بە بادا
-

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## ڕاپەرینی شاری جوانڕۆ و هەڵوێستی کوردانە و نەتەوەیی مامۆستا ئیبراهیم کەریمی

ڕۆژی ١٠ی بەفرانبار جارێکی دیکە خەڵکی وەزاڵەهاتوو و ڕاپەریو و شۆڕشگێری شاری جوانڕۆ لە چلەی شەهیدان دا هاتنە مەیدان و بە دانی درووشم بە دژی دەسەڵاتداران قەڵای زۆرداری ڕژێمی پەت و سێدارەی ئیسلامی ئێرانی لەرزاند، لەم پەیوەندییەدا ڕژێم بە تەقە کردن لە خەڵک و میلیتاریزەکردنی شاری جوانرۆ ویستی کە پێش بە خەڵک بگرێ، بەڵام بوێری و چاونەترسی گەنجان و لاوانی کورد پاشەکشەی بە هێزی ترسنووکی ڕژێم کرد. بەداخەوە لەم ڕێز گرتن و هاتنە سەر شەقامی لاوان وخەڵکی شۆڕشگێری جوانڕۆ گەنجێکی کورد بە ناوی بورهان ئەلیاسی تەمەن ٢٢ ساڵ شەهید بوو و زیاتر لە ١٠ هاووڵاتی شاری جوانرۆش بریندار بوون.

لە ماوەی ڕاپەرین و شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە گشتی بەشداری ئەم شۆڕشە بوون و هەر کامەیان بە نۆبەی خۆیان ڕۆڵ و کاریگەریان لە سەر بەردەوامی ئەم شۆڕشە هەبووە و هەیە.

بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و ڕاپەرینی ژینا بە خۆشیەوە توێژی دیاری کۆمەڵگای کوردستان، مامۆستایانی ئایینیش وەک زۆربەی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان، لەم شۆڕشەدا بە دانی وتار و گوتاری شۆڕشگێری و نەتەوەیی و بە دەرکردنی بەیاننامەی پشتگیری خۆیان لە ڕۆڵەکانیان لە سەر شەقام کردووە، بوونە چەقڵی چاوی ڕژێم و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئێران.

لە بانگەواز و هەوڵ و پیلانێکی دیکەی ڕژێم دا لە شاری سنە، داوا لە مامۆستایانی ئایینی و بەشێک لە کەسایەتی‌یەکانی شاری سنە کراوە، کە سبەی ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی لە کۆبوونەوەیەک دا بەشداری بکەن و خەڵاتێکی دیاری کراوی ٥ میلیۆن تمەنی وەک دیاری لە ڕژێم وەر بگرن.

مامۆستا ئیبراهیم کەریمی لە مامۆستایانی دیاری کورد و پێشنوێژی ئاوایی نەنەڵەی سنە داوا دەکا کە شەرەف و ناموس و خوێنی شەهیدەکان نەفرۆشن و بەشداری ئەو بە ناو کۆبوونەوەیە نەکەن.

هەڵوێستی مامۆستا ئیبراهیم و بەشێک لە مامۆستایان و کەسایەتییەکان جێگای دڵخۆشییە و لە هەلومەرجی ئێستا دا

نەتەوەکەمان بە قۆناخێکی هەستیار دا تێدەپەڕێ و پێویستە کە هەموومان یەکدەنگ و یەکڕەنگ بە بێ جیاوازی بەشداری لەم ڕاپەرینە مەزنەی گەلەکەمان دا بکەین.

ڕووحی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشان و ڕاپەرینیان تا ڕووخانی یەکجاری کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی ئێران بەردەوام بێ.

٣١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## بابەتی ساڵی .................. ٢٠٢٣

### بژین خەڵکی بە ئەمەگی شاری مەهاباد بۆ ڕەد کردنەوە و بایکوتی داواکاری ڕژێم

دوێنێ ١٨ی ڕێبەندان بە بۆنەی بەناو دەیەی فەجر ڕێوڕەسمێک لە ساڵۆنی وەحدەتی شاری مەهاباد لە لایەن رژێمەوە بەرێوە چوو.

هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا دە ڕۆژ دیاری کراوە بۆ ڕێزگرتن لە ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەوەی خومەینی لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی دا.

ئەمساڵ دوای شۆڕشی ژینا و هاتنە سەر شەقامی خەڵکی بوێری کوردستان بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی، ڕژێم بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە خەڵکی شاری مەهاباد هەمیشە پشتیوانی ڕژێم و ڕۆژە دیاریکراوەکانی مێژووی ساختەی ئێرانن، بانگەوازیان بۆ ڕۆژی ١٨ی ڕێبەندان کرد بوو کە لە ساڵۆنی وەحدەت بە یەکپارچەیی و هاوپشتی کۆدەبینەوە و پشتیوانی لە ڕژێم دەردەبڕین.

بە خۆشیەوە خەڵکی بوێری شاری مەهاباد نەک بەشدار نەبوون بەڵکوو ڕژێم و ئەوانەی کە پێکهێنەری ئەم یادە درۆیینە بوون تووشی شەرمەزاری کرد و بە نەچوون و بە ئامادە نەبوونیان سەلماندیان کە ڕژێم هیچ جۆرە پشتیوانەیەکی خەڵکی لە پشت نییە.

خەڵکی مەهاباد بە نەچوونیان بۆ ساڵۆنی وەحدەت مستێکی توونیدیان لە دەم و لمبۆزی ڕژێم و کاربەدەستانی مایەپووچ و خۆفرۆشان دا.

کاناڵی دەنگ و ڕەنگی مەهابادی جەمهوری ئیسلامی ئێران نێوە نیوە ڕوومالی ئەو یادە درۆیینەی دەکرد، ئەوانیش لێیان ڕوون بوو کە ساڵۆن بەتاڵە و تەنیا چەند کارمەند و چەند بنەماڵەیەکی هەلپەرەست بەشداریان کردووە زۆرتر سەر سێن و

سەحنەی نیشان دەدا و لە یەک دوو گرتە دا کە بۆشک لە پتەیان دەرچوو سالۆنێکی چەند هەزار کەسی نەدەگەیشتە ١٠٠ کەس و ئەوانەی لەوێ بوون چەند بەناو بەرپرسی خۆسەپێن و چەند بنەماڵەیەک بوون ، چوونکە ڕێژەی منداڵەکان زیاتر بوو لە گەورەکان.

دیسان دەستخۆشی بە خەڵکی شاری پێشەوا قازی و شاری شەهیدانی کوردستان دەڵێم و سوپاس بۆ گەورەییتان و نیشانتان دا کە ئێوە هەردەم پێشەنگن بۆ ڕووخان و لە گۆڕنانی ئەم ڕژێمە نگریسە.

بە درەنگەوە وێنەیەکم لە کاناڵی مەهاباد گرت کە نیشان دەدا کە خەڵک بەشداری نەکردووە.

باسێک لەنیوەڕۆکی ئەم یادە درۆیینە نانووسم چوونکە دیار بوو بۆ کێ قسە دەکەن و بۆ کێ گۆرانی و سروود دەڵێن.

٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی ٢٧٢٣ی کوردیتان لێ پیرۆز بێ

لە بەرەبەری دەسپێکی ساڵی نوێدا، زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی نەورۆز لە خەڵکی بوێر و تێکۆشەری کوردستان لە ئێوە خۆشەویستان، لە هاورێ و دۆستان، لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی کوردستان و پێشمەرگەکانی نێو سەنگەری خەبات و خەڵکی خرۆشاوی سەر شەقامەکانی کوردستان دەکەم.

بە بۆنەی نەورۆزی ٢٠٢٣ی کوردی جوانترین و ڕازاوەترین چەپکە گوڵی بەهاریتان پێشکەش دەکەم و هیوادارم کە ساڵی نوێ دوایین ساڵی حکوومەتی تیرۆریستپەروەر و دیکتاتۆری ئیسلامی ئێران بێ وشۆرش و ڕاپەرینی ژینا (ژن ژیان ئازادی) بە هەوڵ و هیممەتی خەڵکی خرۆشاوی کوردستان و ئێران بگاتە لووتکەی سەرکەوتن و ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە و شەهیدانی کوردستان کە ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆییە وەدیبێ و بە ئاکام بگات.

نەورۆزی ئەمساڵ بە هۆی بوونی شەهیدانی شۆڕشی ژینا ، شەهیدانی سەر شەقام ، شەهیدانی سەنگەر و شەهیدانی نێو بەندیخانەکان ڕەنگ و بۆن و بەرامی تایبەت بە خۆی کە هەستی بەرزی نەتەوەییەهەیە، بۆ ئەوەی هەمووومان ڕەنگ و بۆن و بەرامی نەورۆزێکی دیکە ببینین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە ئاست خۆی سەربەرز بێتە دەر، پێویستە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان و هەمووومان یەکڕەنگ و یەکدەنگ و یەکگرتوو بەگژ کۆماری پەت و سێدارە بچینەوە و هەروەک چۆن سەنگەرەکانی سەر شەقام و شاخ و تاراوگە بوونە دەنگی بوێری خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و ئێران ، ئەمجارەش پێویستە هەمووومان بە یەکەوە لە ماڵەکانمان بێینەدەر و بە جلوبەرگی ئاڵواڵ و ڕەنگاورەنگی کوردی سەیرانگا و شەقام و شوێنە گشتییەکان لە شار و گوندەکان پڕ و گەشاوە بکەین و بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز و دیدارکردن و سروودی نیشتمانی و گۆرانی تایبەت بە نەورۆز و شۆڕشی ژینا ڕۆژەکانمان گەشتر بکەین و ئەم شۆڕشە بەرین و بەرینتر بکەینەوە.

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان و کەم ئەندامانی شۆڕش جێژنی نەورۆزتان و ساڵی ٢٠٢٣ی کوردی لە گشت لایەک پیرۆز بێ.

**٢٠ی مارچی ٢٠٢٣**

## خەرمانەی خەرمانتان هەروا سوور و پڕ بەرهەم بێ!

### گیارەنگ بە ئێوە بەرێزانەوە سەربەرزە.

سەرەتا وەک بەڕێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئێوەی ئازیز پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەم کارە مێدیایی و ڕاگەیاندنەی گیارەنگن، هەر بۆیە سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکەیەکەی ئێوە ئازیزان کە هەمیشە هاندەری سەرەکی ئێمە بوون و هەن دادەنوێنین. دەریای بێ سنووری پشتیوانی و گەوهەرەوشەکانی ئێوە ئازیزان، پێشنیار و تێبینی و دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانتان لە سەر ماڵپەری گیارەنگ و ستافی بەڕێوەبەری گیارەنگ، هێندە گەرم و پڕ لە هەست و سۆز و پڕ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و زۆر بوون، کە بە دڵنیاییەوە ئێمەتان وەک جاران و بگرە زیاتریش قەرزداری گەورەیی و دڵسۆزی خۆتان کرد و بە ناردنی نووسراوەکانتان کە بۆ ئێمە هەموویان چەپکە گوڵ و میداڵی شانازی بوون، ڕێگەی بەردەوامیتان بۆ والاتر کردین و کێوی قافتان ئەوەندە بۆ ئەوی کردین کە لە وێهەڵگەڕانی نەترسین و بەرەو سەرکەوتنی زیاتر هەنگاو باوێژین. بەرێزان! ئێوە ئەم گیارەنگە ڕەنگینەی خۆتان بە پاڵپشتی و هاوکاریتان وەک کێوی گیارەنگ و هێزی گیارەنگ ڕەگئاژۆ و بەهێزتر کرد.

لە ڕۆژی ٢٢ی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی کە هاوکات بوو لە گەڵ ١٠٥ ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، ماڵپەری گیارەنگ وەشانەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بە دیزاینێکی سادە و ساکار دەست پێکرد. ئەوکات بۆ ناساندنی گیارەنگ لە سەر نێت، دەبوو زەحمەتی زۆر بکێشی تا بتوانی بە خوازیارانی ماڵپەری کوردی بناسێنی.

بەخۆشیەوە بە هۆی بوونی هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستەکانمان زۆر زوو گیارەنگ سنوورەکانی بەزاند و توانی ببێتە میوانی ماڵەکانی نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات بە گشتی و ئۆگرانی ئازادی بە تایبەتی.

ماڵپەری گیارەنگ ئەگەر نەڵێین لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو ماڵپەرانەدا بوو کە بە شێوەی شەخسی و بێ پشتیوانی حیزب و لایەنێک بەڕێوە چووە، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە لە سەفی نزیک بە یەکەمەکان دابوو. ستافێکی دوو کەسی بە ئۆگرییەکی تایبەت بە خوێندنەوە و نووسین و کۆکردنەوەی بابەتەکان بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکمان بە بواری ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی کرد بێ. جیا لەوە ماڵپەری گیارەنگمان بۆیە دامەزراند کە بۆشایی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا،

بۆشایی نێوان پێشمەرگەی شاخ و شار و گوندەکان کەمتر بکەینەوە. گیارەنگ لە سەر پرنسیپێکی ئەخلاقی و خۆشەویستی بە نیشتمان و وەفاداری و ئەمەگ بە خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو ڕەهەندەکان دا دامەزرا و بە پشت بەستن بە ئیرادەی گشتی و بە تایبەت نووسەران و ئەدیبان و ئازادیخوازنی کورد، پێشمەرگەئاسا بۆ سەرخستنی ماڵپەری گیارەنگ بە هاوکاری گشت لایەک هەنگاومان هەڵێنایەوە و بە خۆشیەوە ئێستا بیستەمین ساڵی دامەزرانی بە هیممەتی هەموو لایەک جێژن دەگرین و ئەم دەلاقە سەوز و ڕەنگینەی گیارەنگ ئاوەدانتر و ڕەنگینتر دەکەین.

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو دا ڕووداوگەلی جۆراوجۆر لە کوردستان و ئێران و جیهاندا ڕوویان داوە، لە ڕووداوە مێژووییەکان دا، لە کارەساتە دڵتەزێن و ناخهەژێنەکاندا، لە قۆناخە خۆش و ناخۆشەکان دا، لە بەشی هەرە زۆری ئەم ڕووداوگەل و کارەسات و قۆناخانە دا ماڵپەری گیارەنگ بە قەدەر جێگە و پێگەی خۆی و تەنانەت زۆرتریش لە سەر خەت بووە و لە ساز کردنی هەواڵ و بابەت و ڕوومالْ کردنیان دا کەم و زۆر لە ڕاپەراندنی ئەرکە مێدیایەکانی خۆی دا بە یارمەتی کەسانی خەمخۆر و دڵسۆز و کوردپەروەر بەجێ نەماوە و بە پێی توانا زانیاری گەیاندۆتە دەست بینەر و خوێنەر و دڵسۆزانی ماڵپەرەکەمان بە تایبەتی و گەلەکەمان بە گشتی.

هەر لەم پەیوەندییە دا و لە ڕاپەرین و شۆڕشی ژینا دا یەکەم ماڵپەر بووین بۆ ئەوەی بتوانین جیا لە پشتیوانی خۆمان بۆ ئەم ڕاپەرینە، هاوکات بە کۆکردنەوەی وێنەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و دروست کردنی ماڵپەرێکی تایبەت بە ژیاننامەی شەهیدانی ئەم قۆناخە توانیمان کە لە ڕوومالْکردنی بەشێکی بەرچاو لە خۆپێشاندانەکان و لە هاتنە سەر شەقام و ڕاپەرینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە سەر هێڵ بین و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ شۆڕشی ژینا و درووشمی ژن ژیان ئازادی بچینە پێش و هاوکات بە دروست کردنی پۆستێری تایبەت بە شەهیدان ڕووپەرێکی نوێمان وەک ڕاگەیاندن و ماڵپەری گیارەنگ بە ڕووی دەرەوەدا و بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بۆ خۆپێشاندانەکان هەبووە کە ئەوە بۆ ئێمە وەک ئەرکێکی نیشتمانی دیاری کراو بووە و ئێستاش هەروا وەک پشتیوانی ئەم شۆڕشە کار و خزمەتەکانمان درێژە دەدەین. ماڵپەری گیارەنگ ئەرکی ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوەی زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بە ئەرکی خۆی زانیوە، لە کارە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دا هەردەم بە پێی توانای خۆی پێشەنگایەتی کردووە. گەلێک جاران نەیاران و دوژمنانی گەلەکەمان بە ئیمکاناتی زۆری ماددی و بە بوونی هێزێکی زۆری سایبێری لە ئێران، لە ڕێگەی هاککەرانی تورک و عەجەم کەوتۆتە بەر هێرشی هاککردن و ویستوویانە بێدەنگی کەن و پێش بە وەشانی بگرن، ڕەنگ بێ بۆ یەک دوو ڕۆژ توانیبێتیان کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم وەشانی گیارەنگ و یا ئارشیوی بابەتەکانی لێ بفەوتێنن، بەڵام هەموو جارێک گیارەنگ بە ئیرادەیەکی پێشمەرگانە، بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی و بەڵێنیەکانی و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکان وەشانی خۆی دەست پێکردۆتەوە و مستێکی توند و پۆلائینی لە لمبۆزی نەفس نەزم و سیخوران و هاککەرانی سەر بە ڕژێمی جەهل

و نەزانی و حکوومەتی پەت و سێدارەی ئێران داوە و باشتر لە پێشوو بە دیزاینی نوێتر و قائیمتر لە جاران دەستی بەکار کردۆتەوە و ئێستاش بە خۆشیەوە لە دارەداره دەرچووە و ڕێگەی بۆ کاری داهاتووی خۆی تەخت کردووە و هەروا ئەسپی خۆی لە بوارای ڕاگەیاندن دا لە تەنیشت شۆرەسوارانی وەک ئێوە تاو داوە و بۆتە چەقڵی چاوی دوژمنانی کورد.

لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ژمارەیەک لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و کەسایەتی تایبەت ، بۆ چرکەساتێک لە گیاڕەنگ دوور نەکەتوونەوە و بە ناردنی بابەتە هەمەڕەنگەکانیان هەم گیاڕەنگیان پڕ نێوەرۆک کردووە و هەمیش وەک یارێکی بەوەفای گیاڕەنگ، ئێمە و خوێنەرانی گیاڕەنگیان لەبیر نەکردووە و هەنووکەش بەردەوام هاریکار و یارمەتیدەری ئێمەن. پۆلێک لە هاورێیانی گیاڕەنگ بە سپۆنسەر کردنی گیاڕەنگ، بۆ بەردەوامی وەشانەکانی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ماڵپەری گیاڕەنگیان لە باری ماددیيەوە بێنیاز کرد، چەند هاورێی دیکەمان هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی گیاڕەنگ بە بەرگی نوێ و تازەوە ببێتە میوانی ماڵەکان، لە باری دیزاین و دارشتنەوەی دا وەک کۆڵەکەی مانەوەی گیاڕەنگ لە تەنیشت گیاڕەنگ بوون و هەنووکەش هەروا بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان، پۆلێک لە تێکۆشەرانی ریزەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان چ وەک بنەماڵەی شەهید و زیندانی سیاسی، چ وەک پێشمەرگە و هەڵسووراو و چالاکی سیاسی نێو سەنگەری خەبات و تێکۆشان لە شاخەکانی کوردستان و قەڵای دێموکرات، بە ناردنی وێنە و بیرەوەری و زانیاری بەخشین بە خوێنەرانی گیاڕەنگ بناغەی ئەم هەوارە ڕەنگینەیان بە ئەستۆندۆکی خۆیان قائیم ڕاگرتووە.

ماوەتەوە کە ئەوە بڵێین، بۆ بەردەوامی ماڵپەری گیاڕەنگ، پشتیوانی ئێوە دڵسۆزان و بەرێزان، گرینگترین خاڵی یارمەتیدەرە.

خۆشەویستان! کار وئەرک و پێ ڕاگەیشتنی بەشە تکنیکی و ئیدارییەکانی لە سەر ئێمە ستافی بەرێوەبەری گیاڕەنگ و نووسین و ناردنی وتار و هەواڵ و بابەتی سوودبەخش لە ئێوە ئازیزانی گیاڕەنگ چاوەڕێ دەکەین. بەو شێوەیە بە یەکەوە دەتوانین لە خزمەتی گەلەکەماندا بین و یارمەتیدەری گەشە پێدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بین و بە گەیاندنی زانیاری بە وەخت و بابەتی بە سوود هەموومان بە یەوەکە لە سەنگەری خزمەت بە گەل و نیشتماندا بچینە پێشێ. ئێمە لەم دەرفەتەش کەڵک وەر دەگرین کە سوپاسی خۆمان بۆ گشت لایەک و بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بۆ یادی دامەزرانی بیست ساڵەی گیاڕەنگ خۆیان ماندوو کرد و بە ناردنی بابەت و شەن و کەون کردنی گیاڕەنگ لە هەموو بوارەکاندا گیاڕەنگیان هەڵسەنگاند. لەم بەشەدا چ وەک نەقد و چ وەک وەسف و چ وەک تیشک خستنە سەر گۆشە و لاپەرە و دیزاین و کارەکانی ڕابردووی گیاڕەنگ و لەوەش گرینگتر چ وەک ناردنی پێشنیار و تێبینی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی گیاڕەنگ هەموویان لە ناخی دڵمان دا بۆ هەمیشە بە گەورەیی و ڕووناکی دەمێنێتەوە.

ئێمەش وەک بەڕێوەبەرانی گیارەنگ، شلێر حەسەن پوور و حەمەڕەسووڵ کەریمی پابەند بە درێژەدانی ئەم ماڵپەرە دەبین و هەوڵ دەدەین کە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی بینەران و خوێنەران و ئێوە ئازیزاندا بین. بە دڵنیاییەوە بە بەردەوامیمان، سەنگەری خەبات و تێکۆشانمان لە گیارەنگ دا بە دژی رژێمی تیرۆریستپەروەری ئیسلامی ئێران پتەوتر و قائیمتر بکەین.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت

شلێر حەسەن پوور و حەمەرەسووڵ کەریمی

٢٤ ـ ٠٤ ـ ٢٠٢٣ ی زائینی

---

سڵاو لە شەهیدانی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی زائینی شاری قەڵادزێی دوو جار شەهید کە لەم ڕێکەوتە دا بە دەستی حکوومەتی بەعسی عێراق بوردوومان و ناپاڵم باران کرا و سەدان کەس شەهید و بریندار بوون و بەشێکی زۆر لەم شارە وێران بوو.

**٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢٣**

---

## کۆچی دوایی دایە فاتمە محەممەدی هاوسەری شەهید مینەشەم.

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨ - ٦ - ٢٠٢٣ی زائینی دایە فاتمە محەممەدی بە هۆی نەخۆشی و بە سالاچوویی لە تەمەنی ٩٢ ساڵی دا لە شاری لینشۆپینگ لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

خاتوو فاتمە محەممەدی کچی نەمر قالە عەبوولی نستانێ لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی وەرزێر و نیشتمانپەروەری کورد دا لو گونسی نستان لە دایک بووە، وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەم بە هۆی لە پەراوێز خستنی کوردستان لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە لە خوێندن بێبەری بووە و نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە و ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی وێرای منداڵانی گوندی نستان لەگەڵ بنەماڵەکەی بە کار و ئەرکی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەوە بەسەر بردووە و لە تەمەنی گەنجییەتی دا لەگەڵ هاورێ کاک حەمەدەمین شەمعی ناسراو بە مینەشەم خەڵکی سیسێر لە ناوچەی ڕەبەت ژیانی هاوبەش پێکدێنێ.

شایانی باسە کە جووڵانەوەی کوردستان لە سەردەمی حەمەڕەزاشا دا گوڕ و تینی شۆڕشگێری خست بوو نێو خەڵکی کوردستان و پۆل پۆل لاوان تێکەڵ بە بزووتنەوەی کورد دەبوون، یەکێک لە براکانی دایە فاتمە بە ناوی عەبدوول نستانی دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و دواتریش هاوسەری ژیانی کاک مینەشەم دەبێتە پێشمەرگە و لە جووڵانەوەی ساڵانی ١٣٤٧ و ١٣٤٦ی هەتاوی دا وەک یەکێک لە کادر و پێشمەرگە جەنگاوەرەکانی کوردستان دڕ بە شەوەزەنگی حکوومەتی پاشایەتی دەدەن و بە هەڵسووڕانی بێوچان و شەڕی پارتیزانی، ئەرتەش و ژاندارمی ئەو سەردەم تووشی شکست دەکەن.

بە داخەوە لە مانگی بانەمەڕ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی دا، شەهید مینەشەم لەگەڵ شەهید عەبدوڵلا موعینی و هاورێیەکی دیکەی لە کاتی مەئموریەتی حیزبی دا دوای جەولەیەکی چەند مانگی لە قالوێی عەولائاغا لە ناوچەی مەهاباد لە بەرەنگاری و شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید دەبێ و بەم شێوە دایە فاتمە لە هەڕەتی گەنجییەتی دا بە دوو کوڕ و سێ کچەوە لە هەست و سۆزی شەهید مینەشەم بێبەری دەبن.

دایە فاتمە دوای شەهید بوونی هاوسەری ژیانی بڕیار دەدا کە بۆ منداڵەکانی هەم دایک بێ و هەمیش باوک بێ، هەر بۆیە زۆر لەخۆبردووانە و فیداکارانە شان وەبەر قورسایی ژیان و گەورە کردنی منداڵەکانی دەدا و دەبێتە نموونەی دایکانی

فیداکاری کوردستان.

دایە فاتمە لە تەنیشت ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی زۆر سەربەرزانە ژیانی خۆی بە وەرزێری و مەڕداری لە گوندی سیسێر و کوێستانە سەربەرزەکانی بەردەکوڕ، مەیدان چۆغە، کەپری، تەرخان و هەوارەکانی بڵیندە، مامرکوژە، ئەشکەوتان و بێلەنگێ و سێوەسوورە و لێرەوارە چڕ و پڕەکانی خرێ ئاوێنان و قۆقژان و سەرچاوە جوان و ڕازاوەکەی چاوەی سیسێرێ و بۆڕژی بەسەر بردووە. دایە فاتم بە هەنگاوەکانی کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیانی بۆ خۆی و منداڵەکانی تەخت کردووە. ژیانی دایە فاتمە پڕ بووە لە ئەزموون و پڕ بووە لە خۆشەویستی بە ژیان و هەستانەوە و هەر بۆیە بە مایە دانان لە خۆی توانیویەتی منداڵەکانی گەورە بکا و فێری وانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریان بکا.

دایە فاتمە ژنێکی هێمن و لە سەرخۆ، ژنێکی دەست ڕەنگین و مێهرەبان بوو، خاتوونێکی دڵ ساف و بێگەرد و پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری بوو، خەڵکی خۆشدەویست و خەڵکیش ڕێزیان لە دایە فاتمە دەگرت و لە شایی و خۆشی و ناخۆشی و ئازارەکانی خەڵکدا بەوپەری دڵسۆزییەوە بەشداری دەکرد و میواندۆست و ساحەب کەسایەتی تایبەت بە خۆی بوو.

دایە فاتم کەسێک نەبوو کە شەهیدبوونی هاوسەری ژیانی و شەهیدانی دیکە لەبیر بکات، دڵی هەمیشە بۆ ئازادی کوردستان لێ دەدا و خەمی ئازادی نیشتمانی لە کۆڵ نابوو، هەر بۆیە لە کاتی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی دا خۆشی و شادی لە دڵ دا دەگەڕا و هانی خەڵکی دەدا کە بەشداری بکەن بۆ تێکەوە پێچانی حکوومەتی پاشایەتی. دوای ئەوە کە ڕژێمی نگریسی پەهلەوی بە دەست و مەچکی ئازادیخوازان تێکەوە پێچرا، دایە فاتمە وەک ژنێکی دیاری ئەم دەڤەرە و وەک هاوسەری شەهیدێکی پایەبەرز زیاتر لە جاران درەوشایەوە و ئازاتر و ئازادتر لە پێشوو لە مەیدانی کردەوە دا وەک پێشەنگ خەمی لە کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەخوارد.

زۆری نەخایاند کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی سازمان دا و یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی کاک ئیبراهیم شەم پەیوەست بە ریزەکانی کۆمەڵەوە دەبێ و لە شۆڕشی ئەمجارەش دا دایە فاتمە پشکی خۆی هەم لە کوڕ و هەمیش لە برا پێشکەش بە شۆڕش و گەلی کورد دەکاتەوە و جارێکی دیکە وەک دایکێکی دڵسۆزی نیشتمان خۆی بۆ ئازادی و بۆ ڕزگاری گەلەکەی ئامادە دەکاتەوە.

هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی ئێران و هێرش و گرتنەوەی کوردستان و کوشتاری بێ بەزەییانەی ئەم حکوومەتە تازە بە دەسەلات گەیشتووە ، جارێکیتر ویست و داخوازییەکان و ئارەزووەکانی کورد و دایە فاتمی زیاتر کرد و ئەمجارە

بوێرانەتر لە پێشوو وێڕای خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەم رژێمەدا ڕاوەستا و بە هەموو تواناوە بوو بە پشتیوانی برا و کوڕی جگەرگۆشەی و گشت پێشمەرگەکانی کوردستان.

خۆشەویستی پێشمەرگە و هەستی دایە فاتم دووانەیەکی لێک گرێدراو و دانەبڕاو بوون، هەر بۆیە هەموو پێشمەرگەیەکی بە کوڕ و برای خۆی دەزانی و بە قەدەر کاک عەبدووڵ و کاک برایمی خۆشدەویستن، ماڵیان هەم لە گوند و هەم لە هەوار جێگەی حەسانەوەی پێشمەرگە بوو، ماڵەکەی جێگەی حاوانەوەی دایک و باب و برا و خوشکی پێشمەرگە و بنەماڵە شەهیدەکان بوو، دەستی مێهرەبانی بە سەر سەری گشت لایەکمان داهێناوە و وەک دایکێکی خۆشەویست سایە و سێبەری بە سەر سەرمانەوە هەبووە و تا دوا ساتەکانی ژیانی خۆشەویستی گەل و نیشتمان و پێشمەرگەی نەک لە کەمی نەدا بەڵکوو هەر بە یاد و بیرەوەری ئەو کات ژیانی تێپەر دەکرد.

دایە فاتم لەگەڵ زام و برینی هەر پێشمەرگە و هەر خۆشەویستێک دەتلاویەوە و لەگەڵ شەهیدبوونی هەر پێشمەرگەیەک برینی شەهید بوونی هاوسەری ژیانی لێ تازە دەبۆوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیچ کات نائومێد و بێ هیوا نەبوو، بەڵکوو هەمیشە ساحەب ئیرادە و بەهێز و گوڕ و تین بوو، بە قسە و بە نەسیحەت و ڕێنوێنییەکانی هەموو لایەکمانی هان دەدا کە خۆ لە شەڕی براکوژی بپارێزین، هەمووماں یەکدەنگ و یەکڕەنگ و پشت و پەنای یەکتر بین و بەگژ هێزی دوژمن دا بچینەوە، زۆرجار بە چارۆکەی شانی و بە دڵی پڕ لە ئەوینی ئاوپڕژێنی دڵ و دەروونی کردووین و توێشووی ڕێگای دوور و درێژی پێشمەرگانەی بۆ ئامادە کردووین.

بەهۆی هەڵسورانی بێ وچانی کوڕی پێشمەرگەی و برای فەرماندەی، دایە فاتم لە ژێر چاوەدێری جاش و سیخورەکان دابوو، هەر بۆیە لەگەڵ هەر عەمەلیاتێک ڕەوەی جاش و خۆفرۆشان و رژێم وەک گورگی هار پەلاماریان بۆ دەبرد و ژیانیان لە دایە فاتمە تاڵ کردبوو، بێ ڕێزی و بێ حورمەتی و بانگهێشتن بۆ بنکە و ئیدارەی ئتلاعات هیچ کات ئیرادەی پۆڵائینی دایە فاتمی پێ تێک نەشکێندرا، بەڵکوو هەمیشە بە ئیمان بەخۆبوون بەگژیان دا دەچۆوە و هیچ کات لە هەڕەشە و لە چاو سوورەکردنەوەکانیان نەترسا و پاشەکشەی لە سەرووەرییەکانی بنەماڵەکەی و گەلەکەی نەکرد، خۆی گوتەنی ٥٥ ساڵە ماڵ بەکۆڵە و سنوورەکان ناناسێ و بەردەوام ژیانی لە هاتووچۆی نێو گەل و شۆڕش دایە.

ژیانی لێوڕێژ لە وەفاداری و خۆشەویستی و مێهرەبانی دایە فاتم، بۆ لێ فێربوون و وانە گووتنەوە دەبێ، دایە فاتم بە جەستە بەجێی هێشتین بەڵام بە دڵنیاییەوە هەموو ئەوانەی کە دایە فاتمیان لە نزیکەوە ناسیوە و دیتوە، بۆ هەمیشە ناو و یاد و بیرەوەرییەکانی دایە فاتمیان لە دڵ دا دەمێنێتەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە فاتم لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە تێکرای خەڵکی خۆشەویستی سیسێر و نستان و لە ئەندامانی بنەماڵەی بەرێزیان لە خوشک و براکانی و لە کچەکانی و لە گشت نەوە و خزمانیان لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە برای تێکۆشەر فەرماندەی ڕۆژە سەختەکان کاک عەبدوول نستانی و هەروەها لە کادری بە توانا کاک برایم شەمی تێکۆشەر و گشت ئەندامانی بنەماڵەکەیان کاک عومەر شەم و خوشکەکانی دادە خەج و دادە مریەم و خاتوو چرۆ و ماڵباتی بەرێزیان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم و هیوادارم کە نموونەی لە چەشنی بەرزی و جوانی دایە فاتم لە کوردستان دا هەر لە زیاد بوون دابن.

ڕووحی شاد و جێگەی بەهەشت بێ و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٢٠ی جوونی ٢٠٢٣

## دایە ئایشێ مرۆڤێک لە ڕەنگی خاک و لە بۆنی گەنم.

لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە بنکەی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری قەڵادزێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەک و یەک لەوان کاک عومەر گەردی دانیشتبووین و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە بگەڕێینەوە بنکەکانمان لە بناری مامەندە، بە گشتی هەموومان خەریکی گێرانەوەی بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردوو بووین.

دواتر بەرپرسی بنکەی قەڵادزێ هات و گووتی کە ڕێگەی قەڵادزێ بۆ سونێ گیراوە و ئێوە تا ڕێگا دەکرێتەوە لە بنکەی قەڵادزێ دەمێننەوە، ئەوە دەرفەت بوو کە سەردانی چەند خزم و ناسیاو و چەند ئاشنایەک بکەم، بەڵام بەر لەوە بەرنامەی خۆم دابڕێژم هاوڕێ و برای گەورەم کاک عومەر گەردی گووتی شەو دەچینەوە ماڵی ئێمە.

ئێوارە لەگەڵ کاک عومەر چووینەوە ماڵی شەهید مەلا ڕەسووڵ گەردی، زۆر بە شەرمەوە چوومە ژوورێ و دواتر لە گۆشەیەک لە ژووری گەورە دانیشتم، زۆری نەخایاند کە ژنێکی سیما جوان بە جلوبەرگێکی ژنانەی ناوچەی موکریان کە هەر لە خۆی جوان بوو هاتە ژوورەوە و وێرای بەخێرهاتن کردن ئامێزی دایکانەی بۆ کردمەوە و بەخێر هاتنێکی گەرم و خۆماڵیانەی کردم و زۆر بە گەرمی خوڵقی کردم، لە یەکەم دیدار دا ئۆگری دایە ئایشێ بووم.

دایە ئایشێ ژنێکی ڕاوێژ خۆش، بە خوڵق و خوو، ڕەوشت بەرز و سادە و ساکار و گەرم و گوڕ بوو، لە یەکەم دیدار ڕا هەستم بەوە کرد کە ئەم خاتوونە بەرزەناوە بە مانای وشە دایکێکی خەمخۆری هەموو لایەکە. ئەم دیدارە بوو بە هەوێنی دایکانە و بە حەق لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوو دا وەک دایکێک هەست و سۆزی بۆ منی بچووکی خۆی هەبووە و لە چەندجار بریندار بوونم دا وەک دایکی خۆم بۆم بە پەرۆش بوو، لە نەخۆشخانە سەردانی کردووم و بە قسەکانی سارێژکەری زامەکانم بوو، بە خۆشیەوە هەر کاتێک بە خزمەتی گەیشت بم، زۆر بە گەرمی دەستەکانم ماچ دەکرد و بۆنی دەستەکانی بۆنی خاک و گەنم و دایکمی لێدەهات، دایە ئایشێ لە ئامێزی خۆی دا کوڕ و کچ و نەوەکانی زۆر بە خەمخۆری گەورە کردن و هەموویانی فێری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری، ئیمانداری و باوەڕمەندی بە ڕاستییەکانی ژیان کرد و بۆ ئێمەمانانیش کۆڵەکە و ئەستۆندەکی ڕاوەستاوی تاوڵی ژیانمان بوو، قسەکانی، ڕێنوێنیەکانی، هەست و سۆزی بۆ منی بچووکی خۆی بوونە چرای ڕووناکی ژیانم و هەمیشە وەک دایکم خۆشم ویستووە و ئێستاش دوای کۆچ و ماڵئاوایی بە جەستەی، یاد و ناوی لە دڵم دا بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

دایە ئایشێ خاتوونێکی تێگەیشتوو، هێدی و لەسەرەخۆ، ساحەب قسە و ساحەب بڕیار و ژنێکی خۆڕاگر و بە هیوا و ئومێد بوو، کاتێک بە پیلانێکی خائینانە هاوسەری ژیانی، کاک مەلا ڕەسووڵ شەهید بوو زۆر خۆڕاگرانە ئەرکە بەجێ ماوەکانی شەهید مەلا رەسووڵی وەک باوکی منداڵەکانی بە زیادەوە ڕادەپەڕاندن و جیا لە ئەرکی دایکانە ئەرکی باوکایەتیشی کەوت بوو سەر شان و بە حەق لەم ئەرکە قورسەش دا ڕوو سوور و سەربەرز هاتە دەر. دڵسۆزی و خەمخۆری دایە ئایشێ بۆ هەموو لایەک جێگەی ڕێز بوو، هەر بۆیە بە گشتی ژنان و پیاوانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕێزێکی تایبەتیان بۆ دایە ئایشێ هەبوو.

هاتووچۆم بۆ لای ماڵە ئاوەدانەکەی دایە ئایشێ چ لە بناری قەندیل و چ لە دەشتی کۆیە و دواتریش لە وڵاتی سوئێد بۆ من وەک عادەتی لێهاتبوو، زۆرجار کە بە تەلەفوونی لە گەڵ مامۆستا خالید و کاک عومەر و خزمان قسەم دەکرد، هەوڵم دەدا لەگەڵ دایەش قسە بکەم ، بەداخەوە دوای هاتنی بەڵا و نەخۆشی کرۆنا، بۆ پاراستنی دایە ئایشێ لە مەترسی کۆرۆنا نەدەبوو سەردانی بکەم و هەر بۆیە زیاتر بە تەلەفوونی ئەحواڵم دەپرسی و لەم دوایانەش دا کە بە هۆی بە ساڵاچوویی و نەخۆشی وەزعییەتی بەرەو ناجێگربوون ڕۆیشت بوو، لە ڕێگای کوڕەکانی دایە ئایشێ لە حاڵ و گوزەرانی بێ هەواڵ نەبووم، بەداخەوە دایە ئایشێ دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بڵاو بوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی حاجی "ئایشێ"ی شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەرێزیان و بنەماڵەی گەردی ئازیز و تێکۆشەر دەناسن بۆتە مایەی خەم و پەژارە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی خەمخۆر و دڵسۆزی هەموو لایەکمان حاجی ئایشێ هاوسەری گەورە پیاوی نێو خەباتی کوردایەتی شەهید مامۆستا مەلا ڕەسووڵ گەردی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە یەکەیەکەی ئەندامانی بنەماڵەی بەرێزیان لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

لە ئاست ئەم کۆستە گەورەیە دا هیچ وشەیەک شک نابەم کە بتوانێ هەڵگری ئەو خەمە گەورەیە بێ و ئاواتەخوازم کە ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی گەورەی گەردی و خزمانیان ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بن.

جارێکی دیکەش سەرەخۆشی لە گشت لایەک دەکەم و خوا سێبوریان بدات.
رووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.
ناو و یادی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

١٩ی جوولای ٢٠٢٣

## دوکتور قاسملوو ڕچەشکێن و پێشەنگی هەموو ڕێگە هەڵەمووت و نەستەمەکان.

نووسین لەسەر کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو کارێکی ئاسان نییە و، سەرەڕای ئەوەی دوای ٣٤ ساڵ لە شەهیدبوونی ئەو بلیمەت و مەزنەڕێبەرەدا گەلێک نووسین و بابەت و لێکۆلینەوە و تەنانەت تێزی خوێندکارانی زانکۆی لەسەر نووسراون؛ کەچی هێشتا هەم گوتن زۆرە و هەم دووان لە ئەو ئاستەم و دژوار. هاوکات ئاوڕدانەوە لە شارەزایی و لێزانی و پسپۆڕیی شەهید د قاسملوو لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی، ئابووری، مەسەلەی یەکسانی لە کۆمەڵگا و کاریزمابوونی بۆ ئەو کەسانەی لە نزیکەوە لەگەڵی ژیاون و هاوخەباتی بوون، ئەرکێکی گرینگ و مێژووییە. بۆ منیش وەک قوتابییەکی ئەم ڕێبازە لە دێموکراتدا، کە درێژەدانی ڕێگایەکەی لە هەموو قۆناخەکاندا بۆتە جێگەی شانازیم، وەک ئەرک پێویست بوو لە بوار و ڕەهەندی گرینگی بەئارشیڤکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و حیزبی دێموکرات لەلایەن شەهید دوکتور قاسملووەوە چەند دێرێک کە بۆ خۆم لە نزیکەوە شاهیدی بووم و پێوەندیی بە باسێکی گرینگ و هەستیارەوە هەیە، لە تویی ئەو نووسینەدا تۆماری بکەم.

لەمێژ ساڵە قسەیەک دەگوترێ: « کوردەکان جیا لە چیاکانی کوردستان هیچ دۆست و پشتیوانێکیان نییە » . کاتێک ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی پەت و سێدارەی ئێرانەوە، تەواو پەراوێز خرابوو، و گەمارۆ درابوو؛ لەو کات و سەردەمە ناسکەدا شەهید دوکتور قاسملوو بە بایەخدان بە گرینگیی کاری دیپلۆماسی و نێونەتەوەیی و بۆ گەیاندنی دەنگی کورد و پێشاندانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها ناساندنی خەبات و بزووتنەوەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەر دەگرت و هەوڵی دەدا ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەم لە ڕێگای هەواڵنێر و فیلمهەڵگرەکانەوە و بە چرکاندنی وێنە بە دونیای دەرەوە بگەیەنێ و لە هەمان کاتدا بەئارشیڤ و بەدێکۆمێنتیان بکات.

بۆ ئەو مەبەستە بە دەیان هەواڵنێر ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات دەکرد و لە ڕێگەی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیەوە بە ئەمانەتەوە تەحویلی هێزی پێشمەرگە دەدران و دواتر لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ستاقی هەواڵنێر و فیلمهەڵگرەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەگوازرانەوە. چەند ساڵ دواتر بە خەمخۆری و لێزانیی شەهید قاسملوو تواندرا چەندین کامێرای وێنەگرتن و فیلمهەڵگرتن کە بۆ ئەوکات هەم سەردەمیانە بوون و هەمیش گرینگ، بگەیندرێنە سکرتاریای حیزب و دواتر چەند دەورەی هەواڵنێری، وێنەگری و فیلمهەڵگرتن بۆ هێزی پێشمەرگە بکەنەوە.

لەو سەردەمدا کەم کەس هەبوو شارەزای کامێرای فیلمهەڵگرتنەوە بێت، هەر بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو بۆخۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و بە خوێندنەوە و بە وەرگێڕانی کاتالۆگی کامێراکان کە بە چەند زمانی جیهانی و یەک لەوان ئینگلیزی بوو، هەوڵی دەدا یەکێک لە هاوڕێیان کە شارەزای وێنەگرتن و کارکردن بە کامێرا بوو، فێری تیکنیک و تایبەتمەندییەکانی ئامێرەکە بکات.

لە ڕاستیدا بەر لە هەموو کەس بەڕێزیان مامۆستای یەکەمی ئەم بەشە بوو و هەر وەک چۆن لە هەموو بوارەکاندا پێشەنگ و پێشڕەو بوو، لەم بوارەشدا ئەرکی خستبووە سەر شانی خۆی بۆ فێرکردنی کەسێک کە دواتر وەک مامۆستای ئەم بەشە لە حیزبدا خزمەت بکات.

سەرەتای ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی لە ڕێگەی ئەمر عەبدوڵڵا ڕەسووڵپوور، ناسراو بە وەستا عەوڵای فیلمهەڵگر و چەند هەواڵنێری خاریجی و دواتر لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە ڕێگەی فیلمهەڵگرەکانی حیزبەوە گەلێک کۆڕوکۆبوونەوە، شەڕی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر حکوومەتی ئێراندا، ڕووداوگەلی جۆراوجۆر لەلایەن حیزبەوە وێنە و فیلمیان لێ هەڵگیرایەوە و بوونە بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گرینگیدان بە ئارشیڤکردنی خەباتی گەلەکەمان و حیزبی دێموکرات لەلایەن شەهید دوکتور قاسملوو، نیشانەی وردبینی و دووربینی بەڕێزیان بوو. ئەگەر ساڵانی پێشوو لە لایەن هەواڵنێرە خاریجییەکان بەشێک لە مێژوو وەک دێکۆمێنتاری بڵاو دەکرانەوە، ئەوە ئەمجارە حیزب بۆ خۆی ئەو ئەرکە گرینگەی خستە سەر شانی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بۆ ئەو مەبەستە چەندین هاوڕێی حیزبی زۆر بوێرانە لە شەڕگەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و دوژمندا بەشدار دەبوون.

خاڵێکی گرینگی باسەکانی شەهید دوکتور قاسملوو دوای کۆتاییهاتنی دەورەی فیلمهەڵگرتنەوە، ئەوە بوو کە دەیگووت: ئەرکی پاراستنی گیانی فیلمهەڵگرەکە و ستاڤی فیلمهەڵگر لە ئەرکە هەرە لەپێشترەکانی ئەو کارەیە، بۆیە نابێ لە کاتی فیلمهەڵگرتنەوەدا کەمتەرخەم بین و گرینگی بە پاراستنی گیانی خۆمان نەدەین. بەو مانایەی نابێ گیانی خۆتان بۆ گرتنی فیلمێک بخەنە مەترسییەوە. دواتر کۆمەڵێک خاڵی گرینگ بۆ پێشاندانی مێژووی کورد و ڕووداوەکانی کوردستانی لە کاتی فیلمهەڵگرتنەوەدا بۆ باس کردین کە گرتن و پێشاندانی هەر فیلمێک پێویستە هەڵگری پەیامی تایبەت بە خۆی بێ و هەم دۆستەکانمان و هەمیش دونیای دەرەوە لە جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستاندا ئاگادار بکەینەوە.

پاراستنی ئەو فیلمانەی هەڵدەگیرانەوە ئەرکێکی دیکە بوو، چوونکە هەم ئەوکات و هەمیش دواتر دەبوو لە بڵاوکردنەوەی

هەندێک گرتە ویدیۆ خۆ بپارێزین، نەدەبوو ئێمە لە سەر بەدیلگیرانی هێزەکانی ڕێژێم بە دەستی پێشمەرگە و یا کوژراوەکانی دوژمن لە کاتی شەڕدا زیادەڕەوی بکەین، پاراستنی ئوسوڵەکانی شەڕ و ئاشتیی زۆر بەباشی بۆ ڕوون کردبووینەوە؛ بەتایبەت لەو کاتانەدا کە دیلەکان چ ئەوانەی ساغ بوون و یا بە بریندراری دەگیران دەبوو وەک دیلی شەڕ بە ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە و شۆڕشگێری لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکرێت. هەموو گرتە ویدیۆکان دواتر لەلایەن سکرتاریاوە سەیریان دەکرا و خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەستنیشان دەکران. چەندجار لەسەر فیلمهەڵگرتنەوەی نابەجێ، کەسی فیلمهەڵگر بانگ کراوە و ڕێنوێنی کراوە و لەولاشەوە ئەو فیلمهەڵگر و هەواڵنێرانەی ئەرکی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا چ لە نێو خەڵکی کوردستان و گوند و چیاکاندا و چ لە کاتی شەڕ و هێرشدا بەباشی بەڕێوە بردبوو، بەتایبەتی لەلایەن شەخسی سکرتێرەوە تەشویق دەکران. دیارە نەک تەنیا بۆ فیلمهەڵگرەکان، بەڵکوو بە گشتی بۆ هەموو بەشەکانی حیزب ئەو لێپرسینەوە و ڕێنوێنی و تەشویقیانە هەبوون.


برای بەڕێز کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی — تاریخ ۲۳/۱/۵۹

پاش سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە !

لەبەر ئەوە کە بۆ پێش‌خستنی ئامانجەکانی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران دڵسۆزانە و چالاکانە تێکۆشاوی، بەم بۆنەوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە تەشویق دەکرێی.

هیوادارین کە لە دوا ڕۆژیش دا هەروەک رابردو لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی حیزبی پێشقەدەم بی.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی عبدالرحمن قاسملو

GIARENG
www. giareng.com

بەخشین و پێدانی سوپاسنامەکان بۆ هاندانی زیاتری ئەرکە پێسپێردراوەکان بوو. ئەو کەسەی سوپاسنامەکەی لە بەرێزیان وەردەگرت بە شانازییەوە وەک میداڵی ئیفتخار سەیری دەکرد و بە خۆشییەوە نووسەری ئەم چەند دێرە شانازی ئەوەم هەبووە کە ئەو سوپاسنامە و دڵگەرمنامەیە وەک میداڵێک بە ئیمزای بەڕێزیان وەر بگرم و بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ وەک دیارییێکی بەنرخ لە نێودڵ و لە یەکێک ژوورەکانی ماڵەوە بە دیوارەوە هەڵاوەسم. دیارە گەورەیی ئەو ڕێبەرە لەو کورتە نووسینەدا بەجوانی دەر دەکەوێ کە لەگەڵ ئەوەدا سکرتێری گشتیی حیزب بوو، بەڵام بۆ گەورەیی حیزب بە ناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە نامەکەی نووسیوە و دواتر ئیمزای خۆی لێداوە.

بە گشتی لە ماوەی شۆڕشی ژینادا بیر و هزری شەهید د. قاسملوو باڵی بەسەر شەقام و کۆڵان و زانکۆ و شوێنە گشتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا کێشابوو، و شوێندانەری شەهید قاسملوو لەسەر گەنج و لاوانی کورد دوای ٣٤ ساڵ لە شەهیدبوونی نیشانەی ڕەوابوونی خەباتی فرە ڕەهەندی شەهید قاسملوو و حیزبی قاسملوویە. زایەڵەی دەنگی شەقام و هاواری بەرزی «قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە»، ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەخا کە ئەگەرچی بە جەستە شەهید قاسملوو لە نێوماندا نەماوە، بەڵام وانەکانی، گوتار، وتار، ئەخلاقی بەرز و کەسایەتیی شۆڕشگێرانە و زانایی و شارەزایی، بەرێزیان لە هەموو بوارەکاندا نە لەبەرچاوی خەڵک وون بووە و نە لەبیر خەڵکی کوردستان دەچێتەوە. هەر بۆیە هەنووکەش ڕوانگە و بۆچوون و ڕێبازی شەهید قاسملوو وەک چرای ڕووناکی ڕێگەی ئەم شۆڕشەترووسکە و بلێسەی هەیە و وێنەکانی و وتە بەنرخەکانی لە شۆڕشی ژینا (ژن ژیان ئازادی) لەرزە و چەقوچۆی خستۆتە دڵی تاریکی حکوومەتی پەت و سێداری ئیسلامی ئێران.

کەم نین ئەو گەنج و لاوانەی بۆ بەچۆکداهێنانی حکوومەتی ئاخوندی، لەژێر کاریگەری بەرحەقبوونی خەباتی شەهید قاسملوو دا دژوارترین ڕێگەی خەباتیان هەڵبژاردووە و ئەمڕۆ بوونە زایەڵەی دەنگی بوێری حیزبەکەی شەهید قاسملوو.
بێگومان درەنگ یا زوو شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بە لووتکەی سەرکەوتن دەگا، خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان بە ئیلهام وەرگرتنلە ڕابردووی پڕ لە شانازیی شەهید قاسملوو و حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد و هەروەها بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆیان شەقام و شوێنە گشتییەکان دەکەنەوە شوێنی بە یەک گەیشتن، بۆ بەگژداچوونەوەی سوپای جەهل و نەزانی ئیسلامی ئێران.

لە کۆتاییدا دەنگ و ڕەنگ و قسە و وێنەکانی شۆڕشگێران و یەک لە دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم بزووتنەوەیە شەهید قاسملوو، کە وەک ئارشیوی ئەم مێژووە خوێناویەی گەلەکەمان، ئەمڕۆ دەستاوەدەست دەکەن بەرهەمی زەحمەتەکانی شەهید دوکتور قاسملوویە و وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە وردبینی و دووربینیی بەرێزیان بوو کە ئەمڕۆ ئارشیوی ئەم شۆڕشە

بۆتە چرای خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد و بە دەرس و ئەزموون وەرگرتن لەم مێژووە، ڕەوڕەوەی ئەم شۆڕشە هەروا بەرەوپێش دەچێت.

ئەم وتارە بۆ کتێبی "لەژێر ساباتی قاسملوو"، نوێترین بەرهەمی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادە کراوە.

سوپاس بۆ زەحمەتەکانی کاک عەلی بداغی و گشت هاوکارانی لە چاپەمەنی حدکا.

۲۷ی جوولای ۲۰۲۳

## چت بۆ بنووسم کە شایانت بێ کاکە قاسم سوڵتانی برام.

پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە دۆڵی گەورەدێ (دەفتەری سیاسی حدکا) لە گەڕی شایی و زەماوەند دابووم، گەنجێکی شایی بەخۆ و بزۆز و هەڵسوور و کورتەبالا، بە قژێکی لوول و فرەوە کە دەستی کچێکی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ خۆی ڕاکێشی گەڕی شایی و دیلانی دەکرد، هات و شانی وەشانی من دا و دەستی چەپی منی گرت، وەک مزراق بە جووڵە بوو، منی وەپێش خۆی دابوو، ئارەقی لە سەر و دەم و چاوی دەچۆڕا، چەند خولەکێک لە دەستی یەکتر دابووین و دواتر لە دەرەوەی شایی لە لای زیندەیاد کاک فەتاح کاویان و سەرهەنگ قادری ڕاوەستا و دواتر هەر نێوە نێوە خۆی بە گەڕی شایی دا دەکردەوە.

لەو ڕۆژەوە لەگەڵ کاک قاسم بووینە برا و هاوڕێی کەژ و کێو و نێو قەڵای دێموکرات بوو بە جێگەی ژیان و پێک گەیشتنمان.. کاک قاسم کادر و پێشمەرگەیەکی بەوەج و خەمخۆر و فیداکار و خۆشەویست بوو، ژیانی تەرخانی خزمەت بە گەل و نیشتمان و حیزبەکەی کردبوو، مرۆڤێکی ورد و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو، لە نێو ڕێزەکانی شۆڕشدا بە هەزاران کەسی دەناسی و لە باری کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی تێکەڵ و گونجاو بوو، ساڵانێکی زۆر بوو لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید و زیندووی ئەم حیزبە هەستان و دانیشتنی هەبوو، زۆر بە ڕەوشت و خۆش مەشرەف بوو، کەسێکی بێ ئیدیعا، خاکەڕا و بەدەستەوە بوو.

هەر کارێک گرێ کوێرەی تێکەوتبا، بە دەستی کاک قاسم بە ئاسانی دەکرایەوە، خەمی هەموو کەسی لەبەر بوو، لەگەڵ منداڵ و گەنج و لاوان و بە ساڵاچووان هەستان و دانیشتنی هەبوو، سەردانی نەخۆش و بریندار و بنەماڵەی گشت لایەک و بە تایبەت بنەماڵە شەهیدەکانی لە دوور و نزیک دەکرد و لە هیچ شوێنێکیش گیر نەدەبوو، بۆ حەسانەوە و بۆ خەوتن دەگەڕاوە نێو قەڵا و لە تەنیشت گەورەپیاوی نێو شۆڕش و کوردایەتی کاک فەتاح کاویان ئۆقرەی دەگرت.

کاک قاسم ئاوەدانی نێو بنکە و بارەگاکانی حیزب و نێو قەڵای دێموکرات بوو، ژوورەکەی پڕاوپڕ لە پەرتووک و کتێب و ڕۆژنامە و نووسراوەی جۆراوجۆر بوو، ئارشیوێکی گەورەی حیزب و گەنجینەیەکی پڕ و لێوڕێژ لە مێژووی خوێناوی گەلەکەی و حیزبەکەی بوو، بە دوای هەر نووسینێک دا گەڕابای و دەستت نەکەوت بایە، ئەوە لە لای کاک قاسم و ئارشیوە بەنرخەکەی دەست دەکەوت و بە چەند خولەک لەبەر دەستی دادەنای و دواتر بە دەستی پڕ بەڕێی دەکردی و نائومێدی

نەدەکردی.

کاک قاسم لە بوارەکانی موتالاکردن و خوێندنەوە زۆر ورد و دەقیق بوو، لە کاری فەننی و دەرکردنی بلاڤۆک و ڕۆژنامە و نامیلکەکانی حیزبی و غەیرە حیزبی دا زۆر وەستاکار و کارجوان بوو، هەرچی لەبەر دەستی ئەو بایە گورج چەند دانەیەکی لێ ئارشیو دەکردن، ئارشیوی حیزب و ئارشیوی شەخسی خۆی لە خزمەت گشت لایەک دابوون و هەر بۆیە لە وتووێژەکانی دا پێداگری لە سەر ئەوە دەکردەوە کە دوای نەمانی خۆی ئەم گەنجینەیە پارێزگاری لێ بکرێ، خەمی لە بوون و نەبوونی ماڵی دونیا و شتەکانی نەدەخوارد، بەڵام خەمی پاراستنی ئەو ئارشیوە ببوو بە فکر و خەیاڵی کاک قاسم و بە حەقیش تەنیا ئەو دەیزانی کە نرخی ئەو گەنجینەیە، لە ئەژمار نایە و پێویستە کە پارێزگاری بە مانای وشە و بە گیانەوە لێبکرێ.

کاک قاسم بە قسەخۆشەکانی، بە هەڵس و کەوتی مەند و لەسەرەخۆیانەی کۆڕوکۆبوونەوە و دانیشتنەکانی نوقمی خۆشی و شادی دەکرد، سەردانی بنکەی پێشمەرگەکان، ئۆرگانەکان، نەخۆشخانە و شوێنەکانی لاوان و ژنان و منداڵپارێزی و کەمپەکانی دەکرد، لەگەڵ منداڵەکانی نێو قەڵا دەم بە خەندە و ڕاوێژ خۆش بوو، گیرفانی هەمیشە نوقڵ و بنێشت و شیرینی تێدا بوو، دونیایەکی جوانی بۆ منداڵەکانی کادر و پێشمەرگەکان لە نێو قەڵای دێموکرات دا درووست کردبوو.

زۆربەی کاتەکان لە سەفەر و مەئموریەتەکانم بۆ کوردستان لە نێو قەڵای دێموکرات دا لەگەڵ کاک قاسم و چەند هاوڕێیکی دیکە بە یەکەوە دەبووین، زۆرجار دەردە دڵەکانی لەلا هەڵدەڕشتم، کەم و کوڕییەکانی لەگەڵ باس دەکردم، بەڵام هیچ کات لە قسەکردن دا نائومێد و بێ هیوام نەهاتە پێش چاوان، بە ژیانی پڕ چەرمەسەری ڕاهاتبوو، گلەیی لە ژیانی خۆی نەبوو، کە باسی کەم و کوڕی دەکرد، دەیهەویست دونیایەکی باشتر بۆ هاوڕێ و هاوکار و بنکەکانی حیزب درووست بکا، چاوی لە ماڵی دونیا نەبوو، هەموو ئەوانەی دەیناسین و خزمەتی دەکردن، لەگەڵیان برایانە دەجووڵایەوە و کەسێکی بەعیزەت و بە نەفس بوو.

ئاواتەکانی سوڵتانی سوڵتانەکان زۆر بوون، بەڵام گەڕانەوەی بە سەربەرزی و بە ئازادی لە ئاواتە بەنرخ و جوانەکانی کاک قاسم بوو، ، ئازادی لە لای ئەو بەنرخترین دەسکەوت و ئاوات بوو، لە ماوەی نیوسەدە تێکۆشاندا حەسانەوەی بەخۆیەوە نەدی، لەژێر ڕێژنەی گوللەباران و بۆمباران و مووشەکبارانەکانیش دا نائومێد نەبوو، گەرما و سەرما تەزاندی بەڵام نەبەزی، هیچ کات ئامادە نەبوو کە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی بەجێ بێڵێ و وەک قەڵا خۆڕاگر بوو، قەڵای دێموکڕات قەڵایەکی دیکەی بە نێو قاسم تێدا دەژیا و گوڕ و تین و وزە و ورەی پێشمەرگانەی بە هەموو لایەک دەبەخشی، نەترس و

بوێر و خۆڕاگر بوو، ئەو ماوەیە کە لە عەنکاوا بوو بە تەلەفوونی بە یەکەوە قسەمان دەکرد، دیسان نائومێد نەبوو، بەڵام گووتی بە بێ قەڵا و ئەوینداڕانی نێو قەڵا و دێموکرات وەک پووشی بابڕدەڵە وام و ئیشاڵڵا بە زووترین کات لەم دۆخە نالەبارە ڕزگارمان دەبێ و خۆی بۆ گەڕانەوە ئامادەکرد بوو، بەداخەوە ئەم ئاواتەشی وەک هەموو ئاواتەکانی دیکەی نەهاتە دی و لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بەم کۆچە ناوەختە دڵی هەمووومانی خەفەتبار کرد.

چەند ڕۆژە بیر و هزر و خەیاڵم هەر لە لای ئەم کۆچ و کۆچبارەی کاک قاسم بوو، باوەڕ بەوە ناکەم کە چیتر گوێم لە خەندە و لە قسەکانی نابێتەوە، چوونکە زایەڵەی دەنگی هەتا بژیم، لە نێو گوێچکە و لە ناخی دڵم دا دەلەرێتەوە و قاسم لە دڵی مندا هەمیشە وەک حەکیمی حەکیمەکان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ڕووحت شاد و یاد و ناوت لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

سەرخۆشی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و شاری مەهاباد و گشت خزم و ئەندامانی بنەماڵە بەرێزەکەی دەکەم و خۆم بە شەریکی ئەو خەمە گەورەیە هەموو لایەک دەزانم و هیوادارم کە ئاواتەکانی سوڵتانی نەمر بێنە دی و لە ئازادی کوردستان دا ڕووفاتی کاک قاسم و گشت شەهیدەکان بۆ شوێن و زێدی لە دایکبوونیان بگوازینەوە و پەیکەری جوانی و وەفا و ئەمەگ و شۆڕشگێڕیان بۆ دروووست بکەین.

٢٩ی جوولای ٢٠٢٣

## کوردکاناڵ سەکۆ و دەلاقەیەک بە ڕووی کوردستان بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی

کوردکاناڵ چەقڵێکە بۆ چاوی ڕەشی حکوومەتی پەت و سێدارەی ئێران و گوڵێکە بۆ دەستی ئەویندارانی ئازادی و ڕزگاری کوردستان.

لە ماوەی ١٦ ساڵ دامەزرانی دەنگ و ڕەنگی کوردان "کوردکاناڵ" بە دەیان بەرنامەی جۆراوجۆر و بە هەزاران جار وەشان و بڵاو کردنەوە توانیویەتی لە ڕووی ڕوومال کردنی هەواڵ و وتار و دیکۆمێنتاری و کۆڕوکۆبوونەوە و سمینار و جێژن و کارەسات و ڕووداوی جۆراوجۆر بە ئیمکاناتی کەمی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر هەم سەردەمیانە کار بکات و هەمیش ڕاستگۆیانە و بە متمانە بەخۆبوونی کادر و پێشمەرگە و هاوڕێیانی ئەو بەشە لە نێوخۆی کوردستان لە ژێر هەموو قەیران و قۆناخە سەخت و دژوارەکان دا ڕووسپی و سەربەرز و سەرکەوتوو بێتە دەر.

بە خۆشیەوە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا دوای شۆڕش و ڕاپەرینی ژینا شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" کوردکاناڵ یەکێک لە پەنجەرە کراوەکانی نێو مێدیای کوردی بووە و کە لە ڕوومال کردن و پشتیوانی و گەیاندنی دەنگی خەڵک بە دژی حکوومەتی جەهل و نەزانی ئیسلامی ئێران پشکی شێری پێبڕاوە، ئەوەش بێشک بە لەخۆبردوویی و فیداکاری و هاوکاری بێ پسانەوەی کادر و پێشمەرگە و هاوڕێیانی لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە و هەنووکەش کەم نین ئەو مرۆڤە خۆبەخشانەی کە بۆ سەرکەوتنی کوردکاناڵ هاوکاری ئەم مێدیا خۆش ڕەنگ و دەنگەی دەکەن، هیوادارم کە کوردکاناڵ لە داهاتووشدا بە ئیمکاناتی زیاتر وەشانەکانی خۆی هەم ڕاستەوخۆ بکات و هەمیش هاوکار و کەسانی شارەزاتر لەم بوارەدا لە دەوری خۆیان زیاتر بکەن و هەوڵ بدەین کە کەم و کوڕییەکانی و بۆشاییەکانی کەمتر بکەینەوە.

سەری ڕێز بۆ زەحمەت و خزمەتەکانی هەموو لایەک لە هاوڕێیانی تیشک تیڤی و کوردکاناڵ دادەنوێنم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ستاف و بەڕێوەبەرانی نوێی کوردکاناڵ بە ئاوات دەخوازم و ڕووحی شەهیدەکانی ئەم ئۆرگانە ماندووییناسە شاد.

وەک خۆم لە قەراخەوە و لە پەنا کوردکاناڵ دا ساڵانێکە بۆ سەرکەوتنی بە پێی توانای خۆم تێدەکۆشم و بەڵێن دەدەم کە هەروا هاوکار و کار ڕاپەڕێنی کارەکانی کوردکاناڵ بم.

بە سەدان وێنەی کادر و پێشمەرگەی بەشی کوردکانـاڵ کە بە کـامێرای خـۆم لە کوردسـتان و لە دەرەوە و لە مەئموریەتەکـان دا گیـراون، لە لام دەسـت دەکەون، بەڵام گەڕان بە دوای ئەو هەمـوو وێـنەیە دا ئێسـتا زۆر دژوارە و ئەو وێنـانەش پێشکەش بە گشت لایەک.

بۆ دیتنی وێنەکان چرکە لەم نووسینەی خوارەوە بکەن.

سوپاس

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

---

## کاروانی ڕچەشکێنان.

**(لە ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی هەمزە سارتکەیی و شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧دا کە بە ڕچەشکێنییان و دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات، سامی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییان تێکشکاند)**

ئەمساڵ ٧٨ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێپەری. ئەم حیزبە لە ماوەی نیزیک هەشت دەیە تێکۆشانی خۆیدا گەلێک قۆناخی ناسک و هەستیار و لە هەمانکاتدا پڕ لە شانازی و تێکۆشانی بڕیون و هەنووکەش بە گەرموگوڕیی پترەوە لەم قۆناخەدا ڕەوڕەوەی شۆڕشی نەتەوایەتی بە پێشکەشکردنی گیانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و دۆستان و لایەنگران و خەڵکی نێوخۆی وڵات بەرەو پێش دەبا.

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ و لە بەرەبەری شەستوچوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگە خۆنەویستەکانی حیزبی دێموکرات بە فەرماندەیی هەمزە سارتکەیی، پارتیزانی بەئەزموونی نێو شۆڕش قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و لە گەرمێنەوە بەرەو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتن. ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان چەخماخەی شۆڕشێکی نوێیان لەم قۆناخە ناسکەدا لێ دا و بە حزووری پێشمەرگانەیان شەوەزەنگی بێدادیی ڕێژیمی ئێرانیان دڕ دا.

بڕیار ئەوە بوو کاک هەمزەی فەرماندە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەیبەتی پێشمەرگانە و گەورەیی ناوی حیزبی دێموکرات لەنێو جەرگەی خەڵکی تامەزرۆی ئازادیدا بە گوێی نەوەی نوێ بگەیەنێ، سەردانی گوند و هەوار و کوێستانەکانی ناوچە بکەن و بە حزووری پێشمەرگانەی خۆیان ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەکەیان لەگەڵ گەلەکەیاندا جێژن بگرن.

حزووری ئەو پۆلە پێشمەرگەیە وەک هەورە بریسکە نەک هەر لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت بەڵکوو لە هەموو کوردستان و ئێراندا دەنگی دایەوە. حزووری ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان دوای ساڵانێک دابڕان و نەچوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات، بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەویندارانی ڕێگەی ئازادی و تامەزرۆیانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و، لە هەمان کاتیشدا بوو بە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی جاش و بەکرێگیراوانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم. ئەگەر لەلایەک ئەو پۆلە پێشمەرگەیە ئامێزی خەڵکیان بەگەرمی بۆ کرا بۆوە، لەلایەکی دیکەوە خایینان بە گەل و نیشتمانیش هەوڵیان دەدا ئەو پۆلە ئەستێرەیە لە ئاسمانی ساماڵی شۆڕش کوردستاندا بکوژێننەوە.

ڕچەشکێنی و جەولەی سیاسیی تەشکیلاتی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا بوو کە ڕێژێمی ئێران بۆ سەقامگیریی خۆی بە میلیاردها دۆلاری خەرجی دروستکردنی ڕایەڵەی جاسووسی و هەروەها کڕینی چەکوچۆڵی سەردەمیانە کردبوو بۆ ئەوەی گەلی کوردی پێ سەرکوت بکا و خۆی گوتەنی تەپڵی نەمانی هێزی پێشمەرگە لێ بدا.

پارتیزانەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی گوند و بازێر و هەوار و شوێنە گشتییەکانیان دەکرد و بە بوونی خۆیان زیاتر ڕەواییان بە شۆڕشی گەلەکەمان دەبەخشی. پێشمەرگەکان لە دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خەڵکی ناوچە و گوندەکاندا هەستیان بە ئارامی و سەربەرزی دەکرد و لە هەموو لایەکەوە کوڕ و کچانی کوردستان و دانیشتووانی گوندەکان بە سروودی "هاتنەوە، هاتنەوە، پێشمەرگانی دێموکرات" و بە سروودی "وا هاتن پێشمەرگەی مە" پێشوازیی گەرمیان لە ڕۆڵەکانی خۆیان دەکرد. ئەو پۆلە هەڵۆیەی کوردستانیش بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە دیدارەکانیاندا بە وتار و لێدوانی شۆڕشگێرانەیان لە قوتابخانە و مزگەوت و مووچە و مەزراکاندا دەبوونە میوانی خەڵک و مزگێنی قۆناخێکی نوێی خەباتیان بە خەڵک دەدا.

ڕچەشکێنی و مەیدانداریی هەڵۆ تیژباڵەکانی دێموکرات ترس و لەرزی وەدڵی ڕەشی دوژمنان خستبوو، هەر بۆیە لە هەموو لایەکەوە خایین و جاشەکانی ڕاسپاردبوو زانیاری لەسەر ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی دێموکرات کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی پێش بە حزووری پێشمەرگانەیان بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە وریایی و هەست بە بەرپرسایەتی زۆری تێکۆشەرانی دێموکرات وای کردبوو جووڵەی پێشمەرگانەی خۆیان بە شێوەی پارتیزانی ڕێک بخەن و نەهێڵن دوژمن بە ئامانجی گڵاوی خۆی بگا. پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە سێ حەوتوو مانەوەیاندا سەلماندیان کە دەتوانن لە هەموو قۆناخە سەخت و دژوارەکانیشدا هەنگاوەکانیان بۆ ئازادیی کوردستان پتەوتر بکەن، چوونکە لە ماوەی مانەوەیان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەیان سەلماندبوو یاری تا سەری ڕێگەی ئازادی و ڕێبازی دێموکراتن.

سەردانی هەمزە سارتکەیی و هەڤاڵانی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، لە گلکۆی شەهیدەکان، لە بنەماڵەی بەشێک لە کادر و پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و لە دۆڵی دێموکرات و هەروەها لە مووچە و مەزرا و دارستان و هەوار و گوندەکان و بە تایبەت چوونەسەر جادەی ئەسڵیی نێوان شارەکانی سەردەشت، ڕەبەت، بانە، مەهاباد و پیرانشار هەموویان شایەتی بۆ بوێری و چاونەترسیی فەرماندە خۆشەویست و باڵابەرزەکەی دێموکراتیان دەدا. پێشوازیی گەرمی خەڵکی ناوچەکەش لە فەرماندە و هێزی پێشمەرگەیان هەڵگری پەیامی تایبەت بە خۆی بوو. یەکەم پێشمەرگەکانیان بە ڕۆڵە و کوڕ و کەسی خۆیان دەزانی. دووهەم شانازییان بە بوونی دێموکراتەوە دەکرد و سێهەم خۆیان بە پشتیوانی سەرەکی ئەم جووڵانەوەیە دەزانی و وەک دەڵێن خۆیان کردبوو بە دەریایەک پێشمەرگەکان مەلەی تێدا بکەن و هەموو ئەو خاڵانەش ببوونەوە هۆی

مانەوەی زیاتری کادر و پێشمەرگەکان لەنێو قوڵایی خاکی کوردستاندا.

لە ماوەی مانەوەیاندا دوژمن نەیدەوێرا قەرە لە قەرەی پێشمەرگەکان بدا، هەر بۆیە لە بیر و فیکری و دارشتنی پیلانێکی رەشدا بوو. ئیتلاعات و هێزی سوپا بە بڵاوکردنەوەی سیخوور و جاش توانیبوویان بەنەهێنی تا ڕادەیەک چاوەدێریی ئەو پۆلە هەڵۆیەی دێموکرات بکەن بۆ ئەوە لە شوێنێکی کەم مەترسی بۆخۆیان لە داویان بخەن. بۆیە لە کاتێکدا تیمی پێشمەرگەکان لە ناوچەی ڕەبەت ڕا بەرەو ناوچەی سەردەشت کەتبوونە ڕێ، ڕۆژی ۲۳ی گەلاوێژ لە گردێنە خستیاننە بۆسەیەکی سامناکەوە. لەو تێکهەڵچوونەدا بەداخەوە کاک هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

جەولەی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بە فەرماندەیی شەهید هەمزە سارتکەیی یەکەم چەخماخەی قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دوای پتر لە یەک دەیە دوورکەوتنەوەی خەڵک و پێشمەرگە لە یەکتری و هەستانەوەیەک بوو بۆ شۆڕش و حیزبی دێموکرات. پێشوازی گەرمی خەڵکی کوردستان بوو بە هۆی ئەوەی دواتر پۆل پۆل کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات ڕێگەی چوونەوە و جەولە بۆ کوردستان بگرنەبەر و هەر لە سنە و کرماشانەوە بگرە تا سەقزی خوێناوی و شنۆی شەهیدان و سەردەشت و ڕەبەت و پیرانشار و مەهاباد هەموویان ببنە شوێنی جەولە و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی دێموکرات. بەدوای ئەوەشدا شەهیدبوونی پۆلێکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات نیشانەی هەستانەوەی دێموکرات و بەگژداچوونەوەی ڕێژیمی ئێران بوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی دوژمن زیاتر سنوورەکان بە مین و تەقەمەنی بۆمبڕێژ بکا و بە بیری چەوتی خۆی بە دانانی تێلبەند پێش بە حزووری پێشمەرگانە بگرێ، بێخەبەر لەوەی کوردستان هەمووی لانەی پێشمەرگانە و ئەمرۆ هەموو گەنج و لاوانی کورد بوونە پێشمەرگە.

شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری شەهیدانی یەکەم جەولەی هێزی پێشمەرگە بوون، بەڵام دوای ئەو ڕچەشکێنییە دەیان حەماسەی دیکە خوڵقانەوە و زۆر گەلەئەستێرەی دیکەش ڕاخوشین و بە خوێنی خۆیان ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان واڵاتر کرد.

لە ۱۵ ساڵەی شەهیدبوونی کاک هەمزە سارتکەیی و شەهیدانی ۲۳ی گەلاوێژی ۱۳۸۷ی هەتاویدا سڵاو لە ئامانج و ڕێبازیان.

۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۲۳

## کۆچی دوایی خوشکە ڕابی حەسەنپوور دایکی کاک ئەمیرساڵحیان لە شاری سەردەشت

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە خوشکە ڕابی کچی مام دەروێش ئەحمەدی میرشێخحەیدەر و هاوژین و هاوسەری کاک ئەحمەد ساڵحیان دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی و چاوەدێری پزیشکی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.

بە هۆی ئەوە لەگەڵ کاک ئەحمەد ساڵحیان خزمایەتیمان هەبوو، خوشکە ڕابی هاوسەریم زۆر زوو ناسی و هەر لە منداڵییەوە لە نزیکەوە ناسیوومە، خاتوونێکی بەڕێز و ماندوویینەناس و خۆشەویست بوو، ژنێکی کارلێهاتوو و بە مشوور بوو، لە زۆربەی کۆڕ و دانیشتنەکانی خزمان و ناسیاوانی شاردا چ لە ڕۆژی خۆش دا و چ لە ڕۆژی ناخۆش دا لە یەکەم کەسەکان بوو کە ئەرکی قورسی میوان بەری کردنی وەئەستۆ دەگرت و لەم کارەش دا هیچ کات هیچ چاوەروانییەکی ماددی نەبوو جیا لە هەستی هاوکاری و یارمەتیدان نەبێ.

خوشکە ڕابی یەکێک لەو ژنە هەڵسوور و چالاکانە بوو کە مرۆڤ دەیتوانی گیانی خۆی پێ بسپێرێ و چ کارێکی قورس و جێگەی مەترسی بایە لە لای ئەو زۆر بە گورج و گوڵی جێبەجێ دەکران.

ساڵانێک دواتر کە بوومە پێشمەرگە و لە دیداری بێبەش بووم، هەمیشە لە ڕێگەی دایکم و خزمانەوە لە حاڵ و ئەحواڵی پرسیبووم، دواتر لە ساڵەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی دا بە هۆی ئەوە ماڵیان لە گوندی شینوێ بوو، لەگەڵ هاوڕێیانی بەشی تەشکیلاتی نێو شاری سەردەشت و بە تایبەت چەند جار لەگەڵ کاک حوسێن حەسەنزادە، کاک حەسەن خوشکەلام و کاک محەممەد کەسرایی لە نزیکەوە سەردانمان کردووە و ئەویش بە دڵەوە وێرای وەرگرتن و پێشوازی گەرم لە ئێمەی پێشمەرگە، هەمیشە بە ورەی بەرزەوە بە بێ ترس و خۆف لەگەڵمان دانیشتووە و وێرای ڕاپەراندنی ئەرک، لە هێنان و بردنی نامەکانی تەشکیلاتی بۆ نێو شاری سەردەشت یارمەتی داوین و تەنانەت گیانی خۆی لە مەترسی خستووە.

کاتێک دواتر ئەمیر ساڵحیان کوڕی خوشکە ڕابی دەبێتە پێشمەرگە ئەمجارە ڕێگەی سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور دەبێتە بەشێک لە ژیانی خوشکە ڕابی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە کوڕی پێشمەرگەی شاد بێتەوە و لە سۆنگەی کوڕی پێشمەرگەیەوە جارجار ئێمەش لە نزیکەوە بە دیداری شاد ببین.

کۆچی دوایی خوشکە ڕابی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی بۆتە مایەی خەم و پەژارە، بە بۆنەی ماڵئاوایی خوشکە ڕابی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کاک ئەمیر ساڵحیان، کاک ئەحمەد ساڵحیان و کوڕ و کچ و گشت خزمانیان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم و هیوادارم کە کوردستان ژنی نەترس و بوێری لە چەشنی خوشکە رابی زیاتر لە ئامێز و سێبەری خۆی دا پەروەردە بکا.

٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## کۆچی دوایی دایە زوولفا دایکی کادری تێکۆشەری حیزب کاک عەلی درەختی

ڕێکەوتی ٢٩ - ٨ - ٢٠٢٣ بەداخەوە دایە زوولفا ڕەسووڵی سالارە هاوسەری نەمر کاک حاجی محەممەدی مامکاوێ و دایکی تێکۆشەری دیار و دێرینی ریزەکانی حدکا، کاک عەلی درەختی (عەلی حاجی) کۆچی دوایی کرد.

دایە زوولفای خۆشەویستیش وەک زۆربەی دایکانی کوردستان و بە تایبەت ئەو دایکانەی کە جگەرگۆشەکانیان ڕێگەی خەبات و تێکۆشان و پێشمەرگایەتیان گرتۆتە بەر هیچ کات حەسانەوە و ئارامی و خۆشی بە خۆیەوە نەدیت و هەمیشە چاوەروان بوو کە ڕۆژێک کوڕی پێشمەرگەی کاک عەلی بە سەربەرزی بگەڕێتەوە نێو ئامێزی بنەماڵەکەیان و بەداخەوە هەر بەم ئاواتەوە سەری نایەوە و خەمی خستە دڵی هەموو لایەکمان.

دایە زوولفا ژنێکی نیشتمانپەروەر و خۆشەویست و جیی متمانەی گشت لایەک بوو، ژیانی لێوڕێژ لە وەفاداری و ئەمەگداری بوو، دایە زوولفا بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی و بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی ژیانیان هەمیشە شۆڕش و شۆڕشگێرانی لە دڵەوە خۆش ویستوون و هەر ئەوەش وایکرد بوو کە منداڵەکانی و هەموو ئەوانەی لێی نزیک بووم فێری وانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریان بکا. خۆشەویستی شۆڕش و پێشمەرگە وەک ئەوینی دوو دڵدار لە هەست و ژیانی دا ڕەنگدانەوەی تایبەت بە خۆی هەبووە و هەر بۆیەش هیچ کات لە هەڕەشە و چاو سوورکردنەوەی میرغەزەبانی جەماران و جاش و سیخورەکان نەترساوە و بێترس و خۆف هەمیشە هاریکاری کوڕی پێشمەرگە و گشت پێشمەرگەکانی کوردستانی کردووە و زۆر پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویش ماڵ و مووچە و مەزرایان جێی حەسانەوە و هاتووچۆی شۆڕشگێرانی ساڵانی ٤٧ و ٤٦ی هەتاوی و یارمەتیدەری شۆڕشی باشووری کوردستانیش بووە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە زوولفا لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کاک عەلی حاجی تێکۆشەر و ئەندامانی بنەماڵەی بەرێزیان لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی کوردستان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

بڵاو بوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی دایە زوولفا بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بنەماڵەی حاجی محەممەد و کاک عەلی کۆڵنەدەر دەناسن بۆتە مایەی خەم و پەژارە.

لە ئاست ئەم کۆستە گەورەیە دا خۆم بە هاوخەمیان دەزانم و ئاواتەخوازم کە کاک عەلی و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەیان ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بن.

جارێکی دیکەش سەرەخۆشیتان لێدەکەم و خوا سێبوریتان بدات.

رووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

ناو و یادی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

٢٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## زوڕنا ژەنانی ڕژێمی تیرۆریستی ئێران.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا شۆڕشی ژینا و دەنگ و هاواری ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و کوڕ و کچ و گەنجانی چاونەترسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە سەر شەقام و کۆڵانەکانی گوند و شار و باژێڕەکانی کوردستان و ئێران نەترەی ڕژێمی پەت و سێدارەی ئێرانی بردووە و هاوکات بەردەوامی ئەم شۆڕشە بۆتە مەترسی گەورە بۆ سەر ڕژێم و حکوومەتی نگریسی ئاخوندی.

ڕژێمی ئێران بۆ بەلاڕێ دابردنی ئەم شۆڕشە هەموو هێز و گوڕ و تینی خۆی خستۆتە سەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە هەڕەشە و بە ئۆلتیمات دان و سات و سەودا دەیهەوێ لە گەورەیی ئەم شۆڕشە و ئوپۆزسیۆنی دژبەری خۆی کەم کاتەوە و هاوکات بۆ ئەم مەبەستەش ماوە و مەودای دیاری کردووە بۆ چەک دامالین لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ، نیشتەجێ لە باشووری کوردستان.

ئەوەی ڕژێمی ئێران دەیهەوێ چ بکا و چۆن ئەم شۆڕشە سەرکوت بکا و لە دونیای دەرەوە و دەوروبەری دا چۆن هەروا کەڵەوەکێشی بکا، پرسێکی گرینگە کە ساڵانێکی دوور و درێژە ڕژێمی تیرۆریستپەروەری ئێران خەونی پێوە دەبینێ، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە بەشێک لەو بەناو مێدیاکارانەی باشووری کوردستان بوونە بڵاوکەرەوەی بیری چەوتی خەونەکانی ڕژێمی ئێران و بە بەشداری و بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشەکارانە بوونە بەشێک لە پڕوپاگەندەی ئەو ڕژێمە.
ماوەی چەند ڕۆژ و حەوتوویەکە کە بەشێک و یا هەندێک لە بەناو مێدیاکانی باشوور کەوتوونە کێبەرکێ و چەند گرتە فیلمێک کە هیچ بنەما و ئەساس و ڕاستییەکیان لە پشت نییە و لە سەر ئەساسی درۆ ساز کراون، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە و سوشیاڵ مێدیایان پڕ کردووە و ڕۆژژمێری دەکەن بۆ ئەوەی کە چەند گرتەیەک لە مووشەکباران و بۆمبارانی بنەماڵە ڕۆژهەڵاتییەکان بە کامێرای خۆیان تۆمار بکەن و بیکەن بە مێژووی پڕ لە هەڵەی مێدیاکاری خۆیان. بێشک ئەوەی کە ئێستا ئەو بەناو مێدیاکارانە دەیکەن، درێژەی شەڕێکی ڕەوانییە کە بە گشتی ڕژێمی ئێران بۆ بەلاڕێ دابردنی شۆڕشی ژینا (ژن ژیان ئازادی) گرتوویەتییە بەر.

بەشێک لەو بەناو مێدیا و مێداکارانە، ئەوەندە بێ پرنسیپ و ناشارەزان کە تەنانەت ئەوەندەیان زەحمەت بە خۆیان نەداوە کە ناوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش فێر ببن، بەڵکوو تەنیا بوونە سەکۆ و بەرزەوێژ و بڵیندگۆی ئەو ڕژێمە و وێرای

هەڕەشەکانی ڕژێمی ئێران ئەوانیش قسە و هەڕەشەکانی ئەو ڕژێمە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەڵێنەوە و کەش و هەواییێکی نائەمن و نائارامیان لە نێو سوشیاڵ میدیا دا بۆ خەڵکی دڵ پڕ لە ئەوینی ئازادی درووست کردووە کە جیا لە ڕژێمی دیکتاتۆر و خوێنرێژی ئێران و جاش و سیخور و بەکرێگیراونی ئێرانی کەس خێری لێ ناکا و کەسیش کڕیاری نییە.

لە ئاکام دا ئەوەی بۆ ئێمە ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەندامانی حیزبەکان گرینگە خۆپاراستن و خۆ ئامادەکردنە بۆ هەر ئەگەرێکی هێرشی ڕژێمی ئێران بۆ سەر کەمپ و شوێنی ژیانی بنەماڵەکانە.

ئەرکە لە سەر شانمان بە هیچ شێوەیەک نەهێڵین کە بەشێک لەو کاناڵە سیغەکراوانەی نێو بازنەی هەرێمی کوردستان لێیان نزیک ببنەوە، چوونکە جیا لە پرسیاری نالۆژیک و نەهێنی بردنەدەر هیچ خێر و بێرێکیان بۆ ئەهوەن کردنەوەی ئەم دۆخە نییە و بەڵکوو ڕاستەوخۆ زانیاری بە ڕژێمی ئێران دەبەخشن.

مێدیاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەوڵ بدەن کە بە ئاشکرا باسەکانی خۆیان لە ئاست ئەم هێرش و چەواشەکارییە بگەیێنە گوێی خەڵکی کوردستان و چیدی ڕێگە بە هەندێک مێدیای زوڕناژەنی سەر بە ڕژێمی ئێران نەدەن کە بۆ خۆش خزمەتی خۆیان لە ژێر ناوی مێدیاکار لێیان نزیک دەبنەوە.

با هەموومان خۆمان بۆ ٢٥ی خەرمانان و ڕۆژەکانی دوای خەرمانان ئامادە بکەین و هەوڵ بدەین کە لە ئێستاوە ببینە دەنگ و ڕەنگی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و لە هەموو کاناڵ و ڕێگایەکەوە پاڵپشت و هاریکاری خەڵکەکەمان بین.

یەکریزی و یەکگرتوویی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و پشتیوانیان لە خەڵکی کوردستان دەبێتە هەوێنی یەکریزی نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵ بدەین کە هێز و لایەنە ئێرانییەکان و ئەوانەی کە ئیمانیان بە مەسەلەی نەتەوەکان و چەمکی فیدراڵی هەیە لە دەوری بازنەیەک کۆبکەینەو و کۆدەنگی نێوان خۆمان و نەتەوەکانی دیکە بکەینە بەردی بناغەی تێکۆشان و تێکەوەپێچانی ئەو ڕژێمە.

ڕەوەندی کوردی و دیاسپۆرای کورد و بە گشتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان و کەسایەتییەکانی نیشتەجێ لە دەرەوەی وڵات یەکدەنگ و یەکڕەنگ هەڕەشەکانی ڕژێمی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئێعدام و ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی و خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگەیێننە شوێنە پەیوەندیدارەکان و بە هاتنە سەر شەقام پشتیوانی خۆمان لەم شۆڕشە زیاتر و پتر بکەین.

بە دڵنیایەوە ئەم قۆناخەش وەک هەموو قۆناخەکانی ساڵانی رابردوو بە سەربەرزی تێپەڕ دەکەین و نە هەڕەشەکانی ڕژێمی ئێران دەتوانێ شۆڕشی ڕزگاریخوازی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کپ بکا، نە بەشێک لەو زوڕناژەنانەی بەناو مێدیاکار دەتوانن ئامانجی خۆیان بپێکێن.

لە ئاکامدا ڕووڕەشی بۆ ڕژێمی ئێران و جاش و سیخور و بەکرێگیراوان دەمێنێتەوە.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

## بۆ کاک د. کامەران مەنتک،

## کەوشە کۆنەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پیرۆزییەکانی دوژمنان پیرۆزترن.

ڕەشنووسەکەت نیشانەی تێگەیشتنێکی چەوت و پڕ لە هەڵە و بێ زانیاریە و خۆزگە هەندێک کتێبی باشت لە سەر شۆڕش و شۆڕشگێرانی کورد خوێندبایەوە ، چوونکە بۆ بەناو دوکتۆرایەکەت بە کەڵک دەهات.

بێ حورمەتی بە کۆماری کوردستان، بێ حورمەتی بە کەرامەتی هێزی پێشمەرگە و پێ هەڵگوتنت بە حیزبوڵلا و درووستکەرانی حیزبووڵلا نیشانەی بێ ئاگاییە لە مێژووی کوردستان.

ئێستا کارم بەوە نییە جەنابت لە حیزبەکانی باشوور نارازی و لە سۆنگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەتهەوێ هەندێک ئیمتیاز و پۆیینگ لە دەر و دراوسێیان وەر بگرێ و هاوکاتیش هەندێک نەقورچ لە حکوومەتی هەرێم و لە حیزبەکانی باشوور بگری، بەڵام پرۆپاگەندە کردنەکەت دەچێتە خانەی بێ ئینسافی و دەچێتە خانەی خۆش خزمەتی کردن بە دوژمنی سەرەکی کورد کە رژێمی ئێرانە.

لەبیرت بێ کە کۆماری کوردستان ئەو کۆمارەی کە جەنابت پێت وایە زۆرمان گەورە کردۆتەوە، ریشەی لە نێو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی بە ئینساف دا داکوتاوە و بۆتە چرای ڕووناکی دەری کوردستان و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری وەک دار بەڕووەکانی کوردستان لە نێو هەر چوار پارچەی کوردستان دا داکوتاوە.

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان دا بۆ پاراستنی سەروەری هەرێمی کوردستان تێچوویان بە خوێنی خۆیان داوە و ئەوەش بە ئەرکی نیشتمانی خۆیان داناوە.

کاکی بەناو دوکتۆرا!

لە لایەکی دیکەوە ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و هەستی یارمەتی و هاریکاری بێ لەبەرامبەر کورادنی ڕۆژهەڵات و

بنەماڵەکانیان دا لە جەنابت نەک نابیندرێ بەڵکوو چەند فەردە ئارد و ئازووقەیەک کە بۆ هەموو پەنابەرێک لە کوردستان دا دیاری کراوە پێیان ڕەوا نابینی و دەتهەوێ لێیان بکەی بە تاعوون.

ڕۆژهەڵاتییەکان لە هەموو قۆناخێک دا و هەنووکەش لە سەر شەقامن بۆ یارمەتی دان بە گەلی کورد لە ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور و ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە لە کۆماری کوردستان فێری خاک و نەتەوەپەرەستی بوون.

ئێستا گرینگ نییە ڕژێمی نگریسی ئاخوندی کە جەنابت بۆی بووی بە وەکیل و مەعامی، چۆن لە چ ڕێگایەکەوە هەڕەشە دەکا و کەی هێرش دەکا، گرینگ ئەوەیە کە شەقامەکانی کوردستان بە دەنگی دلێری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاواری "بژی حیزبی دێموکرات" و "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" گوێی ڕژێمی کەڕ کردووە و ترسی ئەو درووشمانە و پشتیوانیان لە کاتی مووشەک بارانی قەڵا دا کە تێکرای خەڵکی کوردستان هاواریان دەکرد "هەموو خاکی ڕۆژهەڵات بۆتە قەڵای دێموکرات" نیشان دەدا کە ئەو حیزبە و حیزبەکانی دیکە ریشەیان لە نێوخۆی وڵاتدا چەندە ڕۆچووە و بە هیچ تۆفان و گژەبایەک داری ئەم حیزبانە ریشەکیش نابن.

قۆناخی ئێستاش تەواو دەبێ و ئەوجار بۆت دەر دەکەوێ ئەوانەی خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان دەکەن نایانهەوێ پاداش وەر بگرن بەڵکوو دەیانهەوێ پاداش و مزگێنی ڕزگاری بدەن بە هاونیشتمانییەکانیان.

ئەوەش با زیاد بکەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو چاکە و خەراپەکانییەوە ، لە دەر و دراوسێکانت و لە ئێرانێک کە حیزبووڵلای بۆ درووست کردووی باشترە و کەوشە کۆنەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پیرۆزییەکانی دوژمنان پیرۆزترن.

ئەم گرتە ویدیۆیەش بۆ وەبیرهێنانەوە شۆڕشی ژینا بۆ ئەوەی جەنابت لەم شۆڕشە فێر بی کە مێژوو بخوێنیەوە بۆ ئەوەی ئەو قوتابییە ماڵوێرانانەی کە دێنە بەر دەستت مێژوویان بە چەواشە پێ نەڵێی.

زۆر باش دەبێ گەڕانێک لە سەر شۆڕشی ژینا بە ماڵپەرە جۆرواجۆرەکانیش دا بکەی با زیاتر لە باوکی شەهید کۆمار و محەممەد حەسەنزادە و براکانی هێمن هەمزەی شت فێر ببی چوونکە ئەوە ئەوانن بوونە پێشەنگ و مێژوو دەڵێنەوە.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

## کۆچی دوایی کەسایەتی خۆشناوی گەلەکەمان کاک محەممەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە حەمە مەلۆی نستان

ڕێکەوتی ١٨ - ٧ - ١٤٠٢ی هەتاوی کاک محەممەد ئیسماعیلزادە ناسراو بە حەمە مەلۆی نستان دۆست و یار و هاوڕێی هەموو قۆناخەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتی دیاری ناوچە بە هۆی پیری و بە ساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد.

خاڵە حەمە مرۆڤێکی دڵسۆز و خۆشەویست و ساحەب ئیرادە و کوردپەروەر بوو، لە قۆناخەکانی پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی مووچە و مەزرا و ماڵی شوێنی حاوانەوەی کادر و پێشمەرگەکانی ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی شوێنی شەهیدان مینەشەم، موعینییەکان، حوسێن خاتوون و دەیان کادر و پێشمەرگەی ئەو سەردەم بووە، ئەوانەی کە لەم قۆناخەدا خەباتیان کردووە شاهیدی بۆ متمانە و خەمخۆرییەکانی خاڵە حەمە مەلۆ دەدەن.

لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هەروەها دانانی مەقەڕی پێشمەرگەکان لە گوندی نستان و درووست بوونی هێزی بەرگری میللی خاڵە حەمە بە چەک و ڕەختی شەخسی خۆیەوە پەیوەست بە هێزی بەرگری میللی دەبێ و بە حەق لە هەموو شەڕەکانی ناوچەدا وەک پێشمەرگەی هێزی بەرگری سەر بە هێزی شەهید مینەشەم بەشداری کردووە.

لەگەڵ گیرانەوەی ناوچە بە دەست هێزە ئەهریمەنییەکانی سوپای پاسداران خاڵە حەمە شێوەی خەباتی خۆی گۆڕیو وەک یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکان ماڵ و مووچە و مەزرای ترخێنان و خڕ و دۆڵەکانی ئەو ناوچەیە کردە شوێنی حاوانەوە و حەسانەوەی بریندارەکان وهێزی پێشمەرگە و کادرەکانی ئەو ناوچەیە.

بە هۆی دڵسۆزی و خەمخۆری و متمانەیەک کە لە لای خەڵک و هێزی پێشمەرگە هەیبوو هەمیشە ڕژێم بە چاوی گومانەوە سەیری دەکرد و زۆرجار مووچەی چەوان بە گڕی تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشا و دۆشەکە گڕی گرت و دار و باخ و مووچەی لێکرا بە خەڵووز بەڵام هیچ کات خاڵە حەمە نە لە هێرشەکان و نە لە هەڕەشەکانی دوژمن نەترسا و بەردەوام خزمەتی خۆی لە چەند بوار دا لەگەڵ شۆڕش و شۆڕشگێرانی دێموکرات لێک گرێدا، جیا لە نان و پێخور و حاوانەوە، هەر کات کادرەکان و یا هێز و کۆمیتە شارستانی ڕەبەت پێداویستی جۆراوجۆری هەبا لە پەیدا کردنی باتری بۆ بێسیمەکان، داو

دەرمـان، شـاردنەوەی برینـدارەکان، نـاردنی نـامە و هێنـانی نـامە لە شـوێنەکانی دوورتـر را ئەوە خـاڵە حەمە بە دڵەوە هاوکاری هەموو لایەکی دەکرد و وەک دڵسۆزترین کەس ئەرکی نیشتمانی خۆی و حیزبی دێموکراتی رادەپەراندن، لەگەڵ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و بە تایبەت لە ناوچەی ڕەبەت و نستان شاگەشکە دەبوو و لەگەڵ بیستنی شەهید بوونی هەر پێشمەرگەیەک ئەوە وەک باوکێک بۆیان بە پەرۆش دەبوو.

خاڵە حەمە مرۆڤێکی ڕاستگۆ و نەهێنی پارێز بوو، لە گەڵ کادرو پێشمەرگەکان هەڵوێستێکی نیشتمانی و باوکانەی هەبوو، لە بەرامبەر دوژمن دا خۆڕاگر و لە نێو خەڵکیش دا خۆشەویست و ساحەب قسە و دەست ڕۆیشتوو بوو، هیچ کات نائومێد و بێ هیوا نەبوو و هەمیشە دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی بە گەل و نیشتمان و هێزی پێشمەرگە.

یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

---

## کۆچی دوایی کاک خەلیل ڕەحمانی ناسراو بە خەلیلی قادری ساڵحە جووجکەی سەردەشت

ئەوانەی کە خەڵکی ناوچەی سەردەشت و قەڵادزێ و پشدەر و دەوربەری هەن دەزانن کە بنەماڵەی مام ساڵح ناسراو بە ساڵە جووجکە لە ناوچەدا لە بنەماڵە ناسراو و خۆشناو و دیارەکانی ناوچەن. مام ساڵح کەسێکی دیار و ساحەب مڵک و ماڵ و نێو بەدەرەوە بوو، لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا وێرای دەیان کەسایەتی ناوچەی سەردەشت بوونە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان و تا دوایین ساتەکانی لە سەر پێ مانەوەی کۆماری کوردستان وەک پێشمەرگە خزمەتیان کرد و دواتر یەکێک لەو دەگمەنە پێشمەرگانە بوو کە ئامادە نەبوو مل بۆ زۆرداری شای ئێران نەوی بکا و پەڕیوەی قەڵادزێی باشووری کوردستان دەبێ.

مام ساڵح چوار ژنی هەبوون و لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ قەڵادزێ یەکێک لە ژنەکانی لەگەڵ خۆی دەبا و لە قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر دەمێنێتەوە ،شایانی باسە کە مام ساڵح بە گشتی پێنج کچ و چوار کوڕی لە سەردەشت و هەروەها پێنج کچ و سێ کوڕیشی لە قەڵادزێ هەبوون و خاوەن بنەماڵەیەکی پڕ حەشیمەت و گەورە و ناودار بوون، ژیانی مام ساڵح جووجکە لەم چەند دێڕەدا جێگەی نابێتەوە، بەڵام ئەوە دەزانم کە بنەماڵەی ئێمە هەمیشە وەک خزمی هەرە نزیک هەم شانازیان بە مام ساڵح و هەمیش بە کچ و کوڕەکانیانەوە کردووە و جیا لە خزمایەتی و دراوسێیەتی جێگەی شانازی ئێمە بوون و لە زۆر شوێن بە گەورەیی و ناوبەدەرەوە بوونی مام ساڵح توانیوومانە لە تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای ژیان بە هاوکاری خەڵک دەرباز ببین.

کاک خەلیل ڕەحمانی نەوەی مام ساڵە جووجکە کوڕی خوالێخۆشبوو کاک قادری ساڵحە جووجکەی و دایە هاجەر کچی مام سوارەی ئەڵڵاخانی بوو، کاک قادر وەک مام ساڵح کەسێکی بەناوبانگ و دەست ڕۆیشتوو و ساحەب قسە و دەستگرەوە بوو، بەداخەوە هەر بە گەنجی کۆچی دوایی کرد و لە دوای خۆی دوو کوڕ بە ناوەکانی خەلیل و یوسف و سێ کچ بە ناوەکانی نازێ، جەمیلە و سوڕەیای لە پاش بەجێ ماون.

خەلیل ڕەحمانی وەک زۆربەی منداڵانی سەردەمی خۆی وەبەر خوێندن نرا بوو و توانیبووی تا دیپلۆم بخوێنێ و لە تەنیشت بنەماڵەکەی ژیان تێپەڕ بکات، بە هۆی خزمایەتی و دراوسێیەتی زۆربەی کاتەکان لە کۆڵانی ئاسنگەران و کۆڵانی داڕبەڕوو بە یەکەوە بووین و منداڵانی گەڕەک کچ و کوڕ لە هەموو وەرزەکانیساڵدا لە دەوری یەک کۆدەبووینەوە و بە تایبەت دوای

نان خواردنی شەو گەڕەک جمەی دەهات و لەو دا کاک خەلیل و چەند کەسی دیکە تا درەنگانێک لە شەو بە قسەی خۆش و گێرانەوەی بیرەوەرییەکانیان کۆڕی ئێمەی لە خۆیان کەم تەمەنتر گەرم دەکرد.

کاک خەلیل کەسێکی دڵفروان و خۆشەویست بوو، مرۆڤێکی دەم بە خەندە، بە هیوا و ئومێد و هێمن و هێدی بوو. زۆربەی کاتەکان بە مژلێدان لە جگەرە و بە قەدەم لێدان لە پارک و شەقامی شار دا وەک مرۆڤێکی سادە و ساکار هەڵسوکەوتی دەکرد و بە بزە و خەندە و قسە خۆشەکانی دڵی دەیان ڕێبواری ناسراو و نەناسیاوی خۆش دەکرد و هیچ کات نەبوو بە هۆی ئەوە کە دڵی خەڵک لە خۆی بڕەنجێنێ و یا بێتە هۆی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێو کۆمەڵگادا.

دوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی ئێران کاک خەلیل وەک زۆربەی گەنجەکان هەستی کورد بوون و نیشتمانپەروەری لە وجوودی دا چەقەرەی کردەوە، چوونکە ئەو پێشینەی باپیری و بابی و خزمانی لە ئاست شۆڕش و شۆڕشگێری دەزانێ، هیچ کات نەبوو بە بەشێک لە ڕژێمی ئێران و بە هۆی ئیرادەی پتەوی خۆی بوو بە یەکێک لە لایەنگر و دڵسۆزانی گەلەکەی و دواتر لە ساڵانی دەیەی شەست و حەفتا لە کەسە دیارەکانی نێو بازنەی کاروباری حیزبی دێموکرات بوو، لە ڕێگەی چەند هاوڕێی دیکەوە وەک هاوکار و دڵسۆز و دواتر ئەندامی حیزبی دێموکرات لە نێو شاری سەردەشت و دەوروبەری بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران خزمەتی دەکرد و مرۆڤێکی جێی باوەڕ و متمانەی گشت لایەک و بە تایبەت کادرەکان بوو و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بوو. بە هۆی ئەوە شەهید مەولان سوارە خاڵی بوو، زۆرجار لە هاتووچۆی لای پێشمەرگە دابوو، دواتریش بە هۆی ئەوە کاک یوسف ڕەحمانی وەک پێشمەرگە و ئەندامی حیزب و وەک زیندانی سیاسی بە دژی ڕژێمی ئێران ناو و ناوبانگی خۆی دەرکرد بوو، ئەوە کاک خەلیل وەک پشتیوانێکی باشی کاک یوسف و بنەماڵەکەیان هەم جێگەی کاک یوسفی پڕ کردەوە و هەمیش وەک دڵسۆزێک بە نیشتمان تا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار و ئەمەگناسانە بە بێ ئەوەی چاو لە دەستی ڕژێمی ئێران بێ ئەوە بە ژیانێکی سادە و ساکار لە تەنیشت دایە هاجەر مایەوە.

کاک خەلیل ماوەی چەند ساڵێک بوو تووشی ناسازی و نەخۆشی ببوو، لە ڕێگەی کاک یوسف و دایکی چەند جارێک توانیبووم قسەی لەگەڵ بکەم، لە ژیانی خۆی نارازی نەبوو و تەنیا باسی لە گرفتەکانی سەر ڕێگای هەزاران کەسی وەک خۆی دەکرد کە ڕژێم بە ئانقەست و بۆ تۆڵەکردنەوە کاری ئیداری پێ نەدابوون و وەک دەڵێن لە قەرەنتینەیان خستبوون.

کاک خەلیل وەک خۆی هیچ کات زەرەری بۆ هیچ کەس و بۆ کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و شاری سەردەشت نەبوو، ئەگەر زەرەرێکی هەبووبێ ئەوە تەنیا زەرەری بۆ خۆی هەبوو، بەداخەوە کاک خەلیل وەک هەزاران لاوی دیکەی کوردستان بە ئاواتی سەرکەوتن و ئازادی کوردستان و گەڕانەوە و دیتنەوەی کەسە خۆشەویستەکانی و بە تایبەت براکەی سەری نایەوە و بۆ هەمیشە چاوە گەشەکانی لە سەر یەک دانان و ماڵئاوایی لێکردین.

کۆچی دوایی کاک خەلیل ڕەحمانی بۆ هەموو ئەوانەی کە لە نزیکەوە دەمانناسی مایەی پەژارە و خەمە و هیوادارم کە کەس و کار و خزمان و دۆستان و ئاشنایانیان ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بن.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک خەلیل ڕەحمانی لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کاک یوسف ڕەحمانی لە ئامۆژنە هاجەر و خوشکانی ئازیزم دادە نازێ و جەمیلە خان و خاتوو سورەیا و گشت ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی ڕەحمانی و مام سالّح جووجکە لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی گشت لایەک دەزانم.

یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## خەڵاتێکی بەبایەخ بۆ ژینا ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی.

پارلەمانی ئورووپا خەڵاتی «ساخارۆف»ی ساڵی ٢٠٢٣ ی زایینی بە ژینا ئەمینی و شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بەخشی. ژینا ئەمینی کیژە کوردی سەقزی لە وڵاتی ئێران ساڵێک بەر لە ئێستا لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران دەستبەسەر کرا و دوای ئازار و ئەشکەنجە و سێ ڕۆژ مانەوە لە کۆمادا، بە هۆی کاریگەریی برینەکانی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانـدا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران شەهید بوو. شەهید بوونی ژینا بوو بە هۆی جووڵانەوەیەک لەژێر ناوی « ژن ژیان ئازادی» کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و دواتر هەموو ئێران و جیهانی گرتەوە و لەو پەیوەندییە دا بە سەدان و هەزاران کەس لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بریندار و زیندانی کران و سەدان کەسی دیکەش بە گوللەی ڕێژیمی ئێران گیانیان لە دەست دا. ڕۆبرتا مەتسولا، بەرپرسی پارلمانی ئورووپا ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٧ی ڕەزبەر(١٩ی ئۆکتۆبر) لە ستراسبۆرگی فەرانسەوە سەبارەت بە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی گووتی: "قەتڵی دڕندانەی ژینا ئەمینی خاڵی وەرچەرخان بوو" و دواتر گووتی ئێمە لە تەنیشت هەموو ئەو کەسانە دەبین و ڕادەوەستین کە بۆ «یەکسانی و ئازادی» لە ئێراندا خەبات دەکەن.

ڕۆبرتۆ ماتسولا گوتی: پارلمانی ئورووپا بە شانازییەوە لە تەنیشت خەڵکی دلێر و بوێری ئێران کە خەبات بۆ یەکسانی و ئازادی دەکەن ڕادەوەستێ و هەربۆیەش ئەمڕۆ خەڵاتی ساخارۆف پێشکەش بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران دەکەین. لە درێژەی وتارەکەیدا گووتی کە «خەڵاتی ساخارۆفی ئەمساڵ بە نیشانەی ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی ژنان، پیاوان و گەنجانی ئێرانی لە بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی» پێشکەش دەکەین.

دواتر بە ڕێزەوە گوتی کە خەڵاتی ئێمە بە هەموو ئەو کەسانە پێشکەشە کە باج و تێچووی گەورەیان بۆ ئازادی و یەکسانی دا، هەڵبژاردنی ژینا ئەمینی و خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی بۆ وەر گرتنی خەڵاتی ساخارۆف لە لایەن پارلەمانی ئوروپا لە جێگەی خۆیدایە و ئەو خەڵاتە بە شایانی ئەو تێکۆشەرانە دەزانین و ڕێز لە خەباتیان دەگرین.

خەڵاتی دەربرینی بیروڕای ئازاد «ساخاروف»، بەرزترین خەڵات و نیشانەیە، کە لە ساڵی ١٩٨٨ی زائینی وەک ڕێز لێنان لە ئاندرە ساخارۆف، بیرمەند و لێزان و دژبەری شۆڕەوی پێشوو لە لایەن یەکیەتیی ئوروپاوە درووست بووە. ئەم بنیاتە بۆ ئەوەی وەک ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو کەس و ڕێکخراو و ئەنجوومەن و کۆمەڵانەی کە ژیانی خۆیان بۆ

مافی مرۆڤ و دەربرینی بیروڕای ئازاد تەرخان دەکەن کار دەکا.

خەڵاتی ساخارۆف لە ١٣ی دیسامبری ٢٠٢٣ لە شاری ستراسبۆرگ لە فەرانسە پێشکەش بە ژینا ئەمینی دەکرێ و بۆ ئەم مەبەستەش دایک و باوکی ژینا و یا کەسێکی نزیک بە ژینا ئەمینی بانگهێشی ڕێورەسمی بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف دەکرێ.

بەرپرسی پارلمانی ئورووپا لە درێژەی وتارەکەیدا لە سێ وشەی «ژن، ژیان، ئازادی» دا گووتی کە ئێمە وەک بنەمای یەکیەتیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کە بۆ یەکسانی و کەرامەتی ئینسانی و ئازادی لە ئێراندا کار دەکەن دەڕوانینە ئەم سێ وشە پڕ مانایە.

ڕاگەیاندنی خەڵاتی «ساخارۆف »ی یەکیەتیی ئوروپا لە کاتێکدا پێشکەش بە ژینا ئەمینی کرا کە دوو حەوتوو پێشتریش خەڵاتی ئاشتی نۆبێل وەک چالاکی مافی مرۆڤ لە زیندان دا پێشکەش بە نەرگیس محەممەدی کرا.

شایانی باسە کە بۆ خەڵاتی «ساخارۆف »ی یەکیەتیی ئوروپای ئەمساڵ چەند بەربژێری دیکەش بە ناوەکانی ویلما نونیز سکورسیا و قەشەی کاتۆلیک ڕولاندو ئالوارز، وەک دوو سیمای دیاری بەرگری مافەکانی مرۆڤ لە نیکاراگۆئە و هەروەها سێ کەس لە ژنانی لەهستان، ئێلسالوادۆر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە ڕێبەری خەبات بۆ «ئازادی لەبار بردنی منداڵ بۆ خۆرایی، تەندرووستی و ساخڵەمی و یاسا» بەشدار بوون و لە نێو ئەم چەند بەربژێرەدا یەکیەتیی ئوروپا خەڵاتی «ساخارۆف»ی پێشکەش بە ژینا و جووڵانەوەی نیوخۆی ئێران کرد.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## پڕۆژەی بیری خانزاد " ناو" لە گوندی باوزێ لە ناوچەی قەڵادزێ.

گوندی باوزێ سەر بە ناحیەی ئیسێوێ لە سەر سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. دانیشتووانی گوندی باوزێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا جێ دەستیان بە ئاوەدانی، وەرزێری و مەڕداری و کارە کۆمەڵایەتی و هەرەوەزییەکانەوە لە پشدەر دا دیار بووە و لە وەرزەکانی ساڵدا بە پێی دەرەتانی خۆیان گەرمێن و کوێستانیان بۆ هەوارگە و مێرگ و کوێستانەکانی هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کردووە.

گوندی باوزێ لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەشمان دا یەکێک لەو گوندانە بووە کە خەڵکێکی شۆڕشگێر و کوردپەروەر و چاونەترسی هەبووە و بۆ ئازادی و ڕزگاری لە هەموو قۆناخەکان دا ساحەب پێشمەرگە و ساحەب ئیرادە و هەڵوێستی نیشتمانی بوون و لە سەدەی ڕابردووەوە تا تێکشکانی داعش، بە دەیان کەسیان لە بەرەکانی شەڕ و بەرگری دا وەک پێشمەرگە شەهید بوون، باوزەییەکان لە زۆربەی کاتەکانیش دا پشت و پەنای شۆڕش و شۆڕشگێرانی هەر دوو سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات بوون و بە دەیان کەسایەتی ناسراوی ئەم دەڤەرە هەنووکەش خزمەت بە گەل و نیشتمان و ئاوەدانی پیرەوڵات دەکەن و جێ پەنجە و دەستیان بە ئاوەدانی ناوچەی پشدەر و گوندی باوزێ و دەوروبەریەوە دیارە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا خەڵکی گوندی باوزێ بە درووست کردنی فستیوال و کۆبوونەوەی جۆراوجۆری جەماوەری لە یەکێک لە سەیرانگاکانی ئەو ناوچەیە بە هەزاران کەس لە خەڵکی دەڤەری بیتوێن و پشدەر و تەنانەت دوورتریش لە دەوری یەک کۆدەکەنەوە و چەند ڕۆژێک بە گشتی لەم ناوچەیە دا بە یەکەوە چالاکی هونەری و کولتوری بەرێوە دەبەن و کاتەکان لە دەوری یەک تێپەڕ دەکەن. لەم کۆبوونەوە و فستیوالانە دا بە دەیان کەسایەتی بە ئەزموون و بە ساڵاچووی ناوچە، گەنج و لاوەکان ، ژن و پیاوان ، کوڕ و کچ و منداڵان بە گەرم و گوڕی و بە جل و بەرگی ئاڵواڵی کوردییەوە بەشداری دەکەن و هەوڵ دەدەن لە سەر مێژووی ناوچە و کار و پیشە ، کشت و کاڵ ، کارە هەرەوەزی و کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕش وتار و بابەت پێشکەش بکەن و بە نیشان دانی کولتور و داب و نەریتی کۆنی خۆیان ڕێز لە گەورەکانیان و لە مێژووی گوندی باوزێ و ناوچەکە بگرن.

بێشک هیچ کارێک بێ کەم و کوڕی و بێ گیروگرفت نییە و فستیوالی باوزەییەکانیش بە دوور لەم ئەسڵە نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی بتوانی وێرای بەرێوەبردنی فستیوالەکانی ساڵانە، هاوکات بتوانی کەم

و کوڕی و گیروگرفتەکانی ئەم فستیوالانەش چارەسەر بکەی.

لە دوایین فستیوالی گوندی باوزێ دا، بۆ چارەسەرکردنی کەمی ئاوی سەیرانگا و شوێنی لێک کۆبوونەوەی باوزەییەکان، لە سەر دەستی خاتوونێکی بە ڕەوشت و کوردپەروەری گوندی باوزێ خاتوو " شلێر حەمەی حاجی برایم باوزەیی"، پڕۆژەی بیری "خانزاد" وەک دابین کردنی ئاو لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا بەڕێوە چوو و بیری خانزاد بۆ خزمەتی هاووڵاتیان تەواو بوو.

پووره خانزاد ساڵح ڕەحمان ناسراو بە خانزادی ساڵحە جووجکە ، کەسایەتی دیاری سەردەشت و قەڵادزێ. خاتوو شلێر حەمەی حاجی برایم باوزەیی کچی پووره خانزاد خاوەنی پڕۆژەی بیری خانزاد

**بیری خانزاد** لە ناوی دایکێکی نیشتمانپەروەر و کورد دۆست و بە ئەمەگ، دایکێکی سەربەرز و سەرکەوتوو لە ژیاندا، خانزاد ساڵح ڕەحمان ناسراو بە خانزادی ساڵحە جووجکەی کە بە ئەسڵ خەڵکی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کەڵک وەر گیراوە. پووره خانزاد ژیانی هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز محەممەد حاجی برایم باوزەیی کەسایەتی دیاری ناوچە پێکهێنا بوو و خاوەنی چەندین کوڕ و کچ بە ناوەکانی ( نەجیبە، ئەحمەد، قومری، مەحموود، فەهمی، جەوهەر، کەیفی، گوڵەباخ، دڵشاد، دلێر و شلێر) بوو، پووره خانزاد ژنێکی ڕووسووری تێگەیشتوو، بە مشوور و دەست ڕەنگین و لە هەمان کاتدا خۆش مەشرەف و ژنێکی ئاماڵ سپی و سوور و کەڵەگەت و پێگەیشتوو بوو، ئەو وێرای بەخێو کردن و گەورە کردنی کوڕ و کچەکانی و پەروەردەکردنیان بە هەستی کوردایەتی، هاوکات توانیویەتی کە تەنانەت لە پێڕاگەیشتن بە منداڵەکانی دیکەی بەڕێز محەممەد حاجی برایم باوزەیی و خوشک و براکانی لە قەڵادزێ و سەردەشتیش دریغی نەکا و بۆ هەموو لایەک ببێتە پشت و پەنا و ماڵەکەی بکاتە ماڵی هەموو لایەک.

پووره خانزاد یەکێک لەو ژنە بە هەست و سیما جوانانەی ناوچەی سەردەشت و پشدەر و بیتوێن بوو، کە وەک دایکێک دەیڕوانیە دەرو دراوسێ و خزمان و بە حەق لەم بوارەشدا حەوشەی ماڵیان و سفرە و خوانیان لەگەڵ خەڵک بەش دەکرد و ماڵیان لە میوان و ئاشنایانی دوور و نزیک جمەی دەهات، دڵفراوانی و قسەخۆشی و دڵسۆزییەکەی پووره خانزاد، وێردی سەر زمانی هەموو ئەو کەسانە بوو کە دەیانناسی و ڕوویان تێدەکرد.

پووره خانزاد لەگەڵ ئەوەدا خوێندەواری نەبوو، بەڵام مرۆڤێکی کراوە، هێمن و لەسەرەخۆ، تێگەیشتوو، شۆڕشگێر و کوردپەروەر بوو، لە هەر شوێنێک گرێ کوێرەیەک هەبایە ئەوە پووره خانزاد بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیە و

چارەسەرکردنی گرفتەکان ئامادە دەبوو، خەمی لە هەموو لایەک دەخوارد و هەموو لایەکی خۆشدەویست و هەر بۆیەش لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو و خەڵکیش وەک دایکێک ڕێزیان لێدەگرت.

بە هۆی ئەوە خەڵکی شاری سەردەشت و کچی گەورەپیاوی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان مام ساڵح جووجکە بوو، هەستی شۆڕشگێری و بوێری لە ژیانی پوورە خانزاد دا زۆر بەرز بوو، لە قۆناخەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا کە کادر و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لە ساڵانی شەستەکانی زائینی دا پەرپووەی باشووری کوردستان ببوون، ئەوە پوورە خانزاد بە پێراگەیشتن و حاواندنەوە و پەنادان بە کادر و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات خزمەتی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەی دەکرد و بە شاهیدی بەشێک لەو هاوڕێیانەی کە ئێستاش ماون ماڵی کاک محەممەدی حاجی برایم باوزەیی و پوورە خانزاد، وەک بنکەیەکی حیزبی دێموکرات خزمەتیان بە شەهیدان مەلا ئاوارە، مینەشەم، موعینییەکان، ئەحمەد تۆفیق، کاوە مارەغانی و چەندین هاوڕێی دیکەی وەک زیندەیادان حەمەی حاجی سەعیدی، حاجی حەسەن ، کەریم حەدداد و زۆرێکی دیکەش کە ئێستا زیندوون کردووە و خزمەتی خۆیان لەم شۆڕشەش دا بە زیادەوە کردووە و ئەوەش نیشانەی باوەڕی قووڵی کاک محەممەدی ڕەحمەتی و پوورە خانزاد بوو ، بۆ ڕزگاری گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە هۆی خزمایەتی نزیکی بنەماڵەکەمان لەگەڵ بنەماڵەی مام ساڵح جووجکە لە ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٨٨ی زائینی وەک پێشمەرگە تا ڕاگوێزتنی شاری قەڵادزێ بە دەیان جار لە شاخ و پێشمەرگایەتی دا بە ساخی و بە بریندراری چووم بۆ شاری قەڵادزێ و زۆربەی کاتەکانیش لە لای پوورە خانزاد و منداڵەکانی بە تایبەت کاکە دلێر و خاتوو شلێر و کاک ڕەحمەت و منداڵەکانی دیکە دەبووم، بە حەق ئەوانیش وەک برایەک و وەک کوڕی ماڵی خۆیان ئاگایان لێم بووە، شایانی باسە کە خزمان بە گشتی هەموویان ئاگایان لێم بووە کە لەم کورتە نووسینە دا لە ناوهێنانی خزمان و ناسیاوان خۆ دەبوێرم، بەداخەوە پوورە خانزاد لە تەمەنی ٧٨ ساڵی دا لە ڕێکەوت ٠١-٠٣-٢٠٠٥ زائینی کۆچی دوایی کرد. ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە لە ناخی دڵمەوە سوپاسی هەست و سۆز و گەورەییان دەکەم و بە تایبەت ماڵی کاک ڕەحمان ساڵحە جووجکە و براژنە خاتوونی هاوسەری کاک ڕەحمان کە نموونەی فیداکاری و خۆنەویستی بوون بۆ شۆڕش و بۆ شۆڕشگێران.

پرۆژەی بیری خانزاد لە یەکێک لە سەیرانگاکانی گوندی باوزێ لە سەر دەستی کچی پوورە خانزاد خاتوو " شلێر حەمەی حاجی برایم باوزەیی" بە ئامادە بوونی خۆی و سەدان کەس تەواو بوو. کانی و ئاو، واتە مانای ژیان بەخشین و ئاوەدانی، ئاو بە مانای وشە هەڵگری جوانییەکانی ژیانە و هەر بۆیە وێرای بەرز نرخاندنی ئەم ئەرکە نیشتمانییەی خاتوو شلێر، هاوکات دەستخۆشی لە زەحمەتەکانی بەڕێزیان و هەروەها هەڵبژاردنی ئەو ناوە پیرۆزەی "خانزاد" و هاوکارییە ماددی و مەعنەوییەکانی خاتوو شلێر و هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بۆ ئاوەدانی پیرەوڵات دارێک لە سەر بەردێک دادەنێن، بۆ

ئەوەی سیمای ئاوەدانی کوردستان جوانتر و ڕازاوەتر بکەن.

بێشک ئەمڕۆ بە سەدان هەزار کەس و بگرە بە میلیۆن کورد لە هەندەران و لە تاراوگە دا دەژین و بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردی لە تاراوگە و دیاسپۆرا دا بە خۆشیەوە هەم پێگەیشتوون و هەمیش باری ژیانیان تا رادەیەک مسوەگەرە و بۆ ئەوە دەبێ بۆ ئاوەدانی وڵات و زێدی لە دایکبوونمان لە پرۆژەی وەک بیری خانزاد کەڵک وەربگرین و بەم شێوەیە وێرای خزمەت کردن بە کۆمەڵگای کوردستان هاوکات ناوی دایکێکی وەک خانزاد و خانزادەکانیش بە زیندوویی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا بهێڵینەوە.

جارێکی دیکەش دەستخۆشی بۆ خزمانی باوزێ و هیوای سەربەرزی و سەرفەرازی بۆ باوزەییەکان و بۆ خەڵکی پشدەر ، بیتوێن ، سەردەشت و کوردستان بە ئاوات دەخوازم.

لە درێژ بوونەوەی بابەتەکەم داوای لێبوردن دەکەم و هیوادارم کە منیش یارمەتیدەری بەشێک لە خەڵکی کوردستان و پیرەوڵات بم.

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## کۆچی دوایی دایە پەریزاد قوربانی دایکی شەهید حوسێن شەمامی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ - ١٠ - ٢٠٢٣ی زائینی دایە پەریزاد قوربانی دایکی شەهیدی فەرماندە کاک حوسێن شەمامی بە هۆی نەخۆشی و بەساڵاچوویی لە شاری سەردەشت کۆچی دوایی کرد.

دایە پەریزاد قوربانی کچی عەبدوڵعەزیز خەڵکی شاری سەردەشت بوو، دایە پەریزاد لە ئامێزی خۆی دا چوار کچ و پێنج کوڕی پەروەردە کردن و وەک مرۆڤێکی ئازا و خاتوونێکی بەڕێز منداڵەکانی فێری وانەی خۆڕاگری و گەلدۆستی کردن.

دایە پەریزاد خاتوونێکی بەڕێز و حورمەت، دایکێکی مێهرەبان و دڵسۆز و ژنێکی ڕووسوور و خۆشەویست بوو. بە هۆی ئەوە ماڵمان لە گەڕەکێک بوو هەمیشە وەک دایکێکی مێهرەبان چاوی بە سەر سەرمانەوە هەبوو و هیچ کات فەرق و جیاوازی لە نێوان ئێمە منداڵانی گەڕەک و منداڵەکانی خۆی نەکرد و هەمیشە بە ڕێنوێنی و نەسیحەتەکانی گشت لایەکمانی دڵخۆش دەکرد.

دایە پەریزاد وەک ژنێکی بە ورە و ئیرادە و بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی هەم لە بنەماڵەدا و هەمیش لە گەڕەک دا پێشەنگایەتی زۆرێک لە کارەکانی دەکرد و لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆی و منداڵەکانی دیکەی بنەماڵەدا دریغی نەکرد.

لە سەرەتای درووست بوونی هێزی پێشمەرگە دوو لە کوڕەکانی بە ناوەکانی کاک حوسێن و کاک مستەفا ڕاستەوخۆ بوون بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. لە درێژەی کاری پێشمەرگایەتی دا کاک حوسێن شەمامی بوو بە یەکێک لە فەرماندە دیارەکانی حیزب و لە زۆربەی شەڕ و بەرگرییەکان دا کاک حوسێن وەک پارتیزانێکی لێهاتوو وەک فەرماندەیەکی بوێر و شارەزا چۆکی بە هێزی زۆر و بۆری دوژمن دا دەدا و بە لێزانی خۆی دوژمنی زەبوون کرد بوو، زۆر بەداخەوە کاک حوسێن شەمامی لە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی لەگەڵ شەهید فەقێ عەولا و شەش پێشمەرگەی دیکە دا لە ناوچەی خاڵەباد شەهید بوون، شەهید بوونی دوو فەرماندەی بەناوبانگی حیزب لە هێزی شەهید مینەشەم خەسارێکی گەورە و قەرەبوو نەکراو بوو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

شەهیدبوونی کاک حوسێن و جێ بۆشایی کاک حوسێن لە ژیانی دایە پەریزاد کە کوڕی گەورەی بوو هیچ کات پڕ نەبووە. دایە پەریزاد وەک دایکی شەهید چاوی بە سەر هەموو دایکانی شەهیدی سەردەشتەوە هەبوو و زۆرجار بە لاواندنەوەی خۆی شینگێری بۆ شەهیدان دەکرد.

دایە پەریزاد ژنێکی بوێر و بە هەڵوێست بوو، هیچ کات لە بەرامبەر جاش و خۆفرۆشان دا سەری نەوی نەکرد، بەڵکوو زۆر سەربەرزانە شانازی بە شەهیدبوونی کاک حوسێنەوە دەکرد. چەند ساڵ دواتر کوڕێکی دیکەشی بە ناوی مەحموود شەمامی دەبێتە پێشمەرگە و ئەوەندەی لە توانای دابوو وەک پێشمەرگە خزمەتی کرد و دواتر کاک مەحموود شەمامی لە وڵاتی ئیسپانیا کۆچی دوایی کرد و تەرمی کاک مەحموود لە شاری قەڵادزێ بە خاک سپێردرا.

کوڕەکانی دایە پەریزاد ( حوسێن، مستەفا، مەحموود و فەرەیدوون) هەموویان بە هۆی ئەندام بوون لە حیزبی دێموکراتدا بەناچار قاچاخ بوون و ڕێگای شۆڕش و شۆڕشگێریان هەڵبژارد. چوار کوڕی دایە پەریزاد لە ریزەکانی حیزبدا هەر یەکەیان بە شێوەیەک لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا بەشدار بوون و تەنیا کوڕێکی بە ناوی کاک حەسەن و چوار کچەکانی لە لای مابوون و هەر بۆیە دایە پەریزاد هەموو گوند و خڕ و دۆڵەکانی کوردستان و سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات گەڕا بۆ ئەوەی چاوی بە کوڕەکانی بکەوێ، بەداخەوە دایە پەریزاد هەمیشە چاوی لە دەرگایماڵەوەیان بوو بۆ ئەوەی کوڕەکانی بە ئازادی و سەربەرزی بگەڕێنەوە لای، مخابن دایە پەریزاد بە ئارەزووەکانی کە سەرکەوتنی شۆڕش و گەڕانەوەی کوڕەکانی بوو، نەگەیشت و ئەویش دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە ژیان و لە گشت لایەکمان کرد.

دایە پەریزاد خۆشەویستی گەڕەک و شار بوو، ژنێکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ بوو، ژیانی تەرخانی تەبایی و یەکڕەنگی گەڕەک و کۆمەڵگا کردبوو، ژنێکی ڕووخۆش و میواندۆست، دایکێکی نیشتمانپەروەر و کورددۆست بوو. وەک خۆم ساڵانە چەند جارێک لە ڕێگەی تەلەفوونەوە قسەم لەگەڵ دەکرد و زۆرجار دەیگووت ئیشاڵڵا لەگەڵ مستەفا و فەریدوون لێرە لە حەساری ماڵێ سفرەتان بۆ ڕادەخەمەوە و تێر بۆنتان پێوە دەکەم، ئەوەندەی کە پێشمەرگە بووم هەمیشە لە ڕێگەی دایکمەوە ئاگام لە گەورەیی و لێپرسینی دایە پەریزادەوە هەبوو، بە ناردنی وەڵامە پڕ لە سۆزەکانی دڵگەرمی دەکردم کە لە سەر ڕێبازی شەهیدان هەروا سوور بم، چەند جارێک لە کارێزە و ڕانیە و قەڵادزێ لە نزیکەوە لە خزمەتی دابووم و دەستەگەرمەکانی ئێستاش هەروا بە گەرمی لە نێو دەستم دان و نەسیحەت و ڕێنوێنییەکانی ئاوێزەی ژیان و گوێچکەم بوون و هەمیشە لە دڵم دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

لە کۆتایی دا غەمبارم بە کۆچی دایە پەریزاد و زۆر خەفەتبارم کە نەمتوانی جارێکی دیکە دەستە گەرمەکانی ماچ

بکەمەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە پەریزاد لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە کوڕ و کچ و نەوەکانی و ئەندامانی بنەماڵەکەیان لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات و بە تایبەتی بنەماڵەکانی شەمامی و قوربانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی دایە پەریزاد دەزانم و هیوادارم کە ئازیزانی تەمەن درێژ و ساخ و سەلامەت بن یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ و بەهەشتی بەرین جێگەی دایە پەریزاد بێ.

ڕووح و ڕەوانی شاد

٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## کاک تاهیر خەلیلی گەورە هونەرمەندی شۆڕشگێر بە جەستە بەجێی هێشتین.

گەورە هونەرمەندی شۆڕشگێر و شوێندانەر کاک تاهیر خەلیلی لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لە شاری سولێمانی کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی کاک تاهیر خەلیلی بۆ هەموو ئەوانەی کە بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێرانە و ئاشقانەی ئەو گەورە هونەرمەندە ئاشنان، بۆ دونیای هونەری کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، بۆ ئەویندارانی ڕێگای ئازادی کوردستان، بۆ هێزی نەبەز و دلێری پێشمەرگەی کوردستان، بۆ هەموو ئەوانەی لە زیندان و گرتووخانەکان دا ژیانی سەربەرزانەیان هەڵبژارد و تەسلیمی ویست و داخوازییەکانی جەلادان نەبوونەوە، بۆ کیژ و کوڕان و بۆ گەورە و بچووکی کوردستان خەسارێکی هێندە گەورەیە کە جێگە و پێگەی هونەری بە کەس پڕ ناکرێتەوە.

کاک تاهیر خەلیلی بە دەنگە ئەفسووناویەکەی، بە چریکە و بە هەست و سۆزی خۆی بە سەدان هەزار کەسی ئاشقی کوردستان، ژینگەی کوردستان و خۆشەویستی بە کوردستان کرد. بە هەزاران لاوی خوێن گەرم بە بیستنی سروودە پڕ مانا و گەرمەکانی، بە سروودە شۆرشگێرەکانی، بە مەقام و گۆرانی و حەیران و لاوکە پڕ حەماسی‌یەکانی بوون بە پێشمەرگە و هەنووکەش ئەو دەنگە نەمرە هاندەری سەرەکین بۆ لاوانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری و پۆل پۆل لاوان خۆدەگەیێنە ڕیزی پێشمەرگایەتی.

کاک تاهیر خەلیلی بە چریکەی بەرزی دژی بە شەوەزەنگی زیندان و گرتووخانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان داوە و کەم نەبوون ئەو گەنج و لاوانەی کوردستان کە بە گوتنەوەی "چ بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارە دران" چوونە سەردار و تەسلیمی دوژمن نەبوون. کەم نەبوون ئەو گەنج و لاوانەی کە بە سروودی "لە قەندیلی سەربەرزەوە" ڕێگای شۆڕش و خەباتیان گرتە بەر و گیانی خۆیان پێشکەش بە نیشتمان کرد.

گۆرانی و مەقام و حەیران و سروودەکانی هێندە بەرزن کە کەم کەس توانیویانە وەک خۆی بیڵێنەوە و تاکوو ئێستاش شێوازی گورانییەکانی هەر وەک تاقانە لە ئاسمانی هونەری دا دەدرەوشێنەوە و هەر بە گەشاوەییش دەمێننەوە.
هەڵبژاردنی چەند گۆرانی کاک تاهیر خەلیلی لە نێو دەریای گۆرانییەکانی دا ئەستەمە، بەڵام دەکرێ کاک تاهیر بە هێندێک گۆرانی تایبەت بە خۆی بناسرێتەوە، کاک تاهیر لە گووتنەوەی گۆرانییەکانی گەورە هونەرمەندانی کوردیش دا ڕۆڵێکی باشی هەبووە و لە هەندێک گۆرانی دا توانیویەتی لە هونەرمەندانی پێش خۆی چاکتری بڵێتەوە، کاک تاهیر

ڕێزێکی زۆری بۆ هونەرمەندان بە گشتی و بۆ دونیای موسیقای کوردی هەبوو و توانیبووی بە چەندین زاراوەش گۆرانی بچڕێ و لە گووتنەوەی گۆرانی کۆن و فولکلۆریش دا تازەگەری و نوێگەری بکا.
هەڵسەنگاندنی گۆرانییەکانی کاک تاهیر بە شارەزایانی ئەو بوارە دەسپێرم، بەڵام وەک خۆم ئاشقی دەنگ و چریکەی بەرێزیان بووم و بە گووتنەوەی گۆرانییەکانی مەجلیسی پێشمەرگانە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان پێ ڕازاندووەتەوە، لەگەڵ گۆرانی و سروودەکانی ژیاوم و لەگەڵ گۆرانییەکانی سەرمەست بووم و بە سروودەکانی فێری وانەی خۆراگری و مانەوە لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا بووم.

بە خۆشیەوە وەک هاوڕێیەکی کۆن و وەک هونەرمەندێکی بە توانا و شۆڕشگێر بە دەیان شەو و ڕۆژمان بە یەکەوە تێپەڕ کردن و لە چەندین کۆڕ و مەجلیسی حیزبیانە دا لە تەنیشتی بووم و زۆرجار بە دەنگە بە سۆزەکەی ڕێگەی دوور و نزیکم بڕیون و تەنانەت دەنگی بلاوێنی لە کاتی برینداریم دا لە سەر تەختی نەخۆشخانەش مەرهەمی زامەکانم بووە، بە زەبتێکی بچووکی پێشمەرگانە و نەوار و کاسێتێکی کاڵ بووەی نێو کۆڵەپشتیەکەم کە دەنگ و چریکە و لارەی گەرووی پڕ لە حەنجەرەی کاک تاهیر بووە کاتە خۆش و پڕ لە مەترسییەکانیشم پێ تێپەڕ کردووە و بەرهەم و نەوارەکانی ئێستاش بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی نێو ماشێن و موبایلەکەم.

ئەوەندەی لە سەر کاک تاهیر بنووسم ئێستا ناگەمە داوێنی ئەو لووتکە بەرزە هونەرییە و تەنیا ئەوە دەزانم کە قەرزداری گەورەیی و کارە هونەرییەکانی ئەو پێشمەرگە خێر لەخۆ نەدیوەی کوردستانم، ئێمە بۆ کاک تاهیر هیچ وەفایەکمان نەبوو، ئەو لە هەژارترین هونەرمەندانی گەلەکەمان و کوردستان بوو، هیچ سەنتەر و شوێنێک و تەنانەت هاورێیانی دەورانی منداڵی و گەنجیش نەیانتوانیوە لە ناخی ئەو گەورە هونەرمەندە تێبگەن و بە بێ نازی سەری نایەوە.

سەد حەیف و مخابن بۆ کۆچی دوایی ئەو مەزنە هونەرمەندە شۆڕشگێڕەی کورد و کوردستان.

سەرەخۆشی لە گشت لایەک و لە خەڵکی کوردستان، لە ئەویندارانی ڕێگای ئازادی، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاشقانی دەنگەکەی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و دونیای هونەرمەندان و موسیقای کوردی دەکەم و هیوادارم کە کوردستان نموونەی دەنگی وەک کاک تاهیر خەلیلی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ و شارەزایانی بواری موسیقا هەوڵی زیندوو ڕاگرتنی بەرهەم و یادگارییەکانی بدەن و وەک هونەرمەندێک ئارشیوی گۆرانییەکانی کە هیچ کات نامرن، هەروا بە زیندوویی ڕابگرن.

٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

## پەرلەمانی ئوروپا خەڵاتی ساڵانەی ساخارۆڤی پێشکەشی بە شەهید ژینا ئەمینی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٢ - ١٢ - ٢٠٢٣ی زائینی پارلەمانی ئوروپا لە شاری ساسبۆرگ لە فەرانسە لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە تایبەت بوو بە دانی خەڵاتی ساخارۆڤ کە ساڵانە وەک بە کچە کوردی سەقزی ژینا ئەمینی کۆبوونەوەی خۆی پێکهێنا.

پەرلەمانی ئوروپا بۆ ڕێز لێنان لە خەباتی ژنانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هەڵبژاردنی ژینا ئەمینی وەک سیمبوولی ئازادیخوازی و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە کوردستان و ئێران و جیهاندا، خەڵاتی بە بەشداری وەکیلی بنەماڵەی ژینا ئەمینی کاک د. ساڵح نیکبەخت خەڵاتی ساخارۆفی پێشکەش بە ژینا ئەمینی کرد.

شایانی باسە کە خەڵاتی ساخارۆڤ ساڵانە وەک پارێزەرانی مافی مرۆڤ بە کەس و یا کەسانێک پێشکەش دەکرێ، بۆ ئەم کۆبوونەوە بەرینە بنەماڵەی ژینا ئەمینی بانگهێشت کرابوون بەڵام سەرەراری هەبوونی ویزای وڵاتی فەرانسە، حکوومەتی نگریسی ئێران بۆ بێدەنگ کردنی ئەم شۆڕشە بنەماڵەی شەهید ژیان ئەمینی لە فرۆکەخانەی تاران ڕاگرت و بە ستاندنەوەی پاسپۆرتەکانیان پێشگیری لە چوونە دەرەوەیان کرا.

بۆ ئەم مەبەستە وەکیلی بنەماڵەی ژینا ئەمینی ، کاک د. ساڵح نیکبەخت لە ساڵۆنی پارلەمانی ئوروپا ئامادە بوو و بە خوێندنەوەی پەیامی دایکی شەهید ژینا ئەمینی بەشداری لەم ڕێوڕەسمە گرت و دواتر لە لایەن سەرۆکی پارلەمانی ئوروپاوە خەڵاتی ساخارۆڤی ژینا ئەمینی بە وەکاڵەت وەرگرت، لە سەرەتا دا لە بەشیک لە قسەکانی دا حەسرەتی لەوە خواست کە یەکەم وەرگێری کوردی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و یا فەرانسەوی لێ نییە و دواتریش گووتی وتاری موژگان ئیفتخاری دایکی ژینا ئەمینی بە زمانی فارسی پێشکەش دەکەم و سەرەتا بەشێک لە شێعری "کچی بەیان" لە شێعری شاعیری گەل کاک سوارە ئیلخانی زادە پێشکەش کرد.

"بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ

بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای، بەدەستی با
بە گوڵ چناوی، لێوە دێ

بۆنی سەرسەکۆی بە کاگڵی، بە ئاوپڕژاوی، لێوە دێ
خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە.“

پەیامی خوتوو موژگان ئیفتخاری دایکی شەهید ژینا ئەمینی

۱۲ی دێسەمبەری ۲۰۲۳

## بۆ مازیار ئیبراهیمی وتەبێژی حیزبە کارتۆنییەکەی هومایونی

دوای بڵاو بوونەوەی لۆگۆیەکی لە شێرپێچراوی پەهلەویەکان بە ناوی حزب ایرانیان کرد میهن پرست تەلەفزیۆنی منوتو بەرزەوێژی بنەماڵەی ڕووخاو و دۆراوی پەهلەوی لە بەرنامەیەکی کورت دا لەگەڵ کەسێک بە ناوی مازیار ئیبراهیمی وتەبێژی ئەو حیزبە کارتوونییە لە چەند خولەکێک دا ئامانجی حیزبە کارتۆنییەکی پرسیار کرد.

ئامانجی سەرەکی تەلەفزیۆنی من و تو دیار بوو چییە!! چوونکە لە یەکەم پرسیار دا گووتی: چۆن بوو لە ڕۆژێکی مێژوویی وەک ئەمڕۆدا کە ئازەربایجان بە دەستی بە توانای ئارتەشی شاهەنشاهی ڕزگار کرایەوە ئێوە حیزبی خۆتان ڕاگەیاند؟

مازیار ئیبراهیمی نۆکەر سفەت کە پێشتر لە ئێراندا دەیان و سەدان کەسی بە گرت دابوو و دواتر خۆشی کەوتە زیندانی حکوومەتی ئاخوندەکان بە بێ ئەوەی باس لە خەبات بە دژی ئاخوندەکان بکا، ڕاستەوخۆ گووتی لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو دا دەرکەوت کە هەندێک خائین و تیرۆریست و هەروەها لە دۆڕاوانی سیاسی کە لێرەدا مەبەستی "حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بوو، گووتی: دەیانهەویست وەک ساڵانی ١٣٢٤ی هەتاوی کە کۆماری مەهابادیان دامەزراند ئەو سیناریۆیە دووپات بکەنەوە.

دواتر گووتی: ئێمە بۆ پێشگیری لە دووبارە نەبوونەوەی ئەو سیناریۆ شکست خواردووە، وەک حزب ایرانیان کرد میهن پرست پشتیوانی خۆمان لە ڕەزا پەهلەوی و سەڵتەنت ڕاگەیاندووە و لە یەکەم دەرفەت دا کۆنگرە دەبەستین و هەر لە ئێستاوە خەریکی ئەندام گیرین. ئەوە پوختەیەک بوو لە بەرەڵلا کردنی قسەکانی مازیار ئیبراهیمی نۆکەر سفەتی پەهلەوی لە تەلەفزیۆنی منوتو.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە کە ئێستاش کەسانی نەفس نەزمی دۆڕاوی نێو کۆمەڵگای ئێران ئەوانەی کە هیچ کەس و لایەنێک لە بەر کردەوە قێزەوەنەکانیان وەخۆیان ناگرن، بۆ خۆ دەرخستنیان پەنا بۆ شوێن و کەسگەلی وەک خۆیان دۆڕاو دەبەن.

بۆ مازیار ئیبراهیمی کە هەم ١١ مانگ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زیندان دابووە و هەمیش لە گرتووخانەکانی

ئێراندا بە دەیان و سەدان کەسی بە گرت داون و ئێعترافی لە سەر کردوون، دیارە دەبێ پەنا بۆ کوێ بەرێ، مازیار وەک بازەرگانێک بۆ حکوومەتی ئێران کاری دەکرد و کۆمپانیای لە شاری سولێمانی هەبوو، هەڵبەت دوای ئازادبوونی لە زیندانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی هاتە وڵاتی ئاڵمان.

بە گەڕانێک لە ناوی مازیار ئیبراهیمی لە گووگل دا، بۆت دەر دەکەوێ کە ناوبراو پەرێزی چەندە خاوێنە و هەر بۆیە دامەزرانی حیزبێکی کارتونی لە چەشنی حزب ایرانیان کرد میهن پرست نەک جێگەی نیگەرانی نییە بەڵکوو ئەوانە وەک "پووشی بەردەم با" ن و هیچ کات لاقیان لە سەر عەرزی واقیعی کوردستان نابینینەوە.

دەستەی بەڕێوەبەری حیزبە کارتۆنییەکەی حزب ایرانیان کرد میهن پرست لەو چەند کەسە پێک هاتوون:

مەجید فەلاح

مازیار ئیبراهیمی

مەتین خالیدی

بەهار بەهاری

تەییب ئازموودە

خەشایار خوداداد

نە تەلەفزیۆنی منوتو و نە ئەو حیزبە کارتۆنییە هیچ گرینگی‌یەکی تایبەتیان لە لای من نییە و تەنیا ویستم بزانن کە مازیار ئیبراهیمی کە نیشتەجێی ئاڵمانە و وتەبێژی حیزبی هومایونییە چی لە تێر و باران دایە.

١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

## بۆ سوێندخۆرەکەی کۆمەڵەی (ژ ـ کاف) بۆ مام حەسەن حەکیمزادە

### پیرۆز بێ ڕۆژی ئاڵای کوردستان و بەرزە ناوی پێشمەرگەی کوردستان

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا چەند ڕۆژی مێژوویی هەن کە بەشێکیان تراژیدیان و بەشێکیان پڕن لە دەسکەوتی بەرزی مەعنەوی، ئەو ڕۆژانەی کە بۆ گەلەکەمان بوونە ژان و ئازار، پێویستە ئەزموونیان لێ وەر بگرین، بۆی ئەوەی دووپات نەبنەوە، لە هەمان کاتدا ئەو ڕۆژانەی کە وەک ڕۆژی خۆشی و شادی بە ئەژمار دێن، پێویستە وەک ڕۆژی یادکردنەوە، وانەکانیان بکەین بە پێژەی سەرکەوتنی زیاتر.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی ڕۆژێکی دیارە لە خەباتی گەلەکەمان دا، لەم ڕۆژەدا دواین پێگەی ڕژێمی پەهلەوی لە مەهاباد بە دەستی بە توانای خەڵکی وەزاڵەهاتوو و شۆڕشگێری گەلەکەمان تێکەوەپێچرا و ئاڵای کوردستان لە سەر بانی شارەبانی هەڵدرا و بوو بە ڕۆژی خۆشی و شادی.

هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزگرتن لەم ڕۆژە کە ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵدراوە، لە هەمانکاتدا بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشان و فیداکاری پێشمەرگەی کوردستان ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کردووە و ساڵانە بە پێی باردۆخ و هەلومەرج لەم ڕۆژەدا وێڕای ڕێزگرتن بە سەدان چالاکی جۆراجۆری پێشمەرگانە، لە هەموو بوارەکاندا بەڕێوە دەچن.

کە باس لە پێشمەرگە دەکرێ، پێم باشە کە، وەک نموونەی وەفا و ئەمەگ باس لە گەورە پیاوێکی شۆڕشگێری خۆنەویستی بە ئەمەگ بکەم کە تا دواپین ساتەکانی ژیانی لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی گەلەکەمان دا لە ژ ـ کافەوە تا کاتی ماڵئاوایی بێ دابڕان خزمەتی پێشمەرگانەی کرد و بە دەیان و سەدان کەسی ئاوێتەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی کرد.

### مام حەسەن حەکیمزادە پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان

### مام حەسەن حەکیمزادە

مام حەسەن حەکیم‌زادە کوڕی ساڵحی وەستا مینەی بوو، بە پێی نووسینی سجیل و ناسنامەکەی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی دیار و خۆشناو و نیشتمانپەروەر لە دایک ببوو، قۆناخەکانی منداڵی هەر لە شاری سەردەشت و لە تەنیشت سەرچاوەی شار لەگەڵ بنەماڵەکەی و خزمانی تێپەڕ کرد بوو، بەداخەوە بە هۆی شەڕ و ماڵوێرانی ئەو سەردەم مام حەسەن نەنێردرابوو قوتابخانە.

نەچوونە قوتابخانە نەبوو بە هۆکارێک کە مام حەسەن نەتوانێ بە سەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی دا سەربکەوێ، بەڵکوو مام حەسەن توانیبووی بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە لە ژیانی دا، لە تەنیشت بنەماڵەی خۆیان فێری وانەی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ژیان لەگەڵ کۆمەڵگا و دەوروبەری ببێ. بە هۆی ئەوە بنەماڵەکەیان دەستی حەکیمانەیان هەبووە مام حەسەن هەر بە گەنجی هەوڵی داوە کە ئەوە بەشەش بۆ خزمەت بە کۆمەڵگا فێر ببێ.

کەس و کار و بنەماڵەی مام حەسەن پێشنەی ئازادیخوازی و دژایەتی کردنیان لەگەڵ کاربەدەستانی میری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، بنەماڵەکەیان لە هیچ قۆناخێک دا پشتیان لە گەلەکەیان نەکردووە و بە پێچەوانە هەمیشە داکۆکیکاری مافەکانی گەلەکەیان بوون، هەر بۆیە لەگەڵ ئاشکرابوون و دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژـ کاف) مام حەسەن و چەند کەس لە خزمانیان دەبنە سوێندخۆری کۆمەڵە و تا دوا هەناسەی ژیانیان وەفادار بەم ڕێبازە دەمێننەوە.

وەک بۆ خۆی باسی دەکرد وێرای ئەوەی کە نەخوێندەوار بووە، بەڵام بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست خاک و نەتەوەدا بۆ بەرینکردنەوەی قەوارەی "ژ ـ کاف" ، نووسراوە و بڵاوکراوەکانی وەک گۆڤاری "نیشتمان" و دەست نووسەکانی ئەو سەردەمی گەیاندۆتە ئۆگران و ئازادیخوازان و بە تایبەت توێژی خوێندەوار کە ئەو کات مەلا و فەقێ و چەند میرزا و خوێندەوارێک بوون و هاوکات زۆرجاریش لە ڕێگەی ئاسیاوانی را بۆ باشووری کوردستانی ڕەوانە کردوون.

ئەم قۆناخە لە ژیانی مام حەسەن پڕ بووە لە دیدار و چاوپێکەوتنی گەورەپیاوان و دەست ڕۆیشتووانی سەردەم. بە هۆی کەش‌وهەوای ئازادی ئەو کات مام حەسەن توانیوویەتی وەک کەسێکی جێگەی متمانە هەم لە نێو ژـ کاف دا جێی خۆی بکاتەوە و هەمیش ببێتە باوەڕ پێکراوی خەڵک و کۆمەڵگا، هەر بۆیە کاتێک کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد جێی خۆیدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، مام حەسەن و کۆمەڵێک لە هاوتەمەن و مەزنە پیاوانی سەردەشت و گوندەکانی دەوربەری خۆ دەگەیێننە مەهاباد و دەبنە پێشمەرگەی گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژێک دواتر لە دەستی موبارەکی پێشەوا چەند برنۆ و پێنج تیر وەردەگرن و دوای ئەوە دەستە و پەلیان بۆ درووست دەکەن دەگەڕێنەوە شاری سەردەشت و دەوربەری.

مام حەسەن پێشمەرگەیەکی بە توانا، هەڵسوور و نەترس بوو، وێڕای ئازایەتی هاوکات کەسێکی شارەزای ناوچەکەش بووە، هەر بۆیە هەمیشە پێشەنگایەتی هەموو ئەرکەکانی وەر دەگرت و بەردەوامیش لە هاتووچۆ و گەڕان و جەولەی پێشمەرگانە دابووە. لە شەڕە بەناوبانگەکەی پشت جاتراوێ لە دارساوێن لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی دا، کە ڕژێم کوژراو و برینداریکی زۆری دا، مام حەسەن شەڕێکی سەنگەر بە سەنگەر و بوێرانە دەکا و هەر لەم شەڕەش دا باسکی زۆر بە توندی بریندار دەبێ و تا دوایین کاتەکان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشمەرگەی هەروا بەرگری و هێرشی پێچەوانە دەکەن و ئەرتەشی پەهلەوی بەرە گوندی هەورازە ڕاو دەنێن.

## دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان

مخابن حکوومەتی کۆماری کوردستان دوای ١١ مانگ دەروخێ، مام حەسەن بە برینداری ساڵانێک تا سارێژبوونەوەی زامەکانی لە گوندەکانی گۆڵێ، گەنمان و سیسێر و نستان بە دوور لە چاوی ڕژێمی شاهەنشاهی بە خۆی و هاوسەری ژیانی پوور مریەم و دوو کوڕی بە ناوەکانی محەممەد و مستەفا حەکیمزادە ژیان تێپەڕ دەکەن و دوای ساڵانێک مام حەسەن دەگەڕێتەوە شاری سەردەشت.

مام حەسەن وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە سوێندخۆری تا سەری ژ . کاف بوون، هەروا وەفادارانە بە ڕێباز و بیری کوردایەتی ژیانی لە سەردەشت بە کار و کاسبی بەرێ دەکرد و هەمیشە هەوڵی دەدا لە گەڵ کەسە دڵسۆزەکان یەکتر ببینن و نەهێڵن بیر و هزری شۆڕش و کوردایەتی لە کزی بدات، هەمیشە تێدەکۆشا کە کەش و هەواییکی لەبار درووست بکا بۆ ئەوە یارمەتیدەری ئەو هاوڕێیانە بێ کە لە سەر حیزبی دێموکرات لە ڕژێمی پەهەلەوی قاچاغ ببوون و لە باشووری کوردستان را بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دەدا.

وەک لە نووسینە کورت و پوختەکەی شەهید حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور یاری غاری شەهید مەلا ئاوارە دا هاتبوو، مام حەسەن لە بزووتنەوە و جووڵانەوە چەکدارییەکەی ساڵانی" ١٣٤٦ - ١٣٤٧ "ی هەتاوی دا، یەکێک لە هەستە نەهێنییەکانی نێو شاری سەردەشت بوو کە زۆر بوێرانە و چالاکانە بە دەنگ هەموو داوکاری و داخوازییەکانی ئەو پۆلە تێکۆشەرەوە دەچوو و تەنانەت لە مووچە و مەزرای خۆیان لە شوێنێک بە ناوی "قاغە" شەهید عەبدوڵلا موعینی کە لەگەڵ شەهید مینەشەم لە شەڕێکدا بریندار دەبێ دەحاوێنێتەوە و چەند ڕۆژان دەرمانی دەکا و لەوێش لە ئەزموونی حەکیمی بنەماڵەکەیان کەڵک وەر دەگرێ.

لەو کات و سەردەمەدا مام حەسەن وەک کەسێکی جێگەی باوەڕی ئەو جەنگاوەرە تێکۆشەرانەی ساڵەکانی " ١٣٤٦ - ١٣٤٧ " تا ڕاپەرینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە دەیان جار لە لایەن ساواک و ئەمنیە و ژاندارمەری لێپێچینەوە و هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام هیچ کات کۆڵی نەداوە. لەگەڵ یەکەم چەخماخەی شۆڕش و ڕاپەرینی گەلانی ئێران مام حەسەن لە سازماندان و ڕێکخستنی خەڵک بۆ خۆپێشاندان لە شاری سەردەشت پشکی شێری پێدەبڕێ و بە خۆی و بە کوڕەکانیەوە دەبنە بەشێکی دیاری ئەو ڕاپەرینە بە شکۆیەی شاری سەردەشت بە دژی حکوومەتی پەهلەوی.

## قۆناخی پێشمەرگەیاتی

دوای ڕووخانی ڕژێم مام حەسەن لە یەکەم کەسەکان دەبێ کە بە خۆی و بە کوڕەکانیەوە چەکی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا لە شان دەکەن و دەبنە بەشێکی دانەبراو لە هێزی پێشمەرگە و شۆڕش و بەرەنگاری بە دژی ڕژێمی نگریسی ئاخوندە جەللادەکانی ئێران، مام حەسەن بە خۆی و پوور مریەم دەبنە پشت و پەنای هەموو لایەک و دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆیان لە سەنگەری پڕ سەروەری پێشمەرگەدا بە سەربەرزی تێپەڕ دەکەن، کوڕەکانی و چەند نەوەیەکی هەنووکەش هەروا لە سەر ڕێگە و ڕێبازی مام حەسەن درێژە بە کار و تێکۆشانی ئەو مەزنە پیاوە دەدەن. شەهید مستەفا حەکیم زادە کە نموونەی وەفا و ئەمەگ و سەروەری و شکۆی پێشمەرگە بوو، زیاتر لە ٤٠ ساڵ بێ پسانەوە پێشمەرگە و فەرماندەی حیزبی دێموکرات بوو، یەکێک لە نەوەکانی بە ناوی شەهید کاوە حەکیم‌زادە بە دەستی تیرۆریستانی ئێران بە دڕندانەترین شێوە شەهید کرا، لە بنەماڵەکەیان دا چەندین شەهیدی پایەبەرز دەبیندرێن شەهیدان (حەمەساڵح حەسەن‌پوور، حەمەڕەسووڵ حەسەن‌پوور، محەممەد حەسەن‌پوور، نەسرین حەدداد) نەمران کەریم حەدداد، حاجی حوسێن حەدداد و چەندین خزمی دیکەیان لە پێناو ڕزگاری گەلەکەیان دا شەهید و قوربانی دان و ماڵ و سەروەت و سامانیان هەمووی بە قوربانی شۆڕش و ڕزگاری گەلی کورد کرد.

دواتر مام حەسەن بە هۆی پیری و بە ساڵاچوویی گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و دوایین ساتەکانی ژیانی بە دوور لە هەموو کوڕ و کچ و نەوە و خۆشەویستانی دیکەی بە نەخۆشی تێپەڕ کرد و بەداخەوە دوای ٨١ ساڵ تەمەن لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بە کۆچی دوایی خۆی هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسی خەفەت بار کرد، مخابن مام حەسەن و پوور مریەم بە ئاواتی خۆیان کە ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان بوو نەگەیشتن، بەڵام ئەو نەمامانەی کە مام حەسەن بە دەستی خۆی ناشتوونی، ئێستا بە خۆشیەوە بەرەبەرە بوونە داری ڕیشەدار و خەڵک و شۆڕشی کورد و پێشمەرگە کە خۆشەویستی مام حەسەن بوون، هەروا بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان تێدەکۆشن و خەبات و شۆڕش هەروا بەردەوامە.

لە کۆتایی دا سەری ڕێز و خەبات بۆ گەورەیی مام حەسەن حەکیمزادە و پوور مریەم و هەموو شەهیدانی ئەم شۆڕشە مەزنە دادەنوێنم و خۆم بە قەرزداری گەورەییەکانی مام حەسەنی دلۆڤان و مێهرەبان، خەباتکار و شۆڕشگێر دەزانم و بەڵێن دەدەم وەک هەمیشە لە سەر ڕێگەی نیشتمانپەروەری مام حەسەن کە پڕ بوو لە وانەی فیداکاری و جوانی و خەمخۆری هەنگاو بنێم، وانەکانی مام حەسەن ئێستا لە فێرگە و خولەکانی پێشمەرگایەتی دا دەگوترێنەوە، وانەی خۆراگری، وەفاداری و ئەمەگ و ئەخلاق کە میراتی گەورەی کۆماری کوردستان و مام حەسەن بوون، ئەمڕۆ وەک ملوانکەییێکی هەمەڕەنگ لە گەردنی کوڕ و کچانی کوردستان دا لە سەر شەقام و شۆڕشی ژینا و شاخەکانی کوردستان دەبریسکێنەوە.

لە درێژبوونەوەی بابەتەکەم داوای لێبوردنم هەیە، دیسان ئەوە بەشێکی زۆر کەمە لە ژیان و بە سەر هاتی ئەو مەزنە پیاوە و ئەو بنەماڵە شۆڕشگێرەی گەلەکەمان.

**شایانی باسە ئەم کورتە ژیاننامەیە بۆ سەد ساڵەی لە دایکبوونی مام حەسەن حەکیمزادە نووسرا بوو.**

٢٤ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٥ی دیسامبری ٢٠٢٣ی زائینی

**١٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٣**

---

## پیرۆزبایی ماڵپەری گیاڕەنگ بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێ زائینی ۲۰۲۴

بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی ۲۰۲٤ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی تێکرای مەسیحیانی جیهان و کوردستان و گشت لایەک دەکەین و هیوادارین کە ساڵی ۲۰۲٤ ساڵی گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەمان بێ و چیدی نەتەوەی کورد بە دەست داگیرکەرانی کوردستانەوە نەچەوسێنەوە.

بەرێزان بە بۆنەی هاتنی ساڵی ۲۰۲٤ بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە بگرین کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەت لە یەکساڵی ڕابردوو (۲۰۲۳) دا، بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ماڵپەری گیارەنگ و ۲۰ ساڵەی ماڵپەری گیاڕەنگ هەوڵی زۆریان داوە و بە ناردنی بابەت و نووسراوە، ماڵپەرەکەی خۆیان "گیارەنگ" یان ڕازاندۆتەوە و بەردەوام و هەنووکەش هاریکاری ماڵپەری گیارەنگن.

با لە ساڵی ۲۰۲٤ دا هەموومان دەست لە دەست یەک و یەکگرتووانە بە گژ دووبەرەکی و ناکۆکییەکان دا بچینەوە و خەبات بۆ وەسەریەک خستنەوەی نێوماڵی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بکەین.

سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە سەردانی ماڵپەری گیارەنگیان کردووە و بە ناردنی پەیام و تێبینی و پێشنیار هەوڵی لابردنی کەموکوڕییەکانیان لەگەڵ داوین و هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژانە چرکەیان لە سەر ماڵپەری گیارەنگ کردووە و بە چاوی ڕۆژنامەیەکی کراوە سەیری گیارەنگیان کردووە.

لە کۆتایی دا وەک ماڵپەری گیارەنگ لە خوێنەران، دۆستان، ئاشنایان، بابەت نووس و هەموو ئەو کەسانەی گیارەنگ بە ئی خۆیان دەزانن داوا دەکەین کە لە ساڵی ۲۰۲٤ ی زایینی دا هاوکار و یارمەتیدەرمان بن و گیارەنگ بە ئی خۆیان بزانن و لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەت لە سەر مەسەلەی نەتەوەیی و لە قاودانی کارە دزێو و نامرۆڤانەی دەوڵەتانی داسەپاو و داگیرکەری کوردستان دا هاوکارمان بن.

با بە یەکەوە مەسەلەی نەتەوەیی بکەینە خاڵی گرینگی پێکەوە کار کردن و هەوڵ بدەین بۆ داهاتوویەکی گەشتر بۆ کوردستان.

جارێکیتر ساڵی نوێ لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

بەرێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ

۳۱ی دێسەمبەری ۲۰۲۳

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید بەرزین حەمزەزادە نوێترین شەهیدی دەستی ڕژێمی ئێران

شەهیدی ڕێگای ئازادی بەرزین حەمزەزادە، تەمەن ١٥ ساڵ و سێ مانگ، خەڵکی شاری سەردەشت، بەهۆی لێدانی هێزە ئەمنییەکانی واتە هێزە جینایەتکار و تیرۆریستەکانی کۆماری پەت و سێدارەی ئێران دەگیرێ و دوای ١٣ مانگ ئازار شەهید دەبێ.

بەرزین حەمزەزادە، لە ڕۆژی ٢٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دیار و خۆشناوی شاری سەردەشت لە دایک بوو. بەرزین حەمزەزادە ، کوڕی ئومید حەمزەزادە و خاتوو بەفرین مەحموودی، خەڵکی شاری سەردەشت بوو، ماڵی بەرزین لە گەڕەکی کانیخان و لە کۆڵانی قوتابخانەی شەهیدانی ١٤ی سەرماوەز، هەڵکەوتوو لە سەر شەقامی حافزی ئێستا بوو، بەرزین وەک زۆربەی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی و لە کاتی خۆیدا نێردراوەتە قوتابخانە و تا پۆلی ٢ی دەبیرستان دەرسی خوێندوە، ناوبراو کوڕێکی دەم بە خەندە و خۆشەویستی گەڕەک و شار و قوتابخانە بوو، بە هۆی ئەوە کە بەرزین تاقانەی کاک ئومید و خاتوو بەفرین بوو و تەنیا منداڵی بنەماڵە بوو، هەم دایک و باوکی و هەمیش هەموو بنەماڵەی گەورەی حەمزەزادە و مەحموودی ڕێز و خۆشەویستیان بۆ بەرزین بێ سنوور بوو.

بەرزین لەگەڵ ئەوەدا مێرمنداڵێکی تازە پێگەیشتوو بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا خولیای ئازادی و سەرکەوتن بوو، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لەودا زۆر بە جوانی لە هەڵس و کەوتی دا دەر دەکەوت، لاوێکی خوێن گەرم و لەبەردڵان بوو، وەرزشوانێکی لێهاتوو لە تۆپیپێ و واڵیباڵ بوو و شارەزایی باشی لە سەر وەرزش و خۆپێگەیاندن هەبوو.

بەرزین گوڵ خونچەی تەمەنی تازە گەیشت بوو بە ١٤ ساڵ کە شۆڕشی ژینا (ژن ژیان ئازادی) دەستی پێکرد، وەک زۆربەی لاوەکان بە هەستێکی پاک و خاوێن و بە دڵگەرمییەوە تێکەڵ بە خۆپێشاندانی سەر شەقام ببوو، لە ماوەی چەند ڕۆژ خۆپێشاندانەکانی ئێوارانی شاری سەردەشت دا لەگەڵ لاوانی ئەم شارە چالاکانە بەشداری کردبوو، بەشداری بەرزین و بوێری ئەم لاوە وایکرد کە سیخور و جاش و ئیتلاعاتییەکان بە دوای دا بگەڕێن و لە ئێوارەی ڕۆژێکی ساردی پاییزی دا لە کۆڵانێک دا لە لایەن چەند جینایەتکارێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەردەشتگەمارۆ دەدرێ و بەداخەوە بە چەند نەفەری زەبەلاح و بە زۆر و بە لێدان سواری ماشێنێکی سەواری سپی دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ گرتووخانەی ئیتلاعات و لە گرتووخانە و ژوورەکانی ئەشکەنجەخانەدا زۆر دڕندانە ئەشکەنجە دەکرێ و بە لێدانی مست و پێلاقە و دار جەستەی شلک و

منداڵانەی ئازار دەدەن و دوای چەند ڕۆژ ڕاگرتن و هەڕەشەی لێکردن بە ئازارەوە دەنێردرێتەوە ماڵەوە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی دوای ئازاد بوونی دا شەهید بەرزین لە ماڵی خۆیدا بە ئازارەوە کاتەکان تێپەڕ دەکا و هەر ئەو کات ماڵەوەیان ئاگادار دەکاتەوە کە وەزعییەتی ڕووحی و جەستەیی باش نییە ، هەر بۆیە لە وەرزی ساردی پاییز و زستان دا دایک و باوکی بۆ چارەسەری ئازارەکانی دەیبەنە لای پزیشکی تایبەت و دوای تاقیکاری پزیشکی بۆیان دەر دەکەوێ بە هۆی لێدان و ئەشکەنجە و سترێس و ترسی زۆر، شەهید بەرزین تووشی نەخۆشی گورچیلە بووە و یەکێک لە گورچیلەکانی وەستاوە.

لە ماوەی ١٣ مانگی ڕابردوو دا شەهید بەرزین چەندین جار بۆ چارەسەر چۆتە نەخۆشخانەی شارەکانی دیکەی ئێران. دیارە ڕۆژ بە ڕۆژ باردۆخی گورچیلەکانی بەرزین بەرەو لاوازی و خەراپ بوون دەچێ و دوایین جار بەداخەوە لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٤٠٢ی هەتاوی کە ئێستا تەمەنی نەگەیشتبوو ١٦ ساڵ بە هۆی ئازاری زۆر و هەروەها چارەسەر نەکرانی گورچیلەکانی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ ماڵئاوایی لە ژیان کرد و بەم شیوەیە گەنجێکی دیکە کورد کە خولیای ئازادی و سەرکەوتن بوو شەهید بوو.

تەرمی بێ گیانی شەهید بەرزین حەمزەزادە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٤ - ١٠ - ١٤٠٢ی هەتاوی لەگەڵ کاروانی سەدان ماشێن لە خزم و ئاشنا و دانیشتووانی سەردەشت و دەوربەری گەڕێندرایەوە سەردەشت و هەر ئەو ڕۆژە لە نیو ئاپۆڕای دڵ بە خەمی کەس و کاری و خەڵکی شاری سەردەشت دا لە خاکی پیرۆزی نیشتمان لە زێدی لە دایکبوونی لە شاری سەردەشت بە خاک سپێردرا.

٥ی جانێوێری ٢٠٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٤ی زایینی**

---



# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ حەمەڕەسووڵ کەریمی بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

